# ڕامان

۱۸۸

مانگنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی حەڤدە/ کانوونی دووەمی ٢٠١٣

- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرترێت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام



ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی ڕامان

## دەق


- چوونە دەرەوەیەک بارتەقای هاتنە ژوورەوەیەک/ دڵشاد عەبدوڵڵا/ 3
- ئەم ئێوارە سوورباوەش/ ماریە ئەحمەد/ 5
- سەوزبوونی ئاوێنەکانی عەدەم/ محەمەد عەبدولواحید/ 6
- ئاوڕێن کۆتایی/ بێری بهار/ 7
- چەند چامەیەک/ لە عەرەبییەوە: جەلال زەنگابادی/ 9
- تەقەڵ/ کەتان خادیمی/ 12
- سێ (چ. ز. ک)/ عەباس عەبدوڵڵا یووسف/ 15
- گوێچکە ماسی/ گۆڤار خدر/ 19
- گرتیێ شەڤا ڕەش/ فرات جەوەری/ 21
- سێ تار/ لە فارسییەوە: سەڵاح نیساری/ 29


## هەڤپەیڤین


- هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ هونەرمەند (حەمەی نێرگز)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 32


## ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- فڕین و گەشتێک بە ئاسمانی شیعردا/ قادر عەلیخا/ 59
- هێرمێنۆتێک/ لە فارسییەوە: ئەحمەد چاک/ 69


## زاراوەسازی


- وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان/ د. بەختیار سەجادی/ 74


## هزر و فەلسەفە


- لایبنیتس فەیلەسووفی لۆژیک و بەهرەی ڕەببانی/ د. حەمید عەزیز/ 82
- کتێبی (کۆمار)م چۆن وەرگێڕا؟/ لە فارسییەوە: کەریم سۆفی/ 92


## وتار


- ڕەخنە و توێژینەوەی ئەدەبیاتی منداڵان/ لە فارسییەوە: شیلان گەیلانی/ 105


## مێژوو


- مەولانا خالید شارەزووری و خزمەتی زانستی و کوردایەتی ئەو/د. محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)/110


## زمانزانی


- ڕوو بەرەو لاڵ بوون، پشت لە زمانی کورد/ شێمحەمەد باڵەک/ 120


## ڕۆژنامەنووسی


- هەواڵ لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (تێگەیشتنی ڕاستی بە نموونە)/ سەباح شێخانی/ 121


## هونەر


- مەملەکەتی کوێرەکان و زیندووکردنەوەی دەقە شاکارەکان/ فەتاح خەتاب/ 130
- گۆرانی و موزیکی کلاسیکی کوردی و قۆناغەکانی دواتر/ وریا ئەحمەد/ 136
- پرسی تیشکە ڕووناکەکان «خوێندنەوە لە ئەفسانە ئەفرێنراوەکانی سروشت»/ وەهبی ڕەسووڵ/ 141


## بیرەوەری


- بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم/ کەریم شارەزا/ 144


## خوێندنەوەی کتێب


- کەشتی مەرگ و گفتوگۆکان/ هاشم سەڕاج/ 149


## نامە


- نامەی شیعری حاجی بۆ شێخ عوسمانی سیراجەددینی نەقشبەندی/ ئا: کاروان عوسمان عەلی (ڕێبین)/ 157


## نرخاندن


- ڕامان ئەو گۆڤارەیە کە نووسەران و ڕۆشنبیران چاوەڕوانی بوون و چاوەڕوانی دەبن/ قاسم شێروانی/ 159



## سووکە لەنگەر


- لایە لایە، تەنیا گۆرانییەک کە گۆڕانی بەخۆوە نەدی/ فەردین کەمانگەر/ 160

# چوونە دەرەوەیەک
# بارتەقای هاتنە ژوورەوەیەک

دڵشاد عەبدوڵڵا

بۆ (زانا خەلیل) دوای خوێندنەوەی دیوانی
(چوونە دەرەوەیەک نەماوە بۆ هاتنە ژوورەوە)



(١)

شاعیرەکان
یاری بە کۆترەکان دەکەن
لە ئاگر

شاعیرەکان
یاری بە ئاگرەکان دەکەن
لە کۆتر

شاعیرەکان
ئاگرن
لە پەڕ و باڵی کۆتر.

(٢)

شاعیرەکانم دی لە زەوی
شاعیرەکانم دی لە زەریا
شاعیرەکانم دی لە مانگ
شاعیرەکان
لە هەموو شوێن
ڕووناکین

شاعیرەکان
– هەموو شتێکیان دەبینی
خۆیان نەدەبینی –
وەکو ڕۆژ.

(٣)

– کە لە سەفەر دەگەڕانەوە
لەشیان چەور دەکرد
بە زێد –
کە سەفەریان دەکرد
زێدیان چەور دەکرد
بە شیعر.

(٤)

پەڕەسێلکەم دی هێلانەی
بەسەر شانی شاعیرەکانەوە
خەم مەخۆن!

سبەینێش
بەسەر پەیکەرەکانیانەوەن.

(٥)
جەنگێکی جیهانی بەرپا بووە دژی شیعر
شیعریش
لە ڕۆخ جۆگەکاندا
وردە ماسی خەیاڵی
سەر ئاو دەکەوێ
ماسیگر دندووکیان لێ دەدەن
جەنگ هەر جەنگە
سوپای ڕەخنەگر بەرپای بکا
یان ماسیگر!

(٦)
شاعیرەکانم دی بە پشتی شاحینەکانەوە
لە یەکەم وێستگەدا
ئینتەرپۆل دەیانگرێ
بەو هەموو مادە قاچاخەوە.

(٧)
– لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە
ژیان نەخۆشە –
دکتۆرەکان لێی خڕ دەبنەوە
دەرزی ڕەحمەتی لێ بدەن
شاعیرەکان
دایکی خۆیان دەبەنەوە
لەناو ماڵ و منداڵی خۆی بمرێ!

(٨)
شاعیرەکان تەماشای مانگ دەکەن
لە قەفەسی داوەریدا
بە موئەبەد حوکم دەدرێ
لەبەر ئەوەی،
بە بەرچاوی ئەوەوە
ژنەکان چوونە ناو جێگای پیاوەکان
ڕاپۆرتی لێیان نەداوە
شکایەتی لێ نەکردوون
شاعیرەکان
نەوەی ئەوانەن
کە بە دزی چوونە ناو جێگای ژنەکان
مانگ شایەدە

شیعرەکان
سەرتاپایان تریفەیە
بۆ بەرگری لە مانگ.

(٩)
لە جیاتی باران خەون بە سەوزەڵانییەوە دەبینین
لە جیاتی ژیان خەون دەبینین
شاعیرەکان

(١٠)
شیعرەکانم دی لە پیاڵەکاندا
مردن هێندەی خواردبووەوە
مەست کەوتبوو
لە باوەشی شاعیرەکاندا

(١١)
شاعیرەکان سادە و بێ دەعیەن
پەپوولەی بێ گرێ و گۆڵن
بەسەر شەمەوە

شاعیرەکان
نە هەورامین نە شکاک نە خەیلانی
کوڕی ئاگرن.

(١٢)
شاعیرەکان
دڵۆپن لە قەوارەی زەریا
ئاسمانی بە قەدەر پەنجەرەیەکن
بەهارن لە پەلکێک
گوێ مەدێ زانا!
– ئاو هەزاران ڕەنگی هەیە –
کە دەمرین
ڕەنگێک لەگەڵ خۆمان دەبەین
لە کێلەکانمان دەنووسن
بۆ نموونە:
من پیازیی
تۆ خەنەیی
یان شەرابی
هێندە باسی ژن و شەرابت کردووە.

*** ئەو دێڕانەی هێمای (–)م بۆ داناون هی زانان.**

# ئەم ئێوارە سووورباوەش

ماریە ئەحمەد




ئەم ئێوارەیە سووورباوە
هەرگیز کاڵ نابێتەوە
سارای خەیاڵی پڕ لە میهری دایک
بە کۆتا نایێ
دایە ئەمشەو
کەمەری حەزێک دەگوشم
زیواڵ زیواڵی غایلەکان
نیگەرانێکی سەرشێت
عەزابێکی لە بن نەهاتوو
شۆستەی ڕوحی بە خەسارچووی
داگیرکردووم!

خۆ من هەرگیز شەپۆلەکانی
ترسی مەرگی ئێوەم ماچ نەکردبوو
غەفڵەت لەخۆم
لە سروشک ڕێژی
شکستاوی بەختی خۆم
کە من قەت خۆم بۆ پێشوازی
قەدەری مەرگی ئێوە
ئامادە نەکردبوو!
حەزی خامکارانەی
سیا ساڵەی سروشک ڕێژی
خەراباتی مەزڵوومی
پێشکەی شکاوی دڵی من
وای لە من، وای لە من و وای لە بێ کەسی
دڵی من
ئەرێ نازانم
ئەم ئێوارە غەمگین و سووورباوەش
قەت کاڵ نابێتەوە!
نەمزانی بۆ لە جیاتی ئێوە نەمردم!
خۆ من شایەنتر بووم بە مەرگ
لە ئێوە
لە دوڕیانی دڵدۆزیدا
ماومەتەوە و نازانم چی بکەم؟
دایە خۆ نەمدەویست
میوانی ماڵی فیراقی تۆ و
تەنیا چاوەکەم بم!
نە دەمویست
بچمەوە سەر کۆڵانە چاو ڕەشەکانی
کەسەر
هاوار لە خۆم! خۆمێک
هەر لە ژنێکی پاشماوەی ئەنفالە بەد ناوەکە دەچم
هاوار لەخۆم، خۆمێک کە لە ڕەحمی دنیایەکی بێ ڕەحم و
لە پەراسووەکانی غەدری زەمەنەکان
هاتمە دنیاوە
لە ماڵی غەریبی گەورە بووم
خۆمێک لە مەزادخانەکانی
ئەم بوونە هیچە و
لە غوربەتستانەکانی چلە ژانێکی
زەلیل، چاوم هەڵێنا
ئەدی بۆ ئەم ئێوارە سووورباوەش
هەرگیز کاڵ نابێتەوە!!

# سەوزبوونی ئاوێنەکانی عەدەم

محەمەد عەبدولواحید

ئەی دۆست وەرە وەرینم ئاو بدە
من لە خەیاڵە ڕەهاکاندا
دووکەڵی ئەم خەیاڵە دەمکوژێ
خەیاڵی پەڕینەوە بەسەر پردی گومان
خەیاڵی گەیشتن بە میوەی یەقین
خەیاڵی سەوزبوونی ئاوێنەکانی عەدەم
بە چەتری بەختەوەریم بگەینەوە
ئەو چەترەی لە ئێوارەیەکی ساردی شێتی و
سندم بارانی گومان لێیان
بەسەر باڵی گۆرانییەکەوە وەرە
دەرگای کۆڵانە بنبەستەکانی تەنیاییم لێ بکەرەوە
بە کراسی فریشتەکانەوە وەرە
تەنیاییم پڕکە لە سەمای شەونم
لەودیو کامە شوورەی بێ مروەتی
لە سێبەری کامە بێ دەنگی
خۆت گرمۆڵە کردووە؟
بێ دەنگی تۆ! زریکەی شکانی منە!
تۆ وەرە و..
گریان لە چاوم بتەکێنە
شەقامی خەیاڵم پڕە لە گەڵا
بارانێک بکە بەم تەنیاییەی من
بە دیار سەوزبوونی ئەم خەیاڵە
بە کەنارەکانی تەنیایی ڕێ دەکەم
لەنێو تەمتومانی ئەم خەیاڵە
هەرچی جوانییەکان هەیە
بەدیواری ژیان هەڵدەواسم
بەم دەستانەی خەیاڵ سڕی کرد
ئێوارە ئەرخەوانییەکانم بۆ چەپک ناکرێ
خۆشم پێ کۆ ناکرێتەوە
بەدەم وەسوەسەی خەون گرێکەوە
تەنیاییم پڕکە لە حەقیقەت
فوارەی چاوت لە شەوێکی تاریکدا
بخە ڕوحی خامۆشم
پەشیمانی پەنجەی
لەسەر خوێنی گوڵەکان دابنێ.



# ئاوڕێن کوتایی

**بێری بهار**

تە ئاوڕێن خوە یێن تووژ کوتابوون
د تیرێژێن ئاوڕێن مـن دە
ئەمـا دکارن شـا بنێڕم،
لێ بـ ژان و ئێش.
تە دەنگێ مـن بڕی،
وەکە ئۆلانا چاپکێن زارۆکان،
یێن د پشـت دەرەڅۆکێن بـ خانییێن ئاخ ڤە هـلکشیایی،
دە نیڤ ڤەشـارتی،
نابهیسـە کەس
تو کەس نابهیسـە مـن.

خەم ناکە،
دیسـا ژی ئەز گوهـدار و شـریکدارێ
بێهنتەنگییێن تە مە.
نە خەمە.
تو ناپەییڤی ئان ژی دپەییڤی،
چ دفکری، ل کوو دنهێڕی،
نزانم،
چاڤێن تە سـار،
لێڤێ تە بێ لـباتن. بێ گومـان،
ت مـری وسـا خوەشـکـ
نکارن بفکرن و بنهێڕن.
چاوا دکاری ببی تیرەکـ ژ کەڤانا خوە ئازاد؟
ئەوقاس دلـتژی و خـەمـبار،
دە وەرە د دلـێ مـن دە بچکە،
پێلـی هـەسـتێن مـنی کو بێهەبوونا تە دکن
ل نکـ تە درێژ بکن بکە.

ئەڤینیا بهاران بوون ئەم،
بەرخێن ل بەر سـنگا هـری بوون،



بشیر ڤەنەدبوون و شیرنەمژ بوون ئەم،
نا، نا، نەڤەبوونێن پێسیران بوون ئەم
تو وسا بێلباتی و بێهێز،
ئەز مام ب پێسیرەکێ،
بێواتە نە
و کوولینمەشن
و ل سەر کێلەکەکێ نە
و خوین دبن،
و شەرابا سۆردرێژی هەیڤێ دکن
ڕۆژێن من

چاڤێن تە هێدی هێدی د
زەلالتێن خوە دە وندا دبن.
چڤاس دچە تاری دبی،
وەکە ڕۆژا بەرچلێ، ب خەم دچی ئاڤا.

دەما دینبوون و بچۆلانکەتنێ یە،
نا، نا، دەبارا من نایێ،
نایێ سەبرا من،
دە بکە ڤی لاشی وەکە سەراد و مۆخلان،
دا کو تە هزرێن بیانی خوە تێ دە نەناسن.


بلا ژ تە زێدە کەس خوەدی ل ژیانا من دەرنەکەڤە.
ژ تە زێدە بلا تە کەس، ب لێڤێن خوە یێن شلگەرمی،
نارنجۆکێن منی ب ڕەنگی مرییان ماچی نەکە...

**ئەڤ هەلبەستە ژ کۆمەلە شعرا ب ناڤێ (بواریا هەستێن لەرزی) ڕووپەلێن (٣٥-٣٦) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (٢٠٠٥) ێ ژ ئالیێ وەشانخانا ئاڤاگێن هاتیە چاپ و بەلاڤکرن.**

**«ڕامان»**

# چەند چامەیەک

ئەسعەد جبووری
پاچڤە و پێشەکی: جەلال زەنگابادی



**بابۆ! ***

...بابۆ!
کەشتییەکان
لە ئارەقا خنکان
وا ئێمەش تا دوا کاکێشەکان
پەتەکانمان برک دەدەین
تا بەرە سەرکێشەکان
ڕاکێشین.
باوە گیان
هەموو ئاسمانان
لە ئاستانەی ئەم سەرە بارمتەی لێشاوان
مراندیان

* یا أبي

**غەڕراف***

شەو لەپشتی ئاوێنە شکاوەکەوە
ئاژەڵەکانی لەبان نیشگەکان
بەدرەقە دەکا
درەختچەیە لەورەیە.
کەڵپەگەلێکی زێڕین
دوگمەکانی ترێ دەخۆن
لەبان مێزێکی بێ جومگە.
سەڵاو لە گوڵاڵەی زاوزوێ
سەڵاو لە مەمکی فریاکەوتن
سەڵاو لەوەی نەیزکەکانمان
بۆ ئاسیاوی تووتن دەبا
کە بە گەرمی تێروتەسەلە

* الغراف

**گوڵاڵەی زاووزوێ***

سەرەتای ئاسمان
...سەرەتای نووستن
سەرێکیش لەنێوانیانە

جیاكەرەوەی بیرەوەرییەكانە

زهرة الإنجاب

**بەفر و...***

شەقامە درێژەكە
گۆرانیی گەرەكە
كوڕیژگەكە
ڕاوی پەپوولەكە
دەنێ، لە نشێویی گوڵەكە
تا بچێتە نێو ڕەگەكان
ڕابواردنگە پاش ڕابواردنگە

* ثلج ومقعد

**لە خێزانی شەوەوە***

لە خێزانی شەوە
خۆی پێتان دەناسێنێ
كارامەترین مەلەوانانە
درێژترین ژێرئاوگەڕانە
خنكاوەكە ئەوە!

* من عائلة الليل

**كەوتنی نەیزكێك***

گلارەی ئافرەتێ
سۆپەیە،
پەڕەمووچە
خوداوەندێك لە بانێژەكەی دادەنیشێ
هەورەكان بەسەر هەرێمەكانا دادەبەشێنێ
چامەكانیش
بەسەر ئەو كۆشكەی لە ئارەزووەكان هەڵێنجراوە

* سقوط للنيزك

**حاڵ***

پاش خۆرئاوابوون...
حوشترێك نییە
بە كۆپارەكەی
گردەكە
ببڕێ

* الحال

**شاگرد و سێو***

لەو شارانە كە بێ شبتین
گەمیەكان
لە نهۆمە باڵاكانی شووسەكان
نیشتەنین
پەنجەكان
لە داینگەی ئەركە شەرعییەكانیان
هەڵنایەن
هاتوشۆی ئەو هاووێنەیە دەكەن
كە تەمی ڕەش
لە دەڤەرە گڕگرتووەكانا چەكەرەی كردووە
هەر ئەچنەویش
شتێك ڕوودەدا
گاڤا چنگاڵ ملی لە دەروونا درێژدەكاتەوە
تا میوەی فەرامۆشی بخوا

*التلميذ والتفاحة

**بانبانک***

نەزاكەتی خۆتە
كە لە خوانچەی كازێوە
ڕێم بدەی بارمتەكانم بە شەوانێك بگۆڕمەوە
كە وا لە وێنەكانتەوە شۆڕبوونەتەوە
نیستی بەلەزەت بوو
ئەو ڕۆژەی كە شەمەندەفەری لە ئاوونگما ڕاوەستا
تۆش لە ماسوولكەكانی ئەو كۆسارانە بووی

* النمس

**بارمتەكانی كازێوە***

كیژۆڵەیە
دگەڵ ئەژدیهای ژەنیارا دەچەڤكێ
سەرمایە
بەسەر ئەژنۆكانیا دەخشێ
ئەستێرەناسێ
لە میان نشیچركانی كووچەیا نووستووە و
وێنەی قەیچییەكەی لە هەستەكانا دەكێشێ
جا ئەمە لە خەستەخانەی كردەوەكانا
بەلامانەوە جێگەی گومانە
كەچی شازادە
چالاكییەكەی لە ژێر گومبەزی ئاسمانا
بەفیڕۆ دەدا

جلوبەرگەکەی لە ئاهەنگەکەیە
کەچی گیانی دگەڵ کەماچەیە
لە گالیسکەی پاشی ئەم نیوەشەوەیە

---

* رهائن الفجر

**شازادە***

....دەمێکی هەڵساو و تەنایە
تۆ
لە
تەمەکەیا
گومبووی

---

* الأمیر

**بۆ تاراندن***

دەستم لە نشیسین دەشۆم
ئەندێشگە جوانییەکە
(با) و غاردان ئامێتەدەکا
هەمیشەش
مێینایەتی بە دەرچوون لە سەتڵی شیر
خەون دەبینێ
بۆشایی گەندەمووی جلوبەرگ
بۆخۆی هەڵدەگرێ
شووسەش شەپۆلێکی خانەنشینە
نشیسین دەشۆم
مەی دزێکە
لە بەزمیی و ئاوەزیدا
هەمووان چاوەڕوانییان لەدەست دا
لێرەدا
کەڵەشیی
مەرگی پاشکەوتوو
نوێژیش لە لوولەیەکی قۆقزە
لێرەدا چامە
تەویلەی ماییێکە لە ناڤینی دەما

---

* للنفي

**غاردان***

... ڕۆژێکی
بێ دەستان...
ئیتر مەڵما چی بکا؟

---

* رکض

**ئەسعەد جبووری: هۆزانڤان، ڕۆمانڤان و ڕۆژنامەڤانە.**

*** لە ساڵی ١٩٥١ لە شاری (ریفاعی - پارێزگای زی قار) لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٧٤دا هەڵاتووە بۆ سووریاو دەسەڵاتی ڕژێمی عەفلەقی حوکمی غیابیی بە ئیعدام داوە.**

*** لە ساڵی ١٩٨٩وە بەخێزانەوە لە دانیمارکدا دەژی.**

*** ئەندامە لە:**

**- یەکێتی نووسەرانی عەرەب.**

**- یەکێتی نووسەرانی دانیمارک.**

**- ئینسکلۆپیدیای شیعری جیهانییە لە بەریتانیا.**

**- کۆمەڵەی ڕۆژنامەڤانانی بێ سنوور.**

**- ڕێکخراوی مافێن مرۆڤی نێودەوڵەتی.**

*** سەرنووسەری گۆڤاری (تقووس = سرووتگەل)ـە بە زمانێن عەرەبی و ئینگلیزی.**

*** دامەزرێنەری (بانکی خەیاڵ)ـە.**

*** ریڤەبەری کۆمپانیای عەرەبی- ئەوروپییە بۆ ڕۆژنامەڤانی و ئەدەبیات و پەخشکردنەوە.**

*** ڕێڤەبەری سایتی (قەڕاڵستان)ـە**
.www.alimbaratur.com

*** ئەم کۆهۆزانانەی بلاوبوونەتەوە:**

**- گوڵم سەربڕی، ئاخۆ خەونم سەربڕی؟/١٩٧٦.**

**- هەراوهۆریای مەلە سەرپێچەکان/١٩٧٨.**

**- ئۆڵەمپیادی زمانی پاشخراو/١٩٨٠.**

**- نیگارکێشان بێ جیاکەرەوانەیە، گوناه بێ شاشەیە/١٩٨١.**

**- یەکەم نوسخەی زێڕ/ ١٩٨٨.**

**- فڕین بەسەر ڕۆژدا/١٩٩٥.**

**- قەڕاڵ/ ١٩٩٥.**

**- عەتر دەستنووس دەبڕێ/ ٢٠٠٣.**

**- فریشتەی ئاڵۆشڤان/٢٠٠٥.**

**- فەرهەنگی عاشیقان/٢٠٠٦.**

**- پێش ڕۆیشتنی ئەلکۆل/ ٢٠١٠.**

**- لە هنداڤی ئەسپریندا/٢٠١٠.**

*** ئەم ڕۆمانانەی بلاوبوونەتەوە:**


**- دانان لەنێو نهۆمەکانی شەودا/١٩٩٧.**

**- تای چەکدار/٢٠٠٠.**

**- تیرۆرکردنی نۆبل/٢٠٠٦.**

**- دیسکۆلاند/٢٠١٠.**

**ژێدەر: سایتی الامبراطور.**



# تەقەڵ.....

**کەتان خادیمی**
**(سلێمانی)**

ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان ڕێتان کەوتبێتە ئەم کۆڵانەی نزیک چەقی بازاڕ، منتان بینیوە، کە تاکە گەرەکێکە نەکرابێتە دوکان و بازاڕ، تاکە گەرەکێکیشە کە دەستی خزمەتگوزاری پێڕانەگەشتووە، منیش وەک دارودیوارەکەم لێهاتووە و بوومەتە بەشێک لەم کۆڵانە، یان کۆڵانەکە بووەتە بەشێک لە هەموو ژیانم، دیمەنی ئەو کۆڵانە خۆڵاوییە و سێبەری چڕی دارگوێزەکە، دۆشەکێکی چوار گۆشەیی بچووک کە وێنەی تاوسێکی کاڵەوەبووی لەسەرە، تارمایی هەمیشەیی من لەسەر ئەو دۆشەکە کە چاوم بڕیوەتە کڵاشە تەواو نەبووەکەی سەر کۆشم، تەقەڵ تەقەڵ خەریکی کڵاش چنینم،لەناخیشیدا لەگەڵ چیرۆکێکدا تەقەڵ بەتەقەڵ خەیاڵەکانم دەهۆنمەوە و کڵاش دەچنم، خووگرتنی من بەم کارەوە بۆ سەرەتای ماڵ وێرانبوونمان و سەرەتاکانی شەڕ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کە سەرجەم گوند و دێهاتەکان چۆڵ کران، زۆربەی خەڵکی پەرتەوازەی شارەکان بوون، بۆ خێزانێکی هەژاری وەک ئێمە، کرێی خانوو گەورەترین گوشار بوو، بۆیە بەو تەمەنە بچووکەی خۆمەوە بوومە هاوکارێکی باشی باوکم، سەرەتا وەک هەر منداڵێکی تر، کەبەدوای یارییە منداڵانەکاندا ڕابکات، خۆم دەدزییەوە و هەرجارە و بە بیانوویەک دەڕۆیشتم، دەبوو باوکم تا من بباتە نێو پیشەکەی خۆیەوە، لەگەڵ چنینی تەقەڵ بەتەقەڵدا چیرۆکێکم بۆ بگێڕێتەوە، سەرەتا زۆر نەمدەویست گوێ بۆ چیرۆکەکانی باوکم ڕابگرم، چونکە وام هەست دەکرد کە داوێکە تا من ڕاپێچی خەیاڵەکانی خۆی بکات، کە خەیاڵەکانی هەمیشە بەشێک بوون لەپیشەکەی، گوێ گرتن و کارکردن بەلای باوکمەوە یەک ئاراستەیان هەبوو، پێدەچوو ئەویش لە ناچاریدا ئەو ڕێگایەی گرتبێت تا زیاتر هاوکاری بکەم و زووتر کڵاشەکان بباتەوە و لەو سەرەوە بە پێداویستی زیاترەوە بگەڕێتەوە.

هەندێک جاریش بە چڕینی بەزمێکی (سیاچەمانە)، وەک منداڵێک بۆ باخە سووتاوەکەی دەگریا، ئەو دەگریا و دایکیشم بەدیارییەوە دەگریا، زۆر جار لە خەیاڵی منداڵانەی خۆمدا دەموت، ئەگەر باوکم لەجیاتی کڵاشچن، گۆرانیبێژ بوایە، ئێستا بەدڵی خۆم هەموو شتێکم دەکڕی، ئەو بەدەم کڵاشچنینەوە هەمیشە دەیوت: بۆنی باران نایەت، جاران من

لە پاڵ هەناسەی وەرزەکاندا بووم، ئێستا بەهار بەگوڵێکەوە خۆی ناکات بەمماڵە بێ ڕەونەقەماندا، هاوین بەسەبەتەی خاڵی لەمیوەوە بەشەرمەوە بەکۆڵاندا تێدەپەڕێت، پاییز نابینین بۆ پێشوازی زستان خۆی ڕووت بکاتەوە، سەرەتا زۆر گوێم شل نەدەکرد، بەڵام باوکم وەک جادووم لێ بکات منی بردە نێو پیشەکەی خۆیەوە، تامەزرۆ بوونیشم بۆ چیرۆکەکانی بەشێک بوو لەپیشەکەم، ئەو لەگەڵ هەر جووتە کڵاشێکدا کە لە(بنپەرگ)ـەوە دەستی پێدەکرد، پێی دەوتم کە ئەم کڵاشانە کێ لەپێیان دەکات، چیرۆکی ژیانی ئەو کەسەی بۆ دەگێڕامەوە کە دەیانکڕێت، دەیوت ئەمانە دەدرێن بە بەرتیل، کەسێک دەیاندات کە دەیەوێت کەمێک لە سەرۆک نزیک بێتەوە، یان دەیوت ئەم جووتە کڵاشە جاشێک دەیانکڕێت، بەڵام لەدواییدا هەرزوو دەبنە موڵکی کەسێکی تر، بەبێ ئاگاداری خۆی لەپێی دادەکەنرێن، هەندێک جاریش زۆر نەتەوەییانە قسەی دەکرد و چیرۆکی جووتێک کڵاشی بۆ دەگێڕامەوە کە دەبنە ناسنامەی گەلێک لەو بیابانە، لەگەڵ چنین و گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەدا دەگریا و فرمێسک لەچاوانی دادەباری، بەدەم گریانەوە دەیوت: تاکە شتێکن کە لەو سەحرایەدا دەمێننەوە، کچم ئەم تەقەڵانە دەبنە دێڕی مێژوو. جاری واش هەبوو دەیوت ئەمانە تەنیا بۆ سەیرانێک لەپێدەکرێن ئیتر تەواو، باوکم لەکاتی کڵاش چنیندا ڕۆژ بەڕۆژ پشتی کووڕتر دەبوو، دەستەکانی دەلەرزین، بەڵام من کەبوومە کۆیلەی چیرۆکە یەک لەدوای یەکەکانی، پەلەم بوو جووتێکی تر بچنم تابزانم ئەمانە بۆ کێ دەبن...؟

بەلای منەوە کێشە نەبوو جاشێک لەپێیان دەکات، یان پێشمەرگەیەک، پیاوکوژێک، یان سۆفییەکی نێو خانەقایەک، من چاوەڕێی ئەو جووتە کڵاشە بووم کە باوکم دەیوت پێوەندییان بەژیانی هەتا هەتایی تۆوە هەیە، کەسێک بەو جووتە کڵاشەوە دێت و دەتبات بۆ ئەوسەری دنیا، بۆیە هەمیشە بەو خەون و خەیاڵەوە کڵاشم دەچنی، جیاواز لەباوکم کە دەیویست پێویستییەک بکڕێت، تا لێبوونەوەم لە چنینی هەر جووتە کڵاشێک، دەیان جار کوڕی نێو خەونەکانم بەشاڵێکەوە دەهات و تا ئەوسەری دنیای دەبردم، خەونم دەبینی دەفڕیم و لەئاسمانەوە ئەم دارگوێزەم بەبچووکی دەبینی، هەرچەندە ساڵانێکی زۆر بوو دایکم وەک بووکە شووشەیەکی بێ دەنگی لێهاتبوو، نە توانایی قسەکردنی هەبوو، نە حەوسەڵەی هاوکاری کردنی باوکم، تەنیا جاروبار خوانێکی بۆ ئامادە دەکردین، بەڵام بە دیار سیاچەمانەکانی باوکمەوە بەکوڵ دەگریا، باوکیشم چێژێکی زۆری لەوە وەردەگرت کە دایکم لەگەڵ گۆرانییەکانی هۆن هۆن فرمێسک هەڵدەڕێژێت، بێ ئەوەی بتوانێت وشەیەک بدرکێنێت، دایکم بەرگەی ئاوارەیی نەگرت، هەربۆیە لەعەزرەتا زمانی شکاو لە گۆکەوت، لەدوای مردنیشی، باوکم حەوسەڵەی لەگەڵ منیشدا نەمابوو، زۆر جار دەمویست کەمێک لە حەسرەتەکانی لە بیر بەرمەوە، بە پرسیارێک زەمەنی بۆ بگێڕمەوە، هەربۆیە پرسیاری جۆر بەجۆرم لێدەکرد، هەر لە ڕۆژی مارەکردنی دایکمەوە تا پرسیاری ژمارەی دار گوێزەکانی نێو باخەکەی؟ پرسیاری ڕۆژی مارەبڕینەکەی دایکم؟ ئەوڕۆژەی من لەدایک بووم؟

بەتووڕەییەوە دەیوت: دەم درێژی مەکە کڵاشەکەت بچنە.

باوکم بەم تەمەنەیەوە لەودیو ئەم دەرگا ژەنگاوییەوە، کە قیافەی ببووە پەڵەیەک لە سێبەری دارگوێزەکە، سیمایەکی ئەفسووناوی بەخشیبووە ماڵەکە، زۆر جار باوکمم لێ دەبوو بەدار گوێزێکی هەورامان، یان دارگوێزەکەم لێ دەبوو بە پیاوێک کە خەریکی کڵاش چنینە، یەکەم ڕۆژیش کە باوکم ئەم خانووەی بەکرێ گرت، هاتەوە بەدایکمی وت دارگوێزێک لەبەر دەرگاکەیاندایە، دایکم وتی: پیاوەکە، بەردەرگا چی لێبکەم، باسی خانووەکەم بۆ بکە...

ئەو کاتە ئەم دارگوێزە وەک ئێستا گەورە نەبوو... دوای دایکم کەمتر دەرفەتی ئەوەم هەبوو خواردن دروست بکەم،لەگەڵ باوکمدا ژەمەکانمان بە سادەیی بەڕێ دەکردن.

کە بە پەلە پەل خەریکی کڵاشچنین دەبووم، زۆر کەس وایدەزانی پەلەی پارەکەمە، بەڵام من هەمیشە دڵم لای چیرۆکەکەی باوکم بوو، دەمویست زووتر بەو جووتە کڵاشە بگەم.

باوکم ئاواتی ئەوە بوو ڕۆژێک جووتێک کڵاش بۆ خۆی بچنێت، بەڵام بۆ پیاسەیەکی نێو باخ لەپێیان بکات، بەپێکەنینەوە دەیوت من قەت ئەو کڵاشە بۆ خۆم ناچنم، ئەو کڵاشی بۆ هەموو کەس دەچنی، بەڵام خۆی چوار وەرزە پێڵاوی لاستیکی لە پێدەکرد، من و ئەو یەک پیشە کۆی دەکردینەوە، کەچی هەمیشە خەیاڵەکانمان لەیەک دووربوون، ئەو هەر خەونی بەباخە سووتاوەکەی خۆیەوە دەبینی، جارێکی دی بڕواتەوە ئاودێری بکات و گەڵاوەریوەکانی ڕامووسێ، وەک ئەوەی ئەو باخەی بۆنی هەموو زەمەنی پێش لەدایکبوونی و تا ئێستەی لەگەڵ درەختەکانیدا نێژرابێت، بۆیە پێی وابوو ئەم لە هەر شوێنێک بێت هەر غەریبە، چونکە ڕیشکی ڕوحی لەگەڵ ڕیشکی درەختەکانیدا ڕۆچوون، خەیاڵەکانیشی لەگەڵ بەرزیی لقوپۆپی درەختەکان بەئاسمانی باخەکەیەوەن.

ڕۆژانە چیرۆکێکی بۆ دەگێڕامەوە، بەقەد ژمارەی ئەو جووتە کڵاشانەی چنیومانن، باوکم چیرۆکی بۆ

گێڕاومەتەوە، بەڵام من هەموویانم لەیاد چوونەتەوە، تەنیا و تەنیا چیرۆکی ئەو جووتە کڵاشەم لە یاد ناچێت کە گوایە کوڕەی نێو خەونەکانم لە پێیان دەکات..... ئەوەی دڵگرانی دەکردم ئەوە بوو دەمبینی باوکم لەگەڵ گێڕانەوەی هەر چیرۆکێکدا پیرتر و لاوازتر دەهاتە بەرچاوم، توانایی گرتنی سوژنەکەی کەمتر دەبووەوە، دەمبینی لەکاتی چنیندا چۆن بەسەر کڵاشەکەی سەرکۆشیدا کووڕ دەبووەوە، ئەمە بۆ من زۆر سەخت بوو کە تاکە هاوڕێی ژیانم بێ دەسەڵات ببینم بەسەر پیشەکەیدا، زۆر بە کەمی خواردنی دەخوارد، کەمتر چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە، سیاچەمانەشی بەدەنگێکی نووساوی پڕ لە ماندوویییەوە دەچڕی.. کە بەوە زیاتر پڕ لە بۆنی فیراق و مەرگ دەبوو، جیاواز لەجاران کە دەنگی هەمیشە وەک خوڕەی کانی و هاژەی درەخت دەبیسترا.

تادواجار ڕۆژێکیان وەک پیرترین باوک بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە بازاڕ گەڕایەوە، ئەو جووتە کڵاشەی کە دەبوو لەو سەرەوە پارەکەیان بێنێتەوە، هەر لەبن دەستیدابوون... بە قوڕگێکی پڕ لە گریانەوە وتی: ئەو ناپیاوە وتی: چاوەکانت توانایی بینینیان نەماوە، ئەم دەست و تەقەڵە لەدەست وتەقەڵی منداڵێک دەکات......

کە باوکمم بەو ڕوخسارەوە بینی، ترسێک لەدڵم نیشت، ترسی ئەوەی بەجێم بهێڵێت.

ئەو ڕۆژەش کە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو....، زۆر لەسەرخۆ مرد، زانیم ئەو قسەیەی زۆر ڕاست بوو کە دەیوت قەت جووتێک کڵاش بۆ خۆم ناچنم.

تارمایی باوکم بە چیرۆکەکانییەوە ببووە بەشێک لە بوونی من، بۆیە تا لەو تارمایییە دوور بکەومەوە، دەبوو بێمە بەردەرگا دانیشم و کڵاش بچنم، ئێستاش بوومەتە ئەو کچە قەیرەیەی کە هەمووتان دەمناسن..، پاییزان کە گەڵاکان هەڵدەوەرنە سەر کۆشم خەمبارتر دەبم، کە زستانیش دێت و خەڵک سەرقاڵی خوێندن و کارکردنن، من لە ژوورەوە هەر خەریکی تەقەڵ بە تەقەڵی کڵاش چنینم بەخەیاڵی هاتنە دی چیرۆکەکەی باوکم، کە ڕۆژێک دێت کوڕەی نێو خەیاڵەکانم بە جووتێک کڵاشی دەسچنی منەوە دێت...

ئەو ڕۆژە بەدەم کڵاشچنینەوە جاروبار سەیرێکی ئاسمانم دەکرد، لەبەر خۆمەوە دەموت ئەم هەورە ڕەشە دەبێتە لافاو و شار دەبات، بۆیە بەدەم تەقەڵ هەڵپێکانەوە زوو زوو سەیری پەنجەرەکەم دەکرد.. دواجار بینیم تنۆکێک خوێن بەر شووشەی پەنجەرەکە کەوت، کە نزیکتر بوومەوە لێی دڵنیاتر بووم کە ئەمە خوێنە، کڵاشەکەمم دانا ڕام کردە حەوشە، تنۆکێکی تر بەر دەستم کەوت هاڵاوی گەرمییەکی سەیری لێ هەڵدەستا، ترسم لێ نیشت.. یەکەم جارم بوو هەست بە تەنیایی بکەم، تەنیاییەک کە وەختبوو شێتم بکات.


دەرگای حەوشەم کردەوە، تەنانەت منداڵێکیش دیار نەبوو، تەنیا چەند چۆلەکەیەکم بینی لەسەر ئەو تەلی کارەبایە کە بەرەو لای ماڵی ئێمە کێشرابوو، دوو چۆلەکەش لەسەر دیواری حەوشەکە بوون، ئەوانیش هەڵفڕین، ورد ورد سەیری ئاسمانم دەکرد، ئەگەر منداڵ بوومایە، دەموت ئاسمان بریندار بووە، جارێکی دی تنۆکێکی تر کەوتە سەر دەستم، دڵنیا بووم کە ئەمە خوێن نییە و ڕیقنەیە و خوێنی تێکەڵ بووە....هێندەی نەبرد ئەو پیاوە کە تاکە هاوڕێی باوکم بوو، هەواڵی هەموو دنیای لەلابوو، بەتایبەت بۆ یەکێکی وەک من کە بە تاسەبووم کەسێک قسەم لەگەڵ بکات، ئەگەر بشمزانیایە ئەو کەسە درۆ دەکات من هەر سەرم بادەدا و سەرسامی خۆمم دەردەبڕی، نەبادا جارێکی تر ڕووم تێ نەکات و نەیەتەوە بەم ماڵەدا، ئەم پیاوەش کە هەمیشە جامانەیەکی لار و وێری دەبەست و بۆنی توتنی سووتاوی لێدەهات.... پێدەچوو کەس گوێی بۆ نەگرێت، یان باوەڕ بەقسەکانی نەکەن، ئەو هەمیشە دەیوت: گوو..... بەهەرچی هەواڵ هەیە......هەموویان درۆن...درۆن...کە سەیری دڵۆپە سوورەکانی کرد لەحەوشەکەدا، وتی: لەدەرەوەی شار قافڵەیەک پیاوی چەکدار کە دەبوو لای تۆ یەکی جووتێک کڵاشیان بۆ بکرم، کە ژمارەیان هەزار کەسێ دەبوو، هەموویان سەربڕاون، چۆلەکەکانیش لە جۆگەلەی خوێنەکەیان دەخواردەوە......، پڕ بە حەوشەکە هاواری دەکرد: تەڵاقم کەوتبێت خوێنیان دەخواردەوە... ئاخر من داڵم بینیوە خوێنی مرۆڤ بخوات، بەڵام چۆلەکەم نەبینیوە ".

دەمویست پرسیار بکەم، پەشیمان دەبوومەوە... نەبادا جارێکی تر نەیێتەوە بەم ماڵەدا، بەر لەڕۆیشتنی وەک هەموو جارەکان وتی "ئیشێ کارێکت نییە، چاکەی باوکت زۆرە بەسەرمەوە.."

ئێستاش نەمزانی ئەو چاکەیەی باوکم دەبێت چی بێت بەسەرییەوە؟

دەستم کردەوە بە تەقەڵ تەقەڵی کڵاش چنین تا سەیری ئاسمان نەکەم، خوا بکات ئەو چیرۆکەی باوکم، لەم جووتە کڵاشەدا بێت کە بەدەستمەوەن.

**زستانی ٢٠١٢**



# سێ (چ. ز. ک)

عەباس عەبدوڵلا یووسف

### ١ - ئاوێنە و تاریکی

لە زووی ئێوارەدا کارەبا کوژایەوە. لە تەلەڤزیۆنیش زنجیرە درامای تورکی، دۆبلاژکراوەی کوردی زۆری مابوو تەواو بێ، پچڕا، کچەی هەرزەکار مەراقی دیتنیانە، بە تایبەت ئەوانەی ژیانی نوێی ناو شار پیشان دەدەن، لە شێوە و چۆنیەتی ماکیاج و قژ و جلک و ڕەفتاریان دەڕوانێت و هەوڵیش دەدات بە پێی گونجان لاساییان بکاتەوە. کچە کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆنی لە دەستە و بە ئارەزووی خۆی دەیگۆڕێ، دایک و باوکیشی ڕاهێناوە، ئەوان چاوپۆشی لێدەکەن هەر ئەو کچەیان لەگەڵ ماوە، دووانی لەو گەورەتر لە مێژە شوویان کردووە. گەلێ جار لە بیستن و دیتنی هەواڵ، باوکەی بێبەش کردووە، یان کە دایکی تەماشای بەرنامەیەکی ئایینی دەکات، بزانێ کاتی زنجیرەیە، بشڵێ لێگەڕێ، ئەو هەر لای دەبات.

بە پرتەو بۆڵە هەستا ئامێری گڵۆپی هێنا پێی کرد، بینی شەوقەکەی لاوازە، پێشتر باش چەرچ نەکراوە، بە دەنگێکی نزم وتی: کاول بی. دایکی نزمتر بۆی چرپاند: خوا نەکا ڕۆڵە. کچە لاتەنیشت لەسەر تاک قەنەفە دانیشت و بەسەریا هەردوو قاچی هەڵپەسارد ، دەستی دا ئاوێنە تەماشای خۆی بکات. باوکی پێی سەیر بوو، بەم نیمچە تاریکە چۆن خۆی دەبینێ.

هاوسەرەکەی لەسەر قەنەفەیەکی بەرانبەر دانیشتووە، مێردە بە پلار پرسی:

– ئەرێ ژنێ، ئەوەی بەشەو تەماشای ئاوێنە بکات چی لێدێت؟

بەر لەوەی هاوسەرەکەی وەڵام بداتەوە، کچە لە مەبەستی باوکی گەیشت، زوو گوتی:

– شێت دەبێ! بەس من خۆم شێتم، پێی چا دەبم.!

هەرسێک بەینێک بێ دەنگ بوون. کچە هەر سەیری ئاوێنەی دەکرد، بە دەست قژی خۆی ڕێک دەخست و بە سەرەپەنجە زیپکەکانی ڕووی دەهەنوێ.

ڕووناکییەکە کزتر بوو، ژنە بە هەمان مەبەست ڕووی لە هاوسەرەکەی کرد، وتی:

– ئەوەی بەشەو تەماشای ئاوێنە بکات دەکەوێتە کوێوە؟

کچە هەر لە منداڵییەوە لە ژنانی گردبووی پێش دەرکە و میوان و کۆڵان، هەروەها لە کچانی هاوپۆلی خۆی گوێی لەو قسە میللییانە دەبێت. بەپەلە قیت بۆوە، نەختێ بێجامەکەی خۆی گورج کردو وەڵامی دانەوە:

– لەخوام دەوێ بکەومە وڵاتی غەریبی، کوا ئەو ڕۆژەی بگەمە ئەوروپا..!

## ٢ – مێش

سەرەتای شەو نووستم، دوو و نیویش هەڵسامەوە، کاتێکی لەبارە، خوو و ڕەفتارێکی خۆمە تێدا ٩٩ ٪ بخوێنمەوە و ١ ٪ بنووسم. لەگەڵ پێکردنی گڵۆپ مێشێکی گەورە بە گزەگز هەڵفڕی. مێشەکە ئێستا هاوژوورمە ، نشینگەی شیاوی خۆی ئاودەسخانەی گوودیار، یان کەلەشی فڕێدراوەی سەر ڕێگا و بان، یان پنتکە خۆراکی نەبیندراوەی مەتبەق، یان چێشتخانەی هەرزانباوییە. مێشە بە دەنگەکەی دەمقەڵسێنێ، هەروا فڕینەکەی، دێ و لەسەر ڕووم، یان قۆڵی نیوەڕووتم هەڵدەنیشێ، هەڵنیشتنی لە فڕینەکەی قەڵسێنترە. لەو کتێب و متێبەی پەرتبووی ناو ژوور. دەستم دا گۆڤارێکی ڕووپان و بەپارێز، لە مێشەکە نزیک بوومەوە، لەسەر شووشەی پەنجەرە هەڵنیشتووە، لە پڕ و خێرا، پانەو پان لێم دا، نەکەوتە بەر، بڵند فڕی و لەسەر دیوار هەڵنیشت، لێی گەڕام، هاتمەوە سەر خوێندنەوەی کتێب، بیرم بۆ (مێش)ی سارتەر چوو، نەمماوە، پێش زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ، ئەو کتێبەم فرۆشتووە، حەزم دەکرد بمخوێندبا، نەلوا، پارەکە پێویستتر بوو، کە یەکەم ڕۆژ لە سەر شۆستە دامنا زوو فرۆشرا، پاش هەینێ تا ئەمڕۆش لە هەولێر و بەغدا نەلای فرۆشیاری کۆنەکتێب، نە لای نوێفرۆش نەکەوتەوە بەرچاوم. دیارە مێشەکە نەختێ حەسایەوە، هەڵفڕی و بۆ لای من هات و لەسەر ڕوومەتم هەڵنیشت، سەرم بردە پێشەوە تا نەکەوێتە ناو باخەڵم. بەنەرمی لەپێکم لێ دا، توند لێم دابا دەبووە جیق و پێوە دەنووسا، دیسان بەرنەکەوت، بەو لێدانە کەمێک لاڕوومەت و شەویلاکم هێشا، هەڵفڕی تاقیبم کرد چۆتە سەر دیوار، دەستم دا گۆڤارەکە بەر لەوەی دەست بوەشێنم لە دڵی خۆم وتم بەرکەوێ دیواری گەچینم لی پیس دەکات، لێدانی سەر شووشە و دۆڵاب باشترە، پاش کوشتنی بە پەڕەکلینس دەیسڕمەوە. چەند جارێک هەوڵم بێ سوود بوون، ماوەی نیو سەعات و زیاتریش یەک لاپەڕەم پێ نەخوندرایتەوە، گرناگەم لی داگرتووە تا نەیکوژم نەپرژێمە سەر کتێب.کات ڕەتی کرد، گڵۆپم کوژاندەوەو لەسەر پشت پاڵم دایەوە، لە دەرێرا، لە پەنجەرە ڕووناکییەکی بۆر دەرژایە ناو ژوور. بەر لە گزنگ، دەنگی مێشەکە بڕا، چاویشم داخست هەر خەوم لێ نەکەوت، لە پاڵکەوتن و خەونەهاتن بێزار بووم، هەستام گڵۆپم پێ کردەوە، مێشەکە بەردەوام بوو، دانیشتم کتێبم کردەوە، لەسەر زەوی لە پێشەخۆم دابەزی، هات و لە ناوەندی کتێبەکە هەڵنیشت، خێرا بە شڵەژاوی کتێبەکەم داخست و دامناوە، گرژییەکەم نەرمتر بوو، وابزانم کەوتە بەرێ، وتم: مێشێکی جاڕس بوو! چاوم داخست، هەر نەبێ خۆم بەزۆر بخەوێنم، ئەگەر بەڕاست خەوتم و لە فرمانگە دواکەوتم، باکم نییە با بەرێوەبەر سەرزەنشتم بکات، هەستم کرد لەش گرژە دانامرکێتەوە، خۆم لۆمەکرد: چ دەبوو گەر دەرگەو پەنجەرەم بۆ بکردایەوە، دەرۆیشت و منیش ئاسوودە دەمخوێند و دەنووستم.لەو ساتەی کە بڕیارم دا نەیکوژم، لەو ساتەی وتم با وا تێبگەم گزەگزەکەی مۆسیقایە و دەبێتە سەمفۆنیا ، گەر چەن دانەیەکی تر وەک خۆی: زەنگەسوورە و هەنگ و کەرمۆزە بێنە ژوورەوە، چی دەبێ خۆ من نوێخوازم، بەلامەوە دەنگی گشت زیندەوەرێک، هەروا دەنگی هەموو شتێکی بێ گیان مۆسیقایە. با بە نوێخوازی ئەم مۆسیقایە لە دایک بێ، بەس تازە ڕۆیی دامپلوخاند...! کەمخەوێک بردمییەوە، وەختی کتێبەکەم کردەوە مێشەکە پان ببوو، هەستمی قێزاند، بە پەڕەکلینکس هەڵمگرت و جێیەکەم سڕییەوە، بەڵام پاشماوەکەی لە سەر پەڕی سپی بووەتە لەککە. خۆ من نوێخوازم، ڕەفتارێکم لی ناوەشێتەوە لە خەڵکی ئاسا بچێت، گوتم گزەگزەکەی بە هاودەنگییەک دەبێتە

سەمفۆنیا، ئەی پاش کوژرانی، کەلەش و خوێنەکەی دەبێتە چی؟ ئەگەر گەورە بکرێنەوە و شێوەکارانە لێی بڕوانم، نابنە پەیکەر و تابلۆیەکی دانسقە و دەگمەن؟

**٣ – جوندی و کەر و کێشمانەی سێکس و خۆراک**

لە دەروازەی سوپاگەدا پاسەوانەکە بە عەرەبی پێی وتن:

– کاکات لەتتئەخرون.

پاش خواردنی قسەعەی نیوەڕۆ خۆیان ئامادەکرد، پیاسەیەک لە دەوروبەری گوندێکی بەرانبەر سوپاگە بکەن و بەر لە ئێوارە پێش داخستنی دەروازە بگەڕێنەوە، کە هاتنەدەر دەستیان بە قسان کرد، سێ سەربازن و هەر یەکێکیان کلاشنکۆفی لەگەڵ خۆی هێنابوو. ئەم ناوچەیە پێشمەرگەی لێ نییە، هەشبێ زۆر دەگمەن و نهێنییە و بێ ئاگرکارییە. ئەوانە هاوشارن و هەر یەکە ئی گەڕەکێکە، بەس لەمەوپێش یەکتریان نەناسیبوو، ئەلێرە لەم یەکەی سوپاییەدا بوونەتە برادەر. سوپاگەیەکی بچووکە، جێیەکەی هەورازە لەسەر خەرەندە، دەوروبەریش چەند گوندێکە، ئەودیو خەرەند چیایەو بنکەی پێشمەرگەی لێیە. دەنگیان بە پێشەخۆیان دەکەوت و لەگەڵ هەر هەنگاوێکی نزیکبوونەوە لە گوند، دەنگیان بڵندتر دەبوو، شەوی ڕۆیی بەر لە نووستن بە نیو سەعات، بابەتێکیان وروژاند، کامە خووجمە گرنگترە: سێکس، یان خۆراک؟

کە چاویان بە نێرەکەرێکی بەستراوە کەوت خەنیبوون. دەق ئەم دیمەنە لەگەڵ بابەتەکەیان دەگونجێت. نێرەکەر ڕەپی کردووە و بۆ ماکەرێک خۆی دەینی و دەبات، ماکەر بەرەڵڵایە و لە ناو گیای پارچە زەوییەکی پەرژیندار دەلەوەڕێ. چەکدارەکە خێرا دەچێ بە تیغی نێزە گوریسەکە بپسێنێ، هاوەڵەکانی داوای لێدەکەن بیکاتەوە نەیپسێنێ. دەڵێ نا خووجمەیەو دەبێ زوو تێر بکرێ. نێرەکەری بەرەڵڵا بە تاو بۆ لای ماکەر دەچێت. ژنێک لەوە دەچێ خاوەن ماکەرەکە بێ، بە پەلە دێت و بە بەردان لە نێرەکەرەکە دەدات، دوور لەچەن شەقاوێک سەربازەکان سەیری دەکەن.

ژنە بەنیوە ئاوڕێک سەیریان دەکات، مەبەستێتی هاریکاری بکەن، دەڵێ:

– دوایی ئیشی پێناکرێ!

نێرەکەر وازی نەدەهێنا، سێ سەربازەکە بە حەچچە حەچچە دووریان خستەوە، ئەوەی کەمبلێیە دەیباتە جێی خۆی و دەیبەستێتەوە. ژنە ماکەری خۆیان دەباتەوە. سەربازەکانیش ڕەت دەبن و یەکێکیان دەڵێ:

– ئەدی نەمگۆ جنس ئەوهایە، خۆ بە چاوی خۆتان دیتتان چۆن لە پێناو ماکەرێک پەرژین و مەرزینی تێک دا.

ئەوەی خواردنی پێ لەپێشترە، بە دەنگێکی هێمن دەڵێ:

– دەزانن ژنە بۆ وای گوت؟! ئەلەو ماوەیەدا ماکەر ئاوس دەبێ و ئیشی پێناکرێ.

هەر بە ڕۆیشتنەوە بە پێکەنین خەریکی قسە کردنن، چاویان بە گوندانییەک دەکەوێ لە گژ درەختێکە، ماندوو نەبوونێکیان لێ کرد، ئەویش حەزی دەکرد قسەیەکیان بۆ بکات، سەربازێک لێی دەپرسێ:

– مسۆگەر تۆ دەزانی ئەو ژنە بۆ ئەو دوو بەستەزمانەی بێبەش کرد؟

کابرا تەورداسەکەی لە نێو لقەکان دادەنێ و هەنگاوێک لێیان دەچێتە پێش، دەڵێ:

– جارێ دووربوون، زوو زانیم ئێوە کوردن!

سەربازێک دەپرسێ:

– بەچیت زانی؟

گوندانییەکە دەڵێ:

– ئەگەر عەسکەری عارەب بووان، هەر سێکتان بە سێ چەکەوە دەهاتن!

سەربازەکە وتی:

– وەڵامی منت نەدایەوە؟

گوندانییەکە وتی:

– کاکینە ئەنگۆ مەسەخەفن، ئەو ژنە لای وایە ماکەرەکەی خۆیان کیژی چاردە ساڵە و نێرەکەریش پیرە لاوە.

یەکێکیان نەختێ بە وشەی مەسەخەف گرژ بوو.کەمبلێیەکە دەستی لەسەر شانی دانا تا هێوری بکاتەوە، بە دەنگی کز دەڵێ:

– دیارە لەو گوندە (قئـ)ی هەندە وشە دەکەنە (خئـ)، لێگەڕێ شەو باسی ئەو پیتگۆڕکێیە دەکەین.

ئەوەی سێکسی پێ لەپێشترە، ڕووی لەوان کرد و هەنگاوێک لە کابرا دەچێتە پێش، دەڵێ:

– گوناحی دەگاتێ!
گوندانییەکە بۆی ڕاڤەدەکات:
– ماکەر ئی وانەو نێرەکەر ئی ئێمەیە، ئەگەرچی خزمیشین، بەڵان ئەوە ساڵێک زیاترە لە سەر تەماحی دنیا بەینمان تێکچووە، بۆیە نەیهێشت.

* * *

* چ. ز. ک = چیرۆکی زۆر کورت
* بەڵان = بەڵام
* جوندی = سەرباز. باسێک لە بارەی سەربازەکانی سوپای عێراقەوە بێ، زاراوەی جوندی پەسند دەکەین. خەڵکی سادە دەڵێن عەسکەر. لەم تێکستە هەر سێ زاراوە بەکار هاتووە.
* چەرچ = بارگاوی کردن، charge لە ئینگلیزییەوە کوردێندراوە.
* چادەبم = چاک دەبم.
* خووجمە = غریزە، خوودەرە، خووجم، پاڵنەرێکی زگماکانەی ناو دەروونی مرۆڤە.
* قسعە = زاراوەیەکە لە سوپاگەی عێراقی بەکار دێ، بریتییە لەو خۆراکەی دەدرێ بە سەربازان، بەتایبەتی خۆراکی نیوەڕۆ، هەر چەندانێک لەناو لەگەنێک دەخۆن، هەروەها لەگەنەکەش ناوی قسعەیە. قصعە.
* کاکات = کۆی (کاکە.کاک) بەکارهێنانێکی جلفەی عێراقیانەیە، مەبەستی مرۆڤی کوردە. بە گوێرەی نیاز و تۆنی دەنگدەری و هەڵوێست ماناکەی دەگۆڕێ، وەک: ڕێز و حورمەت. لێترسان. بەکەمزانین.
* کەرمۆزە = کەرمۆز، مێشەگەز، مێشەکەرانە.
* کێشمانە = کێشە، کێشمەکێش، لێرە: کێشەی بە گفتوگۆ.
* لەتتئەخروون = دوامەکەون، عەرەبییەکی جلفییەو بە ڕێنووسی کوردی ئەوها دەنوسرێ: لەتتئەخەروون. بە عەرەبی ستاندارد ئەوهایە: لا تتأخروا.
* مسەخەف = کەسێکە سەخیف بێ. (سخیف) بەڕەسەن وشەیەکی عەرەبییە و بەسەر زاری خەڵکی ناو شارەکانی کوردستان وەک جنێو و نیمچە جنێوێک بەکار دێ، ماناکەی: بلّح. کەمهۆش. بێتام. نامەرد.
* مێش = ناوونیشانی شانۆنامەیەکی ژان پۆل سارترە (١٩٠٥- ١٩٨٠). ڕووداوەکەی لە ئەفسانەیەکی یۆنانی وەرگیراوە، تێداو بەکورتی: شاژن کلیتمنسترا هاوسەری ئەگامەمنوونە شای ئەرگۆس، لەکاتی خەریکبوونی مێردی بە جەنگێک، لەگەڵ دۆستەکەی خۆی ئیگست پیلانێک ڕێک دەخا، ئەگامەمنوون دەکوژن و تەختی پاشایەتی لی زەوت دەکەن. ئیلکترا و ئۆرست کچ وکوری ئەگامەمنوون و کلیتمنستران و هەردووکیان بچووکن، ئیلکترا دەکرێتە خزمەتکارێکی ناو کۆشک، هەروەها فەرمانی کوشتنی ئۆرست دەدرێ، ئەوانەی ڕاسپێردراون لەبەر بچووکی دڵیان پێ دەسووتێ و بە زیندوویی دوور لە ئاوەدانی فرێی دەدەن. ئۆرست قوتار دەبێ و لە شاری ئەتینا دەوڵەمەندێک بەخێوی دەکات و فێرکردن و پەروەردەی بۆ دابین دەکات. پاش پازدەساڵ ئۆرست خۆی و پەروەردەکارەکەی دەگەڕێنەوە، ئەرگۆس دەبینێ مێش قەبە بووە و بە خەڵکی ورووکاوە، هەروەها سەبارەت بەتاوانی کوشتنی ئەگامەمنوون، خەڵکەکە ڕەشپۆشن و تووشی پەشیمانی هاتوون. ساڵانەش لە ڕۆژی مردووان یادی دەکەنەوە. ئیگست شا ئەو هەستەی لای خەڵکەکە دەچەسپێنێ، کەچی خۆی خوێنڕێژە و پەشیمان نابێت. ئیلکترا خوشکی ئۆرست بەرهەڵستی تەقسی مردووپەرستی دەکات و خەڵکی هان دەدا شۆڕشی لەسەر بکەن، گەورەی خواوەندەکان زیۆس Zeus (ژۆپیتەر، یان جۆپیتەر Jupiter بەپێی ناولێنانی ڕۆمانی) هەوڵەکانی ئیلکترا پووچەڵ دەکات، تا خەڵک هەر ملکەچی پەشیمانی بن و هەست بەگوناح بکەن. ئۆرست خۆی بە خوشکی دەناسێنێ و بڕیار دەدات شارەکە ڕزگار بکات و تێدا دادپەروەری پەیڕەو بکات و پەشیمانی نەهێڵێت. جا لەم پێناوەدا ئیگست شا و کلیتمنسترای شاژن دەکوژێت و دواتر لەگەڵ خوشکی پەنا دەبەنە بەر پەرستگەی ئەپۆلۆ. خواوەندی پەشیمانی هەڵمەتیان بۆ دەبات، ئەنجام ئیلکترا شکست دێنێ و خۆی بەدەستەوە دەدات، هەرچی ئۆرستە لە وتووێژێک لەگەڵ ژۆپیتەر خۆی بە ئازاد و ئەرکدار دەزانێت، لە دوادیمەنی شانۆگەرییەکەدا، ئۆرست گوتار ئاراستەی خەڵکی ئەرگۆس دەکات، تا خۆیان لە پەشیمانی پاک بکەنەوە و مێش دەرکەن. ئۆرست مێش بە دوای خۆی ڕادەکێشێ و لە شار دەچێتە دەرەوە.



# گوێچکە ماسی

گۆڤار خدر
(سلێمانی)

سەرەنجام چوومە سەر کەناری دەریای ون، لەوێ چەندین جۆرە خواردنی دەریایی دەست دەکەوت، بەڵام ساڵانێکە خەون بە گوێچکە ماسییەوە دەبینم، چونکێ وایان تێگەیاندبووم خواردنی ژمێکی بۆ دەگەڕێنێتەوە، بۆیە تەقەللای من لە هەموو ژیانمدا ئەوە بوو کە چۆن بگەمە کەنارەکە و لەوێشەوە بگەم بە گوێچکە ماسی.

لەسەر کەنارەکە خواردنگەیەکی لێبوو، دانیشتم و کەمێک خەیاڵ بەدوای شتەکانی ڕابردوویدا بردم، کەوتمە بیری ئەو کاتانەی کە گوێیەکانم بیستنیان لە دەست دا، تەمەنم لە سەروو هەشت ساڵانەوە بوو، لەم تەمەنە بچووکەدا زۆر حەزم بە دەنگی باران دەکرد، پاکی ئەم دەنگە نامۆیەی باران، لە ئاست تەمەنی ئەوسای من بوو، هەمیشە خەیاڵی ئەم دەنگە یادگارییەکی بەجێماوی ساڵانی منالّیم بوو، بۆیە پرسیارێک هزرمی داگیرکردبوو، ئەویش ئەوەبوو کە ئاخۆ چاک ببمەوە! ئەمجار دەبێ دەنگی باران چۆن بێ؟

ئاواتەکەم خەریکە دێتەدی، ئیتر جارێکی تر سەردانی ئەو پزیشکە ناکەمەوە، کە هەمیشە نۆرینگەکەی چەند کەسێکی لە هاوشێوەی منی لێبوو، هەروەکو من ئاسایی دەستەکانیان زمان و چاوەکانیشیان ببوون بە گوێ، ئاخ چەند دڵ پڕم لێی کە بەردەوام گوێچکە ماسییەکی لە شووشە دروستکراوی بە دەستەوە بوو و یاری پێدەکرد، تاوناتاوێک بەرزی دەکردەوە و نیشانی دەداین و دەیگوت: ئامۆژگاریتان دەکەم بە خواردنی گوێچکە ماسی دەریای ون، چونکە تەنیا چارەسەرە بۆ چاکبونەوەتان!

بە وەڵامێکی لەم شێوەیە، هەمیشە دە پەشۆکام و لەرزۆک دەبووم، لە تاو خەمی گەیشتنم بە گوێچکە ماسی، پاش هاتنە دەرەوە لە نۆرینگەکەی، سەرێکم بۆ ئاسمان هەڵبڕی و تاوێک سەیرم کرد، ئینجا ملی ڕێگام گرتەبەر، هەموو جارێ وەڵامی دووبارەم دەست دەکەوت! وام دەزانی بە تێپەڕبوونی کات چارەسەرێکی نوێ دێتە کایەوە و منیش

ڕزگـارم دەبێت لەم حـاڵەی کـە دووچاری ببـووم، بۆیە بێ مـانـایانە پەلەم لە تێـپـەڕبوونی کـات دەکـرد، بەڵام هیچ دەرەنجامێکی نەبوو.

لەم سـەروبەندی بیـرکردنەوەیەدا، لەپڕ سەرپەشـتـیـاری خـواردنگەکـە لە پێـشـمـەوە تێـپـەڕی و بانگم کـرد و پێم ڕاگـەیاند کـە بۆچی هاتـووم و داوای ژەمـێـکی گـەورەی گوێچکە ماسی تایبەت و کەمێک خواردنەوەم کرد، دوای ئەوەی خواردنەکەی خستە سەر مێزەکەی بەردەمم، پێش ئەوەی دەست بە خـواردنی ژەمـەکـە بکەم، گـەڕایەوە لای مـێزەکـە و هەڵوەسـتـەیەکی کـرد و گـوتی: دوای خـواردنی ژەمەکەت دەمەوێت کەمێک بە یەکەوە قسە بکەین.

پاش تەواوکـردنی ژەمـە خـواردنەکـە، سـەرپەرشـتـیـاری خـواردنگەکـە هاتـەوە لام و گـوتی: کـوڕە گـەنجـەکـە من دەمـێکە لێـرە کـار دەکـەم، ئەوەی تۆ بۆی هاتووی تەنـیـا هیوایەک بوو و هیچی تر، هەرگیز جارێکی تر باوەڕ بەوە مەکە کە گوێچکە ماسی چارەسەر بێ.


هەناسەیەکی قـووڵم هەڵکێشا و کەمێک بەبێ دەنگی سەیرم کرد و پێم گـوت: بە چ ڕوویـەکەوە بەم شێـوەیە بێ هیـوام دەکـەیت، ئەوە سـاڵانێـکە خـەون بە چاکـبـوونەوە دەبینم.

سـەرپەرشـتـیـاری خـواردنگەکـە بە چاوێکی بەزەیـیـەوە سـەیری کـردم و گـوتی: لەم هیـوایەی تۆ تێـدەگـەم، تۆ نە یەکەم کەس و نە دوایەمین کەسانی لەم شێوەیەی کە دێن بۆ ئێـرە، مـن و پزیشـکەکـەی تۆ هەڵـگری یەک پەیامین، دەمێکە بەیەکەوە کـار دەکەین، ئەو هەمیشە نەخۆشەکانی هاوشـێـوەی تۆ ڕەوانەی ئێـرە دەکـات، تا منیش لێـرەوە فێری حیکمەتێکیان بکەم.

بە ورەیەکی لاواز و ڕوحێکی شەکەتەوە لە شوێنەکەی خۆم هەڵسامەوە بۆ ئەوەی خواردنگەکە جێ بهێڵم، بەبێ ئەوەی مـاڵئاوایی لە سەرپەرشـتیارەکە بکەم ڕۆیشـتم، لە ناکاو دەستی گرتم و گوتی: ڕەنگە هێشتا لە نیعـمـەتی نەبیستن تێنگەیشـتبێت، ئەمڕۆ قسە ئاسایـیـەکانی ناو خـــەڵکی دڵ وێران دەکـــات و ناخی مـــرۆڤ تـووشی سـەرەڕۆیی دەکـات و ئازارێکی گـەورە جێ دەهێـڵـێت، بەڵام بۆ خۆشبەختی، تۆ نایانبیستی.

دەستم لە دەستی کردەوە و بە تووڕەییەوە جێم هێشت، بەڵام نەمـدەتوانی بیـر لە قـسـەکـەی نەکـەمـەوە، لە دڵی خۆمدا دەمگوت خۆ ڕاستیش دەکات، بەڕاستی نەبیستن لە حاڵێکی وەهادا نیعمەتێکی گەورەیە.

وردە وردە بە دەم ڕێگاوە لە پاڵ ئەم بیـــرکـــردنەوەیدا، هاتمە سـەر ئەو باوەڕەی کـە ئیـتـــر دەنگی بارانیش لە تەمەنی ئێستای من زۆر جیاواز بووە کە وەکو خۆم پاک نەماوم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەنگی باران هەمیشە پاک دەمێنێتەوە.



# گرتییێ شەڤا رەش

**فرات جەوەری**
**(ستۆکهۆلم)**

د کەرِیتی و تاریتیا شەڤێ دە، دەنگێ فزینا بایێ کو، دەنگێ فیکینا تێلێن دیرەگێن تەلەفۆنان، ترسەکە بێهاوە ب سەر باژێرِ دە دباراند، د وێ ساعەتێ دە ژ بلی پۆلیس و لەشکەرێن نۆبەدار و ژ بلی سەگێن باژێرِ یێن بێخوەدی کۆ ل دۆرا دکانێن قەسابان دچوون و دهاتن، کەس تونە بوو، وان د شەڤەکە ولۆ دە ل دەرێ تە خستبوون، ب تەقینا دەری رە تو ژ ناڤا نڤینان پەکیابوو، تە دەستێ خوە ئاڤێتبوو قوتکێ ل بەر سەرێ خوە و تو رابووبوو، گەر نە ژ دەنگێ ژنا تە یێ ب ترس و لەرزۆکی بوویا، تە ئێ هەما ب بازدان بچوویا دەری ڤەکرا. «دەری ڤەمەکە سەلمان، ئەم ئێ پێشی ژ پۆلیسان رە تەلەفۆنێ بکن» وێ گۆتبوو. مینا کۆ تە زانیبوو مێڤانێن تە یێن بێوەخت پۆلیسن، تە ب لەز بشکۆکێن قوتکێ خوە گرتبوون و تە ژ هوندر «هوون کی نە؟» بانگ کربوو. «ئەمن دۆکتۆر، دەری ڤەکە، نەخوەشەکی مە هەیە» دەنگێن ژ دەرڤە گۆتبوون. هەرچقاس تە گۆتبوو «دەستوورا من تونە ئەز نەخوەش و بریندارێن نەناس ب شەڤ دەرزی و دەرمان بکم»، پەیایێن ژ دەرڤە ب جەلەبەکی دەرێ تە ڤەکربوون و کەتبوون هوندر. ب دەنگێن وان، زارۆکێن وە یێن بچووک ژی شیار بووبوون، خوە ل کراسێ دیا خوە یێ شەڤێ پێچابوون و گەه ل دیا خوە، گەه ل تە، گەه ژی ل وێ کۆما پەیایێن گرس و نەناس نەری بوون. تو ب خوە شاش و ئەجێبمایی مابوو، تە چیرۆک فێهم نەکربوو. وان پێشی خوە مینا «هەڤالان» ب تە دابوون ناسکرن. ژ بەر کۆ تو زارۆکێ هەرێمێ بوو و تە پانزدەه سالان ل وی باژارێ خوە یێ بچووک دۆکتۆری کربوو، تە پرانیا رِوونشتەڤانێن باژێرِ ناس دکرن. گاڤا ئەو تێگهیشتبوون کۆ تە ئەو ناس کرنە، وان خوە مینا پۆلیسان ب تە دابوونە ناسکرن. تە پێشی ل کاغەزا وان یا دەستوورێ پرسی بوو، پاشێ تە سووجێ خوە مەراق کربوو. یەکی ژ وان کاغەزەکە قەرمچی ژ بێریکا خوە دەرخستبوو، ژ دوور ڤە نیشانی تە دابوو، پاشێ دیسان ب لەز ئەو کاغەز خستبوو بێریکا خوە. یێ هەری ل داویێ ئی بەژنکورت، کۆ ژ بۆ نەخوەشیا خوە یا زەرکێ جارەکێ هاتبوو با تە، مینا کۆ ژ بۆ ل هەمبەری دۆکتۆرێ خوە بێحورمەتیەکێ دکە، شەرم کربوو، لۆما سەرێ خوە

خستبوو بەر خوە، قەت ل چاڤێن تە نەنەریبوو.

مناقەشەیا وە یا ل سەر لنگان زێدە نەئاژۆتبوو، وان دەستوور نەدابوون، کۆ تو زێدە بپەیڤی، ئەمر ل تە کربوون و ژ تە خوەستبوون کۆ تو ب لەز کنجێن خوە ل خوە بکی و بدی پێشیا وان. تە ژی ولۆ کربوو. بەری کۆ هوون ژ هوندر دەرکەڤن، تو ل بەر دەری د سەر ستویێ خوە رە زیڤریبوو، تە ب ئاورێن تژی مانە ل ژنا خوە نەریبوو، تە دابوو پێشیا وان و ل دۆلمیشا وان، یا ل ژێرا حەوشێ سەکناندیبوو سوار بووبوون و ژ مالێ ب دوور کەتبوون.

وان دو جاران تو ل ناڤا باژێڕ گەراندبوون. باژارێ کۆ تە پرانیا ئەمرێ خوە لێ بوهوراندبوو، وێ شەڤێ ب تە عەجێب هاتبوو. چاڤێن تە ل سەرێ هەر کوچەیەکێ ل پەیایێن نەناس و ب سیلاح کەتبوون. گاڤا وان تو ژ باژێر دەرخستبوون و هوون کەتبوون ریا گوندەکی چیێ، ترسەکە مرنێ ل تە پەیدا بووبوو. ژ بۆ تو حەبەکی ترسا خوە بتەمرینی و دلێ خوە تێخی جە، تە دیسان ژ وان پرسا سووجێ خوە کربوو. یێ کۆ ل هەری داویێ روونشتبوو و وێ شەڤێ ژی بەرچاڤکەکە رەش ل بەر چاڤان بوو، ژ پاشییێ دە هوتکەک ب هێز ل پاش ستویێ تە خستبوو و ب تە دابوو خویاکرن کۆ تو ب سووجێ خوە دزانی. تو ب لێدانا وی پر ل بەر خوە کەتبوو، لێ تە ل بەر خوە دابوو و ژ وان رە گۆتبوو کۆ تو ب سووجێ خوە نزانی. گاڤا دۆلمیشا وە تبابەکی ژ باژێر ب دوور کەتبوو و شەوقا ئەلەکتریکێن باژێڕ ژ بەر چاڤان وندا بووبوو، تو ل بوویەرێن ڤان مەهێن داویێ فکریبوو، لۆما ترسەکە بێهاوە ب تە گرتبوو، گۆملەگێ تە ب جارەکێ ڤە ژ خوێدانێ شل بووبوو. «ئەز دخوازم هینی سووجێ خوە ببم، هوون دکن من ب کۆ دە ببن؟» مینا کۆ تو نە ل سەر هشێ خوە بوو، تە پرسی بوو. مناقەشە و کورتووپستەک ب ناڤا پۆلیسان کەتبوو، پشتی چەند دەقیقەیان وان دیسان بەرێ دۆلمیشا خوە ب باژێر ڤە کربوو. شەوقا ئەلەکتریکێن باژارێ تە یێ زارۆکتییێ دیسان هێڤیا ژیانێ دابوو تە، دلێ تە یێ ژار شا کربوو. لێ ئەو دلشاهیا تە زێدە نەئاژۆتبوو. دۆلمیشا وە ل بەر دەریێ ئاڤاهیەکە مەزن سەکنی بوو. گاڤا وان تو ژ دۆلمیشێ داخستبوون و بربوون هوندرێ وێ ئاڤاهیا مەزن یا ژ کەڤران، یەکی ل بەر دەری تاڤلێ چاڤێن تە گرێ دابوون و پاشێ تو دەهف دابوو هوندر. ب دەهفا وی رە تو دەڤەروو کەتبوو عەردێ، لێ وان دیسان ب ملێن تە گرتبوون و تو ژ عەردێ راکربوون. «ما دۆکتۆر ئەڤ ئە؟» یەکی ژ یێ دن پرسی بوو. تە ژ بەردێلا وی بەرسڤ دابوو «ئەرێ، ئەزم» تە گۆتبوو و تە تەخمین کربوو کۆ ئێدی ئەو ئێ ل هەمبەری تە ب حورمەت تەڤبگەرن. تە گۆتبوو «چاوا بە ئەز دۆکتۆرێ باژێرم، زارۆکان شاشتیەک کرنە، ئەز گرتمە، لێ ئەو ئێ نها من بەردن و د سەر رە ژی ئەو ئێ ئوزرا خوە ژ من بخوازن». هێ تو ولۆ دفکری، یەکی ژ پاشیێ دە ب قەمچکا پاش ستویێ تە گرتبوو، دو جاران سەرێ تە ل دیوێر خستبوو و گۆتبوو: «تو ئێ برینداریێن وان دەرمان بکی ها! کا بلا ئەو ژی وەرن برینێن تە دەرمان بکن!» و برینا تە یا پێشی د لاشێ تە دە ڤەدبوو، خوینەکە گەرم ژ سەرێ تە حەرکیبوو سەر پاچکێ بەر چاڤێن تە. تە ل بەر خوە دابوو و تە گۆتبوو «ئەز بێسووجم». لێ تە نکاریبوو بێسووجبوونا خوە ب وان بدایا قەبوولکرن. تە د تاریا چاڤێن خوە دە رۆناهی و پاکیا هوندرێ خوە دیتبوو. و لۆما، ژ بۆ ئەو گوهـ بدن بێسووجبوونا تە، تە ب دەنگەکی بلند و ب هێرس «هوون بێڤانوونییێ دکن، ئەز بێسووج» گۆتبوو. هێرسبوونا تە ئەو هێرستر کربوون، ژ هەر هێلێ ڤە هوتوک و پەهین ل لاشێ تە کەتبوون. تە خوەستبوو تو خوە ژ بەر لێدانێن وان بپارێزی، لێ ب لێدانا یەکی ژ وان تلیا تە یا گردکێ فکیا بوو. تە گوهـ نەدابوویێ، ژ هێرس و قەهرا بێسووجبوونا خوە تە ئێشا لاشێ خوە ژ بیرا کربوو. وان ژی ئێدی دەڤ ژ تە بەردابوون، تو چاڤگرتی ل سەر کورسیەکێ دابوون روونشتاندن و یەکی ژ وان جگارەک ژی پێخستبوو و دابوو تە. تە وەختی جگارا وی قەبوول نەکرا، لێ تە خوەستبوو کورتەدەمەک بە ژی تو تەسەلیا خوە د وێ جگارەیێ دە ببینی. تو د وێ ناڤبەرا کورت دە ل دەرەنگیا شەڤێ فکریبوو. تو ل زارۆکێن خوە فکری بوو. تو ل دیا وان فکری بوو. لێ دەنگێن بانگ و خەبەرێن وان تو ڤەجنقاندبوو. خویا بوو هنن دن ژی ئانیبوون. دەنگێ گری و لبەرگەرینێن یێن نووهاتی، یێن زارۆکان بوون. یەکی ژ وان دگۆت «وەلە هایا من ژ وان تونەیە، ئەز چووبووم سەر گۆڕا برایێ خوە». «تو چووبوویی سەر گۆڕا برایێ خوە؟» یێ پۆلیس ژی دگۆت و ب کولم و پەهینان ل لێوک دخست. «هوون ئێ هەموو ولۆ دەرەوان بکن، هوون ئێ مە بخاپینن. هوون ئێ هەموو بدن دوو هەڤ و هەرن گۆڕستانێ، هەرن سەر گۆڕێن شەهیدێن خوە(!)».

مینا ئەو جارا پێشی بوو تو پێ دحەسیا کۆ چووینا سەر گۆڕێن مریان ل باژێر قەدەغە بوو. تە تەحەمول نەکربوو. تە خوەستبوو تو ژ سەر کورسیا خوە بپەکی و ب دەنگێ بلند نەحەقیا وان ب وان بدی زانین. هین تو ولۆ دفکری، دو هەبان ب ملێن تە گرتبوون و تو ژ سەر کورسیێ راکربوون. وان تو پێنج ـ شەش گاڤان مەشاندبوون و تو دیسان سەکناندبوون. تە د بن پاچکێ

ل بەر چاڤێن خوە ماسەیەک دیتبوو. ل سەر ماسێ ساەتەک، پاکێتەکە مارلبۆرۆ و کبریتەکێ خویا دکر. پەیایێ کۆ ل بەر وێ ماسێ بوو ژ تە خوەستبوو تو بێریکێن خوە ڤالا بکی سەر ماسێ. تە ب یا وی کربوو، تە تاڤلێ بێریکێن خوە ڤالا کربوون. وی ژی ئالیکاریا تە کربوو، دەستێ خوە ئاڤێتبوو قایشا تە و ئەو ژ پانتۆرێ تە کشاندبوو. پاشێ ژی وی ساعەتا تە و هونگولیسکا تە ژی دەرخستبوون. تە خوەستبوو تو ژ وی ژی سووجێ خوە بپرسی، لێ تە نەپرسیبوو، تو ل بەندی ئەمرێ وان راوەستیابوو. دیسان دو هەب، هەر یەک کەتبوو بن ملەکی تە و تو بەر ب جهەکی نەناس ڤە بربوو. وێ رەوشا هان هەرچقاس چاڤگرتینکا زارۆکتیا تە ئانیبوو بیرا تە ژی، لێ یێن د ملێن تە دە تو ژ خەیالا زارۆکتیا تە ژی ب دوور خستبوون. «خوە دەینە، وێ سەرێ تە ل زکێ ئاڤاهیێ بکەڤە، هێدی بمەشە تو ئێ د ئاڤێ وەر بی. کورۆ تو کەت!» وان گۆتبوون و تو چەند دەقیقەیان ولۆ مەشاندبوون، تا کۆ وان تو ئاڤێتبوون پشت دەریەکی هەسنی، هوندرێ هوجرەیەکە بچووک.

گاڤا وان تو ئاڤێتبوون هوندر، بێی کۆ ئەو خوە نیشانی تە بدن، وان پاچکێ ل بەر چاڤێن تە هلانیبوون. د وێ حوجرەیا تەنگ و گەماری دە، مینا کۆ تو گهیشتبوو ئازادیا خوە، کێفا تە هاتبوو. دی تە دکاریبوو بدیتا. چاڤێن تە ڤەکری بوون. قیمەتا رۆناییێ ل با تە بلند بووبوو. تە خوە دەمەکێ د قونجکا حوجرەیا خوە دە کربوو قۆمک و زق ل دەریێ هەسنی نەری بوو. ل سەر دەریێ زنگارگرتی هن نڤیس هاتبوون خەرتاندن. تە دەمەکێ خوەست کۆ تو وان نڤیسان بخوینی، لێ ئەو نەدهاتن خوەندن. تە چەند ئاخینێن کوور ل سەر هەڤ کشاندبوون. تو د وێ حوجرەیا تەنگ دە ل دنیایەکە فرەفکریبوو. ژ بۆ کۆ تو ژی جارەکێ ب هن هنجەتان ژ هن هەڤالێن خوە رە بەهسا گرتنا خوە و حوجرەیا خوە بکی، تە هێدی خوە بەردابوو سەر چۆکێن خوە و تە هوجرەیا خوە پیڤا بوو. حوجرەیا تە سێ بهوست د سسێ و نیڤان دە بوو. تو دەمەکە درێژ، هەتا کۆ لنگێن تە تەڤزیبوون، ل سەر تووتکان روونشتبوو و فکریبوو. تە جارنا باوەر نەدکر، تە چاڤێن خوە دگرتن و تە دخوەست کۆ ئەو خەونەک بوویا. تە دنیایەک خەیالێن پاک د وێ حوجرەیا خوە یا تەنگ دە چێدکر. تو گەه ل سەر تووتکان روودنشت، سەرێ خوە دخست ناڤا هەردو چیمێن خوە، گەه تە خوە بەرددا ئەردێ، تە هەردو دەستێن خوە ل چیمێن خوە دگەراندن، گەەتو رادبوویی سەر خوە، تە پشتا خوە دسپارت دیوێر، تە دەستێن خوە دخستن بن چەنگێن خوە و تو دەمەکێ ولۆ ل سەر لنگان دمای. لێ دەنگێ بارین و قیرینێن کۆ دهاتن تە، ترسەکە کۆ تە هەتا وێ دەمێ حس نەکربوو، دخست دلێ تە. «گەلۆ ما ئەو ئێ ل من ژی ولۆ بکن» تە د دلێ خوە دە گۆتبوو. و تە خوە ژ وێ رە ژی ئامادە کربوو. ب نیەتا کۆ بەلکی ئەو تە تێخن فەلاقێ، تە د وێ حوجرەیا خوە یا سار و جەمدی دە سۆل و گۆرەیێن خوە ژ لنگێن خوە دەرخستبوون. «گەر لنگێن من ژ سەرمان بتەڤزن، ئەز ئێ زێدە ئێشێ نەکشینم» تە د دلێ خوە دە گۆتبوو. و ئەو رامانا هان ژی نە ژ بەر شارەزابوونا تە یا دۆکتۆریێ، لێ بەلێ ئەو ل ور ب تە رە چێبووبوو. جارنان د ناڤ رە دەنگێن تەپەڕەپا لنگێن مرۆڤان، خەبەرێن نە ل رێ، گری و لبەرگەرینان ل کۆریدۆرێ دهات. جارەکێ ژی هەما یەک ئاڤێتبوون بەر دەریێ حوجرەیا تە.

ئەو ژ سەرما درکرکی، شنگینیا درانێن وی خوەش دهاتن تە. خویا بوو وی گەلەک لێدان خواربوو. گاڤا تە خوشینیا ئاڤێ بهیستبوو، تە تەخمین کربوو کۆ ئەو ئاڤا جەمدی ب سەر وی دادکن. هنگی بێهنگرتن و بێهنبەردانا وی ولۆ ب لەز بووبوو کۆ تە د دلێ خوە دە گۆتبوو «هەگەر ئوکسیژەنێ نەدنێ ئەو ئێ بمر». یێ د وێ رەوشێ دە دخوەست تشتنان ببێژە، لێ ژ سەرما، لهەڤکەتنا درانێن وی دەستوور نەددا. د پشت وی دەریێ هەسنی و قالند دە، ئەو مینا سەهنەیەکێ دهات بەر چاڤێن تە. وەکە کۆ تو فکری بوو، کرن. ب تەپەرەپا لنگێن چەند مرۆڤێن دن، دۆکتۆرەک ژی هات. ژ بۆ ب هێسانی بێهنگرتن و بێهنبەردانا وی، دۆکتۆر ژی ژێ رە دبوو ئالیکار. د وێ ناڤێ دە پێلا ئالیکاریێ د دلێ تە دە ژی رابووبوو، لێ تاڤلێ ترسا مرنێ کەتبوو دلێ تە. «ئەڤ چ دنیایەک بنەردی یە، ئەڤ چ ژیانەکە ڤەشرتی یە» تە د دلێ خوە دە گۆتبوو. ئەو جەلەبژیان زەهف ب تە ئەجێب هاتبوو. مینا کۆ وێ پشتی کورتەدەمەکێ روهستێن ل دەریێ تە بخستا و داویا ژیانا تە بانیا، تو د هوندرێ حوجرەیا خوە دە ب ئاجزیەکە بێتاریف گەه روودنشت، گەه رادبوو. پشتی کۆ دەنگێ یێ ل بەر دەری هاتبوو برین و هاتبوون ئەو بربوون، یەکی بەژنکورت، ئەسمەر و ب رە دەریێ تە ڤەکربوو، تەپسیەکە ترشکا فاسوولیان و پەرچاک نانێ سۆمنی ئاڤێتبوو بەر تە. تو ل قونجکا حوجرەیا خوە ل سەر تووتکان روونشتبوو و تە زق ل وێ تەپسیکا خوارنێ نەریبوو. کێفا وی ژ وێ تەڤگەرا تە رە نەهاتبوو، «تە نەعەجباند دۆکتۆر بەگ؟» وی ب قەرف و ب هێرس ژ تە رە گۆتبوو. گاڤا تە بەرسڤا وی نەدابوو و تە ب خایزبوون ل تەپسکا خوە نەریبوو، ئەو هێرستر بووبوو، لێ زێدە ب سەر تە دە نەهاتبوو. ژ بەر کۆ تە مەرەق کربوو، بێ خوارنا کیژان

دەمێ یە، تە ژ وی پرسا ساعەتێ کربوو. ئەو دیسان ب سەر تە دە قیریا بوو «پرسا ساعەتێ قەدەخە یە» گۆتبوو و ژ بەر کۆ وی نەخوەستبوو درێژ بکە، دەری ل سەر تە گرتبوو و چووبوو.

تە ئەو تەپسکا خوارنێ بەر ب خوە ڤە کشاندبوو و دەمەکە درێژ لێ نەریبوو. تو برچی بوو، لێ تە کربوو نەکربوو دلێ تە نەبژیابوویێ. ژ خوە گاڤا دیسان دەنگێ وێ ژنکا ل هوجرەیا ژێری هوجرەیا تە هاتبوو، خوارن هەو د بەر تە دە چووبوو. ژنکێ ژ دە پانزدە دەقیقەیان جارەکێ ب هەردو دەستان ژ هوندر دە ل دەریێ حوجرەیا خوە دخست و ب دەنگێ ب قیرین بانگی نۆبەداران دکر و پرسا لاوێ خوە ژ وان دکر. جارنان نۆبەداران پێ ڤە باز ددان، ب هێرس دەریێ وێ ڤەدکرن و خەبەر و گۆتنێن نە ل رێ ژێ رە دکرن. لێ نۆبەدارێ کۆ دەریێ وێ ڤەدکر زوو ب زوو ژ ناڤ لەپێن وێ نەدفلتی و وێ هەر پرسا لاوێ خوە دکر دگۆت: «وە لاوێ من کوشتیە، وە میرزەیێ من کوشتیە». «لاوێ تە ساخ ئە، پیرێ، تشتەک ب لاوێ تە نەهاتیە» نۆبەداران ژی ب ترکیەکە شاش و نەخوەش لێ ڤەدگەڕاندن. تە هەرتم ل ئاخافتنا پیرێ و نۆبەداران گوهداری دکر. گاڤا جارەکێ پیرێ ژ یێ نۆبەدار رە گۆتبوو «یۆخ وەلە سەن یالان سۆیلیۆرسن» و هن چێر و خەبەر ژ وان رە دابوو، تو بێی حەمدێ خوە د بەر خوە دە کەنیابوو. و گاڤا چاڤێن تە ژ نشکا ڤە ل کێزکا مەزن یا د تاجکا خوارنێ دە کەتبوو، د وێ کێلییێ دە ل روویێ دنیایێ چ خوارن هەبوویا، ل بەر چاڤێن تە رەش بووبوون. تو هەما ژ قونجکا خوە ژ سەر تووتکان هۆل بووبوو و تە ب هەموو هێزا خوە ل دەری خستبوو.

نۆبەدارەک ژ دوور ڤە ژ دێ و ژنا تە رە خەبەر دابوو و ب هێرس بەر ب هوجرەیا تە ڤە هاتبوو. لێ تە لێدانا خوە یا ل دەری دۆماندبوو. تو وەختێ ژ سەر هشێ خوە بچوویا، لێ تو دیسان ب سەر خوە ڤە هاتبووی. نۆبەدارێ بەژنکورت ئی ب رەدەریێ تە ڤەکربوو و ب سەر تە دە قیریا بوو. «چ یە، تو چ دخوازی؟» وی گۆتبوو. «ڤێ خوارنێ ژ ڤر ببە» تە گۆتبوو. مێرک ب دەنگەکی بلند ب تە کەنیا بوو، «ها ها ها، دلێ دۆکتۆر بەگ ناچە خوارنا مە! دڤێ ژ دۆکتۆر بەگ رە خوارنا تایبەتی چێببە» وی گۆتبوو و پاشێ ب جارەکێ ڤە روویێ وی هاتبوو گوهەڕتن و ب هێرس ب سەر تە دە قیریا بوو. تە تو مانە نەدابوو هێرسبوونا وی، تە هەم ژێ نەفرەت کربوو، هەم ژی گونەهێ تە پێ هاتبوو. «دێمەک تو ب شەڤ برینداران دەرمان دکی، تو ب ترمپێلا خوە دچی جەو دەڤەران و برینداربێن وان تینی ل مالا خوە دەرمان دکی، ها!» وی دیسان گۆتبوو، ب هێرس دەستێ خوە یێ راستێ ل سینگا تە خستبوو و پشتا تە ل دیوارێ بەتۆنی خستبوو. گاڤا پشتا تە ل دیوێر کەتبوو، نتینیەک ژ تە هاتبوو، مینا کۆ کەزەبا تە ژ دەڤێ تە دەرکەتبە، تە ئێشەکە بێهاوە هس کربوو. لێ تە ل خوە دانانیبوو، تە نەخوەستبوو تو ل هەمبەری یەکی مینا وی خوە قەلس نیشان بدی، تە پەیڤا خوە بری بوو، وی چ گۆتبوو، تە گوهنەدابوویێ. یێ وی ژی چ هاتبوو بەر دەڤێ وی، وی گۆتبوو. گاڤا وی راهشتبوو فراخا تە، دەری ل سەر تە گرتبوو و چووبوو، یێ د هوجرەیا ل کێلەکا تە دە ل دیوێر خستبوو و گۆتبوو «دۆکتۆر، تو گوهمەدە ڤی، ئەو ل ڤر تەنێ فراخشۆ یە، ئەو ژ ڤر ئە، لێ ئەو خوە ل سەر سەرێ مە مەزن دکە، خوە ب تشتەکی دهەسبینە.» تە پێشی ژ وی دەنگی شپهە کربوو، تە ئەو وەکە لیستکەکە پۆلیسان دیتبوو، لێ پاشێ تە هێدی هێدی باوەریا خوە پێ ئانیبوو. تە ل جەو وارێ وی، ل کار و مژوولیێن وی پرسی بوو. وی تو ناس دکر، جارەکێ زارۆکا خوە ئانیبوو با تە، ب گۆتنا وی تە ژ بۆ موعایەنێ پەرە ژێ نەستاندبوو. لێ نەهاتبوو بیرا تە. تە د هوجرەیەکە تەنگ دە، ل پشت دیوارەکی بەتۆن ئی قالند ب یەکی کۆ تە روویێ وی نەددیت رە، هەڤالتیەک، دۆستانیەک داتانی.

سۆهبەتا وە ب دەقیقەیان ئاژۆتبوو. وی د هوندرێ چەند دەقیقەیان دە ژ تە رە ژیانا خوە یا ب سالان گۆتبوو. دۆستانی و دلپاکیا وی کربوو کۆ تو ژی دلێ خوە ژ وی رە ڤەکی، ژێ رە بەهسا چیرۆکا ژیانا خوە بکی. تە ب کورتی ژ وی رە بەهس کربوو و تە ب وی دابوو زانین کۆ د چل و نەهسالیا خوە دە ئەڤ جارا یەکێ یە کۆ تو هاتیی گرتن و تو ژ سووجێ خوە بێهای ئی. مینا کۆ هەبەکی ب مێرک ئەجێب هاتبوو، «چاوا تو هەتا نها ژ دەستێن وان فلتیی؟» وی گۆتبوو و تاڤلێ ب سەر ڤە زێدە کربوو کۆ ئەو هەتا نها ب کێمانی چار جاران هاتیە گرتن، جارەکێ دو سالان و چەند جاران ژی دەمێن کورت گرتی مایە. گاڤا وە ژ دوور ڤە دەنگێ تەپەڕەپا لنگێن نۆبەدار بهیستبوو، مێرک پەیڤا خوە کورت بریبوو و ژ تە رە گۆتبوو، کۆ ل شرنەخێ دکانەکە وی یا وێنەکاریێ ب ناڤێ «فۆتۆ شیپشاک» هەیە و هەگەر تو بخوازی وی پەیدا بکی، تو دکاری وی ل وێ دکانێ ببینی. تە گونەهێ خوە پێ ئانیبوو و رەوشا دکانەکە خوەدیێ وێ ب سالان ژێ دوور بە ئانیبوو بەر چاڤێن خوە. لێ دەنگێ تەپەڕەپا لنگێن نۆبەدار ب خورتی نێزیک بووبوو و بالا تە یا خەیالا دکانا جیرانێ تە بەلاڤ کربوو. تو ترسیابوو، کۆ ئیجار ئەو ئێ تە ببن و ئیجار تو ئێ سەرپێهاتیا خوەدیێ وان دەنگێن ب نالین، بەرگەرین و ب فەریات

بژی. لێ وان ڤێ جـارێ ب شنگینی دەرییێ هوجـرەیا کێلەکا تە ڤەکربوون و خوەدییێ دکانا «فۆتۆ شیپشاک» بربوون. مێـرک ل بەر خـوە دابوو، لێ خـویابوو یێن کـۆ هاتبـوون هەر یەک کـەتبـوون بن ملەکی وی و ئەو ل دوو خوە کشکشاندبوون. ئان ژی ژ دەنگ و تەڤگەرا وان ولۆ هاتبوو بەر چاڤێن تە. تو ژ ئالیـەکی ڤـە گـەلەکی ل بەر کەتبوو و تە گونەهێ خوە پێ ئانیبوو، ژ ئالییێ دن ڤە ژی ژ بۆ کۆ وان تو نەبربوون، تو دلشا بووبووی. لێ تە تاڤلێ ژ بەر وێ هسـا خـوە شـەرم کـربوو، ترسـا ئێش و ئەزیەتێ ئەگۆیزما تە خورت کربوو.

پشـتی کۆ وان یێ د حوجرەیا کێلەکا تە دە بربوون ب نیـڤـسـاتێ، دەنگێ بۆرینا پەیایەکی د فـەلەکـان رە دەرکـەتبـوو. «هەبە تونە بە ئەو ئە» تە د دلێ خـوە دە گۆتبوو. و تە د وێ کێلیکێ دە ژ مرۆڤاتییێ شەرم کربوو. تە ژی نزانیـبـوو بێ چمـا، لێ تام د وێ ناڤێ دە تو ل چێبـوونا زارۆکا خوە یا پێشی فکری بوو. ئەو هسێن خوەش یێن کۆ پێلێن هێنک ل دلێ تە خستبوون، تە ب هەمـوو باڤـان رە پارڤـە کـربوو. تو ل قـیـمـەتا نسـانەکی فکریبوو و تام گاڤا تو ل قیمەتا نسانەکی و نسانەتییێ دفکری، دەنگێ تەپەڕەپا لنگێن دو پەیان ژ کـۆریدۆرێ هاتبوون. وان هەردو پەیان دەرییێ هوجرەیا تە ڤەکربوون، تو ل قـۆرزیا راسـتێ، دەسـتـێـن تە د بن چەنگێن تە دە دیتبوون. تو ل بەندی بوو کۆ ئەو ب سەر تە دە بقیرن و خەبەر و گـۆتنێن خـەراب ژ تە رە بکن، لێ وان ب تەنێ هێدیکا هەر یەکی ب ملەکی تە گرتبوون و خوەستبوون تە ب خـوە رە بن. تو ژی قـەت ل دژ دەرنەکەتبـوو، تەنێ تە چاڤـێن خـوە ل سـەر وان گـەڕاندبوون و تو ب وان رە چووبووی. تە د بیرا وان دە ئانیـبـوو کـۆ دڤێ ئەو چاڤـێن تە بگرن، لێ ڤێ جارێ مـینا ئەو هێـرس بووبن، وان ب شدەت ملێن تە کشاندبوون و تو بربوون عودەیا مەزنەکی خـوە. تە ئەو مـەزنێ وان یێ بەژندرێژ، چاڤـشـین و رووبکەن ناس دکر. ئەو چەند جاران ژ بۆ هن نەخوەشییێن خـوە هاتـبـوو بـا تە؛ تە ژی، دگـەل کـۆ تە ب کـارێ وی دزانیبـوو، ژ بۆ ئەو بیانی بـوو، تە قیـمەت دابوویێ و تە ئەو بەری خـەلکێ باژێر گرتبـوو هوندر. گـاڤا ئەو د ناڤ دەسـتـێن وان هەردو پەیایێن گـرس و ب رەدە چاڤ ل تە کـەتبـوو، مـینا ژ بۆ کـۆ وان تو ب وی بابەتی ئانیـبـوون، ئەو ب وان رە هێـرس بووبوو، ژ سـەر قـۆلـتـخـا خـوە یا چەرمینی رابووبوو و ب دۆستانی ژ بەر تە رابووبوو. وێ دەڤبکەنی و دۆستانیـا وی دلێ تە شا کربوو، بێ هەمدی تە روویێ تە ژی کەنیابوو. وی دەستێ تە گوڤاشتبوو، تو دابوو روونشـتـانـدن، جگارە ئیکرامی تە کـربـوو و ژ بەکچیێ بەر دەری دو چایێ خوەستبوون. تە دو هلمێن کـوور ل سـەر هەڤ ل جگارێ خسـتـبـوون و مـینا کـۆ تە دخوەست تو گـازنێن خوە ژ مەزنێ وان رە بکی، تە گەه ل وی نەری بوو، گـەه ژی تە ئـاوڕێـن خـوە بەرا عـەردێ دابوون و ژ بەر خوە شەرم کربوو. «زارۆکان تو ب شاشی ئانینە، دۆکتۆر» مـینا کـۆ ئەو ژی ل بەر تە کـەتبـە، وی گـۆتبـوو. و وی ب سـەر ڤـە زێدە کـربوو، «ژ مـە رە گلی هاتیە کۆ تە تەرۆریستەک دەرمان کریە، تو ئالیکاریا وان دکی. هەرچقاس من ژ یێن مە رە گۆت، دۆکتۆر تشتەکی ولۆ ناکە، دۆکـتـۆر ل گـۆری قـانوونان دچە ژی، لێ یەکی بریندار دبێـژە کـۆ تە ب شـەڤ ئەو ل مـالا خـوە دەرمـان کریە».

تە نزانیـبـوو تە ئێ چ بگۆتا. راست بوو، تە بریندارەک ل مـالا خـوە دەرمـان کـربوو. ئەڤ نیـڤێ شـەڤێ هنان ل دەرییێ تە خستبوون، ل بەر تە گەریابوون و خوەستبوون تو بریندارێ وان دەرمـان بکی. هەرچقـاس تە گـەلەکی ب دیقەت و ب ترس ژ وان دەری ڤەکربوو ژی، بێی کۆ تو ژ وان بپـرسی بێ ئەو کی نە، تو ب سـاەتان ل برینا خۆرتەکی چاردە پانزدە سالی مژوول بووبووی، تە دو گوه ژێ دەرخستبوون و تە ئەو دەرمان کربوو. ئەو نە جارا یەکێ بوو کـۆ شـەڤ نیـڤێ شـەڤێ ل دەرییێ تە دکـەت و ئالیکاری ژ تە دهاتە خـوەستن. هەمـا بێـژە، ژ رۆژا تو بووبوویی دۆکتۆر و تە ل باژارێ خوە دەست ب دۆکتۆرییێ کـربوو، نە هەر شـەڤ بوویا ژی، ب کـێـمـانی هەفـتێ جارەکێ نیـڤێ شـەڤێ ل دەرییێ تە دکـەت و تو ب دەرد و کولێن خەلکێ رە رادبووی. لێ تەنێ جارەکێ بریندارەکی ل دەرییێ تە خسـتـبـوو، ئەو ژی دگـەل کـۆ تە ب رەوشێ دزانیبـوو، دیسـان تە دەرییێ خوە ژێ رە ڤەکربوو و تە ئەو خۆرتێ نووگهشتی ژ مرنێ خەلاس کربوو. و نها، گاڤا وان ئەو خۆرتێ ژهالدەکەتی ئانیـبوون هەمبـەری تە، تو شاش و عەجێبمایی مابوو. تە خوەستبوو تو ژ جهێ خوە بپەنگزی، ب سەر وان دە بقیری و ببێژی، ڤی خۆرتی بێن نەخـوەشـخـانێ، لێ تو بێـدەنگ د جـهێ خـوە دە روونشتبوویی و تە ژ بێچارەتییێ ئاوڕێن خوە بەردابوون سەرێ پۆزکێن سۆلێن خوە. یێن کۆ لاوک ئانیبوون، ب سەر وی دە قیـریابوون: «دۆکـتـۆرێ تو دەرمان کر ئەڤ بوو؟» تە پێـشی لاوک ناس نەکـربـوو، یا رەبی، چ ب لێـوکی هاتبـوو؟ ئەو بووبوو مینا دارکەکی، گـەپێن وی کـۆرت بووبوون، پۆرێ وی بێ زەرک ل هەڤ گـەریابوو، ژ خوە مرۆڤ دگۆت قەی نەوقا وی ب پشتا وی ڤە زەلقیە، قوتکێ وی مینا عەبایەکێ ژێ رە فرە بووبوو. لێوک ب ستـوخـواری ل تە نەریبـوو. ئەو دهەژیا، ب زۆرێ ل سـەر خوە دسـەکنی. نە ب ئالیکاریا هەردو پۆلیسـێن ب رەو رووترش بوویا، لاوکێ بهـەرکـیـا ئەردێ. «ئەز ژ تە رە

دبێـژم، دۆکـتـۆرێ کـۆ تو ل مـالا خـوە دەرمـان کـر، ئەڤ بوو؟» یێ ملێ راستێ ب شدەت لاوک هەژاندبوو و ژێ پرسی بوو. «ئەرێ، ئەڤ بوو» لێـوک گۆتبـوو و ب ئاورن مەلوول و وەستیایی ل تە نەریبوو. «تەمام، تەمام، وی ببن» مـەزنێ وان ئەمـر ل وان کـربوو. وان لاوک ب دوو خـوە دە کـشـکشـاندبوون و بربوون. تو سـار مـابووی، تە نزانیبوو تە ئێ چ بگۆتا. مینا یێ ئەوقاس سال خوەندبوو و دۆستانی ب ئەوقاس کەسێن ناڤدار رە دانیبوو، نە تو بە، تو د جهێ خوە دە مینا گوندیەکی ساف، ژ دنیـایێ بێـهای، بێـدەنگ مابووی. مەزنێ وان جگارەکە دن ژی کـەرەمی تە کربوو. وەختی تە جگارا وی نەگـرتا، لێ تە دیسـان بێی حـەمـدێ خـوە جگارەیەک ژ پاکـێـتـا وی کشاندبوو و ب هەستێ وی یێ ل سەر ماسێ پێخستبوو.

تە د نـەرمی و دۆسـتـانیـا خـاڤ یا مـەزنێ وان دە دەرخستبوو. «لێ دۆکـتۆر، مە ئەڤ ژ تە نەدپا» مەزنێ وان گـۆتبـوو و ژ جـهێ خـوە رابووبـوو. » مـە ئەڤ ژ تە نەدپا» وی دوبارە کـــربوو. «تو دزانی بێ تو چ دکی، دۆکـتۆر؟» وی ب دەنگەکی هەبەکی سەرت گـۆتبوو، لێ پاشێ مینا پۆشمان بووبە، دیسان ب نەرمی ب سەر ڤە زێدە کربوو «ئەم دزانن مرۆڤێن نۆلا تە خوەندە و بیربر».

تە زانیـبـوو بێ ئەو د چ رەوشێ دە بوو و دخـوەست چ ببێژە. پاشێ ئەو ل سەر کورسیەکێ ل با تە روونشـتبـوو. وی دەستێ خوە درێژی سەر ماسێ کربوو و راهشتبوو وێ ئالبـومـا مەزن یا قـەهوەی. بەری ئەو ئالبومێ ڤەکـە «ئا ئەڤ ئە، دۆکـتـۆر، ئەڤ هەمـوو هاتنە کـوشتن، داویا ڤی کاری ئەڤ ئە» وی گۆتبوو و مینا کۆ بخوازە هین ببە بێ وان گـۆتنێن وی چ تەسیر ل تە کـرنە، ئاورەک ئاڤێـتبـوو تە، لێ دیسـان، مـینا نەخـوەزە تو ژ وێ ئاورێ هایدار ببی، تاڤلێ ئالبوما د دەستێ خوە دە ڤەکربوو. تە پێشی فـێـهم نەکـربوو، تە مـەرەق کـربوو، بێ ئەو دخـوازە چ نیشانی تە بدە. لێ وی کورسیا خوە هێ بێتر بەر ب تە ڤە کشاندبوو و رووپەلێ پێشی یێ ئالبوما ڤەکری دابوو بەر چاڤـێن تە. «ئا تو ڤـان دبینی، ڤـان ل گـوندێن... دو لەشکەرێن مە شەهید کرنە، لێ ما وێ ب کۆ دە خەلاس ببن، داویا وان ئەڤ ئە». تە کوور کـوور ل وی رەسمێ ب رەنگ، یێ کـۆ هەمـا هەمـوو رووپەلێ ئالبـومێ گـرتبـوو، نەریبوو و بێی کۆ د دەستێ تە دە بە، لەرزەکێ لاشێ تە گـــرتبـــوو. وێ یەکـــا هان بالا مـــەزنێ وان کشـاندبوو، لێ مـینا وی فەرق نەکربە، ئەو تەڤگەریابوو، تە ژی تـاڤلێ د وێ تەڤگەرا وی دە دەرخـســتـبـوو، لێ دیسان ژی تە ئاورێن خوە ژ سەر رێسم دانەگەڕاندبوو. تە د دلێ خـوە دە مـەرەق کـربوو بێ ئەو چاوا و ب چ ئاوایی هاتبـوون کـوشتن. سێ کـەس بوون، دو کـەچ و خـۆرتەک.

یێ خۆرت مـینا کـۆ رازایی بە دخویا، تەنێ بن چاڤێ وی یێ چەپێ رەش بووبوو. کـــەچکەک ژ وان ژی ژ ناڤـێ بەرژۆر تازی بوو، هنەک خوین د ناڤا پێسیرێن وێ یێن نووگـهشـتـی دە حەرکی بوو بن پشـتـا وێ، لێ سەرێ وێ نەخویا بوو، بلووزێ کۆ ژێ هاتبوو شەقتاندن، پێ روویێ وێ نوخـوماندبوون. تە تەخمین کربوو کـۆ وێ سەرێ وێ ب جـەلەبەکی هاتبـە ژێکرن. لێ سەرێ کـەچکا دن کـۆ ل ژێری لنگێـن کـەچکا روونوخـومـاندی بوو، خـوەش دیار بوو، چاڤێن وێ یێن مەزن ڤەکریبوون. گاڤا تە ب نیـەتا بەلکی تو وێ ناس بکی، خوە نێزیکتری ئالبومێ کربوو، وەکە ئەو ب تە رە بشریبوو، تە کەنەک ل سەر لێڤێن وێ یێن ژ هەڤ فـەرق کـربوو. مـێـرک رووپەلێ ئالبـومێ قولوپاندبوو. ڤێ جارێ کۆمـەک تەرمێن مرۆڤـان ل سەر هەڤـە دو لەشکەرێن مـینا کـۆ پۆز دابن کامـەرایێ، ل بەر چاڤـێن تە کـەتبـوون. مـەزنێ وان هەم دگـۆت، هەم ژی رووپەلێن ئالبومێ د سەر هەڤ رە دوقولوپاندن. تو پێ رە نەدگـهیـشت، ب نیـەتا بەلکی تو هنان ناس بکی، هەر چڤـاس تە ب دیقـەت ل وان دنەری، لێ هەتا نیـڤێ ئالبومێ خەلاس بوو ژی، تە هێ کەس ناس نەکربوو. تام ئالبـوم ل بەر قـەداندنێ بوو، چاڤـێن تە ل لاوکـەکی کـۆ هەرتم ژ بۆ گورچکێن خوە دهات با تە، کەتبوو.

گاڤا مێرک خوەست وی رووپەلی ژی بقولپینە، تە ب دەستێ وی گرتبوو و جارەکە دن لێ نەریبوو. ئەرێ، ئەو لاوک ب خـوە بوو، رەسـمێ وی ژ ناڤێ بەرژۆر هاتبـوو کـشـاندن، دگـەل کـۆ هن ژ روویێ وی شـەوتی بوو ژی، دیسان تە ئەو باش ناس کربوو. وێ یەکا هان بالا مەزنێ وان کشاندبوو، «تو ڤی ناس دکی، دۆکـتۆر؟» وی پرسی بوو. تو د ئەرێ نایێ دە مابووی. گەلۆ تە بگۆتا چ هێ تو دفکری، وی جارەکە دن ژ تە پرسی بوو، «ئەرێ دۆکـتۆر، تو ڤی ناس دکی؟» تە دەرەو کـربوو، تە بەرسـڤـا «نا» دابوویێ، لێ مـینا کۆ تە ژ بەر دەرەوا خوە شەرم کـربوو، تە سەرێ خـوە بەرا بەر خوە دابوو. وی تەخمین کربوو تە ئەو لاوکێ کۆ بەلکی هێ نەکـەتبوو چاردەهسـالیا خـوە، ناس دکر. لێ وی زێدە گوهنەدابوویێ، دەڤێ ئالبوما خوە گـرتبـوو و دیسـان دانیبـوو سـەر مـاسێ. «ئەڤ هەمـوو ژ ئالیێ هێـزێن ئەو لە کـاری ڤـە هاتنە کـوشتن، نیڤێ وان ئەرمەنی نە، نەسونەتکری نە» وی گۆتبـوو و ب دەنگەکی سەرت دیسـان ب تە دابوو زانین کۆ رابوونا ل هەمبـەری دەولەتێ نە هێـسـان ئە و وێ داویا هەمـوویان ولۆ ببـە. مـینا کـولیـان زمـانێ تە خـواربوو، پەیڤ ژ دەڤێ تە دەرنەکەتبوو، تە نزانیبوو تە ئێ چ بکرا، تە نزانیبوو وان ئێ چ بکرانا ژ تە، تە نزانیـبـوو تو ئێ ب چ جـەلەبی ب وی رە بپەیڤیا. بێهنا تە تەنگ بووبوو. تو بێچارە بوو.

تە خوە د وێ کێلیکێ دە شباندبوو چووکەکی باسکۆکری. گاڤا مەزنێ وان جگارەیەک پێخستبوو، تو ل بەندی بوو کۆ ئەو یەکێ بدە تە ژی. لێ وی ولۆ نەکربوو، پێ ل بشکۆکێ کربوو و ب هێرس ئەمر دابوو هنان دا وەرن تە ببن. گاڤا دو کەسێن ب ناڤمل و ب رەهاتبوون، چاڤێن تە گرێ دابوون، ب ملێن تە گرتبوون و تو بربوون، تە ئەو کرنێن مەزنێ وان یێن ل هەمبەری خوە تاڤلێ ژ بیر کربوون و تە مەراق کربوو کۆ ئێدی ئەو ئێ چ بکن ژ تە. ژ هەر دەرێ دەنگێ نالین و لبەرگەرینان دهات. وان تو ب چاڤێن گرتی دەهف دابوون هوندرێ عودەیەکە سار، تو دەڤەروو کەتبوو خوارێ، تە ل ئەردێ ژی ژ سەرێ خوە چەند پەهێن خواربوون.

یەکی ب دەنگەکی گو و ب ترکیەکە خەراب ژ ژنا تە رە خەبەر دابوو و ب تە دابوو زانین کۆ ئەو ئێ چ بینن سەرێ تە. ژ خوە پڕ تێ رە نەچووبوو، تو شلفی تازی کربوون، هەردو دەستێن تە ب ژۆر ڤە دابوون گرێدان، چەند ساتل ئاڤ ب سەر تە داکربوون و ژ هەر هێلەکێ ڤە دەربە ل تە کەتبوون. تەنێ تە ئێشێن پێشی حس کربوون، بێی هەمدێ خوە تو قیریابوو، تو ل بەر وان ژی گەڕیابوو. لێ پاشێ وەکە تو تێکەڤی خەوەکە کوور، تە نەما تشتەک هس کربوو. گاڤا تە چاڤێن خوە ڤەکربوون، تە خوە ل سەر تەختەکی درێژکری دیتبوو. تو هێ ژی تازی بوو، لێ بەتانیەکە گەماری ب تە هاتبوو داکرن. تو ئێدی ژ دەنگان ڤەدجنقی. وان تو دیسان بربوون، ئەینی تشت ب تە کربوون. ڤێ یەکا هان ب رۆژان ئاژۆتبوو، ئەو تشتێن کۆ تە د پرتووک و رۆژنامەیان دە خوەندبوون، هەموو ب سەرێ تە دە ئانیبوون. تو هێ ژی دژیا. تە دەمەکێ ژ وێ ژیانێ، ژ مرۆڤاتیێ شەرم کربوو، تو بێهاوە ل بەر خوە کەتبووی. هەفتەیەک دەرباس بووبوو، لێ هایا تە ژێ تونەبوو، ب تە مینا چەند رۆژان هاتبوو. تە د وێ هەفتەیێ دە ژ بلی ڤەخوارنا ئاڤێ تشتەک نەخواربوو. رها تە یا کۆ تە هەر سبەه کور دکر، درێژ بووبوو. پۆرێ تە ل هەڤ گەڕیابوو، چاڤێن تە کۆرت چووبوون و بنێ چاڤێن تە رەش بووبوون. گەر نەینکەک هەبوویا و تە بکاریبا ل خوە بنەریا، تە ئێ بدیتا کۆ مینا وی لاوکێ کۆ وان ئانیبوون پێشبەری تە ل تە هاتبوو. زکێ تە ب پشتا تە ڤە زەلقی بوو، هەگەر قایشا تە ل پشتا تە بوویا، ژ بۆ پانتۆرێ تە ژ تە دە نەکەڤە، دڤیابوو تە ب قولپوکا هەری داوی ڤە گرێ بدایا. لێ بەلێ وان قایشا تە ژی ژ تە ستاندبوون و نها پانتۆرێ تە ژ تە دە دکەت. تە جارێ ب زەحمەتی پارتۆرێ خوە دکشاند ژۆر.

گاڤا سبەهەکێ دەریێ حوجرەیا تە ب هێدیکا ڤەبووبوو و وان تو ب چاڤێن گرتی ب دوو خوە دە کشکشاندبوون، تە تەخمین کربوو کۆ ئەو ئێ دیسان تە ببن ئودەیا ئیشکەنجێ. تە خوەستبوو تو ل بەر وان بگەڕی، خوە باڤێژی لنگێن وان، لێ تە نەکربوو، تو ب ئیناد د ناڤا ملێن وان دە مەشیابوو. گاڤا وان تو خستبوون هوندرێ ئودەیەکێ و تو ل سەر کورسیەکێ دابوون روونشتاندن، تە ژ دەنگێن دەکتیلۆیان و د بن پاچکێ ل بەر چاڤێن خوە دە ژ شەوق و رۆناهیا هوندر فێهم کربوو کۆ ئەو نە عودەیا ئیشکەنجێ یە. دەنگێ کەن و هەنەکێن وان یێن فاهش تو ئاجز کربوو، لێ تە نەدابوو خویاکرن، تە دەستێن خوە دانیبوون سەر هەڤ و ب ستوخواری د جهێ خوە دە بێدەنگ مابووی. چەند کەسان گۆتنێن نە ل رێ ژ تە رە کربوون، ئەرزا تە شکاندبوون، لێ تە دیسان تشت نەگۆتبوو. ب تەخمینا تە یەکی کۆ نوه ژ دەرڤە هاتبوو، ب دەنگەکی مینا یێ پیرەکان زراڤۆکی ژ یێن ل ور رە گۆتبوو: «هائا، دۆکتۆر بەگ ژی ل ڤر ئە.» ب گۆتنا «بەگیتی» تە دزانیبوو وی هەنەکێ خوە ب تە کربوو، لێ تاڤلێ دەکتیلۆنڤیسێ کۆ ل ملێ تە یێ چەپێ روونشتبوو، ژ تە ناڤ و پاشناڤێ تە پرسی بوو. ب شەرتێ کۆ تو پەیڤا «کۆموتانم» بینی سەرێ هەر گۆتنەکە خوە، تە ناڤ و پاشناڤێ خوە ژێ رە گۆتبوو. وی ل ناڤنیشانا تە ژی پرسی بوو. تە ئەو ژی ب ئەینی زمانی بەرسڤاندبوو.

پاشێ وی ل کارێ تە، ل ناڤێ دێ و باڤێ تە، ل هەژمارا خوشک و برایێن تە، ل مالباتێن خوشک و برایێن تە یێن زەوجی ژی پرسیبوو و ب بەرسڤداینا تە رە ب شنگە شنگ نڤیساندبوون. پشتی وی پرسێن خوە خەلاس کربوون، وی ئەو کاخەز ب تە دابوو ئیمزەکرن و تو دیسان ب دو کەسان رە چاڤگرێدایی شاندبوو هوجرەیا تە. مینا کۆ تو هینی هوجرەیا خوە بووبووی. تە د وێ هوجرەیا خوە یا تەنگک دە دنیایەک خەیال چێکربوو. تە پر جاران نسان، نسانەتی بێمانە دیتبوو; گەلەک جاران ژی گونەهێ تە ب نسانان هاتبوو. گونەهێ تە ب تە ژی دهات. جارنان تە هس دکر کۆ هنەک گونەهێ خوە ب تە بینن تو ئێ ببێژی کوور و بگری. ئەرێ، مینا زارۆکەکی ب ئیسکین بگری. ژ بەر هەر تشتی، ژ بۆ هەر تشتی. لێ تام تە بەلەنگازیا خوە ب بیر ئانیبوو و گری کەتبوو قرکا تە، تەپەرەپا لنگنان هاتبوو تە و خوەدیێ وان لنگان، کۆ نۆبەدارن نەناس بوون، دەریێ تە ڤەکربوون و ب نەرمی ژ تە رە گۆتبوون کۆ ئەو ئێ تە بەردن. تە نزانیبوو تە ئێ کێف بکرا ئان ژی ل بەر بکەتای. تە دابوو دوو وان و هوون ب هەڤ رە چووبوون هێوانەکە مەزن و سار. ل هێوانا سار، کۆمەک خۆرتێن نەکورکری، ب ئاورێن مەلوول، رەبەن، دەستێن خوە دانیبوون سەر


هەڤ و ل بەندی تشتەکی راوەستیابوون. تو ژی بوو یەک ژ وان. تشتێ ئەجێب، گاڤا تو ل گرتیان و ل رەوشا وان دفکری، مینا کۆ تو نە یەک ژ وان بی، تە ب ئاوەرکە دن ئەو ب بیـر دانین. «خـوەدێ بکە وان تو نەئێـشـاندبن، دۆکتۆر» دەنگەک ژ ملێ تە یێ چەپێ هاتبوو. تو هەما ل سـەر ملێ خـوە زیڤـریبـوو و تە زق ل خـوەدیێ وی دەنگی نەریبـوو. تە ئەو شـبـاندبوو، لێ تە نـاس نەکـربوو. لاوک زەیف بووبوو، گـەپێن وی کـۆرت چووبوون، نەوقـا وی ب پشتا وی ڤە زەلقی بوو، کوژێ گۆملەگێ وی یێ کۆ ژ بەر پـانتـــۆرێ وی دەرکـــەتبـــوو، دلۆپن خـــوینێ لێ هشـک بووبوون. گاڤا لێوک فێهم کربوو کۆ تە ئەو ناس نەکریە، وی ناڤێ خـــوە گـــۆتبـــوو و ب تە دابوو زانین کـــۆ ئەو ل قەهوەخانەیا هەمبەری دۆکتۆرخانا تە کار دکە. هەما د وێ ناڤێ دە، مـینا برووسکەکێ ل مێـژیێ تە دابوو کـۆ د ناڤـا وە گـرتیـان دە وەکـهـەڤـیـەک هەیە. هەر کـەس ژ ئازادیێ بێپـارە، گۆتن و خەبەرێن نە ل رێ ل هەر کەسی تێنە کـرن. لاوک ژ بەر بەردانا خـوە ب کـێف بوو، وی ئەزیەتا خـــوە ژ بیـــر کـــربوو، ئەو ل تە دفکری، هەگـــەر بکاریبا تشـتـەک ژ بۆ تە بکرا، وی ئێ ب کـێـفخـوەشی بکرا. ئەو ژ ئاورێن وی دیار بوو. «پشـتـی کۆنـترۆلکرنا دۆکـتۆر وێ مە بەردن»، وی ب هەیەجان گۆتبوو. گاڤا د وێ ناڤێ دە یەکی ئەمـر دابوو وە کـۆ هوون ژ بلی دەرپی هەمـوو کنجـێن خـوە ژ خـوە بکن، دیالۆگـا وە ژی هاتبـوو برین و لاوکێ چایگەر بەری گـشـان کنجـێن خـوە ژ خـوە کربوون. چیمێن وی یێن لوولکی بێپرچ بوون، مرۆڤ ب رەهەتی دکـاریبـوو پـارسـوویێن وی بهـەژمـارتنا. گـاڤـا چاڤێن وە ل هەڤ کەتبوون، لاوک ب تە رە بشـریبـوو. پر تێ رە نەچووبوو وە هەموویان کنجێن خوە ژ خوە کربوون.

هەر کەسی ژ هەڤ فەدی دکر. ژ سەرما هێوانا مـەزن و فرە، هن ژ وە درجفین. گاڤا دۆکتۆرەکی جوان و چەلەنگ ب ئالەتێن خوە یێن دۆکتۆریێ هاتبوو کۆنـترۆلا وە، تە ژ دۆکتۆریا خوە شەرم کربوو. ژ بەر کۆ تو ل سەری بوو، وی پێشی تو کۆنترۆل کربوو. «تو ژی دۆکتـۆر ئی نە ولۆ؟» وی ب تنازی گۆتبوو و پشـتی کۆ تو کۆنترۆل کربوو، ب تە دابوو زانین کـۆ ئێـدی تو دکـاری کنجـێن خـوە ل خـوە بکی. تە هێـدی هێـدی کنجـێن خـوە ل خـوە کـربوون، ئالاڤێن خوە یێن کۆ وان رۆژا پێشی ژ تە ستاندبوون، ب پاش ڤە ستاندبوون، قایشا خوە ب قـولپکا هەری داویێ ڤە ب سەر پانتۆرێ خوە ڤە گرێدابوو و تو دەرکەتبوویی دەرڤە. ل بەر دەری، مەزنێ وان دەستێ خوە دابوو تە، ب خاڤی ب تە رە بشری بوو و هێدی د بەر خوە دە، «ل سەر وی تشتێ ئەم پەیڤین، بفکرە» گۆتبوو.

گـاڤا تو ژ حەوشا پۆلیسـخانێ یا مـەزن، ئان ژی ب گۆتنا تە، یا ئیشکەنجەخانێ دەرکەتبوویی و تەڤ ل پێلا مـرۆڤـێن بێـمـانە یێن ل باژێر بووبووی، تە سـەرێ دەقیقـەیەکێ ل پاش خـوە نەریبـوو. ئازادی ب تە خـوەش هاتبوو، لێ ژیان، تەڤگەرا مرۆڤان، کەنێ وان، خەبەرێن وان، هەمـوو ب تە پووچ و بێمانە هاتبوون. گاڤا یەکی ژ نشکا ڤـە خوە ئاڤـێتبوو تە، تو ڤەجنقی بوو. «تو هاتی بەردان، دۆکـتـۆر؟» وی گـۆتبـوو. چاخا تە دیتـبـوو کـۆ جیرانێ تە یە، هەبەکی بێهنا تە هاتبوو بەر تە. جیرانێ تە تاڤلێ ژ تەخسیەکێ رە فیکاندبوو، تەخسی ب بایێ خوە رە ل بەر وە راوەستیـابوو، تو کەتبوو پێش، جیرانێ تە کـەتبـوو پاش و ل گـۆری تاریفـا جیـرانێ تە شـفـێرێ تەخـسـیێ یێ خۆرت بەر ب مـالا تە ڤـە ئاژۆتبـوو. گـاڤـا تەخسی کەتبوو کوچەیا وە یا فرە و هەردو زارۆکێن تە ژ ناڤا وێ قەرەبالخا ل بەر حەوشا وە بازدابوون پێشیا تە، ژ سبـەر هسـا بێـریکرن و حـەزکرنەکـە بێـسینۆر هێـسـر ژ چاڤێن تە هاتبوون...

**ئەڤ کورتە چیرۆکە چەند جاران ب ڕینڤیسا کوردی یا لاتینێ هاتیە بەلاڤکرن. ژ بەر ئاستێ تەکنیکیێ چیرۆکێ و بەرناسبوونا نڤیسکارێ وێ، مە ب پێویست زانێ بهێتە ڤەگواستن بۆ ڕێنڤیسا نها ل هەرێما کوردستانێ لکارە.**

**«ڕامان»**



# سێ تار

جەلال ئال ئەحمەد
لە فارسییەوە: سەڵاح نیساری
(بۆکان)

سێ تارێکی تازەی بەدەستەوەبوو، هیچی پێدانەدابوو. بەرۆکی کردبۆوە، بەبێ فیزوهەوا دەهاتەپێشێ. بەپەلە بەپلیکانەکانی مزگەوتی شادا دەهاتە خوارێ. بەنێو دەست فرۆشەکاندا بەشانەچرکێ تێپەڕی، ئەوانیش هەر بەنێو یەکدا دەهاتن.

توند سێ تارەکەی بەسنگییەوە نابوو، بەو دەستەی دیکەی وربای تەلەکانی بوو لە دوگمە و بەرۆکی کەسێک، یان کۆڵ و باری حەمباڵێک نەگیرێ و بپسێ.

ئەوە ئەمڕۆکە بەئاواتی دڵی گەیشت. ئیتر پێویست ناکا وەختێ دەچێتە کۆبوونەوەیەک دەم لە خەڵکی خوار بکاتەوە و داوای تار بکا. ئەوانیش چۆنیان پێخۆش بێ، ئاوا کرێی لێ بستێنن، ئەوە بێجگە لەوەی کۆڵێکیشی تڕومنەت بەسەردا دەکەن.

سەروقژی ئاڵۆسکاوی بەرچاوی ڕاستی گرتبوو. کوڵمەکانی بەقووڵدا چووبوون، قەڵافەتیشی زەردولاواز، بەڵام سرەوتنی بۆ نەبوو. لەخۆشیاندا هەڵدەهات، ئەگەر مەجلیس و کۆبوونەوەیەک بانگێشتنیان بکردایە، شادی و خۆشی دەرژایە هەناوی، ملی لەگۆرانی گوتن دەنا و تارلێدان، تیشکە شاراوەکەی، دەروونی خۆی بەو خەڵکە دەبەخشی، بەڵام ئێستا، لەنێو ئەو خەڵکەدا، کەس نازانێ بە شوێن چیدا وێڵن، لە هەڵاتن و ڕاکردن بەولاوە چیدی پێدەکرێ؟ لەخۆشیاندا هەڵدەهات و تەنیاوتەنیا، بیری لە سێ تارەکەی خۆی دەکردەوە.

پێی وابوو ئەوکاتە گوڵی دەروونی دەگەشێتەوە کە بە هەموو کەیفی خۆی زەخمە بەتەلی سێ تارەکەیدا بێنێ. تازە

لەوە نیگەران نەبوو، ئایی نەکا تەلەکان بپسێن و خاوەنی تار، ژیانی لێبکاتە دۆزەخ. ئەو خەمەی نەمابوو. بیری دەکردەوە لەوە بەدواوە هونەری خۆی نیشان دەدات و خەشی دڵی خۆی دەڕێژێ، کارێک دەکا لە خۆشیاندا دەست بکا بەگریان. نەیدەزانی بۆچی بگری، بەڵام لەدڵەوە پێی خۆش بوو ئۆخەی بەدڵدابێت و بکەوێتە گریان. دڵنیابوو وەختێ بەدەنگی تارەکەی ئەسرین دادەبارێنێ کە ژەنینێکی باشی پێشکەش کردبێ. هەتا ئێستا قەت نەبوو جارێک بەدڵی خۆی تاری لێدابێ. ئەوەندەی لێی دابوو هەربۆ خەڵک بووە. بۆ ئەو خەڵکەی شادی و خۆشی بزربووی خۆیان لەدەنگی تارەکەی ئەودا، لەناڵەی حەزینی ئەودا هەست پێدەکرد.

شەوەهای شەو، لە کۆڕی بەزم و خۆشیدا، گۆرانی وتبوو، تاری ژەنیبوو. لە بەزمێکدا بەشداری کردبوو، خۆشییەکانی بۆ ئەو وەک ئازارێکی گیان پڕووکێن وابوون. لەتەواوی ئەو شەوانەدا نەیتوانیبوو بەدەنگی تارەکەی خۆی بکەوێتە گریان.

نەیتوانیبوو ئەوەندە بەحەزەوە تاربژەنێ، فرمێسکەکانی بێنەخوارێ، یان کۆڕوجڤاتەکە هەو نەبوو ئەو خەڵکەی پارەیان دەدایە و بانگێشتنیان دەکرد، نەیان دەویست ڕێز بۆ ئەسرینەکانی ئەو دانێن، یان ئەوەی نەکا، تەلەکانی بپسێن، بەهێمنی زەخمەی بەسەر تەلی تارەکەیدا دەهێنا. زۆریش دڵنیا بوو کە هەتا ئەمڕۆ، بە ئارامی تاری ژەنیوە و گۆرانی وتووە.

نەیدەویست لەمەولا ئارامی لە کاردا بێ. حەزی نەدەکرد هێدی و لەسەرەخۆ بێ. ئێستا توانیبووی بەگفتی خۆی بەم پووڵە «بێ بەرەکەتە» ئامێرێک بکڕێ. تازە دەستی لە ملی بووکی ئاواتی کردبوو. ئێستا ئامێرەکە هی خۆی بوو. ئەمجار دەیتوانی ئەوەی لە دڵیدایە لە ڕێگەی ئەم تارەوە بیدرکێنێ. ئێستا دەیتوانی بەدڵی خۆی تار لێبدا و بگری.

ماوەی سێ ساڵ بوو خەریکی گۆرانی گوتن بوو. هەربەم هۆیەوە وازی لەخوێندن و قوتابخانە هێنابوو. ئەوەنەی دەچووە سەر کلاس لە ئاخری تەواویانەوە دادەنیشت و لەبەر خۆیەوە ویرەویری دەهات. کەس گوێی نەدەدایە، یان هەمیەتیان وێ نەدەدا، بەڵام مامۆستای بیرکاری زۆر بەزابووتە بوو. حەزی بەم ویرەویرەی ئەو نەدەکرد، تووڕە دەبوو لەپۆلەکە دەچووە دەرێ. چەند جارێک قەولی دابوو لەسەر کلاس گۆرانی نەڵێ. چما دەیتوانی؟ تەنیا ئاخرین ساڵ بوو کەس دەنگی ئەوی نەدەبیست. ئەوەندە شەکەت و ماندوو بوو، هێندە شەونخوونی کێشابوو، یان هەتا نیوەڕۆ دەخەوت، یان لە پۆلەکەدا خەونووچکە دەیبردەوە، بەڵام ئەم چیرۆکەش زۆری پێنەچوو خێرا وازی لە وانە و قوتابخانە هێنا.

یەکەم ساڵ زۆری خۆماندوو کردبوو، هەموو شەوێ گۆرانی وتبوو و تاری ژەنیبوو. هەموو ڕۆژێ هەتا نیوەڕۆ نووستبوو، بەڵام بەرە بەرە، کاری خۆی ڕێکوپێک کرد و هەفتەی دوو - سێ شەو زیاتر بانگێشتنی خەڵکی قبووڵ نەدەکرد. تا دەهات لەنێو خەڵکدا دەناسرا، ئیتر پێویست نەبوو لەبەر مۆسیقارەکان بپاڕێتەوە کاری بدەنێ. خەڵک دەیانناسی و دەچوونە بەردەرگای ماڵە بچووکەکەیان، بەدایکیان دەگوت، شەوبانگێشتنی ئەوانە، ئەویش دڵنیای دەکردنەوە، شەوێکی باشیان دەبێ.

بەم حاڵەشەوە، جارێک کارێکی تاقەت پرووکێن بوو، دایکی هەستی پێدەکرد ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەنێو خۆیدا دەتوێتەوە. ئەویش لەو بابەتەوە، مێشێکی میوان نەبوو. هەرئەوەندەی بۆ گرینگ بوو تارێکی هەبێ، بتوانێ بەو تارەی کە هی خۆیەتی هەرچۆنێک حەزی لێ بێ، بیژەنێ. ئەمەش هەروا سووک و سانا نەبوو. تەنیا لەم دواییانەدا، بەو شاباشەی لە زەماوەندێکی ماقووڵانەدا پێیان دابوو، توانیبووی پاشەکەوتێکی هەبێ. سێ تارێکی تازەی پێ بکڕێ. ئێستا خاوەنی تارێک بوو، نەیدەزانی لەمەولا، دڵی چی دەوێ. سەیریش نەبوو، ئەگەر بەتەمای شتی دیکەش بێ. جارێ بیری لەم شتانە نەکردبۆوە. ئەمجار بیری دەکردەوە بەخێرایی خۆ بگەیەنێتە شوێنێک و سێ تارەکەی تاقی بکاتەوە، هەرنەبێ لەو بەزم و ڕەزمەی قەت چرۆی دڵی نەکردۆتەوە. ئەوکاتەی تاری بەدەستەوە بوو، بەدەم نەغمەی تارەکەیەوە گۆرانی دەگوت. بەجۆرێک خەیاڵ دەیڕفاند و دەروونی سووک دەبوو، کە بەهیچ جۆرێک نەیدەویست تارەکەی دانێتە عەرزی. شتی وادەبوو؟ ماڵی خەڵک بوو شادی و زەماوەندی ئەم و ئەو. کاری ئەو هەر ئەوەندە بوو شادی و خۆشییان بۆ بگێڕێ.

لەم نێوەدا هێشتا نەیتوانیبوو خۆی گەرم دابێنێ. نەیتوانیبوو دڵی خۆی گەرم بکا.

له شەوگاری زستاندا وەختێک لەم جۆرە کۆبوونەوانە، شەکەت و ماندوو بەشەوی تاریک دەگەڕایەوە ماڵێ، هەستی بەگەرمایی دەروونی دەکرد، بەڵام دەیزانی بەبێ ئەو ناتوانێ بچێتەوە ماڵێ. چەند جار لە ئاوەها ساتە وەختێکدا کەوتبووە هەوای دڵخوازەکەی. شەوەهای شەو لە مەیخانە شەوی ڕۆژ کردبۆوە.

لەڕ و لاواز، وەختێ بۆ یەکەم جار دەتبینی، وات دەزانی بەنگییە، بەڵام ئەو ساتوسەودایەکی دیکەی لەسەردابوو، لەوکاتەوە بووە بە خاوەنی سێ تار، ئاوپڕژێنی دڵی کرابوو. سەرگۆنای ترووسکەی دەهات، شادی لە ڕووی دەباری.

بەم فکرو بیرانەوە گەیبووە بەر دەرگای مزگەوتی شا، تازە لاقی لەسەر بەردە لووسەکەی بەر دەرگاکە دانابوو، کوڕیشگەیەک لەسەر سەکۆی بەر دەرگای مزگەوت خەریکی فرۆشتنی عەتر بوو، لەوکاتەدا کە تەسبیحی دەستی هەڵدەسووڕاند، توند مەچەکی گرت.

– لامەزەب! بەم ئامێرە گلاوەوە دەچییە مزگەوتەکە؟ خۆدەکەی بەماڵی خوادا؟

کاکێشانی خەیاڵی لەبەریەک بلاوبوو، شنەی خۆشی لەدڵیدا بوو بە سەبوون. سەرەتا نەختۆکەیەک گێژبوو، دواتر وەخۆ هاتەوە، زانی کوڕێژگە دەڵێ چی. جارێ کەس ئاگای لەم بەزمە نەبوو، ئەوانەی بەویدا دەهاتن زۆر نەبوون. هەموویان سەرنجیان لای وردەواڵەفرۆشەکان بوو. وەستەی لێوە نەهات، هەوڵی دا مەچەکی لەدەست کوڕە دەربێنێ، بچێ بەلای کاری خۆیەوە، بەڵام کوڕێژگەی عەترفرۆش دەستبەردار نەبوو، بەهەموو هێزی خۆی مەچەکی گرتبوو، تف و لەعنەتی بۆ بەرێ دەکرد:

– هەتیوە بێ دینە، لەخوا شەرم ناکەی؟ حەیا ناتگرێ؟

جارێکی دیکە هەوڵی دا دەستی لەدەستی کوڕە بێنێتەوە و وەدووی کاری خۆی بکەوێ، بەڵام کوڕێژگە ئاوا بە ئاسانی مەرزەم نەدەبوو، دەیویست تۆڵەی بێ بازاڕی خۆی لەو بکاتەوە. وردە وردە یەک دووکەسێک ئاگایان لەم کەینوبەینەبوو، خەڵک لێیان کۆبوونەوە، بەڵام هێشتا کەس نەیدەزانی ئەم قرەوجەنجاڵییە لەسەر چییە. کەس خۆی تێنەدەگەیاندن. ئەویش تەواو کاتی بەفیرۆ چووبوو.

مەعلووم بوو بەم زووانە شتێک ڕوودەدا، بەڵام ئەو سەرمایەی دڵی ئەوی ڕێک دەکوشی زۆری بەرگە نەدەگرت. لە دڵ و مێشکی خۆیدا هەستی بەگەرمایییەک کرد. سوورهەڵگەڕا، چیدی خۆی بۆ ڕاگیر نەبوو، بەو دەستەی دیکەی بە هەموو کەیفی خۆی زللەیەکی خێواندە بناگوێی کوڕێژگە. وستەی لێ بڕی، تەواوی جنێو و لەعنەتەکانی لە گەرووی هەتیوەدا خنکاند. بۆ چرکەیەک سەری لەگێژەوە هات. مەچەکی ئەوی لەبیر نەمابوو بە هەر دوو دەست، دەم و ڕوومەتی خۆی هەڵدەگلۆفی، بەڵام لەپڕ وەخۆ هاتەوە. بەسێ تارەکەوە دەچووە نێو مزگەوتەکەوە، کوڕێژگە ئاتەگی کۆتەکەی گرتبوو. دیسان مەچەکی گرت.


بوو بە شەڕی دەستەویەخە، خەڵک کەوتنە نێوبژیوانی کردن. کوڕە بەدەم و دەست هەدادانی نەبوو. لەعنەتی بۆ ئەو کەسانە بەرێ دەکرد بێ ئیمانن دەچنە مزگەوتەوە. موسڵمانانی سەرکۆنە دەکرد بۆچی نایەن بەهاوارییەوە.

کەس نەیزانی چۆن بوو، ئەویش ئاگای لێ نەبوو، تەنیا ئەوکاتەی سێ تارەکە درا بە زەویدا، زرمەی لێ هەستا و تێک شکا، ژێیەکانی لەبەر یەک بلاو بوون. لەولاوە گلۆڵەبوون. بەسەرسامییەوە ڕاوەستابوو سەیری خەڵکەکەی دەکرد. کوڕێژگەی عەترفرۆش وەختێ زانی ئەرکی بەجێ هێناوە، دڵنیا بوو، لە دڵەوە شوکری یەزدانی کرد و تەسبیح بەدەست کەوتە زیکرکردن.

تەواوی بیرۆکەکانی وەک تەلی سێ تارەکەی لەبەر یەک هەڵوەشان و گلۆڵەبوون، تێکەڵ بەو سەرمایەی لە ناخی دڵییەوە بەرەو مێشکی دەخزی، بوو بە پارچەیەک سەهۆڵ. لە سووچێک دانیشت، پیاڵەی هیوای وەک کاسەی تارە تازەکەی بەبەر چاوییەوە بوو بە چەند لەت.

**سەرچاوە:**

**کتاب سەتار، جلال ال احمد، ناشر ادینە، سال چاپ ١٣٨٧.**



## حەمەی نێرگز:
## تازەگەریم لە گۆرانی کوردیدا کردووە و لەسەر مۆرکـە کۆنەکە نەماومـەتەوە... گۆرانیبـێژیش نابێ بە تەمای چەپڵە بێت.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

حەمەی نێرگز یەکێکە لەو هونەرمەندە دەگمەن و دانسـقـانەی توانیـویەتی بە ژمـارەیەکی کـەم لە گۆرانییەکانی جێگەی خۆی لەناو هونەری گۆرانی کوردیدا بکاتەوە و ببێتە مایەی سەرنجی بینەران و گـوێگران. ئەو گـۆرانیـبـێـژە زۆر بەرپرسـیـارانە هەڵسوکەوت لەگەڵ هونەرەکەی دەکات و بڕوای بە زۆری و بۆری نییە، وەک چۆن ئەحمەد هەردی بە چەند شـیـعـرێک توانی ببـێـتـە دەنگێکی زوڵاڵی شـیـعـری کوردی، ئەمیش بەم قـەناعـەتی کـەم و پوختە توانیویەتی لەناو هونەری گۆرانی کوردیدا جێگەو پێگەی خۆی بکاتەوە.

حەمەی نێرگز ئەگەرچی خوێندەوارییەکەی بایی ئەوەندە نەبووە، بەڵام ئەزمـــوونی زۆر و تێکەڵی لەگـەڵ توێژی ڕۆشنبـیـران و ئەدیبـان، بیـروڕاو قـەناعـەتی جـوانی لەلا دروست بووە، بەمـەش توانیـــویەتی ڕاســتگۆیانە لەگـــەڵ داهێنان لە هونەرەکـــەیدا بژێت و نەیویســـتـــووە لە پەنای هونەرەکەیەوە کاری نەشیاو بکات و ڕێزی خۆی و هونەرەکـەی کاڵ بکاتەوە و بێ سـیـحـر و ڕەونەقی بکات.

ئەگەر ڕۆژگار لەگەڵی میهرەبان بووایە و شـەقی زەمـــانـە و دەردی هـەژاری و دەست کـــــورتی دەرفـەتیان بدایە، ئەوە حـەمەی نێرگزیش دەیتوانی وەک کەسانی خواپێداو زۆر قۆناغی دیکە ببڕێ و هەنگاوی گەورەتر هەڵێنێ.

(ڕامـان) لە بەسـەرکـردنەوەیەکـیـدا لەگـەڵ ئەو هونەرمەندە کەوتە گفتوگۆ و سەبارەت بە هونەر و ژیانە تایبەتییـەکەی دواندی.. ئەوەی کـردمـان ئەو گفتوگۆیە بوو کە لێرەدا دەخوێنرێتەوە.

**رامان:** پێش ئەوەی بەهرەت لە بواری هونەری گۆرانی وتن و نواندندا دەربکەوێت، ئایا تۆ لە هیچ بوارێکی دیکەدا بەهرەی خۆت تاقی کردووەتەوە؟ لەوانەیە تۆش وەک هەر گەنجێکی کورد کە بە شیعر دەستی پێکردووە، یان جاری وا هەیە لە بوارێکی دیکەدا خۆی تاقی کردووەتەوە، دواتر وازی هێناوە و لە هونەرێکی دیکەدا خۆی دۆزیوەتەوە؟

**حەمەی نێرگز:** من یەکەم جار لە مێرمنداڵیمەوە هەر بە گۆرانی دەستم پێ کردووە، بەڵام زۆر ئارەزووشم لە نواندن بووە و لەو بوارەشدا کارم کردووە. لە نووسینی شیعر و بوارەکانی دیکەیشدا کارم کردووە، ویستم وەک ئەزموونی خۆم بزانم لە کامیاندا سەرکەوتوو دەبم، دواتر بە ڕای ئەو برادەرانەی لێمەوە نزیک بوون، یەک لەوانە جەنابتی، هەروەها مامۆستا ئەحمەد سالار و هەمزەی عەلی دەدە و شێخ عەبدول و کۆمەڵێک برادەری خۆشەویستم پێیان وابوو کە لایەنی گۆرانییەکە بگرم، سەرکەوتووتر دەبم، هەروەها لەسەر شانۆ و لە زۆر شانۆگەریدا کارم کردووە، بەڵام بۆ تەلەڤزیۆن تەنیا و تەنیا لە یەک تەمسیلدا بەشداریم کردووە، ئەویش (بەقەد بەرەی خۆت پێت ڕاکێشە) بوو، کە ئێستا لێی پەشیمانم و هەموو جار دەڵێم شاڵڵا ئەوەشم نەکردبایە.

**رامان:** کەواتە تەنیا لەو دوو بوارەدا خۆت تاقی کردووەتەوە؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ.. گۆرانی وتن و نواندن لەسەر شانۆدا.

**رامان:** مەبەستم ئەوەیە بڵێم تۆ لە دوو بواردا خۆت تاقی کردووەتەوە، بەڵام دواجار لەسەر گۆرانی گوتن گیرسایتەوە؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ.

**رامان:** سەرەتا پێم باشە باسێکی ئەو کارانەی خۆتمان بۆ بکەیت کە لە بواری شانۆدا کردووتە، یان نواندنەکانت لە تەمسیلی تەلەڤزیۆنیدا، یەک بەیەک ناوی ئەو بەرهەمانە بهێنە، بۆ یەکەم جار لە چیدا بەشداریت کردووە؟

**حەمەی نێرگز:** بۆ یەکەم جار لە شانۆگەری (بە قەد بەرەی خۆت پێت ڕاکێشە)ی عەلی عەبدوڵڵا- عەلییە فەندی و برادەران بوو، دووبارە و سێ بارەشی دەکەمەوە کە من لەو کارەدا پەشیمانم، هەروەها لە (جەنابی موفەتیش)دا دەوری بازرگانم بینیوە. لەسەر شانۆ لە سلێمانی و لە بەغداش لە (کێچ)دا دەورم بینیوە، کە



ئازاد عەبدولواحید - حەمەی نێرگز

ئەمەیان لە هەولێریشدا پێشکەش کراوە و دەوری قاچاخچییەکەم تێدا بینیوە، هەروەها لە (پیسکەی تەڕ پیر) لەسەر شانۆ دەوری دەڵاڵەکەم بینیوە، دوایی برای خۆشەویستم عومەری کەریم ئاغا دەورەکانی بۆ تەلەڤزیۆن بینیوە. لە ئاخر و ئۆخری حەفتاو سێ بۆ حەفتا و چوار لە بەغدا شانۆگەرییەک بەناوی (بە زۆر کراوە بە دکتۆر) پێشکەش کرا کە لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو مامۆستا ڕەفیق چالاکدا دەورم بینیوە، دەوری سەرەکیشم بینیوە، لە کاتێکدا دەبوایە دەورەکە برادەرێکی دیکە بیبینیایە، بەڵام پاشەکشەی لێ کرد، ئەو ڕۆژەی دەبوایە بۆ ئێوارە عەرز بکرایە، واتە سەعات (دە) وازی لێ هێنا و ئێمە سەعات شەش ئێمە نمایشمان هەبوو. حەز دەکەم تۆزێک باسی ئەو شانۆگەرییە بکەم، دوای ئەوەی ئەو برادەرە وازی لێ هێنا، ئێمە لە هۆڵی گەل بووین، لەوێ شانۆگەرییەکە پێشکەش دەکرا، ڕەفیق چالاک بانگی کردم.

**رامان:** مەبەستت لە کام هۆڵی گەلە؟

**حەمەی نێرگز:** ئەوەی بەغدام مەبەستە، من لە دێر زەمانەوە ناسیاوەتیم لەگەڵ ڕەفیق چالاکدا هەبوو، وتی دەبێ بێی ئەو دەورە ببینیت. وتم ئێستا ئەوە بۆ سەعات (دە و نیو) دەچین، تا سەعات شەش ئەو دەورە سەرەکییە چۆن بۆم لەبەر دەکرێت؟ وتی چەند ڕێگایەک هەیە فێرت دەکەم و دەبێ لەبەری بکەیت.. بانگی هونەرمەند عومەر چاوشینی کرد و وتی برۆن لەگەڵ کاکە حەمە لە کورسییەکانی دواوە دانیشن، دووجاری بۆ بخوێنەوە، ئینجا خۆی دوو جاری بخوێنێتەوە، دەچنەوە بۆ هوتێل خۆتان دەگۆڕن، لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا بۆی بخوێنەوە، وەلحاسڵ تا ئێوارە خەریکی ئەوە بووم، لەسەر شانۆ لە

هەمـــوو شــانۆیەکـــدا چاڵێک هەبوو (ملقن)ی لەناو دادەنیشت، ئەگەر ئەکتەر حیوارێک، یان شتێکی لەبیر چووباو ســەری لێ تێکچــووبایە، ئەو کــەســە بیــری دەخســتــەوە. ئیــتــر منیش لە ســایەی ســەری ئەوەوە، دەورەکـەم لەبەر کـرد و ئێـوارە زۆر بە جـوانی دەورەکـەم بینی، کـــە جـــێی ڕەزامـــەندی ئەو هەمـــوو برادەر و خۆشەویستانە بوو، کۆمەڵێک وێنەی ئەو شانۆگەرییەم لەســەر شــانۆ هەیە، من و ڕەفـیق چالاک و فـوئادی حەمەدەمین ئاغا و کۆمەڵێک لەو ئەکتەرانەی دەورمان تیا دەبینی کاتی خۆی تەسلیمی ماڵی ڕەفیق چالاکم کرد، بەڵێن وابوو کوڕەکانی بە خزمێکی خۆیاندا بۆم بنێـــرنەوە، بەڵام بە داخـــەوە ئەو وێنانەم بەدەست نەگەیشتنەوە.

**ڕامان:** وەک دەنگخۆشیی، بەهرەی دەنگخۆشیی تۆ و گۆرانی گوتنت، بە خۆت کەشفت کردووە، یان کەسانێکی دیکە هەبوون ئەو بەهرەیەیان لەتۆدا دۆزیبێوە؟

**حەمەی نێرگز:** ئەوەی ڕاستی بێ من کە دەستم بە گۆرانی کردووە، لە گەڕەکی خۆماندا، گەڕەکی مەڵکەندی کۆڵانێک هەیە پێی دەڵێن پیـر مـەنسـوور، لەوێ هەمیشە گۆرانیم وتووە، ئەوە بۆ ساڵانی پەنجایەکان و شەستەکان دەگەڕێتەوە، خـەڵکی گـەڕەک هەمـوویان دەیانزانی دەنگم خۆشە، بۆیە لە مەجلیسەکاندا کە دادەنیشتم داوایان لێ دەکردم گۆرانییان بۆ بڵێم. ساڵی پەنجاو هەشت، بە باشی لەبیرمە من و هونەرمەند برایمی خەیات، کە ئەوکاتە گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ بوو، ئەو لە هەر کوێ گۆرانی بوتایە، ئەوە من و عوسمان عەلی بەدوایەوە بووین و دەبووین بە کۆرس بۆی. چایخانەیەک لە گەڕەکی پیرمەنسوور لەسەر شەقامی پیرەمێرد هەبوو، بەرانبەر نەخۆشخانەی گەورەی جاران، چایخانەکە هی حاجی عەزیز بوو، کە بابوجییان پێ دەوت، وەختی خۆی بە منداڵی، کـە بەریتـانییـەکـان لێـرەبوون عـەسکەری هیندییان لەگەڵ بووە، ئەم کاسبی کردووە، ئیتر بووە بە بـابـوجـی، نـازانم بـابـوجـی یـانـی چـی؟ ئـەوە بـووە بەناوونیشـانی، ئیـتـر لەوێ شەو لەگەڵ برادەراندا کـۆ دەبووینەوە، زۆر مـیــوانیش دەهاتن بۆ ئەوەی گـوێ لە دەنگی من بگرن، لەو چایخانەیەدا بەشەو تا درەنگانێک گۆرانیم دەوت، ئەم چایخانەیە لە پشت ماڵی ئێمەوە بوو.

**ڕامان:** چایخانەکە ناوی چ بوو؟

**حەمەی نێرگز:** هەر چایخانەکەی عەزە بابوجییان پێ دەوت، خاوەنی ئەو چایخانەیە، پیاوێکی زۆر باش بوو، ئینسانێکی زۆر بەڕێز و ڕێکوپێک بوو، ئەو پیاوە هەموو ژیانی لەو چایخانەیەدا بردە سەر کە یاری تێدا بوو، بەڵام نەیهێشت یەک منداڵ فێری ئەو یارییە ببێ. ڕۆژێکیان لەچایخانەکە دانیشتبووم، دەرگای ئاشتیخوازانی سلێمانی، بەرانبەر چایخانەکە بوو.

**ڕامان:** ئەوە دەبێ ساڵی ١٩٥٩- ١٩٦٠ بووبێ؟

**حەمەی نێرگز:** ساڵانی ١٩٥٩ -١٩٦٠ بوو، مامۆستا گۆران سەرۆکی ئاشتیخوازانی ئەوێ بوو، من شەوان لەوێ گۆرانیم دەوت، بە ڕۆژیش هەر گۆرانیم دەوت. خوا خوام بوو یەکێک پێم بڵێ شتێک بڵێ، بەڵام هەمیشە حەزم دەکرد شیعر لەبەر بکەم، لاساییم دەکردەوە و بە مـەقـامی بەیات، شـیـرین بەهارەم دەوت، من شـیـرین بەهارەم دەوت، بەڵام بە شیعرێکی دیکە، کە شیعری خۆم بوو، بۆم هەڵبژاردبوو.

**لە مەقام وتندا گرنگ ئەوە بووە بتوانین دەنگی خۆمان لەو مەقامەدا بدۆزینەوە و بە شێوازی خۆمان بیڵێین.**

**ڕامان:** لە تەمەنی چەند ساڵییەوە شیعرت نووسیوە؟

**حەمەی نێرگز:** لە پازدە ساڵیمەوە حەزم لە شیعر و ئەدەب کردووە.. حاجی عەزیز هات وتی کاکە حەمە مامۆستا گۆران بانگت دەکات، بێ گومان من ئەو کاتە لاساییم دەکردەوە، لاسایی عەلی مەردان و حەمە ساڵح دیلان و ڕەفیق چالاک و تاهیر تۆفیق-م دەکردەوە، ئەم چوارە لەگەڵ حەمەی ماملێ و حەسەن زیرەک زۆر کاریان تێ کردبووم، بە تایبەتی ڕەفیق چالاک، ئێستاش ئەگەر یەکێک بە دواداچوون بۆ ئەو گۆرانیانەی من بکات و گوێی لێیان بگرێت، هەست بە کاریگەری ڕەفیق چالاک بەسەرمەوە دەکات.

**ڕامان:** ئەمە زۆر ڕاستە و بە ڕوونی هەستی پێدەکرێ.

**حەمەی نێرگز:** وتی وەرە مامۆستا گۆران بانگت دەکات، ئەم ڕیزە چایەشیان بۆ بەرە، چایەکەی خستە سەر سینییەکە، من شەرواڵێکی ڕەشم لەبەر بوو، لە عەبای دایکم دروست کرابوو، چونکە ئێمە بنەماڵەیەکی هەژار بووین، باوکمان لە تەمەنی گەنجێتیدا بەهۆی نەخۆشییەوە هەردوو چاوی لە دەست دابوو، ئێمە هەموومان بەسەر نێرگزی دایکمدا کەوتبووین، بە نانکەری و بە چێشت لێنان بۆ خەڵک، ئێمەی پەروەردە کـــرد. من جلێکی ئاوام لەبەردابوو، چووم چایەکـــە و

ئاوەکەم بۆ دانان، عەینەکەکەی لەسەر لووتی بوو، کتێبێکیشی لەبەر دەست بوو، بەخوا نازانم چی دەخوێندەوە، سەیرێکی کردم وتی: دانیشە. دانیشتم، وتی تۆ حەمەی نێرگزی؟ وتم: بەڵێ.. وتی: کوڕی ئەو ئافرەتە زەحمەتکێشە نێرگزی نانەوای؟ وتم: بەڵێ.. وتی: حەمە پرسیارێکت لێ دەکەم. وتم: بەڵێ.. بەڵام بڕوا بکەن هەموو گیانم دەلەرزی. خۆی پیاوێکی بەسام نەبوو، گەورەیی ئەو پیاوەم وەک شاعیر و سیاسەتمەدار بیستبوو، شەرمم لێ دەکرد، لە شەرما گیانم دەلەرزی. وتی: پرسیارێکت لێ دەکەم بەڕاستی وەڵامم بدەرەوە. وتم: فەرموو. وتی: لەو تەیرانەی لەناو قەفەزدان حەزت لە کامەیانە؟ وتم: تووتی. وتی: من وەک تەیرێک خۆشم دەوێ، بەڵام مادام لاسایی دەکاتەوە، حەزم لێی نییە. من دوای سێ چوار ساڵ ئنجا تێگەیشتم مەبەستی لەو پرسیارە چی بوو؟ ئەم پرسیارە ئەوەی فێر کردم کە من نابێ چیتر لاسایی خەڵک بکەمەوە، کە لاسایی خەڵک بکەمەوە واتە وەک ئەو تووتییەم، چیم فێر بکرێ ئەوە دەڵێمەوە. ئەوە بۆ من بوو بە دەرسێک و تائێستاش لەبیرم ناچێتەوە. ئەگەر ئاوازێک دانێم، چەند ساڵێک هەر دەیڵێم و دەیڵێمەوە نەکا لە گۆرانی یەکێک بچێت، یان لە گۆرانییەکی عەرەبی، فارسی، تورکی بچێت، هەرچەندە من گوێ بۆ ئەوانە هیچیان ناگرم، گۆرانی عەرەبی نەبێ، ئەویش تەنیا حەزم لە دەنگی (کەلسووم)ە، وەختی خۆی گۆرانییەکانی (کەلسووم)م زۆر لەبەر بوو، لەوە بەدواوە ئەوەی مامۆستا گۆران وتی بۆم بوو بەدەرسێک، ئیتر هەوڵم دەدا هەمیشە شتێک بڵێم. مەقامەکان ئاوازی کەس نین ئەوەندەی کەلەپوورێکی ڕۆژهەڵاتین، کە ئێمەش وەکو کورد لەو مەقامانەدا بەشدارین و بەشی ئێمەشی پێوەیە، من ئەو مەقامانەم دەوت، کۆمەڵێک شیعری کۆمەڵایەتی هەبوون، ئەوکاتە لە دیوانی (یادی بادینان) کە هینی (محەمەد ڕەسووڵ هاوار)ن، هەمیشە ئەوانەم دەوت، ئیتر نازانم ئەو مەقامانە کاڵوکرچ بوون، یان نا؟ ئەوە نازانم، ئەوکاتە سەرەتام بوو. یەکێک لەوانەی لەو سەردەمەدا کە کاری تێکردووم و زۆر هانی داوم، شاعیری کۆچکردوو کە ساڵێک لەمەوپێش کۆچی دوایی کرد قادر برسی بوو، قادر برسیی شاعیر خەڵکی گەڕەکی خۆمان بوو، بە تەمەنیش زۆر لەمن گەورەتر نەبوو. ئەو شاعیر بوو، منیش دەنگم خۆش بوو، ئەو بە زۆر شوێنی ناساندم، بە تایبەتی ماڵە گەورەکانی سلێمانی. لەو ماڵانەش نەبوایە بڕوا ناکەم تەسجیلی گرۆندیک هەبووبێ، ئەم جۆرە تەسجیلە سێ چوار مۆدێلی هەبوو، تیکە بیست و تیکە سی و تیکە چلیان پێ دەوترا.

**ڕامان:** تەسجیلی گرۆندیک و چیتر لەو سەردەمەدا هەبوون؟

**حەمەی نێرگز:** گرۆندیک، ساکای، ئۆیتا هەبوون، بەڵام گرۆندیک لە هەموویان مەرغووبتر بوو، تەنانەت من گۆرانی (بۆ بێ لەو چاوە کاڵانە چی شک دەبەم) ئەوەم لە قەسرەکەی میرزا تۆفیق، لە ژوورەکەی عەزیز سەلیم، بە تەسجیلێکی گرۆندیک تۆمار کردووە، واتە لە ستۆدیۆدا تۆمارم نەکردووە، ئەوسا وەک ئەمڕۆ نەبوو، ئەمڕۆ ڕستەیەک بڵێیت و مانگێکی دیکە بچیتەوە تەواوی بکەیت.

**ڕامان:** دوایی باسی شێوە و شێوازی تۆمارکردنیش دەکەین.. کاریگەریی قادر برسی لەسەرتان تا چ ڕادەیەک بوو؟

**حەمەی نێرگز:** قادر برسی لە ساڵی ١٩٦٠دا، هەموو ماڵە بەناوبانگەکان و خانەدانەکانی سلێمانی پێناساندم.

**ڕامان:** لەو ماڵانەدا گۆرانیت دەوت، ئایا ئەو ماڵانە ڕێزی هونەریان دەگرت؟

**حەمەی نێرگز:** لەوێ گۆرانیم دەوت، بێ گومان مەجلیسێکی بەڕێز و ڕێکوپێکی وەکو مەجلیسی جەنابتان، نەک لە هەموو شوێنێکدا گۆرانی بڵێم.

**ڕامان:** مانای وایە دوای ئەوە وازت لە گۆرانی وتنی چایخانە هێنا؟

**حەمەی نێرگز:** ئەوە تەواو، دوای ئەوە قادر برسی لە شەستەکاندا بردمی بۆ بەغدا.

**ڕامان:** پێش ئەوەی بچیت بۆ بەغدا، کاریگەری ئەو قسەیەی مامۆستا گۆران بەسەرتەوە چۆن بوو؟

**حەمەی نێرگز:** بیرم لە خۆم کردەوە کە ئیتر دەبێ من کار بۆ خۆم بکەم، دەبێ ئاوازی تازە بڵێم. وازم لە لاسایی کردنەوە هێنا. قەناعەتم بەوە هەبوو کە مادام پێم دەڵێن هونەرمەند، دەبێ بەردێک بخەمە سەر بەردێک، من ئەگەر لاسایی حەسەن زیرەک بکەمەوە، لەسەر سفرەکەی حەسەن زیرەک نان دەخۆم، بۆ ماملێ هەمان شت. تەنیا و تەنیا یەک گۆرانی کە ئاوازەکەی هینی ڕەفیق چالاکە وتوومە، ئەویشت بۆ دەگێڕمەوە چۆن ئەو ئاوازەی داومەتێ. چووم بۆ بەغدا ئەوکاتەی من چوومە بەغدا شەماڵ سائیب لەوێ بوو.

**ڕامان:** ئەوە لەگەڵ قادر برسی چوون؟

**حەمەی نێرگز:** لەگەڵ قادر برسی چووم، من ئەوکاتە مێرمنداڵ بووم، ئەو وەک برایەکی گەورە زانی من دەنگم خۆشە.. دوو سێ گۆرانی کە هەموو ئاوازەکانی هی قادر برسی خۆی بوو. (ئەی کچی خاوەن تەلار، سەرچنار، وێنەی باخی لوبنانە) و دوو سروودیش بوو، تەنانەت سروودێکیان تا پێش نسکۆش بەسەر زاری خەڵکەوە بوو و دەیانوتەوە.

**لەو ڕۆژەدا بوو کاوەی ئاسنگەر/ داسی سەربەستی و مردنی کردە سەر**

**پێچ دامانەکەی خۆی کرد بە شیعار/ بەرانبەر کۆشک و تەلاری زۆردار**

ئەوە شیعرێک بوو لەوێ ڕەزامەندییان نیشان دا تا وەک گۆرانی تۆماری بکەم. شەماڵ سائیبیش خوا هەڵناگرێ پشتی گرتم.

**ڕامان:** ئەوە لە ئێستگەی کوردی بەغدا بوو؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ، لە ئێستگەی کوردی بەغدا بوو.

**ڕامان:**ساڵی چەند بوو؟

**حەمەی نێرگز:** لە شەستەکاندا بوو.. گۆرانییەکانم لیژنەی مۆسیقا وەریانگرت، بەڵام لەوێ لیژنەیەکی باڵاتر هەبوو، دەبوایە لای ئەوانیش دەرچن، بەداخەوە دوو سێ هونەرمەندی کوردیشی تیا بوو.

**ڕامان:** نازانی ئەو لیژنەیە کێ بوون و ناویان چی بوو؟

**حەمەی نێرگز:** پێویست ناکات ناویان بڵێم.

**ڕامان:** بۆ ئایندە خراپ نییە ئەو ناوانە بڵێی، چونکە بووە بە مێژوو.

**حەمەی نێرگز:** ئەوان چوونەتە شوێنی خۆیان، یەکێک لەوانە عیسا بەرواری بوو، مامۆستا عەلی مەردانی لێ بوو، کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکەی لێ بوو، بەڵام کە دایان بەو لیژنەیە، ئەو لیژنەیە گۆرانییەکانی منی ڕەفز کردەوە، ئیتر بەدڵشکاوی لە بەغداوە گەڕاینەوە شاری سلێمانی و گۆرانییەکەمان تۆمار نەکرد.

**ڕامان:** ئەی نەیانوت هۆی ئەو ڕەت کردنەوەیە چی بوو؟

**حەمەی نێرگز:** ئەوەندە دەزانم ڕەفزێکیان لێ نووسیبوو، قادر برسیش مشتومڕی زۆری لەگەڵدا کردن، وتیان با تۆزێکی دیکە خۆی خەریک بکات. من ئەوکاتە لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەدا گۆرانیم دەوت، لەگەڵ تیپی مەولەوی کۆندا لەسەر شانۆ گۆرانیم وتووە. جارێکی دیکەش هەر هەمان شتم بەسەرهات، لە حەفتاکاندا من زۆر بێ ئیش بووم، وەکو عەرزیشم کردی ئێمە بنەماڵەیەکی هەژار بووین، ڕەفیق چالاک وتی لەگەڵ عومەر چاوشین وەرن بۆ بەغدا تا وەک گۆرانیبێژێکی دانپێدانراو لە ئێزگە دادەمەزرێنم، عومەر چاوشینیش وەک ئەکتەرێک دامەزرێ، کە چووین سوبحانەڵڵا هەردووکمانیان ڕەفز کردەوە.

**ڕامان:** ئەوە بۆ جاری دووەم ئێوەیان ڕەفز کردەوە؟

**حەمەی نێرگز:** ئەمە بۆ جاری دووەم، ئەو کاتە عەبدولئیلاه ئەحمەدێک لەوێ بوو، ئەو بەڕێوەبەری ئێزگەی کوردی بوو، ڕەفیق چالاک چووە سەری، ئاگام لێ بوو پێی وت گۆرانیبێژێک لەسەر ئاستی کوردستان ناسرابێ و لەسەر شانۆکانی کوردستان گۆرانی وتبێ و لە ساڵانی شەستەکانەوە دەستی پێ کردبێ، ئەوە بە کەڵکی ئەوە نایەت ببێتە کۆرس، یان گۆرانیبێژ؟ ئیتر باسی کۆمەڵێک شتی کرد و تووڕە بوو و هاتینە دەرەوە، ئەو ڕەفتارەش دەکاتە ئەوەی دەستێک هەبووبێ، کۆمەڵێک هەبووبن کە لەو بوارەدا ئیشیان دەکرد و حەزیان نەدەکرد دەنگی نوێ بچێتە پێشەوە.

**ڕامان:** بەڵام لەوانەیە ئەوان گلەییان لە دەنگی تۆ نەبووبێ، ڕەنگە ئاوازەکە مۆرکی عەرەبی هەبووبێ، یان ڕایان لە شیعرەکان نەبووبێت.

**حەمەی نێرگز:** ئەوانەی لەو سەردەمەدا گۆرانی کوردیشیان وتووە گوێ لە مۆسیقاکانیان بگرە، هەموو مۆسیقییەکان عەرەبن.

**ڕامان:** ئەی مامۆستا عەلی مەردان و ئەوانی دی هەڵوێستیان چۆن بوو؟

**حەمەی نێرگز:** من نازانم ئەوان هەڵوێستیان چۆن بووە، بەڵام من فۆڕمەکەم بینی کە لێی نووسرابوو ئەو گۆرانیانە ڕەت کراونەتەوە.

**ڕامان:** ئەوە باسی گۆرانی، ئەی کێ هاندەرت بوو بۆ ئەوەی بچیتە سەر شانۆ و خەریکی نواندن بیت؟

**حەمەی نێرگز:** ئەوەش بۆ ساڵەکانی شەست و یەک و شەست و دوو دەگەڕێتەوە، ئەوکاتە من لە سلێمانی گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ بووم.

**ڕامان:** ناوبانگەکەت هی ئەوەبوو کە لەسەر شانۆدا گۆرانیت دەوت؟

**حەمەی نێرگز:** نا نەخێر.. من هەر منداڵ بووم کە بنەمایەکی گۆرانی وتنم تێدا بوو.

**ڕامان:** بەڵێ گۆرانی چایخانەکان و ناو ماڵانت باس کرد.

**حەمەی نێرگز:** گۆرانی من لە چایخانەکاندا لێ دەدرا،

دوو سێ گـۆرانیـم هەیە لەسـەر دەمی خـەڵک بـوون، ئەی کـچی خـاوەن تەلار و سـەرچنار و وێنەی باخی لوبنانە ئەوکـاتە لەسـەر دەمی هەمـوو کـوڕ و کـاڵێکی خـەڵکی سلێـمـانی بـوو، واتە بەناوبانگ بووم. ڕۆژێکیـان بەلای کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی ئەوکاتەدا تێپەڕیم، کوڕێکی برادەرم هەبوو، هاوڕێیـەکی زۆر خـۆشـەویست بـوو، خۆشەویستێکی هەبوو جار بەجار بە پەیژەکەدا خۆی سەردەکەوتە سەرەوە، من لە خوار پەیژەکەوە گۆرانیم دەوت و ئەو دەستی دەخستە بناگوێیەوە و لەگەڵ گۆرانییەکەی مندا دەمی دەجووڵاند، تەنیا بۆ ئەوەی خۆشەویستەکەی وا بزانێ ئەو دەنگی خۆشە، ئەو برادەرە خۆشەویستەم ناوی عەزیز ئەحمەد جۆلا بوو، عەزە سوور لە سلێمانی بەناوبانگە، کە قسەی خۆش و نوکتەی زۆری هەیە، لەگەڵ ئەوا بوو لە شەقامی پیرەمێرد هاتینە خوارەوە، ڕەفیق چالاکمان بینی، ئەو سەلام و چۆنی و چاکی لەگەڵ کرد، مامۆستا وتی سەلام عەزیز گیان، ئەمرێ، خزمەتێ، کارێ، وتی: ئەو کوڕە دەنگ خۆشە هەیە بۆچی نایبەنە لای خۆتان بۆ کۆمەڵی هونەرە جوانەکان؟ وتی: ئێمە شانازی پێوە دەکەین، عەسر لەگەڵ خۆت بیهێنە.. تیپەکەش هەر لە گەڕەکی خۆمان لە شەقامی پیرەمێرد بوو، خوار نەخۆشخانەکە.. ماڵی مامۆستا ڕەفیق چالاک لەسەرەوە بوو. ئەوانەی لەو کاتەدا لە کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی کورد بوون، قادر دیلان، نەجاتی عەبدە، مامۆستا نازم کە عەرەب بوو، ئەمە زۆر بە جوانی قانوونی دەژەنی و لەگەڵ تیپی مەولەوی ئیشی دەکرد، هادی عەنبەر، ولیەم یوحەننا، قادر کابان، حاتەم سەعید، بەهجەتی سەعاتچی، عومەر ڕەزاش لەوێ بوو، عومەر ڕەزا ئەوکاتە گۆرانیبێژێکی سەرکەوتووی بەناوبانگ بوو، لەبەر ئەوەی لە ئێزگە، هەروەها لەگەڵ تیپی مەولەوی لەسەر شانۆ گۆرانی وتبوو، ئیتر بۆ ئێوارەکەی چووم، هونەرمەندان قادر دیلان و جەمال بەختیاری لێ بوو، ئەوەی ئیستا لە ئەمریکایە، هەموو ئەو برادەرانەی تیپی مەولەوی لەوێ بوون، کە چووم قادر دیلان تاقی کردمەوە، شیعرێکی ئەژی گۆرانم لەبەر بوو، بەخـۆم ئاوازم بۆ دانابوو ناوی (نازەنین) بوو، ئەو گۆرانییەم تۆمار کردووە و لە تەلەڤزیۆن هەیە، من ئەو گۆرانییەم وت. قادر دیلان وتی: شتێکی دیکەش بڵێ، دواتر گۆرانییەکی فۆلکلۆریشم وت. وتی زۆر باشە ئیتر تۆ لەمەولا لەگەڵ ئێمەدا کار دەکەی. هەر ئەوکاتە وتیان بەیانی ڕەسم بێنە، ڕەسمم گرت و بۆم بردن و ناسنامەیان بۆ کردم، ناسنامەکەم ژمارە ١٤٠ بوو کە لەماڵ گوێزانەوە و قوڕ بەسەریدا ئەویشم ون کرد. لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی لە زۆر بۆنەدا بەشداریم کردووە، بۆ یەکەم جار کە چوومە سەر شانۆ لەگەڵ تیپی مۆسیقادا، پێشەکی گۆرانییەکەم تەواو ببوو، حەپەسابووم، قادر دیلانی ڕەحمەتی بە قەوسی کەمانەکەی لەپشتمی دا، دوو سێ جار مۆسیقایەکەیان دووپات کردەوە، ئینجا داخڵی گۆرانییەکە بووم، دوو سێ جار لە ئیقاع نەشازم کرد، گیانم دەلەرزی، عارەقەم کردبوو، حاڵەتێکی زۆر زۆر ناخۆش بوو، لە دڵی خۆمدا دەموت هەر ئەمڕۆ ڕزگارم بێ، جارێکی دیکە تۆبە گۆرانی ناڵێم. بەردەوام هاتوچۆی ئەوێم دەکرد، هەموو مانگێک لە کۆمەڵی هونەرە جوانەکان ئاهەنگێکی خێزانیمان هەبوو. هەر کەسێک لەوێ ئەندام بووایە ڕێپێدراو بوو و دەیتوانی برادەرێک لەگەڵ خۆیدا بهێنێ، لە چارەکێک زیاتریش نەدەخورایەوە، بێ گومان بارەگایەکی زۆر ڕاقیمان هەبوو، شانۆی تێدا بوو، باڕی تێدا بوو، بەڵام بارەکە تەنیا پێنج شەممە و پێنج شەممە هەبوو.

**توانایی نووسینم نەبووە و نەمویستووە لە هەموو کاسەیەکدا ئەسکوێ بم.**

**ڕامان:** بینای کۆمەڵی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی کەوتبووە کوێوە؟

**حەمەی نێرگز:** لە شەقامی پیرەمێرد بوو.

**ڕامان:** موڵکی کۆمەڵی هونەرە جوانەکان بوو؟

**حەمەی نێرگز:** نەخێر، هینی شارەوانی بوو، دواییش کە شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێ کرد کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی کورد داخرا، ئەو کەلوپەلانەی تێیدا بوو، هەموویان دا بە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، ئیتر لەوێ پڕۆڤەم دەکرد. با یەک شتیش بڵێم، من ئەمە وەک شاری سلێمانی باس دەکەم، من یەکەم کەس بووم لە سلێمانی لەسەر شانۆ مەنەلۆج بڵێم و تۆماریشم کردبێ، ئەمە لە تەسجیلاتەکان لێدراوە و هەبووە، بەڵام ئێستا بەداخەوە خۆم ئەرشیڤم نییە، کە ئەوکاتە مێرمنداڵ بووم، خەڵکێکیش شک نابەم لەو تەمەنەی مندا ئەو ئەرشیڤەیان مابێ، ئەو دوو مەنەلۆجەش شیعری قادر برسی بوون و بە ئاوازی فۆلکلۆر وتراون، یەکێک لە شیعرەکان ئەوە بوو کە دەڵێ:

**ئافرەتێک جوانە ڕەوشتی جوان بێ**

**ڕقی لە بۆیە و داودەرمان بێ**
**نەک قۆڵی ڕووت و قژی قرتاو بێ**
**سەرتاپای باڵای سوور و سپیاو بێ**
**بەم جۆرە هەڵسێ بێ بۆ سینەما**
**فلیمی فەرید بۆ سوور و سەما**
**فلیمێک خۆشە کۆمەڵایەتی**
**پڕ بێ لە هەوڵ و لە ئازایەتی**
**با وەکو ئەختەر ئازاو جەسوور بێ**
**لە جیاتی بۆیە لە خوێندا سووربێ.**

ئەمە شیعری قادر برسی-یە و من لەگەڵ تیپی مەولەویدا بە مەنەلۆج بە یادی چواردەی تەممووزەوە لەسەر شانۆ وتوومە، کۆمەڵێک سەفیر و سوفەراو پیاوی گەورە لە بەغداوە بۆ سلێمانی بانگهێشت کرابوون، بورهان مەسرەف و ڕەفیق چالاک جلوبەرگی هیندییان بۆ کردبووین، چونکە ئەو ئاوازەی دەموت، ئاوازێکی هیندی بوو.

**ڕامان:** ئاوازێکی هیندی خراوەتە سەر ئەو شیعرانەوە؟

**حەمەی نێرگز:** ئیتر لەو بوارەشدا، واتە مەنەلۆج وتن کارم کردووە.

**ڕامان:** ئەوە دەبێ ساڵی شەست بێ؟

**حەمەی نێرگز:** هەر لەو کاتانەدا بوو.. دوای ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول بەرپا بوو، کۆمەڵی هونەرە جوانەکان داخرا، کەلوپەلەکەیان دایە کتێبخانەی گشتی، کە تا ئەم دواییەش ئەرشیڤەکەی لەلای ڕەحمەتی نووری وەشتی مابوو. ئێستاش ئەگەر یەکێک هەبێ بەدواداچوون بۆ ئەو ئەرشیڤەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بکات، لەوانەیە ئەرشیڤەکەی بەدەست بکەوێتەوە و شتی زۆر بەنرخیشی تێدابێ. لەدوای ئەوەوە دەوری هونەر نەما، ئیتر پێشمەرگە و شەڕ و خەباتی نەتەوایەتی هاتە پێشەوە و تا ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازاری خایاند، ئەوە نەک من، زۆری وەک منیش کە لەو بوارەدا کاریان کردووە، هەموویان لە هونەر پچڕان.

**ڕامان:** تۆ لەو کاتانەدا زیاتر لەگەڵ کێدا کارت کردووە؟

**حەمەی نێرگز:** بە پلەی یەکەم و بە شێوەیەکی سەرەکی ئەوانەی لەگەڵیان کارم کردووە برایمی خەیات و عوسمان عەلی و قادر کابان بوون.

**ڕامان:** ئەی سەلاح مەجید؟

**حەمەی نێرگز:** ئەو لە حەفتایەکانەوە هاتە گۆڕەپانی هونەرییەوە.

**ڕامان:** ئەی هونەری نواندنەکە، هەر ئەوکاتە بوو کە جلوبەرگی هیندیتان لەبەر کرد؟

**حەمەی نێرگز:** کاری نواندنەکە لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردییەوە دەست پێدەکات. لە حەفتاکاندا بەهۆی برادەر و خۆشەویستم مامۆستا ئەحمەد سالار چوومە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی. ساڵی حەفتاکان بوو لەوێ کردمی بە ئەندام، دەستەی بەڕێوەبەر ڕەزامەندییان دەربڕی کە ببمە ئەندام، تەنیا هونەرمەند تەها باراوی نەبێت کە نەیدەویست من لەوێ ببمە ئەندام.

**ڕامان:** ئەو بۆچی نەیدەویست؟

**حەمەی نێرگز:** نازانم بەخوا.. هەڵوێستێکی خراپی لەمن وەرگرتبوو، بەڵام دوایی بوو بە خۆشەویستترین ڕەفیقم، کە دەتوانم بڵێم ئەوەندەی ئەو لە ماڵی ئێمەدا نانی خواردووە، من ئەوەندە لەماڵی ئەوان نانم خواردووە، شەوانیش لە نادی ئەوەندە پێکەوە بووین، لەگەڵ هیچ برادەرێکم ئەوەندە تێکەڵیم نەبووە. جار بەجار ئینسان پێش ئەوەی قسە لەگەڵ یەکێکدا بکەیت، یان ببینیت، هەر لە خۆتەوە هەڵوێستێکت بەرانبەری هەیە و ڕقت لێیەتی، ئەوە بوو دوایی لەگەڵ هونەرمەند تەها باراوی بووینە ڕەفیقێکی زۆر زۆر لە یەکترەوە نزیک، تەنانەت بەردەوام جلی یەکتریشمان لەبەر دەکرد، ئینجا ئەو ماوەیە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی چ بەرهەمێکیان پێشکەش کردبێ، ئەگەر چووبن بۆ بەغدا، یان بۆ هەولێر، لەبەر ئەوەی کەم بوون. مەسرەفیان کەم بوو، خەڵک مەسرەفی زۆر بوو، من قابلییەتی نواندنم تێدابوو، گۆرانیشم دەوت، بۆیە منیان لەگەڵ خۆیان دەبرد.

**ڕامان:** کەوایە هۆیەک لەهۆیەکانی ئەوە بوو کە کەم مەسرەفتر بووە؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ، ئیتر خۆشم قابلیەتم تێدابوو.

**ڕامان:** تۆ گۆرانیت وتووە و کاری نواندنیشت کردووە، وەک گۆرانیبێژێک چەند سوودت لە هونەری نواندن وەرگرتووە؟ بۆ نموونە مامۆستا تاهیر تۆفیق گۆرانیبێژە، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیزانیوە باش جەستەی خۆی بەکاربێنێت، بۆیە سەیر دەکەی جووڵانەوەی دەستی زۆرە، بەڵام تۆ وەک گۆرانیبێژێک کە لە هونەری نواندن نزیک بوویت، بۆ گوزارشت کردن و جووڵاندنی جەستەی خۆت، چەند توانیوتە سوود لە هونەری نواندن وەربگریت؟

**حەمەی نێرگز:** بەپێی توانایی خۆم ئەوە فێر بووم کە بتوانم تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر خۆمدا زاڵ بم، ئەگەر بۆ

تەلەڤزیۆن بووبێ کامێرامانەکان عەزیەتیان بە منەوە نەکێشاوە، کە گووتوویانە کاتێ گۆرانی دەڵێی سەیری ئەو گلۆپە سوورە بکە ، تەرکیزم لەسەر گلۆپە سوورەکەی کامێرا کردووە، تا ڕادەیەک لە جووڵانەوە و دەربڕینەکانیشدا بەسەر خۆمدا زاڵ بووم و توانیومە لە دەموچاودا، لە جووڵەی دەستدا، شتێک بەرجەستە بکەم کە لە گۆرانییەکە بچێ.

**ڕامان:** زۆر کەس هەن لە گۆرانی وتندا جووڵانەوەیان زۆرە، بیانوویەک بۆ ئەو هەموو جووڵانەوەیە نییە، بۆیە دەبێ سوود لەو هونەری نواندنە وەربگیرێ.

**حەمەی نێرگز:** بێ گومان، بێجگە لەوەش ئێمە کە لە کۆمەڵ بووین، هەموو گۆرانییەکانمان بەشێوەیەکی هونەریی ئیخراج دەکران، ئینجا ئەحمەد سالار، یان یەکێک لەو هونەرمەندانەی ئەوێ ئەو کارەی دەکرد.

**ڕامان:** کێی تر ئەوەی دەکرد؟ ئەی هونەرمەند عوسمان چێواری تێدا نەبوو؟

**حەمەی نێرگز:** عوسمان چێوار و عەبدولی حەمە جوان -یش ئەو کارەیان دەکرد، ئەو باکگراوەندانەی بۆ گۆرانییەکان دروست کراون، عەلی جۆلای شێوەکار تەمەن درێژبێ کردوویەتی.

**ڕامان:** ئەویش ئەندامی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بوو؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ، بەڵێ، کۆمەڵی هونەری وێژەی کوردی تێکەڵەیەک بوو، هونەرمەندی شێوەکاری و گۆرانبێژ و موزیکژەن و هەموو جۆرە هونەرمەندێکی تێدا بوو، شەوکەت ڕەشید ئەو هونەرمەندە گەورەیە کە کەس ئەمڕۆ باسی ناکات، ئەویش لەوێ سەرۆکی بەشی مۆسیقا بوو، ئیتر هەمیشە لەلایەن ئەوانەوە ئاراستە کراوین و ڕێنماییمان وەرگرتووە. هونەرمەند تەها خەلیل خواهەڵناگرێ لەگەڵمان خەریک دەبوو. ئێمە کە چووینەتە ئەوێ دەتوانم بڵێم ئەو دەرهێنەرەی بەکارە هونەرییەکانی ئێمەوە خەریک دەبوو، نە من، نە سەلاح مەجید، نە عوسمان عەلی ئەو ئەزیەتە زۆرەی پێمانەوە نەکێشاوە، چونکە خۆمان تاڕادەیەک پەراوەمان لەسەر گۆرانییەکانمان کردبوو.

**ڕامان:** ئەگەر بە پێچەوانەوە وەریبگرین، وەک کەسێک کە کاری نواندنت کردووە، گۆرانی وتن چەند سوودی بەلایەنی نواندنەکەت گەیاندووە؟ تۆ لە یەکێک لەو تەمسیلانەت کە دیومە گۆرانی دەڵێی؟

**حەمەی نێرگز:** لەگەڵ دەستپێکی مەقامێکی خاوکەرم وتووە. ئەوەی گۆرانییەکانی نازم غەزالی دەوت ئەوە جەمالی کاک عەلی ناوە. جەمالی عەلی تورکە مەشهوورە، ئەوە لە بە (قەد بەڕەی خۆت پێڕاکێشە) دایە، ئەوەی کە دەڵێم لێی پەشیمانم.

**ڕامان:** هەر لەو کارەت پەشیمانیت؟

**حەمەی نێرگز:** لەوانی دیکە پەشیمان نیم، تەنیا لەوەیان پەشیمانم، چونکە هیچ ڕەبتێکی تێدا نییە.

**ڕامان:** کەواتە تۆ لە کاری هونەری نواندنیشدا سوودت لە گۆرانی وتن وەرگرتووە؟

**حەمەی نێرگز:** بێ گومان زۆر سوودم وەرگرتووە.

**ڕامان:** سەرەتایە هونەرییەکانت کە ئێستا باسمان کردن، چۆن دەستی پێ کردووە، دیارە خۆشبەختانە لە گەڕەکێک بوون کەسانی وەک قادر برسی تێدابووە، بە ڕێکەوت مامۆستا گۆرانت بینیوە، ئەوانە هەمووی کاریگەری خۆیان هەبووە.

**حەمەی نێرگز:** جارێ ئەو قسەیەی مامۆستا گۆران پێی وتم، من دوایی تێگەیشتم مەبەستی ئەوەیە تووتی لاسایی دەکاتەوە، چی فێر بکەی ئەوە دەڵێتەوە، مانای ئەوەیە تۆ پشت بەخۆت ببەستە.

**ڕامان:** دوای ئەوەی خۆت لە قۆناغی لاسایی کردنەوە ڕزگارکرد، چەند لە قۆناغی دوای لاسایی کردنەوەی خۆت ڕازیت؟

**حەمەی نێرگز:** من ناتوانم وەسفی خۆم بکەم، ئەوەی کە کردوومە هەر ئەوەندەم لەدەست هاتووە، مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێ دیاری شوان، یان شەنگە، یان ئاڵە کۆکە، دیارییەکەی منیش ئەو کۆمەڵە گۆرانییەیە کە هەیە.

**ڕامان:** خۆ لە هیچ یەکێک لەو گۆرانیانەت پەشیمان نیت؟

**حەمەی نێرگز:** هەرگیز.. ئەو گۆرانیانە بەشێکن لە ژیانم، دەتوانم بڵێم من گۆرانیم دروست نەکردووە، گۆرانییە منی دروست کردووە.

**ڕامان:** تۆ لە سەرەتای حەفتایەکاندا لەگەڵ عوسمان عەلی و سەلاح مەجید، سێ کوچکەیەکتان لە هونەری گۆرانی وتندا دروست کرد، ئەو کۆبوونەوە سێ قۆڵییەتان هەر لە خۆیەوە بوو، یان پێشتر بیرتان لێ کردبووەوە؟

**حەمەی نێرگز:** هەمووومان بیرمان لەو شتانە کردووەتەوە، بە تایبەتی عوسمان عەلی ڕەحمەتی زۆر حەزی بەکاری بە کۆمەڵ دەکرد، عوسمان عەلی ساڵی (١٩٧٤) لە میهرەجانی هونەری کوردیی یەکەم لە بەغدا

هاتەوە، ئێمە مەقامی سەفەرمان لەگەڵ بەستەی بێ ئارامی وتووە، بە دانپێدانانی ئەنوەر قەرەداغی لە دوای حەمە ساڵح دیلان کەس وەک من و عوسمان عەلی مەقامی سەفەری نەوتووە. دوای ئەوە سێ بەستەی فۆلکلۆری، یەکیان من دەموت، یەکێکیان عوسمان عەلی، یەکیان سەلاح مەجید دەیوت، ئەوەشی بەدوادا هات، دوای ئەویش ئامۆزاگیانی بەدواداهات. ئەمانە هەموویان کاری بەیەکەوەی ئێمە بوون. بێ گومان ئەم کارانە بەسەرپەرشتیی هەردوو برای بەڕێز (نامدار قەرەداغی) و (شەوکەت ڕەشید) کراون، هەموو سۆلۆکان بەکلارنێت کراون و هەمووشی هی شەوکەت ڕەشیدن، ئامۆژگاری ئێمە کراوە چۆن بیلێین، چۆن ڕابوەستین، چی بکەین، هەمووی ڕێنمایی هونەرمەند شەوکەت ڕەشید بوون.

**ڕامان:** وەک منیش ئاگام لێیە زۆرتر کارەکانت لەگەڵ نامدار عومەر، یان لەگەڵ شەوکەت ڕەشید بووە، ئەی بۆ لەگەڵ هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی و تیپی مۆسیقای سلێمانی کەمتر کارت کردووە، یان هەر ئیشت نەکردووە؟

**حەمەی نێرگز:** ئەگەر تیپی مۆسیقای سلێمانی، ئاهەنگێک، بۆنەیەکیان بووبێت و پێویستیان بە گۆرانیبێژ هەبووبێت، لەوانەیە من، یان سەلاح مەجیدیان بەسەر کردبێتەوە، چونکە عوسمان عەلی بەخۆی ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی بوو. حەز دەکەم لێرەدا شتێک بڵێم، من و عوسمان عەلی و سەلاح مەجید بۆچی بەرهەمان نییە، کە عوسمان عەلی هێشتا لە ئێمە باشترە، چۆن ئێستا دەبینی حزب حزبێنە بووە بەشێرپەنجە و لە جەستەی ئەم نەتەوەیەی داوە، ئەوساش تیپ تیپێنە ببوو بەشێرپەنجەیەک و لە جەستەی گۆرانیبێژەکانی دابوو، ئەندامی تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بووبیت، نەدەبوو بۆ تیپی سلێمانی گۆرانی بڵێیی، بە پێچەوانەوەش هەروا بوو.

**ڕامان:** یان تۆ لە تیپی مەولەوی بیت، نابێ بچیتە تیپێکی دیکەوە.

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ، ئەم شتانە لەبەردەم ئێمەدا ڕێگر بوون، بۆیە گۆرانیمان لەگەڵ تیپی سلێمانی نەبووە.

**ڕامان:** لێرەوە دەردەکەوێ ئێوە حەزتان دەکرد بەشدار بن، بەڵام ڕێگرییەک هەبووە، بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو تیپانە ڕێگە بە هونەرمەندان نەدراوە.

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەی دۆستایەتیت لەگەڵ هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی چۆنە؟ بێجگە لەوەی تۆ لە تیپێکی دیکە بوویت، ئەی یەکدیتان نەدیوە تا سوود لە شارەزایی ئەو وەربگریت و پرسوڕای پێ بکەیت؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ، من و هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی خەڵکی گەڕەکێکین، من بە تەمەن لەو گەورەترم، بەڵام کە ناسیومە لە تەمەندا ئەو گەورەییە نەماوە، چونکە شەو تا درەنگانێک لەگەڵ ئەنوەر قەرەداغی و دکتۆر بەکری عوسمانی حەمە نادر، بە کۆڵاناندا گەڕاوین و گۆرانیمان وتووە، لەگەڕەکی خۆمان گۆرانیمان وتووە، تێکەڵیی من لەگەڵ بنەماڵەی ئەنوەر قەرەداغیدا هەر لە دێر زەمانەوە بووە.

**ڕامان:** ئەنوەر قەرەداغی حەزی کردووە کاری هونەری بۆ تۆ بکات؟

**حەمەی نێرگز:** ئەگەر حەزی نەکردبایە، پێشەکی بۆ گۆرانی (ئاواتی دووری) نەدەکردم.

**ڕامان:** هەر تەنیا ئەوەی بۆ کردووی، یان کاری دیکەشی بۆ کردووی ئێمە پێمان نەزانیوە؟

**حەمەی نێرگز:** نەخێر تەنیا ئەوەی بۆ کردووم، ئەویش بە دوو قۆڵی لەگەڵ شەکەوت ڕەشید بە هەردووکیان کردیان، چونکە پێم وابێ گۆرانییەکە دەیهێنا، بۆیە ئەنوەر قەرەداغی و شەوکەوت ڕەشید بەشدارییان تێدا کردووە.

**ڕامان:** دوانەیی لەگۆرانیدا هەبووە و هەیە، پیاوێک و ئافرەتێک گۆرانی دەڵێن، یان ڕێکەوتووە دوو پیاو پێکەوە گۆرانییان گوتبێ، بەڵام سێ هونەرمەند پێکەوە کۆببنەوە، ئەمەیان بۆ گۆرانی کوردی شتێکی نوێ بوو، جیاوازی و تایبەتمەندیی گۆرانی سێ قۆڵی لەگەڵ دوو قۆڵی چییە؟

**حەمەی نێرگز:** چەند گۆرانییەک هەیە، تۆ دەتەوێ گەشتێک بەنێو کۆمەڵێک لەو گۆرانییە فۆلکلۆریانەدا بکەیت، لە جیاتی ئەوەی گۆرانیبێژێک بەیەکەوە دە گۆرانی بڵێ، ئەی بۆ باشتر نەبێ خەڵکێکی دیکە بەشداریی تێدا بکەن؟

**ڕامان:** هەر ئەوە هۆیەکەیەتی؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ، چونکە تۆ کە دە گۆرانیت بەیەکەوە وت، ڕێک وەک ئەوە وایە تۆ تەنیا میوەیەک بخۆیت.

**ڕامان:** وایە جۆرێک لە بێزاری دروست دەکات..

**حەمەی نێرگز:** بەڵام ئەگەر هەر سێ گۆرانی، چوار

گــۆرانی، هونەرمــەندێک بیــڵێ، ئەوە تۆ ئەوکــاتە لە کــۆمــەڵێک مــیــوە دەخــۆیت، ئەوە هەنارە، لیــمــۆیە، هەرمێیە، چونکە هەر گۆرانیبێژێک تاموچێژی تایبەتی خۆی هەیە.

**رامــان:** ئەی تایبــەتمەندیی ئەوەی ئەو هونەرمــەندانە دەنگییان لەیەکدییەوە نزیک بێ؟ تەمەنیان لەیەکدییەوە نزیک بێ، مەرجێکی دیکە نییە؟

**حەمەی نێرگز:** ئەوە ڕاستە.. بۆ نموونە من و عـوسمان عەلی خەڵکی گەڕەکێکین، هەردووکمان لە یەک ساڵدا لەدایک بووین، هەردووکـمـان شاگرد بەرگـدروو بووین، هەردووکـمـان لە قـوتابخـانەی شـەوانە بەیەکـەوە بووین، هەردووکــمــان لە ڕۆژگـارێکدا فـێــری گـۆرانی بووین و بەیەکــەوە گــۆرانیـــمـــان وتووە، بێــجگە لەوەی وەک کەسایەتیش، کەسێکی نزیکی یەکتر بووین، هەروەها لەوانەیە دە ساڵ لە سەلاح مەجید گەورەتر بم، بەڵام کە هاتووەتە کۆمەڵی هونەرە جوانەکان و لەگەڵ ئێمە بووە، پێش ئەوەی ئێمە کەسی یەکدی بین، برادەرایەتی دەوری بینیـوە، بەدەمی خـۆم ناڵێم لەوانەیە هەندێک ڕێنمـاییم پێ وتبێ، کـە پێم وتووە بە قـســەی کـردووم. من زۆر هەوڵم داوە لە لاسایی کردنەوە دووری بخەمـەوە، حـەزم دەکرد خۆی داهێنەر بێت.

**رامـــان:** ســالی حــەفــتــا بەدواوە هەر بە گــۆرانی (زەماوەند) ناسرا..

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ هەر لەو کاتەشدا کە ئەو گۆرانی (شـاییـە زەمـاوەندە)ـەی وت، عـوسـمـان عـەلی (شـەوی بەرات)ی وت، منیش (جووتێ چاوی شین)م وت.

**رامان:** ئەی بۆچی گۆرانی وتنی سێ قۆڵێتان بەردەوام نەبوو و هیچی دیکەی بەدوادا نەهات؟

**حەمـەی نێرگز:** گۆرانی وتنی ئێمە بە بارودۆخەکەوە بەسـتـرابووەوە، ئەوە هۆیەکەی بوو. لە ڕاستیـدا ئەوکاتە تیپی سلێمـانی زۆر بەهێز بوو، وەک پێم وتی نەدەبوایە من لە کۆمەڵەوە بچم لەوێ گۆرانی بڵێم، نەشم دەتوانی ئەوێ بەجێ بێـڵم، بچم بۆ تیـپی کـۆمـەڵ. کـاتی خـۆی عوسمان چێواری ڕەحمەتی زۆر هەوڵی بۆم دا بچمە تیپی سلێمـانی، نازانم لەوێش بەچ هۆیەک وەریان نەگرتم. من زۆر شتم بەسەر هاتووە، لە ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا دووجار دەست بەڕوومەوە نراوە، لە تیپی سلێمانی وەرنەگیراوم.

**رامان:** ئەوە کاریگەری لەسەر دەروون و بەرهەمەکانت دروست نەکردووە؟

**حەمـەی نێـرگز:** هەر گوێشم نەداوەتێ.. هەر بەردەوام بووم.

**رامـان:** ئەوە مـانای ئەوەیە مـتـمـانەی زۆرت بە خۆت هەبووە؟

**حەمـەی نێـرگـز:** بەڵێ، ئەوەندەی کـارم کـردووە، زیاتر ئەوە بووە کـە لە دانیـشـتنەکـانی خـۆشـەویسـتـانی وەک جەنابتان ناسراوم، تا لە بوارێکی دیکەدا بناسرێم.

**رامان:** پێشتر باسی ئەوەت کرد قادر برسی ئاوازی بۆ هەندێ شـیــعــر داناوە، وەک بزانی ئەم بەهرەیەی ئاواز دانانی ئەو لەکوێوە هاتبـوو، ئایا ئامـێرێکی ژەنیـوە، یان هەر بە سەلیقە بووە؟

**حەمـەی نێـرگـز:** هیچ ئامـێـرێکی نەزانیوە، هەر بەهرە بوو، وەک ئێـمـە وابوو، مـن تا ئێـسـتـا نەمـتـوانیـوە هیچ ئامێرێک بژەنم.

**رامان:** بۆمان باس بکە، چۆن ئاوازت داناوە؟

**حەمەی نێرگز:** وەک شاعیرێک چۆن شیعرێک دادەنێ، ئاوا ئاوازم داناوە.

**رامـــان:** ئەوە زۆرتر بە گـــوێ گـــرتن لە گـــۆرانی و مەقامەکان بووە؟

**حەمـەی نێـرگـز:** ئەوەش مـوعـاناتی خـۆی هەیە، تۆ ناتوانیت لەخۆتەوە چیـرۆکێک بنووسیت، تەنیـا لەپاش ئەوەی کۆمـەڵێک پاڵنەر، پاڵت پێوە دەنێن. دەتوانم بڵێم ئاوازدانان وەک شیعر دانان وایە، حاڵێکە لێت دێت.

**رامان:** ئەوە کەریم کـابان، حەمە ڕەئووف کـەرکووکی، عـوسـمـان عـەلی، ع.ع. شـەونم، ئەوە تۆ، پێـشـتـر باسی قادر برسیمان کرد، ئێوە کۆمەڵێک شاعیر و گۆرانیبێژن کـە ئاوازتان داناوە بەبێ ئەوەی بزانن ئامـێـرێک بژەنن، بەڵام بێ گومان شارەزاییتان لە مەقامدا هەبووە؟

**حەمـەی نێرگز:** بەڵێ، بەش بەحاڵی خۆم قسە دەکەم، من لقە سەرەکییەکانی وەک مـەقـامی بەیات و سێ گـاو چوار گا و نەهاوەند و حیجاز، شارەزاییم لێیان هەبووە، بەتایبـەتی مـەقـامی نەهاوەند لـەگـەڵ بەیاتدا زۆر حـەزم لێیـان کردووە، زۆربەی گۆرانییـەکانیشم لەسەر مەقامی بەیات و نەهاوەندە.

**رامان:** نازانی هۆیەکەی چییە؟

**حەمەی نێرگز:** مەقامی بەیات مەقامێکی دەوڵەمەندە، هەروەها غـەمگینیشـە لەوانەیە زیاتر نەهامـەتی و نەداری کاری تێکردبێتم، بۆیە گۆرانییەکانی من مۆرکی غەمیان پێوە دیارە.

**رامان:** یەکـێک لە سیـمـا زەقـەکـانی گـۆرانیـیـەکـانت ئەوەیە کە غەمبارییەکی زۆری پێوە دیارە؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ ئەوە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ژیانی منە، چونکە من لە بنەماڵەیەک بووم کە کاتی خۆی گوزەرانمان زۆر باش بووە، هەمان بووە و بەدەردی کورد دەڵێ لە لێفەی باوکی خۆماندا نووستووین، کە باوکم بەهۆی نەخۆشییەکەوە هەردوو چاوی لە دەست داوە، ئێمە نۆ سەر خێزان بەسەر دایکێکدا کەوتووین، دایکم ناوی باجی نێرگز بوو، ئەو نازناوی نێرگزە هی ئەوە، وەکو خوا باوکی لێ سەندبووین، بەڵام دایکێکی دەستڕەنگینی دابووینێ، لە ئیشی هەویردا، لە چێشت لێناندا، هەر ماڵە دەوڵەمەندێکی سلێمانی مەولوودێک، یان تازییە و شینێکیان بووبێ، دایکم چووە و چێشتی بۆیان لێ ناوە، چونکە دایکم دەستڕەنگین و کارامە بوو، پێم وابێ تۆش شفتەی دایکمت خواردووە؟

**ڕامان:** بەڵێ ڕاستە، بە خزمەتی گەیشتووم خوا عافووی بکات.

**حەمەی نێرگز:** کە هاتی بۆ پیرمەنسوور بۆ ماڵی ئێمە دەرگەکەمان نزم بوو، لە هاتنە ژوورەوەتدا ناوچەوانت بەری کەوت وتی کوێراییم داهات، کە ڕۆیشتی جارێکی دیکە ناوچەوانت بە دەرگاکە کەوتەوە، دیسان وتی دەک ڕۆڵە کوێر بم بۆت، منیش وتم دایە گوێی مەیەرێ فێر بووە، چونکە جاری دووەمت بوو سەرت پیا کێشایەوە.

**ڕامان:** گۆرانی سەفەر زۆر کەس بە مەقامێکی تایبەت بە شاری سلێمانی تێدەگات، ئەوانەی بەجوانی ئەم مەقامەیان وتووە و داهێنانیان تێدا کردووە، حەمە ساڵح دیلان و مەحموود تۆفیق شلک بوون، تۆ و عوسمان عەلی ڕەحمەتی کە گۆرانی سەفەرتان وتووە لەژێر کاریگەری ئەوانە بوون؟

**حەمەی نێرگز:** عوسمان عەلی لەژێر کاریگەریی مەحموود تۆفیق شلک-دا بوو، منیش لەژێر کاریگەری حەمە ساڵح دیلان-دا بووم. نازانم ئەو گۆرانییە ماوە، یان نەماوە، تۆ ئەگەر گوێی لێ بگریت، هەردووکمان لەو گۆرانییەدا دەخوێنیتەوە.

**ڕامان:** دیارە دوو کاریگەریی جیاوازە؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ جیاواز بووین، بەڵام لەو ئاخر و ئۆخرییەدا من و عوسمان عەلی بەدەنگی خۆمان دەمانوت، ئەگەر لێی ورد بیتەوە گۆرانی ئامۆزا گیانیش هەر کاریگەریی ئەو دوو هونەرمەندە گەورەیەی بەسەرەوەیە.

**ڕامان:** سەرنجم داوە لەو چەند گۆرانییەی وتووتە، کاریگەریی حەمە ساڵح دیلان و ڕەفیق چالاک زۆر بەسەرتەوە زاڵە، هەست ناکەیت تا دوا قۆناغی کاکردنت ئەو کاریگەرییە هەر مابێت؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ ئەو کاریگەرییە هەر ماوە، لەوانەیشە قورگی من هەر ئەوەندە قابیلیەتی تێدا بووبێ.

**ڕامان:** بۆ هەوڵت نەدا هەر هیچ نەبێ ئامۆژگارییەکەی مامۆستا گۆران جێبەجێ بکەیت؟

**حەمەی نێرگز:** خۆم لێ لاداوە، بەڵام بتەوێ و نەتەوێ هەموو کەس هەر کاریگەری لەسەر دەمێنێ، تۆ کە دەستت کردووە بە چیرۆکنووسین، کاریگەری ئەوانەی لای خۆمان، یان چیرۆکنووسە جیهانییەکانت بەسەرەوە نەبووە؟

**ڕامان:** لەسەرەتاوە وایە، بەڵام وردە وردە کە بەرەو کامڵ بوون دەچیت، دەبێ خۆت لە هەر کاریگەرییەکی زەق بەدوور بگریت.

**حەمەی نێرگز:** هەروایە.. بەڵام کاریگەریی هەر دەمێنێ.

**ڕامان:** تۆ لەگەڵ ئەوەشەوە گۆرانیت کەمە، بەڵام با بزانین چەند گۆرانیت بۆ تەلەڤزیۆن تۆمار کردووە و چەند گۆرانیت بۆ ڕادیۆ هەیە؟

**حەمەی نێرگز:** ئەوانەی ڕادیۆم لەگەڵ دەست پێکردنی جەنگی ڕزگارکردنی عیراقدا، هەموویان تێداچوون و فەوتان.

**ڕامان:** خۆت ئەرشیڤت نەبوو بیانپارێزیت؟

**حەمەی نێرگز:** نەخێر، خۆم هیچم نییە.

**ڕامان:** بەداخەوە ئەوە کەمتەرخەمی خۆتە.

**حەمەی نێرگز:** تەنانەت چل وێنەم هەبوو، چاوپێکەوتنێکیان بۆ گۆڤاری ڕۆژی سلێمانی لەگەڵدا کردم، کە گۆڤارێکە تازە دەردەچێ، ئەو برادەرەی ئەو وێنانەی برد وتی بەیانی بۆتیان دەهێنمەوە، ئەوە تا ئێستاش نەیهێناوەتەوە. بەهۆی برادەرێکی دیکەوە کە ناوی گۆران عەلی کەریمە و لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستاندا ئیش دەکات، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کردم، ئەو لەو بەینەدا بەڵێنی دامێ ئەو وێنانەم بۆ وەربگرێتەوە، ئەویش بەهۆی سەرقاڵی خۆیەوە نەیتوانیوە تا ئێستا وێنەکانم بۆ بهێنێتەوە.. هەر گۆڤارێک هاتووە چی وێنەی بردووە بۆی نەهێناومەتەوە، دەتوانم بڵێم ئێستا یەک وێنەی سەر شانۆم لەکاتی گۆرانی وتندا نییە، یەک وێنەم لەگەڵ تیپێکی مۆسیقادا نییە گۆرانیم وتبێ، وێنەیەکی دوو قۆڵیم لەگەڵ قادر دیلان، حەسەن

گەرمیانی، قادر کاباندا نییە و هیچیانم نەماوە، هەموویان براون. لەوانەیە خۆشتان ئاگادار بن وەزعەکە چۆنە، بەڵێنت پێ دەدەن و لە دواییدا دەڕوا.

**ڕامان:** ئەی کاریگەری یەکەم جار کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی کورد، ئەوەی شەستەکان، ئینجا قۆناغی دووەم ساڵی حەفتاکان بەدواوە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، بۆ دروست کردنی کەسایەتی هونەری تۆ دەوری چەند بووە؟

**حەمەی نێرگز:** دەوری بەسەرمەوە زۆر بەهێز بووە، دەتوانم بڵێم لەوێ بە تەواوی فێری (چڕین- ئەدا)ی گۆرانی وتن بووم.

**ڕامان:** زیاتر لەسەر دەستی کێ فێربووی؟

**حەمەی نێرگز:** لەسەر دەستی شەوکەت ڕەشید و نامدار قەرەداغی-دا.

**ڕامان:** کاریگەری کامەیان زیاترە؟

**حەمەی نێرگز:** هی هەردووکیان وەک یەک بوو، دەتوانم بڵێم زیاتر نامدار عومەر لەناوماندا بوو، بەڵام شەوکەت ڕەشید خولی سۆلفێجی بۆ کردبووینەوە کە لە هیچ گرووپێکی هونەریدا ئەوە نەکراوە، بۆ ئەوەی چینەکانی دەنگ بناسین، هەر چییەکیشم وتبێ، یان هی نامدار عومەرە، یان هی شەوکەت ڕەشیدە. بۆ یەکەم جار لەگەڵ کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردیدا لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک گۆرانی (نازەنین)م تۆمار کرد، بەدوای ئەودا (جووتێ چاوی شین) و بەدوایدا بەستەی (بێ ئارامی)، پاشان (ئامۆزا گیان) و کۆمەڵێک لەو گۆرانییانەی بەدوادا هات.

**ڕامان:** سەرجەم چەند گۆرانیت وتووە؟ ئەوەی لە تەلەڤزیۆن تۆمارت کردوون؟

**حەمەی نێرگز:** لەوانەیە بگاتە دەوری دە- یازدە گۆرانی.

**ڕامان:** ئەی لە ڕادیۆ دا چەندت تۆمار کردووە؟

**حەمەی نێرگز:** لە ڕادیۆشدا هەر ئەوەندەم هەیە، بەڵام ئەوانەی ڕادیۆ هەموویان فەوتان، لەگەڵ تیپی مەولەوی-شدا، (خەون)م تۆمار کردووە، (بۆ بێ لەو چاوە کاڵانە)م لەگەڵ (ئاواتی دووری) و (ئەی چاو چەشنی باز)م لەگەڵ تیپی مەولەوی-دا تۆمار کردووە. گۆرانی دیکەشم هەیە کە شیعری گۆران بوون، لەگەڵ ئەواندا لە تەلەڤیزیۆن تۆمارم کردووە. لەگەڵ تیپی سەهەندیشدا (باخم بێ بەرهەم)م تۆمار کردووە، لەبەر ئەوەی وەک پێم وتی جاران تیپ تیپێن بوو، بۆیە ئێمە سەربەخۆ کارمان دەکرد، تیپی مەولەوی لەوەتی ئێمە لێی نەماوین تا ئێستا بەرهەمێکیان نییە، (مەولەوی نوێ) ئەو تیپە نامدار عومەر و کۆمەڵێک هونەرمەند دروستیان کرد، منیش یەکێک بووم لە دەستەی دامەزرێنەری ئەو تیپە، لەگەڵ ئەوانیشدا ئەوەم کردووە، ئەو گۆرانییەش ئەنوەر قەرەداغی مۆسیقاکەی بۆ ئامادە کردووە. دوو ئاوازیشم دانابوو، بڕیار بوو لەگەڵ تیپی سەهەنددا بیکەم، ئیتر تووشی ئەو نەخۆشییە بووم و نەمتوانی دەست پێبکەم.. ئاوازێکیانم دا بە کوڕێ ناوی (خەبات محەمەد عەلی)یە، (شەوگار درەنگ بوو، دیوانەی مەستت).

**ڕامان:** ئەوە لەئاوازی خۆتە؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ، تەقە هەڵسێنە لە مەیخانەی من.

**ڕامان:** شیعرەکە هی کێیە؟

**حەمەی نێرگز:** هی شێخ ئەنوەرە، **(ئێوارەیە وا هەڵگرە سا گۆزەیی تازە، ڕێی کانی قوربان مونتەزیری جیلوەیی نازە)**، ئەوە شیعری گۆرانە، ئاوازێکم بۆ داناوە، مۆسیقاو هەموو شتێکی تەواو ببوو، هەر ئەوەندە مابوو خۆم دەنگی بخەمە سەر، ئیتر بۆم نەکرا. ئێستاش بە هێرش عەبدولڕەحمانی بەڕێوەبەری تیپەکەم وتووە کە لێپرسراوی تیپی سەهەندە، ئەگەر گۆرانیبێژێکم بەدڵ بوو و توانی بیڵێ، بیدەرێ. ئەو دەڵێ: نا چاوەڕێی تۆ دەکەم چاک بیتەوە.

**ڕامان:** بێجگە لەو ئاوازە، چەند ئاوازی دیکەت بە هونەرمەندان داوە؟

**حەمەی نێرگز:** هیچ ئاوازێکم بە کەسی دی نەداوە، تەنیا یەک ئاوازم بە خەبات محەمەد عەلی داوە کە کوڕێکی گەنجە، زۆر دانیشتنم لەگەڵ ئەودا هەیە، برادەری دیکەمان هەیە ئازاد سەراوی بێژەرە لە گەلی کوردستان، زۆر برادەر و خۆشەویستمە، بەهۆی ئەوەوە تێکەڵیم لەگەڵ ئەو برادەرە پەیدا کرد، خۆم بە دانیشتن لەگەڵ برادەرانی خۆمان زۆر جوانم وتووە.

**ڕامان:** ئەو دانیشتنانە لەلای کەس تۆمار نەکراوە؟

**حەمەی نێرگز:** لای ڕەشاد شێخ حسێن و شەماڵ عەلی دەدە لەوانەیە دە جاریان تۆمار کردبێ، هەموو لایانە، زۆر جوانم وتووە، دەتوانم بڵێم ئەگەر نەگبەتی نەبوایە ئامادەیە، مۆسیقاکەش دلێر حوسێن کردوویەتی، ئیقاع و هەندێ شتی دیکەی هێمن کردوویەتی، هێمن ئەو گۆرانیبێژەی برازای حەسەن گەرمیانی-یە.

**ڕامان:** ئەی بێجگە لەو لاسایی کردنەوەیەی وتت هی حەسەن زیرەک و ماملێ و...تاد؟

**حەمەی نێرگز:** نەموتووە، هەر ئەوکاتە وازم هێنا.

**ڕامان:** ئەی گۆرانی فۆلکلۆریت نەوتووەتەوە؟

**حەمەی نێرگز:** گۆرانی فۆلکلۆری با، مەقامی سەفەر و بەستەی بێ ئارامیم وتووە، لەگەڵ عوسمان عەلی لە زانکۆی موستەنسرییە وتووە و (دادەنگ) و (ئامۆزا گیان) هەر فۆلکلۆری شێوازی سلێمانین و خۆم وتومن، بەڵام (ئامۆزاگیان) دەستکاری کراوە، وەکو شوور و مەقامێک لەبەینی کۆپلەکاندا هەر یەکەمان جارێکی دەڵێینەوە، بەداخەوە زۆر گۆرانیبێژیش وتوویەتی و هەر باسی ئێمەش ناکات.

**ڕامان:** ئەی باشە تۆ کێ فێری مەقامەکانی کردیت؟

**حەمەی نێرگز:** هەر خۆم فێربووم، من و عوسمان عەلی و سەلاح مەجید هیچمان خولی مۆسیقامان نەبینیوە، عەلی مەردان گۆرانییەکی وتووە پرسیومانە ئەوە چ مەقامێکە، وتوویانە ئەوە مەقامی نەهاوەندە، تاهیر تۆفیق مەقامێکی وتووە پرسیومانە ئەمە چ مەقامێکە وتوویانە ئەمە حیجازە، ئیتر ئێمەش لەسەر ئەم مەقامانە پرۆڤەمان کردووە، بەڵام بە نیسبەت ئێمەوە گرنگ ئەوە بووە کە توانیومانە دەنگی خۆمان لەو مەقامەدا بدۆزینەوە و بە شێوازی خۆشمان بیڵێین، نەک بەو شێوازەی کە هونەرمەندەکانی پێشتر وتوویانە. من مەقامی بەیاتم لەگەڵ بەستەی سەوزە هەیە، ئەگەر گوێی لێ بگریت دەزانی ئەمە بەیاتە، بەڵام ئەوەی من ئەو بەیاتە نییە کە گۆرانیبێژەکانی پێش ئێمە وتوویانە. من مەقامی نەهاوەندم وتووە، ئەو نەهاوەندە نییە گۆرانیبێژەکانی پێش ئێمە وتوویانە، تەنانەت شیعرێکی دڵشاد مەریوانی هەیە (چاوەکانت دوو هۆڵی گەش و ناسکن، کۆنگرێسی خەمی هەموو جیهانیان تیا گیراوە).

**ڕامان:** ئەو شیعرە لە گۆڤاری بەیاندا بڵاوکرایەوە، ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو ئاوازت بۆ دانا.

**حەمەی نێرگز:** دەتوانم بڵێم ئاوازی خۆمە، بەڵام زیاتر شێوازی مەقامەکەی بەسەردا زاڵە.

**ڕامان:** وابزانم هەر ئەوەش هاوکارە بۆ ئەوەی بتوانی ئاواز دابنێیت، ئەگەر مەقامزان نەبیت، ناتوانی ئاواز دابنێیت.

**حەمەی نێرگز:** هەموو فەلسەفەیەک بنەمایەکی هەیە، گۆرانیبێژیش مەقام بنەمای گۆرانییەکانێتی، ئەگەر مەقام نەزانێ هیچ نازانێ، گۆرانیبێژێک لەدوای حەفتاکانەوە گۆرانی دەوت، گۆرانییەکی وت، وتم ئەوە چ مەقامێکە، وتی نایزانم. وتم چۆن دەبێ مەقام نەزانیت و گۆرانی بڵێی؟ من ئاوازێک دادەنێم دەیبەمە تیپی سەهەند، تیپی مەولەوی، تیپی سلێمانی، دەڵێم مەقامی نەهاوەندە، ئیتر سەر لە مۆسیقیبیەکانیش تێک ناچێ بەدوایدا بگەڕێن و بیدۆزنەوە، ئەگینا لێرە دەبێ بە بەیات و لەوێ دەبێ بە حیجاز و لەوێدا سێگای تێکەڵ دەبێ، کە وتت ئەوە مەقامە، ئیتر ئیشەکەت ئاسانتر دەبێ. من مەقامی سەفەر لە حەمە ساڵح دیلانەوە فێربووم، ئەوەندەم گوێی لێ گرتووە، ئەوەندەم لەبەر خۆمەوە وتووەتەوە، ئەگەر لەو باشترم نەوتبێتەوە، ئەوە خراپترم نەوتووە.

**ڕامان:** مەقامی سەفەر پێش حەمە ساڵح دیلانیش دەیبەنەوە لای شێخ نووری شێخ ساڵح و ئەحەی ناسر کە زۆر بە چاکی ئەدایان کردووە.

**حەمەی نێرگز:** بۆ شێخ نووری شێخ ساڵح و ئەحەی ناسری دەگێڕنەوە.. ئەوە ڕاستە.

**ڕامان:** ئەوانە زیاتر تایبەتمەندیی خۆیان داوەتێ.

**حەمەی نێرگز:** بێ گومان هەموو گۆرانیبێژێک کە دەستی کردووە بە گۆرانی وتن، لە یەکەم ڕۆژەوە گۆرانیبێژ نەبووە، من بە برایمی خەیات سەرسامم، ماوەیەکی زۆریش لەگەڵیدا ژیاوم و شاگردی بووم و ئاوازی داومەتێ، سەرسام بووم بە حەمە ساڵح دیلان و ڕەفیق چالاک و تاهیر تۆفیق و عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و کێ و کێ، بەڵام نابێ ئەو سەرسام بوونە کاریکت پێ بکات هەر چیت وت دەقاودەق هی ئەوان بێت، دەبێ خۆت بیت.

**ڕامان:** باشە تۆ بۆچی هەوڵ نادەیت وردە وردە بەرهەمەکانت کلیپ بکەیت؟

**حەمەی نێرگز:** ئێستا دوو سێ گۆرانیم لە کۆمپانیایەکە و خاوەنی کۆمپانیاکە برای بەڕێزم نەوزاد مەجیدە، ناوی کۆمپانیاکەم لەبیر چووە، ئەوان خەریکی سێ چوار گۆرانی منن، مۆسیقای گۆرانییەکان تارادەیەک خراپن، کورێک هەیە ڕەنجبەری ناوە، گۆرانیبێژو موزیکژەنێکی زۆر شارەزایە، ئەو مۆسیقا خراپانە لادەبات، دەنگی من سافە و وەک دەنگی حەمەی نێرگز عەیبی تێدا نییە، مۆسیقاکەی هەڵدەگرێ و مۆسیقای نوێی بۆ دادەنێت، بەڵام ئەوە کاتی دەوێ. یەکێک لەوانە مەقامی نەهاوەندە، مۆسیقاکەشی پاکە، ژەنینی سۆلۆکان باشن، واتە هەڵسەنگاندنەکانی هەمووی پاک دەرچووە، سۆلۆکان بە کلارنێت و بە کەمانەوە هەن، ژەنینی

پاکیشی تێدایە، بەڵام لەوانەیە لەگەڵ گۆرانییەکە باش نەبێ، ئەو خەریکە هەموو ئەوانە دەگۆڕێ.
**رامان:** ئەگەر ئەو کارە تەواو بوو کلیپی بۆ بکە.
**حەمەی نێرگز:** هەر خۆشیان کلیپی بۆ دەکەن.
**رامان:** تا ئەو کاتانەی خەریکی کاری هونەری بوویت و گۆرانیت وتووە، رێکەوتووە مۆزیکژەنێک، یان ئاوازدانەرێک هاتبێ دیراسەتی دەنگ و قورگی تۆی کردبێ و بەپێی تایبەتمەندی دەنگی تۆ ئاوازی دانابێ و بڵێ وەرە ئەو ئاوازە بڵێ کە لەگەڵ دەنگی تۆ دەگونجێ؟
**حەمەی نێرگز:** رێکەوتووە، بەڵام ئەمانە وەک رێنماییەک ئەمەیان کردووە.
**رامان:** رێنمایی ناڵێم، هەر ئەو کەسە ئاوازی هێنابێ.
**حەمەی نێرگز:** نەخێر.. با من کەمێک باسی گەورەیی شەوکەت رەشید بکەم، ئاوازێکی بۆ من دانابوو، (چەند گرفتاری تۆم- جگەر براوی تۆم) کە شیعری ئەخۆڵە، لەسەر شانۆدا یەک دوو جار وتم. ئەو ئاوازە نە لەگەڵ دەنگی من و نە بەو شێوازەی من پێی ناسراوم نەدەگونجا، یەک دوو جاریش لەسەر شانۆ وتوومە، کە هاتینەوە پێم وت، داوای لێبووردنت لێ دەکەم، ئەو گۆرانییە نە لەگەڵ دەنگم و نە لەگەڵ ئەو شێوازەی من رێک ناکەوێ، حەز دەکەم بیدەی بە گۆرانیبێژێکی دیکە. زۆر بەدڵفراوانییەوە قسەکەمی وەرگرت، دەستی کردە ملم و ماچی کردم، وتی هونەرمەندی رەسەن دەبێ ئەمە بێ. وتی من گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرم، خەڵک حەز دەکات و پارەم دەداتێ ئاوازێکی بۆ دابنێم، کەچی تۆ ئاوازێکت بۆ دادەنێم دەڵێی لەگەڵ شێوازی من ناگونجێ، خۆشم هەستم بەوە کردبوو، بەڵام چاوەڕێی ئەوەم دەکرد پێم بڵێی، دەمویست بزانم تۆ دەیڵێی، یان نایڵێی؟
**رامان:** ئەوە پێوەندی بە رۆشنبیری هونەرمەندەکەوە هەیە، ئەگەر لە هونەر تێنەگەیشتبایت و رێزت بۆ هونەرەکەت دانەنابا، لە تایبەتمەندی دەنگ و چرین و ستایلی خۆت نەدەگەیشتی و لەوانە بوو ئاوازەکەت قبووڵ بکردبایە.
**حەمەی نێرگز:** بۆ زانین لەوانەیە بەو گۆرانییە زۆر دابەزیبامایەتە خوارەوە، نەک پێی سەرکەوتبام. من زۆر شتم لە بارەوە نووسراوە و زۆر چاوپێکەوتنیشم لەگەڵ کراوە، بەو بەرهەمە کەمەی هەمە دەتوانم بڵێم وەک گۆرانیبێژێک لە کاروانی هونەری کوردیدا جێم بووەتەوە، ئەوەش تەنیاو تەنیا بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە من لاسایی کەسم نەکردووەتەوە، گۆرانی کەسم نەوتووەتەوە، گۆرانی فۆلکلۆریم وتووە، ئەوانەی کە من وتوومنەتەوە گوێیان لێ بگرە، هەموویان جێ دەستی منیان پێوە دیارە.
**رامان:** کەواتە فۆلکلۆرت وەک خۆی نەهێناوە دووبارەی بکەیتەوە؟
**حەمەی نێرگز:** نا، من (سەوزە مەرۆ سەوزەکەم)م وتووە، سەربەستەکەی فۆلکلۆرە، بەڵام هەموو بەستەکانی دەستکاری خۆمن، سەتا سەتیش سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، واتە هەمیشە حەزم کردووە ئەگەر بەستەیەکی فۆلکلۆریش بڵێم، قابیلی ئەوە بێ جوانکاری تێدا بکەم و ئەنجامی بدەم. حەز دەکەم گوێ لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکە بگریت تا بزانیت ئەم گۆرانییە چۆن دەستکاری کراوە.
**رامان:** هیچ بۆنەیەکت لەگەڵ هونەرمەند جەلال کۆچەردا هەبووە؟
**حەمەی نێرگز:** جەلال کۆچەر هاوڕێم بوو، لە گۆرانی وتندا گۆرانیبێژێکی سەرکەوتوو بوو، دەنگێکی زۆر غەمگینی هەبوو، گۆرانیبێژێکی چاک بوو، بەڵام هەژار و دەست کورت بوو، بۆیە لە برسان مرد. لە ئێزگەی بەغدا کاری دەکرد، من زۆرجار سەفەری بەغدام کردووە، زۆربەی هاوڕێکانم لە زانکۆ بوون، بوارم بووبێ چوومەتە لای برادەرەکانم. کە دەچوومە بەغدا دڵشاد مەریوانی و ئەکرەمی مام عەلی و مارف ناسراو و هەمزەی عەلی دەدە...تاد لەوێ بوون، کۆمەڵێک ئەدیب و هونەرمەند بوون سەردانم کردوون و لەگەڵیاندا بووم. دڵشاد مەریوانی لە بەغدا مامۆستای زانکۆ بوو، دەتوانم بڵێم هەموو مۆڵەتەکانم کە وەرم دەگرتن لەگەڵ دڵشاد مەریوانی لەزانکۆ بەرێم کردوون.
**رامان:** سەرنجم داوە تۆ زۆر تێکەڵاوی نووسەر و هونەرمەند و ئەدیبان دەبوویت، کەسانێکی زۆر لە ئەدیبان، دۆستایەتی و برادەرایەتی تۆیان کردووە، هۆیەکەی چییە؟
**حەمەی نێرگز:** زیاد لە چوار سەد ئەدیب و هونەرمەندی ئەو شارە، بە شارەکانی دیکەشەوە هاوڕێم بوون، چونکە حەزم کردووە هەمیشە لەناو کۆڕ و مەجلیسێک شەش سەعات دابنیشم و قسەی تێدا بکەن، من دەم نەکەمەوە و گوێ بگرم و شتێک فێر بم.
**رامان:** بە هەق هەروا بووە.. ئەو برادەرایەتییەت لەگەڵ نووسەراندا نیشانەی ئەوەیە حەزت لە ئەدەبیاتیش بووە؟
**حەمەی نێرگز:** زۆر حەزم لە ئەدەبیات بووە، ئەو

شیعرانەی هەڵمبژاردوون بەڵگەی بەدواداچوونی منە بۆ شیعر و ئەدەبیاتی کوردی.

**ڕامان:** ئەوە یەکێکە لە ئیشە باشەکانت، تۆ با ئاوازی جوانیشت هەبێ، ئەگەر شیعرێک نەبێ لە ئاستی چڕین و قوڕگ و ئاوازەکەدا بێ، ناکاتە هیچ.

**حەمەی نێرگز:** دەبێ ئاواز و دەنگەکە، تانوپۆی یەکتر و تەواوکەری یەکتری بن.

**ڕامان:** دیارە ئەو نزیک بوونەوەیەت لە ئەدیبان و نووسەران ئەو سوودەشی بۆتان هەبووە تا هەستێکی ئەدەبیتان لەلا دروست بکات؟

**حەمەی نێرگز:** ڕاستە.. زۆربەی ئەدیب و هونەرمەندەکان هاوڕێ و برادەرم بوون، کە چوومەتە لایان دانیشتووم گوێم گرتووە و حەزم کردووە شتیان لێوە فێر بم.. لەوانەوە فێری ئەوە بووم چۆن ڕێز لە خەڵکی بگرم، چۆن ڕێز لە هونەر و ئەدەب بگرم. هەموو ئەمانە لەو هاوڕێیانەمەوە فێربووم، خۆ کاک ئازاد تۆش لە من دوور نەبووی.

**ڕامان:** تۆ کە ڕووت کردووەتە ئاوازدانان، ئایا ئەوە مانای ئەوە نییە کە لەلای ئێمە ئاوازدانەر نەبووە تا وەک گۆرانیبێژێک پشتیوانی لەتۆ بکات؟

**حەمەی نێرگز:** بێ گومان وایە، ئەگەر ئاوازدانەرمان هەبووبێ، بۆچی ئێمە ڕوومان دەکردە ئاوازدانان؟

**ڕامان:** یان هۆیەکەی ئەوەیە ئاوازدانەریش هەبووبێ، ئەوە ژمارەیان کەم بووە؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ، بەڵام من هەموو ئاوازێکیشم بەدڵ نەبوو بیڵێم، شتێک لەگەڵ شێوازی من نەگونجابێ حەزم نەکردووە بیڵێم. ئەوەشت بۆ باس بکەم، لە حەفتاو چوار شەڕ دەستی پێکردبووەوە، من لە ڕێگەوبانی سلێمانی کرێکار بووم، لە ڕێی قەرەداغی تازە ئیشم دەکرد، لەسەر کار ئەلغامێکم پێدا تەقییەوە، ئەو ڕۆژەی کە ئەو ڕووداوەم بەسەر هاتبوو، هاوڕێی خۆشەویستم یاسین بەرزنجی لە بەغدا ئیشی هەبوو، هەموومان دەچووین بۆ هوتێل عەبدوڵڵای لای شۆریجەوە، چونکە ژوورەکەی دڵشاد مەریوانی لەو هوتێلە بوو، مارف ناسراو خۆی کاتبی ئەو هوتێلە بوو، شەو دەچووین بۆ ئەوێ، خۆی جێی چوار کەس بوو، لەوانەیە هەژدە کەس لێی نووستبین، یاسین بەرزنجی چووبووە ئەوێ، دڵشاد مەریوانی هەواڵی سلێمانی لێ پرسیبوو، ئەو وتبووی هەواڵێکی ناخۆشم پێیە، هەموو کەس دەزانێ دڵشاد مەریوانی چەندە هاوڕێی من بوو، دەڵێ چی بووە؟ دەڵێ حەمەی نێرگز ئەلغامی پێدا تەقیوەتەوە، وەک یاسین بەرزنجی بۆی گێڕامەوە و مارف ناسراو و جەماعەتیش کە لەوێ بوون، وتی دڵشاد مەریوانی گریاوە، کە زۆر کەم دەگریا، سوێندیشی نەدەخوارد. بۆ بەیانی ئەو شیعرەی دابوو بە یاسین بەرزنجی و وتبووی ئەوە بەرەوە بۆ حەمەی نێرگز، لە دواییدا پێم وابێ لەگۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ-دا بڵاوی کردەوە، لەوێش و لە دیوانەکەشیدا نووسیویەتی ئەو شیعرە تایبەتە بە حەمەی نێرگز، من شیعرەکەم خوێندەوە زۆر جوان بوو، هەموو مواسەفاتی شیعری گۆرانی تێدا بوو، وەک سۆز و وێنەی شیعریی جوان، بۆیە ئاوازم بۆ دانا، گوتم با پێش ئەوەی تۆماری بکەم، یان لەسەر شانۆ بیڵێم، با بڕۆم بۆ خۆی بڵێم بزانم ئەو ئاوازەی من دامناوە لێی ڕازییە؟

**ڕامان:** ئەوە کام شیعرەیە؟

**حەمەی نێرگز:** پێش شیعرەکەی (چاوەکانت دوو هۆڵی ناسک و گەشن) ئەو شیعرە هەر لەگەڵ ئەو دایە و ئەوە مەقامەکەیەتی و ئەمەیان بەستەکەیە. پاش چاکبوونەوە، چووم بۆ بەغدا، شەو بەیەکەوە بووین، لە بارێک دانیشتین ناوی (ڕەحاب) بوو، هەموومان لەگەڵ بۆیەکان ببووین بە ناسیاو، شەو تا درەنگانێک دەماینەوە، ئەو جارە تا دەوری یەک و دووی شەو ماینەوە، کابرا کلیلەکەی بۆ بەجێ دەهێشتین و دەیوت کە ڕۆیشتن بارەکە داخەن و بڕۆن، خۆشتان وەکیل بن، هەموویان کوردی ئێزدی بوون. دوای ئەوەی تۆزێک چۆڵ بوو، من بووم، ڕەئووف حەسەن، هەمزە عەلی، مارف ناسراو، ئەکرەمی مام عەلی، حەسەنی حاجی مەحموود بوو، وتم کاک دڵشاد ئەم ئاوازەم بۆ ئەم شیعرەی تۆ داناوە و ئاوازەکەم بۆ وت. ڕەئووف حەسەن وتی حەمەگیان بیڵێرەوە، دووجارم بۆ وتەوە. زۆر سوعبەتم لەگەڵ ڕەئووف حەسەن هەیە، خۆشت دەزانی ڕەئووف حەسەن دەمی چەند پیسە، ئیتر هەستا جنێوبارانی کردم، وتی من ملیۆنێر نیم چەکێکت بۆ بنووسم و بڵێم بڕۆ وەری بگرە، هەر ئەو جنێوانەم هەیە، تێر جنێوی کردم و دەستخۆشی لێ کردم.. ئەو شیعر و ئاوازانەی من وتوومن، بێجگە لەوانەی خۆم دامناون، ئەگەر خاوەنەکەیان مابن، پرسم بە خاوەنەکەیان کردووە تا بزانم ئەو ئاوازەی من بۆ شیعرەکەیم داناوە ڕازییە، یان نا.

**ڕامان:** تۆ هەر ئەو جارە گۆرانت بینی، جاری دیکە نەتبینییەوە؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ هەر ئەو جارە بینیومە، ئەوە یەکەم

جار و دواجار بوو.

**رامان:** هەوڵت نەدا جارێکی دی بیبینیتەوە؟

**حەمەی نێرگز:** گۆران پیاوێکی زۆر بەڕێز و کامڵ بوو، منیش منداڵ بووم، هەست کردن بە گەورەییەکەی وای لێ کردبووم، شەرمم دەکرد بچمە لای، یان خۆمی پیشان بدەم، بەڵام ئەو ئامۆژگارییە گرنگەی کردم، دەتوانم بڵێم هەر ئەو ئامۆژگارییەش بوو کە وای لێ کردم زیاتر بایەخ بەو ئاوازانە بدەم کە خۆم دام دەنان.

**رامان:** تۆ کە بیرت لە ئاوازدانان کردەوە، هەستت کردووە کەلێنێک هەیە و دەتەوێ پڕی بکەیتەوە، یان ویستووتە لەو بوارەشدا خۆت تاقی بکەیتەوە و توانایی خۆت بەدەر بخەیت؟

**حەمەی نێرگز:** حەزم کردووە خۆم تاقی بکەمەوە، من ئەزموونم زۆرە، لە کاری نواندندا، لە سنعاتدا، هەروەها لە فۆتبۆلێنیشدا خۆم تاقی کردووەتەوە، با باسی سنعاتت بۆ بکەم، بەرگدروویم کردووە، شاگرد نانەواییم کردووە، شاگرد چاپچێتیم کردووە، دووجار شاگرد سینەماییم کردووە، کرێکاریم کردووە، ڕۆژ نەبۆتەوە دۆغاوم (گەجی زۆر شل کە دەگیرێتەوە) گرتووەتەوە، تا ڕۆژ ئاوا گەچم گرتووەتەوە بووە. ڕۆژی بە سێ پەنجایی کارم کردووە، ئەمانەم هەمووی کردووە، بەڵام لە هیچیاندا سەرکەوتنم بەدەست نەهێناوە و لە هیچیانیشدا نەبوومە وەستا.

**رامان:** منیش خەریکە وا بڵێم.. تۆ بە تەواوی لەسەر هیچ کامێک لەو سنعاتانە نەگیرساویتەوە، (سبع صنایع والبحث صنایع).

**حەمەی نێرگز:** نواندنەکەشم هەروەک سنعاتەکە وابوو، تێیدا نەبووم بە وەستا، بەڵام لە بواری گۆرانی وتندا لەوانەیە تۆزێک باش بووبم.

**رامان:** ئاوازدانان بۆ هەندێک شیعری وەک شیعری گۆران و دڵشاد مەریوانی و ئەوانەی دی کە ئێستا باسمان کردن..

**حەمەی نێرگز:** حەمە ڕەسووڵ هاوار و شێخ ئەنوەریش..

**رامان:** ئەوە بەو مانایە نایەت کە تۆ خەون و ئاواتت هەبووە و ویستووتە ئاوازێک لە ئاستی خەونی خۆتدا بڵێیی، بەڵام دەستت نەکەوتووە، بۆیە خۆت ئاوازەکەت داناوە؟

**حەمەی نێرگز:** بێ گومان هەموو کەسێک لە ژیاندا چ ئەدیب، یان شانۆکار بێ، هەمووان ئاواتیان هەیە، ئەگەر تۆ خەون و ئاواتت نەبێ چۆن دەبیت بە ڕەخنەگر، من ئەگەر ئاوات و خەونم نەبووبێ، چۆن بوومە گۆرانیبێژ.

**رامان:** مەبەستی من ئاوات و خەونی ئاوازدانانەکەیە.

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ، بەڵام ئەو شیعرانەی خوێندوومنەتەوە، کاریان تێ کردووم و خۆیان بەسەرمدا سەپاندووە.

**رامان:** لەوانەیە ئاوازدانەرێکیش نەبووبێ بەپێی ویستی خۆت ئەو شیعرەت بۆ دەستنیشان بکات و بە ئاوازێکی جوان هەقی خۆی بداتێ؟

**حەمەی نێرگز:** نەخێر نەبوو، بۆیە ناچار بووم بەخۆم ئەوەم کردووە و بەخۆشم شێوازێکی باشم هەبووە و توانیومە ڕێگای خۆم بدۆزمەوە.

**رامان:** تا ئێستا ئاوازەکانت نیشانی چەند کەس داوە؟

**حەمەی نێرگز:** جاری پێش هەموو شتێک ئاوازەکانم دەخستە بەردەستی موزیکژەنەکان، هەرچی ئاوازێکم دانابێ، پیشانی نامدار عومەرم داوە، پیشانی شەوکەت ڕەشیدم داوە، بۆ کۆمەڵێک هونەرمەندیشم وتووە کە لە بواری شانۆدا کاریان کردووە و چێژیان لە مۆسیقا وەرگرتووە.

**رامان:** ناوی هەندێک لەوانە بڵێ.. وەک کێ و کام لەو هونەرمەندە شانۆییانە؟

**حەمەی نێرگز:** وەک ئەحمەد سالار، ئازادی حەمە بچکۆل، عوسمان چێوار، نووری وەشتی، شەوکەت ڕەشید، هەروەها کە ئاوازێکم داناوە لە دانیشتنەکانی خۆماندا بۆم وتوون و بیروڕام وەرگرتوون، زۆربەی ڕایەکان وتوویانە ئەوە شێوازی خۆتە و جوانە و هیوادارین کاری تێدا بکەیت، بەڵام ئەوەی بەدەستمانەوە بووە کارمان بۆ بکات شەوکەت ڕەشید و نامدار عومەر بوون، نامدار عومەر مامۆستای دەرەوەی شار بوو، شەوکەت ڕەشید لە کەرکووک دەوامی دەکرد، ئەمانە هەفتەی جارێک دەهاتن بۆ لای من، ئەگەر ئاهەنگێک، یان بۆنەیەک ببوایە، بەشداربیان بکردبایە، ئەوە مۆڵەتیان بۆ وەردەگیرا.

**رامان:** شەوکەت ڕەشید لە کەرکووک لە تیپی مۆسیقای سەربازی بوو؟

**حەمەی نێرگز:** لە تیپی مۆسیقای سەربازی بوو، پێم وابێ یەکێکیشە لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای سۆلاف لە کەرکووک.

**رامان:** ئەی دەوری لە دامەزراندنی تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و تیپی مەولەوی هەبووە؟

**حەمەی نێرگز:** کۆمەڵ لە شەست و نۆ دامەزراوە، من شەست و نۆ ئەندامی کۆمەڵ نەبووم، من لە حەفتاوە بەهۆی هونەرمەند ئەحمەد سالارەوە بوومە ئەندام کە ئەویش یەکێکە لە هاورێ کۆنەکانم لە سلێمانی، ئینجا شتێکی خۆشی ئەحمەد سالارت بۆ بگێڕمەوە، ئەحمەد سالار دەیویست بچێ بۆ رووسیا دکتۆرا وەربگرێ، دایکی زۆر خۆشی دەویست، منیش هاورێی سەردار و ئەحمەد سالاریش بووم، واتە هەردوو براکە و زۆر هاتوچۆیانم دەکرد، دایک و باوکیشی زۆر منیان خۆشدەویست، دایکی تەئسیری تێ کردبووم دەیوت، بەشکوم تەئسیر لە ئەحمەد بکەیت نەچێ بۆ رووسیا. منیش لەگەڵ ئەحمەد سالاردا خەریک بووم کە نەچێت، لە گەڕەکی مەڵکەندی باخێک هەبوو، ئێواران قاپێک شەرابم بۆ خۆم دەخستە گیرفانمەوە و قاپێکیش بۆ ئەو، دەمبرد بۆ ئەو باخەو دادەنیشتین و قسەمان دەکرد و باسی هونەر و گۆرانی و...تاد دەموت توشەرەف ئەحمەو تۆ بچی بۆ رووسیا ئەم دانیشتنەی ئێرەت دەست دەکەوێ؟ دەستی دەکرد بە پێکەنین دەیوت نەوەڵڵا. وەلحاسڵ من تەئسیرم لێ کرد، ئەویش لە خۆشەویستی دایکی نەچوو بۆ رووسیا. لەم دواییە شەڕی ناوخۆ تەواو ببوو، شانۆگەرییەکیان هێنابوو بۆ سلێمانی، لێرە لەگەڵ هاورێی خۆشەویستم ئەحمەد عەبدوڵڵا چووین بۆ شانۆییەکە و لەگەڵ ئەویشدا دانیشتبووین، خێزانی ئەحمەد سالار پێی وتم تۆ نەتهێشتووە بچێ بۆ مۆسکۆ ئەگینا ئێستا ئێمەش لەوێ بووین.. وتم ئاخر ئەگەر من بمهێشتبایە بڕوا، ئێستا تۆ خێزانی ئەو نەدەبووی، بۆیە دەبێ تۆ دوعای خێر بۆ من بکەیت، لەبەر ئەوەی من نەمهێشت بڕوا.

**رامان:** وەک ئاگام لێیە تۆ کەسێکی ڕەنجدەر بوویت، لە ژیانتدا نەداریت زۆر دیوە، وەک خۆشت باست کرد ئەم لایەنە زۆر کاریگەری بەسەر کەمیی ژمارەی گۆرانییەکانت و کاری هونەریتدا هەبووە کە نەتوانیوە بەپێی خواستی خۆت، زیاتر خۆت بۆ هونەرەکەت تەرخان بکەیت و کار و بەرهەمی زۆرترت ببێ؟

**حەمەی نێرگز:** بێ گومان زۆر کاریگەریی هەبووە، نەک هەر بە نیسبەت منەوە، بگرە بۆ زۆربەی زۆری هونەرمەندەکانمان کە هەموویان ئەو بارودۆخەی منیان بەسەردا هاتووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە باوکم بە هۆی نەخۆشییەوە هەردوو چاوی لەدەست داوە، ئیتر کەس نەبووە سەرپەرشتیمان بکات و بەخێومان بکات تەنیا دایکم نەبێ، بۆیە دەتوانم بڵێم لە تەمەنی چوار ساڵییەوە بەدوای ناندا ڕام کردووە کە تا ئەمڕۆش پێی نەگەیشتم و هەر پێی نەگەیشتم. ئەو ئیشانەی باسم کردن هەموویم کردووە، حەماڵیم کردووە و شاگرد خەیات بووم، ئێمە هەژار بووین، کە ئێوارە لە دوکان ئیزنیان دەدام بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، گەراجی قالە هەبوو لەسەر جادەی مەولەوی بوو، دەچووم بەڵکو زەلامێک لە بەغداوە بێتەوە تا جانتاکەی بۆ هەڵگرم بۆ ماڵەوە، ئەوانە تەئسیریان زۆرە لەسەر هونەر، چۆن تەئسیری نییە؟ تۆ کە خەریکی نان پەیدا کردن بیت، لەکوێوە گۆرانی دەڵێی؟ باشە چ هونەرمەندێک لە شاری سلێمانیدا هەیە بەخۆشی ژیابێ و سەروەت و سامانی هەبووبێ تا بتوانێ بەسەروەت و دەوڵەتەکەی خزمەتی هونەرەکەی خۆی بکات، من کەس ناناسم.

**رامان:** لەگەڵ هەموو ئەو ناخۆشییانەی ژیانت و ئەو تەمەنە دوور و درێژەی تۆ تێیدا خەریکی هونەری گۆرانی وتن بوویت، کە سەیر دەکەی بەرهەمەکانت لەچاو ئەو تەمەنە هونەرییە دوور و درێژە کەمە، بێجگە لەو بارودۆخە نالەبارەی ژیانی خۆت و خێزانەکەت، خۆشت نەختێک تەمبەڵیشیت تێدایە.. ئەی وا نییە؟

**حەمەی نێرگز:** بێ گومان تەمبەڵییەکە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حەزم نەکردووە شەوێک لەگەڵ کۆمەڵێک برادەر دانیشم و دە گۆرانی فۆلکلۆری بڵێم و بۆ بەیانی بیخەمە بازاڕەوە، حەزم کردووە گۆرانییەک بڵێم خەڵک پێی خۆش بێت و بمێنێتەوە.

**رامان:** قەناعەتت وا بووە کاری کەم و پوخت بکەیت؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ، گۆران وتەنی:

**بنووسە، بپرسە، مەترسە**

**تەنیا دوو دێڕ شیعری جوانت بەسە**

شاعیر بیت بە دوو دێڕ، شێوەکار بیت بە دوو تابلۆ، چیرۆکنووس بیت بە چیرۆکێک. وەکو گۆران دەڵێ بە دوو دێڕ دەردەکەویت.

**رامان:** بەڵام دەکرا ئەو یازدە گۆرانییەت ببن بەبیست گۆرانی؟

**حەمەی نێرگز:** بێ گومان دەکرا، ئەگەر ژیان بواری پێ بدامایە. من لە چوار ساڵیمەوە هەژاری ئەو یەخەیەی گرتوویە، بەری نەداوە. هەموو برادەرەکانم دەزانن من لە دایرەی ڕێگاوبان بووم، بەلایەنی کەمەوە پازدە سەعات دەوامم کردووە، لەسەر جادە، گەرما، سەرما، ژیانەکەی ئێمە ئەوەبوو، ئەگەر هاتبێتم کارێکی هونەریم کردبێ

ئەوانەم کە کردووە بوونەتە هۆی بڕینی ڕۆژانە و ئۆڤەر تایم و سەعاتی ئیزافیم، چونکە ئەو ڕۆژانەم بۆ حیساب نەدەکرا، ئێمە مووەزەف نەبووین، تا وەک ئەوانی دیکە مۆڵەتێک وەربگرین، کە شانۆیی (کیچ)مان بردە هەولێر، لەوێ حەڤدە ڕۆژ لەگەڵ گۆرانی و مۆسیقادا پێشکەشمان کردووە، باشە فەرمانبەرێک لە دائیرەکەی خۆی مۆڵەتی بۆ کراوە و لەگەڵ ئێمە هاتووە و مووچەکەی وەرگرتووە، بەڵام من کرێکاری ڕۆژانە بووم، حەڤدە ڕۆژە کە هیچم دەست نەکەوتووە، واتە زەرەرم کردووە، ئەو پارەیەش کە کۆمەڵ بۆ مەسرەفی ڕۆژانە دەیدا بە ئێمە، چوار سەد فلس بوو، چوار سەد فلسەکە بەشی دوو ژەم نان خواردنی نەدەکرد، خۆ کۆمەڵیش پارەی نەبوو.. کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی گرێبەستێکی لەگەڵ یانەی فەرمانبەران هەبوو تا مانگی دوو ئاهەنگییان بۆ بکەین، ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقامان بە پازدە دینار بۆیان دەگێڕا، هەر ئاهەنگێک بە پازدە دینار بۆ ئەوەی سی دینار کرێی بارەگای پێ بدەین. من زۆر شەو لە یانەی فەرمانبەران گۆرانیم وتووە، یەکێک ئەگەر بەدڵی نەبووبێ قسەی ناشیرینی کردووە، تەنانەت جنێویشی تێدا بووە، هەر لەپێناوی هونەر و کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی ئێمە تامی ژیانمان نەدەزانی. ئێستاشی لەگەڵ دابێ من مانگی سێ سەد هەزار دینار ڕێزلێنانم هەیە، دوو سەد و بیستی هەقی خانەنشینی خۆمە، یانی مانگی هەشتا هەزار لە حکوومەتی هەرێم وەردەگرم. ئەوەی ئێمە کردوومانە نەک کەمە، دەبێ بڵێین زۆر زۆرە، چونکە کە تۆ بە شوێن بژێوی ژیاندا ڕابکەیت، ناتوانی هیچ بکەیت، من ئەوە دوو ساڵە هاتوومەتە ناو خانووی خۆمەوە، بڕوات هەبێ ئەوەش بە یارمەتی هاوڕێکانم کراوە و ئەوان زۆر دەستگیرییان کردووم، برادەرەکانم دەزانن من بەدەست کرێچێتییەوە چیم بەسەرهاتووە. حەزیشم دەکرد بیروڕای هەندێ لە برادەرەکانم لە بارەی منەوە وەربگریت، کە یەکێکیان خۆت کەسێکی نزیک بوویت لەمنەوە و کۆمەڵێک برادەرم لە چایخانەی شەعب هەیە لێیان بپرسە ژیانی ئەم پیاوە چۆن بووە؟

**ڕامان:** دیارە من لە نزیکەوە تۆ لە حەفتایەکانەوە دەناسم، بێجگە لە کاری هونەریی خەریکی خوێندنەوە و تێکەڵاوی نووسەرانیش بوویت و لە کۆڕ و دانیشتنەکاندا دادەنیشتی، لە گوێگرتن و لە موناقەشەکردندا بەشدار دەبوویت، باسی ئەوە ناکەم تۆ بۆ غەمی ئەدەبیت نەبووە، دەپرسم چۆنە لەسەر هونەر، بە تایبەتی هونەری گۆرانی نووسینت نەبووە، یان هەوڵت نەداوە هەندێک وتار و بابەت بنووسیت؟

**حەمەی نێرگز:** ئەوەی ڕاستی بێ ئەو تواناییەم تێدا نەبوو، واتە دەسەڵاتی نووسینم نەبووە تا بتوانم لە بارەی هونەرەوە بنووسم، خوێندنەوەی ساڵەکانی حەفتاش خۆت دەزانی ئەو چیرۆک و ڕۆمانانە بوون کە باو بوون، ئیتر منیش قوتابخانە و زانکۆم نەخوێندووە تا شارەزاییەکی تەواوم لەو بابەتانەدا هەبێ، ئەوەی فێری بووم لە خەڵکەوە فێری بووم، من لە قوتابخانەدا تا پێنجی سەرەتاییم خوێندووە، بەڵام ئەوەی کە فێری بووم، بە خوێندنەوە و لە خەڵکەوە فێری بووم، لە هاوڕێکانمەوە فێری بووم.

**ڕامان:** چەند بەهۆی کتێبەوە فێر بوویت؟

**حەمەی نێرگز:** زۆری بە ڕێگەی کتێبەوە بووە، بێ گومان کە کتێب دەخوێنیتەوە کاریگەی خۆی لەسەرت هەیە، ئەو کتێبانەی ئەوکاتە ئێمە دەمانخوێندنەوە، خۆت دەزانی هەمووی بابەتی شۆڕشگێری بوون، بۆ نموونە (کیف سقینا الفولاذ)ی لیرمنتۆف، (عشرة أيام هزت العالم) و نووسینەکانی ترۆتسکی و جۆرج تەرابیشی، لە چیرۆکنووسەکانی خۆشمان ئەوەی پێوەندی بە کوردایەتی و بە شۆڕشەوە هەبووبێت دەمانخوێندەوە، کە بەرهەم و نووسینە عەرەبییەکانم دەخوێندەوە، بڕوات هەبێ جاری وا بووە ڕستەیەکی عەرەبیم لێ عاسی بووە و لێی تێنەگەیشتووم، ئەگەر کەسێکی خوێندەوارم لەسەر شەقامەکە بینیبێ، بانگم کردووە و لێم پرسیوە ماناکەی چییە، چونکە قسەکەی گۆران چووەتە مێشکمەوە (بپرسن، مەترسن)، بەڵام ئەو تواناییەم لە خۆمدا شک نەبردووە بتوانم بنووسم، حەزیشم نەکردووە لە هەموو کاسەیەکدا ئەسکوێ بم.

**ڕامان:** وەک گۆرانبێژ تەنیا لە بارەی هونەری گۆرانیت بنووسیبایە و کەلێنێکی بچووکت پڕ بکردایەتەوە.

**حەمەی نێرگز:** ئیتر ئەوەم نەکردووە و بۆم نەکراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من ئەلغامم پێدا تەقییەوە و دەستم تووشی لەرزین بوو، ئێستاش ناتوانم بە تەواوەتی ئیمزایەک بکەم.

**ڕامان:** ئەمە مانای وایە تۆ هیچ دەستنووسێکت نییە و کارێکی نووسینت لەبەر دەستدا نییە؟

**حەمەی نێرگز:** نەوەڵڵا هیچ نووسینێکم نییە.

**ڕامان:** تەنانەت هەوڵت نەداوە بیرەوەرییەکانیشت بنووسیتەوە؟

**حەمەی نێرگز:** ئەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا نەبێ هیچم نییە، هیچ وێنەیەکی سەر شانۆشم نەماوە.

**ڕامان:** کەواتە ئەو نزیک بوونەوەیەت لە نووسەران و ئەدیبان هۆیەکەی هەر ئەوەیە کە ویستووتە شتێکیان لێوە فێر ببیت و ئەزموونی خۆتی پێ دەوڵەمەند بکەیت؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ، بێ گومان هەر ئەو مەبەستەم بووە.

**ڕامان:** بەلای تۆوە بۆ گۆرانیبێژ بەشێوەیەکی گشتی خۆ ڕۆشنبیرکردن، چەند بە پێویست دەزانیت؟

**حەمەی نێرگز:** زۆر زۆر پێویستە، دەبێ گۆرانیبێژ ڕۆشنبیرییەکی تەواوی بەلانی کەم لە بوارەکەی خۆیدا هەبێ.

**ڕامان:** چەندە لە ڕۆشنبیریی ئەو هونەرمەندە لاوانە ڕازیت کە ئێستا گۆرانی دەڵێن؟

**حەمەی نێرگز:** بەهۆی ئەو نەخۆشییەمەوە لە خوێندنەوە و بەدواداچوون دوورکەوتوومەتەوە، بەڵام ئەو گەنجانەی گۆرانی دەڵێن زۆر دەبینم، من یەک دووانێکیان دەناسم، بۆ ئەوانی دیکە هەر ئەوەندە دەزانم ئەمە گۆرانی دەڵێ، بەڵام نازانم ناوی چییە؟

**ڕامان:** ئەوانەی کە بەدڵتن کێن؟

**حەمەی نێرگز:** هەردی سەلاح و هێمن حوسێن-م خۆش دەوێن.

**ڕامان:** هەر ئەوەندە؟ ئەی عەدنان کەریم و بەهجەت یەحیا و پێوەند جاف و کێی و کێ دی؟

**حەمەی نێرگز:** لەم پاشاگەردانییەی هونەری کوردیدا کە ئێستا تێی کەوتووین، هەندێ دەنگ کە جێی خۆیان کردووەتەوە، ناتوانی باسیان نەکەیت، لەوانە عەدنان کەریم و بەهجەت یەحیا و هەردی سەلاح و هێمن حوسێن و نووری گەرمیانی (وەک گۆرانی میللی) و میدیا حوسێن و کامەران عومەر، میدیا حوسێن وەچەی ئێمەیە، زۆر لە ئێمە مندالتر نییە. هەندێک گۆرانیبێژ دەبینی وەک مۆدێل کۆمەڵێک ئافرەتی داناوە و بە دەوریدا دەخولێنەوە و نەختێ گیانیان ڕووتە، ئیتر نە ئاواز کوردییە و نە شیعر کوردییە.. بەڕاستی فەوزایە.

**ڕامان:** لەناو ئەو فەوزایەشدا دەنگی باش هەیە.

**حەمەی نێرگز:** عەتا قەرەداغی و دیاری قەرەداغی و کۆمەڵێک دەنگی دیکەش هەن ناوەکانیانم لەبەر نییە، زۆریش لەوانەی ئێستا گۆرانی دەڵێن نە گۆرانی کوردییە و نە شیعر کوردییە و نە ئاوازیش کوردییە، کە گوێت لێیان دەبێ، دەبینی ئەمە فارسییە، عەرەبییە، تورکییە، بەڵام کوردی نییە، گۆرانی ڕەسەنی کوردی کە گوێت لێ دەبێ ئەگەر گۆرانییەکە عاتیفی بێ، تۆ خۆتی لەگەڵ ڕادەژەنی، یان ئەگەر ریتمی خێرا بێ شانی لەگەڵدا بادەدەی. من شتێکت بۆ بگێڕمەوە، هەڵبژاردنی تیپی مەولەوی-مان هەبوو، هەموو ئەندامانی تیپ لەوێ بوون، قوباد جەلی زادە وەک دادوەر هات، پرسیارێکی لە نامدار عومەر کرد، وتی گۆرانی کوردی جاران هەیە بیست و حەوت ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە کە گوێی لێ دەگری دەڵێی ئێستا وتراوە، ئەم گۆرانییانەی ئەمڕۆش لە دایک دەبن، پاش حەفتەیەکی دی دەمرن.. وتی ئەوە دەلالەت لە ڕەسەنی و ناڕەسەنی گۆرانییەکە دەکات.

**ڕامان:** باشە ئەلێرەدا دەتوەستێنم، چۆن لە ڕەسەنیی گۆرانی کوردی تێدەگەی، تێگەیشتنی تۆ بۆ ڕەسەنایەتی لە گۆرانیدا چییە؟

**حەمەی نێرگز:** دەبێ شیعری چاک هەڵبژێریت، ئاواز و مۆسیقای کوردی، شێوازی مۆسیقای کوردی دیارە، دەبێ ئەو شیعرە تانوپۆی ئەو ئاوازە بێ، تۆ دەبێ زیاتر لە کەلەپوور و فۆلکلۆری نەتەوەکەت و لە مەقامە ڕەسەنەکانی کوردییەوە نزیک بیت، تۆ ئەگەر دەتەوێ گۆرانی کوردی بڵێی، دەبێ بۆ کوردی بڵێی، منیش لەگەنجیمدا بیست گۆرانی (ئوم کەلسووم)م لە ئەلفەوە بۆ یا ء لەبەر بوو.

**ڕامان:** ئەو گەنجانەی ئەمڕۆش دەڵێن ئێمە گۆرانی بۆ ئەو توێژە دەڵێین کە توێژێکی فراوانە، گەنجەکان حەزیان بەو ستایل و شێوە گۆرانییانەیە کە ئێمە دەیانڵێین، خۆ ئەوانیش کوردن.

**حەمەی نێرگز:** لەو قەناعەتەدام ئەو گۆرانیانە تەمەنیان لە شەش مانگ زیاتر نییە، لە دوای شەش مانگ دەپووکێنەوە و نامێنن، بەڵام گۆرانی هەیە لە حەفتاکانەوە وتراوە، ئێستاش کە گوێت لێی دەبێ خۆتی لەگەڵدا ڕادەژەنی.

**ڕامان:** کەواتە لەلای تۆ ڕەسەنایەتی تەمەن درێژی و مانەوەی گۆرانییەکەیە؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ تەمەن و مانەوەی گۆرانییەکەیە، حەز ناکەم باسی خۆم بکەم، هەر ئەوکاتە قوبادی جەلی زادە وتی من بیست و دوو ساڵ پێش ئێستا گوێم لە گۆرانی حەمەی نێرگز بووە، ئێستاکە گوێی لێ دەگرم هەروا دەزانم ئەو ڕۆژەیە، یان کە گوێ لە عوسمان عەلی، حەسەن گەرمیانی، برایمی خەیات، قادر کابان، کەریم کابان دەگرم، وەکو ئەمڕۆ گۆرانییەکان وترابن وایە.

تەحـەدا دەکـەم کـەس دوو گـۆرانی تازەی لەبەر بێ، نە شـیـعـریـان شـیـعـرە، نە ئـاوازیان ئاواز، نە مـۆسـیـقـایان مۆسیقایە، بەڵام ئێستا ئەگەر پێت بڵێم باران بارانەکەی حـەسـەن گـەرمـیـانـیـم بۆ بڵێ، ئەوە بێ گـومـان لە یادەوەریتدا مـاوەتەوە، یان بڵـێم گـۆرانی مـشکۆ، یان فـوئاد ئـەحـمـەد، یان تـەحـسین تەهایەکم بۆ بڵێ، ئەوە هەموویان لە یادەوەریتدا ماون.

**رامـان:** بەڵام ئـەم تەمـەن درێژی و ڕەسـەنـایەتـیـیـەی گۆرانی، ڕێی لەوە نەگرتووە کەس گۆرانی نوێ بکاتەوە؟

**حەمەی نێرگز:** نوێ کردنەوە ئوسلووب و شێوازی خۆی هەیە، خۆ (باخم بێ بەرهەم) گۆرانییەکی نوێیە و لەگەڵ جازیشدا وتوومە، بەڵام بەسەر دەمی خەڵکەوەیە، من لە حەفتاکاندا لە ئێزگەی بەغدا تۆمارم کردووە، لە نەوەد و شەشدا لەگەڵ تیپی سەهەند تازەم کردووەتەوە.

**رامان:** لەناو ئەو گۆرانیبێژە لاوانەی ئەمڕۆ خەریکی گۆرانی وتنن، هەن دەڵێن ئێمە ستایلی پۆپ دێنینە ناو گۆرانی کوردییەوە و دەمانەوێ بەو شێوازە نوێیە گۆرانی بڵێین، تۆ پێت باشە ئەو جۆرە ستایلە بێتە ناو گۆرانی کوردییەوە؟

**حەمەی نێرگز:** ئەگەر وەکو ئەو بەرنامانە بێ کە تیپی سـەهەند کـردوویەتی، ئەوە سـەد لە سـەد لەگـەڵی دام، چونکە ئەو شێـوازە هەر قابیلی ئەوەیە گوێی لێ بگری، لەناو ئەوانەش گۆرانییەکانی سامان.

**رامان:** لەو ستایلەدا تەنیا سامانت بەدڵە؟

**حـەمـەی نێـرگـز:** سـامـان لە شـارەوانیـدا ئەندازیارە و کۆمەڵێک گۆرانی ناوازەی لەگەڵ تیپی سەهەندا هەیە، تۆ سـەیر کە ئەوانیش لەسـەر شێـوازی ڕۆژئاوایی ئیش دەکەن، بەڵام گوێ لەبەرهەمەکانیان بگرە.

**رامان:** کەوابێ تۆ لەگەڵ ئەوە دای ئەو ستایلە هەبێ، بەڵام بەشێوەیەکی زانستییانە و دیراسەت کراوبێ؟

**حەمەی نێرگز:** تۆ دەتوانی وەکو ناو ناوی منیش بێنی، چونکە منیش لە بواری تازەگەری گۆرانیدا ئیشم کردووە، خۆ هەر لەسەر مۆرکە کۆنەکە نەماومەتەوە، منیش بەشی خـۆم لە نـوێکردنەوەی گـۆرانی کـوردیدا بەشـدار بووم، چونکە نوێ کردنەوەی گۆرانی کوردی بە چەند قوناغێکدا تێـپـەڕیوە، هەر بۆ نموونە لە پەنجـاکـانـدا و لەپێش پەنجاکانیشدا ڕەفیق چالاک کۆمەڵێ ئاوازی نوێی داناوە و لەگـەڵ گـۆران و ڕەمـزی قـەزازدا لە ئێـزگـەی (شـەرقی ئەدنا) وتوویەتی. لەدوای ئەو کۆمـەڵێک کـەسی دیکەی وەکو عوسمان سابوونچی و ئەمانە هاتوونەتە پێشەوە، ئەوانیش شـوێن پەنجـەیان دیارە، لەدوای ئەوان شـەمـاڵ سائیب هاتووە، دەتوانم بڵێم ئەو هونەرمەندە شۆڕشێکی لە تازەکردنەوەی گۆرانی کوردیدا کردووە، بەدوای ئەودا عومەر ڕەزا، فوئاد ئەحمەد، تەحسین تەها، ئینجا برایم خـەیات، کـەریم کـابان، قـادر کـابان، سـەلاح مـەجـیـد، عـوسـمـان عـەلی، حـەسـەن گـەرمـیـانـی، حـەمـەی نێـرگـز هاتووە، هەر نەوەیەک بەپێی زەمەنەکەی خۆی دەستی لە تـازەکـردنـەوەی گـۆرانی کـوردیدا هەبووە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆکە گوێمان لێ دەبێت، نە تازەکردنەوەی گۆرانییە و نە تەڕەماشە.

**رامـان:** ئەی خـۆت بە درێژەپێـدەری کـام لەم لەو هونەرمەندانە دەزانیت کە ناوت بردن؟

**حەمەی نێرگز:** من خۆم بە درێژەپێدەری برایمی خەیات و کەریم کابان و ڕەفیق چالاک و دیلان و ئەمانە دەزانم.

**رامـان:** ئێـسـتـا کـاتی ئەوە هاتووە باسێکی شـێـوەی تۆمـارکـردنی گـۆرانیـیـەکـانی خـۆتمان بـۆ بکەیت، تۆ لە سەرەتاوە کە یەکەم گـۆرانیت بۆ تەلەڤـزیۆن و بـۆ ئێـزگـە تۆمـار کـرد، ئەوکـاتە ئـامێـر و کـەرەسـتـەکـان هەمـووی سـەرەتایی بوون، باسی دواکـاری خـۆشـتـمـان بکە کـە کردووتە، جیاوازی ئەو کارە لەگەڵ شێوەی تۆمارکردنی سەرەتا چۆن بوو؟

**حـەمـەی نێـرگـز:** با نموونەیەکت بـۆ بێنمـەوە، گـۆرانی (خەو) دەتوانم بڵێم لە حەفتـاو حەوت و حەفتـاو هەشت لەو ماوەیەدا تۆمار کراوە.

**رامان:** ئەوە یەکەمین گۆرانییە تۆمارت کردبێ؟

**حـەمـەی نێـرگـز:** باسی ئەوەت بۆ دەکـەم چۆن تۆمـارم کردووە.

**رامان:** من مەبەستم تۆمارکردنی یەکەم گۆرانیتە؟

**حەمەی نێرگز:** یەکەم گۆرانیم گۆرانی (نازەنین) بوو لە تەلەڤزیۆنی کەرکوک بەشە کوردییەکەی، کە بەشێوەیەکی ناشیرین تۆمار کراوە.

**رامان:** بۆ دەرهێنەرتـان نەبوو، یان ئامێـرەکـان خراپ و سەرەتایی بوون، یان بەرانبەر تۆمارکردنی گۆرانی کوردی کەمتەرخەم و بێباک بوون؟

**حەمەی نێرگز:** دەرهێنەرمـان ئەو عادل عـەبدوڵڵایە بوو کە لەوێ بوو، ئەو هەندێ شتی داهێنابوو کە مەگەر تەنیا خۆی لێکی بدایەتەوە. سەلاح مەجید گۆرانییەکی دەوت، کامێراکان ئاوتیان کردبوو و بنمیچیەکەیان پیشان دەدا، بلاجکتـۆرەکـان زۆر خراپ دانرابوون، ڕامکردە سەرەوە بۆ ئەوەی پێی بڵـێم ئەوە چییـە و بۆ وا دەکـات؟ کـابرای

وێنەگر وتی تۆ پێوەندیت بەسەر ئەمەوە نەبێ، ئەوە بۆچوونی دەرهێنەرەکەیە، ئەوە داهێنانی ئەو بوو تا بنمیچمان پیشان بدات کە لەو کاتانەدا کراوە، بەڵام گۆرانی (ئاواتی دووری)م لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆمار کرد کە زۆر بەدڵمە.

**رامان:** ئەوە دوا گۆرانی تۆمارکراوی پێش ڕاپەڕینی تۆ بووە؟

**حەمەی نێرگز:** ئەم گۆرانییە ئەنوەر قەرەداغی مۆسیقای بۆ داناوە و پێشەکی مۆسیقای بۆ کردووە و لەگەڵ شەوکەت ڕەشیددا کاریان لەسەر کردووە، بەڵام گۆرانی (خەو) تۆمارکردنەکەی چیرۆکێکە با بۆت بگێڕمەوە. نازانم تۆ جادەی مەولەوی قەیسەری میرزا تۆفیق شارەزایت؟

**رامان:** بەڵێ.. ئەوەی پێی دەڵێن قەسرەکەی تۆفیق قەزاز، نەک قەیسەری!

**حەمەی نێرگز:** لەسەری سەرەوە لە هەورەبانەکە هونەرمەند عەزیز سەلیم دەژیا کە شێوەکارێکی گەورە بوو، ئەمە بە تاقی تەنیا لەوێ دەژیا، ئێمە ئەو کاتە وەک هونەرمەندان زۆر سەردانیمان دەکرد و دەچووین بۆ لای، ویستم ئەو گۆرانییە تۆمار بکەم، تیپەکەمان ستۆدیۆی نەبوو، تۆمارکەرێکی گرۆندیکمان پەیدا کردبوو، عەزیز سەلیم زۆر منی خۆش دەویست، منیش زۆر سەردانیم دەکرد، زۆریشم حەز لە چایی بوو، ئەو چایەکی لێ دەنا، کەس ئەو چایەی ئەوی لێ نەدەنا، کە دەچووم بۆ لای دەیوت حەز لە چی دەکەی؟ دەمووت حەز لە چا دەکەم، گۆرانیشم بۆ دەوت، ئەو پێی وتم وەرە لێرە گۆرانییەکەت تۆمار بکە. ئیتر لێفەو بەتانیمان بۆ دیوارەکان برد و بەدیوار و ئەرزەکەیدا دامان کوتان بۆ ئەوەی سەدای نەبێ، ئەوکاتە ئۆتۆمبێلیش ئەوەندە زۆر نەبوو، شەویش دەرەنگ دەستمان پێ کرد، ئەنوەر قەرەداغی و حوسێن جونبووش لە تیپی سلێمانی هەر لەو بینایە بوون، نامدار عومەر و حەمە سەعید عەبدوڵڵا و کۆمەڵێ لەو موزیکژەنانەی لای خۆمان توانیمان (بۆ بێ لەو چاوە کاڵانەت) لەو ژوورەی عەزیز سەلیم بە تۆمارکەرێکی گرۆندیک لەگەڵ یەک دوو کەمان ئەو گۆرانییە لەوێ تۆمار کراوە، دەتوانم بڵێم تا ئێستاش دەنگەکەی ئەو گۆرانییە تۆمارکراوانە باشترن لەوانەی ئەمڕۆ کە بەو هەموو تەکنۆلۆژیایەوە تۆمار دەکرێن.

**رامان:** زۆر لە گۆرانیبێژانی لای ئێمە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن گۆرانیبێژێکی ڕەسەنن، سەرەتا خۆیان بە دووبارەکردنەوە و لاسایی کردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری، یان گۆرانی گۆرانیبێژە کۆنەکان سەرقاڵ دەکەن، ئیتر هەر لە مەزهەری خالیقی-یەوە بیگرە تا ماملێ و حەسەن زیرەک و...، تۆ بۆ ئەوانە دەڵێی چی؟

**حەمەی نێرگز:** من شتێکت بۆ بگێڕمەوە، لە دوای نسکۆوە، تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی شانۆگەری (ڕەجەب و پیاو خۆران)ی پێشکەش کرد.

**رامان:** لەبیرمە ساڵی ١٩٧٨ لە سلێمانی پێشکەش کرا.

**حەمەی نێرگز:** تیپەکە کۆمەڵێک لە سیاسەتمەدارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشیان بۆ ئێرە بانگهێشت کردبوو، شەو لە ماڵی برادەرێک دەعوەت بوون، منیش یەکێک بووم لەو کەسانەی لەوێ لەگەڵ ئەنوەر قەرەداغی، ئەحمەد سالار، حیکمەت هیندی، عوسمان چێوار، ئازادی حەمە بچکۆل، ئەحەی حەمکۆڵ، ئازاد جەلال، کۆمەڵێک لەو هونەرمەندانە لەوێ بووین، باسی شیعر و ئەدەبیات کرا، من مەقامێکی بەیاتم بە شیعرێکی هێمن وت:

**ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم و لێم ونی**

**تۆ خودا نی، تۆ خۆشەویستی منی**

ئەم شیعرەی بۆ سەڵاحی کوڕی وتووە، ئەوەم لەگەڵ کەمان بە دەستە ڕەنگینەکەی ئەنوەر قەرەداغی وت، ئەوکاتە من لە هەرەتی گۆرانی وتندا بووم، دواتر هاتینە سەر باسی شیعر، شیعرێکی مستەفا بەگی کوردی هەیە، پێم وابێ زۆربەی شاعیرە کوردەکان تەخمیسیان کردووە و نایەتەوە بیرم.

**رامان:** ئەو شیعرەیە (عیلاجێ سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ.. ویصاڵە، یان قەتڵە، یان تەسکین لە هەر سێ بۆم بکەن کارێ)

**حەمەی نێرگز:** ئەم شیعرە زۆر لە شاعیرەکان تەخمیسیان کردووە، یەکێک لە پرسیارەکان ئەحەی حەمکۆڵ لە مامۆستا هێمنی کرد و وتی مامۆستا چۆنە ئەو شیعرەت تەخمیس نەکردووە؟ جا ئێستا دێمەوە سەر پرسیارەکەی تۆ کە لێت کردم، وتی لەدوای شێخ ڕەزا دەبوایە کەسی دیکە تەخمیسی نەکردایە، هەروەها وتی ئەگەر بیروڕای منیشت دەوێ دەڵێم ئەوانەی تەخمیسی شیعر دەکەن، لەسەر سفرەی ئەو شاعیرە نان دەخۆن. جا ئەوانەی ئێستا گۆرانی دەڵێن، گۆرانی کەسێک دەڵێنەوە کە خۆی لە ژیاندا ماوە و دەنگی تێک نەچووە، مۆسیقاکەی تێک نەچووە، بەمە دەیانەوێ خۆیان لەسەر حیسابی خەڵکی دیکە دروست بکەن، ئەمە پێی ناڵێن هونەرمەند. بەدیدی من هونەرمەند دەبێ داهێنەر بێ،

ئەگینا تۆ ساڵ دوازدەی مانگ لاسایی گۆرانیبێژانی دیکە بکەیتەوە، دڵنیابە لەسەر سفرەکەی ئەوان نان دەخۆیت و هیچت پێ نابڕێ.

**رامان:** هەندێک لەوانە دەڵێن دەستکاریمان کردووە، هەندێکیشیان دەڵێن نوێمان کردووەتەوە، یان ڕتووشمان کردووە.

**حەمەی نێرگز:** نەخێر ڕتووش نەکراوە، ڕووتووش چییە؟ ئێستا گوێ لە بەستەی (بێ ئارامی) دیلان و ڕەفیق چالاک بگرە کە هەردووکیان وتوویانە دەبینی تازەیە و هاڵاوی تازەیی لێ هەڵدەستێ، ئەگەرچی چل ساڵ لەمەوبەریش وتراوە. ئەو کەسە هونەرمەندە کە دەبێ داهێنانی هەبێ، ئیتر داهێنان زۆر و کەم، لەوانەیە من بە دوو سێ گۆرانی ببم بە حەمەی نێرگز، خۆ لەوانەیە لە کۆڕ و مەجلیس و لە دانیشتندا زۆرم وتبێ، کاتی خۆی کە منداڵ بووم بە تۆمارکەری گرۆندیک گۆرانیم وتووە و لە چایخانەکاندا لێدراوە، لەوانەیە پەنجا گۆرانیم وتبێ، بەڵام وازم لە هەمووی هێناوە، تەنانەت ئەگەر بەستەیەکی فۆلکلۆریم وتبێ سەیری بکەن و گوێی لێ بگرن جێ پەنجەی خۆمی پێوەیە، چەندیش تواناییم بووبێ ئاوازم بۆ خۆم داناوە، لاسایی کردنەوە ئەنجامی نییە.

**رامان:** ئەوە زانیمان تۆ لەگەڵ نوێ بوونەوەی گۆرانی کوردیدا، ئەوانەی ئێستا لافی نوێ بوونەوەی گۆرانی کوردی لێ دەدەن، ئینجا هەیانە تیپە، هەیانە تاکەکەس، ئەو داوا و بانگەشانە چەند بەڕاست دەزانی؟

**حەمەی نێرگز:** من هیچی بەڕاست نازانم، تازەکردنەوە لە گۆرانی کوردیت، ئەوەیە گوێ لەبەرهەمەکانی تیپی هونەری هەولێر، بەرهەمەکانی تیپی سلێمانی، گۆرانییەکانی تیپی باواجی، گۆرانییەکانی تیپی مەولەوی و کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و ئەمانە بگرن، کاتی خۆی ئەوانە تازەگەرییان کردووە، تازەگەرییەکی زانستییان کردووە، نەک گۆرانی خەڵکی بێنن و وشەی کوردی بۆ دابنێن، کە وشەکانیش هیچیان شیعر نین. من (ئاواتی دووری)م لە ساڵی ١٩٧٨دا لەسەر شانۆ وتووە، تائێستا خەڵک لێی دەپرسێتەوە، لەو بەینەدا تەلەڤزیۆنی پەروەردە ناردی بە شوێنما، بردیانم بۆ ستۆدیۆکە، باسی ئاوازەکەی هی کێیە و گۆرانییەکە هی کێیە و تۆ چۆن ئەمەت کردووەم لەگەڵ کرا. (ع.ع. شەونم)یان هێنابوو ئەو گۆرانییە و شیعرەکانی شی دەکردەوە، ئەم گۆرانییە سی و پێنج ساڵە وتراوە، خۆ لەپێش منیشدا ڕەفیق چالاک وتوویەتی، بەڵام ئەگەر لەگەڵ یەکتر بەراورد بکرێن، ئەوە

لە بەینی ئەوەی من و ڕەفیق چالاک-دا، زۆر جیاوازی هەیە، چ لە لایەنی (چڕینەوە)، چ لە لایەنی دەستکاریی جوانی گۆرانییەکەوە، چ لەلایەنی ئەو مۆسیقا جوانەشەوە کە ئەنوەر قەرەداغی لەگەڵ شەوکەت ڕەشیددا بۆیان کردووە.. گۆرانی (جووتێ چاوی شین) تا ئێستا خەڵکێک لە بازاڕ دەمبینێ گۆرانییەکەی خۆمم بۆ دەڵێنەوە، ئەوە نامدار عومەر مۆسیقای بۆ داناوە، گۆرانییەکانی عوسمان عەلی و شەماڵ سائیب لەبیر دەچنەوە؟ لەبیر ناچنەوە، چونکە ئەمانە بە حەق گۆرانی بوون و تازەگەرییان تێدا کراوە.

**رامان:** ئەو گۆرانییانە تازەگەریی بوون، لەگەڵ ئەوەش لە کەلەپووری گۆرانی و موزیکی میللەتەکەشیاندا نەبڕابوون.

**حەمەی نێرگز:** بەداخەوە ئەو ئەرشیڤە لای من نەماوە، ئەوە لای برادەرێکە ناوی عەلی غەمگینە لە سوێد دادەنیشێ، ئەو لە سلێمانی چایخانەی هەبوو، کە یەکێکە لەو چایخانانەی تەسجیلی گرۆندیکی هەبوو، ئێمە شەو لە ماڵی خۆیان گۆرانیمان دەوت، بەیانی لە چایخانەکەی عەلی غەمگینەوە پەخش دەکرا، لەوساوە خەڵکی سلێمانی هەموو ئەو گۆرانییانەیان بەسەر دەمەوە بوو. من لەو کاتە لەگەڵ عوسمان عەلی، مەقامی خاوکەر و مەقامی سەفەرمان بە دوو قۆڵی وتووە، لە ڕاستیدا زۆر شت هەیە لەگەڵ عوسمان عەلی پێکەوە کۆمار دەکاتەوە.

**رامان:** لە ژیانی هونەریتدا چەند جۆرە مەقامت وتووە؟

**حەمەی نێرگز:** من مەقامی بەیات، نەهاوەند، سێ گام وتووە.

**رامان:** مەقامی سەفەر کە لقێکە لە مەقامی بەیات، ئەوەشت وتووە؟

**حەمەی نێرگز:** ڕاستە ئەوە هەر مەقامی بەیاتە و لقێکە لە بەیات دەبێتەوە.

**رامان:** ئەو مەقامە پێویستی بە چینە دەنگی بەرزە و بە هەموو کەس ناوترێ، بەڵام دەڵێن ئەو مەقامە زیاتر مۆرکێکی سلێمانییانەی پێوەیە، ئەمە چەند لە ڕاستییەوە نزیکە؟

**حەمەی نێرگز:** مەبەستت مەقامی سەفەرە؟

**رامان:** بەڵێ.. مۆرکە تایبەتییەکەی لەچییەوە هاتووە و لە چ ڕوویەکەوەیە؟ لە کاتێکدا هەر لقێکی بەیاتیشە؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ بەیاتە، بەڵام شێوازی وتنەکەی، یان ئەو ئاوازەی دەیڵێی چ ئاوازێکە؟

**رامان:** هەر خۆشی خاسیەتی مەقامات وتن ئەو ڕوحیەتەیە، کە هەر هونەرمەندێک بە ڕوحیەتێک

دەیلێ.

**حەمەی نێرگز:** ئێستا ئەگەر سەد مەقامت بۆ لێدەن، تەنیا کە گوێت لەوەی من دەبێ دەڵێی ئەوە هی حەمەی نێرگزە، یان ئەوە هی عوسمان عەلی-یە.

**ڕامان:** بە تایبەتمەندی و ڕوحییەتی خۆتان وتووتانە.. باشە زۆر کەس خووی داوەتە کۆنسێرت کردن و ئاهەنگ گێڕان، ئەوە چ لە ئەوروپا، چ لێرە بێ، تۆ کەمتر خۆت لە قەرەی کۆنسێرت سازکردن داوە، لەوەتەی تۆ دەناسم نیمچە دوورەپەرێزی و لەو جۆرە شتانە دوور بوویت، هۆیەکەی چییە؟

**حەمەی نێرگز:** بەخۆم هەر بە تەبیعەت وابووم.

**ڕامان:** هۆیەکەی چییە؟ هۆیەکەیمان بۆ باس بکە؟

**حەمەی نێرگز:** لەم ئاخیر و ئۆخرەدا پێش ئەوەی نەخۆش بکەوم بەیەک دوو ساڵ لەگەڵ تیپی سەهەنددا لە دوو سێ کۆنسێرتی ئەواندا بەشداریم کردووە. لە هەولێر، لە سنە، لە سلێمانی. ئەویش دوو گۆرانیم وتووە گۆرانییەکیان (باغم بێ بەرهەم) و گۆرانییەکیشیان فۆلکلۆری بووە (باخەوان گیان خۆم غەریبم)، بەڵام ئەو باخەوانە نا کە گوێت لێ بووە، ئەو باخەوانەی کە حەمەی نێرگز وتوویەتی. لەگەڵ ئەوانە بەشداریم کردووە، لە هەولێریش ئەو خەڵکەی بۆ سەیری ئەو کۆنسێرتە هاتبوون، بەدڵیان بوو، ئەوکاتە یەک دوو ڕۆژنامەش چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردم.

**ڕامان:** دیسانەوە دەڵێم لەچاو تەمەنی هونەری تۆ ئەوە کەمە.

**حەمەی نێرگز:** خۆت دەزانی چۆنە؟ کەم و پوخت بێ باشترە، ئەو کەمییە، یان فەوتاوە، یان ماوەتەوە.

**ڕامان:** پێشتر باسی ئەوەت کرد کە لە هونەری نواندندا چەند برادەرێک ئامۆژگارییان کردووی وازی لێ بێنیت، کەچی خۆت لێی تەنیا نکوڵیت لە یەکێکیان کرد و پەشیمانی خۆت دەربڕی، دیارە ئەوانی دیکەت بەدڵ بووە، واتە قەناعەتی خۆت لە ئیش کردندا گرینگە، ئەگەر تۆ تا ئێستا بەردەوام بوویتایە، ڕەنگە چەند کارێکی جوانی دیکەشت هەبوایە؟

**حەمەی نێرگز:** ڕاستە، بەڵام بەشداری کردنم لەو بەرهەمانە لەسەر ڕەزامەندیی خۆشم نەبوو، پێویستیان پێم بووە، بۆیە ئەو دەورانەم بینیوە.

**ڕامان:** کەلەبەرێک، بۆشاییەک هەبووە و ویستووتە ئەو بۆشاییە پڕ بکەیتەوە؟

**حەمەی نێرگز:** شتێک نەبوو، وەکو لە شوێنێکدا دانیشیت قسە بۆ خەڵک بگێڕیتەوە، من لە (کێچ)دا دەورم بینیوە، تۆ دەزانی نووسەرەکەی کێیە؟ لە (جەنابی موفەتیش)دا دەورم بینیوە، دەزانی نووسەرەکەی کێیە، ئینجا دەرهێنان و ئەو ئەکتەرانەی دەوریان لەگەڵدا دەبینیت.

**ڕامان:** مانای وایە دواتر ڕێکەوتی ئەو جۆرە کارانەت نەکردووە؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ، لەگەڵ ڕەفیق چالاکدا پاش ئەوە ڕێکەوتی ئەوەی بەغدام کرد، ئەویش لە ئاخروئۆخری خەڵک وردە وردە ڕای دەکردە دەرەوە، ئەو برادەرانەش کە زیاتر هانیان داوم گۆرانی بڵێم لەوانە: ئەحمەد سالار، عوسمان چێوار، مستەفا ئەحمەد، نووری وەشتی تەنانەت شەوێکیان نووری وەشتی وتی ئەمشەو وەرە بۆ یانەی فەرمانبەران، کە هاتی دەوری سەعات نۆ وەرە، کە چووم هونەرمەندی گەورەی عیراقی پێشەنگ حەقی شبلی لێ بوو، ڕەشۆلی هونەرمەندیش لەوێ بوو، حەقی شبلی زۆر سەرسام بوو بە دەنگی ڕەشۆل.

**ڕامان:** ئەوە پێش ساڵی ١٩٧٤ بوو؟

**حەمەی نێرگز:** بەڵێ، بۆ ئەوەی دانیشتنەکە هەمەڕەنگ بێ، هەر ڕەشۆڵ عەبدوللا گۆرانی نەڵێ، منیشیان بۆ ئەو دانیشتنە بانگ کرد، ڕەشۆل گۆرانییەکانی خۆی وت، منیش مەقامی سەفەر و حیجاز و ئەمانەم وت، ئەو لە ڕەشۆل-دا تواببووەوە، بەڵام دەستیشی کێشا بە پشتی مندا، من گەنج بووم وتی: هیوادارم وەک ڕەشۆلت لێ نەیەت، ئەو تیپە مۆسیقییانەی هەن بتوانن ئیستیغلالی ئەو دەنگەی تۆ بکەن. من لە زۆر بوار و بۆنەدا شەوکەت ڕەشید و برادەران منیان بردووەتە ئەو جۆرە دانیشتنانەوە، تەنانەت کەوکەب حەمزە جوانترین ئاوازی داناوە، پیاوێکی نیشتمانپەروەریش بووە، ئێمە دوای ساڵانی حەفتا چووین بۆ بەغدا گۆرانی تۆمار بکەین، من و عوسمان عەلی و سەلاح مەجید بووین، بانگی نووری وەشتی و ڕەئووف یەحیای کرد و وتی ئەمانە بۆ نانێرن بۆ بەغدا بۆ لای من، تا لەماوەی دوو ساڵدا ئەو سێ دەنگە هەر یەکەیان بکەم بە ئەستێرەیەک، وتی ڕێزم هەیە و سەری تەعزیمیان بۆ دادەنەوێنم، بەڵام ئێستا کورد هەر وادەزانێ، تەنیا ساحێبی عەلی مەردان و تاهیر تۆفیق و ڕەسووڵ گەردین، ئەوە بیروڕای کەوکەب حەمزە بوو بەرانبەر بە من و سەلاح مەجید و عوسمان عەلی. بە هەوڵ و هیمەتی شەوکەت ڕەشید لەبیرمە عوسمان عەلی (دڵدار و جوان پەرستم)ی تۆمار کرد، من بەستەی (بێ ئارامی) و سەلاح مەجیدیش پێم وابێ (سۆزی دەروونی) تۆمار کرد، ئەو پیاوێکی شیوعی بوو، ئینسانێکی نیشتمانپەروەر بوو.

**ڕامان:** پێشتر وتم هیچ ئاوازدانەرێک بەدواتدا

نەگــەڕاوە بێـــتـــو بڵێ ئاوازێکم بۆ داناوی لەگـــەڵ تایبەتمەندیی دەنگ و قـوڕگی تۆ دەگـونجێ وەرە بیـڵێ، ئەوە دیارە کـــورد ئەوەی نەکـــردووە، بەڵام عـــەرەبێک لەولاوە هاتووە و بیری لەوە کردووەتەوە.

**حەمەی نێرگز:** ئێمە مـیللەتێکین ئەوانەی لەناوماندا هەڵدەکـەون ڕێزیان لێ ناگـرین، ڕێز لە نووسـەرانمان، لە ڕووناکبیرەکانمان، لەسەرکردەکانمان، تەنانەت لە خوێنی شەهیدانیشـمان ناگرین، میللەتێکین تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە هاتووین.

**ڕامان:** ئێستا دیاردەیەک لەم ساڵانەی دواییدا پەیدا بووە، کە گۆرانیبێژەکان بۆ لە یەکتر نزیک خستنەوەی شێوەزارەکان وەک شێوەزاری هەورامی و کرمانجی سەروو هەندێک گـۆرانی ناسـراوە لەوانەی خـەڵک حـەزیان لێ دەکات، ئەوانە دەڵێنەوە، بۆ ئەمە دەڵێی چی؟

**حـەمــەی نێــرگــز:** ئەو تێکەڵ بوونە بۆ لێک نزیک خسـتنەوەی شێـوەزارەکـان شـتـێکی زۆر باشە، با من شتێکت بۆ بگێڕمـەوە، ناسری ڕەزازی لە هەشتـاکـاندا لەگـەڵ دەست پێکردنی شـۆڕشی ئیـســـلامی، تیـپی مـەولەوی چووینە تەوێڵـە و هێنامـان بۆ سلێـمـانی، ئاهەنگێکمان لە دهۆک ڕێکخست. لە ئاهەنگەکەدا قادر کـابان و سـەلاح مـەجـیـد و ناسـر ڕەزازی و منی تێـدا بووین، چووین گـۆرانیـمـان وت، شـەو دانیـشـتین ئەیاز زاخـۆیی-مـان بینی، من و ئەیاز زاخۆیی و قادر کـابان، ئەوکاتە بیرمان لەوە کردەوە هەوڵ بدەین ئەگەر نەشتوانین بەو شێوەزارە گۆرانی بڵێین، با بەشارەکانی کوردستاندا بگەڕێین و ئاهەنگ بگێـڕین و تێکەڵی یەکـتـری بین و یەکتـر بناسین بۆ ئەوەی بەم کـارەمـان لە یەکتری نزیک ببینەوە. لە داهاتووشدا بتـوانین بەو شێوەزارانە گۆرانی بڵێین، تا ئەوکاتەی زمانێکی ستانداردی کوردی دروست دەبێ، ئێمە لەوکاتەوە بیرمان لەوە کردبووەوە.

**ڕامـان:** هیچ پرۆژەیەکی هونەری لە ژیانی تۆدا هەبووە حـەزت کـردبێ بیکەیت، بەڵام دواتر بۆت جـێـبـەجێ نەکرابێت؟

**حـەمـەی نێـرگـز:** بێ گـومـان بە دەیان حـەز و ئارەزوو هەبووە و جێبەجێ نەبووە.

**ڕامان:** یەکێک لەوانە، ئێستا باست کرد کە تۆ بەدیت نەهێناوە، بۆ لەمـەولا چەند هونەرمـەندێکی دیکە بەدی بهێنن؟

**حەمەی نێرگز:** هەمـوو خـواستێکم لەژیانمدا ئەوە بووە گۆرانی بڵێم و تەنیا لـەو بوارەی خۆمدا کار بکەم، بەڵام ئەمە کرووزانەوە نییە، ئەمە حەقیـقەتی منە بۆتی باس دەکـەم، من ڕۆژێک لە ڕۆژان هەژاری چنگی لە یەخـەم نەکــردووەتەوە، لەپاش ئەوە نە قـــوتابخـــانەیەک، نە پەیمانگایەک، نە ئەکادیمیایەک هەبووە ئێمە دەرسی تێدا بخوێنین.

**ڕامان:** تەنازولیشت نەکردووە بچیتە لای کەس؟

**حەمەی نێرگز:** مـومکین نییـە تەنازول بکەم، هەرچی ئاهەنگێکی حزبی بەعس لە سلێمانیدا کرابێ، کە ئەوسا لە دائیـــــرە بووم، من پێش ئەوە بە دوو ڕۆژ مـــۆڵەتم وەرگـرتووە، یان چووم بۆ بەغـدا، یان چوومـەتە مـاڵی خوشکم لە شاری دهۆک کە شەست ساڵە لەوێن، لەوێش وەسڵی هوتێلێکم دەهێنایەوە، هوتێل عەبدوڵڵا لە بەغدا بوو، عـەبەی فـەیزە ئەگـەر مـابێ تەمـەنی درێژبێ، ئەگـەر نەشمابێ هەزار ڕەحمەتی لە قەبری، دەموت وەسڵێکم بۆ بکە، نەکـا لە سلێـمـانی بانگم بکەن. لەسـەردەمی ڕژێم گۆرانیم نەوتووە، یەک جار نەبێ ئەویش ڕۆژی سلێمانی بوو، عـەلی حەسەن مەجید هاتبوو، تیپی ئێمە و تیپی سلێمانییان بە ئەسیری بردە ئاهەنگەکەوە.

**ڕامان:** ئاگـام لێیە، ئەو ئاهەنگە زۆرەملێیە بۆ ڕۆژی سلێمانی لە هوتێل سلێمانی پالاسی ئەمڕۆ کرا و هەموو تیپە هونەرییەکـانی کوردستـانیـان بە زۆر و بە هەڕەشە بردبووە ئەوێ.

**حەمەی نێرگز:** من و کەریم کابان و حەسەن گەرمیانی و عـوسـمـان عـەلی و سـەلاح مەجید بووین لە سلێمانی پالاس دانیـشـتبووین، چی مەفرەزەی تایبـەتی و ئەمن و ئیـسـتـخبـارات و جاش و خۆفـرۆشـە، هەمـوویان خۆیان گـۆڕیبــوو و لە هۆڵی هوتێلی حـەسـیـب سـالح بوون، کۆمـەڵێک لە گۆرانیبێژەکانی دەسەڵاتیش لەوێ بوون، پێـویست ناکـات باسـیـان بکەم، ئێـسـتـا لەوانەیە پلەوپایەیان زۆر بەرز بێ. وتمان چی بکەین؟ با کـارێک بکەین ئێـمـە گـۆرانی نەڵێین، تەگـبیـرمـان کـرد، وتمان حەسەن گەرمیانی قەتار و ئەڵڵاوەیسی بڵێ، خۆ قەتار و ئەڵڵاوەیسی خـەڵکی پێ هەڵناپەڕێ. من و عـوسـمـان عـەلی مـەقامی سەفەر بڵێین، سەلاح مـەجید (سۆزی دەروون)ی هەیە و گـۆرانیـیـەکی زۆر خـاوە ئەوە بڵێ، کەریم کـابان (یاران لەجەرگم) بڵێ. حەسەن گەرمـیانی چووە سەر شانۆکە گۆرانییەکەی تەواو نەکردبوو بە پاڵ و بەشـەق هەمـوومـانیـان کردە دەرێ، ئێـمـە ئۆرگـێکمـان کـڕیبـوو، نامـدار عـومـەر باڵای زۆر بەرزە، ئەو لایەکی گرتبوو من لایەکیم گرتبوو، لایەکی لە ئەرز بوو، لایەکی لە ئاســـمـــان بوو، هەرچی چۆنێک بێ ئۆرگـــەکـــەمـــان گـەیاندەوە تیپ، بەڵام بڕوات هەبێ سێ مـانگ تیـپمـان داخست و نەماندەوێرا لە ترسی گرتن و تەشقەڵە بڕۆینەوە ئەوێ، هەر بەشـەق و بەتف و بەجنێـو دەریان کـردین،

عەرەب جنێوی زۆر پیسی هەیە. دەشمتوانی ئەگەر بمویستبایە پاداشت وەربگرم، پاداشتیان دەدامێ، پارچەیەک عەرزیان دا بە من دوو سەد و دە مەتر بوو، عەرزیان دا بە سەلاّح مەجید و بە عوسمان عەلی، لەبەر ئەوەی گۆرانیمان بۆ بەعس نەوتبوو، عەرزەکانیان لێ سەندینەوە، رەسمی شارەوانیشم دابوو، کە لێیان سەندینەوە، ماوەیەک تەلەڤزیۆنیان دەدا، وتیان وەری بگرە چاکترە، ئەگینا بەناوی تۆ تۆماری دەکەن و دەیفرۆشن و دەشیخۆن، وەرم گرت و فرۆشتم، دام بە هەشتا دیناری ئەوکات. مەبەستم ئەوەیە بڵێم بەپێی توانایی خۆم دزیوەتەوە و هیچم نەکردووە.

**رامان:** لە دەسپێک و سەرەتایە هونەرییەکانی خۆتدا زۆرتر حەزت لە گوێگرتنی کام گۆرانیبێژ دەکرد؟ ئێستا حەز لە گوێگرتن لە کێ دەکەی؟

**حەمەی نێرگز:** لە سەرەتاوە گوێم لەگەڵ سێ گۆرانیبێژ ئاشنا بووە، بە تایبەتی گوێم لە تاهیر تۆفیق دەگرت و خۆشم دەوێ، ئێستاش کە گوێ لە دەنگی دەگرم بروات هەبێ دەگریم، پاشان زۆر گوێم لە حەمە سالّح دیلان گرتووە و لەکۆر و دانیشتندا زۆر لاسایی حەمە سالّح دیلانم کردووەتەوە، بەلاّم لە رەفیق چالاکدا توابوومەوە. ئەم سێ گۆرانیبێژە زۆر کاریان تێکردووم. هونەرمەند برایمی خەیاتیش بە حوکمی ئەوەی زۆر لێی نزیک بووم، شاگردی بووم کەوتبوومە ژێر کاریگەرییەوە.

**رامان:** ئەی لە ساڵەکانی دواتردا، هەر ئەو سێ چوار کەسە بوون؟ ئەی هیچ ژمارەکە زیادی نەکرد؟

**حەمەی نێرگز:** گوێ لە عەدنان کەریم و لە بەهجەت یەحیا دەگرم، ئیتر ئەوانەی لە گۆرانییە میللەکانیشدا دەرکەوتوون، گوێ لە کامەران عومەر و میدیا حوسێن دەگرم.. ئەحمەد شەماڵ و کەریم خەمزەیی. نووری گەرمیانی زۆر دەنگیم بەدڵە، سۆزێک لە دەنگیدایە کە لە دەنگی کەم گۆرانیبێژدایە، تۆ گوێت لە کۆمەڵێک گۆرانیبێژ دەبێ، لەوە دەچێ هەموویان یەک گۆرانییان وتبێ، بەلاّم گوێ لە نووری گەرمیانی دەگری، دەزانیت ئەوە نووری گەرمیانییە، لە کۆنەکانیشدا زۆر حەزم لە دەنگی تەحسین تەها بوو، حەزم لە دەنگی فوئاد ئەحمەدی رەحمەتی بوو.

**رامان:** ئەی دەنگ و سەدای سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی سەرنجی رانەکێشاوی؟

**حەمەی نێرگز:** زۆریش.. ئەوانە مامۆستای مامۆستاکانی ئێمەن، بەلاّم وەکو حەز و ئارەزوو نا.

**رامان:** پێشتر باسی ئەوەت کرد گۆرانییەکت لە ژوورەکەی هونەرمەند عەزیز سەلیم تەسجیل کردووە و وتت ئەو تەکنۆلۆژیایەی ئەمرۆ هەیە بەوە ناگات کە ئەوکات لەبەر دەستتان بووە، ئەمە هۆیەکەی چییە؟

**حەمەی نێرگز:** با نموونەیەکت بۆ بێنمەوە، لەمرۆکەدا پێویست ناکات دەنگت خۆش بێت، هەر بەهۆی ئەم تەکنۆلۆژیا و ئامێرانەوە کە هەن، دەتوانن دەنگت گڕ بکەن، خاوی بکەنەوە، ناسکی بکەن، ئینجا ئەمرۆ نیو کۆپلە بڵێ، مانگێکی دیکە وەرەوە نێو کۆپلەکەی دیکە بڵێ، بەلاّم ئەوکاتە کە دەستت بە گۆرانییەکە دەکرد بچووکترین هەڵەت بکردبایە دەبوایە دووبارەی بکەیتەوە، جاری وایە تاکو گۆرانییەکمان تۆمار دەکرد، شازدە جار دەچووینەوە سەری دێڕ.

**رامان:** بە گوێرەی ئەو قسانەت، پێدەچێ تۆ لە شێوازی تۆمارکردنی گۆرانییەکانت رازی بیت؟

**حەمەی نێرگز:** زۆر.. بەپێی ئەو رۆژگارە و ئەو زەمەنە بەڵێ.. با شتێکت بۆ بگێرمەوە. لە هۆڵێکدا ئاهەنگ بوو، بۆنەیەک بوو لە بۆنە و جەژنەکانی خۆمان، ئەوکاتە هەر پارتی هەبوو، پێم وابێ یادی شازدەی ئاب بوو، من و عوسمان عەلی و عەباس محەمەد بۆ بەغدا دەعوەت کرابووین تا لەگەڵ تیپی ئێزگەدا گۆرانی بڵێین، من و عوسمان عەلی گۆرانیمان وت، ئەمە بۆ مێژوو دەگێرمەوە، عەباس محەمەد چووە بەر میکرۆفۆنەکە مۆسیقا دەستی پێ کرد و کارەبا کوژایەوە، یەک زەرە خۆی تێک نەداو بەو دەنگە زوڵاڵەی خۆی، بەچریکەی خۆی گۆرانییەکەی پێشکەش کرد، ئەوەی لەوپەڕی هۆڵەکەش بوو گوێی لە دەنگی عەباس محەمەد بوو، نە تێکچوو، نە وتی بۆ کارەبا نەما و بۆ میکرۆفۆن نەما، هونەرمەندی ئەمرۆ کوا دەنگی وا بەهێزە؟

**رامان:** بێجگە لە تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و تیپی مەولەوی و تیپی سەهەند، تیپی تر نەبوون هاوکارت بن و گۆرانیت بۆ تۆمار بکەن؟

**حەمەی نێرگز:** جار بەجارێ لە کۆنگرەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر لە ساڵانی حەفتاکاندا من و عوسمان عەلی و سەلاّح مەجید بانگهێشت دەکراین، لەگەڵ تیپی سلێمانی گۆرانیم وتووە، تیپی باواجیش لەگەڵ تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردیدا زۆر هاوکارییان کردووین، چونکە تیپی مۆسیقای کۆمەڵە لاواز بوو، کە ئاهەنگێکی گەورەمان بکردبایە لەگەڵ تیپی باواجیدا دەبوون بە یەک، لە بەغداش ئەو برادەرە مۆسیقییانەی تیپی هونەری هەولێر کۆمەڵێک هونەرمەندی گەورەی تێدا بوو.

**رامان:** ئەو هونەرمەندانە ناویان چ بوو؟

**حەمەی نێرگز:** یەکێکیان یەحیا مەرجان بوو.

**ڕامان:** یەحیا مەرجان گۆرانیش دەڵێ و بە هونەری شێوەکاریشەوە خەریکە.

**حەمەی نێرگز:** کوڕێکی دیکەشیان لەگەڵدابوو ناوی جەرجیس بوو، وریا ئەحمەد و جان تۆماس بوون، هەر لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر برادەریم زۆر بوو، لەگەڵ چەتۆ حەسەن و خەلیل یابە کەریم برادەریم هەبوو. حەز دەکەم باسێکی مەلا ئەنوەری تیپی باواجی بگێڕمەوە. وەک باسم کرد کە شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد، کۆمەڵی هونەرە جوانەکان داخرا، ئیتر ئێمە وەستاین. تیپ نەبوو کاری لەگەڵ بکەین، خۆشمان نەماندەویست بچین بۆ بەغدا، چونکە هەر ئێزگەی کوردی هەبوو، ئەویش لەژێر دەستی ڕژێمدا بوو، ئەمە تا سەرەتای حەفتاکانی خایاند و حەفتاکان چوومەوە کۆمەڵ، ئاهەنگی هونەریمان کرد و کۆمەڵێ تەمسیل کرا کە هونەرمەند ئەحمەد سالار هەمووی بۆ کۆمەڵ دەرهێنابوو، تیپی باواجی هاتبوو، مەلا ئەنوەریشیان لەگەڵدا بوو، یەکەم ڕۆژ کە گۆرانیم وت بەدڵی نەبوو، چونکە دەمێک بوو دابڕابووم، ئەو عادەتێکی هەبوو نمرەی بۆ گۆرانیبێژەکان دادەنا، بۆیە ئەو ڕۆژە سفری بۆ دانابووم، ڕۆژی دووەم بووم بە بیست، دواجار تا چل ڕۆیشتم ئاهەنگەکە تەواو بوو، سەفەرێکی دیکە ئاهەنگێکی مۆسیقا و گۆرانیمان ساز کرد، تیپی کۆمەڵ و تیپی باواجی لە سلێمانی کە چووینە سەر شانۆ، لەجیاتی کۆرس گۆرانییەکم وت، لەگەڵ من هەموو جەماوەر بوونە کۆرس، کە لێ بووینەوە وتی ئەوە نمرەکەتم بەرز کردەوە بۆ حەفتا، ئیتر هونەرمەندان: زاهیر محەمەد و وریا ئەحمەد و شەوکەت ڕەشید وتیان ئەوە دوا نمرەیە کە مەلا ئەنوەر دابیێتی بە گۆرانیبێژێک.

**ڕامان:** باشە تۆ چەند لە گوێگری گۆرانی کوردی ڕازیت؟ چ لە ئەزموونی خۆتدا وەک گۆرانیبێژێک، چ بە شێوەیەکی گشتی؟ یان باری سەرنج و تێبینیت لە بارەیانەوە چییە؟

**حەمەی نێرگز:** سەرنج دەدەیت گۆرانی هەیە لە بنەڕەتەوە نە کوردییە و نە..

**ڕامان:** من مەبەستم گوێگرەکانی گۆرانی کوردییە.

**حەمەی نێرگز:** من گوێ لە گۆرانی کوردی دەگرم.

**ڕامان:** مەبەستم خۆت نییە، بەشێوەیەکی گشتی گوێگرانی گۆرانی کوردییە؟ سەیر دەکەی لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکاندا فیکە لێ دەدا، لە شوێنی خۆی چەپڵە لێ نادا، دەیکا بە ژاوە ژاو و قسەکردن بە دەنگی بەرز و ...تاد.

**حەمەی نێرگز:** دەزانی هۆیەکەی چییە؟ هۆیەکەی ئەوەیە ئەو چێژ لە مۆسیقا وەرناگرێ، ئەو هاتووە کات بەسەر بەرێ، نەهاتووە گوێ لە گۆرانی بگرێ.

**ڕامان:** بەڕاستی ئەوە گوناحە.. گۆرانیبێژەکانیش هەوڵیان نەداوە دابونەریتێک بۆ گوێگرتن دروست بکەن، بۆ نموونە فەیروز کە گۆرانی وتووە یەکێک لە ناو هۆڵەکەدا کارێکی لەو جۆرەی کردبێ، وتوویەتی من دەوەستم و ئیتر گۆرانی ناڵێم، یان دەبێ ئەو هۆڵە بێ دەنگ بێ.. ئایا ئەوە بەرپرسیارێتی هونەرمەند نییە هەندێک دابونەریت فێری گوێگری گۆرانی کوردی بکات؟

**حەمەی نێرگز:** با، زۆریش پێویستە.

**ڕامان:** چەند جارێک هونەرمەند بڵێ لە گۆرانی وتن دەوەستم ئەگەر ئەو ڕەفتارە بنوێنن، باوەڕ ناکەم جارێکی دی ڕووبداتەوە.

**حەمەی نێرگز:** تۆ بەتەمای چەپڵە بیت، نابی بە گۆرانیبێژ.

**ڕامان:** ئینجا من مەبەستم ئەوەیە.

**حەمەی نێرگز:** لە کۆڕ و کۆبوونەوەی خۆماندا، ئێمە زۆر دانیشتووین، لە یانەی فەرمانبەران شوێنێکی تایبەت بەخۆمان هەبوو، کۆمەڵێک برادەری خۆشەویستی یەکتری بووین، شەو دانیشتووین گۆرانیمان وتووە، ئەوە عادەتی من بوو، کە من گۆرانیم وتبێ یەک کەس قسەی کردبێ گۆرانییەکەم بڕیوە. گۆرانیبێژ کە گۆرانی وت خەڵک گوێی لێ نەگرت، مانای ئەوەیە هیچی نەکردووە، ئەو خەڵکەش کە دادەنیشن بۆ چەپڵە و فیکەلێدان و وێنەگرتنی درۆ، ئەوە بۆ ئەوە نەهاتوون گوێ لە گۆرانی و لە هونەر و مۆسیقا بگرن، بۆ ئەوەش کاتێکی زۆرمان پێویستە تا ئەو خەڵکە فێر بکەین. من قەت گۆرانی خێرام نەوتووە و حەزم نەکردووە لەگەڵ گۆرانی چەپڵەم بۆ لێدەن، هەمیشە حەزم کردووە گۆرانییەک بڵێم خەڵک گوێم لێ بگرێ.

**ڕامان:** هۆیەکەی ئەوەیە تۆ گۆرانی ڕیتمی خێرات نەوتووە، لەلایەکی دیکەشەوە لە دانیشتنەکاندا لەگەڵ کەسانێکی دەستەبژێر دانیشتووی.

**حەمەی نێرگز:** نەموتووە.. لە دانیشتنیشدا ئەو گۆرانییانەی چەپڵەی لەگەڵدا لێ بدرێ نایانڵێم.

**ڕامان:** ئەو گۆرانییانە هەر لە دانیشتندا ناگونجێن.

**حەمەی نێرگز:** تۆ دەچیتە ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆسیقاوە، بڕۆ وەک ڕەخنەگرێک دانیشە، گوێ لە شیعرەکە و ئاوازەکە و چڕینەکەی بگرە، ئەگەر ئەم سێ لایەنە لە گۆرانییەکەدا کۆبووەوە، ئەوە مانای ئەوەیە گۆرانییەکی باشە، کە بۆ وێنەگرتنی درۆ و فیکە هاتبی،

ئەوە شتێکی ترە.

**رامان:** پێت وایە تا ئێستا هۆڵێکی وامان هەبێ کۆنسێرتی تێدا بگێڕین کە مواسەفاتی هۆڵێکی تێدا بێ و بۆ پێشکەش کردنی مۆسیقا و گۆرانی بگونجێ؟

**حەمەی نێرگز:** نەخێر تا ئێستا ئەوەمان نییە.

**رامان:** لە شاری سلێمانیشدا نییە؟

**حەمەی نێرگز:** ناوەڵلا.. ملیۆنێک قەبرمان هەیە لەسەر کەتەلۆک هەڵبەستراون، بەڵام شانۆیەکمان نییە، نە بۆ ئەوەی شانۆگەری تێدا پێشکەش بکرێ، نە گۆرانی تێدا بوترێ.

**رامان:** دەربارەی ئەو رێزلێنان و خەڵاتانەی تائێستا لە ژیانی هونەریتدا پێشکەشیان کردووی، بەکورتی بۆم باس بکە..

**حەمەی نێرگز:** رێزلێنانی یەکەمم ساڵی (٢٠٠٣)دا لە لەندەن لەلایەن کەمپی ئاوارەکانی کوردستانەوە خەڵات کرام و لە رێگەی ئاسیاسێڵەوە دەبوایە قسەم بکردبایە، ئەمە ئەو شەوە بوو کە لە سەدام حوسێن درا. ئەو رێزلێنانە کۆمەڵێک هونەرمەندی شێوەکاری ناسراو لەسەر ئاستی جیهان و کوردستاندا بەشدارییان تێدا کردبوو، ناویان نابوو شەوێکی نێرگزی. هەروەها رێزلێنانێکی دیکەشم لەلایەن چاپی شەقامەوە بۆ کراوە. رێزلێنانی سێیەمیش وەزارەتی رۆشنبیری هاتوونەتە ماڵەوە، لە هۆڵ نەکراوە، بەڵام چاپی شەقام لە هۆڵ کردیان، ئەوەی وەزارەت لە ماڵەوە وەزیری رۆشنبیری هاتووە بۆ لام، مەدالیای ئاڵتوونی کردووەتە ملم.

**رامان:** زۆر چاکە دەستیان خۆش بێ، ئیشێکی باشیان کردووە.. نزیکی سێ سەعات قسەمان تۆمار کرد، بە بیروڕای ئێوە ئاشنابووین، ئەوە بەسەرکردنەوەیەکی خێرای هەموو قۆناغەکانی تەمەنی هونەریت بوو، نازانم ئەم گفتوگۆیەت چەند پێ باش بوو؟ قسەی دڵی خۆت کردووە، یان قسەت ماوە بیکەیت؟

**حەمەی نێرگز:** ئەمە یەکەم گفتوگۆیە کە بەو دوور و درێژییە باسی ژیان و هونەری خۆم بکەم، من زۆرم لە بارەوە نووسراوە، لە گۆڤارەکان، لە رۆژنامەکان، لە تەلەڤزیۆنەکان زۆر چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کراوە، بەڵام لەوانەیە ئەو چاوپێکەوتنانە سەرپێی بووبن، ئەگەر تەلەڤزیۆنەکان بووبن، لەوانەیە لە ماوەی کەمتر لە سێ چارەک کۆتایی هاتبێ، هی رۆژنامە و گۆڤارەکانیش لەوانەیە بە دوو لاپەڕە، یان بە دوو ستوون کۆتایی هاتبێ، بەڵام ئەم گفتوگۆیە درێژترین چاوپێکەوتنە لەگەڵ من کرا بێت. لە دواییدا زۆر سوپاستان دەکەم، ئەرکتان کێشاوە هاتوون بۆ ئێرە.

**رامان:** کاتێ ئیشم لەسەر چاوپێکەوتنەکە کرد، ئەگەر هەندێک وشە هەبوو گرفتییان تیا بوو، ئەوە بە تەلەفۆن بۆ دڵنیابوون عەزیەتت دەدەین، تۆش لەگەڵماندا پشووت درێژ بێ.

**حەمەی نێرگز:** بڕواناکەم تۆ کارێک بکەیت شایستە نەبێ، ئیشەکانی تۆ جوانن، تۆ پیاوێکی رۆشنبیری، من و تۆ ئەورۆ نییە یەکتر دەناسین، ئێمە لە حەفتاکانەوە هاوڕێی یەکترین. خۆشەویستیم بۆ جەنابت و بۆ هەموو ئەو کارمەندە بەرێزانەی گۆڤارەکەتان هەیە، سوپاستان دەکەم منتان بەسەر کردەوە.

**رامان:** منیش حەزم کرد بەپێی توانایی و دەسەڵاتی خۆم خزمەتێکی چکۆلەتان بکەم، تا لە ئەرشیڤ و لە مێژوودا بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ورد بین لە نووسینی ساڵەکان و ناوەکان، ئەگەر لە کاتی پیادەکردنی قسەکان بۆ سەر کاغەز پێویستی کرد، ئەوە بە تەلەفۆن ساغیان دەکەینەوە.

**حەمەی نێرگز:** لە خزمەتدام، لەوانەیە هەندێ رستەی نامەقوولیشی تێدابێ.

**رامان:** ئەوە خۆم چاکی دەکەم و ناهێڵم شتی وا بڕوات.. نازانم تا چ رادەیەک گۆڤاری رامان دەخوێنیتەوە؟

**حەمەی نێرگز:** ئەوەی راستی بێ من سێ ساڵە دوورم لە خوێندنەوە، چونکە هاوڕێکانم لە سلێمانی دەزانن جاری وایە بە سێ مانگیش ناچمە بازاڕەوە.

**رامان:** ئێمە حەڤدە ساڵە گۆڤاری رامان دەردەکەین، پێشتر نەتدیوە؟

**حەمەی نێرگز:** ئەوەی بەردەستم کەوتبێ شتێکی تێدا بووبێ و سەرنجی راکێشابم خوێندوومەتەوە، بەڵام ئەو نەخۆشییەم تۆزێ زاکیرەشمی کز کردووە، ئێستا کتێبێک بخوێنمەوە یەکەم لاپەڕەی بخوێنمەوە کە دەچمە سەر دووەم لاپەڕە، لەوانەیە لاپەڕەی یەکەمم لەبیر بچێتەوە، یان بە شەق و شڕی بەبیرم بێتەوە، ئەو گۆڤارەی ئێوە دەنگ و سەدایەکی زۆر زۆر باشی لەنێو رۆشنبیران و هونەرمەندانی سلێمانیدا هەیە، من داوای لێبوردن لە هونەرمەندانی کەرکووک و هەولێر و شارەکانی دیکە دەکەم، چونکە زیاتر هونەرمەندانی سلێمانی دەناسم. حەمە رەئووف کەرکووکی زۆر برادەرمە، لە نەخۆشی یەکەمدا زۆر بەدەنگمەوە هاتووە، زۆر ئەرکی بە منەوە کێشاوە، سوپاسی تۆ و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم، کە چ بە ئیمەیڵ و چ بە تەلەفۆن لە تەندروستیتان پرسیوم و لێتان پرسیومەتەوە.

# فڕین و گەشتێک بە ئاسمانی شیعردا

**قادر عەلیخا**
**(بۆکان)**

سەرەتاکانی تازەگەری و نوێبوونەوە زۆر کەونار و لەمێژینەیە، دەبێ بڵێم بۆ دانانی یەکەم هەنگاوەکانی مرۆڤ لەسەر خاک دەگەڕێتەوە، یەکەم هەستکردن بە زبربوونی خاک و تیژبوونی دڕ و ڕەقبوونی بەرد، ئەو کاتەی مرۆڤ بۆ پێدانانە سەر خاک بە شوێن جێگا نەرمەکاندا گەڕا و بۆ نووستن و حەسانەوە چاوی بەدوای شوێنە نەرمەکاندا گێڕا.

ئەو مرۆڤەی یەکەم خواردنی ناسی یەکەم داهێنەرە، ئەو کەسە سەرەتاییانەی حاڵەتە دەروونییەکانی خۆیانیان ناسی و هەستی ڕق و بەزەیی و ئەوین و ئیرەییان دیاری کرد لە پرۆسەی تازەگەری و نوێبوونەوە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بەشدارن، مرۆڤایەتیش قەرزداری ماندووبوون و بیرکردنەوەی ئەوانەیە، بەپێی ڕەوتی زەمان و هەلومەرجی ژیان کاروانی تازەگەری لە جووڵە نەکەوتووە، بەڵکو بەو پێیە هەنگاوی ناوەو لە برەو و پێشکەوتندا بووە، شێوەی بژێو و جۆری پۆشاک و شوێنی نیشتەجێبوونی شانبەشانی سەردەم گۆڕان و باشتر و تەیار بوون، لە چاخی بەردینە تووش و ئەشکەوتە سرووساردەکانەوە، داکشانە پێدەشتە زەنوێرەکان و ڕۆخی ئاوە ساف و سازگارەکان، لە چادرنشینی و کۆچەرییەوە بۆ شار و ڤێلانشینی گوێزایەوە ، ئەمانە هەموویان دەچنە پرۆسەی گۆڕان و نوێبوونەوەوە، هەر ئەو تازەبوونەوە و کاژ خستنەشە کە بۆتە هۆی مانەوەی بەشەر و گونجان لەگەڵ شەپۆلی گۆڕانی ئاووهەوا و شوێنی نیشتەجێبوونەکانیاندا، وردە وردە کە مرۆڤ ڕاست و چەپی خۆی ناسی و نیاز و پێداویستییەکانیشی پەرەی سەند، ئەوانیش بەپێی جۆر و چەشنی خۆیان لقوپۆپی تایبەتیان لێکەوتەوە، ڕاوکردن، وەرزێری و ئاژەڵداری، ژیانی نێو خێزان و گونجان لەگەڵ کۆمەڵ و دەوروبەردا، ئەمانە هەموویان پێناسەی خۆیان بۆ دیاریکرا، هەر بەو پێیەش چوونە نێو ڕیزی یاساکانی ژیانەوە، دیارە بێ کەرەستەی وتە و هزر ئەم گۆڕانە ئەستەم بوو پێک بێ، ئەندێشە و پەیڤ ئەکتەرە سەرەکییەکانی شانۆی گۆڕانن، ئەوانیش - پەیڤ و ئەندێشە - لەم پرۆسەی گۆڕانەدا هەم دەورگێڕ و مامۆستا بوون، هەم قوتابی و بینەر، بەپێی سەردەم ئەوانیش کامڵ بوون و پەرەیانسەند، زەمان ئیمپراتۆرییەت و نەتەوە و لەشکری لێکەوتەوە، هزریش دەیان مەکتەبی فیکری و ئەدەبی و فەلسەفی پێکهێنا، زمان بوو بە دایکی نەتەوە و ئەندێشەش بوو بە هەوێنی پێشکەوتن و چرای ڕووناکیدەر و ڕێبازی ژیانی مرۆی ڕووناک کردەوە، ئەندێشە و فەلسەفە بوونەتە ڕێبەر و لە



**محەمەد ئەحمەدی (سامالّ)**

دەیان ڕوانگە و بەرجەوەنەوە ڕوانیویانەتە پانتایی ژیان و شیکاری و خوێندنەوەی جۆراوجۆریان بۆی هەبووە، هەمووشیان بێ ڕێبوار و خوازەر نەماونەتەوە، هەر لە ئاتێن، پایتەختی ئەندێشە و فەلسەفە، بە دەیان جۆرە مەکتەبی لێکەوتەوە، هەرکامیان بە شێوەی بۆچوونی خۆیان لە ژیان و گەردوون دواون، کە دیارە کۆی ئەو هزر و بۆچوون و لێدوانانەش یارمەتی پێشکەوتن و ناسینی مرۆڤیان داوە بۆ خۆناسین و ئاشنابوون لەگەڵ ڕەمز و ڕازەکانی گەردووندا، ئێستاش زۆربەی وتەکانیان چرا و پردەبازی ژیانن بۆ ئێمەی دانیشتوانی سەر عەرز لە هەزارەی سێیەمدا.

لە سەرەتاوە نوێگەری هەنگاوەکانی بە ئارامی و لەسەرخۆ هەڵدێناوە، گۆڕانەکان زۆر هێور و بە شێنەیی ڕوویان دەدا، بەڵام بەپێی هەڵکشانی تەمەنی گۆڕان، جێهێشتن و دانانی ڕەوڕەوە، ڕەوتی هەنگاوەکانی خێراتر و تۆکمەتر بوون، بەپێی پێداویستییەکانی مرۆڤیش وردە وردە زانستی نوێش لە دایک دەبن و دێنە هەرێمی بوونەوە، داری زانست ڕەگاژۆ دەکا و وەچەی تازە سەر دەردێنێ، هەرکام لەو لقوپۆپانە کەسایەتی زۆر بیرمەند و هۆشیاریان تێدا هەڵکەوتووە و لە بەستێنی کارەکەیاندا خزمەتی شایانیان بە هاوجۆرەکانیان گەیاندووە، زۆرجار گیانیشیان ناوەتە پێناو ڕێباز و کارەکەیان، «سوکرات و ئەدیسۆن» بەرچاوترین مرۆڤەکانی ئەو کاروانەن.

لەگەڵ یەکەم هەنگاوەکانی مرۆ بۆ نووسین و هاتنەئارای وشە و وێنەییەکان و سەرهەڵدانی هێڵە بزمارییەکاندا، زمانی نووسین هاتە کایەوە، زمان و نووکی خامە بوو بە دووەمین زمانی مرۆڤ، هەر ئەوەشە ئێمەی ئەم سەردەمە لەگەڵ پەیڤە جوانەکانی ئەو بیرمەندانەی، سەدان و هەزاران ساڵ بەر لە ئێمە ژیاون دەژین و سوود و کەڵکیان لێوەردەگرین و دەیانکەینە چرای ڕێی شەوگار و قەڵای کاتی تەنگانەمان، زمان و چاوی نووسین، داهێنانەکانی کردنە بەڵگە و یارمەتی پاراستنیدان.

وتە بەنرخەکان سەرەتا لە سینگی دەستنووسە بەردینەکاندا، پاشانیش چەرم و کاغەزەکاندا پارێزران، ئەمەش یارمەتییەکی زۆری گەیاندە ئێمەش بۆ چێژ و سوود وەرگرتن لە هزر و ئەندێشەی ڕابردووەکانمان، وتە و وشە و پەیامە ژیرانەکانی فەلسەفە و دێڕ بە دێڕ، بەند بە بەندە شیرینەکانی شیعری پێشینیان، زمانی خامە ئەزبەرکردن و پاراستنی و بە ئێمەی گەیاند.

باس لە ماتماتیک و فەلسەفە و بوارە جۆراوجۆرەکانی تر و هەرچی نوێگەری لەو بوارانەدا کراوە لەگەڵ وتارەکەی من یەک ناگرن، ئەوان بەجێ دێڵین و کاکڵی باسەکەمان دەسپێرینە ئەدەب، مەلی خامەکەمان لەسەر چڵی زێڕین و هەستی پاک و سۆزی شیرینی شیعر دەنیشێنینەوە، باس لەو دنیا جوان و بێ گەردە لە زمانی کوردیدا دەکەین و لەوێشەوە ئاوڕێک لە پرۆسەی گۆڕان و نوێبوونەوە لە شیعری شاعیرێکی نوێخواز و هاوچەرخماندا دەدەینەوە، کە بێ گومان پانتاییەکی هەراوی لە هەرێمی شیعری ئەوڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خۆی داگیرکردووە.

لە زمانی کوردیدا سەرەتا گۆڕانەکان لە زاراوەکانەوە دەستی پێکرا، کۆرپەی شیعری کوردی چەند جارێک دەست بەدەست کراو دایەنی گۆڕی، هەر سەردەمە و زاراوەیەک شانی بە گۆڕان و پێگەیاندنی ئەم کۆرپە ساوایەدا، هەرکامیانیش ئەرکێکی زۆریان لەگەڵ کێشا و خزمەتی شایانیان پێکرد، سەردەمێک زاراوەی کرمانجی لەسەر دەستی فەقێی تەیران و مەلای جزیری و ئەحمەدی

خانی-دا، شیعرە بەنرخەکانی جزیری و مەم و زینی خانی دەسکەوتی ئەو سەردەمەی هەوەڵ و تێکۆشانی ئەوانن، ماوەیەکیش هەورامی و کەڵهوری، لەژێر کاریگەری پێنووسی بێسارانی و مەولەوی و خانادا، دیوانی بێسارانی و خوسرەو و شیرینی خانا دەسکەوتی ماندووبوونی ئەوانن بۆ ئەدەبیاتی کوردی، لە زاراوەی سۆرانیشدا لەبەر تیشکی هزری نالی و کوردی و سالم و مەحوی-دا، دیوانە شیعری ئەم شاعیرانە پێناسەن بۆ ناساندنی ڕوحی دەوڵەمەندی و ئەدەبی کلاسیکی کوردی، دوای سەقامگیربوونی زاراوەی سۆرانی (کرمانجی خواروو) و پشت ئەستوور بوون بە پاشخانە شیعرییەکەی نالی ومەحوی-یەوە ئەم جارە گۆڕان لە بابەت و زمان و فۆرمیشدا پەرەدەستێنێ. گۆڕان لە باشوور و سوارەش لە ڕۆژهەڵات دەبنە ماک و هەوێنی گۆڕانی شیعر و شێواز و بەستێنەکانی سەر ڕێ وەلا دەنێن و هەنگاو دەنێنە هەرێمی تازەگەری و پەرژین و لەمپەرەکان تێکدەشکێنن، ڕەهەندێکی تر لێدەدەن و مۆتیڤەکانی شیعر دەگۆڕن، شیعر لەوە بەم لاوە لە فۆرم و زمان و ناوەرۆکدا گۆڕانی بەسەردا دێ، جلوبەرگی نوێ لەبەر دەکات و بە زمانی سەردەم دەدوێت، ئەگەر ئەم گۆڕانە نەبایە بە دڵنیاییەوە دەڵێم "گەشتێک بە هەورامان"ی گۆران هەرگیز وا جوان دەرنەدەهات، ئەو هەموو وێنە جوانە بەو زمانە قورسەی پێشتر نەدەنووسرا و سوارەش نەیدەتوانی خەوە بەردینە بە زمانی غەزەل بنووسێ، نەک بڵێم زمانی غەزەل زمانێکی ناحەز و قورسە، نا، بەڵام زمانی غەزەل بۆ غەزەل جوانە و زمانی خەوەبەردینەش بۆ خەوەبەردینە، ئەگەر پێشتر کەلێن و کەسایەتییەکانی زمانی کوردی بە وشەی فارسی و عەرەبی و زیادی پڕکرانەوە.

نووسەر و شاعیری ئەم سەردەمە بە وشەی کرمانجی و کەڵهوری و هەورامانی و موکریانی پڕیان دەکاتەوە، ئەم کارەش زمانی کوردی توکمەتر و دەوڵەمەندتر دەکات و هەموو تواناییی ئەو زمانە دەردەخات، سەیفولقوزات هەر بەو پێیە بوو بە مامۆستای شاعیرانی موکریان و هەوێنی کۆماری لەم دوو سێ دەیەی ڕابردوودا، بە هۆی پەرەسەندنی خوێندن و نووسین و خوێندەوار بوونی توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵ و هەست بە بەرپرسیایەتی کردنی لاوانی ئەم سەردەمە بە زمانی زگماکی، زۆر شاعیر و نووسەری گەورە و باش هاتنە مەیدان بۆ خزمەتکردن بە وشە و پەیڤی زمانی کوردی، کە کارەکانیان لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی شیعر و چیرۆک و مێژوو و بەگشتی هەموو ژانرەکاندا بەرچاوە و ڕەنگی داوەتەوە، یەکێک لەو کەسانەی کە من وتارەکەم بۆ کارەکانی ئەو تەرخان کردووە و لەسەر نووسراوەکانی ئەو چڕ دەبمەوە، محەمەد ئەحمەدی «ساماڵ»ی شاعیرە، کە پێم وایە کارەکانی لەو بوارەدا، بواری تازەگەری و نوێبوونەوە، جێگای سەرنج و لێوردبوونەوەن، تیشک دەخەمە سەر گۆڕان و نوێبوونەوە لە زمان و فۆرم و ناوەرۆک لە شیعرەکانی ئەودا، «ساماڵ» زۆر هێور و لەسەرخۆ پرۆسەی گۆڕانی دەست پێکردووە، هەنگاوەکانی زۆر لەسەرخۆ و بەشێنەیین، پەلەپڕوزێ و هەڵپەیان پێوە دیار نییە، قۆناغ بە قۆناغ هەستیان پێدەکرێ، خوێنەر تووشی سەرلێشێواوی و ئەزمە ناکەن، لە هەر قۆناغێکدا جێ پێی خۆی پتەو کردووە و هەنگاوی دوایی هاویشتووە، پرۆسەی نوێبوونەوەی بە ئارامی گرتۆتەبەر، کە لە هزرێکی سەقامگیر و دوور لە هەڵەشەش هەر ئەوە چاوەڕوان دەکرێت، لەم سەردەمەدا کە زۆر کەس یەکشەوە دەیان قۆناغ و مەکتەبی شیعریان بڕیوە، بێ ئەوەی ئاوڕ بدەنەوە سەر هیچ کامێکیان، هەر سەرپۆڕت لێیانداوە و ڕۆیشتوون، ئەوەی بە دەستیانەوە هاتبێ هاتووە، دەنا بەتوونیان بەخشیوە، خۆشیان بە سەرە دەزانن بێ ئەوەی کەس دانی پێدا نابێتن، ئەم بەرە قارچکیانە، هەر لەخۆڕا هەڵتۆقیون، ئاگادار نین لەوەی کە ئەمە مێژووە کە مەکتەب و قۆناغەکان دیاری دەکات، بە دڵنیاییەوە «نالی» بە شیعرەکانی خۆی نەکوتووە شیعری مەکتەبی «نالی». سەیفولقوزاتیش پێی وانەبووە مامۆستای شاعیرانی موکریانە.

بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنا بین لە پرۆسەی گۆڕان و نوێبوونەوە لە شیعرەکانی «ساماڵ»دا دنیای شیعری ئەم هۆزانڤانە بەسەر چەند قۆناغی جیاوازدا دابەش دەکەین.

١- ئەو شیعرانەی لە گۆڤارەکاندا هەن، بەڵام لە کتێبەکاندا جێیان بۆ نەکراوەتەوە.

٢- هەر هیچ تەنیا.

٣- تابووت، لە هەرکام لەو قۆناغانەدا شیعرێک، یان دوو شیعر دێنێتە گۆڕێ، «هەر هیچ تەنیا» و «تابووت» (١).



**سالم**

**یەکەم:** شیعری ناو گۆڤارەکان

**«با پێت بڵێم**
**ئەوینی تۆ**
**وەک شەپۆلە و**
**منیش بەردی قەراغ ڕووبار**
**دەترسێم بڕۆم جێت بێڵم**
**لە باوەشت نەگرێ کەنار»**

ئەمە شیعرێکی زۆر ئیحساسی و کاڵە، مۆسیقای زمانی و فۆرمی نووسین و زمانی دەربڕین لەم شیعرەدا هیچ تازەگەری و نوێبوونەوەیەکی تێدا بەدی ناکرێت، بە زمانێکی ڕوون و بێ گرێ پەیامێکی ڕووتکراوە و ئاشکرا دەنێتە بەردەستی خوێنەر، ئیتر جێی ڕامان و بیرکردنەوە بۆ خوێنەر ناهێڵێتەوە، خوێنەر ئەوەی دەیبینێ و دەیبیستێ هەر ئەوەیە، ئەمە بەتاڵترین شیعری شاعیرە لە وێنە و لایەنە هونەرە جوانکارییەکانی شیعر، تەنیا دوو وێکچواندنی سادە نەبێ، شتێکی تری تێدا بەدی ناکرێ،

«ئەوینی تۆ وەک شەپۆلە»
«منیش بەردی قەراغ ڕووبار»
ئەوین = شەپۆل
منیش = بەرد

تەمەنی شیعری ئەم دەورانەی شاعیر زۆر کورتە، ئیتر لەمە بەولاوە پێدەنێتەوە هەرێمی تازەگەری و نوێبوونەوەوە، بە واژە و دەستەواژەی نوێ شیعرەکانی دەڕازێنێتەوە، مۆسیقا نوێیەکانی ڕوحی شیعر سەر هەڵدەدەن، ئەمانە پەیامی سەرهەڵدانی شاعیرێک دەدەن بە خوێنەری شیعری کوردی، هەر لەسەرەتاوە بوارە جۆراوجۆرەکانی تازەگەری و نوێبوونەوە تاقی دەکاتەوە، لە تێکشکانی فۆرمی و لادان لە یاسای باوی زمانی نەترساوە، هەوڵی داوە بۆ گۆڕینی یاسای پەیڤین لە زمانی شیعرەکانیدا.

**دووەم:** «هەر هیچ... تەنیا!»

هەر هیچ.... تەنیا! یەکەمین بەرهەمی کتێبی شاعیرە و بیست و حەوت شیعری کورت و درێژی لە ئامێز گرتووە، ئەمە بەشێکە لە هەوڵەکانی شاعیر بۆ سەرکێشانە نێو پانتایی تازەگەری و هاوتەریب بوون لەگەڵ کاروانی نوێبوونەوە، هەوڵی داوە و هەنگاوی گوێزاوەتەوە، شیعرەکانی خاوەن ئاهەنگ و مۆسیقای دەروونین، ڕەنگ و بۆی تازەبوونەوە بە سیما و زمانی شیعرەکانییەوە دیار و بەرچاوە، ڕەمزەکانی زمان چڕتر و کامڵتر و شاراوەترن، بۆ دەست ڕاگەیشتنی خوێنەر بە ئەوانە دەبێ پێست و توێخ بشکێ و توێژەکانی دەرەوە وەلاوەنرێن، ئەمەش کاری خوێنەر گران دەکات، بەڵام بەرهەمی مانایی لەو نووسراوانەدا شیرینتر و بەتامترن.

**«هەراسان»**

**خۆم لە تۆزی خەون و**
**باوێشک**
**دە**
**تە**
**کێ**
**ن**
**م**
**ڕکەی مێژوو**
**لە گرێژنەی دزێو دەبەم و**
**پەڕەوازەی جوانی دەبم**
**هەراسانم**

**ئاسمانێک**
**لە بنارەی پەنجەرەڕا هەڵمەدەگرێ**
**من سواری ئەسپی ئەستێرەیەکی هەراسانم**
**بە عیشقی هەڵفڕینەوە.... دادەگیرسێم**
**من ئاوەڵدوانەی سووتانم**
**سووتانی من...**
**پرسیاری هەڵوەرینی گوڵێکە لە – با –**
**سوێند خواردنی دڵۆپەیەکە بۆ دەریا**
**دیمانەیەکی مێشکە لەگەڵ دڵ....**

ئەمــە ســەرەتای شــیــعــرێکی مــەزن و درێژە بەناوی «هەراسان» و دەروازەی چوونە ژوورەوەی کتێبەکەشە ئەم شـــیـــعـــرە هاواری ڕوحـــێکی وەزاڵە هاتووە لە دەست ناکەسانی و جەور و ستەم، جەستەیەکی ئازارچەشتووە لە دەست قـەمـچـیـیـەکـانی ڕۆژگار، بە ناشـیرینی و دزێوی گــەمــارۆ دراوە، ســەرەتای شــیــعــرەکــە ئەوەی خــۆی لێدەدزێتەوە خەون و باوێشکە، دنیای خەون و لەجێدا کەوتن و دەستەوەستانیش هۆیەک و فاکتەرێکی گرنگە بۆ پاشکەوتن و جـێـمـان، جـێـمـانـیش دەبێـتـە هۆی دوورکـەوتنەوە لە کـاروانی جـیـهـان و دوورکـەوتنەوە لە کاروانیش ئاوارەبوونە لە سەحرای بیروشکی و نەزانی و تـەنـیـــاییـــدا، ئـەوانـەش دەبنە پاڵنـەرێک بـۆ بزربوون و تواندنەوە و لەناوچوون.

هەر لە سەرەتای ئەم شیعرەوە و لە دەروازەی کتێبەکەدا پەیام و بەرامـەی نوێبـوونەوە بە ڕووی خـوێنەردا دەڕژێ، زمـانی شیـعـرە کە خاوەن سـتـایلێکی نوێیە، ئەم شیـعـرە دەسـتـمـان دەگرێ و دەمـانباتە هەرێمی تازەگەری سامـاڵ- ـەوە، بە دابەشکردن و لێدوان لە سێ دێڕی سەرەتایی ئەم شـیـعـرەوە بۆمـان دەردەکـەوێ چ گـۆڕانێک لە هۆزانی ئەم شـاعـیـرەدا ڕوویداوە، ئـاسـتی گـۆڕانی فـۆرم و زمـان لە کوێدایە.

**ئەلف**
**خۆم لە تۆزی خەون و**
**باوێشک**
**دە**
**تە**
**کێ**
**ن**
**م**

وردکردن و بەتۆزکردنی وشەی دەتەکێنم بەو شێوەی کە لە سـەرەتاوە دوو پیت دوو پیت، پاشـان بە وێنەی یەک پیت یەک پیت وێنەکەمان بەهێزی وشە بۆ دەکێشێتەوە، لە ئەندێشـە و بیـری خـوێنەردا جـێگیـری دەکـات، لە تەکاندنی هزر و بیری خۆی لە تۆزی خەون و باوێشک، بەم وێنە ڕوانین و هەسـتی خـوێنەر زیاتر ئامـادە دەبێ بۆ وەرگرتنی پەیامی نێو کاکڵی شیعرەکە و هەستی شاعیر، خـوێنەر بەرلەوەی لەگـەڵ وشـەی دەتەکێنم بەرەو ڕوو بێ، وێنەی تۆز و وردبوون و تەکاندن هەست پێدەکات، وشە و وێنە لەباری سایکۆلۆژییەوە زیاتر لە ڕوحی مرۆڤدا جێ دەگرن، وەک دەنگ و ڕەنگ بە یەکەوە، ئەمەش دەلالەت و بەڵگەیە بۆ نوێبوونەوە لە مۆتیـڤەی نووسین و لادانە لە یاسـا پەیڕەوکـراوەکـانی بەرێ، لەتوپەتبـوونی ئەم وشـەیە وێنەی پرژ و بڵاوبوونەوەی تۆزی خەون و باوێشکە بەرەو عـــــەرزی و خـــــاوێـن بوونـەوە، هـەڵاتـنـە لـەدەست پەنگخـواردنەوە و بۆگەنبوون، ئەمە هەر لایەنی شیـعـری ناگـرێتـەوە، بەڵکو بەشـێکە لە باوەڕی شـاعـیـر، کـە پەلـداوێتـــــەوە نـێـــــو لایـەنە کــــۆمـــــەڵایـەتی و کـولتـوورییـەکـانیـشـەوە، سـەر لەبەری بوارەکـانی ژیان دەگرێتەوە، کاتێک بواری ڕۆشنبیری و زمانی شیعری و بازنەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە سەردەمێکی زۆر لە شـوێن و ئاسـتـێکدا قـەتیس دەمـێنێـتـەوە، ئەوە هەمـوو ئەو بەشـانە پێـویسـتـیـان بە نوێبـوونەوە و گـۆڕان هەیە، فـاکـتـەری گۆڕانـیش گـوتاری نوێ و زمـانی نوێ و پەیامی نوێی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرانەیە، دەبێ ڕیشەی ئەم پەیام و هەسـتـە بۆ ناو دەمـارەکـانی خـوارەوەی کـۆمـەڵ شۆڕبێتەوە ، کە ئەویش هێزی نەترسان و نەپرنگانەوە و لەمپـەرشکێنی ڕۆشنبیـری دەوێ ، ئەمـە فـۆرم و نۆرمی نووسین بێ، شـێـواز و پەینی بێ، یان یاسـاورێسـا نا سەردەمییە پواوەکانی سەردەم، ئەوە بڕواهێنانی شاعیرە بە گـــۆڕانی وەرزەکـــان و هەرەســـهـــێنانی شـــوورە و لەمپەرەکان، دەستی خوێنەریش دەگرێ و ڕایدەسپێرێت کە سەر بکێشێتە ناو ئەم هەرێمە پاقژ و دلۆڤانە.

**– ب–**
**«ڕکەی مێژوو»**
**«لە گرێژەنەی دزێو دەبەم و»**

لە یەکـەم هەنگاوی داوی هەسـتـان بە ئاگـاهاتن، پاش

بۆنخۆشەکانی ژین، ئاوێتە بوونە لەگەڵ ئامرازی نوێ و پەیڤی نوێ و هزری نوێ، دیارە جوانی هەر چاو و برۆ و باڵای جوان نییە، مەلی جوانی باڵی بەسەر هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ژیندا کێشاوە، هەرێمەکانی جوانی ڕەنگاوڕەنگن، چێژەکانی جوانی جۆراوجۆرن، ئامێزی جوانی ئاواڵە و فراوانە، بە ڕادەی ڕەنگ و بۆنی هەموو گوڵەکانی دنیا، لە دنیای فەلسەفەدا کە پانتایی وردبینی و تیژبینییە و هەموو شیکاری و نوێکارییە ورد و ئەستەمەکانی ژیان لەو بەستێنەدا کراون، هیچ کەسێک نەیتوانیوە بڕیاری کۆتایی لە مانای جوانی بدات، دەروازەی ئەم پرسیار و وەڵامەیان ئاواڵەیە و لەسەر پشت هێشتووەتەوە، زەوق و هەستی مرۆڤی سەدە و چاخەکان مانای جوانییان گۆڕیوە، هەرکەس بەپێی بۆچوونی خۆی و مەزاقەکانی سەردەم لێی دواوە، هەر نەتەوە و تاکێکیش بەپێی زەوق و چێژی خۆیان تاریفێکیان لێکردووە، شاغییەکان جوانییان لە لچ و لێوی ئەستوور و لەشی خاڵ لێکوتراوی سەوز هەڵگەڕاودا دەدیت، یۆنانییەکان لە سیمای جوانی لاواندا و ڕێکوپێکی پەیکەرەی داتاشراوی ئارام و بێ دەنگیدا دەدیت، ڕۆمییەکانیش جوانییان لە نەزم و شکۆ و هێزدا پێناسە دەکرد، کاتێک منداڵە ڕەشپێستەکانی کەنارەکانی ئەفریقای ڕۆژئاوا «ریچارد برنن»یان بە ڕووتی دیت، هاواریان کرد «تەماشا ئەو پیاوە سپی پێستە هەر لە مەیموون دەچێ» دیارە ئێمەش پێمان وایە ئەوان هەر لە گۆریلایەکی ڕەش دەچن، ئەگەر پرسیاری ئەم باسە ئاراستەی «ڤۆلتێر» بکرێ دەڵێ هەردووکیان ڕاست دەکەن.

هەر لەم پێوەندییەدا، ئەفلاتوون دەڵێ: «ڕەگ و هەوێنی چاکە لە یاسای جوانییەوە سەرچاوە دەگرێ»

«گووتێ»ش دەڵێ:

«هەموو شتێک لە فەوتان و گۆڕاندایە، تەنیا ئەوە هێزی هونەرە ڕاز و ڕەمزی هەرمان و نەتوانەوە دەناسێت».

ماک و مانای جوانی لە ئەندێشە و شیعری «ساماڵ»دا فرینە، فڕین و ڕەها بوون، ئاوێتە بوونە لەگەڵ ڕوحی ڕووناکی و لەشئازادیدا، ئەو جوانی و گەشەی ژین لە فڕیندا دەبینێت، دەبێ ئەمە لێکدانەوەی هەموو هاونەوەکانی بێت.



**سوارەی ئیلخانی زادە**

پاقژبوونەوە لە تۆزی خەون و باوێشک و بڕواهێنان بەر پەیامەکانی گۆڕان، شان دەداتە بەر گرێژەنەی دزێوی مێژوو، مێژووی خەون و باوێشک و وەستان، ئەم وەستانە لە بواری ئەدەب، گوتار، یان کۆمەڵایەتی و سیاسەت، یان هزریەتە پەنگخواردووەکانی داب و کولتوورە سواو و ناسەردەمییەکانی سەردەمدا، ئەو دابونەریتانەی مێژووی کەڵک لێ وەرگرتنیان بەسەر چووە و هیچ کارابییەکیان نەماوە، ئیتر سەر ناسوێتە خاکی بەر ئەو دەرگە پواوانە و لە گرێژەنەیان دەبات، پاسەوانی و پارێزگاری لە هزری پووچ و دابی پوواو و چەق بەستوو ناکات.

**- ج -**

**«پەڕەوازی جوانی دەبم»**

کە خۆی لە تۆزی خەون و باوێشک دەتەکێنێ و ڕکەی دزێوی مێژوو لە گرێژەنە دەبا، لە ئاسمانی ئازادیدا باڵەکانی دەکاتەوە و دەفڕێ، بەرەو هەرێمی شەنگی و جوانی پەرەوازە دەبێ و ناوەستێ. چوونە نێو دنیای جوانییەکانیش کە هەرێمی تازەگەری و نوێبوونەوەیە، ئاشنابوونە لەگەڵ سروودەکانی جوانی و هەناسە

**«مەودای من و هەراسانی**
**تۆی تۆ....**
**ئەی سەماکەری چەمەرییە ئمینییەکانی ڕوحی من!**
**لەژێر هەورەبارانی سەرمدا**
**سێبەرەکەت... ڕووناکییە**
**جوانییەکەت... ئازادییە**
**پێکەنینت... هەڵفڕینە**
**هەڵفڕینیش گەشەی ژینە»**
**«ژین بە ڕێزمانی ئیمپراتۆریەت دەنووسن**
**ئێمە ڕێزمانی هەڵفڕین دەزانین»**

هەر لەناو بەشەکانی ئەم شیعرەدا زۆر کۆپلە و دێڕ هەن دەگەنە سەر لووتکەی جوانی و دوندی شەنگی لە ئامێز دەگرن، پڕپڕن لە ڕوحی شیعر و ڕەنگی شیعر و تامی شیعر و بۆنی شیعر، زمانی شیعری دەگاتە ئاستێکی بەرز، ئەم شادێڕانە نوێنەری جوانی و تازەگەرین لە شیعرەکەی «سامال»دا. نوقمی هەست و سۆزی شاعیرانەن.

**«بە عیشقی هەڵفڕینەوە دادەگیرسێم»**
**«وەرە هێندە باڵ لێکدەین**
**تۆفانی هەڵفڕین هەستێ»**
**«ئاسمان ماچێکی پێداوم**
**تامی ڕووناکی دەدا»**
**«هەوا پڕە لە تلیاکی مردن»**
**«من لەشی ڕووتی کچە ڕازێکی دەروونی خۆم دیوە**
**شەرم و حەیای لێ هەڵگرتووم»**
**«تۆ دەنکە تەرزەیەکی لە پشکۆی دەروونمدا**
**ڕەحمەت بێ بەم حەجمینی دڵم**
**پڕ... پڕ... پڕت کردووە لە قریشکەی چارەنووس**
**پڕ... پڕ... پڕت کردووە لە نووکە نووکی کابووس»**

ئەگەر بمانەوێ شیعرێک وەک نموونە بۆ شکاندنی شەقڵی زمانی لە شیعری «سامال»دا بێنینەوە «ڕێگا» وێنەیەکی بەرچاو و خاوەن سەرنجە، ئەم شیعرە سەرەڕای ئەوەی لەباری فۆرمەوە نوێکاری تێدایە، خاوەن مانای جوان و کاکڵێکی پتەویشە، هەروا سووک و سادە ڕکێف نادات، خوێنەر ئاسان و بێ ماندووبوون ناتوانێت بچێتە نێو تانوپۆی تەندراوی شیعرەکەوە، بەڵکو بۆ شرۆڤە و یەکخستنەوەی تووشی ماندووبوون و مێشک گوێستن دەبێت، لە سەرەتای ئەم شیعرەدا بە یارمەتی پیتەکان چوار ڕێیانێک دەکێشێتەوە، ئەم چوارڕێیانە چوار وشەی گەلا، خاک، باڵندە، شەهید لەخۆ دەگرێ، بەم پێیە شەقڵی نووسین دەشکێنێ و بە وشە وێنە و بەهۆی وێنەوە پەیام دەخولقێنێت، ڕەنگە ئەگەر ئەم وشانە هەر لەسەر ڕیتمی ئاسایی خۆیان بنووسرایەن هەر هەمان مانا قامووسییەکەی خۆیان بە ئێمە بەخشی بایەت، بەڵام بە هەڵوەرین و لەتوپەت بوونیان، ئەم وشانە یاخی دەبن و قاپۆڕ دەشکێنن، دەبنە دالێک بە چەند مەدلوولی هاوتەریب و جیاوازەوە لە بەرانبەر وشەی باڵندەی لەتوپەت کراودا.

**ب – ا – ڵن – دە = باڵ و سەرولاقی هەڵوەری و ڕاوچییەکەی زاڵم**

**ش ە هی د = مرۆڤێک و ئەندێشەیەکی لەخوێندا شەلاڵ و ئەقڵیەتێکی خوێن خۆر و مرۆڤگەلێکی زۆردار.**
**گ – ە – ڵ – ا = سەرما و شەختە و هەڵوەرین کە ڕەمزی ئازار و ژان و ماکی جودایین.**
**خ – ا – ک = دابەشبوون و جینۆساید و تواندنەوە و داگیرکەر، دابڕان و تەرەبوون.**

«یەڵماز» کە بەر دەنگی ئەم شیعرەیە هەموو لایەنە مەزڵوومییەتەکانی ئەم شیعرە دەگرێتە خۆی، لەم چوار ڕێیەوە لە هەرکامیانەوە بڕۆی دەگەیتە ڕوحی ئازارچێشتووی «یەڵماز گۆنای»

**«چرای کامە لاسەوز بێ**
**زووتر دەگەمەوە لات»**

بە هەرکام لەو ڕێگایانەدا بڕۆی دەگەیتە مەزڵوومیەت، چونکە هەر چواریان سەمبۆلی مەزڵوومیەتن، ئەم شیعرەش هەڵگری پەیامی تازەبوونەوەیە لە شێوازی نووسیندا، شکاندنی شەقڵی نووسین دەروازەیەکی نوێ بەڕووی خوێنەری شیعری کوردیدا دەکاتەوە ، ئاشناشیان دەکات بە بەهرە و توانایی ناوەکی و دەرکییەکانی شیعر.

**«ڕێگا»**
**ب**
**ا**
**ڵن**
**دە**
**ش ە هی د    گ ە ڵ ا**
**خ**

**ا**
**ک**
**چرای کامە لا سەوز بێ**
**زووتر دەگەمەوە لات!**
***   *   ***
**ئەگەر ببی بە باڵندە**
**هەموو جیهان هەڵدەفڕێ!**
**ببیە گەڵا**
**هەموو جیهان سەوز دەبێ**
**ببیە شەهید**
**هەموو جیهان دەپشکوێ**
**ببی بە خاک**
**هەموو جیهان عاشق دەبێ!**

**سێیەم**

**- تابووت -**

**جێناگرم**
**نە لەشوێن و**
**نە کات و**
**نە کەسا**
**زەوی دەکەمە تابووتنامە**
**تا کەنداوی مەرگی منیش**
**خاڵی نەبێ**
**لە نەوت و لە ماسی**
**زەوی دێنمە سەر سەکۆی وشەکان**
**هەتا بگریم**
**پێبکەنم**
**عاشق بم**
**هەڵێم...**
**بۆ ئێوە**

بینەرانی هەمیشە دانیشتووی نێو تابووت، مەلی نوێگەری نێو هزری «سامال» لە شیعرەکانی کتێبی، «تابووت»دا بە هەردوو باڵ دەفڕن، باڵی پەیڤین و باڵی پێکهاتەیی، هەنگاوی تازەبوونەوە لێرەدا گورج و پتەوتر دەبێت.

بەم دوو باڵەوە مەلی شیعری «سامال» جوان و شەنگتر دەنوێنێ و بەرەو قۆناغی کامڵ بوون ڕێ دەبڕێت، کە هەم جیهانی شیعری خۆی زیاتر پێدەخەملێنێ و هەم لەوێوە پانتایی ئەدەبی کوردی بێ ساماندارتر دەکات.

بە دڵنیاییەوە ئەم کاروانە بەم زوانە ناگاتە سەرمەنزڵ و دەبێ لە داهاتوودا پانتاییەکی فراوانی بۆ تەرخان بکرێت، چونکە تا ئەوێ پۆشتە و پەرداختر و مەزن و بەرچاوتر دەبێ، لە «تابووت»دا شیعرەکان تەیارترن بە لایەنە هونەرییەکانی شیعر، زمانی «هەر هیچ تەنیا» بەجێ دەهێڵێ و قۆناغێکی تر لە پرۆسەی نوێبوونەوە دەست پێدەکات. خوێنەر تووشی کەمتر کۆپلە و دێڕێک دەبێ کە لە ڕوحی ناسکی شیعردا نەتوابێتەوە، ئەو کاتەی کە باسی گریان و خەممان بۆ دەکات و چیرۆکی یادگارە تاڵەکانی دەروونی خۆیمان بە هۆی چاوەشێدارەکانییەوە بۆ دەگێڕێتەوە، بە زمانێکی تازە و ناوازە دەدوێت.

**«بەرانبەرم.... دیوارێکە لە کۆتاییتان...**
**با - ی دێ و**
**چاڵی چاوم**
**بە یادگارەکان شێدارە»**

با - تابووت - سپی سوار - لە شیعری تابووتدا بەهێزترین وشەن و دەورگێڕی سەرەکی شانۆی شیعرەکەن، خوێنەر زیاتر لە هەموو وشەکان چاوی بەوان دەکەوێ و بەوان ئاشنا دەبێ، ئەم وشانە هەر بە ئانقەست لە لایەن شاعیرەوە زەق و بەرجەستە کراونەتەوە، ماکی پەیام و ڕوحی شیعرەکەش هەر لە توێی ئەم وشانەدا حەشار دراوە، هەموو پێکهاتەی شیعرەکەش لە خزمەت ئەواندان.

**یەکەم - با-**

کە دوازدە کەڕەت لە شیعرەکەدا هاتووە، - با- ڕەمزی ڕابردووە، دەفتەری بیرەوەری ڕۆژە تاڵ و شیرینەکانە، بە سواری ئەسپی - با- دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی دوور و نزیکی بیرەوەرییەکانی. لەم سەفەرەدا تووشی یادگارە خۆش و ناخۆشەکانی ژیانی دەبێ و لە ئامێزیان دەگرێت، ئەو «منە»ی کە خاوەنی پێکهاتەی هەموو شیعرەکەیە و ڕوحی شیعرەکە لە ژیانی ئەو دەدوێت، خودی کەسایەتی شاعیر نییە، شاعیر گێڕەوەی باسی ژیانی منێکە کە ئەو منە نەتەوەکەیەتی.

بیست و پێنج و ئەی ڕەقیب دوو وشەن کە ڕەمزی نەتەوەیین، ئەو باسی دوو چاوی کەژاڵ و باڵایەکی شەنگ و دڵڕفێن ناکات، لە ڕابردووی ژیانی تاکەکەسی خۆیدا، ئەوەی ئەو لێی دەدوێ ڕابردوویەکی دوورو درێژە، بە کۆمەڵێک چیرۆکی تاڵ و شیرینەوە.

**«بیرەوەری تاڵ مردن»**
**«بەرانبەرم دیوارێکە لە کۆتایی زەوی...**
**لە تەختە سەهۆڵەکانی باکوورەوە**
**تا...**
**گەرماوەکانی نەوت و ماسی**
**«نە خوا دەمکوژێ**
**نە بۆخۆم دەمرم»**
**تەنیا...**
**با – ی دێ**
**با – ی دێ و**
**تەرمی ٢٠ەمین کوڕی تەمەنم لە شەڕ دێتەوە»**

بیرەوەری خۆش، لەدایک بوون
**«٢٥ی مەی ئەی ڕەقیب**
**لەدایک دەبم**
**ئەشقم لە دڵ دەگەڕێ و**
**تاکوو ئێوارێش نامرم»**

لەدایک بوونی ئەی ڕەقیب لەدایک بوونی نەتەوەیەکە، ئەی ڕەقیب ڕەمزی ژیانەوە و بەرخودانە و سەرهەڵدانەوە و خۆناسینە.

**دووەم – تابووت –**

کە بە زمانی – با – چیرۆکی ڕابردوومان بۆ دەگێڕێتەوە تابووت دەکاتە وێنەیەک بۆ ژیانی ئێستا، ئەو کەشوهەوایەی کە خۆی تێیدا دەژی و هەستی پێدەکات، ئەو ژیانەی کە بۆنی نێو تابووت و ڕەنگی نێو تابووت دەدات، سواری تابووت بوون سەفەرە بەرەو شاری مردن، چوونە بۆ هەرێمی فەوتان و بزربوون، نێو تابووت و ژیانێک لە تەنگەبەری و دڵتەنگیدا هەردووکیان نزیکن لە لێوی قەبر – گۆڕەوشاری قەبر و گوشاری ژیان بەرانبەرن، لە ڕوانگەی شاعیرەوە چوار مێخە کێشران لە ژیاندا و درێژبوون لە ئامێزی تابووتدا مانایەک دەبەخشن، ئەویش نەبوونە، ژیانێک باڵی فڕین و زاری هاوارت لێ ببەستن، هەر تامی مەرگ دەدات، وشەی تابووت دوازدە جار لەم شیعرەدا هاتووە.

**لە چرکەی ئەی ڕەقیبەوە**
**تا...**
**پاییزترین هەنگاوی – با –**
**لە ساتی بێ کات ژمێرەوە**
**تا...**
**لەدایک بوونی من و**
**دووتوێ بوونی ڕیشەکانی ڕەگەزی من**
**هیچم لە دڵانییە هیچ**
**جگە لە خەوی نێو تابووت و**
**زیارەتی خۆڵ»**
**کاتی دڵتەنگی**
**بازووە دارینەکانی تابووت دەمگوشێ**

**ج – سپی سوار**

وشەی سپی سواریش نۆ جار لەم شیعرەدا هاتووە، بەڵام ئەو بەو زمانی خوتبە لە ئەرکەکانی سپی سوار نادوێت، باسی شان و باهۆ و هێز و ورەی ناکات، لە پەیڤی شیرین و زمانی ئاگرینی نادوێت، جەماوەر بۆ پێشوازی و بەپیرەوەچوونی هان نادات ، ئەو تەنیا ئەو کاتەی لە بەرانبەر گژەگژی بای نەهاتی و ژیانی تابووتیدا وەستاوە، سپی سوار بیری خۆی و خوێنەرەکانی دەخاتەوە، سپی سوارێک بە جلوبەرگی سپی و ئەسپی سپییەوە، هێمایە بۆ خەون و ئاواتەکانی شاعیر، ئەو لە ژیانی ناو تابووتەوە دەڕوانێتە خۆشی و ئاواتەکانی ڕابردوو، ئامێزیش بۆ خولیا و خەوەکانی لە داهاتوودا دەگرێتەوە، با دیلی دەستی مەرگ و تابووتیش بێ، سپی سوار ئاوێنەیەکە ئاواتە سەوز و سوورەکانی شاعیر دەنوێنێت، دەفتەرێکە هیوای داهاتووی ئەوی تێدا نووسراوە، هەر بەو ئاواتەشەوە دەستی سپی سواری ئومێدی دەگرێ و مل بە فەوتان نادات، ژیان بەو هیواوە خۆشە، بێ بوونی هیوا کێ باری ئازارە قورسەکانی ژیانی پێ هەڵدەگیرێ؟

**«لە وڵاتی – هەی ڕۆ–. بارانەوە**

**تا...**
**خشت بەخشتی میعماری خوێن**
**هیچم بەرنەکەوت هیچ**
**جگە لە تۆفانی ترپەی سم و**
**سپی سوارێک لە دوورەوە...»**
**« - با- ی - دێ و**
**با - ی دێ و**
**بە دەنگی ڕەوەی سپی سوار**
**من هێشتا هەر زیندووم»**

لە بەشێک لە شیعرەکانی کتێبی «تابووت»دا شاعیر بە زمانی فەلسەفە دەدوێ و بە باڵی فەلسەفە دەفڕێ، هێنانەوەی ناوی شێخ ئیشراق و ڤیتاگۆرس و هەلاج و شوکەرانەکەی سوقراتی نەمر هەر یەکە و بەجۆرێک باس لە ئەندێشــە و فـیکری ئەم مـرۆڤــە ئازا و بلیـمـەتانە دەکـەن، کــە هەر یەکـە و خـاوەن ئەندێشــە و هزرێکی تایبـەتن و جێ پەنجەیان لە نوێ بوونەوە و کامڵـبوونی مرۆڤایەتیدا دیارە.

ئەم وتارە هەمــوو کـەلێن و قــوژبنەکـانی شــیـعــری «سـامـاڵ» لەخـۆی ناگـرێت، گـەڕان بەناو پانتـایی ئەو سەرزەمینە بەرینەدا پشووی درێژ و هێزی زۆری گەرەکە، دەبێ بۆ هەریەک لە بوارەکانی شیعری ئەو، ڕەهەندێکی تایبـەت لێبـدرێت و هەر لـەو جوغـزەشـدا لێـی بدوێی، ئەوەی من باسم لێکردووە ڕەوتی تازەگـەری لـە زمـان و فۆرم لە شیعرەکانی ئەودا بووە، زۆر بە پارێزەوە دەستم بۆ شـرۆڤـەکـردنی مـانایی شـیـعـرەکـانی بردووە، مـادام ئەوەی ڕەوتی وتارەکە بۆ خۆی پەلکێشی کردبێتم، دەنا من نیـازم لێکدانەوە و ڕاڤەی مـانـایی شیعـرەکـانی ئەو نەبووە، هەرچەند لەســەر ئەو باوەڕەم، ئەگــەر بمانەوێ باس لەسەر گۆڕانی زمان و فۆرمی شاعیرێک بکەین، پێــویســتــە هەندێک ڕاڤــەی مــانایـیش بێنینە ئاراوە، چونکە زمـان و فـۆرمی نوێ شێواز و چۆنیـەتی مـانایی نوێش دێنێتە بەرهەم، ئەوەش یارمەتی خوێنەر دەدات، هەتا لە شـێواز و جۆری مـانای ئەو زمـانە شیـعـرییـەش بگات، بۆ خوێنەری هۆشیـاریش هەر ئەوەندە بەسە هەتا لەگەڵ زمان و شێوازی ڕەوتەکە ئاشنا بێ.

پێــشم وایە بۆ ئەو کـەسـانەی کـە بیـانەوێ بە چاو و زمــانی ڕەخنەییــەوە بڕواننە ئەم دوو کــتــێــبــە، بواری نووسین و جێی کارکردن بۆ ئەوانیش هەیە.

**«شەڕ»**
**بارینی خۆر**
**بەسەر پەنجەرەی ماڵانێکی تازە سازدا**
**دایە مەمدە بەگورگێ**
**لە زنجیرەی مناڵانێکی هەشت - نۆ ساڵاندا**
**کوت و پڕ**
**هەڵاتنی فرۆکەیەکی ڕەش**
**لە سووچی شینی ئاسمان**
**دایکانی برد**
**گورگی خاتیرەیەکی سوور**
**بارینی دووکەڵ**
**یان جەدەلێکی سیاسی**
**بەسەر کەلاوەی هەرێمێکی دیسان ڕووخاودا**

**سەرچاوەکان:**

**١- مێژووی فەلسەفە «ویل دیورانت»، عەباس زەریاب.**
**٢- سروەی ژمارە ١٣١-١٣٢.**
**٣- هەر هیچ تەنیا، محەممەد ئەحمەدی.**
**٤- تابووت، محەممەد ئەحمەدی.**

# هێرمێنۆتیک

ئیرێنا ڕیما مەککاریک
لە فارسییەوە: ئەحمەد چاک
(بۆکان)

هەر بەو جۆرەی کە نەریت نیشانی داوە، هێرمێنۆتیک زانست، یان تیوری تەفسیرە. چاوگی وشەی هێرمێنۆتیک، وشەی یۆنانی hermeneueinیە. بەواتای تەفسیرکردنەوە و بە زمانی خۆماڵی وەرگێڕان، هەروەها بە واتای ڕوونکردنەوە و شیاوی تێگەیشتن کردن و لێکدانەوەیە. لە ئوستوورەکانی یۆناندا، هێرمێس زۆر جار پەیامی ڕەمزاوی خوداکان بۆ مرۆڤەکان تەفسیر دەکاتەوە. کەوابوو جێی سەرسوڕمان نییە کە هێرمێنۆتیک وەکو شێوەیەک، لە تەفسیری دەقە پیرۆزەکانەوە دەست پێدەکا و لەگەڵ زانستی وشەناسیدا نیزیکایەتییەکی زۆری هەیە، کێشەکانی بزووتنەوەی چاکسازی، لەدژی ئەوە حوکمەی کڵێسا کە هەر تەنیا کڵێسا شیاوی تەفسیرکردنەوەی کتێبی پیرۆزە- و پێداگری پرۆتستانەکان لەسەر خۆبەسبوونی کتێبی پیرۆز و بڕیاری پتەوی ئەوان لەسەر نیشاندانی ڕوونی و ئاشکرایی بنەمای کتێبی پیرۆز گەیشتە ئاکام.

چوارچێوەی گشتی و کردەی بەرهەم هاتوو لەم کێشانە، بنەمای هێرمێنۆتیکی دارشت. ڕێکوپێک کردنەوەی بەرەبەری ئەو کەرەستانە و بەمیتودۆلۆژی کردنی ئەم کەرەستانە بۆ تەفسیری دەق، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا بیچمی تیورییەکی فەلسەفی گشتیتری بەخۆوە گرت، کە ئەگەر نەک لە هەمووی لایەنەکانی هەوڵ و کۆشش و کولتووری مرۆڤدا، لانی کەم لە زۆربەی ئەواندا، جەختی لەسەر گرینگایەتی بێ ئەم لا و ئەولای تەفسیر دەکردەوە.

هێرمێنۆتیک بە هۆی وزەی بەرهەمەکانی سەرەتایی مارتن هایدگەرەوە، شێوەی بەربلاوتری فەلسەفەی گشتی تێگەیشتنی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە گرت و بۆ هەر شێوە و لقێک کە لەگەڵ تەفسیری زمان کردەوە، یان دەست کردەکانی مرۆڤ سەروکاری هەبوو. ئاماژە و دەلالەتی خۆی پێ بوو.

فریدریش شلایەر ماخێر، موتەئەللەی ئەڵمانی، یەکەمین کەس بووکە ویستی تیوری گشتی تەفسیر وێنا بکاتەوە، تیورییەک کە بکرێ سەبارەت بە دەقی نائایینیش بەکاربێت. شلایەر ماخێر ئەو شتەی کە بە ناوی کەوانی هێرمێنۆتیکی ناوبانگی دەرکردووە بەم شێوەیە فۆرمۆلبەندی کردووە: لە هەر شتێکدا پاژ لە چوارچێوەی کۆدا ڕاڤە دەکرێ و کۆش بە یارمەتی پاژ. بۆ نموونە واتای وشەیەک بە هۆی ڕستەیەک کە ئەو وشەیە وەک بەشێک لەو دێتە ئەژمار دەزانرێ و ئەو ڕستەیەش تەنیا بە هۆی ئەو وشانەی کە سازدراوی ئەوانە شیاوی تێگەیشتنە. تێگەیشتن لە شوێنی یەکگرتنەوەی (پاژ و کۆ)دا ڕوو دەدا. بە بڕوای ماخێر ئەم کەوانە لە بابەتگەلی پێوەندیدار بەو تێگەیشتنە حاشای لێناکرێ، ئەمە ڕوانگەیەکە کە لە هێرمێنۆتیکی سەدەی بیستەمیشدا هەر ماوەتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، شلایەر ماخێر لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئێمە نووسەرێکی پێوەندیدار بە ڕۆژگارانی ڕابردوو باشتر لە خۆی دەناسین، چونکە دەتوانین لە بەستێنێکی مێژوویی هەراوتر بە نیسبەت ڕابردووەوە بۆی بڕوانین.

شلایەر ماخێر گەلاڵەیەکی گشتی لەدوو جۆرە هێرمێنۆتیک بەدەستەوە دەدات: یەکیان هێرمێنۆتیکی ڕێزمانی کە خۆی سەقاڵی زمان و واتاناسی خودی دەق دەکات و ئەوی تر هێرمێنۆتیکی تەکنیکی کە لە زمان تێدەپەڕێ و زەینی نووسەر تاووتو دەکات. ماخێر لە بەرهەمەکانی دوایی دیکەی خۆیدا جەخت لەسەر هێرمێنۆتیکی تەکنیکی، یان ڕەوشتی «دوابینانەی» کاری هێرمێنۆتیکی دەکات.

توێژینەوە زمانناسییەکانی ویلهۆلم فۆن هۆمبۆلێتیش پێشەکییەکە بۆ هێرمێنۆتیکی هاوچەرخ. هۆمبۆلێت بە دەربڕینی ئەم بابەتە کە زمانی کەسێک ڕوانینی ئەو بۆ جیهان دیاری دەکات، بایەخی فەلسەفی زیاتری بەخشی بە کێشەگەلی پێوەندیدار بە سروشتی زمان و تەفسیر، بەڵام هێرمێنوتیک لەسۆنگەی ئەڵمانییەکی تر واتە (ویلهۆلم دیلتای)وە، پێگەی فەلسەفی بەربڵاوتری پەیدا کرد.

بە بڕوای دیلتای، هەموو زانستە مرۆییەکان، لە ئاستی بنەماییدا، لەگەڵ بابەتی هێرمێنۆتیکی تەفسیری وتەی مرۆڤ دەستەویەخەن. تێگەیشتن لە مرۆڤەکان بە واتای تێگەیشتن لە وتەی فەرهەنگی ئەوانە و ئەمە تەنیا لە چوارچێوەی دەقەکاندا نابەسرێتەوە، بەڵکو بیچمە جۆراوجۆرەکانی هونەری و کردەکان (فەرهەنگی مێژوویی بەشێوەیەکی گشتی)یش لە خۆوە دەگرێ. بە پێچەوانەی توێژینەوە زانستییەکان لە جیهانی ئەزموونیدا، توێژەرانی زانستی ئینسانی ناتوانن خۆیان لەم هاوسەنگایەتییە لادەن. بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ دەبێ مرۆڤ بێ و ئەمە خوێندنەوەیەکی دیکەیە لە کەوانی هێرمێنۆتیکی. دیلتای لە بنەڕەتدا ئەو تێگەیشتنەی بە تێگەیشتنێکی هاودڵانە دەزانێ کە پێویستی بە ئەوپەڕ خستنی خودە لە زەینی کەسێکی تردا (ئافرێنەر)، لە ڕێگەی وەرگرتنی وتەی فەرهەنگییەوە. ئەو بەم وتە فەرهەنگییەی دەوت «زەینی بەرچاو». ئێمە لە ڕێگەی ئەو وتەیەوە ئەزموونی ژیاوی نووسەر سازدەکەینەوە. کەوابوو، هێرمێنۆتیک دەبێ بە جۆرێک دەروونناسی ویری و خۆبینانە کە نەک هەر واتای دەق، بەڵکو تایبەتمەندییەکانی بەدیهێنەرەکەشی تاووتو دەکاتەوە. هەر لەم ڕووەوە دیلتای زۆر قەرزارباری هێرمێنۆتیکی دوابینانەی شلایەر ماخێرە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا، بە تایبەت لە ئەڵمانیادا، هێرمێنۆتیک وەکو میتودێکی فەلسەفی کە نەک هەر بۆ دەقە کۆنەکان، بەڵکو پێوەندیدار بە هەموو خوێندنەوەکانی مرۆڤایەتی، ناوبانگێکی بەرچاوی پەیدا کرد، بەڵام دواتر ڕێچکەی دیلتای بە هۆی ئەوەی کە بە شوێن ڕوحی نووسەردا دەگەڕا، لە ڕادەبەدەر بە ڕۆمانتیک زانرا و بە هۆی داگەرانی زۆری بۆ لای مەبەست، هاودڵی و زەین، وەک دەروونباوەڕ گومانی لێکرا. هێندێک لە میراتگرانی دیلتای بۆ خۆ پاراستن لەم هەلومەرجە، سەرنجی خۆیان، لە جیاتی نووسەر و چەمکی کێشە هەڵایسێنی مەبەستی نووسەر، بۆ سەر خودی دەق و ئەزموونی خوێندنەوە شکاندەوە. ئەوانە بڕوایان وابوو، ئەگەریش نووسەری دەقێک بە تەواوی نەناسیاو بێ، دیسانیش هەر دەکرێ بخوێندرێتەوە و لێی تێبگەین، تەنانەت نابێ بۆ خوێندنەوەی نووسەر لە دەقەکەی خۆی بایەخێکی ئەوتۆ لەبەرچاو بگیرێ. گرینگ زەینییەتی خوێنەرە، نەک زەینییەتی نووسەر.

هێرمێنۆتیکی سەدەی نۆزدەم، هەروەها گومانی (مێژوو- باوەڕی)یشی لێدەکرا. کە بە پێی ئەو، ئێمە لە تەفسیری دەقدا هیچ ڕاستەقینەیەکی بەرچاومان لەبەر دەستدا نییە، چونکە تەفسیرەکانی ئێمە بەردەوام بە هەلومەرجی مێژووی ئێمەوە دەبەسرێنەوە، هەروەها لە بەندی ئەو زنجیرانە دایە کە بۆچوون و ویستە

ڕاستەقینەکانی ئێمە بەسەری دادەسەپێنێ. ئەوانە هێشتاش هەر بابەتگەلێکی گرینگن ؛ ئەو بابەتانەی دەگەنە گومانی وەکو ڕێژەیی ڕوانینی تەواو. ئەم دیارەیە بە تایبەت سەبارەت بە هێرمێنۆتیکی دیاردەناسانە کە لە بەرهەمەکانی مارتین هایدگەرەوە سەرچاوە دەگرێ و وەڕاست دەگەڕێ، هایدگەر لە سەر فەلسەفەی قارەیی، لە ئیگزیستانسیالیزمەوە هەتا هێرمێنۆتیکی هاوچەرخ و بنەماشکێنی دریداییەوە، کارتێکەری زۆری بووە. ئەو شاگردی ئێدمۆند هوسرەل، دامەزرێنەری دیاردەناسی بوو. هایدگەر لە بەرهەمی دەورانسازی خۆیدا، [بوون و زەمان(١٩٢٧)]، کە لەبەرهەمەکانی سەرەتایی ئەو دێتە ئەژمار، جۆرێک هێرمێنۆتیکی دژە زەینی بنیاد نا کە سەر بەشوێن بوونی تەواوی ئێمە لە مێژوو و زماندا جەخت دەکاتەوە. بابەتی تێگەیشتن بە تەواوی لە لێکۆڵینەوەی توێژەرانە لە زەینی کەسێکی تردا جیا دەکرێتەوە. لە جیاتی ئەو لەسەر سەقامگیری ئێمە لە جیهانێکی زەمانیدا جەخت دەکرێ کە واتاکەی بەر لە ئێمەیە و ئێمە تەنیا تێگەیشتنێکی زیمنیمان لێی هەیە. هایدگەر دەڵێ کە ئێمە تێگەیشتنانەی بوونمان هەیە و ئامانجی تەفسیر ئاشکرا کردنەوەی پێش تێگەیشتنێکە کە ئێمە بەر لە هەموو شتێک لە بوون-لە- جیهانی خۆماندا هەمانە.

بەپێی ئەو نموونە هایدگەرییە، ئەدەبیات بەر لەوەی دەربڕینی ئەندێشە و مەبەستی کەسێک بێت، بەرز کردنەوەی دنیایەک، یان جیهانبینییەکە بۆ [بەستێنی] ئاگایی. لە ئەدەبیاتدا جیهانێک ئەزموون دەکرێ کە نووسەر وێنای کردووە، نەک کەشوهەوای زەینی و مەبەستی تایبەت و نائاسایی. لە نووسراوەکانی دوایی تری هایدگەردا، ڕامانی زۆر و بیرۆکەی ڕۆشنبینانە لە دەوروبەری بەرهەمی شاعیرانی جۆراوجۆر، هەروەها سەبارەت بە زمان بوونی هەیە، بەڵام ئەم نووسراوانە زیاتر نووسراوەی ئوستوورەیی و شاعیرانەن هەتا میتودۆلۆژییانە.

هانس گێئورگ گادامێر، قوتابی هایدگەر، یەکێک لەبەرچاوترین نوێنەرانی هێرمێنۆتیکی فەلسەفییە. بەرهەمەکانی ئەو لەسەر بۆچوونەکانی مامۆستاکەی بۆ زمان و زەمانمەندی و تێگەیشتن دامەزراوە. ئەم نووسراوانە زیاتر بە لای هێرمێنۆتیکی نەریتی تەفسیری دەقدا دەشکێنەوە. گادامێر لە کتێبی زۆر گرینگی خۆی، ڕاستەقینە و میتود(١٩٦٠)دا بەر لە هەموو شتێک خەریکی وێناکردنی کردەی تێگەیشتنە لە پێوەندی ئەو لەگەڵ کارەکانی ئێمە و هەروەها نەریتە.

گادامێر ئەم ڕوانگەیەی هایدگەر وەردەگرێ کە ئامانجی تەفسیری دەق، خودی دەقە، نەک مەبەستی نووسەر. کێشەی هێرمێنۆتیکی زاڵ بوون بەسەر مەودا دانانی بێگانەسازە: چۆن بەرهەمێک، بەر لە فەرهەنگی سەرەکی و هەلومەرجی مێژوویی خۆی، دەتوانێ لەگەڵ بەردەنگی ئەوڕۆیی خۆی پێوەندی دامەزرێنێ و لێی تێبگا؟ ئەم کێشەیە سەبارەت بە هەموو بەرهەمە هونەرییەکان و لە ڕاستیدا، سەبارەت بە هەر هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە فەرهەنگەکان و خەڵکانی تردا ڕوو دەدا. ئامانجی تێگەیشتنی هێرمێنۆتیکی ئەوە نییە کە پەی بە واتای بەرهەمێک بە لای بەردەنگی سەرەکی، یان نووسەر ببا، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کە بزانێ بەرهەم بۆ ئێمە و هەر لەم کاتەدا چ واتایەکی هەیە، بەڵام ئەم دیاردەیە بەو واتایە نییە کە ئێمە هەر کارێکی پێمان خۆش بێ دەتوانین لەگەڵ بەرهەمی بکەین. تێگەیشتنی هێرمێنۆتیکی ئاکامی وتووێژێکی ڕەسەن لە نێوان ئێستا و ڕابردوو دایە و ئەم تێگەیشتنە کاتێک ڕوو دەدا کە لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا «تێکەڵ کردنی ئاسۆکان» بوونی هەبێ. لە ئاکامدا، ئەمە کردەیەکە لەسەر تێگەیشتنی خۆ دامەزراوە، هەروەها ڕاستەقینەی مێژوویی ئێمە و پەیوەستییەکەی لەگەڵ ڕابردوو.

گادامێر بە پێچەوانەی بۆچوونێکی زانستی تر، پێی وایە کە ئێمە تەنیا بە پێوەری پێش داوەرییەکانمان (پەروەردەی فەرهەنگی و مێژوویی) دەتوانین بزانین و نەک بە وەلا نانی ئەوان و ڕەها بوون لە کۆت و زنجیری ئەوان. کە وابوو، بەرهەمێک بەدیهێنەری واتایەکی کۆتایی و یەکجاری نییە. بۆ نموونە بەرهەمێکی کلاسیک هەر بەو جۆرەی کە لە درێژەی سەدەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر تەفسیر و ئەزموون دەکرێ، مێژوویەکیش لە واتاکانی بەرهەم دێ. مەرجی هەبوونی وەها تێگەیشتنێک خودی نەریتە، کە لە پلەی یەکەمدا لە چوارچێوەی بەرهەمە هونەرییەکاندا، دامەزراوەکاندا، بە تایبەت زمانی کۆتەڵ گرتووە. ئەگەر ئەو داوەرییانەی بە میرات بە ئێمە گەیشتووە لە هەمان نەریتی بەرهەمەکەوە سەری هەڵنەدابێ، ئەو کاتە بۆی هەیە لە تێگەیشنی بەرهەمدا گرفتی ڕاستەقینە سەرهەڵبدا: بێگانە دەمێنێتەوە. پێش فەرزی تێگەیشتنی ڕەسەن، دەروەستی و پەیوەستەیی ئێمە بۆ فەرهەنگ و ئەو

نەریتانەی کە ئێمەیان لەخۆ گرتووە (ئێمە بە هەڵچوونەوە زۆربەیان لە خۆماندا هەڵتاواندۆتەوە) و بەرەو پێش چوونی ئەم نەریتانە بە هۆی چالاکییەکانی تەفسیری ئێمەیە. هەر کاتێک دەق نەتوانێ لەوپەڕی مەودایەک لە دەق لە ئێمە جیا دەکاتەوە، پێوەندی لەگەڵ ئێمە دادەمەزرێنێ، سەرەتا دەبێ کارەکانی وشە ناسی، مێژوویی و ژیاننامەیی زۆر بە ئەنجام بگەیەنین.

هێرمێنۆتیکی فەلسەفی سەدەی بیستەم، بە ئاشکرایی، هۆگری و مەیل زیاتر لە ئامانجەکانی کەونارا توێژینەوەی بە نیسبەت دەقەوە هەیە. دەق تەنیا لە کردەوەی خوێندندایە کە بە تەواوی وەڕاست دەگەڕێ، کردەوەیەک کە لەودا جیهانی دەق و جیهانی خوێنەر دەگەنە یەک و لەیەکتریدا دەتوێنەوە. چەمکی تەوەرەیی بۆچوونەکانی گادامێر، هەروەها بەرهەمەکانی ڕۆمەن ئینگاردێنی دیاردەناس سەبارەت بە ئەدەبیات، گرینگایەتییەکی زێری بۆ ڕەخنەی خوێنەر تەوەر، بە تایبەت بۆ ئەندامانی قوتابخانەی کۆنستانس بووە. هانس ڕۆبێرت یاس و وۆلفگانگ ئایزێر، هەردووکیان لە شاگردانی گادامێر بوون.

کەسایەتییەکی تری هەڵکەوتووی هێرمێنۆتیکی فەلسەفی دوای هایدگەر، پۆل ڕیکۆرە. ڕیکۆر بەرهەمی زۆر گەورەی سەبارەت بە میتودۆلۆژی هێرمێنۆتیکی و زانستی ئینسانی، خوازە، دەروون شیکاری فرۆیدی و بە تازەیی سەبارەت بە زەمانمەندی مرۆڤ و پێوەندی ئەو لەگەڵ گێڕانەوە نووسیوە. هێرمێنۆتیک و زانستی ئینسانی(١٩٨١) ناوەرۆکی سەرەکی بیرۆکەکانی ڕیکۆر ئاراستە دەکات. ڕیکۆر سەبارەت بە ئامانجەکانی هێرمێنۆتیک لەگەڵ گادامێردا هاوڕایی گشتییان هەیە، هەر چەند بەرهەمەکانی ئەو زیاتر ئاوێتەیەکن لە هۆگرییەکانی فیکری سەدەی بیستەم، بە تایبەت پێکهاتەخوازی، نیشانەناسی و فەلسەفەی زمانی ئەنگلۆساکسۆن.

لە ڕوانگەی ڕیکۆرەوە ئامانجەکانی هێرمێنۆتیک نەک هەر دەتوانێ دژوازییەکان و جوداوازییەکان تەفسیر وەلانێ، بەڵکو دەستەبەرکردنی تێگەیشتنی خۆ لە خۆوەوە دەگرێ. «خود» کە ناوەندی سەرەکی سەرنجەکانی لە نووسراوەکانی ڕیکۆر دایە، ناتوانین لەڕێگەی تاووتو کردنەوەی ڕاستەوخۆی دیکارتی بزانین، بەڵکو دەبێ لە ئاراستەی خوار و لە ڕێگای بەرهەمە کولتوورییەکان، بە تایبەت بەرهەمە هونەرییەکان، دەتوانین لێی تێبگەین.

لە تێگەیشتنی هێرمێنۆتیکی ڕیکۆردا بەرهەمە ئەدەبییەکان، دەتوانین سێ قۆناخ لێک جیا بکەینەوە:

١- شیکردنەوە و لێکدانەوەی تاڕادەیەک بەرچاوی خودی دەق، ئەم قۆناخە قۆناخی شیکردنەوە و لێکدانەوەی پێکهاتەیی و نیشانەناسانەی بیچم و ناوەرۆکی بەرهەمە.

٢- کردەوەی خوێندنەوە، کە لەودا دنیای دەق وەڕاست دەگەڕێ، تیوری وەرگرتن، بە تایبەت چاو لەم قۆناغە دەبڕێ.

٣- قۆناغی هەبوونی و ڕاڤەیی و تایبەتی کردنەوەی واتای دەق بە خودی دەق.

قۆناغی دووەم لە لایەنێکەوە، ڕێخۆشکردنێکە بۆ قۆناغی سێیەم، چونکە پەیوەست بوونەوەی جیهانی بەرهەم زۆربەی جار پێوەندی بە تایبەتمەندییەکانی شاراوەی جهانی خوێنەر و ناسین و کەسایەتی ئەوەوە هەیە. کەوابوو، بەرهەم ئێمە دەکێشێتە ناو خۆیەوە و ئێمە لە خۆمان دوور دەخاتەوە، بەڵام ئەم کارە تەنیا بۆ ئەوە دەکا کە تێگەیشتنی لە خۆمان، بە هی لایەنی بیرکردنەوە و دەرفەتەکانی خۆمان، قووڵتر بێتەوە، شتگەلێک کە بێجگە لەوە، ئەگەری ئەوەی هەبوو کە هیچ کات لەگەڵی بەرەوڕوو نەبینەوە.

بەرهەمی دوایی ڕیکۆر ئەم بابەتە هێرمێنۆتیکییە تاووتو دەکا کە ئێمە چلۆن لە گێڕانەوە و خودگێڕانەوەیی، هەروەها بە هۆی ئەوەوە، خۆمان پێناسە دەکەین و لە خۆمان تێدەگەین. ڕیکۆر بە کردنەوەی لێکدانەوەی هایدگەری لە بە زەمان بوونی مرۆڤ، لەسەر ئەم بڕوایەیە کە کاتێک زەمان بیچمێکی ڕەوایی بە خۆیەوە دەگرێ، دەبێتە زەمانێکی ئینسانی. ئەدەبیات، چ ئەدەبیاتی مێژوویی و چ ئەدەبیاتی داستانی، لەم دیاردە گرینگەی دارشتنی گەلاڵەی زەمانەدا بەشدارن.

بەشێک لە هێرمێنۆتیکی هاوچەرخیش بەڵێنداری هێرمێنۆتیکی ڕۆمانتیکە، بەڵام لەگەڵ هێندێک لە بنەڕەتەکانی هێرمێنۆتیکی دیاردەناسانەدا دژایەتی هەیە. ئێمێلییۆ بێتتی ئیتالیایی بەرهەم گەلی گرینگی لە دەیەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ دا بڵاو کردەوە و لەواندا خۆی بە کردنەوەی بە ڕواڵەت بەرچاوتری هێرمێنۆتیکەوە خەریک کرد. میراتگری ئەمریکایی بیرۆکەکانی بێتتی، ئێریک دانێڵد هێرش، تیوری داڕێژی، ئەدەبییە.

هێرش لە بەرهەمی بەناوبانگی خۆیدا، متمانەی لە تەفسیردا (١٩٦٧)، لە نێوان واتای دەق و دەلالەتی

دەقدا جیاوازی دادەنێ. ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە هێرمێنۆتیکی فەلسەفی هایدگەری، هەروەها لکە رادیکاڵترەکانی تیوری ئەدەبی خۆیان لەم جیاوازییە نابەڵەد دەکەن و بە یەکلایەنەخوازی، تەنیا خەریکی لایەنی دووەم دەبن. هێرش لەم بابەتەوە نادوێ کە ئایا تەفسیرێکی بەکەڵک، یان لە بواری تاکەکەسییەوە، پڕبارە، یان نا. ئەو بەتەنیا بزانێ کە ئایا ئەم تەفسیرە واتای شیاوی دەقە، یان نا. ئەو بە پێ و شوێنی دۆزینەوەی پێوەرێکە و بۆ سەلماندنی ئەو تەفسیرانەیە کە بە تەنیا سەرنج نادەنە دیاردەی دەلالەت و وەڵامی ئەو مەبەستی نووسەرێکە کە دەقەکەی خوڵقاندووە. ئامانجی تەفسیر، لانی کەم لە بنەڕەتدا، سازکردنەوەی ئەو هەلومەرجە نووسینییەیە. بە بێ ئەم پێوەرە ڕاستەقینەیە، ئێمە تەنیا لەگەڵ گومان هێنان و ڕوانینی ڕێژەیی بەرەوڕووین، کە لەم هەلومەرجەدا، هەر تەفسیرێک دەتوانێ بەرگری لێ بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەخنەی زۆر لەسەر تیوری واتایی هێرش کە لە دیاردەناسییەوە وەرگیراوە، هاتۆتە ئەنجام.

ئێتانلی فیش، ڕەخنەگری ئەمریکایی، گێڕانەوەیەکی ڕادیکاڵتر لە هێرمێنۆتیک دەخاتە بەردەست. لە ڕوانگەی فیشەوە، دەق هیچ واتایەکی لەوە پێش دیاریکراوی نییە، بەڵکو واتای ئەوە یەکسەر بەرهەمی شێوەی تەفسیری ئێمەیە. هەر جۆرە هاوتایی لە نێوان تەفسیرەکانی ئێمەدا بە تەنیا بە هۆی هەبوونی میتودی هاوبەشی تەفسیرییە. لە ڕوانگەی فیشەوە، سەرنجی هێرش بۆ مەبەستی نووسەر شتێک نییە بێجگە لە یەکێک لە میتودەکانی بەردەست لە خوێندنەوەی دەقدا.

لە هێرش زۆر جار بە هۆی یەکلایەنە ڕوانینی دەمارگرژانەی ڕەخنە گیراوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە فیش بە هۆی جەخت کردنەوەی تەنیا لەسەر کردەوەی خوێندنەوە ڕەخنەی لێ گیراوە. دەتوانین تیورییە فەلسەفییەکانی گادامێر و ڕیکۆر وەکو ڕێگای ناوین چاو لێ بکەین؛ ڕێگایەک کە سەربەخۆیی دەق و خوێنەر، هەردووکیان ڕەفز دەکاتەوە و لەسەر تایبەتمەندی تەواوکەری ئەم دووانە پێداگری دەکا.

دەسکەوتێکی کۆتایی کە دەبێ لە بەستێنی هێرمێنۆتیکدا ئاماژەی پێ بکرێ، بەرهەمەکانی یورگێن هابرماس لە چوارچێوەی تیوری کۆمەڵایەتی ڕەخنەگرانە دایە، ئەگەرچی هابرماس خۆی بە تیوریسیەنی هێرمێنۆتیک نازانێ، بەڵام هەم لە نموونەی هێرمێنۆتیکی کەڵکی وەرگرتووە و هەم لایەنەکانی ئەوی برەو پێداوە. لەم ناوەدا، گرینگ بابەت جەخت کردنەوەی ئەوانە لەسەر لادانەکانی ئایدیالۆژیکی کە دەبێتە لەمپەری پێوەندی ئازادانەی نێوان بێژەران و خوێنەران. لێرەدا هێرمێنۆتیک وەرچەرخانێکی گرینگە بەرەو ئەو شتەی کە بە «هێرمێنۆتیکی گومان» ناودێر دەکرێ. نەریت کە لە بەرهەمەکانی گادامێردا چەمکێکی تەوەرەیی و پڕباری بووە، لەگەڵ سیاسەت ئاوێتە دەبێ و کێشەی لێ دەکەوێتەوە، چونکە نەریت نەک هەر پێوەندییەکی ڕەسەن دەستەبەر دەکات، بەڵکو ئەگەری ئەوەش هەیە بە شێوەیەکی بەرێوجێ ببێتە لەمپەری ئەم پێوەندییە. بۆچوونی هابرماس، هەم هێرمێنۆتیک و هەمیش تیوری ئەدەبی دەباتە ناو بەستێنی بەربلاوتری سیاسەتەوە ؛ بەستێنێک کە لەودا، ئەدەبیات یەکێک لە ئامێرەکانی ئایدیالۆژیکی جۆراوجۆرە.

ئەمرۆکە هێرمێنۆتیک شێوەیەکی فەلسەفی گرینگە کە زۆرجار پشتی بەم ڕایە دەبەست کە ڕاستەقینە، بە هۆی زەمان و هەلومەرجی مێژوویی ئێمەوە، ڕاستەقینەیەکی تەفسیر کراوە، بەڵام هێرمێنۆتیک میتودۆلۆژیشە کە لەگەڵ چلۆنایەتی تەفسیر و تێگەیشتندا سەروکاری هەیە و ئامانجەکانی کارتێکەری بەربلاوی، نەک هەر لە خوێندنەوەکانی ئەدەبیدا، بەڵکو لەسەر ئایینناسینی یەککگرتە، خەڵک ناسی و لقەکانی جۆراوجۆری زانستی ئینسانی بووە. ناوەندی توێژینەوەکانی هێرمێنۆتیکی هەروا لە وڵاتانی ئەڵمان و ویلایەتە یەککگرتووەکان و ئیتاڵیا و کانادا دایە.

**سەرچاوە:**

**دانشنامەی نظریه های ادبی معاصر. ایرنا ریما مکاریک، مهران مهاجر و محمد نبوی. انتشارات اگه. چاپ یکم بهار ١٣٨٤، صفحه ٤٦١ تا ٤٦٦.**

**١٣٩٠/٧/١٣**

# وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان

د. بەختیار سەجادی
(زانکۆی کوردستان لە سنە - بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و زمانناسی)

**٩- هاوڕەگیی دوو زمانی فارسی و کوردی**

هەروەک دەزانرێ، نزیکترین زمان لە کوردی لە چەندین ڕووی جیاوازەوە زمانی فارسییە. فارسی و کوردی لە یەک لق و یەک بنەماڵەی زمانیدان و گەلێک وشە و زاراوە لە ئارادان کە لە هەر دوو زمانەکە بە یەک شێوە بەکاردەهێنرێن. ئەم دوو زمانە دەتوانن لە گەلێک ڕووەوە بێنە یارمەتی یەکتر. بۆ نموونە، ئەوانەی شارەزای هەردوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزین، دەزانن کە وشە هاوبەش و هاوواتاکانی ئەم دوو زمانە ئەوەندە زۆرن کە هەموو کەسێک تووشی سەرسوڕمان دەکات، کەچی زمانی فەرەنسی هەر فەرەنسییە و ئینگلیزیش هەر ئینگلیزی. لێرەدا چەند نموونەیەک لەو وشە و زاراوە فارسیانە دەخەینە بەر دەست کە لە وشە پێکهێنەرەکانیان لە زمانی کوردیشدا ئامادەن، بەڵام خودی زاراوەکە لە کوردیدا بە کار ناهێنرێت. سەیر لەوەدایە لە جیاتی ئەم زاراوانە هاوواتا عەرەبی و ئینگلیزییەکانیان بەکاردەهێنرێن کە زۆر لە کوردییەوە دوورن. هەندێک لەم زاراوانە کە دەتوانرێن بەبێ گرێوگۆڵ لە کوردیشدا بەکاربهێنرێن بریتین لە:

دووچەرخە، دووربین، کارکرد، کاربرد، ڕێکار، خودکار، سازە، تاکواژ، زمانپەرێشی، دادیار، فیلمنامە، بتاسا (بتئاسا)، خودباوەڕی، پەروەرشتگا، پڕفرۆش، پڕکار.

**١٠- واقیع، واقیعی و بابەتی واقیعی:**

لە تیوری ئەدەبی و فەرهەنگیی هاوچەرخدا جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان ئەو سێ زاراوە بە ڕواڵەت وێکچووەی سەرەوەدا لە ئارادایە. ئەم جیاوازییەش تا ئەو ئاستەیە کە ئەم سێ زاراوەیە سەرەڕای ئەوەی لە هەموو زمانەکاندا هاوڕەگن، مانا و دەلالەتەکانیان لە



شوكور مستەفا

دەقە فەلسەفییەکاندا بە تەواوی لە یەکتر جیاوازن، ئەگەرچی واتای "واقیع" لە کوردیدا و "واقعیت" لە فارسیدا و reality لە ئینگلیزیدا تا ڕادەیەک ئاشکرا و ئاسایی دێتە بەرچاو، بەڵام کێشە لە دەستنیشان کردنی ئەو ئاقار و دەڤەرە تایبەتەیە کە ئەم زاراوەیە لە دەقەکاندا ئاماژەی بۆ دەکات. بۆ نموونە، ئەگەر زاراوەی "واقیع" لە ڕۆمانێکی ڕیالیستیدا ئاماژە بۆ واقیعی دەرەکی و سیمای کۆمەڵگە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، هەمان زاراوە لە دەقێکی سوریالیستیدا دەلالەت لە واقیعی ناوەکی و باری دەروونیی تاکەکەس دەکات. هەر بە هەمان شێوە، مانای "واقیعی" لە شانۆنامەیەکی ئێکسپرێشێنیستیدا بەندە بەو واقیعەی کە شانۆنامەکە لە ڕێگەی چەند تەکنیکێکەوە هەوڵی دەرخستنی داوە، یان لە پەخشانێکی ئەمپرێسیۆنیستیدا "واقیعی" پەیوەستە بەو لایەنەی واقیع کە نووسەری دەقەکە بە شێوەیەکی تایبەت و تاکەکەسی هەوڵی بەرجەستەکردنەوەی داوە.

لە لایەکی ترەوە، مانای زاراوەی "بابەتی واقیعی" لە بنەڕەتدا و یەکسەر لەو دوو زاراوەی سەرەوە جیاوازە. ئەم زاراوەیە زیاتر لە بۆچوونی دەروونشیکارانەی لاکانی و بەرهەمی لایەنگرانی ئەو قوتابخانەیە وەک (ژاک ئالێن میلێر و سلاڤۆی ژیژەک) دێتە بەکارهێنان. لاکان بە کاریگەرێتی وەرگرتن لە فەلسەفەی هێگل و شێوەڕوانینی هێگڵ بۆ ساتەوەختی یەکانگیریی نێوان سوژە و سروشتی دنیاداگر ئەم زاراوەیەی دەکار گرت. واتای چەمکی "سروشتی دنیاداگر"ی هێگڵی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە بۆ واتای تایبەتی چەمکی "جەوهەر" لە فەلسەفەی لایبنتیسدا. "بابەتی واقیعی" یەکێکە لە دژوارترین زاراوە لاکانییەکان و تێگەیشتن لەم چەمکە پێویستیی حاشاهەڵنەگری بە تێگەیشتن لە چەمکی "ڕوحی ڕەها"ی هێگڵی هەیە. بە ڕاستی من سەرم سوڕماوە کە چۆن ئەمڕۆکە کەسەکان بەبێ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هێگڵ و بە تایبەت "دیاردەناسیی ڕوح" ئەو مافە بەخۆیان دەدەن باسی لاکان و ژیژەک بکەن و شتیان لەسەر بنووسن.

"بابەتی واقیعی" لە لاکاندا، وەک چۆن هێگڵ لە ئەمئەوێتی سوژە و ئۆبژەدا ئاماژەی بۆ کردووە چرکەساتێکی هەڵکەوتە و کورتخایەنە. "بابەتی واقیعی" ئەو ساتەوەختە و ئەو دۆخەیە کە لە زماندا نایەتە دەربڕین، واتە "بابەتی واقیعی" بە تەواوی لە "بابەتی هێمایین" جیایە کە زمان سازی دەکات. مەبەستی ئەم کۆمەڵە یاداشتە تەنیا شیکردنەوەی شێوەی ڕاستەقینەی وەرگێڕانی ئەو چەمکانەیە نەک ڕاڤەکردنیان. لە دێپارتمانەکانی فەلسەفە و ئەدەب و لێکۆڵینەوە فەرهەنگییەکاندا گەلێک کتێب و تێز لەسەر شیکردنەوەی لایەنە جیاجیاکانی ئەم چەمکانە نووسراون و دیارە ئێمە لێرەدا مەبەستمان تەنیا هەڵسەنگاندنی هاوواتا جیاجیا کوردییەکانی ئەو چەمکانەیە.

### ١١- گرفتی وەرگێڕانی the لە کوردی و فارسیدا

هەروەک دەزانرێت، لە زمانگەلی فەرەنسی و ئینگلیزیدا ئاوەڵناو بە تەنیایی و بەبێ ناو، یان بەبێ ئامرازە جیاجیاکانی دەستنیشانکردنی دەلالەت بەکار ناهێنرێت، بەڵام لە دەقە تیوریک و فەلسەفییەکاندا هەندێک جار چاومان بە کۆمەڵێک زاراوە دەکەوێت کە لە the و ئاوەڵناوێک پێکهاتوون. خوێنەری ئەو دەقانە لەوانەیە لەخۆڕا بە دوای ناوێکدا بگەڕێ کە ئەو ئاوەڵناوە دەلالەت دەکاتە سەری، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین

کە لێرەدا ناوێک لە گۆڕێدا نییە و ئەو دەستەواژەیە بۆخۆی زاراوەیەکی سەربەخۆیە. چەند نموونەیەک لە ئینگلیزی و فەرەنسیدا بریتین لە:

the particular, universal the social
la social, l’ economique

گرفتی وەرگێڕانی ئەم تاقمە زاراوانە لە هەردوو زمانی فارسی و کوردیدا بە تەواوی هەست پێدەکرێت. ئەگەر بە تەنیا بنووسین "اقتصادی" یان "ئابووری"، ئەوە هەردووکیان ئاوەڵناون، کەواتە سەربەخۆ نین. ئەگەر هەر بەهەمان شێوە وەربگێڕدرێنەوە، لە لایەکەوە ڕێزمانی ڕستەکە تێکدەدەن و لە لایەکی تریشەوە مانای ڕستەکە لێڵ دەکەن، هەر بۆیەش لەم جۆرە کاتانەدا و بە مەبەستی وەرگێڕانیان بۆ هەر دوو زمانی فارسی و کوردی، باشتر وایە ناوێکیان بخەینە سەر تاکو لەو گرفتانەی سەرەوە خۆمان دەرباز بکەین. کەواتە، ئەو زاراوە ئینگلیزی و فەرەنسییانەی سەرەوە پێویستە بەم شێوەیەی خوارەوە لە فارسی و کوردیدا بێنە وەرگێڕان:

لە فارسیدا: امر جزئی، امر کلی، امر جهنشمول، امر اجتماعی، امر اقتصادی

لە کوردیدا: بابەتی تایبەتی، بابەتی گشتی، بابەتی جیهانگرەوە(یان، بابەتی دنیاداگر)، بابەتی کۆمەڵایەتی، بابەتی ئابووری لە وەرگێڕانی ئەو سێ چەمکە فرەپاتەی بۆچوونی دەروونشیکارانەی لاکانیدا کە لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردن پێویستە کەڵک لە زاراوەی بابەتی واقیعی وەربگرین و بەم شێوەیە تەرجەمەیان بکەین:

امر واقعی، بابەتی واقیعی The real
امر نمادین، بابەتی هێمایین The symbolic
امر خیالی، بابەتی خەیاڵی The imaginary

خاڵێکی تری هاوپێوەند بەم باسەوە جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان دوو زاراوەی "امر واقع" و "امر واقعی"یە، واتە بابەتی واقیع بە تەواوی لە بابەتی واقیعی جیایە. لەسەرەوە ئاماژەم بۆ بابەتی واقیعی کرد و گوتم کە زیاتر لە بۆچوونی دەروونشیکارانەی لاکانیدا دێتە بەکارهێنان، بەڵام بابەتی واقیع لە ڕاستیدا وەرگێڕانی وشەی fact ی ئینگلیزییە. لە زمانی ئینگلیزیدا هیچ جۆرە وێکچوونییەک لە نێوان ئەم وشەیە و وشەکانی تری بەرباسی ئەم یاداشتەدا لە ئارادا نییە و لێرەشدا هەر تەنیا لەبەر ئەوەی ئاماژەم بۆ کردن کە جیاوازیی زەقوزۆپی نێوان بابەتی واقیع و بابەتی واقیعی دەرخەم؛ ئەمەش ئەو جیاوازییەیە کە ڕەخنەگر و وەرگێڕی کورد بەداخەوە کەمتر سەرنجیان دەداتێ.


### ١٢- دەقی نووسەرانە و دەقی خوێنەرانە

هەندێک جار وەرگێڕانی زاراوەکان لە لاتینییەوە بۆ کوردی گەلێک ئاسانترە لە وەرگێڕانی هاوواتای ئەو زاراوەیە بەو چەشنەی لە زمانی فارسی و عەرەبیدا بەکاردەهێنرێت. بە واتایەکی تر، وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە دەتوانێت دەرئەنجامێکی دروستی لێ بکەوێتەوە تاکو ئەوەی بێین و هاوواتا فارسی و عەرەبییەکانی ئەو چەمکانە وەربگێڕین بۆ کوردی. لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی نموونەیەکی ئاشکرا بخەمە بەرچاو:

ڕۆلان بارت (١٩١٥ - ١٩٨٠)، ڕەخنەگر و تیۆری داڕێژی فەرەنسایی، لە کتێبی (سی/ زی)دا باسی دوو جۆر دەقی ئەدەبی دەکات کە ناوی ناون lisible وscriptibl. مەبەستی بارت لە دەقی "لیسیبل" ئەو دەقە سادە و ساکار و هەندێک جار بانگەشەیییە کە تەنیا یەک ڕاڤە و لێکدانەوەی لێدەکرێت. مەبەستیشی لە دەقی "سکغیپتیبل" ئەو دەقە فرەلایەن و قووڵ و چەند واتاییە کە هەڵگری زیاتر لەیەک لێکدانەوە و ڕاڤەیە.

خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە زاراوەی یەکەم لە زمانی فەرەنساییدا هەیە، بەڵام ئەوەی دووەم پێشتر لەو زمانەدا وەکو ئێستا بە شێوەیەکی فرەپات بەکارنەدەهێنرا، هەروەهاش، بارت مانای زاراوەی یەکەمی گۆڕی و ئەو زاراوەیەی بە مانایەکی تر بەکار هێنا، واتە زاراوەی "لیسیبل" لە زمانی فەرەنساییدا بە مانای ئەو دەق و نووسراوەیە بەکاردەهێنرێت کە دەتوانرێت بخوێنرێتەوە، کەچی هەروەک وتم ڕۆلان بارت بۆ دەلالەت و مانایەکی دیکە بە کاری دەهێنا. خاڵێکی تری سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەم دوو زاراوە فەرەنساییە هیچ هاوواتایەکی پڕاوپڕیان لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ دەست ناکەوێت، هەربۆیەش سەرجەم ئەو نووسەر و وەرگێڕانەی زمانی دایکیان ئینگلیزییە لە سەر ئەوە ڕێک کەوتوون کە بۆ وەرگێڕانی ئەو دوو زاراوە فەرەنساییەی ناو بەرهەمەکەی ڕۆلان بارت لەم دوو زاراوەیەی خوارەوە کەڵک وەربگرن: readerly و writerly.

هەروەک دەزانرێت، ئەم دوو زاراوە ئینگلیزییەی



لاکان

سەرەوە لە قامووسە ئینگلیزییەکاندا نابینرێن، سەرەڕای ئەمەش، هەر دوو زاراوەکە بە گوێرەی یاساوڕێساکانی ڕێزمانی ئینگلیزی، هەڵەن، چونکە پاشگری "ly" لە زمانی ئینگلیزیدا بە هیچ شێوەیەک ناخرێتە سەر "ناو" و بەڵکو لەگەڵ ئاوەڵناودا بەکار دەهێنرێت و ئاوەڵکرداری لێ دروست دەبێت، کەچی لێرەدا هەر دوو وشەکە سەرەتا "ناو" بوونە و ئێستا بەم پاشگرەوە بوونەتە ئاوەڵناو، هەروەهاش لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی "ڕیدیبل" هەیە کە بۆ ئەو مانایەی لای بارت مەبەستە، بەکار ناهێنرێت.

خاڵی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە هەر ئەم گرفتە دەقاودەق لە وەرگێڕانی ئەم دوو زاراوەیەدا بۆ زمانی فارسیش ڕووی دا. وەرگێڕان و نووسەرانی فارس پاش لێکدانەوە و مشتومڕێکی زۆر بەو ئەنجامە گەیشتن کە بۆ وەرگێڕانی ئەو دوو زاراوەیە کەڵک لە "خواندنی" و "نوشتنی" وەربگرن. دیسانەوەش، بە سەرنجدان بە مانای هەر دوو زاراوەکە لە ڕوانگەی دانەرەکەیانەوە، واتە، ڕۆلان بارت، دەتوانین خێرا لە هەڵەبوونی وەرگێڕانی فارسیی ئەو دوو زاراوەیە تێبگەین، ئەگەرچی دەکرێت لە زمانی فارسیدا لە "نویسندە" و "خوانندە" ئاوەڵناو ساز بکرێت، بەڵام ئەو ئاوەڵناوانە دوو کەموکوڕییان تێدایە: یەکەم، لە زمانی فارسیدا هەندێک زاراوەی وەک "خوانندەوار" یان" خوانندەاسا" یان "خوانندەگونە" زۆر کەم بەکاردەهێنرێن؛ دووەم، ئەگەریش بەکاریان بهێنین، بە تەواوی مانای ڕاستەقینەی زاراوەکان بەو چەشنەی لای بارت مەبەستە ناگەیەنن. کەواتە، وەرگێڕ و نووسەرانی فارس، وەک ئینگلیزییەکان، ئەم دوو زاراوەیەیان بە شێوەیەک بۆ سەر زمانەکەیان وەرگێڕاوە کە نەک هەر هەڵەیە، بەڵکو ماناکەشی بە تەواوی تێکداوە.

بەڵام ئەگەر بمانەوێت لە زمانی کوردیدا، ئەو دوو زاراوەیە بە شێوەیەکی دروست بەکاربهێنین تووشی ئەو گیروگرفتەی وەرگێڕان و نووسەرانی فارسینووس و ئینگلیزینووس نابینەوە. لە زمانی کوردیدا ئەم گرفتە زۆر ئاسان چارەسەر دەکرێ، ئەویش کاتێکە کە بۆ ئەو دوو زاراوە لە بنەڕەتدا فەرەنسایییە لە زاراوەگەلی "خوێنەرانە" و "نووسەرانە" کەڵک وەربگرین. ئەم دوو هاوواتا کوردییە لە لایەکەوە لەگەڵ ڕێزمانی کوردیدا تەبان و لە لایەکی تریشەوە دەربڕینەکەیان کێشە بۆ ئاخێوەر ساز ناکات، بێجگە لەمەش، هەر دوو زاراوە کوردییەکە بە تەواوی و پڕاوپڕ هەڵگری هەمان ئەو مانایەن کە ڕۆلان بارت مەبەستی بوو. با ئەوەش بڵێم کە ڕاستە لە فارسیشدا پاشگری "انە" هەیە، بەڵام قەت ناکرێت بخرێتە سەر دوو وشەی "خوانندە" و "نویسندە". ئەوە بوو منیش هەر خێرا و بەبێ سێ و دوو ئەو دوو زاراوەیەم بە شێوەی "نووسەرانە" و "خوێنەرانە" لە کوردیدا بە کارهێنا و پێم وایە ساڵی (١٣٧٧)- (١٩٩٨) بوو کە لە یەکێک لەبڵاوکراوەکاندا وتارێکم لە سەر بیر و هزری ڕۆلان بارت نووسی و ئەو دوو هاوواتا کوردییەشم هەر لەو وتارەدا بەکارهێنا. زمانی کوردی هەندێک جار، وەک ئەم نموونەیەی ئێستا، وەرگێڕی کورد سەرخۆش دەکات ئەویش بە هۆی تواناکانییەوە لە باری ڕێسا ڕێزمانییەکانەوە، یان بە هۆی دەوڵەمەندبوونییەوە لە ڕووی فرەیی وشە و چەمکەکانەوە، بەڵام زۆربەی کاتەکان هەمان وەرگێڕ تووشی تووڕەیی و سەرئێشە دەکات.

### ١٣- "حیث التفاتی" و مەبەستداریتی

زۆربەی ئەو وەرگێڕە کوردانەی لەم ساڵانەی دواییدا دەستیان داوەتە وەرگێڕانی دەقە فەلسەفی و تیوریک و ڕەخنەگرانەکان ئاشناییان لەگەڵ لانی کەم یەکێک لەو

زمانانەدا نییە کە ڕەگیان لە زمانی لاتیندایە، یان لە ژێر کاریگەریێتی ئەو زمانەدا گەشەیان سەندووە. هەر بە هەمان شێوەش، وەرگێڕی ئەو جۆرە دەقانە پێویستە ئاشنایی لەگەڵ دەقە کۆنەکانی نەریتی فەلسەفەی ئیسلامیدا هەبێت، با ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە ئەوڕۆکە بەشێکی زۆری چەمکە فەلسەفییەکانی دەقە تیوریک و ڕەخنەگرانەکان بە جۆرێک لە دەقەکانی نەریتی فەلسەفەی ئیسلامیی هەزار ساڵی ڕابردوو وەرگیراون، هەر بۆیە زۆرجار لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بینیومە کە وەرگێڕ هاوواتای فارسی، یان عەرەبی چەمکێکی بە ڕەچەڵەک لاتینی کردووە بە کوردی کە بۆخۆی گەلێک لە مانای ڕەسەنی چەمکەکەوە دوورە، یان هەندێک جار، بە پێچەوانەوە، وەرگێڕ ئاماژە بۆ تەنیا یەکێک لە دەلالەتەکانی چەمکی بەرباس دەکات؛ ئەمەش ئەو دەلالەتەیە کە تەنیا لە یەک نەریتی فەلسەفیدا باوی هەیە. لە پاڵ ئەمانەشدا، هەندێک جار ئەو زاراوانە لە لایەن وەرگێڕانی فارس و عەرەبەوە بە هەڵە و بە شێوەیەکی نادروست وەرگێڕدراونەتەوە. هەر ئەم نموونەیەم بەم دواییانە لە کتێبێکدا وەبەرچاو کەوت بە ناوی فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان. لەم کتێبەدا زۆربەی هەرە زۆری زاراوەکان لە فارسییەوە وەرگێڕدراون و خاڵی سەیریش ئەوەیە کە هاوواتا ئینگلیزییەکانی ئەو زاراوانە لە کتێبەکەدا دانراون ئەویش بەبێ ئەوەی دانەری فەرهەنگەکە دەقە فەلسەفییەکانی بە ئینگلیزی خوێندبێتەوە، یان لە وەرگێڕانی کوردیی ئەو چەمکانەدا ئاوڕی لە زاراوە ئینگلیزییەکان دابێتەوە.

لە لایەکی ترەوە، نموونەیەکی تری هەر ئەم باسە ئاماژە بۆ کراوە ئەو تاقمە زاراوانە دەگرێتەوە کە لە فارسیدا وشەی عەرەبییان بۆ دانراوە و بە تەواوەتی لە زمانی زانستی و فەلسەفیی فارسیدا جێگیر بوون. ئەم جۆرە زاراوانە زۆرجار لە وەرگێڕاندا گرفت بۆ وەرگێڕی کورد دروست دەکەن. یەکێک لە ڕێگەکانی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئەوەیە کە سەرەتا بە وردی سەرنج بدەینە واتای چەمکەکە بەو شێوەیەی لە نەریتی فەلسەفیی ئیسلامیدا بەکارهاتووە، پاشان پێویستە چەمکەکە بەو شێوەیەی لە لاتیندا بەکار هێنراوە، لە قۆناغی دواییدا شی بکرێتەوە، دەبێت بە دوای ڕەگوڕیشەکەیدا بگەڕێین، یان مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی لێک بدەینەوە.

بۆ نموونە، زاراوەی "حیث التفاتی" لەدەقە فەلسەفییەکانی هەندێک نەریتی فەلسەفیدا بە زەقی بەکاردەهێنرێت و زاراوەیەکی عەرەبییە و ئەوڕۆکە هەر بە هەمان شێوە لە فارسیشدا دێتە بەکار هێنان. وەرگێڕانی ئەم چەمکە لە زمانی فارسی و عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی کارێکی بە ڕاستی دژوارە و سەرەڕای ئەمە، دەرئەنجامەکەشی بە هۆی نادیاری و لێڵیی ماناکەیەوە لە زمانی کوردیدا ناتوانێت بە تەواوی جێگیر بێت، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە هاوواتا ئینگلیزییەکەی ئەم چەمکە و مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی لێکدی جودا بکەینەوە ئینجا بە دروستی و بە ئاسانی دەتوانین هاوواتا کوردییەکەشی بۆ دابنێین. هەڵبەت ئەم خاڵە زۆر گرنگە و نابێت لەبیرمان بچێتەوە کە ئەم زاراوانە لە نەریتە فەلسەفییە جیاجیاکاندا هەڵگری مانای جیاوازن. "حیث التفاتی" لە دەقە فەلسەفییەکانی سەرجەم نەریتە فەلسەفییەکاندا بە شێوەی intentionality دەردەکەوێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە مانای ئەم چەمکە لەو نەریتانەدا بە تەواوی جیاوازە.


دەشێت مانای ئەم زاراوەیە لە فەلسەفەی شیکارانەدا (فلسفە تحلیلی) بە سەرنجدان بە مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی لێکبدرێتەوە ئەم زاراوەیە لە یەک مۆرفیمی سەربەخۆ و سێ مۆرفیمی چەسپاو پێکهاتووە. ئەگەر ئەم زاراوەیە بە سەر مۆرفیمە پێکهێنەرەکانیدا دابەش بکەین، ئەوە بە سانایی گرفتەکەمان بۆ چارەسەر دەبێت:

intention, intentional, intentionality

مەبەست، مەبەستدار، مەبەستدارێتی.

کەواتە، دەکرێت زاراوەی ڕەقوتەق و نامۆی "حیث التفاتی" لە کوردیدا بە شێوەی "مەبەستدارێتی" وەربگێڕدرێت کە لە لایەکەوە وەرگێڕانێکی دروستە و لە لایەکی تریشەوە سوودبەخشە لە تێگەیشتن لە واتای چەمکەکە، بێجگە لەمانەش، بە تەواوەتی لەگەڵ یاساورێساکانی ڕێزمانی کوردیدا تەبایە.

لە لایەکی ترەوە، هەر ئەم زاراوەیە لە هونەری ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی لە زانستی واتاکاندا بە مانای گۆڕینی گۆشەنیگا دێتە بەکارهێنان، ئەمەش ئەو تەکنیکەیە کە بۆ نموونە بە لێشاو لە قورئانی پیرۆزدا بە کارهاتووە، کەچی مانای قامووسیی "التفات" بە کەڵک



ڕۆلان بارت

وەرگرتن لە وشەنامەی دێهخودا بریتییە لە "ئاوڕدانەوە".

مانای یەکسەر جیاوازی ئەم زاراوەیە لە دوو نەریتی فەلسەفەی ئەوروپایی و فەلسەفەی زەیندا دەردەکەوێت. ئەنسیکلۆپیدیای فەلسەفەی زانکۆی ستەنفۆرد بەم چەشنە چەمکەکەی پێناسە کردووە: "توانایی و هێزی زەین بۆ لەخۆگرتن و نواندنەوەی شتەکان و حاڵەتەکان." کەواتە، ئیدی لێرەدا ئەم زاراوەیە بە هیچ شێوەیەک بە مانای "مەبەستدارێتی" بەکارناهێنرێت، بەڵکو ماناکەی بە تەواوی جیاوازە. ئەم چەمکە لەم مانایەیدا لە فەلسەفەی ئیسلامی و فەلسەفەی سکولاستیکی چەرخەکانی ناوەڕاستدا پەرەی پێدراوە و لە سەدەی بیستەمیشدا ئێدمۆند هوسەرل کاری زۆری لەسەر ئەم تیۆرییە کرد و پێی وابوو ئەمە بنەڕەتیترین خەسڵەتی هۆشیاریی مرۆڤە و ناوەرۆکی سەرەکی دیاردەناسیش پێکدەهێنێت.

**١٤- بنەمایی، سروشتی، ڕێژەیی**

ئایا تا ئێستا بیرتان لەوە کردووەتەوە کە زاراوەی "ساختارگرائی" لە زمانی فارسیدا هەڵگری هەڵەیەکی هەرە گرنگە؟ ئەگەر بەر وردی سەرنج بدەینە هاوواتا ئینگلیزی و فەرەنساییەکەی، تێدەگەین کە ئەم زاراوەیە پێویستە لە زمانی فارسیدا بە شێوەی "ساختاری گرائی" وەربگێڕدرێت، چونکە لە ئینگلیزیدا بە شێوەی -struc turalism دەنووسرێت نەک structurism. هەر بە هەمان شێوەش، بەکارهێنانی زاراوەی "طبیعت گرائی" بۆ naturalism هەڵەیە و "طبیعی گرائی" دروستە. "طبیعت گرائی" وەرگێڕانی دروستی چەمکێکی ترە کە ئەمەیە: naturism. پێویست بە وتن ناکات کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان دوو چەمکی سروشتیخوازی و سروشتخوازی لە ئارادیە.

زۆربەی هەرە زۆری نووسەر و وەرگێڕە فارسەکان، تەنانەت ناودارەکانیشیان تاکو ئێستا ئاماژەیان بە هەڵەبوونی ئەم کۆمەڵە زاراوە فارسییە نەکردووە و ئەوانیش هەر زاراوەگەلی "ساختارگرائی" و "طبیعت گرائی" و "نسبیت گرائی" لە بری "ساختاری گرائی" و "طبیعی گرائی" و "نسبی گرائی" بەکاردەهێنن. دیارە من لێرەدا مەبەستم ئەم سێ زاراوەیەیە:

naturalism, structuralism, relativism.

خاڵی هەرە گرنگتر لێرەدا ئەوەیە کە ئەو وەرگێڕە کوردانەی بە وردی شارەزای باسە تیۆریکەکان نین، هەر بەهەمان شێوە و بە پێی زاراوە فارسییەکە زاراوەیەکی کوردی لە بری ئەو چەمکانەی سەرەوە دروست دەکەن؛ بۆ نموونە لە جیاتی سروشتیگەرایی، یان سروشتیخوازی، دەنووسن سروشتگەرایی، یان سروشتیخوازی (سەبارەت بەوەی ئایا سروشتیگەرایی دروستە، یان سروشتیخوازی و دەربارەی سێ پاشگری "گەری" و "گریەتی" و "گرایی" دواتر و لە یاداشتەکانی داهاتوومدا دێمە قسە و لەم بارەیەوە هەندێک سەرنج و تێبینی دەخەمە ڕوو).

وەرگێڕانی نادروستی ئەو چەمکانەی سەرەوە بووەتە هۆی بەدیهاتنی سەرلێشێواوی و چەوت تێگەیشتنێکی یەکجار زۆر کە ئەمەیە: کە وتمان "ساختارگرائی" یان "بنەماخوازی"، خێرا وا دەزانین ئەندامانی سەر بەو قوتابخانەیە "ساختار" یان بنەمایان بەلاوە گرنگە و ئەوەیان دەوێت؛ لە ڕاستیدا وا نییە و ڕەخنەگرانی سەر بەم قوتابخانەیە ساختار و بنەمایان ناوێت، چونکە ساختار، یان بنەما خۆ ئازادی، یان یەکسانی، یان هەر چەمکێکی تری لەم تاقمە نییە کە کەسێک بیەوێت. ئێمە ئازادیخواز و یەکسانیخوازمان هەیە، بەڵام کەس

بنەماخواز نییە.

کلیلی تێگەیشتنی ئەم شاراوەییە لەوەدایە کە ئەو ڕەخنەگرانەی بە بنەماخواز ناویان دەرکردووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بابەتی بەرباسیاندا بە شێوەیەکی "بنەمایی" هەڵسوکەوت دەکەن، واتە، ئەوان بابەتی بەرباس وەکو سستمێکی خاوەن بنەما ڕەچاو دەکەن و لێی دەکۆڵنەوە. بۆ نموونە، دەروونشیکارێکی بنەماییخواز زەینی مرۆڤ وەکو بنەمایەک ڕەچاو دەکات کە هەڵگری دووانە لێکدژەکانە و پێی وایە پێوەندییەکی بنەمایی لە نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی زەینی مرۆڤ لە ئارادایە. هەر بە هەمان شێوەش، ئوستوورەناسێکی بنەماییخواز، ئوستووره وەکو سستمێکی خاوەن بنەما لە قەڵەم دەدات کە هەڵگری دووانە لێکدژەکانە، یان ڕەخنەگرێکی ئەدەبیی بنەماییخواز سەرەتا ئاوڕ لە بنەمای دەقی بەرباس دەداتەوە و ئەو پێوەندییە بنەماییەی لە نێوان پاژەکانی دەقەکەدا لە ئارادایە دەخاتە بەر باس و شیکردنەوە. کەواتە، کەس بنەماخواز نییە؛ بەڵام هەندێک بیرمەند و ڕەخنەگر، وەکو بنەماییخوازەکان، بەشێوەیەکی بنەمایی ڕووبەڕووی بابەتی بەرباس دەبنەوە.

ئەو وتانەی سەرەوە سەبارەت بە "سروشتخوازی" و "سروشتیخوازی"-یش ڕاستن. سروشتخواز، واتە nat-urist، ئەو کەسەیە سروشتی دەوێت بە هەموو پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانییەوە وەک دار و ڕووبار و کەژ و کێو، یان وەک خاوێنی و بێ گەردی و بەهێزی، بەڵام سروشتیخواز، واتە naturalist، ئەو کەسەیە کە باوەڕی وایە لە ژیان و بە سەرهاتی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تر و دیاردەکاندا یاسایەکی سروشتی زاڵە کە بریتییە لە کاریگەریی حاشاهەڵنەگری ژینگە و میراتداریەتی. کەواتە، ناتۆرالیزم، یان سروشتیخوازی بە هیچ شێوەیەک پێوەندی بە سروشتەوە بەو مانایەی سەرەوە نییە. قوتابخانەی سروشتیخوازی لە سەر دەستی چارلز داروین و هێربێرت سپێنسێر گەشەی کرد، پاشان لە هەندێک جۆری ئەدەبیدا وەک ڕۆمانی سروشتیخوازانەی نووسەرانێک وەک ئێمیل زۆلای فەرەنسی و تۆماس هاردی-ی ئینگلیزی بە تەواوی بڵاوبووەوە. سروشتیخوازەکان، چونکە باوەڕیان بە ئاکامە خراپەکانی ژینگە و میراتداریەتی لە سەر کەسایەتییەکان هەیە، کەواتە سروشتخواز نین، بگرە دژی دەرکەوتەکانی ئەم دیاردەیەشن، کەواتە ئەگەر لەم بەستێنەدا بڵێین سروشتخواز، ئەوە نەک هەر هەڵەیەکی گەورەمان کردووە، بەڵکو زاراوەیەکی پێچەوانەشمان بۆ داناوە؛ هەربۆیەش دەبێت بڵێین سروشتیخواز، ئەمەش ئەو بیرمەند و نووسەرانە دەگرێتەوە کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بابەتی بەرباسدا پێڕەوی لە یاسای سروشتیەتی داروینی دەکەن، هەر بۆیەش ئازادی و سەربەستی لە مرۆڤ دەسێننەوە و پێیان وایە مرۆڤ وەکو بووکەشووشەیەک وایە و بە دەستی تایبەتمەندییە سروشتییەکانی خۆیەوە دۆش داماوە. مرۆڤ لە ڕوانگەی سروشتیخوازەکانەوە ئازاد نییە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت چارەنووسی خۆی بەو شێوەیەی دەیەوێت دیاری بکات، کەواتە سروشتیخوازەکان بە شێوەیەکی گشتی ڕەشبینن، ئەم چەمکەش بە تەواوەتی جیاوازە لە سروشتخوازی. (دۆخی ناڵەباری زمانی زانستیی کورد لەوێوە دەست پێدەکات کە شاعیران و نووسەران لە جیاتی ئەوەی ببنە پێوەرێک بۆ ڕێکوپێکی و تێگەیشتوویی و وردەکاری، شتەکان تێک دەدەن. بۆ نموونە، چەند ساڵ پێش ئێستا لە گۆڤارێکدا وتووێژێکم لەگەڵ شاعیرێکی ناسراوی کورددا خوێندەوە کە گوتبووی "شیعری کوردی شیعرێکی ناتورالیستییە، چونکە زۆر باسی سروشت و لایەن و تایبەتمەندییەکانی سروشت دەکات"!)

## ١٥- ڕێژەییخوازی و مێژووییخوازی

هەروەک چۆن لە یاداشتی پێشوودا بە وردی ئاماژەم بۆ کرد پێویستە لە جیاتی بنەماخوازی بنووسین بنەماییخوازیی و لە بری سروشتخوازی بۆ natural-ism بنووسین سروشتیخوازی؛ هەر بەهەمان شێوەش هەڵەیە، ئەگەر بۆ زاراوەی relativism بنووسین ڕێژەخوازی، یان ڕێژەگەرایی. ئەم زاراوەیە نەک هەر لە تیوری ئەدەبی و فەرهەنگیدا دێتە بەکار هێنان، بەڵکو لە زانستی فیزیکیشدا بە لێشاو بە کاردەهێنرێت. لە ڕاستیدا ڕێژەخوازی پێوەندیی بە تیورییە بەناوبانگەکەی ئەنشتاین-ەوە چییە؟ ئەو تیورییە لە بنەڕەتدا ئاوڕ لە ڕێژەییەت دەداتەوە نەک ڕێژە، هەر بۆیەش شێوەی دروستی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە چ لە زانستی فیزیکدا و چ لە تیوری ئەدەبی و فەرهەنگیدا ڕێژەییخوازی-یە نەک ڕێژەخوازی. لە فارسیشدا هەر ئەم هەڵە گەورەیە

جاروبار لەسەر دەستی نووسەر و وەرگێڕە ناشارەزاکان دووبارە دەبێتـەوە و دەنووسن "نسـبـیت گـرائی" کـە دروستەکەی "نسبی گرائی"-یە. دیسانەوەش لێرەدا کەس خوازیاری ڕێژە نییـە، بەڵکو مەبەست لە ڕێژەییـخوازی ئەوەیە کـە بیـرمـەندەکـان ڕوانگە و بیـردۆزەکـانیـان بە گوێرەی یاسای ڕێژەیەتی دادەمەزرێنن و بە شێـوەیەکی ڕێژەیی و بە پێی ئەو جیـهـانی بینیـیـە ڕووبەڕووی دیاردەی بەرباس دەبنەوە کـە لەسـەر قـانوونی ڕێژەییـەت دامەزراوە.

هەر ئـەو وتـانـەی سـەرەوە دەربـارەی چەمـکی مـێژووگەرایی، یان مێژووگەری ڕاستن. واتە، شێـوەی دروستی ئەو زاراوەیە مـێـژووییـخوازی-یە، هەر بۆیەش ئەم زاراوانـەی بەردەست بـە شـێـوەی خـوارەوە وەردەگێڕدرێن:

مێژوو history
مێژوویی historic، historical
مێژوونووسی historiography
مێژوومەندی historicity
مێژووییخوازی historicism

**١٦- میتود، میتودیست، میتودۆلۆژی**

زاراوەگەلی میتود و میـتودۆلۆژی وێڕای ساکارییەکی ڕووکەشیانە و خـەڵەتێنەر، لەو تاقمە زاراوانەن کە لەم چەند ساڵەی دواییـدا مـشـتومڕێکی زۆرم لەگەڵیـاندا کردووە. وەرگێـڕانی ئەم زاراوانە ئەوەندە کێشـەسازکەرە کە لە کتێبی فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی (٢٠٠٢)دا هەر بە هەمان شێوەی ئەسڵی، واتە میـتود و مـیـتودۆلۆژی، دامناون. بەشێکی زۆری دژواری وەرگێڕانی ئەم زاراوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە ڕێسا زانستییەکان و تایبەتمەندییەکانی دەقێکی زانستییەوە هەیە، هەروەک پێشـتریش لە کـتێبی گـەڵاڵەی پارادایمی پەرەسـەندنی کـولتـووری (٢٠٠٤)دا بە وردی باسم لێ کـردووە، سـەرنجـدان بە زمـانی زانسـتی و پێـوەرەکـانی یەکێکە لە ئەرکە سـەرەکـیـیـەکانی سـەر شـانی گـوتارە فیکیرییە جیاجیاکانی ئامادە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا.

لە فـارسـیـدا هاوواتای "ڕوش شناسی" بۆ ئەم زاراوەیە دانراوە و بە تـەواوی جێگیـر بووە، بەڵام لە کـوردیدا هەر یەکـە لە ڕەوشت (بە مـانای ئاکـار و چۆنیـەتی هەڵسـوکـەوت) و ڕەوش (بە مـانای بارودۆخ) بە هیچ شێوەیەک مانای زاراوەکە ناپێکن. شوکور مستەفا پێی وتم با "ڕێڕەو" و "ڕێڕەوناسی" یان بۆ دابنێین و منیش لە وەڵامی پێشنیـارەکـەی ئەو مـامـۆستـا پایەبەرزەدا وتم "ڕێڕەو" نەک هەر دەمـانخـاتەوە بیـر "ڕاڕەو" بەڵکو هەڵگری واتایەکی زانسـتـیش نیـیـە. پاش مـاوەیەک، کـتـێـبـێکم وە بەرچاو کـەوت بە ناوی ڕێبـازەکـانی لێکۆڵینەوە کە بۆ خـوێندکـارانی زانکۆکـانی باشـووری کـوردسـتـان نووسـرابوو و دیارە مـەبەست لە ڕێبـاز لەم کتێبدا هەمان میـتود بوو. ئەم کتێبە ئەگەرچی لە باری ناوەرۆکـەوە بە ڕاسـتی لاوازە، بەڵام دانانی هاوواتای ڕێباز بۆ میتود بەلامەوە سەرنجڕاکێش هاتە بەرچاو لە بەر ئەم هۆیەی باسی دەکەم:

وشەی ڕێباز لە کوردیدا زیاتر لە بەستێنێکی ئایینی و سیـاسـیـدا بەکـار دەهێنرێت وەک چۆن دەوترێت ڕێبـازی سۆفیگەری. لە مەسیحییەتیشدا، ئاییننزای میتودیست هەیە کە سەر بە کـڵێسـای مـیـتودیسـتە و کـەواتە، ئەم زاراوەیە لە زمـانی ئینگلیـزیشـدا، بێـجگە لە واتا زانسـتـیـیـەکـەی، بووەتە هەڵگری دەلالەتێکی ئایینی و کۆمەڵایەتیش، هەر بۆیەش پێم وایە دەتوانرێ لە هەر دوو شـێـوەکـە، واتە هەم مـیـتـود و هەم ڕێبـاز، کـەڵک وەربگیـرێت. کەواتە، دەکرێت ئەم زاراوانەی خوارەوە بەم شێوەیە وەربگێڕدرێن:

میتود، ڕێباز Method
میتودۆلۆژی، ڕێبازناسی Methodology
میتودۆلۆژیک، ڕێبازناسانە Methodological

# لایبنیتس فەیلەسووفی لۆژیک و بەهرەی ڕەببانی

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

(١ - ٢)

گۆتفرید ڤیلهێلم فۆن لایبنیتس لە ئێوارەی ڕۆژی یەک شەممەی ٢١ی حوزەیرانی ساڵی ١٦٤٦ز لە شاری لایپیتزیگی ڕۆژهەلاتی ولاتی ئەڵەمانیا هاتۆتە دنیاوە. بە ڕابەری لۆژیکی نوێ (سیمبۆلی) دادەنرێت بەپێی ئەو جیهاندیدە سەرتاپاگیرەی بە خامە بەپێزەکەی ڕەنگی ڕشتووە، فەیلەسووف و یاساناس و سیاسەتمەدار و بیرکار و ڕابەرێکی لۆژیکی سەردەمی خۆی بووە. لە فەلسەفەدا بیرۆکەی مۆناد و هارمۆنی پێشبییانە و هۆکاری بەخۆ بەس بوو، ڕاستی ژیرەکی و ڕاستی هەڵکەوت و بنەڕەتە ژیرییەکانی سروشت و بەهرەی ڕەببانی ئەو خالانانەن وەک گەوهەر دەدرەوشێنەوە.

مۆناد، یان گەوهەری تاک ناوەندی جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی پێکدەهێنێ، وشەکە خۆی یۆنانی-لاتینییە، واتای سادە و ساکار و دابەش نەبوو لە پارچەی جیاواز لێک نەدراو پێک نەهاتوو، گەوهەری تاک دەگەیەنێ، خۆشی ناوونیشانی بابەتێکی سەرەکییە کە لێرەدا کراوە بە کوردی، لە کاتی خۆیدا مامۆستای یەکەم (ئەرستۆ) بڕوای بە بوونی فرە گەوهەری و یەکەی جۆراوجۆر هەبووە، لەلای دیکارت تەنیا دوو گەوهەری بیرکەرەوە و کشاوە (درێژە بووەوە) دانیان پێدا نراوە. سپینۆزا بڕوای بە یەک تاکە گەوهەر هەبووە کە دوو تایبەتمەندی هەیە:

سروشتی داهێنەر و سروشتی داهێنراو، کەچی لایبنیتس وەک بیرکار و ڕابەرێکی لۆژیکی، دوای قۆناغی ئەرستۆ بەرەو فرەڕەنگی هەنگاوی هاویشتووە.

لەکایەی تیوری زانیندا لەو باوەڕەدا بووە دوو جۆرە ڕاستی هەیە:

- ڕاستی ژیرەکی Vernunftwahrheiten
- ڕاستی هەڵکەوت (واقیع) Tatsachen wah-



**لايبنيتس**

rheiten

جۆری یەکەمی ڕاستی، بەلایەوە، ڕاستییەکی ناچارەکی ڕەهاو بێ سنوورە لە هەموو کات و سەردەمێکدا هەر ڕاستە و هیچ ئەگەر و گومانێک هەڵناگرێ و ڕەوا ناکات، چونکە پێچەوانەکەی ناکۆکە و ناشێ و ناگونجێ، بگرە بە پێچەوانەی بنەماکانی ژیرەوەیە، بەڵام جۆری دووەمیان ڕێ تێچووە و ڕێککەوتە بەپێی هەلومەرج دەگۆڕێ و پێچەوانەکەشی شیاوەکییە و دەگونجێ (بڕوانە مۆنادۆلۆژی: ٣٦، هەروەها تیودڵستی: ١٧٠- ١٧٤).

بەو پێیە دەستەواژەکانیش کە ئەو ڕاستییانە دەردەبڕن، دەکرێن بە دوو جۆرەوە و دوو ڕەنگی ڕاستییەکە بەرجەستە دەکەن:

- دەستەواژەی شیکاری، ئەوانە دەستەواژەی زانستە ڕوخسارییەکانن (لۆژیک و بیرکاری) شتێکی نوێ نادەنە دەست و هەمیشە ڕاستن، چونکە هەمانگۆیین. زانینەکەیان بابەتێکی پێشییانەیە و بەهیچ جۆرێ پەکی لەسەر شارەزایی و ئەزموون (خیبرە) نەکەوتووە (مۆنادۆلۆژی: ٤٥).

-دەستەواژەی لێکدراو و پێکهاتە. ئەوانە زانین دەدەنە دەست و دەشێ ڕاست، یان ناڕاست بن، چونکە پابەندی دەوروبەر و ئەزموون و شارەزایین. شتی نوێ دەدەنە دەست، ڕستەکانی زانستە ئەزموونییەکان لەو جۆرەن. بابەتی ناوەرۆکەکەیان پاشییانەیە و دوای ئەزموون و تاقیکردنەوە بەدەست دێت.

بەو قسەیەی لە مشتومڕەکەیدا لەگەڵ جۆن کردوویەتی بەناوبانگە. لۆک لە تیوری زانینەکەیدا پێی لەسەر ئەوەدا گرتووە کە:

هیچ شتێک نییە لە فام و ژیردا ئەگەر پێشتر بە هەستەکاندا تێنەپەڕیبێ. ئەو بڕیارە ڕۆڵی هەست و ئەزموون لە پرۆسەی زانیندا پشت ڕاست دەکاتەوە.

لایبنیتس لە وەڵامی ئەو بڕیارەی لۆکدا گوتوویەتی:

تەنیا ژیر خۆی نەبێ!

لە لۆژیکدا چەند خاڵێکی گرینگ بۆ ئەو کەڵە فەیلەسووفە تۆمار کراون:

- هەر لەسەردەمی دەستپێکی چالاکی زانستییانەیەوە سەرگەرمی ڕۆنانی بنەمای زمانێک بووە چاو لە جەبر بکات و ژمێرەیەکی ژیرەکی بێت، بەڵام پیتەکانی لەجیاتی وشەی سادە و ساکار ئەلف و بێی هزری مرۆڤ بن، بەرانبەر بەو هزرە شیاوەکییانە بن کە سادە و ساکارن. ئەو هزرە ساکارانە ئەو چەمکە سەرەتاییانە بن کە بەهۆی ڕێسا و ڕێ و شوێنەکانی ڕێزمان و پێکهێنان و ڕۆنانەوە چەمکە لێکدراوەکانیان لێوە بکەونەوە. بەو پێیە:

بۆ هەر چەمکێکی نێو دەستەواژەی زمانی ئاسایی ڕۆژانە، ژمارەیەک دیار و دەستنیشان بکرێت، ئینجا هەوڵ بدرێت بەپێی نموونە ژمێرە (کەلکول)ی بیرکاری کەلکولێکی لۆژیکیانە لە جۆری جەبری چەمکەکان بێت، ڕەنگ بڕێژدرێ.

Johannes Hirschberger.: Geschischte der) (Philosophie. Bd. I. S.180

- لۆژیک لە زمان و بابەتەکەیدا دەکرێ زانستی جەبر بە نموونە پەیڕەو بکات، زمانەکەی سیمبۆلی بێت و بەچەند هاوکێشە و قانوون و ڕێسایەک پشت ببەستێ. لەو پرۆسە زانستییەدا لیستەیەکی پێناسە و بنەما و بەڵگەنەویست دادەنرێ و بۆ بەدەستهێنانی چەند تیورییەک پشتیان پێدەبەسترێ.

- لەو چالاکییەدا چەند نەگۆڕێکی ژمێرەی بیرکاری: +، -، ×، = هەروەها نەگۆڕی لۆژیکی، پەیوەست، جیاکار، یەکسان: ٨، ٧،=، بەکاردەهێنرێن.

– ئەو زمانە لەلایەن لایبنیتسەوە بە زمانی جیهانی ناوبراوە:

Characteristica Universalis

چەند تایبەتمەندییەکی بەرچاوی هەیە کە لەدواییدا بوو بە بنەمایەکی بنەڕەتی لۆژیکی سیمبۆلی- بیرکاری.

بەرانبەر بە هەر وێنەیەکی ئەو زمانە دەبێ تەنیا یەک سیمبۆل هەبێ و بەرانبەر بە هەر سیمبۆلێکیش تەنیا هەر یەک وێنەی ڕستەی زمان هەبێت. ئەو پێوەندییە، ئەو هاوبەرانبەرییە بە «دەلالەت» ناو دەبرێت.

– ئەو دوو بابەتەی لە ئەڵمانییەوە کراون بە کوردی و لێرەدا دەخرێنە بەرچاو و دەستی خوێنەر، نموونەیەکی بەپێز و بە بڕشتە، بەشێکی سەرەکی جیهاندیدی فەلسەفە فرە ڕەنگییەکەی خاوەنەکەی بەرجەستە دەکەن.

## مۆنادۆلۆژی

### دەربارەی ڕەب و بوونەکەی و دەروونی مرۆڤ

١- ئەو مۆنادەی دەمانەوێ لێرەدا قسەی لێ بکەین، بێجگە لەوەی جەوهەرێکی ساکارە کە لە لێکدراوەکاندا هەیە، شتێکی دیکە نییە، ساکار مانای ئەوەیە: بێ پارچە بێ. (تیۆدیسێ: ١٠).

٢- دەبێ جەوهەرە ساکارەکان هەبن، مادام جەوهەرە لێکدراوەکان هەن، چونکە لێکدراوەکان بێجگە لەوەی کۆبەکن، یان کۆمەڵەیەکن لە ساکارەکان، شتێکی دیکە نین.

٣- ئیتر، لە جێگایەک هیچ پارچە نەبێت، درێژبوونەوە و فۆرم و دابەش بوونیش نابێت. مۆنادەکان ئەتۆمی ڕاستەقینەی سروشتن و بە تێکڕایی، ڕەگەزی شتەکانن.

٤- مەترسی فەوتانی ئەم ڕەگەزانە پێویست ناکات، هەروەها بەهیچ جۆرێک ئەقڵ نایگرێ کە جەوهەرێکی ساکار بە ڕێگای سروشتی لەناو بچێ. (تیۆدیسێ: ٨٩).

٥- لەبەر هەمان هۆی سروشتی، ئەقڵ (ژیر) نایگرێ جەوهەرێکی ساکار بە ڕێگای سروشتی پەیدا ببێ، مادام ئەو بە لێکدان و خستنە سەریەکی پارچەکان پێک نایەت.

٦- بەم پێیە دەشێ بوترێ، مۆنادەکان دەکرێ تەنیا بە یەک جار دروست ببن، یان لەناو بچن، واتە، ئەوان بەهۆی داهێنان پەیدا دەبن و هەر بە لەناوبردن لەناودەچن، کەچی لێکدراوەکان لە پارچەکانەوە پێک دێن و دەبنەوە بە پارچە.

٧- بەهیچ جۆرێک لە تواناییدا نییە، ڕوون بکرێتەوە، چۆن دەکرێ مۆنادێک بەهۆی داهێنراوێکی دیکەوە، ئیتر هەر داهێنراوێک بێت، لەناوخۆیدا کاری تێ بکرێ، یان بگۆڕدرێ، چونکە لە کردن نایەت هیچ شتێک بخرێتە سەری، یان وادابنێ بزووتنەوەیەکی ناوەکی لەودا هەیە، دەتوانرێ بەرپا بکرێ، یان ئاراستە بکرێ، یان پتر ببێ، یان کەم بکرێتەوە، ئەمە هەمووی لەشتە لێکدراوەکاندا دەنگونجێ، چونکە ئەوان گۆڕان لە پێوەندی نێوان پارچەکانیاندا هەیە. مۆنادەکان هیچ پەنجەرەیەکیان نییە تاوەکو لەوانەوە شتێک بچێتە ناویانەوە، یان لێیان بێتە دەرەوە. ڕووکەشەکان نە دەتوانن لە جەوهەرەکان جیا ببنەوە، نە دەشتوانن لە دەرەوەیان بێن و بچن، وەک ئەوەی وێنە هەستییەکان لەلای سکولاستیکەکان(١) وایان کردووە. بەم پێیە نە جەوهەر و نە ڕووکەش ناتوانن لە دەرەوە بێنە ناو مۆنادەوە.

٨- لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ مۆنادەکان جۆرە سروشتێکی تایبەتییان هەبێ و بەبێ ئەمە هەرگیزاو هەرگیز نابن بە جەوهەر (بوونەوەر). ئەگەر جەوهەرە ساکارەکان لە سروشتە تایبەتمەندییەکانیاندا لە یەکتری جیا نەبن، ئەوە هیچ ڕێگایەک نابێ بۆ پێ زانینی هەر گۆڕانێک کە لە شتەکاندا ڕوودات، چونکە ئەوەی لە لێکدراوودا هەیە تەنیا هەر لە پارچە ساکارەکانی خۆیەوە دەکەوێتەوە. ئەگەر مۆنادەکان سروشتی تایبەتییان نەبوایە و لە یەکتری جیا نەبوونایە، چونکە ئەوان لە باری چەندییەتیشەوە لەگەڵ یەکدی جیاواز نین- دەبوو لە ئەنجامدا، لەگەڵ ئەوەدا کەوا دابنرێ جێگا پڕە، هەر جێگایەک لە کاتی بزووتنەوەدا ناوەرۆکێک وەردەگرێ هەر ئەوەندە بێ کە لە مەوبەر هەیبووە، لەبەر ئەوە ناتوانرێ بەهیچ جۆرێک ڕەوشێکی شتەکان لەوانی دیکە جیا بکرێتەوە (بڕوانە: تیودیسێ، پێشەکی ب ٢).

٩- بەڕاستی، دەبێ هەر تاکە مۆنادێک لە هەر یەکێکی دیکە جیاواز بێ، چونکە لە سروشتدا دوو جەوهەر نییە بە تەواوەتی وەک یەک بن تا ئەو ڕادەیەی نەکرێ جیاوازییەکی ناوەکی، یان جیاوازییەک کە بە سروشتێکی تایبەتی ناوەکییەوە بەند بێ، تێیدا بدۆزێتەوە.

١٠- من ئیتر وای دادەنێم کە شتێکی بە لایەکدا



**دیکارت**

خـراوه، هەر جـەوهەرێکی داهێنراو، ئینجـا مـۆنادی داهێنراویش گۆڕانیـان بەسـەردا دێت و ئەو گۆڕانەش لە هەر مۆنادێکدا بەردەوامە.

١١- لەوەی لەمەوبەرو دیکەدا دەکـەوێتـەوە، گـۆڕانە سروشـتـیـیـەکـانی مۆنادەکـان لە بنەڕەتێکی ناوخۆییەوە پەیدادەبن، چونکە هیچ هۆکـارێکی دەرەوە ناتوانی کـار بکاتە سـەر بوونی ناوەوەیان (تیـۆدیسێ: پ ٣٩٦-٤٠٠).

١٢- سەرەڕای بنەڕەتی گۆڕان، دەبێ تایبەتییەتێکی ئەوانەی خۆیان دەگۆڕن هەبێ، بە چەشنێک تاڕادەیەک لە تایبـەتمەندی و هەمـەچەشنەیی جـەوهەرە سـاکـارەکـان بکەونەوە.

١٣- ئەم تایبـەتمەندییـە بەناچاری زۆریەتیـیـەک لە یەکایەتیدا، یان لە ساکارداری تێدایە، لەبەر ئەوەی هەر گۆڕانێکی سروشتی ورده ورده ڕوودەدات، ئەوە هەندێک هەمـیـشـە خـۆیان دەگـۆڕن و هەندێکی دیکە دەمێننەوە، کـەوابوو دەبێ لە جـەوهەری سـاکـاردا ژمـارەیەکی زۆر سـروشت و پێـوەندی هەبن، هەرچەندەش ئەو لە پارچە پێک نەهاتووە.

١٤- ڕەوشە تێپەڕەکە کە زۆریەتی لە یەکایەتیدا، یان لە جەوهەری سـاکـاردا تێدایە و دەینوێنێ، لەوە بەولاوە کـە بە ڕێ پێ بردنی ئاسـایی ناودەبرێ، شتـێکی دیکە نییـە. ئەمـە دەبێ، هەروەک لەوەی لە مـەولا دێ نیشـان دەدرێ، لە ڕێ پێ بردنی هۆشـیـارانە، یان لە ئاگـا جیـا بکرێتەوە. هەر لێرەدا دیکارتییەکان هەڵەیەکی گەورەیان کـردووە، چونکە ئەوان بە تەواوەتی ئەو ڕێ پێ بردنانەی هەستیـان سپێ ناکرێ، پشتگوێ خستووە. ئەمەش وای لێ کـردوون وای دابنێن تەنیـا گیـانەکـان مۆنادن و نە نەفـسی زیندەوەر و نە ئێنتـێلێـخـیـاکـانی دیکە هەن، هەروەها ئەوان وەک خـەڵکی سادە بوورانەوەی ماوە درێژ لە مردنی تەواوەتی جیـا ناکەنەوە، ئیـتر بەمە جارێکی دیکە کـــەوتوونەتە داوای بڕیاری پێـــشـــەکی سکولاسـتـیـیـەکـان دەربارەی بوونی هەندێ نەفس بەبێ لەش، هەروەها ئەمە ئەقڵە ڕێ لێ ون بووە ئاساکان وای لێ کردوون لافی لەناوچوونی نەفس لێدەن.

١٥- چالاکی بنەڕەتە ناوەکـییـەکە کە دەبێـتە مـایەی گـۆڕان، یان گـواسـتنەوە لە ڕێ پێ بردنێکی ئاسـایی بۆ یەکێکی تر، دەکرێ وەک هەوڵ و کۆشش نیشـان بدرێت. ڕاسـتـە کـۆشش ناتوانێ هەمـیـشـە ئەو ڕێ پێ بردنە ئاساییـەی هەوڵی بۆ دەدات، دەستگیـر بکات، بەڵام ئەو بەردەوام شتێکی لێ دەستگیر دەبێ، هەروەها چەند ڕێ پێ بردنێکی ئاسایی نوێ بەدەست دێنێ.

١٦- ئێمە خۆمان زۆریەتی لە جەوهەری ساکاردا تاقی دەکەینەوە کـاتێک دەبینین بچووکترین بیرێک کە ئێمە لێی بە ئاگاین، هەمەچەشنەییەکی ئەو بابەتەی بە بۆچوون ڕێی پێ براوە تێیدا هەیە. ئیتر بەم پێیە ئەوانەی پێی لێ دەنێن نەفس جەوهەرێکی ساکارە، دەبێ ئەم زۆریەتییە لە مۆناددا دان پێدا بنێن، کاک بایل دەبوو هیچ گرانییـەک لەوەدا نەبینێ هەروەک ئەو لە فـەرهەنگەکـەیدا لە بڕگـەی ڕۆرازیوس وای کردووە.

١٧- هەروەها دەبێ ناچارەکی دان بەوەدا بنرێت کە ڕێ پێ بردنی ئاسـایی و ئەوەی پێـیـەوە بەندە، ناتوانرێ بەهۆکـارە مـیکانیکیـیـەکـان، واتە بەهۆی شـێـوە و بزووتنەوەوە ڕوون بکرێتەوە. ئەگەر وادابنێین مەکینەیەک هەیە وا دروست کراوە بتوانێ بیربکاتەوە، هەست بکات و پەی بە شت بەرێت، ئەوە دەتوانرێ بەبیر قەوارەکەی بە ڕادەیەک گـەورە بکرێ، مـرۆڤ بتـوانێ بچـێـتە ناویەوە هەروەک دەچێتە ناو ئاشێکەوە. ئەگەر ئەمە وادابنرێت، ئەوە لە کـاتی دیتنی ناوەوەیدا تەنیـا چەند تاکـە پارچەیەک دەبینرێن کـە پاڵ بەیەکـدییـەوە دەنێن، بەڵام

هیچ جارێک شتێک نابینرێ کە تاکە ڕێ پێ بردنێک ڕوون بکاتەوە، لەبەر ئەوە دەبێ لەجەوهەری ساکاردا نەک لە لێکدراو، یان لە مەکینەدا بۆ ڕێ پێ بردن بگەڕێین، هەروەها لە جەوهەری ساکاردا لە چەند ڕێ پێ بردنێکی ئاسایی و گۆڕانەکانی بەولاوە شتێکی دیکە نادۆزینەوە. تەنیا لەمانەدا دەکرێ چالاکییە ناوەکییاکانی جەوهەری ساکار پێک بێن.

١٨- دەتوانرێ هەموو جەوهەرە ساکارەکان، یان مۆنادە داهێنراوەکان ناوی ئێنتێلێخیایان لێ بنرێت، چونکە ئەوان لەخۆیاندا تەواوەتییەکی (کەمالێکی) دیاریکراویان تێدایە. ئەوان جۆرە خۆ بەس بوونێکیان تێدایە دەیانکات بە سەرچاوەی چالاکییە ناوخۆییەکانی خۆیان و ئەگەر بگونجێ بوترێ، بەچەند ئۆتۆماتیکێکی نا لەشی. (تیۆدیسێ ٨٧).

١٩- ئەگەر بمانەوێ ناوی نەفس لە هەموو ئەوانە بنێین کە بەو مانا گشتییەی پێشتر ڕوونم کردەوە ڕێ پێ بردن و مەیل و کۆششیان هەیە، ئەوە دەتوانرێ هەموو جەوهەرە ساکارەکان، یان مۆنادە داهێنراوەکان بە نەفس ناوببرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەست کردن لە ڕێ پێ بردنی سادە زیاترە، ئەوە بۆ ئەو جەوهەرە ساکارانەی تەنیا ئەم ڕێ پێ بردنەیان هەیە، ناوی گشتی مۆنادەکان، یان ئێنتێلیخیایەکان پڕ بەپێستی خۆیەتی. دەبێ ناوی نەفس تەنیا بەو مۆنادانە ببردرێ کە ڕێ پێ بردنەکەیان ڕوون و جیاترە و وەبیر هاتنەوەشی لەگەڵدایە.

٢٠- ئێمە لە خۆماندا ڕەوشێک تاقی دەکەینەوە تێیدا هیچ شتێکمان وەبیر نایەتەوە و ڕێ پێ بردنێکی ئاسایی ڕوونمان نییە، هەروەک ئەوەی بۆ نموونە، لەکاتی لەهۆش خۆ چوون، یان نووستنێکی قووڵی بێ خەون دیتندا ڕوودەدات. لەم ڕەوشەدا نەفس جیاوازییەکی هەست پێکراوی لەگەڵ مۆنادی سادەدا نابێ، لەبەرئەوەی ئەم ڕەوشە درێژە ناکێشی و نەفس خۆی لێ دەرباز دەکات، ئەوە ئەو شتێکە لەمە پترە. (تیۆدیسێ: ٦٤).

٢١- بەڵام لەمەش ئەوە ناکەوێتەوە، جەوهەرە ساکارەکە بەبێ هەر ڕێ پێ بردنێکی ئاسایی بێ. ئەمە بەبێ هۆکارەکانی پێشتر باس کران، ناشێ و لە کردن نایەت، چونکە ئەو ناکرێ لە ناوبچێ، هەروەها بەبێ جۆرە کارتێکردن و بزواندنێک کە لە ڕێ پێ بردنی ئەو بەولاوە شتێکی دیکە نییە، بەردەوام بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر ژمارەیەکی زۆر و زەبەند لەو ڕێ پێ بردنە ئاساییە بچووکانە هەبێ کە لەواندا هیچ شتێک بە ڕوونی جیا نەکرێتەوە، ئەوە مرۆڤ هەست بەسەر سووڕان دەکات وەک ئەوەی بێ پسانەوە بەلایەکدا بسووڕێتەوە تووشی گێژبوونێک ببێ کە لەوانەبێ بێ هۆشی بکات و نەتوانێ هیچ لە هیچ جیا بکاتەوە. مردن دەتوانێ ماوەیەک ئەم ڕەوش و دۆخە بەسەر زیندەوەردا بهێنێ.

٢٢- لەبەر ئەوەی هەر ڕەوشێکی ئێستای جەوهەرێکی ساکار، ئەنجامێکی سروشتی ڕەوشی پێشوویەتی، ئەوە بەو جۆرە، ئێستا پاشەڕۆژ لە مندالّدانی دایە. (تیۆدیسێ: ٣٦٠).

٢٣- لەبەر ئەوەی مرۆڤ دوای ئەوەی لە بوورانەوە بە ئاگا دێتەوە، هەست بە ڕێ پێ بردنەکەی دەکات، ئەوە دەبێ پێش ئەمە شتی وەهای هەبووبێ، هەرچەندە ئاگاشی لێیان نەبووبێ، چونکە ڕێ پێ بردن دەکرێ بە ڕێگای سروشتی تەنیا لە ڕێ پێ بردنێکی دیکەوە پەیدا ببێ، ئەمەش وەک بزووتنەوەیەک وایە کە بە ڕێگای سروشتی تەنیا هەر لە بزووتنەوەیەکەوە دێتە کایەوە (تیۆدیسێ: ٤٠١-٤٠٣).

٢٤- لەمەوە دەردەکەوێ ئێمە هەر بەردەوام لە ڕەوش و دۆخی بێ ئاگاییدا دەبین ئەگەر بێتو ڕێ پێ بردنەکانمان شتی بەرچاوی سەرنج ڕاکێش و ڕوو لە بەرزییان تێدا نەبێ، ئەوی ڕاست بێ ئەوە ڕەوشی ئەوپەڕی مۆنادە سادەکانە.

٢٥- سروشت چەند ڕێ پێ بردنێکی دەست نیشان کراوی چاک و بەرزی بە زیندەوەران داوە، ئێمە بەوەدا ئەمە دەزانین کە وەک بایەخ پێدان، سروشت مشووری چەند ئەندامێکی بۆ خواردوون کە کۆڵێک تیشک، یان شەپۆلی هەوا کۆ دەکەنەوە بۆ ئەوە بەم یەکخستنە، ئەوان کاریگەرتر بکات. شتی وەک ئەمە لە بۆنکردن، چێشتن و دەست لێ داندا و لەوانەشە لە ژمارەیەکی دیکەی هەستەکاندا کە ئێمە نایانزانین ڕووبدات. تۆزێکی دیکە ڕوونی دەکەمەوە چۆن ڕووداوەکان لە نەفسدا، ئەوی لە ئەندامەکاندا ڕوودەدات، دەنوێنن.

٢٦- یاد جۆرێکی گەیشتنە ئەنجام، ئەگەرچی لاسایی کردنەوەی ئەقڵە، بە نەفس دەدات، بەڵام دەبێ ئەو لەم بە جیاواز دابنرێت. ئێمە دەبینین ئەگەر زیندەوەر ڕێی بەشتێک برد کە زۆر کاری تێدەکات و لەمەوبەریش ڕێ پێ بردنێکی وەک ئەمەی هەبووە، ئەوە بەهۆی وەبیرهاتنەوەوە چاوەڕێی ئەو شتە دەکات کە لەمەوبەر بەو

ڕێ پێ بردنەوە بەستراوەتەوە و بۆ نموونە مرۆڤ دارێک لە سەگ هەڵدەبڕێ، یەکسەر ئەو ئازارەی بیر دەکەوێتەوە کە پێشتر هەستی پێ کردووە و لێی چێشتووە و دەقرووسکێنێ و هەڵدێ. (تیۆدیسێ: ٦٥)

٢٧- ئەو بۆچوونە هەستییە بەتینەی کە دەیانوروژێنێ و دەیانجوولێنێ، یان لە قەوارە، یان لە ژمارەی ڕێ پێ بردنەکانی پێشووەوە دێت، چونکە زۆرجار وێنەیەکی هەستی بەتین لەناخدا ئەو کارەی نەریتێکی ڕەگ داکوتاو، یان چەند ڕێ پێ بردنێکی مام ناوەندی دووبارە بووەوە ئەنجامی دەدات، دەکات.

٢٨- خەڵک وەک زیندەوەر ڕەفتار دەکەن کاتێک ئەنجام کەوتنەوە لە ڕێ پێ بردنەکانیان تەنیا لە بنچینەی وەبیرهاتنەوە دروست دەبێ، بەمەش لاسایی پزیشکەکان دەکەنەوە کە تەنیا پراکتیکن و هیچ تیۆرییەکیان نییە، ئێمە لە سێ بەش لە چوار بەشی ڕەفتارەکانماندا ئەزموون پەسندین. بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ وای دانا سبەینێ ڕۆژ دەبێتەوە، ئەوە لەمەدا ئەزموون پەسندە، ئەزموون پەسند بەم جۆرە شت دەکات، چونکە ئەمە تا ئێستا هەروا ڕووی داوە، ئەستێرەناس تەنیا کەسێکە بەپێی بنچینەکانی ژیر لەم بارەیەوە بڕیار دەدات.

٢٩- زانینی ڕاستییە ناچاری و هەتا هەتاییەکان ئێمە لە زیندەوەری ئاسایی جیادەکاتەوە و دەمانخاتە خانەی ژیر و زانست هەبوونەوە، ئەویش کاتێک بۆ ناسینی خۆمان و خوا بەرزمان دەکاتەوە، ئەمەش لە ئێمەدا ئەو شتەیە بە نەفسی ژیر، یان گیان ناودەبرێ.

٣٠- هەروەها بەهۆی زانینی ڕاستەقینە ناچارییە پێویستییەکان و پوختەکانیانەوە، خۆمان بۆ چالاکی وردبوونەوەی ناخ بەرز دەبینەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی لە بیرۆکەی (من)ی خۆمان تێ بگەین و وابیر بکەینەوە ئەمە، یان ئەوە لە ئێمەدایە. ئێمە کە بەم چەشنە بیر لە خۆمان دەکەینەوە، بیری خۆمان بۆ لای بوون، جەوهەر، ئەو ساکارە و ئەوی لێکدراوە، نامادەی و بۆ لای خوا خۆی ئاراستە دەکەین و وای بۆ دەچین ئەوەی لە ئێمەدا سنووردارە لەودا بێ سنوورە. ئەو چالاکییە وردبوونەوەییانەی ناخ بابەتە سەرەکییەکانی زانینی ژیرمان دەدەنێ. (تیۆدیسێ: پێشەکی: ٤ ئا).

٣١- زانینە ژیرییەکەمان لەسەر دوو بنەڕەتی گەورە دامەزراون: یەکەمیان لەسەر بنەڕەتی ناتەبایی، بەهۆیەوە هەموو ئەوانەی ناتەباییان تێدایە، بڕیاری هەڵەیان بەسەردا دەدەین، ئەوەش کە بە پێچەوانەی درۆوەیە، یان لەگەڵیدا ناتەبایە، بەڕاست دادەنێین. (تیۆدیسێ: ٤٤-١٦٩).

٣٢- دووەم لەسەر بنەڕەتی هۆی بەس بوو دامەزراوە، بەهۆیەوە وای دادەنێین ناکرێ فاکتێک وەک ڕاست، یان بوون و هیچ گوتویەک وەک ڕاست ساخ بکرێنەوە ئەگەر هۆیەکی بەس بووی نەبێ. وای لێ بکات بۆ بەم جۆرە بێ، نەک بەهی دیکە. ئەگەرچی ئێمە لە زۆربەی ئەمانەدا نەتوانین ئەم هۆیانە بزانین.

٣٣- ئینجا دوو جۆرە ڕاستی (حەقیقەت) هەیە: ڕاستییەکانی ژیر و ڕاستییەکانی فاکت، ڕاستییەکانی ئەقڵ ناچارین و پێچەوانەکەشیان ناشێ و لە کردن نایەت، ڕاستییەکانی فاکت شیاوەکی و ڕێککەوتن و پێچەوانەکەشیان دەگونجێ ببێ. ئەگەر ڕاستییەک ناچاری بوو، بەهۆی شی کردنەوەوە دەکرێ هۆیەکەی بدۆزرێتەوە، ئەویش بەوەی بۆ بیرۆکە و ڕاستییە ساکارترەکان تا دەگاتە ئەوانەی بنچینەیین شی بکرێتەوە. (تیۆدیسێ: ١٧٠، ١٧٤، ١٨٩، ٢٨٠، ٢٨٢).

٣٤- بەم ڕێگایە ماتماتیکناسان بەهۆی شی کردنەوەوە بنچینە تیوری و بنەما پراکتیکییەکان بۆ سەر پێناسەکان و بەڵگە نەویست و گریمانەکان دەگێڕنەوە.

٣٥- لە کۆتاییدا مرۆڤ دەگاتە چەند بیرۆکە (ئایدیایەک)ی سادە کە ناکرێ پتر پێناسە بکرێن، هەروەها دەگاتە چەند بەڵگەنەویست و گریمانەیەک، یان بە کورتی دەگاتە چەند بنچینەیەکی سەرەتایی کە ناکرێ پشت ڕاست بکرێنەوە، بگرە پێویستیان بە هیچ ساغ کردنەوەیەک نییە، ئەمانە ئەو ڕستە خۆیەکییانەن کە پێچەوانەکەیان ناتەباییەکی ئاشکرای تێدایە.

٣٦- دەبێ هۆی بەس بوو لە ڕاستییە شیاوەکییەکاندا، یان لە ڕاستییەکانی فاکتیشدا، واتە لە بە دوای یەکدیدا هاتن و پابەندێتی هەموو شتە داهێنراوەکاندا هەبێ، بەهۆی هەمەچەشنەیی لە ئەندازە بەدەری شتە سروشتییەکان و بێ بڕانەوە دابەش بوونی لەشەکان دەکرێ کرانەوە و شی کردنەوە بۆ چەند هۆکارێکی تاکی بەهەندەکییانە بێ کۆسپ و سنوور بەردەوام بێت. ژمارەیەکی بێ بڕانەوە ڕوخسار و بزووتنەوەی ئێستا و ڕابردوو کە هۆکاری کارتێکردنی ئەم نووسینەی ئێستام پێک دێنن، لە ئارادایە و ژمارەیەکی بێ کۆتایی ئارەزوو و حەزی بچووک و ڕەوشەکانی ئێستا

و لەمەوبەری نەفس منن کە هۆیە ئەنجامەکییەکەی ئەم نووسینە پێک دەهێنن (تیۆدیسێ: ٣٦، ٣٧، ٤٤، ٤٥، ٤٩، ٥٢، ١٢١، ١٢٢).

٣٧- لەبەر ئەوەی هەمـوو ئەم وردەکـارییـانە لەلای خۆیانەوە هەمیشە هەر تەنیا شتی لەپێشتر و بگرە چەند شیاوەکییەکی تایبەتییان تێدایە، ئەمانەش بۆ پشت ڕاستکردنەوەی خۆیان دیسانەوە پێویستییان بە شیکردنەوەیەکی وەک ئەوان هەیە، بۆیە دەبێ هۆیە بەس بووەکەیان دوا هۆکار لە دەرەوەی ئەنجامەکە، یان لە زنجیرە ئەنجامی شتە شیاوەکییە تاکەکاندا هەبێ، ئیتر هەر ئەندازەیەک ئەم زنجیرەیە بێ کۆتاییش بێت.

٣٨- بەم پێیە دەبێ دوا هۆکاری شتەکان لە جەوهەرێکی ناچاریدا هەبێ، کە تایبەتییەتی گۆڕانەکان تەنیا بە شێوەیەکی گرنگ و بەرچاو وەک ئەوەی سەرچاوەیان بێ، تێیدابێ، ئێمە ئەو جەوهەرە بەخوا ناودەبەین (تیۆدیسێ: ٧).

٣٩- لەبەر ئەوەی ئەم جەوهەرە هۆیەکی بەس بووی هەموو ئەو تایبەتییانەیە کە لەلای خۆیانەوە توندوتۆڵ پێکەوە بەستراونەتەوە، ئەوە تەنیا یەک خوا هەیە، ئەو خوایەش بەسە.

٤٠- ئینجا دەکرێ بڕیار بدرێت. ئەو جەوهەرە پایەبەرزە سەرتاپاگیر و ناچاریی پێویستە، چونکە هیچ شتێک لە دەرەوەی ئەودا نییە کە پشت بەو نەبەستێ و ئەو ئەنجامێکی سادەی بوونی شیاوەکییە- ناکرێ سنوور و ڕادەی هەبێ و دەبێ هەموو ڕاستەقینە گشتییەکانی تێدابن.

٤١- لەمەوە ئەو ئەنجامە دەستگیر دەبێ کە خوا ئەوپەڕی تەواوەتی لە سنوور بەدەرە، تەواوەتی بەشێوەیەکی تایبەتی لە گەورەیی ڕاستەقینەی لەبار بەولاوە کە ئەگەر سنوورەکان، یان ڕادەکانی شتەکان کە ئەمانەیان هەیە بخرێنە لاوە، بەدەست دێت، شتێکی دیکە نییە، لەوێ کاتێک هیچ جۆرە ڕادە و سنوورێک نەبێ، واتە، لەخوادا ئەوە تەواوەتییەتەکە ئەوپەڕی ڕەها، بێ کۆتایی دەبێت. (تیۆدیسێ: ٢٢ پێشەکی ٤ تا).

٤٢- ئیتر لەمەوە پتر ئەوە دەکەوێتەوە، داهێنراوەکان تەواوەتییەتی خۆیان لە سایەی کاریگەریی خواوە پێ براوە، ناتەواوییەکانیشیان لە سروشتی خۆیانەوەیە کە ناتوانن بەبێ ڕادە و سنووربن. ئیتر بەمەو لێرەدا خۆیان لە خوا جیاواز دەکەن. (تیودیسێ: ٢٠، ٢٧، ٣١، ١٥٣، ١٦٧، ٣٧٧، ٣٠، ٣٨٠) هەروەها پوختە گازندەکان. گازندە: ٥).

٤٣- ڕاستە خوا، نەک هەر تەنیا سەرچاوەی بوونەوەرەکانە، بەڵکو سەرچاوەی جەوهەرەکانیشە ئەوەندەی ئەمانە ڕاستەقینە بن بە واتایەکی دیکە، سەرچاوەی ئەوەیە لە شیاوەکیدا ڕاستەقینەیە، چونکە مێشکی خوا مەڵبەندی ڕاستییە هەتا هەتاییەکانە، واتە ئەو بیرۆکانەی بوونی ئەوانی پێوە بەندە و بەبێ بوونی ئەو لە شیاوەکییەکاندا نەک هەر هیچ شتێک ڕاستەقینە نابێ و نەک هیچ شتێک بوونەوەر نابێ، بگرە تەنانەت هیچ شتێک شیاوەکیش نابێت (تیۆدیسێ: ٢٠).

٤٤- خۆ ئەگەر لە جەوهەرەکاندا، یان لە شیاوەکییەکاندا، یان تەنانەت لە ڕاستییە هەتا هەتاییەکاندا ڕاستەقینەیەک هەبێ، ئەوە دەبێ هۆی بوونی ئەم ڕاستەقینەیە لە شتێکی بوونەوەر و ڕاستەقینە، ئینجا لە بوونی بوونەوەرە ناچارییەکەدا هەبێ کە جەوهەرەکەی بوونی لەخۆیدا هەیە و شیاوەکی بوونەکەی بەسە بۆ ئەوەی بەڕاستی هەبێت. (تیۆدیسێ: ١٨٤، ١٨٩، ٣٣٥).

٤٥- بەم پێیە هەر خوا خۆی (یان جەوهەرە ناچارییەکە) ئەو خاسیەتەی هەیە دەبێ بە ناچاری هەبووبێ ئەگەر بوونەکەی لە کردن بێت، لەبەر ئەوەی هیچ شتێک ڕێگا لە شیاوەکی ئەوە ناگرێت کە هیچ سنوورێک و هیچ ناکردن، ئینجا هیچ ناتەبایی تێدا نییە، ئەوە ئەمە خۆی بە تەنیا بەسە بۆ ئەوەی پێشیانە بووبنی خوا بزانرێ، هەروەها ئێمە بەهۆی ڕاستەقینەی ڕاستییە هەتا هەتاییەکان ئەوەمان ساغ و پشت ڕاست کردەوە، ئینجا لە بوونی ئەو جەوهەرە شیاوەکییانە کە دوا هۆکار، یان هۆکارە بەس بووەکەیان تەنیا لە جەوهەرێکی ناچاریدایە کە لە خۆیدا هۆکاری بوونی خۆی هەبێ، بە ڕێگایەکی پاشیانە بوونی ئەومان ساغ کردەوە.

٤٦- لەگەڵ ئەمەشدا نابێ ئەو خەیاڵە بکرێت- هەروەک هەندێک کردوویانە- ڕاستییە هەتا هەتاییەکان، چونکە پشت بە خوا دەبەستن، هەڕەمەن و پابەندی خواستی ئەون، هەروەک دیکارت و لەدواییدا کاک پواریێ باوەڕیان وابووە، ئەمە تەنیا بۆ ئەو ڕاستییە بەڕێکەوت پەیدابووانە کە بنچینەکەیان تەبایی، گونجاو، یان گوڵبژێرکردنی چاکترین شتە ڕاستە. ڕاستییە ناچارییەکان تەنیا پشت بە مێشکی خوادەبەستن و

بابەتی ناوەکی ئەون. (تیـۆدیسێ: ١٨٠-١٨٤، ١٨٥، ٣٣٥، ٣٨٠).

٤٧- بەم پێیـە خـوا بە تەنیـا خـۆی یەک ڕەنگییـە بنچینەییەکە، یان جەوهەرە سادە بنەڕەتییەکەیە، هەموو مۆنادە داهێنراوەکان، یان داڕێژراوەکان دەستکردی ئەون، لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی دیکە بەهۆی ڕووناکی تیشک پژێنی بەردەوامی خواییـەوە پەیدا دەبن. ئەگـەر بگونجێ بڵێین، بەپێی توانایی وەرگرتنی ئەم ڕووناکییە لەلایەن داهێنراوەکەوە کە بەپێی جەوهەرەکەی خۆی شتێکی ڕادە و سنوور بۆکێشراوە، دیاری دەکرێن. (تیۆدیسێ: ٣٨٢-٣٩١، ٣٩٨، ٣٩٥).

٤٨- لەخـوادا ئەو هێزە هەیە کـە سـەرچاوەی هەمـوو شـتێکە، هەروەها ئەو زانینە هەیە کـە بڕە هەمـەچەشنە تاکییـەکانی تێدایە و ئەو خواستـە هەیە کە هۆی ئەو گۆڕانانە، یان ئەو داهێنانەیە کە بەپێی بنچینەی باشتر دروست دەبن. ئەمـانە وەک ئەوانە وان کـە لە مـۆنادە داهێنراوەکاندا بابەت، یان بنچینە، توانایی ڕێ پێ بردن و توانایی حەز و ئارەزوون، بەڵام ئەم سیفەتانە لەخوادا بە تەواوەتی بێ کۆتایین، یان تەواوەتین، کەچی ئەمـانە لە مـۆنادەکـاندا، یـان لە ئێنتـێلێـخیـایەکـاندا (یان ئەو بوونەوەرانەی تەواوەتییان بەدەست هێناوە هەروەک هرمۆ لاوس بارباروس ئەو وشـەیەی وەرگێڕاوە). تەنیـا زۆر تا کەم لاسایی کردنەوەیەکی سەرکەوتووانەی ئەم سیفەتانە هەیە بەپێی ئەندازەی تەواوەتییـەتی مـۆنادەکـە (تیۆدیسێ: ٧، ١٤٩، ١٥٠، ٨٧).

٤٩- دەربارەی شـتێکی داهێنراو دەوترێ بە ئەندازەی ئەو تەواوەتییـەی هەیەتی بەرەو دەرەوە کـار دەکـات و دەربارەی یەکـێکی دیکە دەوترێ، کـاری تێ دەکـرێ بە ئەندازەی ئەو ناتەواوییەی تێیدایە، ئینجا بە ئەندازەی ڕوونی ڕێ پێ بردنەکـان کردار و بە ئەندازەی لێـڵی ڕێ پێ بردنەکان، کارتێکران دەدرێتە پاڵ مۆناد. (تیۆدیسێ: ٣٢، ٦٦، ٣٨٦).

٥٠- شتێکی داهێنراو لە یەکێکی دیکە تەواوتر دەبێ ئەگەر پێشیـانە هۆکاری ئەو شـتەی تێدا ببینرێ کـە لە یەکێکی دیکەدا دەقەومێ. بەو مانایە دەوترێ ئەو کار لە یەکێکی تر دەکات.

٥١- لە جەوهەرە ساکارەکاندا کارلێکردنی مۆنادێک لەسـەر یەکـێکی دیکە تەنیـا نموونەیی دەبێ، ئەو کـارلێکردنە تەنیـا بەو ناوبژییـەی کـە خـوا دەیکات کاریگەر دەبێ، چونکە مۆناد لەبیرەکانی خوا دەخوازێ کە خـوا لە سـەرەتای دەست کـردن بە ڕێکخسـتنی ئەوانی دیکە، ئەوی لەبەرچاو بووبێ، لەبەر ئەوەی مـۆنادێکی داهێنراو ناتوانێ هیچ کارلێکردنێکی فیزیکی لەناوەوەی یەکێکی دیکەدا بکات ئیتر تەنیا بەم ڕێگایە یەکێکیان دەتوانێ پشت بەوی تریان ببەستێ (تیۆدیسێ: ٩، ٥٤، ٦٥، ٦٦، ٢٠١، کورتەی گازندەکان، ٣).

٥٢- لەنێـو شـتـە داهێنراوەکـاندا کـارلێکردن و کـارتێکرانێکی دەسـتـەوایی Wechselseitig هەیە، ئەگـەر خـوا دوو جـەوهەری سـادە بەراورد بکات: لە هەر یەکێکیاندا هۆی ئەوتۆ دەدۆزێتەوە ناچاری دەکەن لەگەڵ یەکـێکی دیکەدا بگونجێ، ئەمەش وادەگەیەنێ ئەوەی لە هەندێ لایەنەوە کـارلێکەرە، لەهەندێ بۆچوونی دیکەوە کـارتێکراوە. ئەو بەو ئەندازە کـاریگەر و کـارلێکەرە کە بەهۆی ئەوەوە دەتوانرێ بە ڕوونی ئەو شـتـە بزانرێ کـە بەهۆیەوە ئەو شتە لێک بدرێتەوە کە لە یەکێکی دیکەدا دەقـەومێ، کـارلێکراو بەو ئەندازەیەی دەبێ هۆکـاری ئەوەی لەودا ڕوودەدات بە ئاشکرایی لە یەکێکی دیکەدا بزانرێ.

٥٣- لەبەر ئەوەی ژمـارەیەکی بێ سنوور جـیـهـانی شیاوەکی لەبیرەکانی خوادا هەیە و دەکرێ تەنیا یەکێک لەوان هەبێت، ئەوە دەبێ بۆ ئەو بڕیارەی خـوا کـە وا لێ کردووە جیهانێک لەوانی دیکە بە باشتر بزانن هۆیەکی بەس بوو هەبێت. (تیـۆدیسێ: ٨، ١٠، ٤٤، ١٧٣، ١٩٦، ٢٢٥، ٤١٤-٤١٦).

٥٤- ئەم هۆیە تەنیـا لە تەباییـدا، یان لە پلەکـانی تەواوەتییـەتیدا کە ئەم جیهانانە هەیانە، دەبێ هەمـوو شـیـاوەکـیـیـەک مـافی ئەوەی هەیە بە ئەندازەی ئەو تەواوەتییـەی تێیـدایەتی خـوازیاری بوون بێت. (تیـۆدیسێ: ٧٤، ١٦٧، ٣٥٠، ٢٠١، ١٣٠، ٣٥٢، ٣٤٥، ٣٥٤).

٥٥- هۆکـاری بوونی شتی باشتـر، کـە خـوا بە دانایی خۆی دەیزانێ و بەهۆی چاکی خۆی هەڵیدەبژێرێ و بەهۆی توانایی خۆی دایدەهێنێ لێرەدایە، (تیۆدیسێ: ٨، ٧٨، ٨٠، ٨٤، ١١٩، ٢٠٤، ٢٠٦، ٢٠٨ کـورتـەی گازندەکان ١ و ٨).

٥٦- ئەو بەیەکەوە بەسترانە، یان بەیەکەوە گونجانەی هەمـوو شـتـە داهێنراوەکـان لەگەڵ هەر یەکێک بە جیـاو ئینجـا لەنێـوان هەر یەکـێک لەوان و هەمـوواندا ئەو

ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە، هەر جەوهەرێکی ساکار چەندین پێوەندی هەیە کە تێکڕای ئەوانی دیکە دەردەبڕن، ئینجا بەپێی ئەمە جەوهەرە ساکارەکە ئاوێنەیەکی زیندوویی هەمیشەیی جیهان دەبێ. (تیۆدیسێ: ١٣٠، ٣٦٠).

٥٧- هەروەک شارێک ئەگەر لە چەند لایەکی جیاوازەوە سەرنج بدرێت، هەمیشە، هەر جارەی بەشێوەیەکی تەواو جیاواز دەردەکەوێ وەک بڵێی چەند دیمەنێکی هەمەچەشنەی جیاجیای هەیە، هەروەها لە ئەنجامی لە ئەندازە بەدەر زۆری جەوهەرە ساکارەکاندا- چەند جیهانێکی جیاواز هەیە هەموویان، بەپێی باری سەرنجە جیاجیاکانی هەر مۆنادێک تەنیا ڕوانگەیەکی یەک جیهانن. (تیۆدیسێ: ١٤٧).

٥٨- بەم ڕێگایە زۆرترین هەمەچەشنەیی کە لە توانادا بێ، بەڵام لەگەڵ گەورەترین ڕێک و پێکی کە لەتوانادابێ بەدەست دێت، واتە بەم ڕێگایە زۆرترین تەواوەتییەک کە لە توانایی‌دابێ دەستگیر دەبێت (تیۆدیسێ: ١٢٠، ١٢٤، ٢٤١، ٢١٤، ٢٤٣، ٢٧٥).

٥٩- هەر ئەم گریمانەیە بە تەنیا خۆی (کە دەشوێرم بڵێم سەلمێنراوە) گەورەیی خوا، بە ڕاستی دەردەخات. کاک بایل ئەمەی زانیوە کاتێک لە فەرهەنگەکەیدا (بابەتی ڕۆراریوس) چەند گازندەیەکی لەمە کردووە و خۆی وا دیوە چۆتە سەر ئەو باوەڕەی من پتر لە پێویست شت دەدەمە پاڵ خوا و پتر لەوەی لە توانایی‌دا هەیە، بەڵام ئەو لە تواناییدا نەبووە هۆکارێک پێشکەش بکات، دەری بخات بۆچی ئەو هارمۆنییە گەردوونییەی وا لە هەموو جەوهەرێک دەکات لە ڕێگای ئەو پێوەندییەی بە وانی دیکەوە هەیەتی، بە وردی دەریانبڕێت، ناشێ و لە کردن نایەت.

٦٠- لەوەی لە پێشەوە باس کرا، ئەو هۆکاری پێشییانە دەبینرێن، دەری دەخەن بۆچی شتەکان لەوە بەولاوە چۆنن بەهیچ شێوەیەکی دیکە نابن، چونکە خوا لە کاتی ڕێکخستنی گەردووندا هەموو بەشێک بەجیا، هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتی هەموو مۆنادێکی کە بە سروشت جەوهەرێکی ڕێ پێ بەرە، لەبەر چاو بووە، هیچ شتێک ناتوانێ وای لێ بکات تەنیا یەک بەشی شتەکان بە بۆچوون بزانێ، ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستە ئەم بۆچوونە لەوەدا پێوەندی بە شتە تاک و هەندەکییەکانی گەردوونەوە هەیە لێڵە و لە بەشێکی بچووکی شتەکاندا نەبێ، بە تایبەتی ئەوانەی بۆ مۆنادەکان نزیکترن، یان گەورەترن، ناتوانرێ ڕوون بێ، ئەگینا هەر مۆنادە خوایەک دەبوو. نەک لە بابەتەکاندا، بەڵکو لە جۆرە جیاوازەکانی زانینی بابەتەکەدا مۆنادەکان سنووریان هەیە. ئەوان هەموویان بەشێوەیەکی لێڵ هەوڵی گەیشتنە بێ کۆتایی، گەیشتنە گشتی و تێکڕای دەدەن، بەڵام بەپێی پلەی ڕوونی ڕێ پێ بردنەکانیان سنوور بۆ کێشراو و لە یەکتری جیاواز دەبن.

٦١- لێکدراوەکە بەمە ساکارترین شتی هێمایی (سیمبۆلی) نیشان دەدات، لەبەر ئەوەی بە تایبەتی هەموو شتێک پڕە- ئەمەش وا لە مادده دەکات هەمووی بەیەکەوە بەسترابێ- لەبەر ئەوەی هەموو بزووتنەوەیەک کە لە جێگای پڕدا ڕوودەدات، کاردەکاتە سەر لەشە دوورەکان بەپێی دوورییان بە جۆرێک نەک هەر هەموو لەشێک هەر لەلایەن ئەو لە شانەوە کە ڕاستەوخۆ بەرێ دەکەون، کاری تێدەکرێ و بە چەند شێوەیەک هەست بە هەموو شتێک دەکات کە بەسەر ئەودا دێت، بەڵکو هەمیشە هەست بە کارلێکردنی ئەو لە شانەش دەکات کە بەر ئەو لەشانەوە دەکەون کە خۆی ڕاستەوخۆ بەریان دەکەوێ- لەمەوە دەگەینە ئەوەی کە ئەو پێوەندییە دوو سەرەی شتەکان بۆ هەموو دوورییەک کە خوازرابێ درێژ دەبێتەوە. بەپێی ئەمە هەر لەشێک هەست بە هەموو ئەو شتانە دەکات کە لە جیهاندا ڕوودەدەن بە جۆرێک ئەوی بتوانێ هەموو شتێک ببینێ دەتوانێ لە هەر یەکێکیاندا ئەو شتانە بخوێنێتەوە کە لە هەموو جێگایەکدا دەقەومێن، بگرە ئەوانەش ببینێ، کە ڕوویان داوە و کە لەمەولا ڕوودەدەن، ئەویش بەوەی لە ئێستادا هەست بەو شتە بکات کە بەپێی کات و جێگا دوورن: پێکەوە هەڵکردنی هەموو، وەک هیپۆکراتس وتوویەتی، بەڵام نەفس دەتوانی تەنیا ئەوانە لە خۆیدا بخوێنێتەوە کە بە ڕوونی لەودا پەیان پێ بردراوە، ئەو ناتوانێ هەموو گرییەکانی ناخی خۆی بکاتەوە، چونکە ئەمە بێ کۆتاییە.

٦٢- ئەگەرچی هەموو مۆنادێکی داهێنراو تێکڕای گەردوون دەنوێنێ، ئەوە ئەو لەشەی کە بە تایبەتی پێوەندی پێیەوە هەیە و خۆی ئینتلیخیایەتی بەشێوەیەکی ڕوونتر دەنوێنێ. هەروەک ئەم لەشە- لە ئەنجامی پێوەندی دوو سەرەی گشت مادده لە پڕیدا- گشت گەردوون دەنوێنێ، نەفسیش بە نواندنی ئەو لەشەی کە

بەشێوەیەکی تایبەتی پێوەندی بەخۆیەوە هەیە گشت گەردوون دەنوێنێ.

٦٣- ئەو لەشەی سەر بە مۆنادێکە، کە مۆنادەکە ئینتلیخیا، یان نەفسییەتی لەگەڵ ئینتلیخیایەکەیدا پێکەوە ئەو شتە پێک دەهێنن کە دەتوانرێ بە بوونەوەرێکی زیندوو ناوبرێ، لەگەڵ نەفسدا پێکەوە ئەو شتە پێک دەهێنن کە بە زیندەوەر ناودەبرێ، ئەو لەشەی هی بوونەوەرێکی زیندووە، یان هی زیندەوەرە هەمیشە لەشێکی ئۆرگانیکە، لەبەر ئەوەی هەموو مۆنادێک بە ڕێگای تایبەتی خۆی ئاوێنەی گەردوونە و گەردوونیش بەپێی ڕێکوپێکییەکی یەکجار تەواو ڕەنگڕێژکراوە، ئەوە دەبێ ڕێکوپێکە لەوەشدا کە دەینوێنێ هەبێ، واتە لە ڕێ پێ بردنەکانی نەفسدا، ئینجا لەو لەشەشدا کە بەهۆیەوە گەردوون لە نەفسدا دەنوێنرێ. (تیۆدیسێ: ٤٠٣).

٦٤- ئیتر لەشی ئۆرگانیکی هەموو بوونەوەرێکی زیندوو، جۆرێکە لە مەکینەی ڕەببانی، یان لە ئۆتۆماتیکی سروشتی کە لە ئەندازە بەدەر لە هەموو ئۆتۆماتیکە دەستکردەکان باڵاترە، چونکە ئەو مەکینەیەی هونەر و کارامەیی مرۆڤ دروستی دەکات، لە هەموو بەشێک لە بەشەکانیدا مەکینە نییە، بۆ نموونە ددانە ڕەوڕەوی مس چەند بەش، یان چەند پارچەیەکی هەیە، بەڵام بەلای ئێمەوە بەرهەمێکی هونەری نییە، سروشتێکی تایبەتی ئەوتۆشی نییە وامان لێ بکات هەست بە بوونی ئەو مەکینەیە بکەین کە ڕەوڕەوەکەی بۆ ئیش پێ کردنی سازکراوە، بەڵام مەکینەی سروشت، واتە لەشە زیندووەکان، لە بچووکترین بەشەکانیدا بەبێ بڕانەوە و کۆتایی هاتن هەر مەکینە دەبن. جیاوازی نێوان سروشت و هونەر، واتە نێوان کارامەیی هونەری ڕەببانی و هی ئێمە لەوەدایە (تیۆدیسێ: ١٣٤، ١٤٦، ١٩٤، ٤٨٣).

٦٥- دانەری سروشت توانیویەتی ئەو هونەرە خوایی و لە ڕادە بەدەر سەرسوڕهێنەرە دابهێنێ و بەکاربهێنێ، چونکە نەک هەر هەموو پارچەیەکی مادە بێ بڕانەوە دابەش دەبێ و بەلای پێشینانەوە وابووە، بەڵکو بەڕاستی و ڕاستەقینە بێ کۆتایی هاتن دابەش دەبێ و هەر پارچەیەش بۆ چەند پارچەیەکی دیکە کە هەریەکە بزووتنەوەی تایبەت بەخۆی هەیە، چونکە ئەگەر ئەمە وا نەبووبایە، نەدەکرا هەموو پارچەیەک لە مادە بتوانێ تێکڕای گەردوون دەربڕێ (تیۆدیسێ: سەرەتا: ٧٠، ١٩٥).

٦٦- لەمەوە مرۆڤ بۆی دەردەکەوێ لە بچووکترین پارچەی ماددەدا جیهانێک لە بوونەوەرە دروست کراوەکان، لە بوونەوەرە زیندووەکان لە زیندەوەر، لە ئێنتێلێخیا و نەفسەکانی هەیە.

٦٧- دەتوانرێ لەهەر پارچەیەک ماددە وا تێبگەیشترێ کە وەک باخچەیەکی پڕ لە ڕووەک، یان وەک گۆلاوێکی پڕ لە ماسی وایە، بەڵام هەر لقێک لە لقەکانی ڕووەک و هەر ئەندامێک لە ئەندامەکانی زیندەوەرەکە: هەر دڵۆپێک لە دڵۆپەکانی شیلەکەی وەک ئەو باخچەیە، یان وەک ئەو گۆلاوە وایە.

٦٨- لەگەڵ ئەوەدا ئەو خاک و هەوایەی لە نێوان ڕووەکەکانی باخچەکەدان، یان ئەو ئاوەی لەنێوان ماسی گۆلاوەکەدایە، خۆیان نەڕووەکن و نە ماسین، بەڵام ئەوان شتی وەک ڕووەک و وەک ماسییان تێدایە، ئەگەرچی زۆرجاریش بە جۆرێکی وردبێ، نەتوانین هەستی پێ بکەین.

٦٩- لەبەر ئەوەی هیچ شتێک نییە، بەیار بێ و هیچ شتێک نییە بێ بەرو بێ وەچە بێت، هیچ شتێک لە گەردووندا مردوو نییە، پاشاگەردانی و شێواوی و بێ سەروبەری نییە لە ڕواڵەتدا نەبێ، ئەمەش نزیکە بەو مانایە، وەک گۆلاوێک کە لە تۆزێک دوورەوە تەماشا بکرێت هەر تەنیا شڵەقان و کۆمەڵە ماسییەکی تێدا دەبینرێ بەبێ ئەوەی ماسییەکانمان بۆ لێک جیا بکرێنەوە. (تیۆدیسێ: پێشەکی: ٥ ئا..ب).

# کتێبی (کۆمار)م چۆن وەرگێڕا؟

فوئاد ڕوحانی
لە فارسییەوە: کەریم سۆفی

**بیرۆکەی وەرگێڕانی کتێبەکە**

کەس نییە ناوی ئەفلاتوونی نەبیستبێت و لە پلەوپایەی ئەو کتێبە ئاگادار نەبێت کە لەناو کتێبە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکانی جیهاندا هەیەتی. ئەو بابەتانەی لەو کتێبەدا خراونەتە ڕوو، لەو بابەتە گرینگانەن کە مرۆڤ لە سەرەتای پەیدابوونی فیکرەوە سەرنجی لێ داون و هەتا لە ژیانیشدا ماوە هەر مایەی سەرنجدانە. هەر لەبەر ئەمەش و لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە دوو هەزار و سێ سەد ساڵ بەسەر مێژووی دانانی ئەم کتێبەدا تێپەڕ دەبێت، هێشتا بابەتەکانی تازەییان پێوە دیارە و هیچیشیان بە لێبڕاوەیی چارەسەر نەکراون و ڕەنگە هەرگیز چارەسەریش نەکرێن.

فەلسەفەی ژیان و مردن، مانەوەی ڕوح، چۆنایەتی ئاخیرەت، دینداری، ئەخلاق، عیشق، فەلسەفە، شێوازی پەروەردەکردن، وڵاتداری، هونەرە جوانەکان، حیکمەتی خودایی و...تاد ئەمانە لە بابەتەکانی ئەم کتێبەن کە هەمیشە بیرۆکەی ئادەمیزادیان بە خۆیانەوە مژووڵ کردووە و هەست و هۆشی مرۆڤایەتییان وروووژاندووە، بەمەش نەک هەر لە میانەی سەدەکانی جۆراوجۆردا، بەڵکو لە یەک کاتیشدا بیروباوەڕی دژ بە یەکیان هێناوەتە ئاراوە. هەندێ جار لەنێوان کۆمەڵگەکان و تاکەکانی مرۆڤدا یەکێتی و تەبایی بەرهەم هێناوە، هەندێ جاریش لەنێوان کۆمەڵەی هاوڕا و دژ بەیەک بووەتە مایەی دوژمنایەتی و پڕ کێش پڕ کێش و خوێن ڕشتنی لێ کەوتووەتەوە. هەتا دنیاش بەسەر پێوەبێت، ئەو مەسەلانە کۆن نابن. لە هەموو سەدەیەک و لە هەموو شوێنێکدا خەڵکی بەشێوەیەکی نوێ دەکەونە وێزەی بیرکردنەوەیان و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیان لە بارەوە دەکەن



ئەفلاتوون

و لە حەقیقەتەکانی ئەودیوی سروشت بۆچوونی جۆراوجۆر دەردەبڕن، بەڵام ڕەنگە مرۆڤ نەتوانێت حەقیقەتێکی جێگیر و نەگۆڕ لەم بوارەوە بەدەست بهێنێت. ئێستاش هەروەک خەیامی شاعیر لە خۆمان دەپرسین: «ئەم هاتنە لە کوێ و ڕۆیشتن بەرەو کوێ؟».

بەر لە بیست ساڵ زیاتر، ئەوکاتەی لە زانکۆی لەندەن لە بەشی ماف دەمخوێند، ڕۆژێکیان لە پۆلدا لەوانەی فەلسەفەی مافدا، یەکێک لە مامۆستا ناسراوەکان، لە بارەی بابەتی دادوەرییەوە قسەی دەکرد، ژمارەیەکی زۆر لەقوتابیان ئامادەبوون کە نزیکەی لە هەموو وڵاتانی جیهانەوە هاتبوون، مامۆستاکەش بە شێوازی تایبەتی خۆی داوای لە قوتابیان کرد بیروڕای خۆیان لە بارەی بابەتەکەوە بڵێن. هەر قوتابییەی ئەوەی بەبیری دادەهات وتی و وەک پێشنیار خستییە ڕوو، تا یەکێکیان وتی: من پێناسەی وشەی دادوەریم لەنێو کتێبی کۆماری ئەفلاتووندا بینیوە! هەر ئەوەندەی ناوی ئەفلاتوون هات، ئیدی قوتابیانی تر بەدوای بابەتەکەدا چوون و بە ڕێنمایی لێزانانەی مامۆستاش، گفتوگۆیەکی زۆر دڵگیر و بە سوود لە مەڕ ماهییەتی دادوەری و بەراوردکردنی بە خاسیەتەکانی تر هاتە گۆڕێ، تا تەواو بوونی ماوەی وانەکە درێژەی کێشا، بەرلەوەی زەنگ لێ بدات، گوتی: «تەماشاکەن، بەلاش نییە کە کتێبی کۆماری ئەفلاتوون، پاش (٢٣) سەدە، هێشتا هەر تازەیە و بایەخی ناوەرۆکەکەی بە ڕادەیەکە کە کتێبەکە بۆ هەموو زمانانی گرینگی دنیایە وەرگێڕدراوە و هێشتا هەر بە وەرگێڕانی نوێی ترەوە، بڵاودەکرێتەوە.»

کاتێ لە پۆل هاتمە دەرەوە، خۆشحاڵ بووم بەوەی کە لە منیان نەپرسی: ئایا وەرگێڕدراوی ئەم کتێبە بە زمانی فارسی هەیە، یان نا؟ ئەوکاتە کتێبی (کۆمار)م نەخوێندبووەوە، چونکە زمانی یۆنانیشم نەدەزانی، بۆیە ناچاربووم سوود لە وەرگێڕانەکەی ببینم، دیارە چەندین وەرگێڕانی بۆ زمانی ئینگلیزی هەیە. هەر ئەو ڕۆژە یەکێکیانم وەدەست خست و کەوتمە خوێندنەوەی. لە سەرەتاوە لەو فیکرەدا بووم، ئەگەر ئەو کتێبە گونجاو بێت بۆ وەرگێڕانی بۆ زمانی فارسی، هەر خۆم ئەم کارە بکەم. خوێندنەوەی ئەو کتێبە، زیاتر لە یەک ساڵی خایاند و لەو ماوەیەشدا، چونکە زۆر لە بابەتەکانی ناو کتێبەکەم لەلا ڕوون نەبوو، سێ وەرگێڕانی دیکەیشم پەیدا کرد، یەکێکی ئینگلیزی و دووی فەڕەنسی. بە هاوکاری ئەوانەوە، دەق و کتێبەکانی پەیوەست بە بابەتەکانی فەلسەفەی ئەفلاتوونم تا ئەو شوێنەی دەکرا، لە بابەتەکانی کتێبی کۆمار گەیشتم و ئینجا بڕیاری وەرگێڕانی کتێبەکەم دا.

ئەو موتاڵا و خوێندنەوە دوور و درێژەم لەبەر ئەوە بوو کە بە بڕوای خۆم، مەرجی یەکەمی وەرگێڕان ئەوەیە کە وەرگێڕ تا ئەو شوێنەی لە توانایی دایە، توانایی بەسەر بابەتەکانی کتێبەکەدا بشکێ، تا بتوانێت وەکو پێویست مافی دانەر و کتێبەکە بدات، بە هەرحاڵ تاڕادەیەک خواستی موتاڵاکردن و تاڕادەیەکیش گرفتە بەردەوامەکان، کاری وەرگێڕانی ئەم کتێبەیان دواخستم، تا لە کۆتاییدا بە پشتگیری و هاندانی (بنگاه ترجمه و نشر کتاب) بنکەی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی کتێب، توانیم کۆتایی بە وەرگێڕانەکە بهێنم.

## ناوونیشان و بابەتەکانی کتێبەکە

ڕەنگە ناوی ئەم کتێبە، بەد تێگەیشتنێکی لێ بکەوێتەوە، واتە لەوانەیە خوێنەر وا زەن بکات بابەتی

کتێبەکە، ئەو جۆرە حکومەتەیە کە ئەمڕۆ ئێمە ناوی کۆمارمان لێ ناوە، کەچی مەسەلەکە وانییە! ناوی بنەڕەتی کتێبەکە لە زمانی یۆنانیدا (پولی تیا)یە. کە دەتوانرێت ئەم ناوە بە وشەگەلی وەک (حکومەت، دامەزراندنی شار، کۆمەڵگە) وەربگێڕدرێت. یەکەمین کەس کە ئەو کتێبەی بۆ زمانی لاتینی وەرگێڕا، ناوی لە کتێبەکە نا (ڕێس پۆبلیکا)، کە لە بنچینەدا هەمان واتای یۆنانی (پولی تیا)ی هەیە، پاشان چەمکی تایبەتی (کۆمار)ی بۆ دانرا.

ئەو وەرگێڕکارانەی ئەم کتێبەیان بۆ زمانانی ئەوروپایی وەرگێڕاوە، هەمیشە وشەی (ڕیپوبلیک)یان بۆ داناوە کە ئەمەش لە هەمان وشەی (ڕێس پوبلیکا)ی لاتینی وەرگیراوە، هەروەها وەرگێڕەکانی زمانانی تریش تاڕادەیەک هەمان وشەیان بەکارهێناوە.

ئا بەم جۆرە ناوی (کۆمار) لەسەر کتێبەکە دانرا، ئەگەرچی بە هیچ شێوەیەک بە واتای ئەمڕۆیی لەگەڵ بابەتەکانی ناو کتێبەکەدا یەک ناگرنەوە، بەڵام با بزانین بابەتی کتێبەکە چییە؟ ئەم کتێبە یەک بابەت نییە، بەڵکو لە زۆر بابەتی جۆراوجۆر دەکۆڵێتەوە کە لە ڕووی پلەوپایە و بایەخی ناو کتێبەکەدا تاڕادەیەک لە یەک ئاست دان.


لە ڕوویەکەوە دەکرێ بوترێت باسی بنەڕەتی کتێبەکە لە بارەی بابەتی (دادوەری)یەوەیە، بەڵام ئەو بایەخەی کە ئەفلاتوون بۆ چەمکی (دادوەری) پێی ڕازییە، لە سۆنگەی بەدیهاتنی دایە لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، هەروەها ئەفلاتوون لەنێو جیهانی خەیاڵدا نەخشەی شارێک دادەڕێژێت کە سیفەتی دادوەری هەم لە پێکهاتە و هەم لە خووڕەوشتی تاکەکانیدا بەدی هاتبێت، پاشان هەر لەم بەستێنەوە دەکرێ بوترێت ئامانجی سەرەکی کتێبەکە، لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە دامەزراندنی (شارێکی بێ گەرد)، یان بەدی هاتنی تەواوی ویست و پێداویستییەکان لە ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگەدا.

لە لایەنێکەوە ئەگەر کتێبەکە لە تێڕوانینی فەلسەفییەوە موتالا بکەین، وای بۆ دەچین کە چەقی هەموو بابەتەکانی فەلسەفەن، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە لایەنەکانی پەیوەست بە ئەودیوی سروشتەوە، بە تایبەتی ڕستەکەی کۆتایی کتێبەکە بخوێنینەوە، ڕەنگە بەو ئەنجامە بگەین کە بابەتی سەرەکی ئەو کتێبە پێداویستییەکە بۆ پەروەردە و پاک کردنەوەی دەروون تا ئامادەی وەدەست هێنانی پلەوپایەی بەرز و باڵا بێت لە جیهانی دوای مردندا.

بەهەرحاڵ وەکو دیارە ئەفلاتوون ئەو کتێبەی تایبەت نەکردووە بە یەک بابەت، هەروەها لە کاتی دانانی کتێبەکەدا، هەر بابەتێکی پەیوەست بە ڕووداو و ڕەوتی کتێبەکەی بە پێویست زانیوە و خستوویەتییە ناواخنی ئەو کتێبەوە، بەمەش کتێبەکە لە هەموو بەرهەمەکانی تری ئەفلاتوون درێژترە، بێجگە لە کتێبی (یاساکان) نەبێت، ئەویش بە ناتەواوی ماوەتەوە، گومانی تێدا نییە، ئەم کتێبە لە هەموو بەرهەمەکانی تری ئەفلاتوون گرنگترە، چونکە لە نامە و نووسراوەکانی تری ئەفلاتوون بەرفراوانترە و بە شێوازێکی پڕ لە وردەکاریش نووسراوەتەوە.

کتێبی (کۆمار) بە شێوەی گواستنەوەی قسە لە سوکراتەوە، ڕێک خراوە و گریمانەکەشی ئەوەیە کە «لە دەوروبەری ساڵی ٤١١ بەر لە زایین، شەوێکیان سوکرات لە ماڵی پیرەمێردێک بەناوی سفالوس، لەگەڵ چەند کەسێکدا دەکەوێتە گەنگەشە و گفتوگۆ، لە ڕۆژی پاشترەوە گفتوگۆیەکان بەو شێوەیەی کە لەم کتێبەدا ڕێک خراوە، بۆ چەند کەسێک لە هاوڕێکانی خۆی شرۆڤە دەکات و دەیگێڕێتەوە».

(کۆمار)ی ئەفلاتوون، دە کتێب لەخۆ دەگرێت، بەڵام دیار نییە، ئاخۆ ئەفلاتوون خۆی ئەم ڕیزبەندییەی ڕێک خستووە، یان خەڵکانی تر؟ قەدەری بەڵگەنەویست ئەوەیە کە ئەم ڕیزبەندییە، هیچ پێوەندییەکی بە ڕێکخستنی بابەتەکانی کتێبەکەوە نییە، بەڵکو شیمانەی بەهێز پەیوەستە بە جێکردنەوەیان لەسەر لاپەڕەی پاپیرۆس کە لە سەردەمانی کۆندا کتێبیان لەسەر دەنووسییەوە، هەموو نووسراو و تۆمارکراوێکیش وەکو کتێب وەردەگیرا، هەروەها درێژایی لاپەڕەی کتێبەکان کە لە یەک ئاستدان، ئەم بۆچوونە دڵنیا و پشت ڕاست دەکاتەوە. هەموو وەرگێڕکارەکانیش ڕەچاوی ئەم پۆلبەندی و ڕیزبەندییە (دە) بەشییەیان کردووە، بێجگە لە هەندێکیان نەبێت کە بە ئارەزووی خۆیان و لەسەر بنەمای چەشنی بابەتەکانی کتێبەکە، پەیڕەوی ڕیزبەندی تریان کردووە. سەبارەت بە خۆشم لەم وەرگێڕانەمدا ڕەچاوی هەمان ڕیزبەندی (دە) بەشییە سەرەکییەکەم



سوکرات

کردووە. ئەو خاڵەی پێویستە جێی سەرنجی خوێنەرانی بەرهەمەکانی ئەفلاتوون بێت، ئەوەیە کە هەموو نامەکانی ئەفلاتوون لە سەدەی شازدەم بە هیمەتی دوو کەس بەناوەکانی (ستافانوس) و (سرانوس) کۆکراونەتەوە و لە چەندین بەرگدا لە پاریس چاپ کراون. دوای ئەمەش نزیکەی هەموو وەرگێڕکارانی ئەفلاتوون ژمارەی بەرگ و چاپ و لاپەڕەکانی ئەم کتێبانەی سەرەوەیان لە وەرگێڕانەکانی خۆیاندا تۆمار کردووە، تا گەڕانەوە بۆ سەر بەرهەمەکانی ئاسان بێت.

## شێوازی وەرگێڕانەکەم

ئەو شێوازەی من لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا پەیڕەویم کردووە، وەکو سەرچاوە پشتم بە دوو وەرگێڕان بەستووە کە لە هەموو وەرگێڕانەکانی دی ناسراوترن بە بەراورد لەگەڵ دەقە بنەڕەتییەکانیان. یەکێکیان وەرگێڕدراوێکی فەرەنسییە هی (چامبری)، ئەوی تریان وەرگێڕدراوێکی ئینگلیزییە هی (لیندری). لە سەرەتادا واتای هەر ڕستەیەکم بە سەرنجدان بە واتای ڕستەکانی پێشی و پاشی لەبەرچاو گرتووە، پاشان واتای ڕستەکەم بە وشە و دەربڕینی سادە بە زمانی فارسی نووسیوەتەوە، هەتا بۆشم کرابێت، خۆم بە زاراوەکان و شێوەی ڕستەسازی دەقە بنەڕەتییەکەوە بەستووەتەوە، بەڵام نەمهێشتووە ئەمە زیان بە ڕوون و ڕەوانی دەقە فارسییەکە بگەیەنێت، بە واتایەکی تر، پەیڕەوی ئەو سێ بنەمایەی خوارەوەم کردووە و هەرگیز لێیان بێ ئاگا نەبوومە:

أ- لەبەرچاوگرتنی مەبەستی دانەر (نووسەر)

ب- گەیاندنی مەبەستەکە بە دەربڕینێکی سادەی ڕەوان بەپێی توانایی کە بۆنی وەرگێڕان نەدات.

ج- پەیڕەوی کردنی شێواز و چۆنیەتی دەربڕینی دەقە سەرەکییەکە.

پاش ڕێکخستنی گەڵاڵەی یەکەم، وەرگێڕانەکە ڕستە بە ڕستە لەگەڵ وەرگێڕانەکانی تر بەراورد دەکەم کە بە شێنەیی وەدەستم هێناون، ئا بەم جۆرە وێڕای ئەو دوو وەرگێڕدراوەی کە لە سەرەوە ناوم هێنان، سوودم لە پێنج وەرگێڕدراوی تریش وەرگرتووە. سێ وەرگێڕدراوی ئینگلیزی کە هی (جۆیت و کرۆنفۆرد و لی)یە. دوو وەرگێڕدراوی فەرەنسیش کە هی (باستین و باکو)یە. ئەم بەراوردکارییەش سوودێکی زۆری لێ کەوتووەتەوە، چونکە سەرنجم داوە لە هەر ڕستەیەکدا کە هەندێ جار وەرگێڕدراوێک بە بەراورد لەگەڵ وەرگێڕدراوێکی تردا لە ڕووی دەربڕینی مەبەستی دانەر و شێوازی بەیانکردنی بابەتەکەوە، لە وانی تر باشترە، بۆیە گەڵاڵەی وەرگێڕانەکەی خۆم لەسەر ئەو بنەمایە چاک کردووەتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە خوێنەران دەبینن وەرگێڕانەکەی من وشە بە وشە نییە، واتە وشەیی نییە.

بە شێوەیەکی گشتی کتێبی (کۆمار) بەهیچ جۆرێک بۆ وەرگێڕانی وشەیی گونجاو نییە، چونکە پەیڕەوی کردنی شێوەی ڕستەسازی بە گوێرەی دەقی بنەڕەتی و گواستنەوەی خاسییەتەکانی زمانی کۆنی یۆنانی بۆ زمانێکی نوێی بە سوود، هیچ واتایەکی نابێت، زۆربەی وەرگێڕەکانیش ئاماژەیان بەم خاڵە داوە. منیش خۆم لە ڕێگەی بەسەرکردنەوەی وەرگێڕانە وشەییەکەی (لوئب) دەرکم بەوە کردووە، ڕەنگە مەبەستی ئەو وەرگێڕەش هەر بۆ سەلماندنی هەمان خاڵ بووبێت، چونکە لە غەیری ئەم حاڵەتەدا، بێجگە لە زەحمەتدانە بەر خۆ بۆ نووسینەوەی زنجیرە ڕستە و مەتەڵێکی نەشیاو بۆ هەڵهێنان، بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتووە.

گومانی تێدا نییە، ئەگەر وەرگێڕ خوازیاری گواستنەوەی مەبەستی دانەر بێت بۆ زمانی خوێنەر، ئەوە ناچارە لە خستنەڕووی بابەتەکەدا، تاڕادەیەک لە هەندێ شوێناندا لە دەقە بنەڕەتییەکە ئەولاتر بێت.

شێوازی گوتار لە دەقە یۆنانییەکەدا، ئەوەندە پوخت و چڕە کە وەرگێڕ ناچار دەبێت دەربڕینەکە کەمێک بەرفراوانتر بکات، یان بە پێچەوانەوە لە هەندێ شوێندا دەربڕینەکان زیاتر دووبارە و درێژدادڕن تا وەرگێڕانەکەی لیک و لووس بێت، بۆیە وەرگێڕ ناچارە خۆی لە بەکارهێنانی وشەگەلی زێدە بپارێزێت و ڕستەکان کورت بکاتەوە. گرفتێکی سەرەکی تر ئەوەیە زۆربەی وشە گرینگەکانی ناو دەقە یۆنانییەکە بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو وشانەی کە بەرانبەریانن، یان لەوان دەچن، لەنێو زمانانی ئەمڕۆدا، تاڕادەیەک واتای ناواخنیان گۆڕاوە، واتە چەمکەکەیان، یان بەرفراوانتر، یان بەرتەسکتر بووەتەوە، یان بەگشتی وەکو خۆی ماوەتەوە، بۆ نموونە لەم وەرگێڕانەدا بەردەوام لە بەرانبەر وشەی (موزیک) کە لە بنەڕەتەوە لە هەندێک لە وەرگێڕانەکاندا بەکارهێنراوە، ئەگەر نا وشەی (ڕۆشنبیر)، یان (پەروەردەی گیانی و ڕوحی) بەکارهاتووە، چونکە موزیک لە بنەڕەتدا بریتی بووە لە کۆکراوەی هونەرە جوانەکان کە بەلای یۆنانییەکانەوە نۆ خواوەندەکان، پارێزگارییان لێ کردووە و ئاگایان لێی بووە. موزیکیش، یان مۆسیقا، بەشێکە لەو هونەرانە.

وەرگێڕکارێکی ئینگلیزی، ئەم گرفتانەی ناو دەقەکەی بە دەربڕینێکی لێوەشاوەی دڵگیرانە خستووەتە ڕوو، نموونەیەکیشی بەم ناوەڕۆکەوە هێناوەتەوە کە ئەفلاتوون لە شوێنێکدا گوتوویەتی لۆگۆس (فەلسەفە، حیکمەت، زانینی حەقیقەتە بەراییەکان) بە کۆمەکی موزیک (مۆسیقا، ڕۆشنبیری، پەروەردەی گیانی) باشترین دابینکاری هونەر (داوێنپاکی، بێگەردی، کەمالاتی مرۆیی)یە.

ئێستا ئەگەر وەرگێڕ ئەم ڕستەیە بەم شێوازە وەربگێڕێت کە «فەلسەفە بە کۆمەکی مۆسیقا، باشترین دابینکاری داوێن پاکییە» هەڵبەتە ئەمە وەرگێڕانێکی دروست و تەواوە، ڕەنگە خوێنەر مەبەستەکەی ئەفلاتوون بەم جۆرە دەرببڕێت کە ئەگەر ئادەمیزاد بیەوێت لە هاموشۆ لەگەڵ ژنانی بەدکار دووربکەوێتەوە، پێویستە کاتی خۆی بە خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفی و ڤییەلۆن ژەنین بەسەر ببات! ڕەنگە دەربڕینێکی لەم جۆرەش واتای خۆی هەبێت، بەڵام مەبەستی سەرەکی ئەفلاتوون ئەمە نەبووە، هەروەها گرفتێکی تر ئەوەیە کە ئەو زاراوە و درکە تایبەتییانەی بۆ سوێند خواردن لە دەقی بنەڕەتدا بەکارهاتوون، وەرگێڕانیان بۆ زمانی فارسی نەشاز و نەشیاوە، بۆ نموونە لە هەندێک لە وەرگێڕدراوە ئینگلیزی و فەرەنسییەکاندا، بۆ سوێند خواردن نووسیویانە (سوێند بەسەگ). دیارە ئەم جۆرە سوێندە لە زمانی یۆنانی کەونارادا باو بووە، بۆیە بە هەمان دەربڕین وەرگێڕدراوە، بەڵام من هێنانی ئەم جۆرە دەربڕینانەم بۆ ناو زمانی فارسی بە ڕەوان نەزانیوە، لە بەرانبەر ئەم جۆرە دەستەواژانەدا، دەربڕینێکی ترم بەکارهێناوە کە لە ڕووی چەمک و تێگەیاندنەوە لەگەڵ زمانی فارسی هاوسەنگ بێتەوە.

لایەنێکی تری جێی سەرنج ئەوەیە کە زۆر لەو ڕستانەی لەنێو دەقی سەرەکیدا هەیە، لە ڕووی بەرێوەچوونی گفتوگۆدا، زێدەیە؛ بە تایبەتی ئەو ڕستانەی کە لایەنێکی گفتوگۆیەکە تەنیا بۆ وەڕاست گەڕانی قسەی لایەنەکەی تر بەکاری دەهێنێت.

هەندێک لە وەرگێڕکارەکان، بەشێکی زۆری ئەم ڕستانەیان لە وەرگێڕانەکانی خۆیاندا وەلا ناوە، بەمەبەش تاڕادەیەک کتێبەکەیان کورت کردووەتەوە، بەڵام من ئەم ڕەفتارەم لە بنەڕەتەوە پێ گونجاو نییە، بۆیە من لەم وەرگێڕانەمدا تەواوی ڕستەکانی بنەڕەتیم بەبێ هیچ بواردنێک وەکو خۆی هێناوەتەوە.

ڕەفتارێکی تر کە هەندێک لە وەرگێڕکاران بە گونجاویان زانیوە، ئەوەیە کە هەندێک لەو ڕستانەیان وەلاناوە کە دەرک کردنی واتایان زۆر زەحمەتە، بەو بیانووەی کە لەناو بابەتەکەدا ئەو کاریگەرییەیان نییە! نموونەی بەرچاوی ئەم جۆرە ڕستانەش لە بەشێکی لاپەڕەی (٥٤٦)ی کتێبەکەدایە کە بەڕاستی هەموو وەرگێڕکارانی دووچاری زەحمەت کردووە و دیاریشە کە هیچ کەسیان پەیان بە واتای ڕاستەقینەی ڕستەکان نەبردووە.

لەم وەرگێڕانەشدا، ئەم جۆرە ڕستانە وەلا نەنراون، بەڵکو بە شێوازێک وەرگێڕدراون کە لەلایەکەوە لەگەڵ دەقە سەرەکییەکە هاوکوف بێت و لەلایەکی تریشەوە،

واتە گرفت و تەمومژاوی دەقە سەرەکییەکە هەروەکو خۆی چۆن بووە، ئاوا پارێزراوە.

## تێڕوانینێکی گشتی بۆ سەرتاپای کتێبەکە

زۆر لەو کەسانەی کە لە سەدەکانی رابردوودا، بەرهەمەکانی ئەفلاتوونیان کۆکردووەتەوە، یان وەرگێڕاوە، یان شرۆڤە کردووە، خۆیان لە رەخنەگرتن لە گوتار و بڕواییەکانی ئەو بەدوور گرتووە، لە دوو سەدەی ئەم دواییەدا، بە تایبەتی لە ئەنجامی پێشکەوتنە گەورە و بەرچاوەکانی بواری زانست و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی سیاسی، لێکۆڵەران ئەم بەربەستەیان شکاند و نووسینەکانی ئەفلاتوونیان دایە بەر رەخنەگرتن، لەوانە زیاتر ناوەرۆکی ئەم کتێبە کە بەشێک لەو رەخنەگرتنانە، ئەوەندە بایەخیان نییە، بەڵام هەندێکیان جێی سەرنجن، بۆ نموونە لە بارەی شێوازی حکومەت و دامەزراندن و بڕیارەکانی کۆمەڵایەتی ئەوەی کە ئەفلاتوون لەنێو ئەم کتێبەدا بە ئارمان گرتوویەتی و پێشنیاری دەکات، بەلای لێکۆڵەرانەوە، نەک کردەیی نییە، بەڵکو هەندێکیان بە ناشایستە و رەتکراوە زانیوە، هەروەکو خوێنەران دەبینن کۆڵەگە سەرەکیەکانی (شار)ـەکەی ئەفلاتوون بریتییە لە بەشداری کردنی دارایی و ژن و منداڵ، هەڵبژاردنی فەیلەسووفان بۆ جڵەوگرتنی حوکمڕانی و دابەشکردنی چالاکییەکانی کۆمەڵگە بۆ سێ بەش کە خاسییەتەکانیان بەڕای ئەفلاتوون لەگەڵ خاسییەتە سێ بەشییەکەی دەروونی ئادەمیزاددا تێکدەکەنەوە، رەخنەگرتن لە لایەنی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و دەروونناسی لەسەر ئەم بەشەی کتێبەکەدا بەرفراوانە.

پرۆفیسۆر (جۆیت)ی ئینگلیز، لەو پێشەکییەی کە بۆ وەرگێڕانەکەی خۆی نووسیوە، لە میانەی (٣٠) لاپەڕەدا باسی ئەو بابەتەی کردووە و یەک بەیەک لایەنە جۆراوجۆرەکانی بۆچوونی ئەفلاتوونی خستووەتە بەر رەخنە لێ گرتن.

سەبارەت بە بەشداری کردنی داراییش، ئەوە رەخنەیەکی ئەرستۆ دەگوازێتەوە کە دەڵێت: «ئەم بنەمایە لە چالاکی تاک و گیانی چاکەکاری دوورە»، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بڕوای وایە کە رەوتی بەرکەماڵ کردنی ئادەمیزاد، رەنگە رۆژێک لە رۆژان ئەم بنەمایە لەنێو کۆمەڵگەدا بخاتە واری شیاوی جێبەجێ کردنەوە.

لە بارەی بەشداری کردنی ژن و منداڵیشەوە و دوورخستنەوەیان لە بازنەی خێزانەوە بەپێی پێشنیاری ئەفلاتوون، بێجگە لەو شوێنەی کە پەیوەستە بە یەکسانی مافەکانی ژن و پیاو، ئەگەرنا بە پێچەوانەی شان و شەوکەتی ئادەمیزادی دەزانێت و دەڵێت: «ناتوانرێت بڕوا بکرێت کە ئەفلاتوون چۆن لە یەک ساتدا لەوپەڕی ترۆپکی بەرکەماڵی مرۆییەوە، بۆ نزمترین پلەی غەریزەی ئاژەڵی دابەزیوە!»، هەروەها تێڕوانینی ئەفلاتوون لە بواری حوکمڕانی فەیلەسووفانەوە بە کارێکی شیاو نازانێت، لەم رووەوەش، لایەنێکی رەخنەگرتنەکەی ئەوەیە کە جڵەوگرتنی حوکمڕانی لەلایەن فەیلەسووفانەوە، بەهۆی بوونی مەودایەکی فیکری لەنێوان ئەو و پەیڕەوکارانیدا، ناتوانێت هۆکاری ئامانجی کارەکانی خۆی روون بکاتەوە.

لە جیاتی ئەوەی دەستووری گۆڕانکارییە هێواشەکان رەچاو بکات، بەتالووکەیە بۆ بەدیهێنانی نیازە کەسییەکانی خۆی. مەبەستەکەش وا پیشان دەدات کە کاری یەک سەدە، بە یەک ساڵ تەواو بکات، ئەمەش پێچەوانەی یاسای سروشتە، هەروەها بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی خۆی، ئەوەندە بایەخ بە هەست و سۆزی مرۆڤایەتی نادات.

لە کۆتاییدا سەبارەت بە دابەشکاری چالاکییەکانی کۆمەڵگە، ئەم رەخنەگرتنە گشتییە دەخاتە روو کە ئەفلاتوون لە پێکچواندنی حکومەت بە تاک، زێدەڕۆیی کردووە لەوەی کە سیاسەتی لەگەڵ ئەخلاق تێکەڵاو کردووە، یان زانستی رێکخستنی کۆمەڵگەی لەگەڵ دەروونناسی تێکەڵاو کردووە، بەمەش بەو ئەنجامەی پێی گەیشتووە، تووشی هەڵە بووە.

نموونەی تری رەخنەگرتنەکەی لەناواخنی ئەو کتێبە، ئەو بابەتانەیە کە پەیوەستن بە هونەرە جوانەکان. ئەگەر ئەوەی ئەفلاتوون لەو کتێبەیدا لەبارەی چەشنەکانی جوانناسی، بە تایبەتی مۆسیقا و شیعر و شێوەکاری و...تاد گوتوویەتی، وەکو فەلسەفەی هونەرە جوانەکان وەریان بگرین، ئەوە ناچارین دان بە ناتەواوییەکانی ئەم فەلسەفەیەدا بنێین.

ئەفلاتوون باس لە دوو جۆرە هونەر دەکات: یەکێکیان ئەو هونەرەیە کە بابەتەکان تەنیا جوانکاری شێوەکان دەگرێتەوە، وەک هێڵەکانی وێنەکردن و نەخشونیگای

سەر قوماش و هێڵکاری و نەخشەسازییە جوانەکانی بیناسازی...تاد. ئەوی تریان پەیوەستە بە هونەرەکانی وەسفی، وەک ئەدەبیات و شێوەکاری و جۆرێک لە مۆسیقا کە مەبەستەکانیان خستنە ڕوو و بەرجەستەکردنی بینراو و هەست و سۆزە.

سەبارەت بە هونەرەکانی جۆری یەکەم، ئەفلاتوون هیچ دژایەتی و نارەزاییەک ناخاتە ڕوو، چونکە ئەوانە بە هۆکاری ئاشنایی گیانی لەگەڵ جیهانی خێر و جوانی ڕەها دەزانێت و لەو بڕوایەدایە کە دەروونی ئادەمیزاد بەهاوکاری ئەم بەشەی جوانکاری، پایەکانی هەڵکشان و پەرەگرتنی مەعنەوی دەبڕێت تا بگاتە پایەی موکاشەفە، کە ئەوکات پێویستی بەم هۆکارانە نامێنێت.

بەم چەشنە، ئەم هونەرانە لە ڕووی جوانکاری ڕەهایانەوە، هەروەها هونەرەکانی وەسفیش، ئەگەر مەسەلەکانی ئەخلاقیان تێدا بێت بۆ پەروەردە و فێرکردنی گەنجان، بە سوودبەخش دەزانێت، بەڵام با ئەمە بخەینە ئەولاوە، ئەفلاتوون هیچ بەهایەک بۆ هونەرە جوانەکان دانانێت، بەڵکو ئەمانە بە زیانبەخش دەزانێت و لە شارە بێگەردەکەی خۆی وەدەریان دەنێت و دەڵێت: کاری شێوەکاری و شیعر، خستنە ڕووی حەقیقەت نییە، بەڵکو پێکچواندن و لاسایی کردنەوەیە، ئەمەش نەک لاسایی کردنەوەی بنەچە (أصل)، بەڵکو لاساییکردنەوەی لاوەکی (فرع)، واتە هەستەوەرییەکانە.

ئەفلاتوون، هەستەوەرییەکان بە بنەچە نازانێت، بەڵکو بە تارمایی و لاسایی کردنەوەی حەقیقەتی دەزانێت کە شوێنەکەیان لە جیهانی ماقوولات دایە. بەم پێیە بە بۆچوونی ئەو، چونکە هەستەوەرییەکان بە خۆیان بەیەک پلە لە حەقیقەتەوە دوورن، شیعر و شێوەکاری لە ڕووی دوورییەوە لە حەقیقەتە جێگیرەکان، دەکەونە قۆناغی سێیەم.

ڕەخنەیەکی تری ئەوەیە کە ئەفلاتوون لە بارەی شیعر و شێوەکاری و مۆسیقاوە دەیخاتە ڕوو، گوایە ئەم هونەرانە هەست و سۆز دەوروژێنن و ئەو شتەی کە هەستی ئادەمیزاد، ئەگەرچی هەستی هاودەردیش بێت، بورووژێنێت، لە حەوسەڵەوە دوورە و دەروون سست و لاواز دەکات.

ئەفلاتوون نکوڵی لەوە ناکات کە هونەرە جوانەکان، چێژ بە ئادەمیزاد دەبەخشن، بەڵام ئەم چێژە بە مایەی سستی و داوەشانی دەروون و زیانبەخش بە مۆراڵ دەزانێت.

بەڵگە نەویستە کە هیچ یەکێک لەم بڕواییانە لەگەڵ فەلسەفەی ئەمڕۆی هونەرە جوانەکان یەک ناگرێتەوە، پلەوپایەی جوانکاریش لەوە باڵاترە کە تەنیا بەهۆکار و بەراییەکیان بزانین بۆ گەیشتن بە زانست، یان هەر شتێکی تر، چونکە ئەرکی هونەرە جوانەکان ئەوە نییە کە وانەی زانستی، یان ئەخلاقی بە ئادەمیزاد بدات.

ئەگەر بەرهەمە هونەرییەکان بە ڕاستی ڕەوامەندی (موستەحەقی) ئەم ناوونیشانە بن، ناتوانرێت بڵێین بەلاسایی کردنەوەیەکی تەنیا و ڕووت، ئەفلاتوون گوتەنی: بە دوو قۆناغ لە حەقیقەتەوە بەدووری بزانین، بەڵکو چەندین حەقیقەت هەن کە بە هۆکاری هونەرە جوانەکانەوە نەبێت، شیاوی درک کردن نین، چونکە هونەرە جوانەکان کار لە سۆزداری ئادەمیزاد دەکەن و هەستی هاودەردی دەوروژێنن، ئەمەش خەوشی ئەم هونەرە نییە، بەڵکو گەورەترین لایەنە چاکەکانیەتی.

لە کۆتاییدا هەرچەندە ڕاستە کە ئادەمیزاد چێژ لە بینینی بەرهەمە هونەرییەکان دەبینێت، بەڵام پێکچواندنی ئەم چێژە بە چێژەکانی تری دەروون، بۆ نموونە کەیف و حەزی گوێگرتن لە غەزەلێکی حافز لەگەڵ حەزی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، وەکو یەک دانان، لە عەقڵ و حیکمەتەوە دوورە.

هەرچۆنێک بێت، ئەگەرچی پاشان هەندێک لە فەیلەسووفان، بە تایبەتی تۆلستۆی لە بارەی هونەرە جوانەکانەوە، پەیڕەوی بیروبڕواکانی ئەفلاتوونیان کردووە، بەڵام ئەمڕۆکە لە گومان دەرچووە، کە باشی و خراپی هونەرە جوانەکان پارسەنگی وەدەست هێنانی زانست و پاکێتی (تهذیب) ئەخلاق نییە، بەڵکو ئەوەیە کە درکی جوانکاری و بەرجەستە کردنەکەی بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر، بەشێکە لە چۆڕاوە سەربەخۆیەکانی گیانی ئادەمیزاد کە هەلومەرج و بەهای تایبەتی خۆی هەیە. ئێستاش دوای چەندین سەدە لە ئەزموون و بیرکردنەوە، ئیدی ناتوانرێت هونەرە جوانەکان بە لق و ئامرازی زانست، یان ئەخلاق، یان کاروباری کۆمەڵایەتی بزانرێت، بەڵام ئەم جۆرە ڕەخنەگرتنانە، هیچ وەختێک لە بابەخی ئەم کتێبەیان کەم نەکردووەتەوە و لێشی کەم ناکەنەوە. شامبێری لە ڕستەی یەکەمی ئەو پێشەکییەی

بۆ وەرگێڕانەکەی خۆی نووسیوە، دەڵێت «ئەفلاتوون لە ڕێگەی سیاسەت و لەبەر سیاسەت هاتووەتە ناو فەلسەفە و هەر لەبەر سیاسەتیشی بووە کە بەردەوام پێوەندی خۆی لەگەڵ فەلسەفەدا پاراستووە، بەڵام چۆن بوو کە لەنێو جەرگەی گەندەڵی و دارماندا، ئەفلاتوون لەنێو سیاسەتێکدا کە بناغەی لەسەر دابونەریت، یان گرووپکاری، یان شەڕی چینایەتی دامەزراوە، سیاسەتێکی فەلسەفەیی و ژیان تێگەڕاوی (حیاتی) هێناوەتە ئاراوە کە نەک هەر تەنیا بیروباوەڕ و سۆزداری، بەڵکو سەرتاپای بوونی مرۆیی تێدایە؟ لەم قۆناغەدا باشتر لە قۆناغەکانی تر دەتوانین درک بە نهێنی ئەم بابەتە بکەین» دارمانی کۆمەڵگەی مرۆیی، هەمیشە کاردانەوەیەک دێنێتە ئاراوە، ئەمەش دەرکەوتنی کەسانێکی نوورانییە کە ڕێگەی ڕزگاری بەهاوجۆرانی خۆیان نیشان دەدەن. لە ڕاستیدا هەمان بلیمەتانی مێژووی مرۆیین کە لەوپەڕی تاریکیدا ئەو تروسکاییە و ڕۆشناییەی ئومێد و ڕزگاری دەبینن کە لای کەسانی تر شاراوە و نادیارە، هەروەها ئاراستەکانی ئەم ڕۆشناییە بۆ خەڵکانی تر دیاری دەکەن تا لە ڕێگەیەوە سەرنج بدەن و سەرەنجام ئەوانیش بیدۆزنەوە.

ئەفلاتوون لە نامەیەکی خۆیدا کە بە نامەی حەوتەم ناسراوە، بەم جۆرە دەدوێت: «هەرچەندی زیاتر شێوازی دەسەڵاتداران و چۆنیەتی یاساکان و ڕێورەسمەکانی ڕۆژگارم لەبەرچاو گرت و هەرچەندی پیرتر بووم، دیاریکردنی شێوازی حکومەتی چاکسازم (ریفۆرمخوازم) زەحمەتتر دۆزییەوە... یاسا و ئەخلاق بە خێراییەکی سەرسوڕهێن بەرەو گەندەڵی دەچوون! منیش کە هەمیشە حەز و ئارەزووم لە چوونە ناو سیاسەت بوو، لە بینینی ئەم جۆرە بارودۆخەدا شپرزە و سەرسام مابووم، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ لە بیرۆکەی چاک کردنی بارودۆخ و چاک کردنی یاساکانی بنەچەیی بێ ئاگا نەبووم، بەڵام وام بەباش زانی هیچ نەکەم، بەڵکو لە چاوەڕێی هەلێکی گونجاودا بم. لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە گەیشتم کە هەموو جۆرە حکومەتەکانی کە هەن، چاک نین و یاساکانیشیان بە ئاسانی چاک ناکرێت، پاشان بە زەبری ناچاری کەوتمە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنیا ئومێدێک هەبێت، جێگیرکردنی دادوەری لەنێو گرووپی کۆمەڵگە و دەروونی ئادەمیزاددا، لە ڕەواجدان بە فەلسەفەی ڕاستەقینە دایە، هەروەها جۆری ئادەمیزادیش هەرگیز لە ڕەنج و مەینەتی بەرەو کەناری ئاسوودەیی ناچن، مەگەر ئەوکاتە نەبێت کە فەیلەسووفانی ڕاستەقینە، جڵەوی بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی بگرنە دەست، یان پیاوانی سیاسی (دەسەڵاتداران) بە پەرجوویەک ببنە فەیلەسووف».

ئیتر ئەو ڕەخنانەی سەبارەت بە گەڵاڵەی حکومەتی ئەفلاتوون خراونەتە ڕوو، لە جێگەی خۆیاندا بێ سوود نین، بەڵام دوا ئامانجی ئەفلاتوون، واتە سەرنجدانە لە حکیمەت و پێداویستی ڕەوتی کامڵبوونی ئادەمیزاد و وازهێنان لە بەرژەوەندییەکانی تاک و هەوڵدان و خەباتکردنە لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگە، ئەمەش هێشتا جێی هیوا و متمانەیە و هەرواش دەمینێتەوە، هەر لەبارەی هونەرە جوانەکانیشەوە، ئەگەرچی نابێت ئەو ڕەخنانە لە بیر بکەین، کە بە کورتی ئاماژەمان پێدان، ئەفلاتوون، یەکەمین کەسە کە فەلسەفەی هونەرە جوانەکانی هێناوەتە ئاراوە و جوانیی ڕەهاش لە تێڕوانینی ئەودا کە یەکسانە بە خێری ڕەها، بە شەریفترین بابەتی زانستی لە قەڵەم داوە. دەکارێ بڵێین یەکێک لە بەڵگە شکۆدارەکان و مانەوەی بایەخی ئەم کتێبە سەرنجدانی ئەفلاتوونە بۆ ئامانجی سەرەکی کە لەنێو هەموو ناوەرۆکەکانیدا دەردەکەوێت: بە بڕوای ئەفلاتوون ئامانجی سەرەکی لە ڕووی ئەخلاقی تاکدا، دادوەرییە لە ڕووی هەڵسووڕانی کاروباری کۆمەڵگە و جڵەوگیری حوکمڕانییە لەلایەن فەیلەسووفانەوە. لە ڕووی مشتومالکردنی گیانیش، هاوگونجاندنی نێوان هەرسێ بەشەکانی دەروونە. لەڕووی شێوازی زانستییەوەش، یەکێتی جۆرەکانی مەعریفەیە. لە ڕووی بابەتی زانستییەوەش، خێری ئەبستراکت و ڕەهایە، لە ڕووی بەرهەستەوەش، وێکچوناندن و چاوبڕینە بۆ بالایی جێگیر و نموونەیی، لە ڕووی پەروەردە و فێرکردنەوە، ئامادەکردنی دەروونە بۆ بڕینی قۆناغەکانی هەڵکشان لەنێو جیهانی ئەودیو و...تاد لە هەموو شوێنەکاندا، ئەفلاتوون ڕووی مەبەستی لە (کەمال)ـە، تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانێت لە تواناییدا نییە لە ڕەفتار و کاروباری مرۆییدا بگەینە ئەم ئامانجە. زەین بدەنە ئەم دەربڕینە پڕ واتایەی کە لە کتێبی پێنجەمدا هاتووە: «ئەگەر شێوەکارێک، نموونەیەکی تەواو لە جوانی ئادەمیزاد بخەملێنێت و لە ڕیکخستنی ئەندامەکانیشیدا

ڕەچاوی ئەوپەڕی جــوانکاری بکات، بەڵام نەتوانێت بیسەلمێنیت کە کەسێکی لەم جۆرە لە بوونی دەرەکیدا هەیە، ئایا بەڕای تۆ، لە توانایی ئەو کـەم دەبێتــەوە؟ ئەگـەر بکرێت نەتوانین بیســەلمێنین کـە دامــەزراندنی شارێکی هاوسەنگ و یەکسان بەم نموونەیە هەبێت، ئایا هیچ لە بەهای قسەکەی ئێمە کەم دەبێتەوە؟»

بە ئایدیاکردن و هێنانە بەر دیدی ئامانجی سەرەکی و هەوڵدان لەم ڕێگەوە بۆ گەیشتن پێی، گەورەترین هۆکاری گەشەکردنی ئادەمیزاد بووە و دەبێت. لە سەرانسەری مێـژوودا، ژمـارەی ئەو کـەسـانە زۆر کـەمـە کـە وەک ئەفلاتوون لەم ڕێگەیەوە خزمەتیان بە جۆری مرۆڤایەتی گـەیاندووە. ئەو کــەســانەی باســیــان لە پلەوپایەی فـەلسـەفـیـیـانەی ئەفـلاتوون کـردووە، ئەویان بە باوکی فەلسەفەی ئایدیالیزم، یان ڕەسەنایەتی هێنانە بەر دید (ئایدیا) لە قەڵەم داوە، ئەگەر ئایدیالیزمیش بە واتای ڕەســەنایەتی ئامــانجی ســەرەکی (ئایدیال) وەربگرین. دیســان دەبێت ئەفـلاتوون بە باوکی فـەلســەفـە بزانین. بەسەرنجدان لەم ڕاستییە، دەتوانین قسـەکانی مورید و پەیڕەوانی ئەفـلاتـوون پشت ڕاست بکەینەوە کـە دەڵێن هەوێن و تۆوی هەموو حیکمەتەکان لە کۆتاییشدا هەموو گەشەکردنە ماددی و مـەعنەوییەکـانی ئادەمیـزاد بەر لە هەر فـەلسـەفـەیەکی تر، لەنێـو فـەلسـەفـەی ئەفـلاتووندا پەیدا دەبێت.

لە کۆتایی ئەم بەشەشدا، پێویستە چەند قسەیەکیش لە بارەی شێوازی ئەم کتێبەوە بکرێت. گیانی ئەم کتێبە، گـــیـــانی پەروەردەکـــردنی فـــیـکرە، هەروەک دیارە خسـتنەڕووی بیـرۆکـە ناسکەکـان لە هەر پلەوپایەیەکدا بێت، قاڵب و بۆتەیەکی تری دەوێت، بۆیە لەم کتێبەشدا شێـوازی جۆراوجۆر بەکارهاتووە. هەندێک جار لەگەڵ ناسکی شـاعــیــرانەدا ڕووبەڕووین، هەندێ جـاریش ڕووبەڕووی دەنگ و ئاوازی وانە گـوتنەوەی فـەلسـەفین، جاری واش هەیە ئەفسانەیەکی سەرسامکار بەجارێک بەرەو دنیــای خـەیاڵمــان دەبات و جــاری واش هەیە، دەربڕین و پەرەگـرافی وشک و پێچاوپێچ سەرنجمـان بۆ لای گـرفت و مـەتەڵی ماتماتیکیـانە ڕادەکـێشـێت. بە گوتەی پرۆفیسۆر جویت: «لە کتێبێکدا کە بابەتەکانی خەیالاتی فەلسەفی بێت، هەموو جۆرە سێبەر و ڕووناکی و هەمـوو جـۆرە ڕاسـتـەقـینە و مـەجـازێک، واتە پەردەی حەقـیـقـەت، مەجاز، بابەتەکان و شێوازی کتێبەکە لە هەموو شوێنەکاندا وەکو یەک نین، نووسەر لە گشتایەتی (کلیات)ی عەقڵـییەوە دێتە سەر ئەفسانە و خەیاڵ، لە بینراوەکـانەوە (مـشـهـودات) دێتـە سـەر مـیـتـافـۆرم و لێکچواندن. بەشی هەرە زۆری کتێبەکە، پەخشان نییە، بەڵکو شـیـعـرە، بەم پێـیـەش لەکـاتی ڕەخنەگـرتن لە ناوەرۆکی کتێبەکە، نابێت پشت بە دەستووری لۆژیکی و ئەگەر و شیمانەی مێژوویی ببەسترێت» بە دەربڕینێکی تر، ئەفــلاتوون بۆ بەدیهــێنان و هەڵهــێنانی مــەتەڵ و لوغـزەکـانی وجـوود، حـافـز گـوتەنی: (سـەرسـامـیـیـە و ئەفسانە) هەم سەرسامی و هەم ئەفسانە بەکارهاتووە.

هەرچۆنێک بێت، ئەفـــلاتوون هەمـــوو کلۆجــێکی بەکـارهێناوە تا وانەیەکی زۆر گـەورە بداتە کـۆمـەڵگەی مرۆیی. ئەم وانەیەش بە کورتی بریتییە لە سەرنجدان لە ئامانجی سەرەکی لە هەموو کاروبارەکاندا، گەڕان بەدوای حەقیقەت، وەلانانی دەمارگرژی...تاد بە داخەوە لە دوای بیـست و سێ سـەدە لە گـۆڕانکاری و ئەزمـوونی تاڵ، هێشتا ئادەمیزاد وەکو پێویست فێری ئەم وانە ژیانییە نەبووە!

## ژیاننامەی ئەفلاتوون

(ئاریسـتـۆکلیس) کـە پاشـان بە ئەفـلاتوون نـاسـرا، لە ســـاڵی (٤٢٧)، یان (٤٢٨) بەر لە زایین لە شــــاری ئاتین، یان ئاژین لە نزیک ئاتین لە دایک بـووە. نـاوی باوکی (ئاریستن)ـە و ناوی دایکی (پریکتـیـۆن)ـە کـە هەردووکیـان لە بنەمـاڵەیەکی بەناوبانـگ و دەسەڵاتداری یۆنـان بوون. خـوشکێک و دوو برای لەخـۆی گـەورەتری هەبوو کە ناویان (ئادئیمـانتۆس) و (گلاوکـۆن) بوو. لە کتێبی کۆماردا وەکو لایەنی گفتوگۆ لەگەڵ (سوکرات) دان.

ئەفلاتوون هێشتا منداڵ بوو کە باوکی مرد، دایکیشی شووی بە خاڵۆی خۆی کرد. بەپێی ڕێوڕەسمی پەروەردەی ئەو ســەردەمــە، لە تەمــەنی حـەوت ســاڵیــدا چووە بەر خوێندن. بەرنامەی وانەکانی خوێندن ئەوسا بریتی بوون لە خـوێندن و نووسین، مـاتماتیک، شـیـعـر، مـۆسـیـقـا، وەرزش و پەروەردەی جەستەیی.

ئەفلاتوون هەر لە منداڵییەوە زۆر عـاشقی شیعر بوو، وەکو زانراوە چەندین شیـعریشی نـووسیـوە، بەڵام کـاتێک

ئارەزووی کەوتە سەر فەلسەفە، هەمووی سووتاند، تەمەنی هەژدە ساڵ بوو کە کۆڕەکانی سۆفستایی سەرنجی ئەویان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا، وەکو دیارە بۆ ماوەی دوو ساڵ لەم کۆڕانەدا ئامادەبووە، سۆفستاییەکان، مامۆستای گەڕۆک بوون کە لەناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین ناوبانگیان پەیدا کردووە. لەو ڕۆژگارەدا کە بەرنامەی فێرکاری ئەدەبی لە قوتابخانەکانی یۆناندا، تایبەت بوو بە خوێندنی شیعرەکانی هۆمەر (هۆمیرۆس) و ئەوانی تر، ئەم چینە لە مامۆستایان وانەگوتنەوەی بابەتگەلی تریان وەئەستۆ گرتووە کە لە دەرەوەی بەرنامەی ناوبراو بووە، لە شارێکەوە دەچوونە شارێکی تر و لە بەرانبەر پارە و پاداشتدا، وانەی تایبەتی و گشتییان دەگوتەوە، لەم ڕۆژگاریدا هەر کەسێک کە دەیویست بەشداری لە کاروباری سیاسی شارەکانی یۆنان بکات کە جۆرە دیموکراتییەکی تایبەتی تێدا پەیڕەو دەکرا، پێویستی بە کارامەیی و شارەزایی هەبووە لە هونەری گوتارداندا تا لەم ڕێگەیەوە بتوانێت لەناو ئاپۆرەی گشتیی خەڵکیدا، بۆ بەدەست هێنانی ئەو بڕیارە سیاسی و دادوەرییانەی کە دەردەکرێن، بیروبڕوای خۆی بەسەر خەڵکانی تردا بسەپێنێت.

بەم پێیە ئەوکەسانەی حەزیان لە کاری سیاسییە، زۆر ئاواتەخوازی فێربوونی هونەری گوتاردان و گەنگەشە و گفتوگۆبوون، ئەلێرەوەیە کە وانەکانی سۆفستایی داواکار و ڕەواجێکی بەرفرەی پەیدا کرد، بە تایبەتی لەم ڕووەوە کە ئەم مامۆستایانە، وێڕای وانە گوتنەوەی هونەری پەیڤین و گوتاردان و شێوازەکانی ڕەوانبێژی (مەعانی و بەیان)، بوارەکانی فەلسەفەی سیاسەت و ئەخلاقیشیان تێهەڵکێشی باسەکانیان دەکرد بەبێ ئەوەی ئامانجیان لێکۆڵینەوەی فەلسەفی بێت.

هەڵبەتە خوێنەران دەزانن کە لەنێو زمانانی ئەمڕۆدا، وشەی سۆفستایی، هاوواتای زمانلووسی و هەڵەوێژی بە ڕواڵەت ڕاست، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مامۆستایانی سۆفستایی، سەروکاریان لەگەڵ دۆزینەوەی حەقیقەتدا نەبوو، بەڵکو قوتابییانی خۆیان بەو مەبەستە پەروەردە دەکرد تا بتوانن مەبەستە سیاسییەکانی خۆیان، بەدەر لەوەی کە باشە، یان خراپ، ڕاستە، یان هەڵەیە، لە ڕێگەی زمانلووسی و فێڵەوە بەرەو پێش ببەن. هەڵبەتە ئامانجێکی لەم جۆرەش، نەیدەتوانی قەناعەت بە کەسێکی وەکو ئەفلاتوون بهێنێت کە بە سەلیقە و ئارەزوو عاشقی حیکمەت و زانینی حەقیقەت و بەدەستهێنانی سیفەتە چاکەکانی (فضائل)ی مرۆڤایەتی بوو.

ئەفلاتوون لەلایەک هەستی بە بێزارییەکی توند دەکرد لە بەرانبەر شێواز و بابەتەکانی وانە گوتنەوەی سۆفستاییەکان، لەلایەکی دیکەشەوە دەیبینی کە شێواز و بنەمای حکومەتی وڵاتەکەی خۆی، سیمای حیکمەت و مرۆڤایەتی تێدا نییە.

ئەو شکۆداری و مەزنایەتییەی کە یۆنان لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگەکانی ئێران و یۆنان لەژێر دەسەڵاتی (پریکلس) دەستی پێکردبوو و وڵاتەکەی خستبووە، ڕیزی شارستانیترین نەتەوەکانی جیهان، بە مردنی ئەو دەسەڵاتدارە بەناوبانگە و سەرەتای جەنگەکانی ئاتین و ئیسپارتە، بەسەرچوو بوو، پشێوی و بێ سەروبەری هەموو شوێنێکی گرتبووەوە، لە هەموو لایەکەوە شوێنەواری دارمان و نەهامەتی و نائومێدی دیار بوو. هیچ تroوسکاییەک و کەلاوڕۆژنەیەکی ئومێد بەدی نەدەکرا، ئەوەندەی نەمابوو ئەفلاتوون لە سەرەتای لاوێتیدا تووشی خەمۆکی و نائومێدییەکی تەواو بێت و چاو لە هەموو شتەکان بپۆشێت، بەڵام لەو کاتەدا پێشهاتێک بە شێوەیەکی پەرجووانە بەهانایەوە هات و بەهرەیەکی گەورەی بە نسیب بوو بەوەی کە لەنێو ئەم دارمان و دەورووبەرە تاریکەدا، لە پڕ تrووسکاییەک درەوشایەوە و ئەفلاتوون درکی بە وتەکەی سوکرات کرد، ئەو پیاوە گەورەیەی کە لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، نموونەی وەک ئەو پیشان نادات کە لەنێو جەرگەی جەنگ وماڵوێرانی و تێکهەڵلاییدا، هێمنایەتی گیانی و ورەی خۆی لەدەست نادات. لەو هەموو شتە بێزار بوو کە خەڵکی هەمووی پێیەوە سەرقاڵ بوون، دڵی بەهیچ نەدەکرایەوە، بێجگە لە گەڕان و پشکنین بەدوای حەقیقەتدا نەبێت، بەشداری لە کاروباری وڵات نەدەکرد لە هەموو جۆرە چالاکییەک بە دوور بوو، هەروەها حەزی لە کۆڕی ئەو کەسانە بوو تا لەگەڵیاندا لە بارەی مەعنەوییات و حەقیقەتە سەرمەدییەکان وتووێژ بکات. بەهیچ شێوەیەک بانگەشەی حیکمەت و ئامۆژگاری کردنی نەدەکرد، هەرگیز شتێکی نەنووسی، خۆی بە نەزان

و ڕەشۆکی دەناساند، لەگەڵ کەسانی بەتوانست، بە تایبەتی گەنجان دەکەوتە قسان و پرسیاری لە بارەی تێگەیشتنە ئاساییەکانەوە لێ دەکردن، بۆ نموونە دەیپرسی: بەڕای ئێوە جوانی چییە؟ پرسیار لێکراویش لە وەڵامدا پێناسەیەکی گشتگیر و عەوام پەسندی بۆ جوانی دەکرد. ئەوکاتە سوکرات خەوشی پێناسەکەی دیاری دەکرد و کەسەکەش، پێناسەکەی ڕاست دەکردەوە، بەڵام دیسان سوکرات درێژەی بە ڕەخنەگرتنەکەی دەدا. تا لە کۆتاییدا هەڵەی ئەم بڕوا باوە دەسەلمێندرا. ئەوکاتە سوکرات بە چەندین پرسیاری تر فیکری کەسی بەرانبەری ڕادەکێشایە نێو ڕاستەڕێ و بەرەو حەقیقەت ڕێنمایی دەکرد تا لە ئەنجامی ئەم ڕێنمایی کردنەدا کەسەکە خۆی پەی بە حەقیقەتی مەسەلەکە ببات. ئەوکاتەی ئەفلاتوون ئاشنایەتی لەگەڵ سوکرات پەیدا کرد، سوکرات تەمەنی لە شەست ساڵ زیاتر بوو، هەروەها هەموو کاتەکانی خۆی بە گەنگەشە و گفتوگۆ لە بارەی مەسەلەکانی ئەخلاقییەوە بەڕێ دەکرد، بڕوای چەسپاوی ئەو ئەمە بوو کە خراپی و خراپەکاری جۆری ئادەمیزاد. لە نەزانینەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر ئادەمیزاد پەی بەڕاست و دروستی زانین ببات، ناکەوێتە دوای هەڵە و گوناح، تەنانەت ئەم کونچوکۆڵی و پێداگرییە سەیرەی کە ئەو بۆ لێکۆڵینەوە لە بیروبڕوای گەنجان هەیبوو.

لە ئەنجامی کاریگەری قسەکانی ئەو، ناتەواوی و هەڵەکانی بڕوای گشتی دەردەکەوتن و لەم ڕێگەیەوەش کۆڵەگەی بیروبڕوای باوی سەردەم وەلەرزین دەکەوت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پارێزکاران و دەمارگرژان، بەتایبەتی ئەو کەسانەی پێشکەوتنی بیروبڕوای گشتییان بە زیان گەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانی، ئەوەش بە گەندەڵکاری بیروبڕوا و خوانەناسی لە قەڵەم بدەن. لە کۆتاییدا هەر هەمان ئەوکەسانە، سوکراتیان بەرەو دادگایی کردن ڕاکێشا، تا فەرمانی مەرگیان بەسەردا سەپاند.

باشترین نموونەی فیکری سوکرات، ناوەرۆکی دوا وتەکانیەتی کە لەدوای بیستنی فەرمانی مەرگی خۆی، ڕووەو خەڵکی ئەسینا وتی: «ئەو تکایەی لە ئێوەم هەیە، ئەوەیە کاتێ منداڵەکانی من گەورە بوون، ئەگەر سەروەت و سامان، یان هەر شتێکی دیکەیان بە باشتر زانی لەوەدەست هێنانی چاکەکاری، ئەوە ئەشکەنجە و ئازاریان بدەن، هەروەک چۆن من ئەشکەنجە و ئازاری ئێوەم دا، ئێستا کاتی ڕۆیشتنە، من بەرەو مردن، ئێوەش بەرەو ژیان، بەڵام بۆ سوودی هەر یەکێک لە ئێمە، کامەیان باشترە؟ ئەمەیان بێجگە لەخودا کەس نازانێت..»

ئا بەم جۆرە، ئەفلاتوون تا مردنی سوکرات، واتە تەنیا هەشت ساڵ سوودی لە قسەکانی ئەو بینی و بە ڕادەیەک گۆڕا کە ئەو عیشقەی نەما کە بۆ شیعر و ئەدەبیات هەیبوو، هەروەها بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆی تووڕ هەڵدا و کەوتە سەر ئەو ڕایەی کە هەرگیز دەست لە بەدواداچوونی فەلسەفە، بە واتای واقیعی خۆی هەڵنەگرێت، واتە گەڕان بەدوای پەیبردن و درک کردنی حەقیقەت و تا کۆتاییش پەیڕەوکاری ئەو ڕێگەیە بێت کە سوکرات گرتبوویە بەر.

لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندین جار مەبەستی بوو بەشداری لە کاروباری وڵاتی خۆی بکات و خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی یۆنانی بگەیەنێت، بەڵام لە دوای مردنی سوکرات، بەم ئەنجامە گەیشت کە بەشداری کردن لە حکومەتێکدا کە شەریفترین کەسی وڵاتەکەی تەنیا لەبەر حەز کردن لەحەقیقەت، تاوانبار و بە مەرگ مەحکووم بکات، شایانی ئادەمیزاد نییە. بەم پێیە وەکو چەند هاوڕێیەکی تری سوکرات، ئەفلاتوونیش بۆ شاری (مەگار) کۆچی کرد و بڕیاری دا نامەگەلێک بە زنجیرە لە شێوەی گفتوگۆیەک لەنێوان سوکرات و کەسانی تردا بنووسێت کە تێیدا شێواز و بنەمای حیکمەتەکانی سوکرات بخاتە ڕوو، هەروەها گوناح و تاوانی گەورەی حکومەتی ئەو سەردەمە ئاشکرا بکات کە دەستی خۆی بە خوێنی سوکرات سوور کرد.

وەکو دیارە ئەفلاتوون لە ماوەی جێگربوونی لە شاری مەگار هامشۆی ئەقلیدس-ی کردووە و سوودی لە قسەکانی ئەو بینیوە. دوای سێ ساڵ (٣٩٦ بەر لە زایین) گەڕایەوە ئەسینا، بەڵام دیسان شاری ئەسینا لەنێو بارودۆخی جەنگدا بوو، چونکە ئەفلاتوونیش لە بارودۆخی وڵاتەکەی خۆی بێزار بوو، دیسان هەڵی بۆ ڕەخسا، جارێکی تر شارەکەی خۆی بەجێ هێشت و ڕووی لە میسر کرد. وەکو زانراوە لەم سەفەرەیدا، ئەفلاتوون لە سەرەتاوە لە شاری سیرن چووە بەر خوێندنی ماتماتیک، پاشان لە دەوروبەری (٣٩٠) بەر لە زایین)

له میسر چووه بەر خوێندنی ئەستێرەناسی، هەروەها بیروباوەڕەکانی ئایینی و شێوازی حوکمڕانی و دابونەریتی میسرییەکان، له دوای ئەمانە گەڕایەوە یۆنان و له شاری تارانت سەردانی (ئارخیتاس)ی فەیلەسووفی کرد و پەیڕەوی له زانیاری و ڕاسپاردە فەلسەفییەکانی پیتاگۆر (فیثاگۆرث)ی کرد که حکومەت لەو شارەدا لەسەر بنەمای حیکمەت و زانستی بەڕێوە دەچوو. ئەفلاتوون لەم بارەیەوە له کتێبەکەی خۆیدا له بەشی ژمارە (٦٠٠)دا ئاماژەی به شێوازی ژیانی پەیڕەوکارانی پیتاگۆر کردووە و کۆمەڵگەکەشیان به جیاکار و نموونەیی له قەڵەم دەدات.

وەکو دیارە ئەم بۆچوونە، هەروەها گەلاڵەی حکومەتی فەیلەسووفان که خاڵێکی سەرەکی فەلسەفەی سیاسەتی ئەفلاتوونە، پەیوەستە به بینینەکانی ئەم سەفەرە و وتووێژەکان لەگەڵ ئەرخیتاس.

هەرچۆنێک بێت، لەم کاتەدا ئەفلاتوون داوەتنامەیەکی له (دیونیزی یەکەم) جڵەوگری دەسەڵاتی ڕەهای (سیراکۆز) بەدەست گەیشت. (سیسیل) که حکومەتی دیموکراتی ئەو شارەی هەڵوەشاندەوە و خۆی ملهوڕانە حوکمی دەکرد. ئەفلاتوون داوەتنامەکەی وەرگرت و چووە ئەوێ و ماوەیەک له دەرباری دیونیز میوان بوو، بەڵام له شێواز و ڕەفتاری حوکمڕانی دیونیز بێزار بوو که به تەواوی پێچەوانەی شێوازی ئارخیتاس بوو، بێزار بوونەکەی خۆیشی به چەشنێک نیشان دا که دوای چەند ساتێک به فەرمانی دیونیز گیراو ڕادەستی کەشتییەوانێک کرا، ئەویش بردییە ئاژین و لەوێ بەدیلی فرۆشتی، بەڵام کەسێک پەیدابوو، ئەفلاتوونی کڕی و ئازادی کرد، بەمەش ئەفلاتوون له دەوروبەری ساڵی ٣٧٨ گەڕایەوە ئەسینا.

لەم کاتەدا ئەفلاتوون بیرۆکەی هاتنە ناو سیاسەتی به یەکجاری له مێشکی خۆی وەدەرنابوو، هیچ ئومێدێکیشی به چاکسازی سیاسەتوانانی ئەوکاتە نەبوو، بەڵام سوور بوو لەسەر ئەوەی که له ڕێگەی وانە گوتنەوەی حیکمەت، گەنجان بۆ ئایندە پەروەردە بکات و بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە ئامادەیان بکات.

ڕەنگە بیری هەر لەلای کۆمەڵگەی پیتاگۆری بووبێت که دەیویست کۆمەڵە خەڵکێکی ئاکارپاک و نموونەیی له دەوری خۆی کۆبکاتەوە و جۆرێک له (کۆمەڵەی ئەفلاتوونی) پێک بهێنێت که مەبەستیان پەیڕەوی کردن بێت له شێوازەکانی ژیانی حەکیمانە و سەرەنجام لەنێوانیاندا چەندان سیاسەتوانی نوێ دەرکەوت تا بتوانن لەناو خۆیاندا بەحیکمەت و دادپەروەری جڵەوی دەسەڵات و حوکمڕانی بگرنە دەست.

به هەرحاڵ ئەفلاتوون له دەوروبەری ساڵی (٣٨٦ بەر لەزایین)، قوتابخانەیەکی لەژێر پاراستنی (ئاپۆلۆن) خواوەندی جۆرەکانی هونەر و نۆ خواوەندەکانی هونەرە جوانەکان دامەزراند که مەبەست تێیدا وانە گوتنەوەی حیکمەت بێت به واتای ڕاستەقینەی خۆی، بۆ شوێنی قوتابخانەکەش، باغچەیەکی دیاری کرد له نزیک دەروازەی شار که خێرە موڵکی (وقف)ی یەکێک له پاڵەوانانی یۆنانی بوو بەناوی (ئاکادیموس)، هەر ئەمەش بوو که قوتابخانەکە بەناوی (ئاکادیمی) ناسرا، ئەگەر ئەو قوتابخانەیە لەبەر چاو نەگرین که بەر له چەند ساڵێک (ئیزۆکرات) بۆ قوتابییانی سۆفستاییەکانی دروست کردبوو، دەتوانین بڵێین ئاکادیمی ئەفلاتوون، یەکەمین زانکۆی ئەوروپا بوو. پاش ماوەیەک ئەم قوتابخانەیە گەشانەوەیەکی شایستەی بەخۆوە بینی که لە هەموو شوێنێکەوە، چ دوور، چ نزیک قوتابیان ڕوویان تێکرد، ئەگەرچی ژمارەی مامۆستایان له قوتابخانەکەدا زۆر بوون، بەڵام قوتابییەکان پتر سوودیان له کۆڕی وانە گوتنەوەکانی ئەفلاتوون دەبینی و لەو کۆڕانەدا بابەتەکانی پەیوەست به وانەی حیکمەتی سیاسی و ئەخلاقی، یان به دەربڕینێکی دی، ناوەڕۆکەکەی هەمان کتێب و شێوازی وانە گوتنەوەکە، هەمان شێوازی گفتوگۆ ئاساییەکەی سوکرات بوو. یەکێک له قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە، ئەرستۆ بوو که له تەمەنی حەڤدە ساڵیدا هاتبووە ئاکادیمی و تا مردنی ئەفلاتوون، واتە بیست ساڵ، سوودی لەوێ بینیوە.

ئەوکاتەی ئەفلاتوون ئاکادیمیای دامەزراند، تەمەنی چل ساڵ بوو، لەو مێژووەوە تا کۆتایی تەمەنی، واتە چل ساڵی دواتر، تەواوی ژیانی خۆی بۆ وانە گوتنەوە و کتێب دانان تەرخان کرد. کتێبەکەی ئەو بریتییە له (٢٧) نامە، که بابەتگەلی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت و هەمووی بەسەریەکەوە بەناوی وتووێژەکانی سوکرات ناسراوە، چونکە له هەموو نامەکاندا، لایەنێکی وتووێژەکە، سوکراتە و لایەنەکەی دی کەسانی

جۆراوجۆرن. سەرەتای مێژووی ئەو نامانە بە دروستی دیار نییە!، بەڵام وەکو دیارە تەنیا ژمارەیەکی کەمی نامەکان، بەر لە دامەزراندنی ئاکادیمیا نووسراون و بەشی هەرە زۆریشی هی ئەو مێژووەیە. بەگشتی و بە دڵنیاییەوە کتێبی کۆمار لە سەرەتای ساڵەکانی دامەزراندنی ئاکادیمیاوە دانراوە.

وێڕای ئەو نامانە، سێزدە نامەی تریش هەیە کە دەیدەنە پاڵ ئەفلاتوون، هەرچەندە ڕەسەنایەتی ئەم نامانە بە دروستی نەسەلمێندراون، بەڵام بەگشتی لە ڕیزی بەرهەمەکانی ئەفلاتوون حسێب دەکرێن، بە تایبەتی ئەو نامەیەی بە نامەی (حەوتەم) ناسراوە کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە ڕووداوە سیاسییەکانی سەردەمی گەنجێتی ئەفلاتوون و کێشمەکێشی دەروونی ئەو لە بەرانبەر پێشهاتەکاندا.

بە هەرحاڵ، نزیکەی بیست ساڵ پاش دامەزراندنی ئەکادیمیا، ئەفلاتوون بۆ دووەمین جار سەردانی شاری سیراکۆزی کرد و لە دەرباری دیونیزی دووەمدا بووە میوان کە نەوە و جێنشینی دیونیزی یەکەم بوو، بۆ ماوەی یەک ساڵ لەوێ مایەوە و پاشان گەڕایەوە ئەسینا، جارێکی تر بۆ سێیەمین جار، واتە دوای پێنج ساڵ، چووەوە هەمان شار، بەڵام لەبەر ئەوەی ناکۆکی لەسەر دەسەڵات لەنێوان دیونیز و یەکێک لە خزمەکانی بەناوی (دیون) هەبوو، ئەفلاتوون لایەنی (دیون)ی گرت، چونکە هەم هاوڕێی بوو، هەم پیاوێکی شەریف و بە ئەخلاق بوو، بەمەش دیونیز تووڕە بوو، ئەفلاتوونی دەستگیر کرد، پاشان بە واستە و ناوبژیوانی ئارخیتاس، ئازاد کراو دوای سەفەرێکی یەک ساڵەی بێ ئەنجام، گەڕایەوە ئەسینا و وەک جاران درێژەی بەکاری وانەگوتنەوە و کتێب دانان دا، تا لە ساڵی (٣٤٨، یان ٣٤٧ بەر لە زایین) لە تەمەنی (٨٠) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

**سەرنج:**

* خوێنەری بەڕێز ئەم نووسینەی بەردەستت، پێشەکییەکە وەرگێڕی فارسی (فوئاد ڕوحانی) بۆ کتێبی (کۆمار)ی ئەفلاتوونی نووسیوە بەناوی (پێشەکی وەرگێڕ). من خۆم ئەم ناوەی سەرەوەم بۆ وەرگێڕانەکەم هەڵبژاردووە.

* کتێبەکە لە (١٠) بەشی یەک بەدوای یەکدا هاتوو پێک هاتووە کە لەنێو کتێبەکەدا هەر بەسەر ناوی کتێبی یەکەم، کتێبی دووەم، کتێبی سێیەم...تاد دابەش کراوە. لەنێو پێشەکییەکەدا ئەم بەشانە وەکو پێڕست ئاماژەیان بۆ کراوە، بەڵام بە پێویستم نەزانی وەریان بگێڕم.

* لە هەندێ شوێندا ئاماژە بە لاپەڕە و چاپ و بەرگی ئەوەندە و ئەوەندەی ناوەڕۆکی کتێبەکە کراوە، هەروەها لە پەراوێزی لاپەڕەکانیشدا، زۆر لەو ناوانەی لە نووسینەکەدا هاتوون، بە ئینگلیزی، یان لاتینی نووسراون، من خۆم لە وەرگێڕانی، یان نووسینەوەی ئەمانەش بواردووە، چونکە پێم وایە ئەمانە لێرەدا سوودیان بۆ خوێنەری کورد نابێت.

**«وەرگێڕ»**

**سەرچاوە:**

**کتاب جمهور، تالیف افلاطون، ترجمه فؤاد روحانی، تهران، چاپ نهم، ۱۳۸۳، چاپخانه شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.**

# ڕەخنە و توێژینەوەی ئەدەبیاتی منداڵان

محەمەد میرهادی
لە فارسییەوە: شیلان گەیلانی
(سنە)

بناغـــەدانەری ئەدەبیـــاتی منداڵان لە ئێـــراندا، خوالێخۆشبوو "جەباری باخچەبان بوو. نازەنین بانوو و توران میرهادی-ش مامۆستایانی بیرۆکەوانی ئەدەبی منداڵانن.

لە ئەدەبی منداڵاندا تەنیا سۆز و بەهای خۆشەویستی مەرج نییە، بەڵکو ڕاڤەی عەقڵانی و لۆژیکی پێویستە. سەد ساڵ لەمەوبەر ڕەخنە بوو بە بەشێکی سەربەخۆ لە ئەدەبیاتدا و بووە خاوەن یاسا و ڕێسایەک، بۆیە ناکرێ بە خواستێکی کلێشەیی ڕەخنە لە بابەتێک بگرین.

لە ژیانی مرۆڤدا هیچ دیاردەیەکی سەرەکی نییە کە بێ لێکۆڵینەوە و وتوویژ گـــەشـــە بکات، تەنیـــا بە هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری خاڵە چاک و گرنگەکان و خـاڵە لاوازەکـان نەبێت. دەشێ ڕەخنە وەک دیاردەیەک ببێتە هۆی چالاکی و بزۆزی بابەتی ئەدەبی.

لە بواری ئەدەبی و وێژەوانیـــدا ســـەرەتا ســـەرنج و بایەخەکان زەوقی و دڵخوازن هەتا دەگەنە ئیستێتیکا و کەش سازی و...تاد گۆڕانکاری لە بواری ڕەخنەدا بووە هۆی زیاترناسینی هونەر و ئەدەبیات.

**ڕەخنە چییە؟**

ڕەخنە بە واتای ناسین و توێژینەوە و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بابەتێکی ئەدەبییە، بەڵام ئەگەر کەسێک شـارەزای ئەدەبی منداڵان نەبێت، وەلێ شـێـوەی ڕەخنە بزانێت، ناتوانێ ڕەخنەگرێکی باش بێت. دوو چەمک لە ئەدەبیاتی منداڵاندا دەبێ بە وردی سەرنجی لێ بدرێت.

١- چەمکی ئاشکرا (عینی) بەرهەست.

٢- چەمکی زەینی.

لە چەمکی دەرهەســـتـــدا (دەرهەست) خـوێنەر، یان

ڕەخنەگر بە بیر و هزری خۆی بەراوردی دەکات. وەک چاکە، خراپە، جوان، ناشیرین، خەم و شادی کە هەمووی گرێدراوی چەمکی ئاشکران. نرخاندنی هەر بابەتێک یەک جۆر نییە، بە گوێرەی دەقەکان چەمکەکان شاراوەن و لە ناوەرۆکی دیاردە مادی و واتاییەکاندان.

مرۆڤ هەرچەند لە بواری ماددی و واتاییەوە گەشە بکات، بەها و نرخاندنیشی لە کاکڵەی خۆماکی (غریزە) دوور دەکەوێتەوە. لە بایەخی عەقڵانی و لۆژیک نزیک دەبێتەوە. لە سەدەی بیستەمەوە هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری پەرەی سەند. جاری وایە ڕەخنە لەسەر بناغەی سۆز و ڕەحمی دەروونییە، بەڵام زانایان و مامۆستایانی زانست هەوڵیان داوە لە ڕەخنەدا لایەنی سۆز و بەزەیی بەردەن و لایەنی عەقڵ و زانست بخەنە گەڕ، بایەخی جوانناسیش گرێدراوی بواری سۆز بەزەییە.

لە بایەخدان بە ئاسەواری هونەری تیشک دەخرێتە سەر دوو خاڵ:

١- بایەخی سۆزداری کە جوانناسی و ئیستێتیکایش لەم بابەتەن.

٢- بایەخی عەقڵانی و لۆژیک کە کەشسازیش دەچێتە خانەی عەقڵەوە و شیاوی لێکدانەوەیە، بەڵام لایەنی سۆزداری بێ بنەما و بێ یاسایە.

یەکێک لە مەرجە گرنگەکانی ئەدەبی منداڵان کاردانەوەی منداڵانە بەرانبەر بە بابەتەکەیان، کەچی لە ئەدەبی گەورەساڵدا وا نییە.

چەند جۆر ڕەخنەمان هەیە:

١- ڕەخنەی شەخسی و دڵخواز(سەلیقەیی).

٢- ڕەخنەی ڕووبەڕوو (حوزووری).

ڕەخنەی ڕواڵەتی (سووری) ئەم ڕەخنەیە ڕاڤەیەکی بێ بناغە و ورووژاندنێکی تاکەکەسی و بێ ناوەڕۆکە، بەڵام ڕاڤەی ڕووبەڕوویی باشترین شێوەی مامەڵەکردنە بۆ بابەتێکی ئەدەبی.

تایبەتمەندی ڕەخنە چوار جۆرە:

١- زمانەکەی ڕوون و پاراو بێت.

٢- لە چوارچێوەی ئاکار و ڕەوشت دەرنەچێت.

٣- لە باتی ڕەخنە لە بەرهەم، ڕەخنە لە نووسەرەکەی نەگیرێت.

٤- ئەگەر ڕەخنەگر وا بزانێت هەڵسەنگاندنەکەی ڕاست و نەگۆڕ و تەواوکەرە، دیارە سەری لە ڕەخنەی ژیرانە و لۆژیک دەرناچێت.

٥- لەگەڵ گۆڕانکاری و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەدا شیاو بێت و بۆ پێشکەوتن و نوێ کردنەوە بێت و لەگەڵ ئەدەبی منداڵاندا بگونجێت و ڕەخنەگر لەم ئەدەبە دانەبڕێت.

ڕەخنەگر لەم ئەدەبەدا دەبێ وردبین بێت. ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە ئەدەبی کۆنباو لەم ساڵانەدا ڕۆڵێکی زیاتری هەبووە. چەند جۆر ڕەخنەی دیکەیشمان هەیە:

١- ڕەخنەی ئایدیۆلۆژیک.

٢- ڕەخنەی ڕاڤەکارانە.

٣- ڕەخنەی کۆمەڵناسییانە.

٤- ڕەخنەی بەراوردکاری (تەتبیقی) کە دەقێک لەگەڵ بابەتێکی تردا بەراورد دەکرێت.

٥- ڕەخنەی پێکهاتەخوازانە نوێباوخوازی (پۆست مۆدێرن) جەختی لەسەر دووتوێی یاساو ڕێسای مرۆڤە، بەڵام نوێباوخوازی(مۆدێرن) هەر یاساو و ڕێسایەک ببێتە هۆی داخراوەیی فیکری مرۆڤ دەیشکێنێ، بۆیە لە سەدەی بیستەمەوە ڕەخنە بە شێوازی پێکهاتەشکێنی و لادانی واتا کاری لەسەر دەکرێت. وەک ڕەخنەی گالسون و ژیلبێر کە ڕەخنەی نوێ و هاوچەرخە.

چەمکی جوانی و ئیستێتیکا لە ئەدەبی منداڵاندا پارچەیەک مۆزیک، یان ڕازێکی کۆن، جوانییەکی شاراوەی تێدایە. کاریگەرترین حاڵەتیش لە مۆسیقادا داهێنانی دەنگێکی دڵنەوازە.

دیارترین و بەرچاوترین شێوەکاری، وێنەیەکی جوانە.

جوانترین ئەدەبیات، وێژەیەکی ڕازاوەیە.

جوانترین هەست، لە کاکڵەی بیرێکی جوانەوە دێتە دەر و هەر کەسێک بە شێوەیەک پێناسەی دەکات.

جوانی سروشت، وا بە خۆیەوە خۆکرد و خواکردە.

جوانییە هونەرییەکان، مرۆڤ چوارچێوەو یاسا و ڕێسای بۆ دادەنێ، مرۆڤی برسی یان زۆر تینوو ناتوانێ جوانییەکانی دەوروپشتی خۆی ببینێت.

### جوانی و جوانناسی لە ئەدەبی منداڵاندا

جوانی ئەم ئەدەبە پێویستی بە هونەرێکی تایبەتە، تا ببێتە هۆی گەشەی فیکری و زەینی منداڵان، بەڵام جوانی لە ئەدەبی گەورەساڵدا دەکرێ لە بەستێنێکی ڕەشبینی و فەلسەفی و شڵەژاویشدا جوان بێت، بەڵام دەبێ دنیای منداڵان پڕ لە ئاشتی و ئارامی و شادی بێت. هونەری

شاعیر و نووسەریش لەوەدایە کە خەیاڵی ئەوان داهێنان و وزەی لەگەڵدایە و بە وشەی سارد و بێ گیان، ڕستەی گەرم و جوان و ناسک دەڕازێننەوە، بە جۆرێک کار بکاتە سەر ڕوح و گیان.

### زمانی ئەدەبیات

دەبێ زمانێکی ڕازاوە، لەگەڵ نادیاری و لێڵی و توانج پۆشی تێدا بێ و سۆز و بەزەیی تەکان بدات و خەیاڵ و فانتازیای تێدا بێت، ئەگەر ئەم تایبەتمەندییانەی نەبێت، زمانەکەی ئەدەبی نییە. زمانی ئەدەبی بەم چەند خاڵەوە ئەدەبییە.

١- زمانەکەی ئەدەبی بێت.
٢- خەیاڵی تێدا بێت.
٣- وێنەی ئەدەبی تێدا بێت.
٤- بیر و هونەر و داهێنانی هەبێت.

هونەرمەند بۆ داهێنان لە زەینی خۆیدا بیرۆکەکانی ڕەسم دەکات و بەرهەمێکی نوێ پێکدێنێ. جیاوازی نێوان هونەرمەند و شاعیر لەگەڵ کەسانی ئاسایی لەوەدایە کە خەیاڵی هونەرمەند داهێنان و وزەی لەگەڵە، بەڵام لە کەسانی ئاساییدا وا نییە. وەک هاژەی ڕووبارێک، شاعیر جۆرێکی تر دەیبینێ، بەڵام کەسی ئاسایی هەر ڕواڵەتی شتەکان دەبینێ. پێکهاتەگەلی هونەری، ئەم پێکهاتەیە کاردانەوەی یاسا و ڕێسای سروشتە.

### ڕێگەی ناسینی چیرۆک

دێکارت لە ئاوەزخوازیدا دەڵێت: مەرج نییە ئێمە تەنیا هۆگری ڕاستی و حەقیقەت بین، دەبێ شێوازێکی عەقڵانی بۆ زانینی ڕاستی بدۆزینەوە. (هەموو شتێکی خڕ گوێز نییە)

هەروا کە بۆ ناسینی گیاندارێک ڕاستییەکەی دەشکێنین هەتا بگەینە خانەکانی لەشی، هەر چیرۆکێکیش پێکهاتەیەکی لە چەند پاژە و دیاردە هەیە وەک: زمان، کەسایەتی، کردەوە و نیشانە، توێکڵ، یان ڕووکار، کاکڵە، ناوەڕۆک، وتوویژ و پێناسە، تەعلیق (خوێنەر دەخاتە ناو بیر و خەیاڵ و ڕێگەی چارەسەر بۆ پاڵەوانی چیرۆکەکە دەدۆزێتەوە).

زمان پێکهاتەی سەرەکی چیرۆکە و هەر پێکهاتەیەکیش خولگەیەکی هەیە، کە لە سەرەتاوە دەست پێدەکات و هەتا خاڵی کۆتایی بەردەوامە. جار وایە خولگەی پێکهاتەکە، هێڵی سەرەکی چیرۆکەکەیە.

فردینان دی سۆسیر بۆ ئەوەی بسەلمێنێ زمان تەنیا وشە و دەنگ نییە، هەوڵی زۆری داو گوتی: زمان کەناڵ و تۆڕێکە لە پێوەندییەکان کە پێکەوە سستمێکی ڕێک و ڕازاوە پێکدێنن.

### پێناسەی نیشانە و کردار

لە پێکهاتەی دەقێکدا ئەو کەسەی کە بگێڕە و نیشانەیەک لە چیرۆکەکەمان دەداتێ، خۆی ڕەگەز و هێمانێکە لەو چیرۆکە وەک: حاجی فاتمە دراوسێی ئێمەیە و خەریکی شیردۆشینە. حاجی فاتمە لێرەدا نیشانەیە و شیردۆشینەکەیش کار و کردارە. بەشێکی تر لە هێمانی پێکهاتە کەسایەتییەکانن، ئینجا سەرباس (مەوزوع) و ناوەڕۆک، کە ئەمانەیش لە ناو کار و کرداردا پێناسە دەکرێن.

### نیشانە چییە؟

نیشانە ئێمە لە بارودۆخی چیرۆک ئاگادار دەکات، بەڵام کار و بارەکە دەگۆڕێ. چرای سووری سەر چوارڕێیان، نیشانەی وەستانە. دووکەڵ نیشانەی ئاگرە. نیشانەکان پێکهاتەی بنەڕەتی ئەدەبیاتن. نیشانەیش سێ جۆرە: ١-نیشانە لە کەش و بۆشایی ئاسمان، ٢-نیشانە لە کەسایەتییەک، ٣-نیشانەی زمانی وەک: ئێوارەوەخت بوو.

توێکڵ، یان سەرخانی چیرۆک: واتاکەی لەگەڵ خۆیەتی.

کاکڵە، یان ژێرخانی چیرۆک.

واتای شاراوەی چیرۆکە و هەر تازەلاوان هەستی پێ دەکەن. مندالانی خوار دە ساڵ نایزانن. لە هەر پێکهاتەیەکدا ڕواڵەت و ناوەڕۆک هاوسەنگییەکی دەروونییان هەیە. جاران قسەکردن بە زمانی کەسایەتییەکان باو نەبوو، بەڵام ئێستا وا نییە، کەسایەتییەکان بە زمانی خۆیان دەپەیڤن. نووسەر تەنانەت ئەگەر گیانەوەرێکی خۆش بوێ، دەکرێ چەند جار ناوی بێنێ. کاتێ نووسەر بنەمایەکی جوانی نووسیبێ، پێویست ناکات لە کۆتاییدا دروشمی بۆ

بنووسێت. پەیامیش دەچێتە قاڵبی جوانناسییەوە.

**بنەمای چیرۆک لەسەر ئەم یاسایە دارێژراوە:**

١- بنەمای تەڵبـژێری - بنەمای پەیام - سەرەتا و کۆتایی - بنەمای پێوەندی لە ناو دەقدا - بنەمای بە شوێن یەکدا چوون - بنەمای نێوان هۆ و بەرهۆ - بنەمای کات و زەمەن - بنەمای شوێن و جێگە - بنەمای دووبارەکردنەوە و تێکرایی - بنەمای ڕیتم و ئاهەنگ - بنەمای گۆڕین - بنەمای ڕاستی و بڕوا - بنەمای هاودەنگی لەگەڵ ناکۆکی و دژایەتی - بنەمای پێکهاتە لە نەرێنییەوە بۆ ئەرێنی - بنەمای سەرکەوتن و ڕوونکردنەوە - بنەمای جێبەجێکردن - بنەمای کۆمەڵایەتی -بنەمای دانانی سروشتی - بنەمای ڕواڵەت شکێنی.

بنەمای (دووبارەکردنەوە و تێکرایی) کارێک کە کەسایەتییەکان چەندین جار دووپاتی دەکەنەوە.

بنەمای ڕیتم: لە گێڕانەوەی چیرۆکێکی گوندیدا کە ڕەوتێکی ساکار و هێمنی هەیە. پێویستمان بە ڕیتم و لێدانی خێرا نییە، بەڵام لە چیرۆکێکدا کە پێوەندی بە پیشەسازییەوەیە، دەبێت ڕەوتێکی خێرای بێت.

گەڵاڵە و پلان لە چیرۆکدا: پێناسەی سەرەکی و کلیلی چیرۆک لە هێمانی چیرۆکدایە، وەک: کەسایەتییەکان، سەرباس، کار و کردەوەکان.

تەعلیق: هەڵپەساردن، یان چاوەڕێکردنی خوێنەر لە دەقێکی ئەدەبیدا کە کار بکاتە سەر خوێنەر پرسیاری لە لا دروست بکات، ئەو بابەتە جوانە و تەعلیقی تێدایە.

نووسەر پلانێک دادەڕێژێ و کێشەیەک دەستەبەر دەکات، بەڵام لە تەشقی چیرۆکەکەدا چارەسەری کێشەکە دەخاتە ئەستۆی خوێنەر و شک و گومان وێنا دەکات.

**ئەو بابەتانەی لە چیرۆکی منداڵاندا گرنگن**

ناساندنی کایە و یارییەکان - پیاهەڵدان - خولیا و خەیاڵپەروەری - تازەگەری و چاکنووسین.

**هەڵبژاردنی هێمان و پلان دانان**
**لە چیرۆکی منداڵاندا**

بۆ پلان دانان لە چیرۆکی منداڵاندا هێمانی سەرەکی گرنگە. جیراڵد پرینسی بگێرناس دەڵێت: لە چیرۆکدا سێ جۆر پێکهاتەمان هەیە. ئێپیزۆد، یان پەردەی یەکەم، پەردەی سادە کە هێمانەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. - پلانی بە سەرە کە سکانس، یان پەردەکان بە سەرە دێنێتە کایەوە - پێکهاتەی لە ناو یەک، واتە ئێپیزۆدێک لە ناو ئێپیزۆدێکی دیکەدا. پێکهاتەی دیکە پلێکانییە، کە کردەوەی کەسایەتییەکان هاوشێوەن، وەک کایەی سێ برای سیانە پلانی پێچ و قەمچدار (مارپێچی)، کردەوەکان لەم جۆرە چیرۆکەدا بازنەییە و هەمدیسان بۆ سەرەتای چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە. وەک: ئەم کابرایە دەست لە هەر شتێک بدات، دەبێتە خۆڵەمێش، بەڵام پاڵەوانی چیرۆکەکە ئەم دوابینییە (پێشگۆیی) بە پێچەوانەوە دەسەلمێنێ، کەچی لە کۆتایی چیرۆکەکەدا پێشگۆییەکە وەک خۆی دێتە ئاراوە. یان لە چیرۆکێکدا کە باوکێک بێ ئەوەی بزانێ عاشقی ژنێک دەبێ، دواجار دەردەکەوێ کچەکەی خۆیەتی. چیرۆکە پۆلیسی و ڕازەکۆنباوەکان پێکهاتەیەکی پلیکانییان هەیە، بەڵام چیرۆکە حەماسییەکان پێچاوپێچن.

لە ئەدەبیاتی منداڵانی خوار چواردە ساڵ، وێنە بێ قسەکان دەبنە هۆی جووڵە لە زەینی منداڵاندا، چونکە خۆیان ناتوانن بیر بکەنەوە.

کردەوەکان چەند جۆرن: ١-کردەوە بە ئەمر و فەرماندان، وەک: دارتەقێنە ئەو دارە کون مەکە. یان لە کردەوەی خەبەر و هەواڵدا کوندە بەبۆیەک دەڵێت: من لێرە ناچم. ٢-کردەوەی شەڕ و ئاژاوە ٣-کردەوەی تکا و لاڵە - پێداگری لەسەر کارێک.

**ناسینی کەسایەتی**

ئەدەبیاتی چیرۆک بە بێ کەسایەتی، بێ چەمک و بێ مانایە و لە ئەدەبی منداڵاندا دەبێتە شەش لقەوە: ١-کەسایەتی ئینسانی، ٢-کەسایەتی جانەوەری، ٣-کەسایەتی گیایی، ٤- کەسایەتی سروشتی و بێ گیان، ٥-کەسایەتی دەستکرد وەک: بووکەڵە و پەیکەرەکان، ٦- کەسایەتی زەینی وەک: نۆکێ، شۆکێ، ئەحەشرپۆش.

**ڕەوشت و**
**کردەوەی کەسایەتییەکان**

ماسی لە ئاودا دەژی و دەست و پێی نییە، پەوکێ

نووسەر نابێ بەبێ هۆ لە ئاو دەری بێنێ و بیخاتە سەر درەختێک. کەسایەتییەکانیش دەبێ جۆراوجۆر بن، هەتا تازەگەری و ناسینی جانەوەر و گژوگیا و دیاردەگەلی سروشتی و خەیاڵ بێتە ناو چیرۆکەکەوە و مێشکی منداڵ بخاتە جموجووڵەوە.

کەسایەتی گیایی و سروشتی: لەبەر نەبوونی جووڵە کەسایەتییەکەی کەمە و نووسەر بە کەمی دەستی بۆ دەبات وەک: گوڵ و پەپوولە پاییزە و دار و باخچە.

کەسایەتییە بێ گیانەکان وەک: با و هەور و ئاو، باران، خاک، بەرد، هەتاو و مانگ کە زیاتر لە ڕازە کۆنەکاندا باو بووە.

کەسایەتییە دەستکردەکان وەک: ئۆتۆمبێل، کورسی، بووکەڵە و پەیکەرەکان.

کەسایەتییە زەینییەکان وەک: نۆکێ، گزگل، کەچەڵبەخت، بەڵام نووسەرەکان کەسایەتییە باشەکان هەرە باش و خراپەکانیش بە زۆر خراپ دەنووسنەوە، کە لە ئەدەبیاتی ئێستادا ناگونجێ و کۆنباوە.

کەسایەتی کراوە و داخراوە (دەروونخواز و دەرەوەخواز): لە ئەدەبیاتی خوار دە ساڵدا کەسایەتییەکان کراوەن، بەڵام لەئەدەبی تازە لاواندا زیاتر کەسایەتییەکان داخراو و دوورەپەرێزن.

منداڵ و تازەلاوان حەزیان لە چیرۆکی بێ جموجووڵ و ئارام نییە، بەڵکو حەزیان لە کەسایەتی هاروهاج و پڕ جموجووڵە. کەسایەتییە کراوەکان هەر شتێک بە مێشکیاندا بێت، دەیخەنە پێش چاوی خەڵک، وەک کەسایەتی جڕ و جانەوەرەکان.

**سەرچاوە:**

**نقد بر ادبیات کودکان- هادی محمدی، چاپ دوم- ١٣٧٨.**

# مەولانا خالید شارەزووری و خزمەتی زانستی و کوردایەتی ئەو

د. محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)
(تاران)

مەولانا خالیدی نەقشبەندی باش زانیویەتی زانست تەوەری وردبوونەوەی زانینە و زانست بووەتە هونەری ڕۆژباو، هەر لەبەر ئەوە بەر لە هەموو شتێک چووەتە لای گەورە زانایان خوێندوویەتی و زانست فێربووە و خۆی بە نووری زانست و زانین دەوڵەمەند کردووە و خۆی بە زانست و مۆراڵی مرۆڤانی و هونەری ڕۆژباو، ڕازاندووەتەوە. چون زانیویەتی تەنیا هۆیەکی تەرەقی و سەرکەوتنی مرۆ زانست و زانینی ڕۆژباوە. لای ئەم زانایانەی سەردەمی خۆی زانست و زانین فێر بووە، کەسانێکی وەک: باوکی خۆی، مەلا سەید عەبدولکەریم بەرزنجی، مەلا سەید ڕەحیم بەرزنجی، مەلا جەلالەدین خورماڵی، شێخ مارف نۆدێیی (کە تەریقەتی قادریشی بەدەست بووە)، لای مەلا ئیبراهیم بیارەیی (تاریخی سلێمانی پەڕەی ٢٢٥). لای مەلا ساڵح تەرە ماری، شێخ عەبدوڵڵا خەرپانی، مەلا مەحموود غەزایی، مەلا ڕەحیم زیاری، صیبغەتوڵڵا ئەفەندی، عەللامە مەلا محەمەد کوڕی ئادم باڵەکی، کە هەریەکە لەوانە ئەستێرەیەکی گەش و پڕشنگداری زانست و هونەری ئاسمانی کوردەواری، ئەدەب و فەرهەنگ و عیرفان و زانیاری بوون.

پاشان مەولانا خالید چووەتە شاری سنە و لە فێرانکۆی عەللامە شێخ محەمەد وەسیم مەردۆخی حیساب، هەندەسە، فەلەکیات، ئەستێرەناسی، حیکمەت و کەلام، لای ئەو زانایە دەخوێنێت و فێریان دەبێت و ئیجازەی ئیفتا و تەدریسی زانیارییەکانی ئیسلامی لە ساڵی ١٢١٣ مانگی، لەو زانایە وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی و لە ١٧٩٨ز- کە مەولانا شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی مامۆستای مەولانا خالید،



**مەولانا خالیدی نەقشبەندی**

کۆچی دوایی کردبوو، خەڵکی و زانایانی شار ئەو لە جێی مامۆستاکەی دادەمەزرێنن و مەولانا خالید دەست بە تەدریس و ڕێنوێنی کردن دەکات و لە شاری سلێمانی فەقێ و مەلای زۆر دێنە حوجرە و فێرگەی مەولانا خالید و زانست و زانین و خوو و ئاکاری چاک و مرۆڤانی لەو فێر دەبن.

١- هیدایەت لە (تەزکەرەی ڕیازی عارفین)دا، دەڵێت مەولانا خالید کوڕی ئەحمەد فەخری عاریفان و زینەتی سالیکان و جێی فەخر و شانازی هەموانە و لە پێگەیشتن و تێگەیاندن و پێگەیشتندا لە بار و بابەتی سووری و مەعنەویدا، تەک و تاک بوو لە تۆرەمەی جاف و کوردی سلێمانی و لە بەغدا خێوی خانەقا و بارەگا بووە.

٢- مەولانا خالید دوای ئەوەی خۆی بە زانست و مەعریفەت ڕازاندەوە، دەستی بەڕاژە و بەخزمەت کردن کرد، بۆ وێنە خزمەت کردن بە زمانی شیرینی کوردی، چونکە ئەو زاتە پاکە زانیویەتی نەتەوەی کورد کە تا ئێستا ماوە و نەفەوتاوە، بەهۆی زمانەکەیەوە ماوە و لەنێو کوورە و تەنووری گرداری داگیرکەراندا نەتواوەتەوە و زەق و زیندوو خۆی پتەو ڕاگرتووە.

مەولانا خالید ویستوویەتی بناغەیەکی فیکری و هزری کوردایەتی و خزمەتکردن بە زمانی کوردی کە مرۆڤی کورد، بە کوردی بیر بکاتەوە و لەبیری کوردایەتیدا بێت، بە جۆرێک کە لەوەو لا کەس نەتوانێت ئینکاری زمانی کوردی، یان زمانی کوردی قەدەغە بکات.

٣- مەولانا خالید، چووە بە کۆچیلی خەلیفەی عوسمانیدا و دیوانی شیعرە کوردییەکانی خۆی پێ لە چاپ داوە و هەر لەو ڕێبازەوە بە خەلیفە حەمیدی عوسمانی بە خەڵکی حاڵی کرد، دەکرێت بە زمانی کوردی هەروەک زمانەکانی دیکە، زانیاری و هونەر و دینی پێ بنووسرێت و بە زمانی کوردی بخوێنرێ، چونکە زمانی کوردی نیشانەی خوایە و فرە بەدیهی و ئاشکرایە و هەرکەس ئینکاری زمانی کوردی بکات، وەک ئینکاری وجوودی عەرز و ئاسمان و بەدیهییات بکات وایە، هەر کەسیش ئینکاری بەدیهییات بکات، کافر دەبێت (ومن آیاته خلق السموات والارض و إختلاف ألسنتكم وألوانكم ان في ذلك لآيات للعالمين. روم ٢٢).

٤- مەولانا خالید چۆن تێگەیشتن و پێگەیشتنی خوادادی و نبووغی زاتی هەبووە، لە کتێبەکاندا بە نوسخەی جامیعە و نوسخەی نابغە ناوبراوە، مەولانا قەریحەو زەوقی زاتی شیعروتنی هەبووە و چون لەبیری کوردایەتیدا بووە، شیعری بە زمانی کوردی داناوە.

٥- سوڵتان عەبدولحەمید خەلیفەی عوسمانی لە ئیستەنبوڵ لە ساڵی ١٣٦٠ مانگیدا، دیوانی مەولانا خالیدی لە چاپ داوە و بڵاوی کردووەتەوە و بەوە زمانی کوردی بە خەلیفە و خەڵک بە ڕەسمی ناسێنراوە و بەردی بناغەی زمانی کوردی و کوردایەتی دانراوە و مافی ئینکاری زمانی کوردی بە کەس نادرێ کە کوردایەتی حەقە و مافی ڕەوای نەتەوەی نەجیبی کوردە و زمانی کوردی بەشێکی گەورە لە شارستانی و تەمەدون و شانازی کوردی ئێمەیە.

٦- مەولانا خالید کوڕی حوسێن و لە تۆرەمەی میکایەڵی جافە، هۆزی جافیش پاشا و حاکمی فرە پڕ دەسەڵات و شێرە مێرانی لێ هەڵکەوتووە و حەشمیەتیشیان فرە بووە، جا مەولانا خالید بە نبووغی زاتی خۆی، هاتە سەر ئەو فیکرە تا لە ڕێگەی زانست و مۆراڵی چاک، کارێک بکات، ئونس و ئولفەت و باوەڕ

به یەکتر کردن و خۆشویستنی زیاتر لەنێو توێژی زانایان و خەڵکدا، زیاتر بکات و لەنێو نەتەوەی کورددا، باوەڕ بە یەکترکردن پتەوتر بکات و پەرەی پێ بدات و کورد لە یەکتر نزیکتر بکاتەوە و یەکێتی و لەنێو گەلی کورددا سازبدات.

٧- مەولانا خالید لە ١٢٢٠ مانگی کە چووەتە حەج و لەگەڕانەوەیدا، دەچێتە نەهری و میوانی مەلا سەعید عەبدوڵڵا نەهری دەبێت و چوونی خۆی بەدێهلی لەگەڵ خانەخوێکەیدا، دەخاتە بەر وتووێژ و سەید بە مەولانا دەڵێت: «تۆ بەو هەمـــووە ژیری، زیرەکی، زانست و کەماڵەوە، دەچییە لای کێ؟ مەولانا پێی دەڵێت: ئەو سـەفـەرە هۆی دینی و نیـشـانی هەیە و مـەلا سـەید عـەبدوڵڵایش دەڵێت: ئەگەر وایە منیش لەگەڵت دێم، مەولانا پێی دەڵێ: تۆ خەریکی تەدریس بە، هەر خۆم دەچم (لەم سەفەرەمدا بۆ ورمێ چوومە ماڵی خانەدانی ساداتی نەهری شەجەرەنامە و شەرحی هەندێک ڕووداوی نیشان دام کە لە بابەت چاوپێکەوتنی مەولانا خالیدی شـارەزووری لەگـەڵ مـەلا سـەید عـەبدوڵڵا نەهری، ئاماژەیەک بەوە کراوە- شەپۆل)- وەرگێڕی قانوون لە زانستی پزیشکیدا؛ شاعیری ناوداری کورد هەژار لە پەسەندی مەولانا خالید و سەید عەبدوڵڵا و سەید تاها پیرانی نەهری شاهانی شەمزین و بە شیعر بە زمانی کوردی دەڵێت:

**کە سەردەستەی هەموو مەستانە خالید**
**نەمامی باغی کوردستانە خالید**
**فیدات بم نیشتمان بۆ شارەزوورت**
**کە ڕووناکە شام و ئیستەنبوڵ بە نوورت**

مەبەست لە ئیستەنبوڵ شێخانی نەهری شەمزینە کە ئەمین حوزووری مەولانا خالید بوون، هەروەک دەڵێت:

**بە عەبدوڵڵا و تاها پیری شەمزین**
**لە داوای دین نە ماندوو بوون، نە شەمزین**
**شەمی دڵ بوون و زەینی مەحفەلی دین**
**وەتەن هەر شاد بی تۆواو دو کورەت دین.**

* ئەگەر زەمانی ئەو شیعرانە و هۆی دانانەکانی لەبەرچاو بگرین باری سیاسی ئەوانەمان فرە بە جوانی بۆ دەردەکەوێت.

٨- مەولانا خالید لە ڕێبازی تەریقەتی نەقشبەندی، ئەو هەمـــووە زانا و مـــرۆڤـــە ژیرانە، بەناوی دۆست، مەنسووب و مورید و خەلیفە لە بازنەیەکدا کۆکردووەتەوە و ئولفەت، وەحدەت و یەکێتی لەنێوانیاندا پتەو سازدابوو.

٩- مەولانا خالید باش دەیزانی بەکارهێنانی زمانی کوردی، هەروەکو عەرەبی و زمانەکانی دیکە، دەبێ ئازاد بێ و کەس مافی قەدەغەکردنی زمانی کوردی بۆ نییە و قورئان و ئایینیش ڕێی لە ئازادی زمانی کوردی نەگرتووە و مەولانا خالید ئەم فەرمـوودەی دیوە کە مرۆڤێکی تەمیمی بە زاراوەی خۆی پرسیویەتی: «أمن ام بر ام سیام فی ام سفرا!» کە پێغەمبەر لە وەڵامدا هەر بەو جۆرە: «لیس من ام برام صیام فی ام سفرا!»

مەولانا بە وردی لەم ئایەتەی ڕوانیوە «لولا فصلت اياته أأعجمي و عربي. فصلت ٤٤» یانی بۆ چ نیشانەکانی بە ڕوونی بەیان نەکراوە؟ قورئانی عەجەمی و پێغەمبەری عەرەبی، یان ئەم ئایەتە «ولو نزلناه على بعض الأعجمين- فقراً عليهم ما كانوا به مؤمنين- شوعەرا- ١٩٨» یانی ئەگەر ئەو «قورئان»ەمان بەسەر هەندێک لە عەجم (ناعەرەب) نازڵ بکردایە- جا بەسەر ئەواندا بێخوێندبایەوە، بڕوایان نەدەهێنا «لە بڕواداران نەدەبوون).

ئەم ئایەتە نەتەوەی کوردی لە عەرەب، بە باشتر زانیوە، قورئان بە زمانی کوردیش نییە، کەچی کورد باشتر لە عەرەب پەیڕەوی لە قورئان کردووە و عەمەلی پێ دەکات، بەڵام ئەگەر قورئان بە زمانی شیرینی کوردی نازڵ بوایە، عـەرەب باوەڕی پێ نەدەکـرد، ئەوەیە ئەبو حەنیفە فەرمووبەتی بە هەر زمانێک کە هەتە، نوێژ و دوعای پێ بخوێنە.

نوکتە: پرسین لە وجوود و بوون گەورەترین پرسیاری دنیایە و تا ئەمڕۆ هیچ کەسێ وەک پەهەلەوی زمان، وەڵامی ئەوەی نەداوەتەوە، پەهلەوی زمـانی خـەڵکی کوردی گۆران زمانە.

**«الفهلويون الوجود عندهم**
**حقيقه ذات مراتب تعم**
**مراتب غنى وفقر تختلف**
**كالنور حيث ما تقوى وضعف».**

(سـەبزەواری)- سوهرەوەردی شـێـخی ئیـشـراق فەیلەسووفی کورد، فەلسەفەی پیادەیی: مشائی لەسەر بنچینەی ژێر ئۆگری پەهلەوی زمانانێ، کەسانێ وەک:



**سوڵتان عەبدولحەمید**

جاماسب فەرشاد شور، بوزورگ میهر و کەیخوسرەو خوایی (حیکمەتی خوسرەوانی) سوار کردووە و پڕ شکۆترین ئەقڵ ئۆگری میژووی، بنیاد ناوە و بە ئاژاوەی یەک و چەند (ئاژاوەی وەحدەت و کەسرەت) خاتیمەی داوە.

١٠- حەزرەتی مەولانا خالید بەپێی ئەم ئایەتە (وما أرسلنا من رسول الا بلسان قومه ليبين لهم- ئيبراهيم- ٤) باش زانیویە کە پێغەمبەرێکە، هەروەک یەحیا- کە قورئان دەرفەمووێت (يا يحيى خذ الكتاب بقوة واتيناه الحكم صبيا- مريم- ١٢)، یانی چلۆن یەحیا بەرپرس بووە کە تەورات توند بە دەستەوە بگرێت و واتاکەی بۆ خەڵک بەیان بکات، مەولانا خالیدیش خۆی بە بەرپرس زانیوە کە دەبێت قورئان توند بگرێ و دەوڵەتێکی کوردی سازبدات، ئەوسا بە زمانی شیرینی کوردی دین و دینداری فێری کورد بکات.

١١- بەڵام بە داخەوە کورد، نەیتوانی یەک بگرێت و دوژمنانیش، لەنێو کورددا، وەک هەمیشە ئاژاوەی سازدا و گەورە زانایانی وەک عارفی ڕەبانی مەلا مارف نۆدێیی و مەلای باڵەکی لە مەولانا خالید بوونە ملۆزم، هەرچەند وەکو میژوو دەڵێت: چۆن ئیمام فەخری ڕازی ببووە دوژمنی شێخی ئیشراق و لەدواییدا کە چاوی بە تەئلیفاتی شێخی ئیشراق دەکەوێت، پەشیمان دەبێتەوە و دەگری و دەڵێت: بۆ چ؟ دڵی ئەو فەیلەسووفە گەورەیەم لە خۆم ڕەنجاند، حەزرەتی نۆدێیی. لەوە کە لە خۆڕا دڵی مەولانا خالید-ی لە خۆی ڕەنجاندبوو، پەشیمان بووەتەوە، کورد فەرمووویەتی: (دوای باران کەپەنک)، ئەو جارەش هەل لە کیس درا.

١٢- لەبەر ئەوەیە حاجی قادر ئەو گەورە نیشتمان ویستەی کورد بە شیعر فەرمووویەتی: (قوتبی زەمانە خالید ئاوارەبوو، وەک من- بی قەدر و قیمەت و شان، بێ خانمان، بێ نان). دیارە ئەم شیعرەی حاجی قادر واتای ڕامیاری هەیە- نازانم بۆ کورد بووەتە زیندوو کوژی مردوو پەرست. خەڵک مەزنی خۆی دەباتە نێو مانگ، بەڵام کورد، قەڵاو سەنگەرەکان لەخۆ دەڕووخێنن.

کورد دەڵێ: (گیا لەسەر بنجی خۆی شین دەبێتەوە) و (سەد سووزن گاسنێکی تیا نابێ.) دەی با ئێمەی کوردیش، وەک خوا پێداوان لە بیری وەحدەت و یەکێتیدا بین تا بە مافی ڕەوای خۆمان بگەیەنن. دیارە نامەوێ شتەکە بەرتەسک بکەمەوە و بت پەرست بین، ڕەخنە نەبێ تەرەقی نابێ، بەڵام ڕەخنەی سازندە دروستە، نەک تەخریب و رووخاندن، بزان چۆن ڕوحانیانی کورد، پێغەمبەر (یەحیا)یان لە دڵی موسڵمانانی کورد زاخاو داوە، (سەرە بۆ خەڵک دەکەن، بنە بۆ نەتەوەکەی خۆمان ناکەن)؟

٧- لە بابەت فەزیلەت و گەورەیی مەولانا خالید، کتێبێکی فراوان نووسراوە و چاپ کراوە کە خۆی نیشانەی زانایی و دەسەڵاتی مەعنەوی و عەزەمەت و خۆشەویستی مەولانا خالید شارەزوورییە. ناوی هەندێک لەو کتێبانە: ١-کتێبی (سل الحسام الهندى لنصره) مەولانا خالید نەقشبەندی نووسینی محەمەد ئەمین بن سەید عومەر ناودار بە کوڕی عابدین، کە لە ١٣٠١ مانگی لە دیمەشق چاپ کراوە. ٢-ئەصفەلمەوارد لە زنجیرەی ئەحوالی ئیمام خالید، نووسینی شێخ عوسمان بن سند وائیلی، نەجدی کە لە میسر لە ساڵی ١٣١٣ مانگی لە چاپ دراوە- شێخ ئەبووبەکر بن شێخ مەجد ئیحسائی بەناوی نەشری ودی لە خەبەری مەولانا خالیدی کورد، ئەم - کتێبەی کورت کردووەتەوە- تۆ

بروانه زانایان و شاعیران له خۆشی مەولانا خالید چۆن به نیشتمان و زانایانی کوردیان هەڵگوتووه:

**ایا منزل الاکراد بورکت منزلا**
**لنا فیه اقمار المعارف تشرق**
**سعدت فیما صحبت الا حدیقة**
**بها زهرا لتحقیق بالدرس مورق**

تا ئەو جێیه که دەڵێت:

**ولکنهم قوم کرام فصبهم**
**سعید و ان بالبعد والصد ذوقوا**

(بروانئه: ژیناوەری زانایانی کورد له جیهانی ئیسلامەتی به قەڵەمی(شەپۆل) پەڕی ٤٠ چاپی ١٣٦٤)-٣ حـەدیقـەی ندییـه له تەریقـەتی نەقشـبەندی و بەهجەی خالیدیه، نووسینی عـەللامه محەمەد بن سلێمان بن مراد بن ئەوڕەحمان عـەبیـدی بەغـدادی حـەنەفی نەقشـبـەندی، یەکێ له خەلیفەکانی مـەولانا خالید که شەرحی حاڵ و ژیانی مەولانا خالیدی بەجوانی و پڕ و تەژی له مەبەست، باس کردووه.-٤ فەیزی وارد لەسەر ڕەوزەی مەرسیەی مەولانا خـالیـد، نووسـینی ئەبوسـەنا حـەمـوود ئالوسی چاپی کەستەلیه ١٢٧٨ مانگی-٥- مەجدی تالی له مەناقبی مەولانا خالید، به قەڵەمی ئیبراهیم فەسیح حەیدەری بەغدادی چاپی ئیستەنبوڵ.- ٦- أساور سجدیه له مآثر خـالدیه، نووسـینی شـێخ حوسـێن بن ئەحـمـەد بەسـری دسـوری. ٧- نەشـری وردی باخـبـار مـەولانا خـالیـد نەقشـبـەندی کـورد، نووسـینی ئەبی بەکر بن مـحـەمـەد حەنەفی ئیحسائی که له مودیریەتی ئەوقافی بەغدا به ژمـارەی (١٤٨٢٦ هەیه. ٨- قـەولی صـەواب له ڕەدی ئەوەی به تەحریری خیتاب نووسراوه، نووسینی محەمەد ئەمین موفتی حیلله. ٩- سهم صائب لمن سمی الصالح بالمبـتـدع الکاذب نووسـینی مـحـەمـەد ئەمین سـویدی بەغـدادی.- ١٠-بەهجـەی سنیـه له ئادابی تەریقـەتی علیـه خـالدیه، نووسـینی شـێخ عـەبدوڵلاخانی، چاپی ١٣٠٣ مانگی- ١١- حصول أنس له چوونی حەزرەتی مـەولانا خـالیـد بۆ حـەزبرەی قـودس، نووسـینی سـەید ئیسـمـاعیل غـەزی عـامری- ١٢- ڕیازی موشـتـاقین له مەناقبی مەولانا زیائەدین خالید، نووسینی مەلا حامید بیارەیی- ١٣-مسلی الواجد و مثیرالتواجد فی تشطیر مرثیەی مەولانا خالید، نووسینی شێخ داود بن سلێمان بن جـرجـیس کـه نوسـخـەی ئەوه له ئەوقـافی بەغـدا به ژمـارەی ٥٧٥٦ هەیه- ١٤-بوغـەی واجـیـد له بـابەت مەکتوباتی، حەزرەتی مەولانا خالید، نووسینی ئەسعەد صـاحـیب، دیمەشق ١٣٣٤. -١٥- فـیـوزاتی خـالیـدیه نووسینی محەمەد ئەسعەد صاحیب زاده- ١٦- جمع القلائد و مجمع الشوارد فی فرائد حضرت مەولانا خالید نووسینی محەمەد ئەسعەد صاحیب زاده-١٧- ڕەحمەتی سـەهابه له زیکری ئیـسـمی زات و ڕابیـتـه نـووسـینی حوسـێن بن ئەحـمـەد، دسـوری-١٨- حـەدائیـقی وردییـه نووسـینی عـەبد مـەجـید بن مـحـەمـەد خـانی خـالیـدی نەقشـبەندی-١٩- ئەنواری قودسییه له مەناقبی گەوره زانای نەقشبەندی نووسینی محەمەد بن محەمەد ڕەخاوی چاپی مـیـسـر ١٣٤٤ مـانگی-٢٠- نـووری هیـدایه و عـیـرفـان له ڕاز و ڕەمـزی ڕابیـتـه و جـەوهەر و خـەتمی خواجەکان نووسینی محەمەد ئەسعەد صاحیب زاده چاپی مـیسـر ١٣٤٤ مانگی-٢١- سەعادەتی ئەبەدی لەوەی که له ڕێبازی نەقشبەندیدا هاتووه، چاپی مـیسـر سـاڵی ١٣١٣ مـانگی- فـره زانای تریش له پەسنی مـەولانا خـالیـد شـتـیـان نووسـیـوه، زانایەک وەک عـەللامه مـەلا عەبدولکەریم مودەڕیس ئیـمـام شـافعی زەمـان و جـەنابی پیرەمێرد و کەسانی وەک شێخ عوبەیدوڵلا نەهری شاهی شەمزین، سەید عـەبدوڵلا نەهری، شێخ فەوزی، مراغیب ئەفـەندی، سەید عـوبەیدوڵلای حەیدەری، شێخ ئەحـمـەد تەرابلوسی ئەرواری، سـەید عـەزیز گـەیلانی نەقـیـبی بەغـدا، تاهیـر ئەفەندی حوسێنی مـوفـتی قودس، شێخ ئیسمـاعیل کوڕی عەلی دورەکی، حاجی شوکری ئەفەندی ڕۆمی ئیستـەنبوڵی، حاجی وەلیەدین پاشا والی سووریه، سەید عـەبدولسەلام حـەیدەری موفـتی شافیـعی بەغدا. شێخ یووسف کـوڕی ئیـسـمـاعیل نەبهانی، خـەیرەدین زەرەکلی، عـومەر ڕەزا کەحاله، شێخ مـحـەمـەد قزڵچی، ئەمین زەکی، مـحـەمـەد قـەسیم سنەیی، عـومەر ئەفەندی غـەزی مـوفـتی شـام و دیمەشق، ئەوڕەحـمـان کـەزبەری، پاشـای عەکا، مسـتـەفا عـاسم ئەفەندی، شێخ شـامیل داغستانی، شێخ فەوزی، داود پاشا والی بەغدا، نەجیب پاشـا والی شـام، بابا مـەردۆخ ڕوحـانی، ئەنوەر مـائی، مـوفـتی زەهاوی، شـەپۆل (بڕوانئه ژیناوەری هەر ئەوێ)، مـحـەمـەد ئەمین بن عـابیـدین. بۆ گـەورەیی و عـەزەمـەتی مـەولانا ئەوه بەسـه کـه زیاتر له ٣٧ خـەلیـفـه و نوێنەر و



سەهرەوەردی

٣١ مەنسووب و موریدی هەبووە و هەمووشیان عالم و زانابوون و دکتۆر خەلیفی نووسیوبەتی کە زیاتر لە ٢٠٠٠ خەلیفەی هەبووە، کەسانێک وەک شێخانی بیارە و تەوێڵە و...تاد.

زیاتر لە ٢٢ جۆر کتێب لە بابەت مەولانا خالید و مەناقیب و شەرحی حاڵی مەولانا خالید نووسراوە و خۆیشی زیاتر لە ٢٠ کتێب و کۆبە و ریسالەی تەئلیف کردووە. باوکی مەولانا خالید ناوی پیر میکایەڵی و لە بنەماڵەی جافە و لە دەودان سەر بە جوانڕۆ مردووە و نێژراوە و دایکیشی لە ساداتی پیرخزر شاهۆیە. لە بابەت ساڵی لە دایک بوونی مەولانا خالید جیایی بیروڕا هەیە. فرەییەک لە زانایان لایان وایە لە ساڵی ١١٩٣مانگی لە دایک بووە و هەندێکی دیکە ساڵی ١١٩٠، هەندێکی دیکە ١١٩٢ و هەندێکیش ساڵی ١١٩٧ مانگیان نووسیوە و بۆ کۆچی دواییشی دەڵێن: لە ١٢٤٢ مانگی و ١٨٢٦ کۆچی دوایی کردووە و (خالد قطب توفی) مادەتاریخیەتی و بە حیسابی زاینیش هەندێک ساڵی ١٧٨٣-ز-یان ١٧٧٣ز-یان ١٩٤٣ز-یان بۆ نووسیوە.

شوێندانانی ڕێبازی تەریقەت، یان نیزامی عیرفانی لەسەر فەرهەنگ و کولتووری کوردەواری، واتە شوێنی ڕێبازی مەولانا خالید شارەزووری نەقشبەندی لەسەر نەتەوەی کورد و کوردستان- ١-دیارە تەنیا وردبوونەوە لە ژیانی ماددی و ئەنبوژەی، وەخۆ دوورخستنەوە لە مەعنەوییەت و خۆ پاک کردنەوەی دەروون و تەزکییەی نەفس، جۆرێک لە پەرێشانی و بێ نەزمی لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لەنێو مرۆڤدا بەدی دێنێ، خۆ دزینەوەیش لە ماددیات و پێی بژیو، دێوەزمەی نەداری و ڕووت و قووتی و برسیەتی، دەرگە بە مرۆڤ دەگرن، مرۆ بوونەوەرێکە، دەبێت هەردوولا، لای ماددی و لای مەعنەویات، لەبەرچاو بگرێت، ٢- دیارە بە درێژایی مێژوو کێشە کێشی چینایەتی فرەیی ڕووی داوە. ٣-لەو سۆنگەیەوە، مرۆڤگەلێک هەبوون کە لە دەروونی خۆیان فیکربوون و بیریان لە مەعنەوییەت کردووەتەوە و فێرگە و فێرانکۆبەکی مرۆڤانی و ئەخلاقی، ئیلاهی، ڕەبانییان بنیات ناوە، کەس ناتوانێت ئەوە نەفی بکات.-٤- لێرەدا دەبێ بڵێین: مەولانا خالید خوا زانست و حیکمەت و زانین و خێر و بەرەکەتی بەسەردا باراندووە (ومن يؤت الحكمة فقد أوتي خيرا كثيرا- سوورەتی بەقەرە ٢٦٩) یان ئەم ئایەتە (يرفع الله الذين آمنوا منكم والذين أوتوا العلم درجات) چون مەولانا خالید لەبیری مەعنەویەتیشدا بووە و بەرز و بەرزتر بووەتەوە و خۆی بە زانستی ڕۆژئاو دەوڵەمەند کردبوو،-٥- دیارە هەموو دەزانین ئەقڵ و ئەزموون و تەجرەبە پێکەوە، توانیویانە لەم سەردەمەدا، ئەم هەمووە تەرەقیاتە بۆ بەرەی مرۆڤ دابین بکەن، بەدیهێنانی کارەبا، فڕۆکە، تەلەفۆن، ئۆتۆمبێل، مۆبایل، مانگی دەستکرد، تەلەڤزیۆن، کۆمپیووتەر، پێشکەوتنی زانستی پزیشکی و داوودەرمان، دیارە دەبێ ئەوەیش بزانین کە صۆفی و دەروێش، هەروەک زوهدی موتەشەریعان و موحەدیسان، بۆ ئەوە، ناحەزی و بەدفەڕی کاری حاکمانی موسوڵمانان نیشان بدەن، ئەوانە قەت لەبیری ئازاردانی حاکمان، تەنانەت بە (ناوی موبارەزەی مەنفی) نەبوون، هەر بۆ ئەوە بووە کە خۆیان لە کەسبی ماڵی دنیا و لەزەت بردن دوور بخەنەوە، ئەوانەش پشتیان بەخوا بەستووە، ویستوویانە نەخۆشی خۆیان بە دوعا چارە بکەن و فرە گوێیان بە پزیشک

نەداوە و پەڕۆ و پاتاڵیان بە داردا هەڵواسیوە و شیفا و یارمەتییان لێ ویستوون، دیارە قورئانیش فەرموویەتی (وان لیس للإنسان إلا ما سعی) واتە مرۆڤی خۆپارێز، مرۆڤی عاتیفی، بە تەنیا نەیتوانیوە یەکێک لە هەزار گرێ کوێرەی ژیان لە ڕێگەی بزاوی کۆمەڵایەتی، هاونەوعانی خۆیان بکەنەوە، (بڕواننە ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی بە نووسینی محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) چاپی ١٣٦٤ هەتاوی، تاران، چاپخانەی مەهارەت)، بەڵام مەولانا خالید کە ڕێبازی نەقشبەندی گرتبووە بەر بەبیر و هزرێکی نوێ بۆ کوردایەتی هاتبووە مەیدان، هەروەک چۆن پێغەمبەری مەزنی ئیسلام لە شاری مەدینە بەردی بناغەی حکوومەتی ئیسلامی دانا، مەولانا خالیدیش دەیویست بنچینەی دەوڵەتی کوردی لە شاری سلێمانی دامەزرێنێت، پێغەمبەر کەسانێکی وەک عومەر و ئەبوبەکر و یارانی صوفە و سەکۆی لەگەڵ بووە و مەولانا خالید شارەزووری کەسانێکی وەک عەللامە مەلا یەحیا مزووری، عەللامە مەلا قەسیم مەردۆخی، سەید فەسیح حەیدەری، ئەبوخەیر دیاربەکری، عەللامە مەلا ڕەحمان ڕۆژبەیانی، سەید عەبدوڵڵا، حەیدەری ماوەرانی، سەید عەلی بەرزنجی، شێخ مەلا تەها جزیری، مەلا محەمەد هەولێری، مەلا عەبدوڵڵا ئامێدی، شێخ ئیسماعیل هەنارانی، مەلا عەبدوڵڵا جەلی کۆیی، مەلا عەبدوڵڵا ئامێدی لەگەڵ بووە- مەولانا خالید خەلیفە و نوێنەری، لە میسر، شام، کوردستان، لە قودس، بەغدا، هەولێر، جزیر و بۆتان، دیاربەکر، مەکە، مەدینە، ئیزمیر، لە ١٢ هەزار موریدی هەیە، پاشا لە خزمەت مەولانا خالید بە پێوە دەستە و نەزەر، ڕادەوەستا (کورد، عەرەب، تورک، سیسیل، جی، ئیدمۆندز پەڕەی ١٤ تەرجەمە ئیبراهیم یوونسی چاپی ١٣٦٧ تاران، دانیشمەندانی کورد، تەرجەمەی دەست و قەڵەم جوان و خەت خۆش ئەحمەد حەواری نەسەب چاپی ڕۆژنامە ئیتلاعات ١٣٦٩ تاران). شێخ ئەحمەد خەتیبی هەولێری نامەیەکی بۆ مەولانا خالید زیائەددین شارەزووری نەقشبەندی نووسی و بە ڕەسمی بانگی کرد تا تەشریفی بچێتە شام (دیمەشق) و گەشت چین و توێژی خەڵکی لە زانین و مەعریفەتی ئەو زاتە کەڵک وەربگرن، مەولانا خالیدیش لە ساڵی ١٢٣٨ مانگی، چووە شام و ژمارەیەکی فرە لە زانایان و عارفان و موریدان و مەنسووبان؛ لەگەڵ ئەو زاتە لە بەغداوە چوونە شام و خەڵکێکی فرەو بەرچاو بەوپەڕی شەوق و شادی و دڵگەرمییەوە چوونە پێشوازی، وێژەوەران و شاعیرانی فازڵ و ناوداری دیمەشق، قەسیدەگەلێکی غەرایان بەناوی بەخێرهاتن و پیرۆزبایی وتن، بۆ هاتنی بەهاتی ئەو زاتە بۆ شام دانابوو، بە خۆشییەوە لە حوزوریدا، خوێندیانەتەوە- مەولانا خالید لە دیمەشق نیشتەجێ بوو، دەستی کرد بە تەدریس و فێرکردن و بارهێنانی زانایان و ڕێنوێنی خەڵک بۆ فێربوونی ئەخلاق و خوو و ئاکاری باش و مرۆڤانی و فێرکردنی ڕێبازی شەریعەت و تەریقەت، دوای ماوەیەک لە دیمەشقەوە چووەتە قودس و دوای چەند ڕۆژ گەڕاوەتەوە بۆ دیمەشق و بێ هیچ سەرەتاییەک کتێبخانەکەی خۆی وەقفی زانایانی ئەوێ کردووە و زانای خواناس و خۆپارێز شێخ ئیسماعیل هەناری دەکاتە جێنشینی خۆی و بە ئیما و ئیشارە، بە نزیک بوونەوەی خۆی لە مردن ئاماژەی کردووە و ڕایسپاردووە، بە قەد کێلی قەبرەکەی تەنیا ئەم ڕستەیە بنووسن: «هذا قبر الغریب خالد: ئەمە قەبری خالیدی غەریبە» و سەرەنجام لە شەوی ١٢ی زیقەعیدەی ساڵی ١٢٤٢ مانگی تووشی نەخۆشی تاعوون دەبێت و لە شەوی ١٤ی زیقەعیدەی ئەو ساڵەدا لەنێوان نوێژی مەغریب و خەوتناندا بەرەو لای خوا بارگەی تێکناوە لە کێوی قاسیۆن لە دیمەشق نێژراوە و شینی بۆ گێڕدراوە و بە شیعر و بە پەخشان بەو زاتەیاندا هەڵگوتووە و بەسەدان زانا و شاعیر و ئەدیب لەبەر بە مودەفەڕک زانینی ئەو زاتە، لەو کێوە لای مەولانا خالید نێژراون.- لێرەدا چەند شت دەردەکەوێت: ١- هەروەک چۆن حەزرەتی پێغەمبەریان بانگ کرد تا بچێتە مەدینە، مەولانا خالیدیش بانگ کراوە؛ تا بچێتە شام- ٢- هەروەک پێغەمبەر لە مەدینە ما، مەولانا خالیدیش لە دیمەشق ماو لەوێش نێژراوە-٣- هەروەک پێغەمبەر لە حەجەتولوەداعدا بە مردنی خۆی ئاماژەی کردووە، مەولانا خالیدیش ئاماژەی پێ کردووە-٤- پێغەمبەر تەنیا ئەبووبەکری لە کاتی چوون بۆ مەدینە لەگەڵ بوو، بەڵام مەولانا خالید کەسایەتییەکی فرەی لە وێژەوەران و زانایان و شاعیران و...تاد لەگەڵ ئەودا بەرەو شام چوون (مێژووی مەشاعیری کورد ج ١: ٣٠٤- ٣٠٦. مەولانا

خالید فێرگە و فێرانکۆی کوردایەتی دامەزراند و بە ڕەسمی زمانی کوردی بە حکوومەتی عوسمانی ناساند.
ئیمامی شافیعی دەڵێت: «العلم نقطة تزداد بتلاحق الافکار» منیش بە باوەڕ و بۆچوونی خۆم هەندێک بیروهزری تازەم لەسەر بیروڕای ئەو نووسەرانە زیاد کردووە کە لە بابەت مەولانا خالیدی شارەزووری قەڵەمیان گێڕاوە (شەپۆل) ٢١ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧ز- و ٢٩ ڕەزبەری ٢٧٠٧ کوردی، تاران.
ئەمەیش چەند پارچە شیعری کوردی مەولانا خالید شارەزوورییە:

**دوور لە ڕووت هێندە موتەووەل بوو شەوی هیجرانی تار**
**موختەسەر زۆر دەستدرێژی کردووە زوڵفەینی تۆ**
**چاوی بیمارت کە ئەڕوانی «شیفا»یە بۆ نەخۆش(١)**
**«بوعەلی» ئەم «حکمة العین»ـەی نییە وەک عەینی تۆ.(٢)**
**ڕوومەتت ئاوی دلارامی هەوای تەڕ کردووە**
**تا لەسەر کوڵمت دەری خست شێوەیی قەوسەینی تۆ(٣)**
**بێتو «خالد» شەرحی ئەو ئەبرۆ مشکینە بکا**
**«قاب قوسین»ـە مەتافی ڕوحی بۆ سەهمەینی تۆ(٤)**

هۆنە:

**وە ئەو داڵ نەکەم وە ئەوداڵ نەکەم**
**تاکەی خۆم چوون قەیس وە ئەوداڵ نەکەم**
**بازووی دەروێشیم پڕ خرخاڵ نەکەم**
**پۆشاکێ جەلۆنگ شا دەسماڵ نەکەم**
**چەنی دەیری یان ماڵ بە چۆڵ نەکەم**
**تەحصیل، ڕۆزی بە کەشکۆڵ نەکەم**
**فەناییم بە خاک سەحرای بەڕ نەکەم**
**بە کانی و سێلاو دیدەم تەڕ نەکەم**
**بێخ ڕیشەی نەخل زەوقم پەی نەکەم**
**چارگۆشەی جیهان بە سکەن تەن نەکەم**
**پەرێ بەخت وێم خاک وەسەر نەکەم**
**یامەن هوو پەی سەد سکەندەر نەکەم**
**جە قەوم و عەشرەت خۆم بێزار نەکەم**
**عەزم وە ئەی کابل و قەندەهار نەکەم**
**(خالد) بێ! ڕەفیق، ڕۆژ وە شەو نەکەم**
**چوون قاف ئاوان، تەرک، خەو، نەکەم(٥)**

**پەراوێز:**

**١- ئاماژەیە بۆ کتێبی شفای بو عەلی سینا لە مەنتیق، ئیلاهیات و تەبیعییات، گرنگترین کتێبە لە فەلسەفەی ئیسلامی و لە حیکمەتدا، ئەو پلەیەی هەیە کە قانوون لە پزیشکیدا هەیەتی و زۆری شەرح لەسەر نووسراوە کە لە هەمووان پەرەدارتر شەرحی سەدرەدین شیرازییە.**

**٢- مەبەست لە بوعەلی کوڕی سینایە (حکمة العین)یش لە فەلسەفە و پزیشکیدایە نووسراوی بوعەلی سینایە.**

**٣- واتە تا لەسەر کوڵمت کۆلکەزێرینە: قەوس و قەزەح و پەلکەزێڕینە لە شێوەی برۆی کەوانت ساز بدەن.**

**٤- قاب قوسین: ژێی کەوان، مەتاف: جیی تواف و سووڕانەوە واتە، ئەگەر بێتو خالد دەم لە شەرحی برۆی ڕەشی بۆن خۆشت بدات دەبێت بە ئەندازەی دووری ژێی کەوانێک، وەکو پەروانە بە دەوری ڕوومەتتدا بسووڕێتەوە و ڕوحیشی بکاتە نیشانە بۆ تیری موژگانت، قاب قوسین: ئاماژەیە بۆ میعراجی ڕەسوڵی خوا لە شەوی ئیسرا- بڕواننە کتێبی ڕوحی مەولانا خالد، هی پیرەمێرد. لاپەڕەی ٩٠ تا ٩١ چاپی ١٩٨٧ چاپخانەی زەمان بەغدا.**

**٥- یادی مەردان ج١ لاپەڕەی ٦٢٢ چاپی ١٩٧٩ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.**

# ڕوو بەرەو لاڵ بوون، پشت لە زمانی کورد

شێمحەمەد باڵەک

**(پێم خۆشە هەموو کردەوەیەکم لە هی خەڵکی جودا بێ، تەنیا زمانم وەکو زمانی خەڵک بێ)**
**ڕۆزفلت**

ئەوەی ئەمڕۆ لەناو وێژە و زمانی نووسینی کوردیدا بەهیچ ناژمێردرێ، فەرهەنگ و وێل و نەریتی کوردەوارییە، نووسەرە بەناوبانگەکانیشمان وەکو کادیرە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکانی سەردەمی شۆڕش وان؛ ئەوان کە دەهاتنە ناو خەڵکی گەلایی لادێیی، زۆربەی هەرە زۆری نەخوێندەوار، تا وشەیەکی حەلەق و بەلەقی بێگانە، یان کوردیی داتاشراو، یان کوردیی ڕەسەنی لەجێی خۆدا بەکار نەبراو و شێوێندراو و سەقەت کراویان وەدەست کەوتبا، بە زمان و زاراوەی خەڵک قسەیان نەدەکرد، ئەوەش چەند هۆیەکی هەبووە، لەوانە ئەگەر بەزمان و زاراوەی سادەی خەڵک قسەیان کردبا بێ تامی و نامۆیی و بەکوردیی بێگانەیی بابەتەکەیان بۆ خەڵک ئاشکرادەبوو و وەک دەڵێن دەستەکەیان دەخوێندرایەوە.

دووەم بۆ ئەوەی لەلای خەڵکی ئیسپات بکەن و پێیان بسەلمێنن (بڕوایان پێ بێنن) کە ئەوان ڕوناکبیرن و زمانیشیان وەک زمانی خەڵکی ئاسایی نییە و نابێ واشبێ، دەبێ بەو جۆرە زمانە قسان بکەن، ئێمە ئەگەر قەڵەم بەدەستانی وێژەی ئێستامان دەگەڵ گۆران و پیرەمێرد و هاوکوفە شاعیر و ئەدیبەکانی سەردەمی ئەوان بەراورد بکەین، هەروەها هەوادار و دڵ بە قەڵەم داوانی ئەوان دەگەڵ هەوادار و دڵ بە قەڵەم داوانی قەڵەم بەدەستە بەناوبانگەکانی ئەمڕۆمان بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە جیاوازییەکە ئاسمان و ڕێسمانە و ئەو کوردی زانانەی ئێستامان دەبێ مووشەکی ڕێگای مەریخ

بڕ بەکاربێن تا وەئەوان ڕادەگەنەوە. گەلێک بەش هەن لە پێکهاتنی کەسایەتی کەسێکی دیاریکراودا بە سادە و ساکار و بەسێنایی دێنە پێش چاوان، بەڵام بەڕاستی وانییە، بەتەنێ هەر چاوی وردبین دەتوانێ ئەو ئاڵۆزی و ڕەنج و ماندووبوونە ببینێ کە لەو بەشەی ئەو توانایییەدا بەکارهاتوون و بوون بە بەشێک لە کەسایەتی یارۆی ئاوهاتوو، پیرەمێردێک کە گەنجایەتییەکەی لەناو بێگانان بردە سەر و خوێندنی بە زمانی بێگانان و لەژێر کاریگەریی پەروەردە و ڕوناکبیری و فەرهەنگی ئەواندا بوو، چۆن توانی بە پیری سەری ئەو شۆڕشە هەڵبایسێنێ لە زمانی خۆرسک و سروشتیی کوردەواری کە هەڵی ئایساند. خۆ وەحی نەبوو بۆی لە ئاسمان هاتبێتە خوارێ و ودمیشی بەدەست نەبوو. گۆرانی شارنشینی کوردی نەخوێندووی کوڕی (سلێمان بەگی کاتب فارسی) چۆن توانی ئاوا بەناو مێشکۆڵە و خوێن و دەماری زمان و فەرهەنگ و وێل و نەریتی ئەدەبی کوردەواریدا ڕۆ بچێتە خوارێ، کە سەد لەسەد ئەوانە لادێیی کشتوکاڵین، ئەگەر نەڵێم ڕەوەندیشن! نموونە لەبەر تووشی دوای بەرتووشی گۆران و پیرەمێردیش هەن، بەڵام ئەمانەی دوایی زۆر لایەنی زمانی کوردییان بە پاککراوی و ئامادەکراوی هاتە بەردەستان.

باسی عەبدوڵڵای حەسەن زادە ناکەم کوردییە ناوبانگ دەرکردووەکەی پێویستیی بە شاهیدی من ناکات، لە نموونەی ئەو کوردی زانانەی لەژیاندا ماون، شێرکۆی هەژار لەناو منداڵە عەرەباندا گەورە بوو و هەموو ژیانی دوای قۆناغی پێراگەیشتنیشی لە ئەورووپا بەسەر بردووە، کەچی یەکێکە لە کوردی زانە چاکەکان، ئەوەش کە شێرکۆ کوڕی هەژارە بەشی ئەوە ناکا ببێ بەو کوردی زانە، خۆ هەژار بەخۆی کوڕی هەژاری نەبوو، هەروەها د. عەبدوڵڵا پەشێو، د. عەزیز گەردی ئەو شێوازی وەستایانە و مامۆستایانەی بەکاری دێنن لە زمانی کوردیدا، زۆر جوانە و لە بەکارهێنانی خەڵکی ئەو دەوروبەرەی کە ئەوانیان دەناودا گەورە و پەروەردە بوون. لێرەدا مەبەست لە بەکارهێنانی وشەیە، نەک چ جۆرە وشەیەک بەکاربێت.

بە ڕواڵەت دوو دێڕی لەم دوو دێڕییەی گۆران ساکارتر لەناو بەیتگەلی عەلی بەردەشانیشدا کەم وەگیردەکەون، کە دەڵێ:

**بنچینەی مزگەوت نیشتۆتە ناو چەم**
**ڕوو بەرەو قیبلە پشت لە جەهەننەم**

گوتمان زمان و فەرهەنگی کوردی- بەلای کەمی- لە باشووری کوردستان بە تەواوی لادێییە و سەوزایی کشتوکاڵ و ڕەنگی بەرانی پشت ڕەنگکراوی پێوە دیارە و لە مۆسیقای شیعر و (بەیت) و گۆرانیگەلیدا هەست بە دەنگی زەنگڵی نێریی پێش مێگەلی دەکرێ. گۆرانی شارنشین چەند بە ئاسانی توانی دەگەڵ ئەو فەرهەنگ و زمانە تێکەڵ بێ و بەگەڕ لەناو یەکتریدا بتوێنەوە، کە ئێستا نووسەرانی لادێییش لێی ئاوییە و نامۆ بوون و نایدۆزنەوە.

ئێمە لێرەدا کارمان بە لێکدانەوەی دێڕی دووەمی دوو دێڕییەکەیە:

**ڕوو بەرەو قیبلە پشت لە جەهەننەم**

با بزانین گۆران چی دەڵێ: لەلادێی کوردەواری، یان بەلانی کەم لە بەشێک لە لادێی کوردەواریدا جاران گەوران بەلای باکووریان دەگوت لای قددوسێ، بەلای باشووریشیان دەگوت لای قوبلێ، یان لای قیبلێ، منداڵیش بەلای باکووریان دەگوت لای جەهەننەمێ، بەلای باشووریشیان دەگوت لای بەحەشتێ (بەهەشت)، ئەمەش بە ئاشکرا دیارە لەوەوە هاتووە کە ئەوکاتەی ڕووگەی موسوڵمانان گۆڕا، پێغەمبەر (د.خ) دەنوێژێ جەماعەتێدا بوو و پێش نوێژیی دەکرد، کەچی وەحی بۆ هات لە بارەی گۆڕینی ڕووگە لە قەددوس (قودس)ەوە بۆ کابە، کە دە کەس دەگەڵ ئەو ڕوویان وەرگێڕا، ئەوانە پاشین بە (عەشەرە-ی- موبەششەرە) ناسران (ئەو دەینە مزگێنی پێدراو).

ئەو خەڵکی دیکەی مزگەوتێ وایان زانی پێغەمبەر (د.خ) سەرداچووە و ئەوان ڕووگەیان نەگۆڕی، ئیدی موسڵمانی خۆرسک و پشتاوی کورد وادەزانێ چونکێ ڕووگەی نوێ دەکەوێتە لای پێشەوە (باشوور)، دەبێ ڕووگەی کۆنیش بە پێچەوانەی ئەوەوە بێ و بکەوێتە لای پشتەوە (باکوور)، ئیدی لای موسوڵمانی کورد قیبلە (کابە) بوو بە باشوور و قددوس (قودس)یش بوو بە باکوور.

لە سەرێکی دیکەوە چونکێ قددوس زیارەتگای جوو و فەلانە، ئەوە جێیەکی نامۆبارەکە و وە جەهەننەمێی دەچوێنن، یان وای بە چاک دەزانن جەهەننەم لەوێ

دروست بکرێ. منداڵیش وەکو گەوران نین ئارامی و خۆڕاگرییان هەبێ و خۆ دەبەرەخۆ بگرن. چییان پێ چاک بێ دەستبەجێ بەخەیاڵ چاکی دەکەن و چییان پێ خراپ بێ بە خەیاڵ خراپی دەکەن. خۆیان پێڕاناگیرێ تا ماوەی دوور و درێژ و ڕۆژی قیامەتێ، دەسبەجێ قیبلەیان کردۆتە بەهەشت و قددوسیشیان کردۆتە جەهەننەم، بەم جۆرە:

**قیبلە قدووس بە زمانی گەورەی نەخوێندەوار**
**بەهەشت جەهەننەم بە زمانی منداڵان**
**باشوور باکوور بە زمانی خوێندەواران**

گۆرانی گەورە هەستاوە پتر لەبەر ناسککردن و سەرنجڕاکێشتر کردنی دوو دێڕییەکە و پیشاندانی وێنەیەکی ڕوونتر لە زمان و وێڵ و نەریت و باری دەروونی و جۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵگایەکە، وەزارگراوی گەورە و منداڵانی لە یەک ڕستەدا زۆر بەپڕی و پتەوی تێکەڵ کردووە و فەرهەنگ و وێل و نەریتەکەشی هەتا هەتایێ لە لەناوچوون پاراستووە و بەنەمری هێشتۆتەوە، ئەوە بێجگە لە ئاواز و مۆسیقای دڵگیری دوو دێڕییەکە و ئەو وێنە ئەفسووناوییەی مزگەوتەکە، کە پێم وایە تا ئێستا هیچ دووربینێکی وێنەکێشی ئەوتۆ پەیدا نەبووە بتوانێ وێنەیەکی دوودیوبی ئاوامان بۆ بگرێ، لە یەک کاتدا هەردوو دیوەکە پێشانی تەماشاکەر بدات. سەرتاسەری دوو هاوینە گەشتەکەی گۆران پڕ پڕن لەو وێنە زیندووە پڕ جووڵە و هەست بزوێنانە، بەرێ خۆ بدێ:

*** خانووی بەگزادە لە سای درەختا**
**ئارامی بووکە لە کۆشی بەختا**
*** کورکە و نیو حیلەی ئالیک دواکەوتوو**
**خەو ئەتارێنێ لە چاوی نووستوو**
*** ئیتر تا ماوی چوو سەیۆسێنان**
**پیشانی تۆ با هەڵپەڕکێی چاو جوان!**
*** ئاسمانی شین و ئەستێرەکانی**
**پێدەکەنین بۆ بەری بەیانی**
**مانگی بەجێماو لەسەفەری شەو**
**زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو!**

ئیتر بەهیوای ئەو ڕۆژەی زمان و وێژە و هونەر و فەرهەنگی کوردی لەو هێرشی مەغۆل و تاتارە ڕزگاری بێ کە کراوەتە سەری و لە خلتەی ئەو لافاوە پاک بێتەوە کە وەسەری گەڕاوە.. بەرێشالە(١).

**(١) بەرێشالە: ئامین.**

# هەواڵ لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا

## (تێگەیشتنی ڕاستی) بە نموونە

سەباح شێخانی

ئەگەر لەسەرەتای ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە دەست پێ بکەین، ئەوە ئاشکرایە کە نۆبەرەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، لە غەریبیدا چاوی هەڵێناوە، دوای دەرچوونی سی و یەک ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان، هەر بە غەریبی سەری نایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بووە سیمبۆل و بەردی بناغە بۆ دامەزراندنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی. لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەواڵ کاریگەری هەبووە، بەڵام بەو شێوە نەبووە، وەک ئەوەی لە ڕاگەیاندنی بیانیدا دەبینرێت، جا چ بە هۆی شێوازی نووسینەوە بێت، یان ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرەیەی کە دێنە ڕێی. ئەمرۆ جیهان بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە، بووەتە گوندێکی بچووک، سەرجەم ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکان کە ڕۆژانە لە چرکەیەکدا لەسەر زەویدا ڕوودەدەن، بەشێوەی هەواڵ بڵاودەبنەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی سەرەتای پەیدابوونی هەواڵ کراوە و دواتر چۆن بە شێوەی نووسراو، گەلانی دنیای گرتۆتەوە و دواتریش پەڕیوەتەوە کوردستان، لێکۆڵینەوەکە باس لەوە دەکات کە چۆن بە هۆی کاریگەری تەکنۆلۆژیاوە، هەواڵ وەک هەموو لایەنەکانی دیکە لە دنیادا پێش کەوتووە، هەروەها لە بەشی دووەمی باسەکەدا، ئەوەش خراوەتە ڕوو کە تا چەند هەواڵ ڕۆڵی بینیوە. لەبەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا، ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) مان بەنموونە هێناوەتەوە، وەک ڕۆژنامەیەکی کوردی کە تا بزانین چەند لە ڕۆژگاری ڕابردوودا ڕۆڵی هەبووە. ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەم باسە، شێوەی مێژوویی شیکارییە لە کۆنەوە تا ئێستا، بەشێوەیەکی گشتیش شیکاری مێژووی دروست بوون و پەرەسەندنی هەواڵ لە مێژووی

ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، لە سەرهەڵدانییەوە تاکو ئێستا کراوە.

### بەشی یەکەم: هەواڵ چییە؟

هەواڵ، ڕاپۆرتێکە لەبارەی ڕووداوەکـــانەوە، نەوەک خودی ڕووداوەکە خۆی، لە هەر خولەکێکی دیاریکراو لە جـــیهـــاندا، ملیـــۆنان ڕووداو هەن و لە یەک کـــاتدا ڕوودەدەن، یەکـێک دەمرێ و یەکێکیش لە دایک دەبێ، ئەوی تریان تاوانێک ئەنجـام دەدات...تاد. هەمـوو ئەو ڕووداوانەش نابن بە هەواڵ تا ئەو کـاتەی ڕاپۆرتێکیـان لەبارەوە دەخرێتەڕوو. دکتۆر عەبدولستار جەواد دەڵێت: " هەواڵ شــتـێکە کـە پێــشــتـر نەمـانـدەزانی، یان تێی نەگـەیشــتـووین، یان لە بیـرمـان چووە." (١) هاوکـات فـــرایدەر بۆنت دەڵێت: " هەواڵی باش، ئەو هەواڵەیە کـەسەرنجی زۆرترین خـوێنەر ڕابکێـشـێت، ئەوکـات بە هەواڵێکی گرنگ دادەنرێت"(٢)

گـەورە نووسـەرانی بواری ڕۆژنامـەوانی پێـیـان وایە هەواڵ: وردەکـاری و گـواسـتنەوەی هەر ڕووداوێکە لە جـیـهـاندا بۆ خـوێنەر و گـەیاندنی زانیـارییـەکـانی ئەو ڕووداوەیە، نەوەک ڕووداوەکــە خــۆی. لێـــرەدا کـــاری هەواڵنێــران ئەوەیە کــە ڕووداوەکــە بێ کــەم و زیاد بە خـوێنەر بگـەیەنن. "هەواڵ بابەتێکی ڕۆژنامـەوانیـیـە، زانیاری نوێ لە خۆ دەگرێ، کە پێشتر لە لای توێژێکی زۆری خەڵک نەزانراو بووە."(٣)

سـەبارەت بە هەواڵ لە ڕۆژنامـەنووسـیی کـوردیدا، لە سەرەتادا پێوەندییەکی باشی بەپرەنسیپەکانی نووسینی هەواڵ نەبووە و لەگـەڵ بنەمـاکـانی ئەو پێناسـانە تەواو یەک ناگرنەوە، چونکە لە ڕۆژنامـە کـۆنەکـانی کـوردی بە تـایبـــەت ئەوانەی لەشـــاخ دەردەچوون، شـــتـگەلی وا دەبینرێت، کـە لە یەک کـاتدا، ڕووداو و ئاشکراکـردن و خستنەڕووی زانیارییە، بە جۆرێک هەندێ جار ناوەڕۆکی وتارێک بووەتە مـانشـێتی ڕۆژنامـەیەک، یان بیـروڕای نووسەرێک، سیاسییەک کراوەتە هەواڵ. بەشی میدیای ئازاد لە ڕێکخـراوی (ICSP) پرۆگـرامی کـۆمـەڵگەی مەدەنی عیراقی بەم شێوەیە پێناسەی هەواڵی کردووە:" هەواڵ کەلوپەلێکە وەک هەر کەلوپەلێکی دیکە بازرگانی پێوە دەکرێ و دەبێ پارەشی بۆ خەرج بکرێ. بە واتایەکی دیکە هەواڵ بریتییە لەهەر زانیارییەک کە گشت خەڵک سـوودی لێ دەبینێ." هەواڵ شـتێکی جیـایە لە ئاسـایی بوون. بە واتایـەکی دیکە، هەواڵ شــتــێکی دەگــمــەن و نائاسـاییــە، هەروەک (جــۆن هۆکــارت) ســەرنــوســەری (نیــویۆرک ســەن ســتی) زیاتر لەســەدەیەک لەمــەوبەر وتوویەتی:" ئەمە هەواڵ نییـە کاتێک سەگێک گـاز لە پیـاوێک دەگرێت، بەڵام کـاتێ پیـاوێک گاز لەسەگێک دەگرێ ئەمە دەبێتە هەواڵ!!."

### هەواڵ چۆن سەری هەڵدا؟

دەکـرێت بڵـێین، هەواڵ لەگـەڵ بوونی مـرۆڤ سـەری هەڵداوە، واتە هەر لەوکـاتەی مـرۆڤ سـەر زەوی ئاوەدان کردۆتەوە، جۆرێک لەپێوەندی کردن لە نێوان مرۆڤەکان و گـواسـتنەوەی زانیـارییـەکـان بە شـێـوەیەکی نەنووسـراو هەبووە، سەرچاوە مێژووییەکان ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە لە سـەردەمـە کۆنەکـاندا پێوەندی کردن لەنێوان مـرۆڤـدا هەبووە، ئەو پێوەندی کردنەش دەکرێت بڵێین جۆرێک لە هەواڵ گواستنەوەی تێدا بووە، لەسەردەمەکانی دواتریشدا هەواڵ بە شێوەیەکی زانستییانەتر دەرکەوتووە. هەواڵی سـەرکـەوتنی شـەڕەکـان بەکـردنەوەی ئاگـر و هەواڵی گەیشتنی کەشتی بە هەڵدانی ئاڵا ئاماژەیان پێ کراوە. پرۆفـیـســۆر کــورتیس مــاگــدوگــاڵ لەبنەمــاکــانی هەواڵنووســیندا دەڵێت: " لە ســەرەتادا بەر لە نووسین خــەڵکان لەســەر دەریاکــان دەوەســتــان و چاوەڕێی کەشتییەکانیـان دەکرد تاکو خەڵک هەواڵی شارەکانی تریان پێ ڕابگەیەن." ئەمـەش ئەوە دەسـەلمێنێ کـە لەگـەڵ گـەڵاڵەبوونی بیـر و عـەقڵی مرۆڤ لە دنیـادا، هەواڵیش سەری هەڵداوە، هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤیش لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا هەواڵیش گۆڕانی بەسەردا هات و لە قاڵبە سادەکەی جارانی چووە نێو قاڵبێکی دیکەو لە ڕووی شێــواز و فـۆرمـیـشـەوە بەرگـێکی نوێیـان بە خۆیانەوە کرد.

دوای داهێنانی پیـتی نووسین لە لایەن زانای ئەڵمـانی (گۆتێنبێرگ)ـەوە، هەواڵ و هەموو نووسراوەکانی دیکەی ڕۆژنامـەنووسـیی و کـتـێب و نووسـراوە ئایینیـیـەکـانیش چوونە قـۆناغـێکی دیکەوە، کە بە قـۆناغـێکی زانسـتی دادەنرێ، بەم پێـیـەش نـوسـراو و ڕووداوەکـان قـاڵـبـێکی دیکەیـان بە خـۆوە بینی و بە شـێـوەیەکی بەربڵاوتر بەناو خــەڵکدا بڵاوبوونەوە، دوابەدوای ئەمـــەش لەگـــەڵ چوونەپێـشـەوەی تەکنۆلۆژیا، لە وڵاتە پێشکەوتووەکـاندا

ڕۆژنامە و گۆڤارێکی زۆرتر بڵاو بوونەوە و هەریەکەیان بە شێوەیەک هەواڵی ڕۆژیان بە خوێنەران دەگەیاند، دوا بە دوای ئەوانیش لەگەڵ پەیدابوون و هاتنی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و کۆمپیووتەر، هەواڵ زیاتر گۆڕانی بەسەرداهات، بەوەی هەواڵی خێرا، لە هەر چرکەیەکدا بە خوێنەران بگەیەنرێت.

### کورتەیەک لە مێژووی دروست بوون و پەرەسەندنی هەواڵ

سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی ڕۆژنامەوانی بە شێوەیەکی دیاریکراو نەزانراوە، بەڵام وەک گوتراوە ڕۆژنامە هێندەی دنیا کۆنە، دیارە ئەمە نەبۆتە مایەی ئەوەی مێژوونووسان بە دوای سەرەتاکانی ئەم پرۆسە گەورەیەدا نەگەڕێن. هەرچەندە بیروڕاکان لەسەر دیاری کردنی یەکەمین ڕۆژنامە لەدنیادا جۆراو جۆرە، بەڵام دەشێ لێرەدا ڕای چەند مێژوونووس و بیرمەندێک بخەینەڕوو. لەمێژووی کۆندا لەگەڵ هەبوونی دەربڕینە نەنووسراوەکان، دەقی تۆمارکراویش بەدی دەکرێت کە لە ڕێی ئەو دەقانەوە خەڵکی ژێر دەسەڵاتێک لە دەستوور و یاساکانی ئەو دەسەڵاتە ئاگادار کراونەتەوە وەک ئەوەی فیرعەونەکان فەرمان و یاساکانیان لە پەرستگەکاندا هەڵدەکۆڵی. " مێژوونووسی جوولەکە فلافیوس جۆزێف ئەوە ڕادەگەیەنێت کە بابلییەکان کۆمەڵێک خەڵکیان لەسەردەمی خۆیاندا داناوە کە ئەرکیان تۆمارکردنی ڕووداوەکان بووە. هەندێ سەرچاوەی تریش دەڵێن: بە شێوەیەکی ڕێکخراو، وەک پەیامێکی ڕاگەیاندن ڕۆژنامەیەک بەناوی (کین بان)ەوە لە چین، ساڵی (٩١١) پێش زایین دەرکراوە." (٥)

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەگەڵ ئەوەی پێش دروست بوون و هاتنەکایەی ئاژانسەکان هەر هەبوون، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان ئەمڕۆ لەسەر ئاژانسەکانی دەنگوباس دەژین. لە کۆن و دێرینەوە لە چاخەکانی پێش مێژوو ئەو کاتەی مرۆڤ پێی نەخستبووە نێو شارستانیەتییە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و بەتەکنۆلۆژیای جیهانی مودێرن ئاشنا نەببوون، هەر هەوڵی ئەوەی دەدا هەواڵی دەورو بەرەکانی بزانێ، جا بە هەر هۆیەک بووبێت، لە ڕێگەی کەسانی بازرگان و موسافیرەکان و نامەو پۆستەکانی نامەبردن بێت، تەنانەت لە سەردەمەکانی ڕاو و



میقداد مەدحەت بەدرخان

کۆکردنەوەی بژێوی ژیان ئەمە هەر هەبووە، چونکە لەو کاتانەشدا مرۆڤ تاڕادەیەک لە مرۆڤەکانی دیکەی دەوروبەری پرسیوە ، تەنانەت ئەگەر لە هەواڵی تەندروستیشی پرسیبێت." دوای سەرهەڵدانی شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵاتیش بەتایبەتی شارستانییەتی یۆنانییەکان و ئاسیا و دۆڵی نیل، وەک یەکێک لە دیاردەکانی ئەو دوو شارستانییەتە، مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە بە دوای هەواڵدا دەگەڕان، بە تایبەتیش ئەوەی پێوەندی بەهەواڵی سوپا و باری ئابوورییەوە هەبووبێت."(٦)

ئەم شارستانییەتە بووە هۆی گوڕ و تینێک بۆ ڕۆژهەڵاتییەکان، لە شارستانیەتی (گریک) یشدا مەسەلەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ زیاتر پەرەی سەند. لە (ڕۆما)شدا، یولیۆس قەیسەر ڕۆژنامەی ڕووداوەکانی ڕۆژانی ساڵی (٥٩پ.ز) دەرکردووە، ئەو ڕۆژنامەیە تایبەت بوو بە هەواڵ و بڵاوکراوە ڕەسمییەکانی دەوڵەت، لەمەیدانە گشتییەکاندا بەدرێژایی ڕۆژێک هەڵدەواسران، تەنانەت زۆرجار دانەشیان لەبەر دەنووسرایەوە تا لە ماڵاندا بخوێنرێتەوە. "لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا دەتوانین بڵێین هەواڵ بە شێوەیەکی نووسراو لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی

(کوردستان)که له قاهیره له لایەن میقداد مەدحەت بەدرخان له (٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ ) دەرچوو و بڵاوکراوەتەوە." (٧) لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، دەکرێ بێژین، ڕۆژنامەی کوردستان ئەگەرچی نووسراوەکانی له شێوەی هەواڵ نەبوون، بەڵام بە دڵنیاییەوە تا ڕادەیەکی زۆر مەبەستەکانی دەگەیاند و لە سەردەمی ئەوکات و بۆ ئێستاش جێگای بایەخ بوو، مێژوویەکی گرنگی له ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەیە، ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە بووە ڕێ خۆشکەرێک بۆ دروست بوونی کۆمەڵە و ڕێکخراو و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەی سەدەی بیستەم. ئەگەر سەیریشی بکەین ئێستا وەک کاڵاکان چۆن لە بازاڕدا دەفرۆشرێن، بەرهەمەکانی ڕاگەیاندنیش ئەوەندە زۆر بوونە، ڕۆژانە دەکەونە بازاڕەوە. دکتۆر محەمەد ئەلدرۆبی لە ڕۆژنامەنووسیی و ڕۆژنامەنووسی هاوچەرخدا، دەڵێت: " ئەگەر کارەکە بەم شێوەیە بێت، ئەوە بەرهەمەکانی ڕاگەیاندن، یان پەیامەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ یەکتریدا لە کێبڕکێیەکی تونددان." (٨) ئەمە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ که ئەمڕۆ بە هۆی زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پرۆفیشناڵی ڕۆژنامەنووسان لە بوارەکانی ڕاگەیاندندا، ڕۆژانە هەواڵی نوێ و ڕووداوی لە ناکاو دێنە کایەوە، ئەوانیش بە شێوەی خێرا دەیگوازنەوە بە مەبەستی ئاگادار بوونی هەموو جیهان لەم هەواڵانە، لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراوەکان لەسەر بنچینەی ناوبانگ پەیدا کردن، لە کێبڕکێیەکی بەردەوامدان، هاوکات وەک کاڵایەکیش ڕۆژانە بازرگانی بە هەواڵەکانیانەوە دەکەن، بەڵگەش ئەوەیە، ئەگەر سەیر بکەین لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێکی ورووژێنەر ئەمڕۆ له جیهاندا، چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندن بەیەکەوە ڕووداوەکە دەگوێزنەوە و هەریەکەشیان بۆ کەناڵەکەی خۆی به شێوەیەکی تایبەت پەخشی دەکات.

## ئەو گۆڕانانەی بەسەر پەیدا بوون و پەرەسەندنی هەواڵدا هات

ڕۆژانە سەدان ڕووداو لە جیهاندا ڕوودەدەن، زۆربەیان بە هۆی خاڵی بوون لە بایەخی پێوست، نابنە هەواڵ، بۆیە پێوستە بەپێی پێوەرێک، جیاکردنەوە هەبێ. سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی بەهۆی نەبوونی تەکنۆلۆژیایەکی مۆدێرن و کێشە و گرفتە زۆرەکانی، له قاڵبێکی سادەدا بوو، بەڵام ئێستا ئەمانە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، هۆکارەکەش بۆ زۆر لایەن دەگەڕێنەوە، یەکێک لەوانە بریتییە لەوەی تەکنۆلۆژیا لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینی کە تا ئێستاش لە هەوڵی بەرەو پێشەوەچووندایە. "ئەگەر ڕۆژانێک هەواڵی ڕۆژنامەکان بە پچڕپچڕی بە ڕێگەی تەلەگرافەوە بە ڕۆژنامەکان گەیشتبێ، ئێستا دەیان ئامێری پێوەندی کردن هەیە کە لە چرکەیەکدا بیگەیەنێتە هەموو جیهان."(٩) ئەگەر سەیرکەین دوا بە دوای ڕووداوی داهێنانی چاپخانە لەلایەن زانای ئەڵمانی گوتەنبێرگ، ڕۆژنامەنووسیی چاپکراو سەری هەڵدا، کە بریتی بوو لە چاپ کردنی هەواڵ و بابەتەکانی دیکەی ڕۆژنامە. لە ئامێری چاپ کردنیشدا، سەرەتا پیتەکان بە دەست دادەنران و چاپکردنیش بە دەست دەکرا، بەڵام دواتر دانانی پیتەکان لە دەستەوە گواسترایەوە بۆ لاینۆتایپ. چاپ کردنیش لە دەستەوە بوو بە چاپکردنی هەڵمی، ئەمڕۆکەش پیتچنین لەڕێگای کۆمپیووتەرەوەیە و چاپکردنیش بە ئامێری ئۆمیستە. دواتر لە سەدەی بیستەمدا، ڕادیۆ وەک ئامرازێک لە ئامرازەکانی پێوەندی جەماوەری دۆزرایەوە، ڕۆژنامەنووسیی لەسایەی دۆزینەوەی ئەم ئامێرە نوێیەوە، چووە قۆناغێکی دیکەوە، کە مرۆڤ لە سایەیدا دەتوانێ لە کاتی کارکردنیشدا گوێی لێ بگرێت. " لەساڵی (١٩٤٨) دوا بە دوای دۆزینەوەی ئامێری تەلەڤزیون و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی گرنگ، ڕۆژنامەنووسیی چووە قۆناغێکی ترەوە و توانرا لە ڕێگای پەخشی وێنەییەوە هەواڵەکان بگەێنرێنە جەماوەر، بەم شێوازەش ڕۆژنامەنووسیی بینراو سەری هەڵدا و ڕۆژنامەنووسیی چووە قۆناغیکی باڵاتر کە ئەمڕۆ ڕووداوەکان وەک خۆی بۆ هاووڵاتیان بە وێنەوە دەگوازێتەوە."(١٠) دوای ئەمانەش لەڕێگای تۆڕەکانی پێوەندی جیهانی کۆمپیووتەر و ئینتەرنێتەوە، سیستمی نوێی پێوەندی هاتە کایەوە، توانرا بە خێرایی و لە کاتی گونجاودا هەواڵەکان بگەینرێنە هەموو جیهان، هەر بۆیەش ئینتەرنێت بە لووتکەی گوزارشت کردن دادەنرێت.لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیشدا گۆڕانەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەدوای ڕاپەڕین سەریان هەڵدا، بە تایبەت لە ڕووی دەربڕینی ئازادی بیرورا. بەر لەساڵی (١٩٩١) بە حوکمی ئەو سانسۆرەی دەسەڵاتی بەعس

لەسەر هەموو گەلانی عیراق بە گشتی و کوردیش وەک نەتەوەیەک هەبوو، نەتوانرا وەک پێویست، گۆڕانکاری بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی بکرێت، ئەمە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەر ڕاستە، ئەگەر بەر لە ڕاپەڕینی (۱۹۹۱) هەوڵێک هەبووبێت، بەشێوەیەکی سەرەکی کوردەکانی تاراوگە بوونە، ئەگەرنا ئەوانەی کوردستان هەمووی بە نهێنی بووە، جا چ لە شاخ بووبێ، یان لەناو شار. دوای ڕاپەڕینی بەهاری (۱۹۹۱) یش گۆڕانکارییەکی خێرا لە کوردستان سەری هەڵدا، ڕۆژنامەنووسیش لەوگۆڕانکارییە بێ بەش نەبوو، تەنانەت دەتوانرێ بگوترێت ڕۆڵی بەرچاویشی لەو گۆڕانکارییەدا هەبوو، بە تایبەتیش دوای کردنەوەی بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگە و زانکۆکانی کوردستاندا، کە بە هۆیەوە توانرا تارادەیەک کادیری ئەکادیمی پێ بگەیەنرێ، لەوەش گرنگتر ئەوە بوو چەند ڕێکخراوێک هاتنە کوردستان بۆ پێگەیاندنی کادیری بواری ڕاگەیاندن، بەتایبەتیش ڕێکخراوی (IWPR). دوای ئازادی عیراقیش دەرفەتێکی باش ڕەخسا بۆ هاتنە ناوەوەی ڕاگەیاندنە بیانییەکان و کردنەوەی خول و وۆرک شۆپ و سیمینار بۆ پێگەیاندنی کادیری ڕاگەیاندن، ئەوەش گۆڕانێکی زۆری لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی دروست کرد، بەرهەمەکەشی ئەوەیە کە ئێستا بەدەیان لە ڕۆژنامەنووسانی کورد، نووسەری ڕۆژنامە گەورەکانی جیهانن، ئەوە جگە لەوەی لێشاوێک گۆڤار و ڕۆژنامە لە کوردستاندا دەردەچێت.

## بەشی دووەم: ڕۆڵی هەواڵ لە ڕۆژنامەدا

ڕۆژانە سەدان و هەزاران ڕووداو لە جیهاندا ڕوودەدەن، کە زۆربەیان بەهۆی خاڵیبوون لە بایەخی پێویست نابنە هەواڵ، بۆیە پێویستمان بە هەندێ پێوەر هەیە تا بتوانین هەواڵ لە (غەیرە) هەواڵ جیابکەینەوە، ئێستا ئەم پرسیارە دێتە کایەوە کە ئەم پێوەرانە لە کوێن؟ لە دڵی ڕووداوەکاندا، یان لە هەست و دەروونی ڕۆژنامەنووساندان؟ دەتوانین بڵێین ئەم پێوەرانە لە دڵی ڕووداوەکاندان، نەک لە هەستی ڕۆژنامەنووساندا، بەڵام ئەم هەستە دەروونییە، یارمەتی ڕۆژنامەنووسیی دەدات بۆ دۆزینەوەی پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ڕووداو. هەواڵ بایەخ و بەرفراوانی زۆری تێدایە تا بتوانێ لەسەر جەماوەرێکی زۆر و بەرفراوان کاریگەر بێت، لە ئێستا و داهاتووشدا گرنگ نییە کارتێکردنەکە نێگەتیڤ، یان پۆزەتیڤ، ڕاستەوخۆ، یان نا ڕاستەوخۆ بێت، بۆ نموونە، کە هەواڵێک سەبارەت بە زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران بڵاودەبێتەوە، ئەم هەواڵە بایەخی بەرفراوانی تێدایە، چونکە پێوەندی بە زۆرینەی خوێنەران و بینەران و بیسەرانەوە هەیە، بەم جۆرە ڕۆڵی هەواڵ لە ڕۆژنامەدا دیاری دەکرێت. دەتوانین بڵێین هەواڵ لە ڕۆژنامەدا کاریگەری زۆری لەسەر خوێنەران و جەماوەر هەیە، بەتایبەت هەواڵی سەرەکی، ئەو هەواڵانەی پێوەندییان بە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکەوە هەیە، ئەگەر سەیر بکەین، بەتایبەت لەکوردستاندا، ئەو ڕۆژنامانە خوێنەریان هەیە کە گرنگی بە هەواڵی ناوخۆیی دەدەن. هەواڵ یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی ڕۆژنامە، ڕۆژنامەنووسی بەر لە هەموو شتێک، دەبێ سوود بە جەماوەر بگەیەنێت، مەرج نییە هەموو هەواڵێکیش سوودمەندی تێدا بێ، بەڵام دەبێ بە هەر شێوازێک بێ سەرنجی خوێنەر بۆ ڕۆژنامەکە ڕابکێشێت، بەم شێوەیە ئەگەر ڕۆژنامە شتی نوێ و سەرنجڕاکێش بڵاوبکاتەوە بە مەرجێ لەسەر شێوازێکی نوێش دابڕێژرێ، ئەوە زۆرترین خوێنەر لەخۆی کۆدەکاتەوە، ئەمە نەک تەنیا بۆ هەواڵ، بەڵکو بۆ هەموو بابەتەکانی تری ڕۆژنامەکەش دروستە، چونکە لەهەموو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، وا باوە ئەگەر تۆ لە داڕشتن و نووسینەوە و ئامادەکردن و وەرگرتنی هەواڵ شارەزابیت، ئەوە پێویست ناکات بێین بڵێین لە ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ و کارەکانی تری ڕۆژنامەنووسی شارەزا بیت، چونکە هەواڵ هەموو ڕەگەزە ڕۆژنامەنووسییەکانی دیکەی لێ دەردەچێت. ئەمەش وادەکات لە داڕشتن و نووسین و وەرگرتنی ڕاپۆرت و نووسینەکانی تری ڕۆژنامەکە جۆرێک لەو تازەیی نووسین و سەرنج ڕاکێشان بێت کە ئەمانە هەمووی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. دەبێ ئەمە لەبیر نەکەین لەپاڵ شیکردنەوەی هەواڵ بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵی و جوانی و تازەیی، پێویستە ورووژێنەریش بێت و کار لە ناخی خوێنەر بکات. کارتێکردنێک کە تەنیا ناخی نەگرێتەوە، بەڵکو لە ناخییەوە کار بکاتە سەر ئەقڵ و لۆژیکیش و وا بکات خوێنەر خۆی بە دوای زانیاری زیاتر لەسەر هەواڵەکە بگەڕێت، ئەگەر لەو ژمارەیەش نەبێت، هەوڵ بدات خوێنەر بە دوای زانیاری

زیاتر له مــەڕ هەواڵەکــە بچــێت. هەواڵ ڕۆڵێکی کــاریگەری بەرچاوی لە وورووژاندنی جـەمـاوەر هەیە و دەبێتـە هۆکـارێکی گـرنگیش بۆ ناساندنی ڕۆژنامـەکـە، تەنانەت بڕیاری یەکــلاییکردنەوەش لەســەر دوارۆژی ڕۆژنامەکە دەدات، دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین هەواڵنێران بەرپرسـیـاری یەکەمن لەو هەواڵانەی دەیدەنە ڕۆژنامـەکـە کــە تا چەند دەتوانن کــاریگەری دروست بکەن. هەواڵ سـەرچاوەیەکی بە سـوودیشـە بۆ بەدواداچوون و ڕاپۆرتە هەواڵـیـیـەکـانی ڕۆژنامـەکـان، ئەگـەر سـەیر بکەین لە ڕۆژنامــــەنووســــیی وڵاتە پێـــشـکەوتووەکـــاندا، ڕۆژنامەنووسان سەلیقەیەکی تەواویان لەسەر باگراوندی ڕووداوەکاندا هەیە، ئەویش دەبێتە هۆی ئەوەی گرنگی بە هەواڵ بدەن و بەدواداچوون بۆ ئەم هەواڵانە دەکــەن. بۆ نموونە: کوژرانی کەسێک، ڕاستە لەیەکەم بڵاوبوونەوەی تەنیا ئەم ڕستەیە کە دەڵێت (کەسێ کوژرا) هەواڵێکە، بەڵام ئەو بەدواداچوونانەی لە ڕۆژانی دواتر بۆی کــوژاوە کـە دەکـرێ، دەتوانرێ ڕاپۆرت و ڕیپـۆرتاژ و دیمانەی لێ دروست بکرێ و بە هۆی بەدواداچوونی هەواڵی یەکـەم، ڕۆژنامەی یەکەمیش کە هەواڵەکەی بڵاوکردۆتەوە، دەبێ بەسەرچاوەیەک بۆ هەمـوو ئەو ڕۆژنامـانەی بەدواداچوون لەبارەی هەواڵەکەوە دەکەن.

ڕەنگە هەمـــوو هەواڵێـک بەر لە نـووســـینەوەی بە شـێـوەیەکی ڕۆژنامـەنـووسـیـانە، یان لە بیـرو هۆشی ڕۆژنامەنووسەکەدا گەڵاڵە بووبێ، یان بەسەرە قەڵەم لای خۆی نووسیبێتی، یان بە شێوەیەکی سەرەتاییانە تۆماری کـردووە. لێـرەدا ڕۆژنامـەنـووس پێـویسـتـە بە جـۆرێک دایبـڕێژێتـەوە کـە ئامـانجـەکـەی پێ بپـێکێ و گـرنگی هەواڵەکـە دەربخـات و خـوێنەریش بە زانیـاری نوێ تێـر بکات، هەروەها دەبێ بابەتیـیـانە و بێ لایەن و سـادەو ساکاریش بێ بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاسانی لێی تێبگات، بۆ ئەو مەبەستەش وا باشترە ڕۆژنامەنووس (ئامادەکاری هەواڵ) بە شێوەیەک هەواڵەکە بنووسێ کە هیچ کام لەم خــاڵانەی تێــدا نەبێت:" درێژدادڕی، دووبارەبوونـەوە، ناوونیـــشــــانی بەیەکـداچوو، یاری کــردن بە زاراوە و وشــەکــان، زاراوە و وشــەی ئاڵۆز، کـەمی وردەکــاریـیــە گرنگەکان، بێ نرخی مەسەلەکە، گەڕاندنەوەی وردەکاری بۆ دواوە، پرسیارکردن، بەهەڵە وەسفکردن." (۱۱)

**سەرچاوەی هەواڵ لە ڕووی ڕاستگۆیی و ئازادییەوە**

ســـەرچاوەگـــەلێکی ڕۆژنامــــەوانی هـەیە، کـــە ڕۆژنامــەنووســـان دەتوانن ڕۆژانە هەواڵی لێ بە دەست بهێنن، ئەوەی لە ڕۆژنامـەنووسیی پێویستـە، ئەوەیە کە سەرچاوەکەی ڕەسمی بێت و کەناڵێک هەبێ هەواڵەکەی لێوەرگرتبێ و جێگەی بڕوا بێ.

ئەمـە لە کـاتێکدا مـتـمـانەکـردن بۆ ڕۆژنامــەنووس پێویستە ئەگەر یەکێک هەواڵێکی نهێنیت بداتێ و ڕازی نەبێ وەک سەرچاوەیەکی ڕەسمی نـاوی بهێنی، دەبێ لەم کاتەدا ڕۆژنامەنووسەکەش ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنووسیی ڕەچاو بکات و ئەو ســەرچاوەیە بەشـێــوەی دیار باس نـەکـــــات، چـونـکـە لەوانـەیە نـاوهـێـنـانـی هـەنـدێـک لەسـەرچاوەکـان لەگـەڵ دەسـەڵات کـێـشـەیان بۆ دروست بکات، بە تایبـەتیش لەو وڵاتـانەی کـە سـیـسـتـمی دیموکراسی بە تەواوی پەیڕەو ناکرێت، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە ڕاستگۆیی ڕۆژنامەنووسەکەش دەردەخات و دەبێتـە جێگەی متمانە لەلای ئەو کەسانەی جارێکی دیکە هەواڵی بە بـایـەخـتـــری پێ بدەن، بەڵام دەبێ ڕۆژنامــەنووســەکــە ئەوەش لە بیــرنەکـات کــە ئەو ســەرچاوەیەی هەواڵی لێـوەرگـرتووە، جـێگەی بڕوایەو هاوکات ناوی شوێن و کات، تەنانەت بەڵگەشی لا بێت کـە هەواڵەکـە لە کێ وەرگـیـراوە بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی هەر ئەگـــــەرێک، بـەڵام دەبێ هـەر چۆنـێک بـێت لـە پەرەگـرافی یەکـەمـدا ئامـاژەیەکی ڕوون بدەی بۆ شـوێنی سەرچاوەی هەواڵەکە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر جەماوەر کـەم نەکـەیتـەوە و تاڕادەیەکی زۆریش دڵنیـایی بە دڵی جەمـاوەر بدات. بۆ نموونە: (سـەرچاوەیەک کـە نەیویست نـاوی خـۆی ئاشکرا بکات لە ســەرۆکــایـەتی هەرێمی کـوردسـتـان تایبـەت بە ڕۆژنامـەکـەمـانی ڕاگـەیاند کـە لێبوردنێکی تایبەت لە جەژنی قوربان دەردەچێ.) ئەمە دڵنیـایی بۆ جەمـاوەر تێدایە کە سەرچاوەیەکی ڕوونە، بەڵام بەو شێوەیە نییە کە ناوی کەسەکەش بێت بۆ ئەوەی لە داهاتوو ئەگـەر هەواڵەکـە هەڵە بوو، ڕەنگدانەوەکـان ئاراسـتـەی ئەو بکرێن، بەڵام دەبێ هۆکـارێک هەبێ کـە ناوی کەسەکە لەو سەرچاوەیە نەهاتووە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ ئەگـەر بڕیارەکـە جـێـبـەجێ نەکـرا، ئەو کـەسـە ڕووبەڕووی هەڕەشــە نەبێــتـەوە، یان ئەوەتا دەسـەڵات ڕێـگـەی نـەداوە ئـەو هـەواڵـە ئـاشـکـرا بـکـرێ تـا ڕۆژی

جێبەجێکردنی، باشتریش وایە یەک سەرچاوەی ڕوون لە سەرچاوەگەلێک بەکاربێت، چونکە سەرچاوەگەلێک هەندێ جار لە هەواڵەکان فۆرمی هەواڵ تێکدەدەن و لەو شێوازە دەری دەچوێنن کە هەواڵی لەسەر داڕێژراوە، بێجگە لەوەش سەرچاوەگەلێکی نادیار بۆ ڕاپۆرتە هەواڵەکان جێگەی متمانەی جەماوەر نین، بە نموونە (فەرمانبەرێک کە لە کۆبوونەوەکە بوو) لە بری ئەوە (سەرچاوەکی فەرمی) بەکاربێت گونجاوترە، "تاکو سەرچاوەکانی هەواڵ لای خەڵکی بە هێز و ناسراو بن، هەواڵەکانیش زیاتر لای وەرگر جێی متمانە دەبن." (١٢) بەم پێیەش ئەرکی دەوڵەت و سیستەمە دیموکراسییەکانی جیهان ئەوە دەبێت کە هەرچی بەڵگە و دوکیومێنت هەیە لە ئامار و نهێنییەکانی خۆیان بیخەنە بەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانەو دوور لە شاردنەوەی هەندێکیان و ناڕاستی لە زانیارییەکانیان، چونکە وەک مافیش، هەموو تاکێک مافی ئەوەی هەیە نوێترین زانیاری دەوڵەت و ئامار و بەڵگەکانی بزانێت،" هەربۆیە لێرەدا پێویستی هەقی زانین دێتە پێش، کە یەکێکە لەو مافانەی ڕۆژنامەوانان لەپێناو بەدەست هێنانیدا هەوڵ و خەبات و قوربانی زۆریان داوە، ساڵانەش دەیان و سەدان ڕۆژنامەوان بە تایبەت لە بەرەکانی جەنگدا گیانیان بەخت دەکەن تا هەرچی زیاتر و زووتر دنیا بگەیەننە ئەو قۆناغەی کۆمینیکەیشن و کایە بەرفراوانەکانی گەیاندن و ڕۆژنامەوانی."(١٣)

## بەشی سێیەم: هەواڵ لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا

هەرچەندە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بە مەبەستی خزمەت کردن بە ئامانجەکانیان دەرکراوە، بەڵام وەک دەسپێکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە عێراق، جێگەی بایەخ و گرنگیپێدانە، دەتوانێت بە هۆیەوە سیمایەکی ئەو سەردەمەمان پیشان بدات. هەڵبژاردنی ناوی تێگەیشتنی ڕاستی، بۆ ڕۆژنامەیەکی کوردی ئەو سەردەمە، کارێکی تازە و داهێنەرانە بوو. تێگەیشتنی ڕاستی وەک ڕۆژنامەیەکی هەواڵی، شێوازی نووسین و داڕشتنی هەواڵەکانی وەک ڕۆژنامە هاوچەرخەکانی ناوچەکە دەرچووە. بە هۆی دواکەوتوویی تەکنیکی ڕۆژنامەنووسیی لەو سەردەمەدا و کەمی ژمارەی لاپەڕەکانی، هەواڵەکان لەسەر شێوازی گێڕانەوە نووسراون، تا ئەو شوێنەش کە بۆیان کراوە، سوودیان لەو ڕووبەرە کەمە بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان وەرگرتووە، بە تایبەتی ئەو هەواڵانەی کە پەیوەندیدار بوون بە جەنگەوە، بۆیە هەواڵەکان زانیارییەکی یەکجار زۆریان سەبارەت بە ڕووداوەکان خستۆتەڕوو.

### ستافی ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی

لەبەرئەوەی لەسەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا، بێجگە لە ژمارە (٢٤) لە وتارێکدا بە ناونیشانی (عەدالەت شیرێکی تیژە) ناوی نووسەرەکەی (زین العابدین کاشانی) لە ژێر نووسراوە، ناوی هیچ کەسێکی تر نەنووسراوە، تا ئێستاش بە تەواوەتی ڕوون نییە کە ستافی ڕۆژنامەکە چەند کەس بوون و کێ بوون. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە (مێجەر سۆن) و (شوکری فەزڵی) ڕۆژنامەکەیان دەرکردووە و بەڕێوەیان بردووە.ئەو دوو کەسە پێشتر کاری ڕۆژنامەوانییان کردووە، مێجەرسۆن لەو ڕۆژنامە عەرەبی و فارسییانەی کە ئینگلیز لە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە دەریان کردوون ڕۆڵی هەبووە. (شوکری فەزڵی) یش پێشووتر لە ڕۆژنامەکانی بەر لە یەکەمین جەنگی جیهانی لە (التعاون، الزهور) کە لە بەغدا بڵاوکراونەتەوە، بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شیعریشی بڵاوکردۆتەوە. (١٤)

### سەرچاوەی هەواڵ

سەرچاوەکانی ڕۆژنامەنووسی لە دوو سەرچاوەی سەرەکییەوە، بە ڕۆژنامە دەگات. **یەکەم:** پەیامنێرانی ڕۆژنامە، کە بەردەوام بە دوای هەواڵی جۆراو جۆردا بۆ ڕۆژنامەکە دەگەڕێن و لە لایەن ڕۆژنامەکەشەوە دەبێت جێگای متمانەبن. **دووەم:** ئاژانسەکانی دەنگوباس، سەرچاوەی هەواڵن بۆ ڕۆژنامەکان، ئەگەر سەیر بکەین لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ئەو شێوازە زۆر ڕوون بەرچاو دەکەوێ کە ڕۆژنامەکان ڕۆژانە چەند هەواڵێک بڵاودەکەنەوەو لە سەرەوە نووسیویانە (ئاژانسەکان) ئنجا هەریەکەو بە جۆرێک، هەیانە ناوی ئەو ماڵپەڕەش

دەنووسێ کە هەواڵەکەی لێ وەرگرتووە، هەندێکیشیان تەنیا ناوی (ئاژانسەکان) بەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکەیەوە بڵاو دەکاتەوە کە لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنووسییەوە ئەوەی یەکەمیان ڕاستترە. لە بارەی ڕاستگۆیی بۆ سەرچاوەکانی هەواڵ، ڕۆژنامە بەرپرسیاریەتی ئەو هەواڵانە لە ئەستۆ ناگرێت کە لە ئاژانسەکان وەرگیراون، چونکە سەرەتا ئاژانسێک، ئەو هەواڵانەی بڵاوکردۆتەوە، ڕۆژنامەکەش تەنیا ئەرکی وەرگێڕان و دارشتنەوەی هەواڵەکەی لەسەرە، بە مەرجێک کە گۆڕانکاری لە مانای هەواڵەکەدا نەکات. لەو ڕۆژنامەیەدا سەرچاوەی هەواڵ، بەشێوەیەکی گشتی ئاژانسی ڕۆیتەرزە، کە لەسەر ناوونیشانی هەواڵەکان نووسراوە (تەلەغراف ڕۆیتەر)، ئەگەرچی ئەو سەردەمە وەک ئێستا ڕاگەیاندن پێشکەوتوو نەبووە، کەچی ئەو ڕۆژنامەیە توانیویەتی سوودێکی زۆر لە ئاژانسی ڕۆیتەرز وەربگرێت، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ستافی بەرێوەبردن لەو ڕۆژنامەیەدا دەرکیان بەوە کردووە، ئاژانسی ڕۆیتەرز وەک سەرچاوەی یەکەم بۆ هەواڵەکانی دەرەوە بەکاربێنن. ئەمە بێجگە لەوەی کە تارادەیەکی باش، بایەخ بە هەواڵی ناوخۆیی هەر سێ ویلایەتەکەی عیراقیش دراوە، کە ئەو سەردەمە لەلایەن لەشکرکێشی بەریتانیاوە هەواڵی ویلایەتەکان، بڵاودەکرایەوە.

### بەهاکانی هەواڵ

ئەو بەها هەواڵییانەی کە لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا بەدی دەکرێن بریتین لە:

**١- جەنگ و ململانێ:** تەواوی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە و زۆربەی لاپەڕەکانی تەرخان کراون بۆ هەواڵ و ڕووداوەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی، چونکە ئەو ڕۆژنامەیە لە لایەن فەرماندەی گشتی لەشکری ئینگلیز لە عیراق دەرکراوە.

**٢- ناوبانگ:** لە هەواڵەکانی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا گرنگییەکی زۆر بە بەهای ناوبانگ دراوە، بە تایبەتی ئەو هەواڵانەی کە لە بەرەکانی جەنگ لە ئەورووپا نووسراون، هەروەها گرنگی بە کەسایەتییە بە ناوبانگەکانی کوردیش دراوە وەک حەمدی بەگی بابان و سلێمان خانی کەڵهوڕ. هاوکات ڕووداوەکانی ویلایەتی مووسڵ و بەغدا و بەسرە و بەرەی حیجاز و فەلەستین گرنگییەکی تایبەتییان پێ دراوە.

### شوێن و کاتی ڕووداو لە هەواڵەکاندا

کاتێک گوزەرێک بە ناو سەرجەم ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە (تێگەیشتنی ڕاستی)دا دەکەیت، ئەوە تێبینی دەکرێت، ناوونیشانی هەواڵ لەو ڕۆژنامەیەدا، زۆربەیان ئاماژەیان بۆ شوێن و کاتی ڕووداوەکان کردووە وەک: (مەیدانی فەلەستین، مەیدانی بالقان، مەیدانی عیراق.)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە تارادەیەکی زۆر، دیاریکردن و خستنەڕووی شوێن و کاتی ڕووداو لەهەواڵەکانی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) دا، گرنگ بووە.بە واتایەکی دیکە پەیڕەوی لە بەهای کات و شوێن کراوە، تاکو گرنگترین ڕۆڵی لەسەر خوێنەر و کۆمەڵگەدا هەبێت. مەبەست لە هەواڵ، بەشێوەیەکی سادە گەیاندنی نوێترین زانیارییە لەبارەی ڕووداوێک و هاوکات گەیاندنی ڕووداوەکەشە کە لەمەوپێش خەڵک پێی ئاشنا نەبوونە، بە واتایەکی دیکە، دەکرێ بگوترێ هەواڵ شیکردنەوە و خستنەڕووی شتەکانە، لەبەر ئەوەی هەواڵ بە پێی پیشەی ڕۆژنامەنووسی، تەنیا ئەرکی گواستنەوە و گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەبینێ. گومانیش لەوەدا نییە کە ڕۆڵی ڕۆژنامە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیایە، ئێستاش دەبینین ئاژانسێکی زۆری هەواڵ لە دنیادا هەن کە هەریەکەیان خاوەنی جۆرێک لە شێوازە تا هەواڵ و نووسین و گوتارەکانی بە باشترین شێوە بە خەڵکی بگەیەنێت.

شیاوی ئاماژەیە لە پاڵ ئەم هەموو دەزگایانەی ڕاگەیاندن کە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ڕوویان لە زیاد بوون کرد و تا ئێستاش لەبەردەوامبووندان، جۆرێک لە سادە نووسین پەیڕەو دەکرێ بۆ زوو تێگەیشتن لە ناوەرۆکەکان، ئەمەش بەردەوام لەبەرەو پێشچووندایە و چاوەڕێش دەکرێ لە ئایندەدا، کورتبڕی و سادە نووسین بەرەو پێشتر بچێت بۆ ئەوەی بەکەمترین کات و سادەترین چەمک، وەرگر، یان خوێنەر لێی تێبگات. بە پێی بۆچوونی پسپۆڕانی میدیا، ڕاگەیاندنی کوردی بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستی پێویستدا نییە و نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە ببینێت کە ئەرکی ڕاستەقینەی میدیایە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) فن الخبر الصحفي بين النظرية والتطبيق، عبدالجواد سعيد محمد ربيع، الطبعة الاولى، ٢٠٠٥، دارالفجر للنشر والتوزيع، القاهرة.

(٢) فن الخبر مصادره عناصره مجالاته الحصول عليه تطبيقاته العملية، محمود ادهم، الطبعة الثانية، ١٩٨٧.

(٣) مدخل الى الصحافة، نظرية و ممارسة، اديب خضور، الطبعة الثانية، دمشق، ٢٠٠٠، ص٧٤.

(٤) ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەوانی هاوچەرخ، د: محەمەد ئەلدوروبی، و: سۆران جەمال- لوقمان غەفوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١١٨.

(٥) ڕۆژنامەوانی لە سەردەمی جیهانگیری، هەڤاڵ ئەبو بەکر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ، ٢٠٠٢، ل٥٣.

(٦) ئاژانسی دەنگ و باسی کوردستان، نەژاد عەزیز سورمێ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦ ، ل١٨.

(٧) ئیتیک لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا، شوان ئادەم ئەیڤەس، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، ٢٠٠٥، ل١٣٠.

(٨) ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەوانی هاوچەرخ، د: محەمەد ئەلدوروبی، و: سۆران جەمال- لوقمان غەفوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٠٤.

(٩) بەرەو ڕۆژنامەوانی مۆدیرن، بەختیار کەریمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦ ل١٨.

(١٠) چوارچێوەی یاسایی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لەکوردستانی عێراق، د. کەمال سەعدی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، ل١٢٨.

(١١) هونەری ڕۆژنامەنووسی، کاروان عەلی قادر، چاپی یەکەم، چاپخانە و ئۆفیسی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣١.

(١٢) ڕۆژنامەنووس، گۆڤارێکی وەرزییە تایبەتە بە کولتووری ڕۆژنامەنووسیی. سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەریدەکات. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ژ٧، ل٣٨.

(١٣) ئیتیک لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا، شوان ئادەم ئەیڤەس، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، ل٤٥.

(١٤) تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٨، بەغدا، ل١٠٨.

# مەملەکەتی کوێرەکان و زیندووکردنەوەی دەقە شاکارەکان

فەتاح خەتاب

شانۆیی : مەملەکەتی نابیناکان
نووسینی : مۆریس ماترلینگ
وەرگێڕانی : دلاوەر قەرەداغی
ئامادەکردن و دەرهێنان : بارزان سنجاوی
شوێن : هۆڵی گەل
ڕێککەوتی : ٢٨/ ١١/ ٢٠١٢
ئەکتەرەکان : هێرش سەبری، ڕابەر محەمەد، هێور نەریمان، سەرکار ستار، هانا شوکر.

**مۆریس میترلینگ (Materlinck) کێیە؟**

مۆریس لە بیست و نۆیەمی مانگی ئابی ١٨٦٤، لە شاری گاند لە بەلجیکا لە دایک بووە. زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی و لاتینی فێر دەبێت، پاشان لە قوتابخانەیەکی ئایینیدا، لای مامۆستا یەسووعییەکان وانەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکی و زانستە ئایینییەکان دەخوێنێت و ئارەزوو و ئاشنای شیعر و ئەدەبیات دەبێت. دوای خوێندنی لە بەشی یاسا، وەک دادوەرێک کاردەکات. ماوەیەکی زۆر نابات لێی سارد دەبێتەوە و ڕێی فەرەنسا دەگرێتەبەر، لە پاریس بە شاعیرانی بزووتنەوەی سیمبۆلیزم ئاشنا دەبێت و بڕیاری بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی ئەدەبی بەناوی (پلێیاد)ەوە دەدەن و حەوت ژمارەی لێ بڵاودەکەنەوە. لە ساڵی ١٨٨٩دا، دیوانە شیعرێکی بەناوی (گەرماو) بڵاودەکاتەوە، ساڵی ١٨٩٠، شانۆنامەی (ئازاردەر) و (گەرماو) بڵاودەکاتەوە، دواتر (مالینی شازادە) دەنووسێت، پاش ماوەیەک بۆ بەلجیکا دەگەڕێتەوە و لە دادگەکان کاری دادوەری دەکات. لەساڵی ١٨٩١، بەهاوکاری



**بارزان سنجاوی**

هاوڕێکانی، ڕێکخـــــراوێکی ئەدەبی و هونەری پێکدەهێنن، پاشانیش ئەو ڕێکخراوە دەبێتە مەڵبەندی ڕێبازی سیمبۆلیستەکان، لە هەمان ساڵدا شانۆنامەی (حەفت خانمە شازادەکان) دەنووسێت، لە ساڵی ١٨٩٣، شانۆنامەی (پێلیەس و مێلیزاند). لە ساڵی ١٨٩٤، شانۆنامەی (عەلائەدین و دزەکان) و لە ساڵی ١٨٩٦، شانۆنامەی (ئاکلاڤون و سێلیسی) و لە ساڵی ١٩٠١، شانۆنامەی (ئاریان و پیاوە ڕیشدارەکە) بلاودەکاتەوە. لەسەر شانۆی لۆڤەر لە شاری پاریس لە ساڵی ١٩٠٢، شانۆنامەی (مونادا) نمایش دەکرێت، دوابەدوای ئەویش شانۆنامەی (ژورێل) دەنووسێت. لە ساڵی ١٨٩٢، هونەرمەند و تیوریستی ڕووسی ستانیسلاڤسکی لەسەر شانۆی مۆسکۆ شانۆنامەی (باڵندەی ئاوی) نمایش دەکات و سەرکەوتنێکی مەزن وەدەست دێنێت و ناوبانگی میترلینگ بلاودەبێتەوە و لە ساڵی ١٩١١، لە سوێد خەڵاتی نۆبلی پێ دەبەخشرێت.

### دەقە شانۆییە ئەسڵەکە

چەند کەسێکی نابینا و بێدەسەڵات و پەراوێزکراو، بەفەرمانی قەشەیەک (ڕەمز) بۆ دوورگەیەکی ساردو سڕی دابڕاو دوورخراونەتەوە، تەنانەت بە خۆشیان نازانن لە بەرچی ڕەوانەی ئەوێ کراون و گوناهیان چی بووە، تاکو ئەو زوڵم و زۆرداریییەیان لێ بکرێت؟! ناشزانن چ چارەنووسێکی مەترسیدار چاوەڕوانیان دەکات، کەچی هێشتا ئەوان گوێڕایەڵ و ملکەچی ئامۆژگارییە ئایینییەکانی قەشەکەن. یەکێک لەو کەسانەش کە چاوەڕوانی ڕەحمەت و بە زەیی پێ هاتنی قەشەکە دەکەن، پیرەژنێکی دیندار و بێ دەسەڵات و ترسنۆکە، جگە لە دوعاکردن و پاڕانەوە و خواپەرستی هیچی لە دەست نایەت. کەسایەتی دووەمی ئەم تراژیکۆمیدیایە، پیرەمێردێکی نابینایە، کە پاش ئەزموونێکی ژیانی دوور و درێژ، بڕوای بە کەسایەتی قەشەکە و پەیامە ئایینییەکانی لاواز دەبێت و یاخیبوونی خۆی دەردەبڕێت.

پیرەمێرد: قەشە زۆر پیر بووە، من وای بۆ دەچم کە ئەویش پاش ماوەیەکی دیکە، توانایی بینینی نەمێنێت و ئامادەش نییە ئەم مەسەلەیە ئاشکرا بکات، دەترسێت کەسێکی تر جێی بگرێتەوە. وا بزانم ئەویش خەریکە کوێر دەبێت، ئیتر پێویستمان بە ڕابەرێکی دیکە هەیە.. تا دوایی.

### ئێستاندن و ئێراندنە بریشتییەکەی بارزان سنجاوی

دەتوانین بلێین ئەم هونەرمەندە شانۆناسە، بە پێی ئەزموونە هونەرییەکانی خۆی وەک ئەکتەر و دەرهێنەری ئەکادیمی و ئامادەکاری پڕۆگرامە بینراوە بەهێزو پێزەکانی، بە توانست و بڕوا بەخۆبوونێکی پتەوەوە توانی لەسەر هەمان بیرۆکە و کەش و ڕووداوە شانۆییەکان، فەلسەفەی فیکری و تێڕوانینە هونەرییەکانی، بە شێوازێکی مۆدێرن و گونجاو بنیاد بنێت. بە واتای دووبارە نووسینەوەی مێژووەکە بەوپەڕی بوێری و سەرفرازییەوە، لە هەمبەری ئەوەشدا هەڵوێست وەربگیرێ. هونەریش خۆی لە خۆیدا، بەر لە هەموو شتێک هەڵوێستە، ڕوانینە، شێوازە، جوانی و داهێنانە.. جیاوازییەکەی نێوان میترلینگ و سنجاویش لێرەوە سەرهەڵدەدات، کە ئەو نووسەرێکی یاخیبوو و دژە نەریت، نوێخواز و وجوودی بوو، سنجاویش سەرقاڵی پرسە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییە هەنووکەیی و ئایندەییەکانە، بۆیە مافی ڕەوای خۆیەتی ڕێڕەوە فیکری و ڕووداوە شانۆییەکان بۆ ئاقارێکی جیاواز بگۆڕێت و شێوە و شێوازێکی نوێی پێ ببەخشێت، چونکە ئەوەی بۆ درامانووس دەڕەخسێت، بۆ مێژوونووس ناڕەخسێت، بەڵام وێڕای ئەو ئازادییەی کە بە درامانووس دراوە، پێویستە مەرجە جەوهەرییەکانی نمایشی درامی ڕەچاو

بکات، واتە سەرەڕای گێڕانەوەی ڕووداوە درامابییەکان، پێویستە کار بۆ دۆزینەوەی پێوەندییە ئەدەبی و هونەرییەکان بکات، هەم لەنێوان ڕابردوو و ئێستا و ئایندەدا، هەم لەنێوان نووسەری دووەم (ئامادەکار، سەرپەرشتیار، دەرهێنەر) و ئەکتەر و بینەراندا، ئەمەش لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانەیە بۆ زەمەنە دێرین و بەسەرچووەکان و بە سانا و ئاساییکردنی ڕەمز و دەلالەتە شانۆییەکانەوە، ئەمەش بۆ پیشاندانی سەرگوزشتە ڕابردووەکان، لە ئاوێنەی ئێستاماندا. بێ ئەوەی لە تیمە سەرەکییەکەی لابدات. ئەم شێوە کارکردنەش، ئەزموونە شانۆییەکانی (برێشت و پیسکاتۆر و پیتەر ڤایس و پیتەر شتاین)مان وەبیر دێنێتەوە، کە لە پێشکەشکردنی شاکارە ئەنتیک و کلاسیکی و کلاسیکی نوێ و داستانە میللییەکاندا، بەشێوازێکی تازەو مۆدێرن، دەستپێشخەر بوون. ئەگەر ئەم تێڕوانینە هونەرییە دەلالەتێکی ئیستێتیکی هەبێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەڵێین: هەوڵدانێکە بۆ زیندووکردنەوەی شانۆ و نەهێشتنی مەودا زەمەنی و شوێنییەکان لەنێوان بینەر و شانۆدا، هەروەک (پیتەر برووک) جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێت کە لە شکۆمەندی و پایەبەرزی شانۆ کەم بکەینەوە و بە ساکاری و سەرپێییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، دوور لە پێوەرە زانستی و هونەرییەکانەوە. بڕواشم بەوە هەیە کە هەر هونەرمەندێکی ڕاستەقینە شێواز و مۆرکێکی تایبەت بەخۆی هەیە، چونکە هونەر بەر لە هەموو شتێک شێوازە. نموونەکانیش: برێشت، ئارتۆ، پیکاسۆ، ڤانکوخ، بیتهۆڤن، باخ، پازۆلینی و فلیللینی.. سنجاویش لەم ڕووەوە توانی کێشە فیکرییەکانی نێوان پیرەمێرد و کوڕەلاوەکە، بۆ بەرژەوەندیی تێزە فەلسەفییەکەی و بنیادنانی هێڵی دراماییی بقۆزێتەوە، کە دوو جەمسەری سەرەکین لە نمایشەکەدا، وێڕای ئەو حاڵەتە تراژیدییە مرۆییانەی تێی کەوتوون، لە چەند دیمەنێکی جیاوازدا بخاتە ڕوو. بۆ نموونە (کاتێ کوڕەلاوەکە خەریکی ژەنینی هارمۆنیکاکەیە) پیرەمێرد، (لە سووچێک دانیشتووە و خەریکی دوعا و پاڕانەوەیە: ئەم مۆسیقایە ڕاگرە! با شەیتان نەیەتە ناومان! ئەم مۆسیقایە فڕێ بدە! کوفرە، حەرام و کوفرە..(تیرۆری فیکری و ڕاگرتنی ڕەوڕەوەی دیالیکتیک)ـە.

کوڕەلاو: خودای گەورە دەرفەرمویێت: ژیان تەنیا عیبادەت نییە، جا لێرەدا، تەقدیس کردنی خاوەن شکۆ لەلایەن پیرەمێردەکەوە و دووفاقییەکەی لە وەڵامدانەوەکەیدا ڕوون دەبێتەوە.

پیرەمێرد: خاوەن شکۆ لە یەکێک لە وتارە بەنرخەکانیدا دەفەرموێت: لەڕۆژانی شووم و تەنیاییدا زیاتر عیبادەت بکەن، چونکە سەروەرییەکانی نیشتمان



لە ڕۆژانی شوومدا هاتوونەتە دی) هەروا بۆ داپۆشینی کارە دزێو و تاوانە سیاسی و ڕەوشتییەکانی ڕژێمەکەی خاوەن شکۆ، هەمیشە بۆ شێواندنی ڕاستییەکان ئامادەیە (کاتێ خەڵکی لە ڕفاندن و جیاکردنەوەی ئافرەتان، ڕژێمەکە تاوانبار دەکەن، وەڵامەکەی پیرەمێرد بەم شێوەیە دەبێت:

پیرەمێرد: تکایە ئارام ببنەوە! خاوەن شکۆ ئەوانی ناردووە بۆ پەرستگەی خوشکە تۆبەکارەکان. ئەو بە سیاسەتە حەکیمانەکەی خۆی، کارێک ناکات زیان و خراپی بە کۆمەڵگە بگەیەنێت. ئەو هەمیشە دژی ڕەوشتە بەرەڵڵاکانی ڕۆژئاوایە) (لەم دیمەنەدا، گوتارە ئایینییەکانی سەردەمی عەباسییەکانمان دێنێتەوە یاد کە

پیـاوە ئایینیـیـەکـانی ئەو سـەردەمـە بە ناوی خـوا و پێـغـەمـبـەر و ئەسـحـابەکـانەوە، بە ویست و ئارەزووی خـەلـیـفـەکـانەوە، حـەدیس و فـەتوایان دادەڕشت و دوژمنێکی وەهمی و خـەیاڵـیـیـان دروست دەکـرد و لایەنێکیان بە کافر و زەندیق و لادەر و هەڵگەڕاو وەسف دەکرد، کە بە (لومەزە و غومەزە) دەناسرێت، وەک ئەوەی ئێستا باوە، ئەویش (ڕۆژئاوا و دەوڵەتە دیموکراسییە ئەوروپاییەکان و چەمکی عیلمانی و مەدەنییەت و یەکسانی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی) بەمەبەستی تۆمەتبارکردن و تۆقاندن و دەستەمۆکردن..

(کـاتێ خـەڵکی بێـزاریی خـۆیان دەردەبڕن و بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک دێنە جووڵە و بە یەکەوە هاوار دەکـەن: تەواو، تەواو، دیکتـاتۆری تەواو.. هەر ئەو بەرەنگاریان دەبێـتەوە و دەڵێ: ئەمـە کـوفـرە، کـوفـر.. تکایە لە شـوێنی خـۆتان مـەجـوولێن.. قسـە مـەکـەن، یاسـاغـە! خـاوەن شکۆ گـوتی بێ دەنگ دانیـشـن! بگەڕێنەوە بۆ شـوێنەکـەی خـۆتان!) (ئەمـەش دەقـاودەق بۆچوونەکانی (إخوان المسلمون)مان لە میسر دێنێتەوە یاد، کـە بەر لە ڕووخـانی ڕژێمـەکـە دەیانگوت: بەگژداچوونی (حاکم و ولی الامر) لادانە لە دینی حەنیف و کوفر و زەندەقەیە.. دوا بە دوای ئەو گوتارە سواوانە کە هەمیشە بەمەبەستی هەڵخەڵەتاندن و لەخشتەبردنی خەڵکی ڕەشۆک و سادە و ساکار، بەشێوەیەکی فەرمی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، لە ژێر دروشمی (داکـۆکـیکردن لە تایبەتمەندیی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی شـەرعـیـیـەت) پێـڕەودەکـرێن، دەرئەنجـامـەکـەیشی لە زمانحاڵی کەسایەتییەکانەوە دیاری دەکرێت:

– تف لە جوگرافیای جەستەمان.
– جەستەمان خەسێنراوە.
– دڵمان بەرد و مێشکمان پووچ..
– هەمووەمان لە پیاوەتی ئیستیقالەمان دا

– ئابڕوومان چوو، خوای گەورە! پێویستیمان بە هاتنی پێـغـەمـبەرێکە، موعـجـیـزەیەک بکات، بینایـیـمـان بۆ بگەڕێنێتەوە.

– خـوایە! دەست و دڵ و مـێـشـکـمـان فـێـری دزی و ساختەکاری و گەندەڵی بوون

– ئەوەندە چەپڵـەی بە ناهەقـمـان لێـدا تا بووین بە کۆیلە

– کۆیلە.. دەستەکانیشمان وەزیفەیان نەما. واژووی بە کـۆیلەبوون، قـەڵەم و خـۆفـرۆشی، سـواڵکەری، ڕاپۆرتنووسین، خۆتەقاندنەوە، چەپڵە بۆ ئاغا و پاشا..

خـوایە! دەسـتـەکـانمان بۆ بگەڕێنەوە، تا ئەو دەسـتـانە ببڕین کە خیانەتمان لێدەکەن!

ئەمە و چەندین دیمەنی جوانمان لەم شانۆییە فەلسەفی و سیاسـییـەدا بینی، لە هەمـوویشی گرنگتـر دوا دیمەنی بەهێـزی کۆتاییەکەی بوو، کە تێـیدا تەرمەکەی خاوەن شکۆ دەدۆزرێتـەوە و لە بری چاوەڕان کـردنی کـۆرپەکـە (هەروەک لە دەقـە ئەسـڵـەکـەدا هاتووە) خـۆیان داوا لە ڕاپەڕینی خەڵکی دەکەن:

– وەرن! لە کوێن.. هەمووتان وەرن.. هەڵسن لەخەو.. هەڵسن!

ئەمەش وەرچەرخانێکی فیکری نوێ لە بنیادی درامی دەقە ئەسڵەکە دێنێتە ئاراوە. بێ ئەوەی ڕەهەندە هونەری و فیکری و فەلسەفییەکەی نووسەری یەکەم بشێوێنێت، بەڵکو بەو دەسـتکارییـە، واتایەکی فـرەڕەهەند بە دەقـە کۆنەکە دەبەخشێت و هەمدیس زیندووی دەکاتەوە.

## دەرهێنانی شانۆیی

شانۆ بەگشتی لە چەند حاڵەتێکدا، بە شانۆی نووسەر، ئەکتەر، بەڕێوەبەر و بە شانۆی دەرهێنەر ناوزەد دەکرێت. لەسـەردەمی تاکـە ئەکـتـەرییـەکـەی گـریکی، خـودی نووسەرەکە ڕووداوەکانی نمایشەکەی دەگێڕایەوە،کە (بە قسـەخوون، گـێـڕەرەوە) دەناسرێت. هەر خـۆیشی یەکـە بەیەکەی ڕۆڵەکانی کەسایەتییەکانی بەرجەستە دەکرد، لەسەردەمە ناوەندییەکانیش بە هاتنەکایەی (کۆمیدیای دیللارتێ) بە ئیرتیـجـال کردنی ئەکتـەرە ئارەزوومـەند و هونەردۆستەکانی (ئەتلان)ی ئیتاڵی، بوو بە دیاردەیەکی هونەری لە جیـهـانی شـانۆدا، لە زەمـەنی (سـانسکریتی هیندی)دا دەرهێنەر و پسـپـۆری شانۆ شوێنی شایستـەی خـۆی گـرتەوە و بەڕێز و حـورمـەتێکی زۆرەوە پێشـوازیی لێـدەکـرا، بەڵام وا دیارە بەهۆی دژایەتی کـردنی هونەری شـانۆ و شـانۆکـاران لە لایەن پیـاوە ئایینی و ڕژێمـە دیکتـاتۆرییەکانی سەدە ناوەندییـەکانەوە، پاشـەکشـێی بەخـۆی بینیـوە. ڕووداوە دڵتـەزێنەکـانی ئەو ڕۆژگـارانەش



ڕوون و ئاشکران، کەچی لە دوای پەرەسەندنی (کۆمیدیای فرانسیز) لەشاری پاریسدا، زۆربەی زۆری ئەو ئەکتەر و ڕووناکبیرانەی بەڕاشکاوی ڕای خۆیان دەربڕیبوو، کەوا ڕۆژگارێک دێت، دەرهێنەری شانۆ کاریگەرترین دەور لە جیهانی شانۆدا دەبینێت. لەنێو ئەوانەشدا هونەرمەندی ناوداری فەڕەنسی (ئیدمۆند گۆلف - Edmond Golf) بوو، کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەمدا، لە تیپی شانۆی (کۆمیدیای فرانسیز) وەک دەرهێنەرێک کاری دەکرد. ئەو بەڕاشکاوی و ئازایانە لەم بارەیەوە گوتبووی: دەرهێنەر تەنیا مرۆڤێکە زەلاتە بۆ چێشتە ماسییەک ئامادە دەکات، بەلام ڕۆژێک دادێ، زەلاتەکە لە خودی ماسییەکە گرنگتر دەبێت. پێشبینییەکەیشی هاتە دی، کاتێ لەسەر لافیتەکەی (کۆمیدیای فرانسیز) بەر لە هەلگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەخەتێکی سوور ناوی دەرهێنەری نمایشەکە (Loues jouvet) دەنووسرێت، تاکو لە ناوەکانی دیکە جودا بکرێتەوە، ئەوە ئێستا ئێمەیش دوای بیست ساڵ لە ڕاپەڕین، دەرهێنەرێکی دەستڕەنگین و بەهرەدار و ماندوونەناس دەدۆزینەوە، کە پێویستە ناوەکەی بە خەتێکی جوان لە جیهانی شانۆدا تۆمار بکرێت، کوردستانیش بەو شانۆییانەوە ئاوەدان دەبێتەوە، کە هەموو مەرجە گرنگەکانی داهێنانی هونەری لە خۆ بگرێت. ئەوەی کە ئێمە بینیمان شانۆییەکی ئاسایی نەبوو، کارکردنیش لەو جۆرە شانۆییانە هاسان نییە، بەلام لەگەڵ بەشداربووانی کارە هونەرییەکە و لێکگەیشتنیان و بە دڵسۆزی بچووکترین جێبەجێکەر و ڕێزگرتنیان لە کارە هونەرییەکە، کارێکی هونەریی ئاستبەرز و پڕ لە هارمۆنییەت و دیمەنی جوان و جووڵە و گوزارشت دەنگسازیی و کارتێکەرە دەنگییەکان و میزانسێنێکی گونجاومان بینی. پەیامەکەی دەرهێنەر لە ڕێگەی ئەکتەرە بەهرەدارەکان و ڕووناکی و میوزیکی تەعبیرییەوە، بە قەد جوانییەکەی نمایشەکە، پێمان گەیشت، شانۆییەکەیش، وێڕای تێزە فەلسەفییە دژوار و ئەستەمەکەی، لەلایەن بینەرێکی زۆرەوە پەسەند و قبووڵ کرا. ئەوەی ئەم شێوازە کارکردنە، لە کارە هونەرییەکانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەم خالانەی خوارەوەن:

* پڕکردنەوەی بۆشایی جووڵەو مەودای بێدەنگییەکان بەئاماژە و کاردانەوەی شایستە.

* کاتێ گوێمان لە بێ دەنگی دەبێت.

* بەکار هێنانی میراتە هونەرییە میللییەکان (گۆرانی، سەمای تەعبیری، نزا و لاوانەوە، دەستەواژە نەریتییەکان) بۆ گۆڕینی دیمەن و ڕوونکردنەوەی مەبەست و تۆخکردنی حالەتە دەروونی و وێنا زهنییەکان.

* سوودوەرگرتن و بایەخدان بە بەکارهێنانی ئیکسیسوار.. کە هونەرمەند هێرش سەبری وانەیەکی مامۆستایانەی پێ بەخشین، هەر خۆیشی مایسترۆی سەر تەختەی شانۆ بوو.

* بە لەبەرکردنی جلکە سپییەکان لەلایەن ئەکتەرەکانەوە، کۆنتراستێکی جوان و واتایەکی جوانتری بەنمایشەکە بەخشیبوو.

* بەشداریکردنی هونەرمەندی دەرهێنەر هانا شوکر لە دەورێکی کورتدا مانایەکی جوانی بەخشی کە وا شانۆ بە گەورەیی هونەرمەندانەوە گەورەتر دەبێت، هونەرمەندیش بە هەمان شێوە.

ئەوەی ماوە بیلێم مەودای ڕووکەشی شانۆ لە زۆر حالەتدا، بە گوێرەی ئەکتەرانی سەر تەختەی شانۆ دابەش

دەکرێن. واتە بوونی دوو کەس لەسەر تەختەی شانۆدا، یان پتر لەو دوو کەسە، چۆنیەتی جووڵە و پێوەندییە جەستەییەکان، جیاوازییان دەبێت. هەروا بەپێی گرنگی و ڕۆڵی ئەکتەر پێویستی بە (ترکیز) کردن دەبێت و بە گوێرەی حاڵەتە دراماییەکان، جێ و شوێنەکان دیاری دەکرێن و پێوەندییە جەستەییەکان لە شانۆدا، کە جیاوازە لە تەلەڤزیۆن و سینەما، کراوەتر دەبێت. دیکۆریش لە سینەمادا لەڕێگەی کامیراوە دەردەکەوێت، بەڵام لە شانۆدا (لە زەمانی شەکسپیرەوە) لە ڕێگەی ئەکتەرەکانەوە بایەخی پێ دراوە. خودی کەسایەتییەکانیش لەم شانۆییەدا، لە شوێنێکی کراوەدا بەرەڵڵا کراون، جا ئەی هونەرمەندی شانۆکار.. بکرێوە.. بکرێوە..!

**نواندنی شانۆیی**

ئەوە ئەکتەرەکانی شانۆییەکە بوون، کە دوای خوێندنەوەیەکی تێروتەسەل و گۆڕینەوەی ڕاوبۆچوون و راهێنان و گونجاندن لە پرۆڤەیەکی دوور و درێژ لە پرۆسەی بنیادنان و گەڕان بەدوای فۆرمی ڕاست و ڕەوای هونەریدا.. وێنا و ڕوانین و پەیامە فیکری ئەدەبی و هونەرییەکانی ئامادەکار و دەرهێنەرەکەی شانۆیی (مەملەکەتی نابیناکان)یان بەرجەستە کرد. تا ئەو ڕادەیە ماوەی شانۆییەکی یەک پەردەیی بەگۆڕانکارییەکی زۆرەوە، گەیشتە نەوەت خولەک، بێ ئەوەی هەست بە خاوبوونەوە و بێزاری بکرێت. وزەی هونەری ورە بەرزی ئەکتەرەکانیش یەکانگیر بوون، ئەمەش لەلایەن بینەرانەوە کاردانەوەیەکی ئەرێنی هەبوو. من بەش بەحاڵی خۆم بە هەموو ئەکتەرانی نمایشەکە سەرسام بووم بەتایبەتی هێرش سەبری، کە جارجار بە نواندنی ڕۆڵەکەی (پیرەمێرد) بڕوام بە چاوەکانی خۆم نەدەکرد، کە ئەو گەنجە جوان و قۆزە بەم شێوە ناوازەیە بچێتە پێستی دەورەکەیەوە. هێرش سەبری.. سوپاس بۆ ئەم وانە هونەرییە..! لەم کار و کاردانەوە هونەرییەشدا، ڕابەر محەمەد و سەرکار ستار و هێور نەریمان بەدەر نەبوون، بەڵکو تەواوکەری یەکتر بوون. جوانترین کاری هونەری ئەوەیە، کە بەیەکەوە نمایشێکی کامڵ و جوان پێشکەش بکرێت و بینەرانیش بەچێژی فیکری و هونەرییەکەی دڵخۆش و ئاسوودە بن.

سوپاسی یەکە یەکەی بەشداربووانی ئەم کارە جوانە دەکەم: شانۆ و هاوکار ئەکرەم، محەمەد نەجاتی کۆڵنەدەر، فرات و نەورۆز محەمەد، ئومێد تەحسین و تەلار سلێمان، ڕێکان ئەحمەد و هاوار حەمید.

**بزانە بارزان سنجاوی کێیە**

بەڵگەنامەی دەرچوونی لە پەیمانگە و ئاکادیمیای هونەری لە بواری شانۆدا وەدەست هێناوە. لەبواری نواندن و دەرهێنانی شانۆییدا کاری کردووە و تا ئێستایش بەردەوامە.

# گۆرانی و موزیکی کلاسیکی کوردی و قۆناغەکانی دواتر

وریا ئەحمەد

موزیکێک نییە لە نێوان هەموو گەل و نەتەوەکانی جیهاندا سەد دەر سەد وەک یەک بێت، ئەگەرچی لە نێوان موزیکی کولتووره جیاوازەکاندا چەند ڕەهەندێکی هاوبەش و جیهانی هەن، کە لە ناو موزیکی هەموو ئەو کولتووره جیاوازانەدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە: ڕەزم و دەنگ و توندی و هێواشی و ڕەنگاوڕەنگی ئەو دەنگانە و گیان و هەست لە ژەنین و داهێنان و... هی دیکەیش. ڕۆڵی دەنگەکانیش لە کولتووره جیاجیاکاندا جیاوازە، بۆیە جیاوازی لە جۆری ئامێرەکانی موزیکیش لەلای ئەو کولتووره جیاوازانەدا دروست بووە. شایانی باسە دەنگە هاوبەشەکانی موزیکیش لەلای هەر فەرهەنگ و میللەتێک بە جۆرێک دەردەبڕێت، دەنگ و ئاوازێک کە موزیکژەنێکی ڕووسی بە ئامێری ڕەسەنی ژێداری خۆیان بۆ نموونە: بە ئامێری (بەڵەلایکا) دەیژەنێت، هەر ئەو دەنگ و ئاوازە، ئێمە بە ئامێری ژێداری بۆ نموونە: (تەمیرە) یان ئامێری (کەمانچەی سەرچۆک) کە دوو ئامێری ڕەسەنی کوردین، دەیژەنین، موزیکژەنی میللەتێکی سێیەم بەجۆرە ئامێرێکی ژێداری ڕەسەنی سەر بە کولتووری خۆیان دەیژەنێت و.....ئیتر.

موزیکی کوردیش وەک موزیکی میللەتێکی دێرین و ڕەسەنی ئەم ناوچەیە بەدەر نییە لەو حاڵەتانەی باسمان کردن، واتە بە پێی تایبەتمەندییەکانی وەک: کۆمەڵگە و کولتوور و سروشت، موزیکی ئێمەش وەک موزیکی میللەتانی دی لە ژێر کاریگەری ئەو تایبەتمەندییانە داڕێژراوە. شایانی سەرنجە کە ئەوانەیش بە تێپەڕبوونی سات و کات، گۆڕانیان بەسەردا دێت. جگە لەو جیاوازییانەی لە نێوان موزیکی گەلانی جیاجیای دنیادا بەدی دەکرێت، لە ناو خودی موزیکی یەک میللەتیشدا

به هەمان شێوە هەندێ جیاوازی بەدی دەکرێت! بۆ نموونە: لە باشووری کوردستان موزیکی ناوچەی (گەرمیان) کە بە خـاوی (ڕەزم)ی گـۆرانییـەکـانی و دەولـەمـەندیی شـێوەگوتن، یـان مەقـامی ڕەسـەن ناسـراوە، لە مـوزیکی ناوچەی بۆ نموونە: (هەورامـان) جـیـایە، چونکە ئەم دەڤـەرەی دواییـان چ لە ڕووی کـەشـو هەواوە، یان جیۆگرافیای ناوچەکەوە، یان لە ڕووی بوونی شوێنەواری دێرینی ئایینی کـۆنی کـوردانەوە بێت، لەوەی زووتر جیـایە، ناوچەی هەورامـان دێرین و ڕەسـەنە و بە شـێوە گوتنەکانی وەک (هۆرە) و (سیـاچەمـانە) و بە گۆرانی (چەپلـە) و (گـوشی) و (خـاو) و هی دیکەیشـەوە ناسراوە.

بەو پێـیـەی چەندین سـاڵ لە دەرەوەی وڵات لەگـەڵ گـۆرانیـبـێـژان و مـوزیکژەنانی باکـوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کـوردسـتـان، لە (tv)ی (Med) و (Medya) و (Roj)دا کاری هونەریمان کردووە، بۆیە ئاگادارین کە ئەوانیش وەک باشووری کوردستان بەشێوە گـوتنەکـانی وەک: «لاوک و دەیان بەسـتـە و گـۆرانی و شـێـوە گـوتنەکـانی دیکەوە ناسـراون)، لەبەر ئەوەی لە هەمـوو بەشـەکانی کـوردسـتـانی گـەورەشدا، دەیان جۆر گـوتنی وەک: «بەیت و بالۆرە و حـەیران و شـێـوە گوتنەکانی ناوچەکانی گەرمـیان و هەورامان و کۆیە و مـوکریان و عـەلەوی و زازاکی و کـەڵهـوڕ و کـاکـەیی و عـەلیـیـوڵڵاهی و لووڕی و ناوچەکـانی دیکە، جگە لە دەیان بگرە سـەدان سـتـران و گـۆرانی فـۆلکلۆری ناوچە جیاجیاکان» هەیە و کوردانی باکوور بۆ هەموو ئەوانەی باسم کـردن ناوی (مـوزیکی کـلاسـیکی کـوردی) بەکـاردەهێنن. دیارە سـەردەمـانی زوو ئەو هەمـوو جـۆرە گـوتن و مـوزیکە ڕەسـەنە (مـەبەسـتـمـان لەو زاراوەی موزیکە، مـوزیکی ئامـێـرە خۆمـاڵییـەکانە)، تەنیـا لە دیوەخانی پیاوماقووڵ و ئاغا و میر و پاشا کوردەکان و لە بۆنەی دیکەدا گـوتراون و ژەنراون، ئەو شـێـوە، یان فۆرم، یان ستایلەی موزیکی کوردیمان کە باسمان کرد، ئێمـەیش وەک ئەوان لێرە لەم نووسینەدا بە: «مـوزیکی کـلاسـیکی کـوردی» ناوزەدی دەکـەین، ئەم مـوزیکـە، لە مـوزیکێکی کـوردی کـە بەر لە نزیکەی سـەد سـاڵێک لەمـەوبەرەوە هاتۆتە کـایەوە جـیـایە! ئەوەش کـاتێک لە سەرەتای نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردووەوە بۆ نموونە: لە

باشـووری کـوردسـتـان دەنگبـێـژانی کـورد بەرەو (بەغـدا) کـەوتنەڕێ بۆ ئەوەی لەلای کـۆمـپـانیـاکـان دەنگی خـۆیان لەسەر (قەوان) تۆمار بکەن، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر لـەو سـاتانەدا، ڕەنگە هی ئەوان کـەمێ زووتر، یان درەنگـتـر بووبێت، دەنگبـێـژەکـان بە هەمـان شـێـوە بۆ تۆمـارکـردنی دەنگیـیـان لەسـەر (سـەفـحـە - قـەوان) بۆ (تاران) چوون! دواتریش دوای کردنەوەی ئێزگەی کوردی بەغدا، ئەم جارە لە باشووری کوردستانەوە دەنگبێژەکان بۆ تۆمـارکـردنی دەنگیـان بۆ ئەو ئێـزگـەیە چوونە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بۆ ئێزگەی تارانی بەشی کوردی بۆ هەمان مەبەست چوونە. ئەوەندە هەیە لەوساوە جۆرێک مـوزیـک و گۆرانی هاتە کایەوە و خـۆی بەسەر گـۆڕەپانی کوردسـتـاندا سـەپاند، کـە جیابوو لە موزیکی زووتر کە ناوی مـوزیکی کلاسیکی کوردیمان بۆ دانا! مـەبەسـتـمـان ئەوەیە زووتر ئەو گـوتنە ڕەسـەنانە لە ناو دیوەخـان و قاوەخانەکـان لە بۆنەکاندا گوتراون و زۆربەی جاریش بە بێ بەشداری موزیک بەڕێوەچوونە، هەندێ جاریش وابووە مـوزیکژەنێک لەسـەر ئامـێـرەکـانی مـوزیکی خـۆمـاڵی بەشداری کردووە، وەک مـوزیکژەنانی سەر ئامێرەکانی: (شمشاڵ)، کە سەرەتا ئامێرەکە لە قامیش بوو، دواتر کە کانزا پەیدا بوو، لە (لوولە)ی کانزا دروست کرا، هەروەها ئامێرە خۆمـاڵییە ڕەسەنەکانی وەک: (بلوول - بلوێر)، (دووزەلە)، (شـبـاب)[١]، (تەمـبـیـر - تەمـبـوور - تەمیرە)، (کەمانچەی سەرچۆک)، (دەهۆڵ)، (زوڕنا)، (دەفی دەروێشی)، (دوو تەپڵـە)، (سێ تەپڵـە) و (تەپڵی سەر سێپای ناو تەکییـە) و (ئامێری قـەوارە جیاجیای ڕەزم) کە هەندێ لەوانە لە موزەخانەی قەڵای هەولێردا هەڵگیـراون و دیارە ئامـێـری دیکەیش، دوای تۆمـارکـردنی دەنگی گـۆیندەکـان چ لەسـەر قەوان بووبێت لەلای کۆمپانیاکانی قەوان، یان لە ئێزگەکانی بەغدا و تاران و هی ترەوە. لەوساوە جـۆرێکی دیکەی گـۆرانی و مـوزیکی کـوردی هاتۆتە کـایەوە، بەو پێـیـەی ئەو کـارە نوێیـانە جـا چ لە بەغـدا، یان تاران، یان شـوێنی دیکە تۆمارکرابێـتـن، موزیکژەنەکان کە بەشداری تۆمارکردنی ئەو بەرهەمـانەیان کردووە، کورد نەبوونە! ئەوە بێجگە لە «ئێـزگـەی کـوردی یەریڤـان» کـە هەر لە سـەرەتای دامـەزراندنیـیـەوە زۆربەی بەرهەمـەکـانی بە هاوکـاری مـوزیکژەنە کـوردەکـان و لەسـەر ئامـێـرەکـانی مـوزیکی

خۆماڵی، بووە.

بۆیە گۆرانیبێژانی باشوور سەرەتا لەگەڵ موزیکژەنانی (جوولەکە) کە ئەوسا لە عێراق و شوێنی دیکەش لە موزیک باڵادەست و پێشەنگ بوونە، بۆ نموونە لە باشووری کوردستان لەگەڵ موزیکژەنان (ساڵح و داوود کوێتی) گۆرانییان چڕیوە و دوای دەرچوونی ئەوانیش بۆ (ئیسرائیل)، لەگەڵ موزیکژەنانی عەرەب گۆرانییان تۆمارکردووە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا بە هەمان شێوە، ئەوسا موزیکژەنی کورد هێشتا پێوەندی لەگەڵ ئامێرەکانی وەک: (عوود) و (کەمان) و ئەوانی دی پەیدا نەکردووە و ئەگەر هەیشبووبێت دەگمەن بووە، بۆیە لە گەڵ موزیکژەنانی بێگانە ئەم جارە لەگەڵ (فارس) و (ئازەری تورک) گۆرانییان تۆمارکردووە! بۆیە بەو پێیەی ئەو موزیکژەنانە (کورد) نەبوونە، شێوازی ئەو بەرهەمە نوێیە کوردییانە لە باشووری کوردستان تامی موزیکیان (عەرەبی) و لە ڕۆژهەڵاتیش تامی گۆرانی (فارسی) و لە ناوچەی (موکریان)یش بەو پێیەی موزیکژەنانی (ئازەری تورک) لە تۆمارکردنی بەرهەمەکانیاندا بەشداربوونە، تامی گۆرانییەکان بەرەو تامی موزیکی تورکی ئازەری چووە![٢] دیارە گۆرانیبێژە کوردەکەیش بە ناچاری لە گەڵ ئەو موزیکژەنە بیانییانە کاری کردووە و بەو هۆیەوە هونەرێکی جیاواز لە هونەری کلاسیکی کوردیمان ڕوخساری خۆی سەپاندووە و بە هۆی ئەوەیشەوە کە بیستنی ئەو ستایلە نوێیەی گۆرانی کوردی لە ڕێگەی (گرامەفۆن) و (ڕادیۆ)وە، ئاسانتر بە گوێچکەی بیسەران گەیشتووە، بۆیە ئەو شێوازە بە ناو خەڵکدا تەشەنەی کردووە و بڵاوبۆتەوە، لە زۆربەی ئەو بەرهەمانەدا تام و مۆرک و ڕوحییەتی موزیکەکان نەک هەر کوردی نین، بگرە لە شێوە و ڕوخساردا شێوازەکانی موزیکی عەرەبی و تورکی و فارسین و کەموایە لەگەڵ دەنگی ئاواز و گوتنی گۆرانیبێژەکەدا یەکتر بگرنەوە! بۆ نموونە لە باشوور بۆ نەمرانی وەک (سێوە و عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و حەسەنێ جزیری و مریەم خان... و تاد) هەمان موزیکی پێشەکی مەقامی بۆ نموونە: بۆ مەقامبێژانی عەرەبی وەک: (قەپانچی ونازم غەزالی) و هی دی لێدراوە، بۆیە کاتێک گۆرانیبێژەکە دەستی بە گوتن کردووە، ئینجا زانراوە ئەوە مەقامبێژێکی کوردە!

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە هەمان شێوە موزیکی سوننەتی ئێرانییان بۆ لێداون، بە (فەواسیل) و (میانە)یشەوە، بۆیە ڕووحییەتی موزیکێک کە بۆ نموونە: بۆ هونەرمەندان (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و مەزهەری خالقی و حەسەن زیرەک) و هی تر لێدراون، هەمان ئەو موزیکەیە کە بۆ مەقامبێژانی فارسی وەک: (ئیرەج و گوڵپایگانی) و هی دیکە لێدراون و ئەمڕۆیش بۆ (شەجەریان) لێدەدرێن! بۆیە بەڕای ئێمە ئەو شێواز، یان ستایلە نوێیەی گۆرانی کوردی کە وەک دەڵێین: بە زۆری زۆردارەکی بەسەر میللەتەکەماندا سەپێنراوە، گوتن و موزیکی کوردیمانی تووشی هەندێ گرفت کردووە و لە گوتن و موزیکی خۆماڵی و ڕەسەن دووری خستۆتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کاتی پەیدابوون و دەست بەکاربوونی ئەو ئێزگانە، چونکە لە هەموو ئەو بەشانەی کوردستان میللەتەکەمان ژێردەستە بووە و پرسیاری لێنەکراوە چی بۆ هونەری گۆرانی و موزیکی کورد بکرێت باشە؟ خۆیشیان مەبەستم لە میللەتانی سەردەستەیە، بەلایانەوە گرنگ نەبووە، یان هەر بیریان لەوە نەکردۆتەوە سوود لە ئامێرەکانی موزیکی خۆماڵی کوردی وەربگیرێت، چونکە ئەوسا هیچ نەبوایە تام و مۆرک و بۆی ئەو بەرهەمە تۆمارکراوانە تاڕادەیەک کوردی ڕەسەن دەردەچوون.

بەو هۆیانەیشەوە موزیک و گۆرانی کلاسیکی کوردی (بۆ نموونە خوێندنەوەی بەیت و گوتنی لاوک و حەیران و شێوە گوتنە کوردییەکانی ناوچە جیاجیاکانی تر،) تا هاتووە بەرەو کزی چووە و وردە وردە پەراوێز خراون! هەرچەندە ئەمە مانای ئەوە نییە لە گەڵ دەرکەوتنی ڕادیۆ و گرامەفۆن، ئیتر بە هیچ جۆر و شێوەیەک گۆرانی و موزیکی کلاسیکی کوردی دیار نەماوە، هەر بۆ نموونە: دوای ئەو قۆناغە نوێیەیش، چەندین تیپ و تاقمی موزیک و گۆرانی میللی لە هەر ناوچەیەکی کوردستان هەبوونە و هەندێکیان تا ئەمڕۆیش هەن، بۆ نموونە تیپەکانی (دەهۆڵ و زوڕنا) و (پۆست و ئیدارە) و ئەو تیپانەی کە شایەریان لە گەڵدایە و لە شایی و داوەت گۆرانی فۆلکلۆری دەڵێن و بۆ ماوەی چەندین شەو و ڕۆژ لەو کارەدا بەردەوام دەبن، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک نموونە: برایانی زیزی، ڕەسووی نادری و سەید عەلی سەردەشتی و کانەبی نەی، لەلای خۆیشمان حەسەنی نەی

و عەبەی سەیزادە، قاسم کەریمی نەیژەن و زولەیخا وەلی، ئەحمەد و سەلاح و فایەق داوودە و دەیان تیپ و تاقمی دیکەی لەوجــــۆرە. لە ناوچەی بادینان و باکـــــوور و ڕۆژئاوای کوردستانیشدا تیپی دەهۆڵ و زوڕنا و تیپی کەمانچەی سەرچۆک و تەمبــوورڤان و هی دیکەیش هەبوونە.

جگە لەو تیپ و تاقمە موزیکژەنە میللییە کوردییانە، کـــەســـــانێکی کــــوردیش وردە وردە هاتوونەتە ناو ناوەندەکەوە. بۆ نموونە: (ڕائید عەبدولواحید حاجی ئاغا مستەفا - ١٨٩٨- ١٩٧٥) کە هونەرمەندێکی کوردی خەڵکی شاری کۆیە بووە، لە ساڵەکانی (١٩٢٦ - ١٩٢٧) لە شاری سلێمانی یەکەمین خولی موزیکی لەسەر ئامێرە (فوو ویستەکان - هەوایی) کردۆتەوە و قــوتابییـــانی کـــوردی فـێـری ژەنینی ئەو ئامـێـرانە کردووە،[٣] هەروەها ئەو کەسانەی خزمەتی سەربازییان بۆ (سوپا) کردووە، هەندێکیان فێری ژەنینی ئامێرەکانی وەک: (کلارینێت، ترامپێت، ترۆمپۆن) و هی دیکەی سوپا بوونە و لە ناو تیپە کوردییەکاندا کاریان کردووە، پاشان کاتێک پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە وڵاتانی عیراق و ئێران کراونەتەوە، بەهرەمەندانی کوردیش بۆی چوونە و تا ڕادەیەک سوودمەند بوونە، بۆیە لە هەندێ لە شارەکان لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە جۆرێک لە تیپی موزیک لە خودی موزیکژەنە کوردەکان دروست بوونە، بۆ نموونە: (تیپی مۆسیقای مەولەوی) لە شاری سلێمانی و دامەزراندنی (کۆمەڵەی بووژاندنەوەی هونەرە جوانەکانی کورد) لە شاری کۆیە. جا بەهۆی دروستــبـوونی ئەو تیپـــانەی مـوزیکی کـوردییـــەوە، ئامـێـرەکانی (عـوود) و (کـەمـان) و (تەپڵ)، کە زووتر لەلایەن هونەرمەندە جوولەکەکانەوە دەژەندران، کەوتنە دەست بەهرەمەندانی عیراق بە گشتی و هی باشووری کـوردسـتـانیش بە تایبەتی، بێ شک ئەندامانی ئەو تیپانەی موزیکیش هەستی نەتەوایەتی وای لێکردوون تا لە توانایییاندا بووە هەوڵ بدەن و زوو بە زوو فـێـری ژەنینی ئەو ئامێرانەی موزیک ببن، بە تایبەتی هەندێ لە (تیپەکانی موزیک)، بەم دواییە لە هەوڵی ئەوەدان، لە تەک ئەو ئامـێـرانەی سەرەوە کە تازە فـێـری ژەنینیـان ببوون، ئامێرە خۆماڵییەکانی وەک: «شمشاڵ، دووزەلە، (باڵەبان - نەرمــــە نای)، زوڕنا، (بلوول - بلوێر)، (تەمبـــوور - تەمـیـرە - تەمـوورە)، (سـەمـتـــوور) و (کـەمـانچـەی سـەرچۆک) و (دەهۆڵ)، (دوومـەڵەک - دومبەرەک)، (دەفی گەورە)، (دەفی بچووک)، (تەپڵی زەرب)، (دووتەپڵە)، ... هی تریش» بەکاربهێنن..

لە باشـووری کـوردسـتـــان لە (١١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠)وە، ڕێکەوتننامـەیەک بۆ مـاوەی (٤) سـاڵ لە نێوان ڕابەرانی شۆڕشی ئەیلوول لەلایەک و سەرکردەکانی ڕژێمی بەعس لە بەغـــــدا مــــۆرکـــــرا، لە دوای ئەو ڕێکەوتننامـەیەوە کەشـو هەوایەکی نیـمـچە ئازاد و تا ڕادەیەک گونجاو و لەبار لە ناوچەکەدا بۆ کوردانی باشوور بە هەموو چین و توێژەکانەوە لەوانەیش هونەرمەندان هاتە کایەوە، بۆیە لەو مـاوە کورتەدا چەندین تیـپی مـوزیکی مۆڵەتدار دەرکەوتن و قۆڵی ئیشکردنیان لێ هەڵماڵی، لەوانەیش (تیـپی هونەری هەولێـر) ساڵی (١٩٧١) و (تیـپی مـۆسـیـقـای باواجی کـۆیە) ساڵی (١٩٧٢) و (تیـپی مۆسیقای سلێمانی) ساڵی (١٩٧٣) مۆڵەتی فەرمی بۆ کاری هونەرییان وەدەست هێناوە. ئەوە بێجگە لە تیپەکانی (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی سلێمانی) و (تیـپی مـۆسـیـقـای سـۆلاڤ لە کەرکووک) و (تیـپی مـۆسـیـقـای مـەولەوی لە سلێمـانی) کە بەداخەوە سـاڵی مـۆڵـەت پێـدانیـان نازانم. دیارە لەو کـەشـوهەوا نوێ و ئازادەدا کە میللەتی کورد لە باشووری کوردستان زووتر بەخــۆیەوەی نەدیبـــوو، کــە مـوزیکژەنانی ئەندامی ئەو تیـپـــانەیش کـورد بوون، بۆیە هەسـتی نەتەوایەتی هانی داون کـە ئاوازی ڕەسـەن و فـۆلکلۆری سـەردەمی باب و باپیـران بکەن بە بناغـە و بنچـینە بۆ مـوزیکێکی نوێی کـوردی، تا مـوزیکی نوێی کـوردیمان لەسـەر ئەو بناغـە پتـەوەوە سـەرهەڵدات و باڵاخـانەی هونەری نوێی خـۆی بەرزبکاتەوە، دیارە ســـەرەتا ئەو تیـپـــانە کـــارێکی زۆرباشـیــان کرد بەوەی هەر تیـپە لە ناوچەی خـۆی ئەو ئاوازە ڕەسەن و فۆلکلۆری و میللییانەیان بە شێوەیەکی تا بکرێت جـوان و پاک دووبارە تۆمـارکـردنەوە و بە بیـر هەمــوو خـەڵکی کـوردســتـــانی گـەورەیان هێنانەوە، بە تایبەتی منداڵ و مێردمنداڵانی کوردیان لێ بە ئاگا هێنا، ئەمـــە دوای ئەوەی خـــەریک بوو ئەو ئاوازانە لەبیــر دەچوونەوە و بەرەو فەوتان دەچوون.

شـایانی باسە ئەو شـۆڕشـە هونەرییـە نوێیەی لێرە لە باشـووری کـوردسـتـان بەرپا بوو، دوای نسکۆی شـۆڕشی

ئەیلوولیش نەک هەر نەکوژایەوە، بگرە پەرەی سەند و چەندین تیپی مۆسیقای نوێتریش هاتنە کایەوە و ئەوانیش وەک تیپەکانی زووتر هەر یەکە و کەوتنە تۆمارکردنی بەرهەمی ڕەسەن و فۆلکلۆری ناوچەکانی خۆیان، لەوانە (تیپی مۆسیقای دهۆک) و (تیپی مۆسیقای ڕواندز) و هی دیکەیش. نابێ ئەو ڕاستییە تاڵەیش لەبیر بکەین کە دوای هەڵگیرسانی شەڕی عیراق- ئێران و نەهامەتییەکانی وردە وردە بە هۆی ئەو شەڕە سەرتاسەرییە ڕووخێنەرەوە، کە کاریگەری خۆی هاویشتە سەر هەموو بوارەکانی ژیان و بەو هۆیەوە موزیک و گوتنیش تا دەهات بەرەو کزی دەچوو، تاکە موزیک و گۆرانییەک کە مابوو، بریتی بوو لە پیاهەڵدان بە شان و باڵی دیکتاتۆر و جەنگە نارەواکەی و حزبە سەرکوتکار و دڕندەکەی، بۆیە زۆربەی هونەرمەندانی کورد بە تایبەتی نیشتمانپەروەران لەو جۆرە هونەرە کشانەوە.

مخابن ئەمڕۆیش بە تایبەتی لە باشووری کوردستان جۆرێک لەسەرگەردانی دروست بووە، جۆرێک لە تێکەڵی و کۆپیکردن و دزین و لاسایی کردنەوەی گۆرانی و ئاوازی عەرەبی و تورکی و فارسی و هی دیکەیش، بە ناوی موزیکی کوردییەوە بە بیسەری کورد دەفرۆشرێت؟ بەڕای ئێمە ئەمڕۆ گرنگترین شت ئەوەیە ئاوازدانەر و گۆرانیبێژ و موزیکژەنەکانیش بتوانن پردێک لە نێوان خۆیان و بیسەراندا دروست بکەن، با بەرهەمەکان حەزی هونەرمەندەکان و حەزی بیسەرانیشی تێدا ڕەنگ بداتەوە و بەرهەمەکان تەکنیک و شتی سەردەمیانەیشی تێدا ڕەچاوبکرێت.. بەڕای ئێمە ئەمڕۆ ئاوازدانەر و موزیکژەن و گۆرانیبێژ لەلایەک و بیسەرانیش لەلایەکەی تر لە قەیرانێکی ئاشکرادان و گەرەکە بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە کۆڕ و سیمینار بگرە کۆنگرەی موزیکیش گرێ بدرێت، کە خۆیان لە (وەزارەتی ڕۆشنبیری) و (سەندیکای هونەرمەندان) و (خودی تیپە هونەرییەکان) و (هونەرمەندانی بوارەکە)یش دەبیننەوە. ئەمڕۆ خەڵکانێکی ناشارەزا لە هونەر بە گشتی و لە هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیش بە تایبەتی، خۆیان کردووە بە دەمڕاستی ئاواز و موزیک و گۆرانی کوردی. بەداخەوە ئەوەی کاتی خۆی تاکە شتێک بوو کە (دوژمن) نەیتوانی زەفەری پێببات، هونەرەکەمان بوو کە تا ڕادەیەکی باش بە ڕەسەنی مابووەوە، کەچی مخابن ئەمڕۆ لەسەر دەستی ئەو ناشارەزایانەوە، کە لەلایەن کەسانی کاربەدەستی هەلپەرستەوە، بۆ هەندێ مەرامی دیار و ئاشکرا پشتیوانی گەرمیان لێدەکرێت، بۆیە ئەم کارەیان خەریکە کاریگەری نەرێنی زۆر خراپ دەخاتە سەر شێواز و کوالیتی هونەری ڕەسەنی گۆرانی و موزیکی کوردیمان. [٤] ڕەنگە ئیدی هەق بێت بیر لە چارەسەرێکی پتەوی ئەو قەیرانە بکرێتەوە و چیدی ئەو هونەرە پیرۆزە بەوجۆرە سووک نەکرێت و لەلایەن ناشارەزایانەوە و بەداخەوە وەک گوتم: بە پاڵپشتی هەندێ لە بەرپرسانەوە بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان، ئیدی لەوە زیاتر هونەرەکە ئاستی دانەبەزێنرێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١) ئامێری شباب: لە لای برا ئێزدییەکانمان ئامێرێک هەیە بە ناوی (شباب)، کە زۆر لە لایان پیرۆزە و لە بۆنەی ئایینی خۆیاندا بۆ ژەنینی (قەول)ـەکان موزیکژەنێکی تایبەتی بە ناوی (قەوال)، ئەو قەولانەی سەر بەو ئایینەی پێدەژەنرێت، ئامێرەکە جۆرێکە لە شمشاڵی کوردی و تاکە جیاوازی لە گەڵ ئەودا ئەوەیە، ئەمەیان لە دار دروست کراوە، لە ڕووی ژمارەی کونەکان و درێژی و کورتی ئامێرەکەوە، هەمان شمشاڵی ئاسنی کوردییە. بڕوانە کتێبی (ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی) لاپەڕە (١١٢).**

**٢) ساڵی (١٩٧٥) ئەوکاتەی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووین، کەرەتێکیان سێ ڕۆژ مۆڵەتمان پێدرابوو، لە گەڵ هونەرمەند (سەردار ئەحمەد) لە (مەهاباد)ـەوە بۆ شاری «شنۆ»یێ، بۆ دیدەنی هونەرمەند (حەمەی ماملێ) چووین، دوای ئەوەی زانیمان ئەو شەوە لەوێ لە ماڵێکدا ئاهەنگی هەیە، ئەو شەوە لە (مسافرخانە)کەوە دوور بە دوور گوێبیستی دەنگی بووین، بۆ بەیانی توانیمان ببینین و هەردوو موزیکژەنە (ئازەری)یەکەیشمان دیت، کە یەکێکیان ئامێری (تار) و ئەوی دی ئامێری (کەمانچەی سەرچۆکی) دەژەند، ئەوانە هەمیشە و بەردەوام لە گەڵ ئەو هونەرمەندە موزیکیان ژەندووە.**

**٣) بڕوانە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٢٨)ی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٨) لاپەڕە (١٤٨ - ١٥٢).**

**٤) بڕوانە هەردوو ژمارەی گۆڤاری (هەرێمی کوردستان): یەکەم: ژمارە (٥٣٢)ی ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١١/١٧)، دووەم: ژمارە (٥٦٥)ی ڕێکەوتی (٢٠١٠/٧/٢٧)، هەردوو نووسینەکانیش بە ناوی (چەواشەکردنی گۆرانی و موزیکی کوردی)ن و لە نووسینی (وریائەحمەد)ن.**

# پرسی تیشکە ڕووناکەکان

**«خوێندنەوە لە ئەفسانە ئەفرێنراوەکانی سروشت»**

وەهبی ڕەسووڵ
(سلێمانی)

کەمن ئەو هونەرمەندانەی لە ئەندێشە و ئەزموونی ئیستێتیکییانەیاندا، خۆ نادەنە دەست توانستە لەبەر دەستدا بووەکانی واقیع، وەک ژێدەرێکی هەژموونگەرای درێژبۆوە بە قووڵایی مێژووی کارکردنی هونەریدا. ئەوان دێن و سەرلەبەری ئەو تواناییانە بە شەقڵ و شێوازێکی سەر بە بینینی جیاواز و تایبەتانەی خۆیان دەنووسن و تۆمار دەکەنەوە، ئەم بینگە هونەرییانە، ئەم هەڵوەداییە بە هەوێڵە جیاجیاکانی ئەزموونی ئیستێتیکیدا، ئەم هەرچی درەنگ قـــایل بوونە، هەر زوو بە زووە و لە ساتەوەختی یەکەم بەرکەوتن و بینیندا، لە سیما ڕوخسارییەکانی دەقی بینەیی بەدیهاتوودا دەناسرێنەوە. (دڵشاد کوێستانی) هونەرمەند لە نەخشەی ئەم کردە هونەرییەدا، پێگەیەکی دیار و بوونێکی ئاراستەکراوی هەیە، ئاراستەکراوییەک کە لە ڕێی هێزەوە، لە زەینماندا ئامادەییەکانی خۆی دەبەخشێتەوە. تەمەنی کارکردنی (دڵشاد کوێستانی) لە بەرانبەر بەخششی ئەزموونی هونەریانەیدا، تەمەنێک نییە هەناسە درێژ، بەڵام لەم ماوە کورتەی کارکردندا، بەخششەکانی ئەوەمان پێدەڵێن کە خەروارێکن تەژی بە باکگراوندێک لە ئەزموونی هونەریی پەیت. بەرەنجامێکی وەها بە کۆشینێکی جەنگاوەریانەی (نیتشە)یی ئاسا بەدی دێ.

(دڵشاد کوێستانی) هونەرمەند هاوشانی نیگارکێشان جەنگێک دەگێڕێ، جەنگی بەراییبوونەوە لەنێو ئامادەییەکانی دەقی هونەریدا، ئەو جەنگەی لە کایەکانی پۆستمۆدێرنەدا، لە تیژترین کێشەکانی خۆیدا، خۆی بەرانبەر چەمکی مرۆڤایەتی بوونی ئەم سەردەمە ئاراستە دەکات. ئەو بۆ بەدیهێنانی ئیهام بە بوونێکی وەها لە زەینی بینەری خۆیدا، پەنا بۆ زوبانێکی بەراییانە دەبات

که زوبانی ئەفسانەیە، ئەفسانە ئەفرێنراوەکانی بۆ سروشت، سروشتێک بەدوور لە کردەی ژیانی و ژیاری مرۆڤی ئەمرۆ. هێزی شرۆڤە و خوێندنەوەمان لە ئامادەکردنەوەی واتا جیاجیاکانی دەقی بەدیهاتوودا، لەم تەنیا رەهەندەی تێدەپەڕێنێ، چون ئەگەر هونەرمەندانێ لەنێو دیوە شاردراوەکانی دەقی هونەرییاندا، بە یەک هەوێڵدا و لە یەک ساتدا گەڕان و بەرجەستە بکەن، ئەوە (کوێستانی)ی هونەرمەند بە دوو ئاراستەدا سەودایییەکانی خۆی بۆ سەرەتا، بۆ منداڵی وەک وزەیەکی شاردراوەی هەڵسووڕێنەری لەبن نەهاتووی ئەفراندن و خستنەڕووی دەقی بینەیی کارا کردووە. ئەو وێڕای خۆ بەرایییکردنەوە لە تەک سروشتدا، ئامادەیی پرسی تیشکە ڕووناکەکانی، ئامادەییەکن لە پرس لە منداڵییەکی زیز و دڵشکاو وە دەرنراو لە زێدی خۆی، لە گورزە تیشکە ئەبەدییەکانی کەرکووک. پانتایی تابلۆ بۆ ئەو پانتاییە کە لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان، ئەو بیرەوەرییانەی زادەی ڕامانکارییەکی شوێنکاتی ساڵگارێکە لە خەفەکردن و بێ دەنگی، لای ئەو زوبانی وشە و وتن، شکست خواردوو بوو لە بەردەم توانستی دوورایییەکانی گوزارشتکردن، هەر بۆیە پەنا و هانای بۆ ڕەنگ و فۆڕم برد، لەپێناو و (بۆ) شکاندنی تەلیسمی ئەفسوونی بەرجەستەکردنێکی وەها، ئەو، ئەو دەمە خۆی دۆزییەوە کە پەڕەمووچی بەدەستەوە گرت و کەوتە گەمەکردنێکی ترسناک پێی.





کارەکانی گەمەیەکی سەرنجڕاکێش لە ڕەنگ لەخۆ دەگرن، وێڕای گەمەی نێوان ساردی و گەرمی ڕەنگ، لە هەنووکەیی بوون و خۆڕەسیی جوانییە بەدیهاتووەکانی خەستێتی و شلیی مەتریاڵدا، ئەمە گەمەیەکە لە بە بوون کردن و نەکردندا، بە واتایەکی دی گەمەیەکە سەراپا لە گومانگەرایی نێوان جۆرێک لە دەستنیشانکراوی و ئەبستراکت. ئەو بەم گەمەیە، لە دیالۆگی ڕەنگ، دنیایەک لە هەبایی (ئەسیریی) دەئەفرێنێ و دواتر لە بیرەوەرییە مەحاڵەکانی بینەردا ئەفسانەیەکی بۆ دەنووسێتەوە کە هەندێ جار دڵنیاییەک لە تێگەیشتنمان پێ دەبەخشێ و چەندین جاری دیکەیش لەنێو ڕەهەندگەلێکی پێواردا بۆ هەمیشە ونمان دەکات. ئەو بە دارشتنەوەی سەرلەبەری شتەکان ئەو ئەفسوونەمان



لێدەکات، پێکهێنانەوەیەک لە پێوەندییەکی بنیادی نوێی وەهادا کە ناسنامەی باوێتی لە یەکە و ڕەگەزە ناسراوەکان دەسەنێتەوە، هەموو ئەو توانستی داخراوی و عاتیفی و دوورەدەستیانەی شتەکان هەیانە، هەڵدەوەشێنێتەوە و بۆ جارێکی دیکە لە واقعێکی هەستپێکراو لە دەستکردی خۆی دروستیان دەکاتەوە. بە گێڕانی ئەم پرۆسێسەش، خوێندنەوەیەک بۆ هەموو دەقە ون و هاوکات بەدیهاتووەکانی پێش خۆی دەکاتەوە، خوێندنەوەیەک کە تێیدا نە ئەم دەبێتە ئەوان و نە ئەوانیش توانایی ئەوەیان هەیە خۆ لە بوونی ئەزموونی ئیستێتیکییانەی ئەم نزیک بکەنەوە. ئا لێرەی هاوکێشە هونەرییەکەدایە کە هونەرمەند بەخۆبوونی خۆی بەدی دێنێ، ئەمانە گشتی سەرچاوەی گرتووە لە بە ئاگایی و وشیارییەکی ئەزموونی خۆڕەسیانەی هونەرمەند و بەدوور لە خواستێکی نەریتییانەی کارکردنی هونەری پشتبەستوو بە خویندنێکی ئەکادیمیانەی هونەر.

دنیای تابلۆکانی (کوێستانی)ی هونەرمەند، دنیایەکە گەرمی لە تیشکێکی پڕشنگداری ناوەکی وەردەگرێت، تیشکێک لە درەوشانەوەیدا، نادیاری و شاراوەییەکانی دەروونێکی ناسک پەخش دەکات و بەرەنجام بینەر لە بەردەم جیهانێکی وادا لە تاکگەرایی بەجێ دێڵێ، کە نەک هیچی کەمتر نەبێت لە جیهانی واقیع، بەڵکو لەو تەژیتر بێت لە کاریگەری و زیندوویتی و جوانی.



# بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم

کەریم شارەزا

**بەشداریی کردنم لە ڕێکخراوی یەکێتی گەنجان و لاوانی دیموکراتی کوردستاندا**

لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ مەیدانێکی پان و بەرینی ئازادی لەبەردەم هاوولاتیاندا کرایەوە و ئەو ڕێکخراوانەی کە حزبی شیوعی عیراق و پارتی دیموکراتیی کوردستان بە نهێنی دروستیان کردبوو، بە ئاشکرا کەوتنە کارکردن و چالاکی نواندن، لەوانە: یەکێتی گەنجانی دیموکراتی عیراق و یەکێتی لاوانی دیموکراتیی کوردستان بوون. ئەوکات یەکێتیی گەنجانی دیموکراتیی عیراق چالاکتر و بەدەرەوە تر بوو، من لە مانگی شوباتی ١٩٥٩دا لە کۆیە چوومە پاڵ یەکێتیی گەنجان و لەگەڵ دەستەیەک لە ئەندامانی، دەستەیەکی بەڕێوەبەرمان پێکەوە نا و ئەم ئەندامە چالاکانە بوونە سەرۆک و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر:

١- تاهیر مەعرووف سەرۆک
٢- کەریم شارەزا سکرتێر
٣- زاهیر ڕەشید ژمێریار
٤- ئەکرەم عەبدولقادر ئەندام
٥- عەبدولڕەزاق قادر یاسین ئەندام
٦- بلال بەهائەدین ئەندام

ئەم دەستەیە گەلێک چالاکی ڕۆشنبیری و وەرزشی و هونەری نواند و کۆنەسەرای حکوومەتی کردە بارەگای خۆی، چونکە ئەوساکە قایمقامیەت گواسترابووەوە بۆ سەرای نوێ. شەوانە چالاکی هونەری لەلایەن تیپی مۆسیقای باواجی کە زۆربەیان لەگەڵ یەکێتیی گەنجان بوون پێشکەش دەکران و ڕۆژانە گەنجێکی زۆر دەهاتن و داوایان دەکرد بە ئەندام وەربگیرێن.

له ناوەڕاستی مانگی ئایاری ١٩٥٩دا هەردوو ڕێکخراوی گەنجانی سەر بە حزبی شیوعی و لاوانی سەر بە پارتی دیموکراتیی کوردستان بوونە یەک ڕێکخراوی یەکگرتوو بەناوی [یەکێتی لاوانی دیموکراتیی عیراق] و دوو ئەندامی چالاک لە لاوانی سەر بە پارتی کە برادەران سەلاح محەمەد سەعید و محەمەد عەلی نووردەین جەلیزادە بوون، هاتنە ناو دەستەی بەڕێوەبەر و بە تەبایی لەگەڵ یەکدا ژیاین و چالاکییەکی زۆرمان نواند تاکو زەعیم عەبدولکەریم قاسم لە ڕێبازە دیموکراتییەکەی پاشگەزبووەوە و ڕووی لە حزبی شیوعی وەرگێڕا. لێرەدا ئەندامانی پارتی لە ڕێکخراوە یەکگرتووەکەدا هاتنە دەر و کەوتنەوە چالاکی نواندن بەناوی ڕێکخراوەکەی جارانیان کە یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بوو.

بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم چالاکییەکانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی عیراقی قەدەغەکرد، بەڵام ئێمەی دەستەی بەڕێوەبەر بە نهێنی هەر لەسەر چالاکی هونەری نواندنی خۆمان بەردەوام بووین.

بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٦٠ مۆڵەتی ئاهەنگگێڕانمان بەو بۆنە پیرۆزەوە وەرگرت و بەرنامەی ئاهەنگەکە لە باغچەکانی کۆنەسەرا سازکرا بەم جۆرە بوو:

| | |
|---|---|
| ١- مەلا محەمەدی دلاوەر | وتار |
| ٢- ئەحمەد دڵزار | وتار و شیعر |
| ٣- محەمەد حەیدەری | وتار |
| ٤- خوشکە فریشتە | شیعر |
| ٥- ئەکرەم عەبدولقادر | وتار |
| ٦- کەریم شارەزا | شیعر |
| ٧- قوتابی وریا قادر | وتار |

(تیپی مۆسیقای باواجی)یش سروودی نەورۆز و چەند پارچە مۆسیقایەکی پڕ سۆزیان پێشکەش کرد.

## بەشداری کردنم لە مەشق کردنی بەرگریی میللی لە کۆیە

لەسەر داوای لیژنەی کۆیەی حزبی شیوعی لە سەرەتای هاوینی ١٩٥٩دا لاوان بەشدارییان کرد لە مەشق کردن لەسەر بەکارهێنانی چەک بەناوی [بەرگریی میللی] لەدژی پیلانەکانی دوژمنانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز، چونکە دەوڵەتانی دەوروبەرمان بەهاندانی پەیمانی [سەنتۆ] هەڕەشەیان لە عیراقی دیموکراتی پێشکەوتنخواز دەکرد و من لە ڕووی دڵسۆزییەوە بۆ شۆڕشەکە و عەبدولکەریم قاسم بەشداریم لەو مەشق کردنەدا کرد کە ئەفسەری سەربازگری کۆیە سەرپەرشتی دەکرد و چەند عەریفێکی سوپا مەشقیان بە بەشداربووان دەکرد، هەموو لاوانی شارەکە ئاواتەخواز بوون بەشداری لەو مەشق پێکردنەدا بکەن.

لە کۆیە دوو خولی ئەو مەشقە بەڕێوەچوو تاکو سەرکردەی تیپی دووەمی سوپای عیراق (داود جەنابی) کە دۆستی حزبی شیوعی بوو لە کارەکەی لادراو لە جێی ئەو سەرکردەیەکی دیکە دانرا کە دژی ئەم حزبە بوو، ئینجا مەنتیقی بەرگریی میللی بە فەرمانی حاکمی عەسکەری گشتی قەدەغەکرا، ئەمەش ئەنجامی پاشگەزبوونەوەی عەبدولکەریم قاسم بوو لەڕێبازە دیموکراتییەکەی شۆڕشی تەمووز.

## بەشداری کردنم لە کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد ١٥-١٧ی ئابی ١٩٦٠

کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە هەولێر و هاوینەهەواری شەقڵاوە لە ڕۆژانی ١٥-١٧ی ئابی ١٩٦٠ بەسترا. ئاهەنگی کردنەوەکەی سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٥ی ئاب لە هۆڵی گەل لە شاری هەولێر بە چاودێری و ئامادەبوونی وەزیری پەروەردەی کۆماری عیراق، ئیسماعیل ئەلعارف کرایەوە و جەنابی وەزیر وتەیەکی پێشکەش کرد و بەڵێنی دا کە وەزارەتی پەروەردە گرنگییەکی زۆر بە خوێندنی کوردی و پەرەسەندنی دەدات و دوا بەدوای ئەویش لیوا ڕوکن عەلائەدین مەحموود پارێزگاری هەولێر و جەمال حاجی شەفیق بەڕێوەبەری گشتی کاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی و دکتۆر (سەفاء ئەلحافز) سکرتێری گشتی سەندیکای مامۆستایانی کۆماری عیراق و نوێنەری سەندیکای مامۆستایان- لقی هەولێر بەو بۆنەیەوە سەرو وتارێکیان خوێندەوە.

دوای ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکە ئەندامان و میوانانی ڕوویان کردە هاوینەهەواری شەقڵاوە و سەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە هۆڵی قوتابخانەی شەقڵاوەی سەرەتایی کە ئێستا (قوتابخانەی کاویس)ی سەرەتایی تێکەڵاوە. دانیشتنی کار دەستی پێکرد و ئەو ساڵە من

ئەو دەورەم لە بێژەری و بەڕێوەبردنی بەرنامەی کۆنگرەکە نەمابوو، چونکە پارتی دیموکراتیی کوردستان مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرای وەرگرتبوو و (حزبی شیوعی) بێ مۆڵەت بوو، بۆیە برادەران مەجید ئاسنگەر و نەجمەدین موفتی ئەم کارەیان لە کردنەوەی ئاهەنگەکەدا کرد و دە لیژنە بۆ لێکۆڵینەوە لە گرفتەکانی خوێندنی کوردی و زمان و مێژووی نەتەوەییمان کەوتنەکار، وەک:

١- لیژنەی زمانی کوردی.
٢- لیژنەی دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە.
٣- لیژنەی بەرنامە و کتێب.
٤- لیژنەی مێژووی کورد.
٥- لیژنەی خوێندنی باڵا و ناردنەوە دەرەوە.
٦- لیژنەی هونەر و زیندووکردنەوەی کەلەپووری میللی کورد.
٧- لیژنەی بەڕێوەبردن.
٨- لیژنەی ئەدەب.
٩- لیژنەی قوتابخانە و گیروگرفتەکانی قوتابخانەی شار و گوند.
١٠- لیژنەی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

لیژنەکان لە ڕۆژانی ١٦ و ١٧ ئاب کۆبوونەوە و پێشنیار و ڕاسپاردەی باشیان پێشکەش بە دەستەی گشتی کرد و من و زەکی هەناری و حوسێن عارف و چەند ئەندامێکی دیکە لە لیژنەی (دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە) بووین، لە پڕ مامۆستایەکی ئێزدی بەناوی حوسێن ئێزدی هاتە لیژنەکەمان و ڕایسپاردین کە کاتێک کتێبەکانی قوتابخانەکان دادەنرێن وشەی وەک (شەیتان) و (شەت) و (خەس) بەکارنەهێنرێن، چونکە ئەم وشانەیان تێدا بێت زارۆکی ئێزدی نایخوێنن، لێرەدا زەکی هەناری گوتی: «باشە لەبەر خاتری ئێوە دەنووسین (بژی شەیتان) و (شەیتان پیرۆزە!!).

مامۆستا حوسێن گوتی: «نا، نا نەکەن ناوی شەیتان بهێنن، چونکە ئەم وشەیە ئیهانەیە و دەبێ بێژن: مەلەک تاووس» ئێمە گوتمان باشە بە قسەی ئێوە دەکەین، بەڵام چی لە قورئانی پیرۆز بکەین کە لە سەرەتای هەموو سوورەتێک لە پێش (بسم الله)، (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم) هاتووە و بە قسەی خۆش (مامۆستا حوسێن)مان بەڕێ کرد.

لە دوا دانیشتنی ئەندامانی کۆنگرەکەدا دەستەی گشتی کۆبووەوە و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی لیژنەکانی تاووتوێ کرد و من ڕاسپاردەکانی لیژنەکەی خۆمانم پێشکەش کرد و بە زۆرینەی دەنگ هەموو ڕاسپاردەکان پەسند کران، نۆ بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەکەش ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- شێوەی کرمانجی خواروو بکرێت بە بنچینەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی دوای موتربەکردنی بە زاراوەی شێوەکانی دیکەی زمانی کوردی.

٢- کۆنگرە داوا دەکات (ئەکادیمیایەکی زمانی کوردی) بۆ پێشخستنی زمانەکەمان پێک بێت بەم ڕێگایانەی خوارەوە:

أ- یەکخستنی ڕێنووس و هەڵبژاردنی گونجاوترین (ئەلف و بێ) بۆ زمانی کوردی.

ب- دانانی زاراوەی زانستی پێویست بۆ وانەکانی خوێندن.

ج- دانانی ڕێزمانێکی یەکگرتووی گشتی بۆ زمانی کوردی.

د- دەرچوواندنی گۆڤارێکی زانستی و پەروەردەیی و زمانەوانی.

٣- لیژنەی زمان ڕادەسپێرێ کە لیژنەیەک لە شارەزایان بۆ دانانی فەرهەنگێکی قوتابخانەیی دابنرێ.

٤- لیژنەی زمان داوا دەکات بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی گۆڤارێکی پەروەردەیی و زانیاری و ئەدەب و کۆمەڵایەتی دەربچوێنێ.

٥- وەرگرتنی قوتابی کورد لە زانستگەی بەغدا بە جۆرێکی وابێ کە ئامانجی خوێندن و زانیاری کوردی بێنێتە دی.

٦- بەشی کوردی کۆلیژی ئەدەبیات لە زانستگەی بەغدا پەرەی پێبدرێ.

٧- وەرگرتنی قوتابی کورد لەو بەشەی کۆلێژی ئەدەبیات بەپێی پێویستی ناوچەکانی کوردستان بێ.

٨- کردنەوەی کۆلێژێکی پەروەردە لە کوردستان تاکو ببێتە بنچینەیەک بۆ زانستگەی کوردستان لەدواڕۆژدا.

٩- مێژووی نەتەوەی کورد لە هەموو قوتابخانەکانی کوردستان و عیراق بخوێنرێ.

**میوانەکانی کۆنگرە**

کۆنگرەکە، بێجگە لە ئەندامانی سەندیکای

مامۆستاسیان دەستەیەکی لێهاتووی لە میوانان لە شار و ناوچەکانی کوردستان و عیراق بانگهێشت کردبوو کە دەستێکی باڵایان لە بواری پێشکەش کردنی ڕاسپاردەی بە کەڵک لەبارەی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا هەبوو لەوانە:

١- لە بەغداوە: مامۆستایان ئیبراهیم ئەحمەد، عەلائەدین سەجادی، ئەندازیار نووری شاوەیس و پارێزەر عومەر دەبابە و محەمەدی مەلا کەریم و عەبدولمەجید لوتفی.

٢- لە سلێمانییەوە: مامۆستایان شاکر فەتاح و ساڵح قەفتان (مێژوونووس)، عەبدوڵڵا گۆران (شاعیر) و موحەڕەم محەمەد ئەمین (چیرۆکنووس) و حوسێن عارف (چیرۆکنووس) و پارێزەر بەهجەت محەمەد بابان.

٣- لە هەولێر و کۆیەوە: گیوی موکریانی، عەبدوڵڵا عەزیز هەولێری، ئەحمەد دڵزار (شاعیر)، عوسمانی عەونی (شاعیر)، محەمەد مەولوود (مەم) چیرۆکنووس.

٤- لە بادینانەوە: ئەنوەر مایی، حافز مستەفا قازی، سەلاحەدین سەعدوڵڵا، ئەبو زەید مستەفا سندی.

٥- لە کەرکوکەوە: تاهیر سادق، مستەفا نەریمان.

## کۆڕێکی ئەدەبی لە پەراوێزی کۆنگرەکەدا

سەرەڕای چالاکییەکانی کۆنگرەکە لە بواری پەروەردە و خوێندن، لە شەوی ١٥ لەسەر ١٦ی ئابی ١٩٦٠ کۆڕێکی ئەدەبی بەسەرپەرشتی عەلائەدین سەجادی سازکرا و ئەم شاعیر و نووسەرە ناسراوانەی ئەوسای کورد شیعر و وتاری ئەدەبییان تێدا پێشکەش کرد:

١- گۆران: بە هۆنراوەیەک بەناوی (بەرەو کۆنفرانس) بەشداریی کرد.

٢- دڵزار: بەهۆنراوەیەکی ڕەمزی بەناوی (باخەکەمان) بەشداریی کرد.

٣- عوسمان عەونی بە هۆنراوەیەکی سیاسی بەشداریی کرد.

٤- أ.ب. هەوری: هۆنراوەیەکی بەناوی (دەردی بێ باری) خوێندەوە.

٥- کەریم شارەزا: هۆنراوەیەکی بەناوی (دوو ڕوو) پێشکەش کرد.

٦- کامل بەسیر: بە وتارێکی ئەدەبی بەشداریی کرد.

٧- محەمەدی مەلا کەریم: وتارێکی ئەدەبی پێشکەش کرد.

٨- کەریم زەند: پارچە شیعرێکی مەولەوی خوێندنەوە.

٩- محەمەد مەولوود (مەم): وتارێکی ئەدەبی پێشکەش کرد.

١٠- عەبدوڵڵا میدیا: بە وتارێکی ئەدەبی بەشداری لە کۆڕەکەدا کرد.

کۆنگرەکە لە دوای نیوەڕۆی ١٧ی ئاب کۆتایی هات.

## گەشتێکم لە پەراوێزی کۆنگرەکەدا بۆ ڕەواندز و حاجی ئۆمەران و تەمەرچیان

دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرە ناوخۆییەکە کە پێی دەگوترا (کۆنفرانس) من و خوالێخۆشبوو محەمەد تۆفیق وردی و کەریم زەند و مامۆستای کۆچ کردوو حوسێن حەسەن ئاکرەیی و برادەرێکی دیکە گەشتێکی خۆشمان بۆ گەلی عەلی بەگ و بێخاڵ و ڕەواندز و حاجی ئۆمەران کرد. لە ڕەواندز چاوم بە مامۆستایان تەقیەدین قادر و حوسێن مەحموود باڵەک کەوت، ڕێزێکی زۆریان لێنام و زۆریان لەگەڵ کردم لایان میوان بم، بەڵام من گوتم: سوپاستان دەکەم جارێ وا لەگەڵ هاوڕێکانم دەچین بۆ گەلاڵە و حاجی ئۆمەران، کە بۆ شەو گەڕاینەوە ئەوکات بڕیارێک دەدەم.

ئیدی بە شوفێری تەکسییەکەمان گوت، کە لەگەڵی ڕێککەوتبووین بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەگەڵماندا بێت، بەرەو گەلاڵە برۆ، کە گەیشتین زۆری لێ نەماینەوە و زوو بەرەو حاجی ئۆمەران چووین کە گەیشتین خزمێکی مامۆستا کەریم زەند کە پۆلیسی موخابەرەی سەر سنوور بوو، بەرەو پیرمان هات و لە چایخانە میوانداری کردین و دوای کەمێک بە مامۆستا کەریم زەندی گوت: مامۆستا وەک بزانم تۆ لە بارەی جوگرافیای کوردستان دەنووسی، ئەگەر حەز دەکەن بچنە دیوی کوردستانی ئێران، مەخفەری (تەمەرچیان) نیو سەعاتێک ڕێ لێرەوە دوورە، دەتوانین بچین و من دەستەسرێکی سپی لە بانی ئۆتۆمبیلەکەوە ڕادەوەشێنم، نیشانەی ئاشتی و دۆستایەتییە و باشترین دیاریش بۆ ئێرانیان (چا)یە، ئێمەش بڕیارمان دا بچین و چووین کیلۆیەکمان چای سیلانی کڕی و بەرەو (تەمەرچیان) بەڕێ کەوتین، تاکو گەیشتینە جۆگەلەیەکی وشک، برادەرەکەمان گوتی: ئەمە

هێڵی سنووری نێوان کوردستانی عیراق و کوردستانی ئێرانە، زۆرمان پێ نەچوو لە مەخفەرەکە نزیک بووینەوە، بینیمان سەربازەکانیان چوونە سەربان و تۆپێکی بچووکیان ڕووەو ئێمە دابەست، بەڵام بینییان هاوڕێکەمان دەستەسڕی سپی ڕادەوەشێنێ زانییان ئێمە دۆستین، کە گەیشتینە بەردەم مەخفەرەکە ئەفسەرێکی ڕێکوپێکی باڵا بەرز بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی کردین و بە کوردییەکی ڕەوان بەخێرهاتنی کردین و گوتی: «هەر کەسێکی بە حوسنی نییەت سنوورمان ببەزێنێ ئێمە پێشوازی لێدەکەین.» منیش پێم گوت «وادیارە جەنابیشت وەکو ئێمە کوردی؟» لە وەڵامدا گوتی: «نەخێر من عەجەمم» واتە: ئازەرییە.

کە چایەکەمان وەک دیاری پێشکەش بە سەربازێکی بەردەستی ئەفسەرەکە کرد زۆر پێ خۆشحاڵ بوو، خێرا چایان بۆ لێناین و منیش کە سەرم هەڵبڕی بینیم وێنەی محەمەد ڕەزا شای ئێران و ئایزنهاوەری سەرۆکی ئەوسای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدیواری ژووری ئەفسەرەکەدا هەڵواسرابوو. منیش خەمێکی قووڵ دایگرتم و لە مێشکی خۆمدا دەمگوت: «ئەم کوردستانەی ئێمە پارچە پارچەکراوە و هەر پارچەیەکی غەیری کورد حوکمڕانی دەکات و سنووری نێوانیشیان تەنیا هێڵێکی باریکە.» دوای سەعاتێک گەڕاینەوە بۆ حاجی ئۆمەران و لەوێش نەماینەوە و هەر بەو ئێوارە درەنگە بەرەو ڕەواندز گەڕاینەوە، لە ڕێگادا مامۆستا حوسێن حەسەن ئاکرەیی و هاوڕێکەی لەگەڵڵە بوونە میوانی «محەمەد حەسەن باڵتە»ی بەڕێوەبەری ناحیەکە و من و مامۆستایان وردی و کەریم زەند چووینە ڕەواندز، کە گەیشتینە دامێنی شارەکە لە بارەگای هاوینەی لیژنەی ڕەواندزی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دابەزین و مامۆستا جەلال سەعید خەیلانی بەرپرسی ڕەواندز بوو، زۆر بەگەرمی پێشوازی کردین و ژەمە نانی ئێوارەمان لەوێ خوارد و ناردی لە بارەگای زستانە شوێنی نووستنمان بۆ ئامادە بکەن.


ئەو شەوە بە قسەی سیاسی و باسی ڕووداوەکانی کۆماری دیموکراتیی کوردستان کۆڕەکەمان گەرم کردبوو، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام هەر کەسێک بەچاکە باسی کەسایەتی سیاسی و کاربەدەستانی ئەو کۆمارەی دەکرد مامۆستایان وردی و کەریم زەند بە پێچەوانەی ڕای ئەوکەسە ڕای خۆیان دەردەبڕی. لەو کاتەی کە دەوری هەمزە عەبدوڵڵا لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتیی کوردستانی عیراق بەرز دەنرخێنرا، ئەوان بە پێچەوانەوە هێرشیان دەکردە سەر و بە پیاوێکی بێ باریان دادەنا. هەندێ کەسیش لە دانیشتوانی کۆڕەکە کە باس دەهاتە سەر دەوری حوزنی موکریانی لە کوردایەتی بە دەرچوواندنی (گۆڤاری زاری کرمانجی) لە ڕەواندز لەساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٢، مامۆستا وردی بە پیاوی ئینگلیز ناوی دەبرد، کە باسی باری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتیی کوردستانیش دەکرا، وردی وای دەردەخست کە دواکەوتوو بوون.

من کە ئەم هەڵوێستەی مامۆستایان وردی و زەندم بینی زانیم میوانداریەکەمان تا سەر نابێ، بۆیە من بە شوفێرەکەم گوت: «کاکە من وادەم بە مامۆستا حوسێن مەحمود باڵەک داوە، شەو لەلای ئەو بخەوم، ئەویش لەگەڵ برادەرێکی ڕەواندزی بۆ دۆزینەوەی ماڵی خانە خوێکەم بردمی بۆ ماڵی ئەو برادەرەم، کە گەیشتم زۆر ڕێزی لێنام و ئەو شەوە لەلای ئەو نووستم و بۆ بەیانی دەیویست نەیەڵێ بڕۆم و داوەتم بکات، کەچی من گوتم: ئێستا دوو برادەرەکەم چاوەنوارم دەکەن و شوفێرەکە دێ بەدوامدا دەگەڕێینەوە هەولێر.

کاتێک شوفێرەکە بەدوامدا هات و بردمی بۆ ناو بازاڕ، بینیم وردی و کەریم زەند لەسەر بانی چایخانەیەک لەسەر لاتەختێک نووستوون و بە پەلە هەستان و خۆیان گۆڕی و هاتنە خوارێ، منیش پێم گوتن: «ئەی بڕیار وانەبوو بەشەو لە بارەگای پارتی بخەون؟» لە وەڵامدا گوتیان: «کلیلەکەی بارەگاکەیان بزرکردبوو، بۆیە ئێمەش هاتین لەسەر لاتەختێکی بانی ئەم چایخانەیە نووستین.» تووەمز لەبەر قسە ناخۆشەکانی مامۆستایان وردی و زەند دالدەیان نەدابوون و ئیدی دوای کەمێک بەرەو هەولێر گەڕاینەوە و لەوێشەوە لێکدابڕاین، لێرەدا بۆم دەرکەوت دەبێ مرۆڤ بەپێی جێگاو سەردەم قسە بکات و بە سەلبی باسی ئەو کەسایەتییانە نەکات کە خۆشەویستن لەلای ئەو کەسانەی لە دەوروپشتین.

# کەشتی مەرگ و گفتوگۆکان

هاشم سەڕاج




لە نووسینی پێشوودا لە هەندێک بابەتی کتێبی «کەشتی مەرگ» دوام کە لە نووسینی (محەمەد عوزێمە)یە و عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم بەشێک لە دید و بۆچوون و دنیابینی شاعیرە ژاپۆنییەکان سەبارەت بە جیهانی شیعر بخەمەڕوو، لە هەمان کاتدا چەند خاڵێک لەو دیمانانە دیاری دەکەم کە لەگەڵ نووسەری ئەم کتێبەدا ئەنجام دراوە.

### کۆرا- ڕۆمیکۆ ۱۹۳۲

ژنە شاعیر و ڕەخنەکاری ئەدەبی ماوەیەکی زۆر بایەخی بە ئەدەبی ئاسیا و ئەفریقا داوە و هەڵبژاردەیەکی لە شیعری نوێی عەرەبی بۆ زمانی ژاپۆنی وەرگێڕاوە، کۆرا دەڵێت: شیعری ئێمە زۆر ڕیتم ئامێز ناکەوێتەوە، چونکە لە زمانی ژاپۆنی بێژەکان زۆربەیان لە دەربڕیندا هاوشێوەن، بۆیە شیعری نوێی ژاپۆنی بە تەواوی لە پێداویستییەکانی فۆرم ئازادە و بەشێوەیەک دەکەوێتە دەرەوەی مویزیک و لە پەخشانەوە نزیکترە، هەروەها شیعری ژاپۆنی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە زیاتر هەڵگری فیکرە، کە پێشتر زۆرتر ڕیتم ئامێز و لیریکی بوو، جەخت لەسەر ئەوەش دەکات کە دەقی «وێرانە خاک» ی تی. ئێس. ئیلیەت کاریگەری بەسەر شیعری نوێی ژاپۆنییەوە زۆرە، بە تایبەتی بەسەر بزاڤی سەربازی کە زۆرتر ئەو شاعیرانە دەگرێتەوە کە دەقی وێرانە خاک و «نەوەی سەیر»ی «تۆماس مان»یان خوێندووەتەوە و لەنێو کاولکارییەکانی جەنگدا ژیاون و لە دیدێکی نائومێدانەوە لە بوون و ژیار دەڕوانن، هاوکات مەرگەساتی جەنگ زۆربەی شاعیرانی بەرەو بزاڤێکی تەعبیری و وەسف برد، کە ڕەگەزی خوازەی تێدا زاڵە و یاری زمانەوانی ڕەوانبێژی ونە، واتە ئەو شیعرە دیار نەما کە بایەخی بە کەشێکی ئیستێتیکی و سۆزداری دەدا، شیعری ژاپۆنی زۆر هەستییە و میتافیزیکای تێدا نییە، چەمکی مەرگ وەک مردنی کەسێکی ئازیز و خۆشەویست سەیر دەکرێت نەک وەک بابەتێکی میتافیزیکی، هاوکات شیعری زۆرمان هەیە کە بابەتی ژیانی ڕۆژانە لەخۆ دەگرن،

سەبارەت بە میشیما و کاواباتا و دیاردەی خۆکوژی، ئەم حاڵەتە رۆشنبیرییەکی سوارچاکی لە پاڵە، واتە «بوشی دو» کە مردن بە حاڵەتێکی پۆزەتیڤ وەسف دەکات، بوشی واتە چینی سامورایی، دو= واتە ڕێباز، کە ڕێبازی ناسراو بەو خۆکوژییە «هاراکیری»یە، خۆکوژ لە ڕێگای مەرگەوە دەیەوێت «پاکی» خۆی بسەلمێنێت، ڕەنگە ئەم کردەیە میتافیزیکایەکی بۆ مردن تێدا بێت، کۆرا- رۆمیکۆ پێی وایە ئەوەی شاعیر بەرەو داهێنان دەبات هەستکردنە بە ناکۆکییەکانی ئێستای واقیع، شیعر گەڕانە بەدوای ئەوەی لە واقیعدا نییە، یان گەڕان بەدوای واقیعێکی نادیار و نەناسراو، زمانی شیعریش پێویستە بگاتە شوێنە قووڵەکان، بۆیە دەڵێم ئەگەر لە ژاپۆن شاعیر بیت، واتە تا سنوورێکی گەورە شێتیت. سەبارەت بە تازەگەری دەڵێت تازەگەری لە شیعری هاوچەرخی ئێمەدا، واتە گۆڕینی فۆرم و بایەخدانی زێتر بە وێنەی شیعریی و ماڵاوایی کردن لە ویژدانی تەقلیدی کە شیعری تانکا بە حەساسیەتە وشکەکەیەوە نوێنەرایەتی دەکرد، بەڵام تازەگەری بە نیسبەت من ئارەزووکردنی ئازادی و جێبەجێکردنی دادپەروەرییە لەنێوان خەڵکدا، ئەوەش وامان لێ دەکات گرنگی بە بزاڤی ژنان و جیهانی دەرەوەی ئەورووپی بدەیت.

**گۆزۆ- یۆشیماس**

من زێتر مەستم، نەک شاعیر مرۆڤێکی لاواز، لە سێبەر سووکتر، ساڵی ١٩٣٩ لە دایک بووە، گرنگترین خەڵاتی ئەدەبی ژاپۆنی بەدەست هێناوە، زمانی شیعری ئاڵۆز و درەوشاوەیە، گرنگی بەو دەنگانە دەدات کە نانووسرێنەوە، وەک نرکە و هانکە هانک و ژاوە ژاو، یان دەنگە نادیارەکان، وێڕای گرنگیدانی بەو گەلانە کە نە پیتیان هەیە نە زمانی نووسین، پێی وایە گوێگرتن لە شیعر بە زمانی دایک چێژێکی دیکە و خۆشییەکی نوێ دەبەخشێت، ناسنامە لە شیعردایە بە پێوەندی نێوان زمان و منداڵ دەچوێنێت، دەڵێت نامەوێت زمان شتێکی جێگیر بێت، شیعرگەراییش لەکاری وەرگێڕاندا دەمێنێت و ئەو میتافیزیکایەی کە بۆ لای خۆی ڕامدەکێشێت لە فەلسەفە جیایە، زیاتر خەیاڵی و ڕۆمانسییە و ئەوەیە کە لای «ولیەم بلیک» دەبینرێت، مەرگ و سروشت لە شیعری تەقلیدی ژاپۆنیدا دوو ڕەگەزی بنەڕەتین، کردەی خۆکوژی و مەرگی «میشیما» و «کاواباتا» دەشێ بە فیکری بوزییەوە بەند بێت، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن لە «سائیکۆ و سانتۆکا» دەدوێت کە دوو شاعیری دێرینی ژاپۆن بوون، سائیکۆ قەشەیەک بوو بە شێوەی زاهیدێک کە لە چیاکانی ژاپۆن دەژیا و هاوکات شاعیرێکی گەورەی «واکا» بوو، حەزی دەکرد لە وەرزی بەهاردا بمرێت، بەم جۆرە لە «تانکا»یەکدا پێشبینی مەرگی خۆی دەکات و لە هەمان وەرزیشدا دەمرێت.

**لە بەهاردا ئارەزووی مردن دەکەم**
**لەژێر گوڵەکانی گێلاس**
**لەناوەڕاستی مانگی نیسان**

بەڵام سانتۆکای شاعیری هایکۆ و تانکا ساڵی ١٩٤٠ کۆچی دوایی کرد، لە دەورانی منداڵی دایکی خۆی بینیبوو، کە چۆن بۆ ئەوەی بمرێت خۆی هەڵدەداتە نێو بیرێکەوە، ئەم دیمەنە تراژیدییە کاری تێکردبوو، سانتۆکا هەمیشە مەست بوو، مانەندی دەروێشێک دەگەڕا و داوای خێری لە خەڵک دەکرد، ئەو جۆرە تانکایەی ئەو قەشە ژنە دەینووسی دەرچوون بوو لە ڕیتمی ٥/٧/٥ ی سونەتی، بەشێوەیەکی ئازاد گوزارەی دەکرد و هەمیشە دەیگوت «دەمەوێت لە پرێکدا بمرم» ئەوە ڕووی دا، سانتۆکا تارادەیەک فیکری ژاپۆنی لە بارەی مردنەوە ڕاڤە دەکات، کۆزۆ- یۆشیماس سەبارەت بە تازەگەری دەڵێت: من هەمیشە بەدوای تازەگەرییەکی ریشەییدا دەگەڕێم، کە تایبەتە بە خۆم.

پێشی وایە نووسینی ئازاد و ڕادیکاڵانە لە بارەی ژیانی ڕۆژانە بۆ پێشەنگی هونەری و ئەدەبی پێویستە، هەروەها هەست کردن بە ترس و ریشەی شیعری ئەوی داپۆشیوە، ئەمەیش پێوەندی بەو ترس و تۆقانەوە هەیە کە دووەمین جەنگی جیهانی لە دەروونیدا چاندوویەتی، سەبارەت بە ژیانی هاوسەری دەڵێت: ئێمە منداڵمان نییە و زمانی دایکمان جیاوازە، هەست دەکەین وەک دوو کەسی شێواو واین کە دۆستایەتی لەنێوانیان پەروەردە دەکرێت، دواتر دەڵێت حەفتەی دوو ڕۆژ لە زانکۆ ئەدەب دەڵێمەوە و کرێی خانوو و خواردن لەو مووچەیە دەدەم.

**تانیکاوە - شونتارۆ**

کاتێ قسە دەکات هەست دەکەیت شتێک لە ڕوخساری هەڵدەقووڵێت،

بەشێوەیەکی ڕەمەکی دەدوێت، وەک ئەوەی بیر لە قسەکانی نەکاتەوە، یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی شیعری هاوچەرخی ژاپۆن، ڕەخنەکاران زۆرتر بایەخ بە شیعری سۆنیتا و کۆمەڵێک وانەی لە بارەی کۆکا کۆلاوە دەدەن، زمان لای ئەو ناسنامەی دەقە، بەڵام نەک بەشێوەیەکی سەد لە سەد، کاتێک گوێی لە ئیلقای چەند قەسیدەیەکی ئەندەنووسی و بەرازیلی بووە هەستی بە بوونی دەنگگەلێک کردووە کە ئەم جۆرە دەنگانە لە شیعری ژاپۆنیدا بوونیان نییە، بەڕای تانیکاوە تایبەتمەندی شیعری نوێی ژاپۆنی دوورکەوتنەوەیە لە فۆرمی تەقلیدی تانکاو هایکۆ و کانیشی-شیعری چینی، ئەمەیش هاوکات کێشەی شیعری ژاپۆنییە کە گۆڕانێکی زۆری بەسەر هاتووە و بە تایبەتی دوای کرانەوەی ژاپۆن بە ڕووی جیهاندا، تازەگەریش دۆزینەوەی شێوە گوزارشتێکی زێتر تازە و ئازادە بۆ نووسین، هەڵبەتە تازەگەری شیعریمان و موزیک و شێوەکاری و ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی و هونەریمان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیریی خۆرئاواوە، ئەوەش بۆ سەرەتای سەدەی «میجی» و دابڕان لە شێوە شیعری ژاپۆنی تەقلیدی دەگەڕێتەوە، بەڵام شاعیرانی گەنج ئەوانەی ئەمڕۆ شیعری تانکا و هایکۆ دەنووسن، لە شیعری نوێوە نزیکن و هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی کۆتایی هێنان بە فۆرم و کێشی دیاریکراوەوە خۆیان لە چوارچێوە تەقلیدییەکەی شیعری تانکا و هایکۆ ڕزگار بکەن، لە هەمان کاتدا ئەو شێوە نووسینە بە نزیک لە شێوازی نوێ و جێگەی سەرسام بوون دەزانن، بەڵام شاعیرانی تانکا و هایکۆی تەقلیدی خۆیان لە شیعری تازە بە دوور دەگرن، لە ڕوویەکی دیکەوە شیعری تانکا و هایکۆ جۆرێک لە میتافیزیکای تێدا بەدی دەکرێت، ڕەخنەکاران پێیان وایە تێکستەکانی من لە بزاڤی «چوار کەژەکە»ی بەر لەجەنگ نزیکە، ڕاستە لە بەرهەمەکانی مندا سروشت شوێنێکی بەرزی هەیە، بەڵام من ڕووەو گەردوونێکی بەرفراوانتر هەنگاو دەنێم و دایکم لە قوتابخانەیەکی مەسیحییانەدا خوێندوویەتی و من لەکاتی لاویدا لە دیاردەکانی سروشتدا هەستم بە بوونی خواوەندێک دەکرد، تانیکاوە پێی وایە شیعری ژاپۆنی لە قۆناغی ڕەوانبێژی و فۆرمی دیاریکراوەوە بەرەو قۆناغی گرنگیدان بە بابەت هەنگاوی ناوە، کەچی هەست دەکەم شاعیرە گەنجەکان دووبارە بۆ ڕەوانبێژی گەڕاونەتەوە و ئەوەی لایان گرنگە تەنیا ئیستێتیکای زمانەوانییە، من دەنووسم و بڕوام وایە شیعر بێ خوێنەر مانایەکی نییە و هەوڵ دەدەم. لە ڕێگەی زمانەوە پێوەندییان لەگەڵ بگرم، چونکە زمان لای من هەموو شتێکە، لە هۆ و ئامانجیش زێتر، سەبارەت بە ئایینی من خۆم بە بوزی نازانم، بەڵام لە منداڵییەوە هەستێکی نادیار لە ناخمدایە و پێم وایە ئەوە لە شیعرەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە و زۆربەی شیعرەکانم بەرهەمی نائاگایین و بۆشاییەکیش لەنێوان خۆم و گەنجەکاندا دەبینم، بەڵام بەرهەمی هەندێ لە ئافرەتە شاعیرەکان زۆر چێژم پێدەبەخشێ، تانیکاوە لە بارەی جەنگەوە دەڵێت هێزی ئەمریکی بەشێوەیەکی چڕ «تۆکیۆ»ی بە فڕۆکە بۆردومان دەکرد، لە سەرەتادا زۆر چێژم لە دیتنی فڕۆکە و ئاگر کەوتنەوە وەردەگرت، دیمەنێکی جوانی هەبوو زێتر لەوەی ترسناک بێت، بەڵام دیمەنی تەرمە سووتاوەکان زۆریان ترساندم و ئێستاش کە ئەو ڕۆژەم بیر دەکەوێتەوە لەرزم دێتێ، سەبارەت بەدوای مەرگ دەڵێت:من لەو بڕوایەدام لە پاش مردن شتێکی خۆش هەیە، کە لە سەرووی وێناکردنە پووچەکانی مرۆڤەوەیە.

## ڕیوسیە - هاسیکاوە

ئەم شاعیرە دەڵێت: شیعری من وەک مەی وایە، هەتا کۆن نەبێ ناخورێتەوە، دووجار بیری لە خۆکوشتن کردووەتەوە، لە دووەمین جەنگی جیهانی لە شاری «ئۆساکا» ماڵەکەی و کتێبخانەکەی لەژێر بۆردومانی فڕۆکەکانی ئەمریکادا سووتان و کاول کران، ڕیوسیە هەرگیز لە ماڵەکەی نادۆزرێتەوە و بەردەوام لە ژیانی خێزانیی ڕادەکات، ساڵی ١٩٢٨ لە دایک بووە، دەڵێ خەریکە نەتوانم خۆم بە شاعیرێکی ژاپۆنی دابنێم، لەگەڵ ئەوەی بەزمانی ژاپۆنی دەنووسم و ڕەگەزنامەی ژاپۆنیم هەیە، چونکە سەفەرێکی زۆرم بۆ وڵاتانی بێگانە کردووە و زۆر گەڕاوم، هەمیشە کۆمەڵێک شاری جۆراوجۆری بەژاوەژاو و بوون و خەسڵەتی خەڵکانێکی جۆراوجۆر لە دەقەکانمدا بەرجەستە کراون، بۆیە هەتا بە نیسبەت ژاپۆنییەکانیش نامۆم،

هەروەها بە نیسبەت من زمان ناسنامە نییە کێشەی شیعری نوێی ژاپۆنی لە نەبوونی فەلسەفەیەک بۆ ژیان نێوزەد دەکات، پێی وایە لای هیندییەکان لە پشت ڕۆشنبیرییە ڕوحییەکەیانەوە شتێکی تەمومژاوی وەک وەهم دەبینرێت. چینییەکان ڕستە و کاروبارەکانیان وەک نەخش دەنەخشێنن، بەڵام ژاپۆنییەکان بایەخ بە بابەتی بەرچاو و هەبوو دەدەن و بۆچوونە گشتگیرەکانیان ون کردووە، دەڵێت: من خۆم بە شاعیرێکی میتافیزیکی دادەنێم، بەڵێ شیعری ژاپۆنی لە هایکۆ و واکاوە تا دەگاتە شیعری هاوچەرخ لە دەوری بابەتی مردن و سروشتدا دەخولێتەوە، ڕەنگە ئەم حاڵەتە بۆ ئەو پێوەندییە تایبەتییە بگەڕێتەوە کە لەنێوان مرۆڤی ژاپۆنی و ئەو دوو بابەتەدا هەیە، ئێمە لە هەموو شتێکدا خوداوەند دەبینین، ڕەنگە دەستبردنمان بۆ سروشت بۆ ئەم خاڵە بگەڕێتەوە. هاوکات لەنێوان شیعر و ئایینیدا پێوەندی هەیە، چونکە بەرزترین بابەت لە شیعردا خۆشەویستی و ڕزگاربوونی مرۆڤە، بە هەمان شێوە بیرۆکەی خۆشەویستی و ڕزگاربوون لە ئایینیدا بوونی هەیە، تازەگەری لای من ڕوانینێکی قووڵە لە ئایندەیەکی کە زۆر دوورە، یان بەشێوەیەکی تر تازەگەری واتە بیرکردنەوە لە ئایندەی دوور دوور، بەڵام مامۆستای هایکۆ دەڵێت: لەسەر هەنووکە بنووسە، کەچی قەسیدەی تانکا ئاوڕ لە ڕابردوو دەداتەوە، لای من شیعر ئەوەیە کە هیچ کۆتوبەندێکی نییە، دەشێت لە یەک کاتدا بە دەوری ڕابردوو، داهاتوو، ئێستادا بخولێتەوە، شیعر ئازادە، بەڵام لە پشت زمان دنیایەک هەیە ناشێت بە زمانی ئاسایی گوزارەی لێ بکرێت، شیعر ئەو شتەیە، وەک بینراویش نابینرێت، بەڵام وا دەکات شیاوبێت، کاتێک دەستم بە شیعر نووسین کرد، زمان لای من ئامانج بوو، بەڵام دوای بەساڵداچوون و شارەزایی لام بووە هۆ، دواتر بۆم دەرکەوت کە ئامانج دەکەوێتە سەرووی زمانەوە، ڕاستییەکەی بوونی من بە بەکارهێنانی زمان یەکسان دەبێت، واتە زمان کۆتوبەندم دەکات و ڕێگە لەبەردەمدا دەکاتەوە، بۆیە بە دۆزینەوەی وشەیەکی تازە هەست بە مەبەستی داهێنان دەکەم.

من کاتێک دەنووسم پێش هەموو شتێک یەکەم جار بیر لە تەکنیک دەکەمەوە، بۆیە خوێنەر یەکەم جار تێی ناگات، دواتر لە دنیای ڕوحی فراوان دەبێت لێی قووڵ دەبێتەوە، شیعری من وەک مەی وایە، هەتا کۆن نەبێ، ناخورێتەوە. من لە نەوەی پەنجاکانم، ئازارێکی زۆرم چێشتووە، کتێبخانەکەم لەژێر بۆردومانەکاندا سووتا و لەبەر کەم خۆراکی دووچاری کەمخوێنی و سیلی سییەکان هاتم، لەبەر نەداری و بەدڕەفتاری خەڵک لەگەڵمدا بیرم لە خۆکوشتن کردەوە، پێم وابوو بوونی من هیچ بەهایەکی نییە، شیعرەکانی من دەکەونە جۆرێک لە بۆشایی و پووچگەراییەوە، من بەرهەمی لاوان بە کاتژمێری دیجیتاڵی دەچوێنم کە تەنیا زەمەنی ئێستا نیشان دەدات، سەبارەت بە ئافرەت دەڵێت: من بەمانایەک لە ماناکان لە ئافرەت دەترسم هەرگیز لەگەڵیدا هەست بە دڵنیایی ناکەم، بۆیە ژیانی ماڵەوەم لەگەڵ خێزانەکەم گەورەترین تەگەرەیە، بەردەوام ماڵ جێ دێڵم و دەگەڕێم و دەڕۆم، لە مێشکمدا ژنێکی وەک دایکم دەدۆزمەوە، دایکم زۆر ئازاری چێشت و لە تەمەنێکی کورتدا کۆچی دوایی کرد، من شاعیرێکی میتافیزیکیم، بەڵام لە دنیای شیعری ژاپۆنیدا قەدری بەرهەمی شاعیری میتافیزیکی ناگیرێت. لە کۆتاییدا ڕیوسیە- هاسیکاوە پێی وایە دوای مردن دنیایەکی دیکە هەیە و درێژ دەبێتەوە.

### تاجیرۆ – ئامساوە

لە دەنگە ناسراوەکانی نێوەندی شیعری ژاپۆنییە، بەرهەمەکانی بە تازەگەرییەوە بەندە، زێتر لە بیست کاری شیعری هەیە و گرنگترین خەڵاتی شیعری ژاپۆنی وەرگرتووە، تاجیرۆ لەگەڵ ئەوەی بە شیعری ئەورووپی و ئەمەریکی کاریگەرە، لە هەمان کاتدا لەسەر مانەوەی سروشت وەک بابەتێکی بنەڕەتی لە شیعرەکانیدا زۆر سوورە، تاجیرۆ ساڵی ١٩٣٨ لە تۆکیۆ لە دایک بووە، دەڵێت: لە سەدەی «میجی ١٨٧٠» یەک فۆرمی ئەدەبیمان بۆ شیعر و نووسینەکانی دیکە هەبوو. ئەویش بایەخدان بوو بە بنەمای ڕەوانبێژی بەیانی تەقلیدی، لەپاڵ ئەمەشدا زمانێکی بازاری هەبوو، زمانێکی ڕۆژانە کە گۆڕانییە میللییەکان بەشێوەیەکی دەوڵەمەند گوزارەی لێ دەکەن، واتە زمانێک هەبوو، ئەویش زمانی دەرباری ئەدەبی و زمانی خەڵکانی ئاسایی، لەگەڵ کرانەوەی ژاپۆن بەسەر

جیهاندا هەندێک لە شاعیرانی ڕۆشنبیر، شیعریان بە زمانی بازاڕی نووسی، بەڵام کەس دانی بە بەهای هونەری ئەو شیعرانەدا نەناو نەیاندەخستە نێو بازنەی ئەدەبییەوە، پاشان لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست ١٩٠٠- ١٩١٠ کۆمەڵێک دەقی شاعیران میازاوە-کانجی، هاکیوارە ساکتارۆ، باماموڕە، بۆسۆ دەرکەوتن، ئەوانە لە دایک بوونێکی نوێی هونەرییان خستەڕوو، کە بنەڕەتەکەی بۆ زمانی بازاڕی دەگەڕایەوە، ئەو شاعیرانە توانییان گەشە بە دەقەکانیان بدەن و لە شێوازی زمانی گۆرانییە میللییەکان دەربازیان بکەن و زمانێکی جیاواز بەکاربێنن. تاجیرۆ پێی وایە نۆبەرەی شیعری نوێی ژاپۆنی بە زمانی بازاڕی نووسراوە کە بەرهەمی «کیتاهارە- هاکشۆ»ی شاعیرە، بەڵام نەگەیشتە شێوازێک کە بشێ لە بەرانبەر زمانی باو لەسەر قاچەکانی بوەستێت، هەڵبەتە شیعری نوێش بەردەوام لە جەوهەردا لە زمانەوە هەڵدەقوڵێت، ئێمە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە «بۆدلێر»مان وەرگێڕایە سەر زمانی ژاپۆنی، بەڵام ئەم وەرگێڕانە دەنگدانەوە و کاریگەری نەبوو، بەڵکو چەندین دەیەی بەسەردا تێپەڕی ئنجا کاریگەرییەکانی دەرکەوتن، چونکە وەرگێڕانەکە بە زمانی دەربار و تەقلیدی بوو، تاجیرۆ... «میازاوە- کانجی» بە شاعیری تازەگەر ناودەبرێت، دەڵێ ڕاستە قەسیدەکانی پشتیان بە شێوەی تەقلیدی دەبەست، واتە «هایکۆ، یان تانکا» ، بەڵام ئەو لە کردەی نووسیندا پشتی بە ئەزموونی خودی خۆی دەبەست و سروشتی خۆش دەویست و بۆ بەسەربردنی ڕۆژەکانی بەرەو چیا دەچوو، لە بارەی ڕەخنەوە دەڵێت: «یاسودە- بۆ جیرۆ» پێشڕەوایەتی ڕەخنەیەکی ئایدیۆلۆژیستی نیشتمانپەروەری دەکرد و هێرشی دەکردە سەر شیعری نوێ و میازاوە- کانجی.

بەوە تاوانبار دەکرد کە تەنیا وەک ڕیتم نەبێت ئەگینا نە شاعیرە و نە پێوەندی بە ئەدەبی ژاپۆنییەوە هەیە، پێی وابوو شیعری نوێ هیچ ڕیشەیەکی لە تەقالیدی شیعری ژاپۆنی کۆندا نییە، دەیویست ئەدەب ڕۆڵێکی توندڕەوی سیاسی بگێڕێت، بەشێوەیەکی ئاشکرا دژ بە ئەمەریکا دەجەنگاو لە ڕەخنە و هێرش نەدەوەستا تا نیوەی پەنجاکان ژیا، بەڵام شیعری تازەی ئێمە بەتەواوی خۆی لە فەزای نووسینی تەقلیدی ئازاد کرد، بۆ نموونە لێرەدا کەوتنە ژێر کاریگەری سوریالییەکانیش بوونی هەیە، چونکە شیعری ئێمە لە ئاگایی ڕووکارئامێز ڕزگار کرد، بەر لە سوریالییەت، نەماندەزانی چۆن نائاگاییمان بەکاربهێنین، بەڵام ئێمە سوریالییەت بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە تێنەگەیشتووین، زۆربەی شاعیرە سوریالییەکانی ئێمە، دەکەونە دووتوێی چوارچێوەی حەساسیەتی ژاپۆنی تەقلیدییەوە، ئەمەیش جۆرێکە لە هاوگونجان کە دەکەوێتە نێوان شاعیری ژاپۆنی و سروشت، بەڵام لە شیعری خۆرئاواییدا، سروشت بە مانای وشە وەک ژاپۆنییەکە نابینرێت.

سەبارەت بە شیعری خۆی دەڵێت: شیعری من خزمەت بە هیچ بابەتگەلێک ناکات، یان جەخت لە هیچ بابەتێک ناکاتەوە، لە بارەی شاعیرانی هایکۆ و تانکاش دەڵێت: من وەک شاعیر نایانبینم، بەڵام ئەوان لە ڕێکخستنی هایکۆ و تانکا شارەزان، بەڵام مامۆستایانی کۆنی هایکۆ، باشۆ، ئیسا، بۆزون و ئەوانی دیکە بەبێ مشتومڕ، شاعیری گەورەن، چونکە مەسەلەکە پێوەندی بە شێوەی دەربڕین و تێگەیشتن و دیدگاوە هەیە، هایکۆ تەنیا منداڵانی زمانی ژاپۆنی و شاعیرانی تێی دەگەن، چونکە پێوەندی بە ناوکی شیعرییەوە هەیە، واتە گەیشتن بەناوکی شیعری، کە «ماتسۆ باشۆ» لە قەسیدەکانیدا وەک بنەڕەتێکی ژاپۆنییانە کاری لەسەر کردووە، تاجیرۆ لە بارەی ئۆوکا- ماکۆتۆ»ی شاعیر کە دەرگای لە کاریگەری شیعری فەرەنسی کردەوە و گۆشەیەکی لە ڕۆژنامەی «ئەساهی» هەیە، کە نزیکەی بیست ساڵ دەبێت تێیدا لە بارەی قەسیدەی هایکۆی کۆن، یان هاوچەرخ دەنووسێت و هەر جارێکیش قەسیدەیەکی تازە هەڵدەبژێرێت.. دەڵێت: من پێم وایە ئۆوکا- ماکۆتۆ. لەو گۆشە دیاریکراوەی هەتا ئێستا لەژێر کاریگەری ڕەخنەگر «یاسوودە- بۆجیرۆ»یە وەک لە پێشدا ئاماژەم بۆ کرد، کە دژی تازەگەری شیعرییە بە هەموو شێوەکانی و پارێزگاریش لە تەقالیدی ئیستێتیکی دەکات، بەڵام من نازانم لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو چ پێشکەوتنێک هەیە. تاجیرۆ لە بارەی خوێنەرەوە دەڵێت: بەڵام کێشەکە لەوەدایە لاوانی ئەمڕۆ نە گرنگی بە شیعری کۆن دەدەن نە بە

شیعری تازە، چونکە نەوەی نوێی ژاپۆنی قیبلە نمای داهاتوویان ون کردووە، ئامانجێکی ڕوونیان نییە، ژیان لەپێناو چی؟! ژیان بۆ، مانای ژیانی من چییە، ئەوەیە پرسیاری ئەمرۆی مرۆڤی ژاپۆنی، بە تایبەتی گەنجی ژاپۆنی، کە هیچ خەونێکی نییە و دەڵێت دەمەوێت زۆر بژیم، دەنا هیچ ئاواتێکم نییە، لە هەمان کاتدا، زۆر دەست بە خۆشنوودی ژیانەوە دەگرن، کە ئێستا ژاپۆنی چێژ و خۆشی لێ دەبینێت و نایەوێت لە دەستی بدات، باش دەنوون، باش دەخۆن، باش دەخۆنەوە، سەفەر دەکەن، هەرچییان بوێت دەیکەن، بەڵام لە پاش دەیەیەک یەک دوو دەیە پێدەگەن و دەبینن هیچ شتێ تامی نەماوە، هەتا نایانەوێت خێزانیش پێک بهێنن، دەیانەوێت بێ منداڵ بژین، لە کۆتاییدا تاجیرۆ- ئامساوە دەربارەی تازەگەری دەڵێت: بە بۆچوونی من بایەخدان بە ڕووکار و ڕوخساری دەرەکی بەشێکە لە تازەگەری، پشتگوێ خستنی بەرەو ئاراستەیەکی پێچەوانەمان دەبات.

**ئاکسیا - یۆتاکا**

بە شاعیری دوایی جەنگ دادەنرێت، ساڵی ١٩٢٢ لە دایک بووە، بە نووسینەکانی نوێنەرایەتی شیعرییەتی بابەتی - چیا- دەکات، دوایین کاری ڕێگەی ئاوریشم-ە، بڕوای بە شیعری لووتکە نییە، بەڵکو هەموان وەک یەک سەیر دەکات، دەڵێت: من لە ژاپۆن لە دایک بووم، بۆیە هەست دەکەم ژاپۆنیم، بەڵام زۆر سەفەر بۆ دەرەوە دەکەم، لە ناخەوە بڕوام بە جیاوازی گەلان هەیە، ڕەگەزی مرۆیی لە هەموو دیارێک هەریەکە، من سەرەتا هەموو جۆرە شیعرێکم دەنووسی هایکۆ، تانکا، شیعری تازە...تاد دواتر بۆم دەرکەوت شیعری تازە زێتر لەگەڵم دەگونجێت و وەک ڕوح و فۆرم زێتر ئازادیم پێدەبەخشێت.

خوێندنەوەی شیعریم بە پێشەنگی شیعری تازە دەستی پێکرد لەوانەش، هاکی وارە- ساکتارۆ و مۆرۆ و - سایشە و هۆری- تاتسۆ، پاشان هەموو ئەو شیعرانەم دەخوێندەوە کە لە زمانانی بێگانەوە وەردەگێڕان بۆ زمانی ژاپۆنی، بەڵام لە ژاپۆن هایکۆ و تانکا دەستیان بەسەر تێگەیشتنی شیعریدا گرتووە، خەڵکی بەگشتی هایکۆ و تانکا دەخوێننەوە، بەڵام کاتێک شیعری تازە دەخوێننەوە بە ئاسانی تێی ناگەن، چونکە شیعری تازە لە ئەوروپاوە بۆمان هاتووە، سەرەتا لە ڕێگەی «سوریالییەت»ـەوە ئاشنای بووین، پاشان شیعری تازە پشت بە وێنە دەبەستێت و خەڵکی ژاپۆنیش لەسەر شێوەی ڕیتمی شیعری کۆنی تانکا و هایکۆ ڕاهاتوون، پاشان ئەم سەردەمە سەردەمی ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیرییە، لێدوان لە تایبەتمەندی شیعری زۆر ئەستەم دەکەوێتەوە، بۆ نموونە کاتێک شیعرەکانم بۆ سەر زمانێکی تر وەردەگێردرێت، نازانم ژاپۆنی بوونی شیعرەکانم خۆی لە کوێ حەشار دەدات، واتە بە جیهانی بوونی شیعر بەسەر هەموو تایبەتمەندییەکدا زاڵ دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە ئێمە لە ململانێی نێوان سروشت و ژیاردا دەژین، لای ئێمە سروشت پیرۆزە، ئێمە «چیا» بە خوداوەند دادەنێین، ئەوەش لای بوزییەکان و شنتۆییەکان هەیە، بەڕێزەوە دەڵێن سروشت، یان بوونی خوداوەند لەنێو هەموو شتێک و لە سروشتدا بە شێوەیەکی سروشتی پەرش و بڵاوە، بۆ چیا دەڕۆین بۆ ئەوەی خۆشی وەرگرین و لە هەمان کاتدا بە پیرۆزی ڕاگرین.

بۆ نموونە بە ڕێگەی ئاوریشمەوە سەفەر دەکەم و بەو شاعیرانە دەگەم کە بە قەسیدەکانیان و شیعرە زارەکییەکانیانەوە سەفەر دەکەن و ئەوانە حەجاجی شوێنەکانن، کە لەنێوان کۆمەڵەی بازرگان و ئایینییەکاندا دەیانبینم، ئەوانە هیچ کارێکی دیکەیان نییە، بێجگە لە گۆرانی وتن و شیعر نەبێت.

لای من شیعر ئیستێتیکایە، کە هەستی پێ دەکەم و بۆ ئەوانی تری دەنێرم، بوونی مرۆیش پڕە لە جوانی، ئەگەرچی دنیا بەهۆی ئەو هەموو کارەسات و جەنگانەوە ناشیرین بووە، پێویستە ئێمە جوانی دروست بکەین و بنێرین، من لە شیعردا بایەخ بە ژیانی ڕۆژانە دەدەم هاوکات هەوڵی خولقاندنی دنیابینیش دەدەم، من پێم وایە ئێمە ناتوانین ناوەوەی ڕوح و دەرەوەی ڕوح لێک جیا بکەینەوە، هەر تەنیا بە خەیاڵ، خەیاڵی شیعری نەبێت. ئەوە نابینرێت، لە دیدی من شاعیر ئەو کەسەیە کە بە ڕێگەی تایبەتی خۆیدا دەڕوات، ئەوەی لە ناخەوە بڕوای پێیەتی.

ئێستا ئاورێک لەو دوو چاوپێکەوتنە دەدەمەوە کە لەگەڵ «محەمەد عوزێمە»ی شاعیر و وەرگێڕ و شارەزا لە ئەدەبی ژاپۆنی ئەنجام دراوە و هەوڵ دەدەم بەشێک لە بۆچوون و ڕوانینەکانی لە بارەی

کولتوور و شیعر بخەمە ڕوو، ئەو پێی وایە هەریەک لە مرۆڤی ژاپۆنی و سووری، یان عەرەبی خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەو خەسڵەتەش لە کولتوورەوە سەرچاوە دەگرێت، یان ڕەنگدانەوە و کاریگەری کولتوورە بەسەر تاکەکانەوە، بۆ نموونە ئافرەتی سووری، یان عەرەبی دەکەوێتە ژێر کاریگەری کولتوورێک کە سەرکوتکردن ڕابەرایەتی دەکات، بۆیە ئافرەتی عەرەبی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوی دیکە و هەتا لەگەڵ خودی ئەوی دیکەی ئافرەتیش دوژمنکار دەکەوێتەوە، هەمان شت بەسەر پیاوی سووری و عەرەبیدا دەسەپێت، بەڵام لای ژاپۆنییەکان نە کولتووری دوژمنکارانە بوونی هەیە، نە کولتووری سەرکوتکردن، بۆیە تاکی ژاپۆنی پیاو بێت، یان ژن کەمتر دوژمنکارانە دەکەوێتەوە، چونکە ڕۆڵەی کولتووری خۆرهەڵاتی بوزی و کۆنفیوشی شنتۆی، خۆشی لە نەرمونیانی وەردەگرن و کولتوورێکە لەسەر جۆرێک لە ناشەڕانگێزی و نا بۆ تۆڵە سەندنەوە وەستاوە، کەچی کولتووری ئێمە بانگەشە بۆ چەمکی تۆڵەسەندنەوە و شەڕانگێزی دەکات، لە ڕووی جوانییەوە ئافرەتی عەرەبی ملکەچی کولتووری خۆراکی عەرەبییە، کە لەسەر چەوری و زۆرخۆری وەستاوە، هەروەها کولتووری شاعیری عەرەبی میتافیزیکی و نادیار و یەکتاپەرستییە، دواتریش دەقی میتافیزیکی و یەکتاپەرستی بەرهەم دێنێت، بەڵام شاعیری ژاپۆنی بێجگە لە سروشت، هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی نییە.

محەمەد عوزێمە لە بارەی خۆیەوە دەڵێت: من لە شیعری عەرەبی خۆم بە موتربە کراوێکی نوێ دادەنێم، وەک چۆن درەخت موتربە دەکەین، من گەیشتمە قۆناغێک کە ئەبستراک و میتافیزیکا وەک مرۆڤ گوزارە لە من و لە بوونی من ناکەن و بەو زمانە میتافۆرییە بوونم بەجێ نایەت، بۆ من دەقی سۆفی هیچ شتێک ناگەیەنێت، نە نفێری و نە حەللاج لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەوانەی پێشتر دەقی سۆفی پێشکەش کردووە، پاشان نزیکی من لە ژاپۆن نزیکییەکی شیعری و هونەرییە لە بارەی شیعری عەرەبییەوە دەڵێت: شیعری ئێمەی عەرەب کاتێک تەرجەمە دەکرێت تەواو دەبێت، بە مانایەکی دیکە شیعری عەرەبی لە زمانەکانی دیکەدا هیچ مانایەک ناگەیەنێت، چونکە ئەو زمانەی بۆ چارەسەری بابەتێک بەکار دەهێنرێت تێپەڕێنراوە، بۆ نموونە من بوومە تاکە وەرگێڕی شیعرەکانی «نزار قەبانی» بۆ زمانی فەرەنسی، بەڵام فەرەنسییەکان پێشوازییان لە دەقی نزار قەبانی نەکرد، چونکە زمانی فەرەنسی سەد ساڵ دەبێت ئەو بابەتانەی تێپەڕاندووە کە نزار قەبانی لە بارەیانەوە دەدوێت، وەک ئەو بابەتانەی نزار. لە بارەی ئافرەت و چاو و مەمکەکانی. هەتا قسەکردنی «ئەراگۆن» لە بارەی چاوەکانی «ئەلیسا»ش، بە نیسبەت فەرەنسییەکان بووەتە ڕابردوو، سەبارەت بە شیعرەکانی مەحموود دەروێش-یش چونکە ئەو سەرکوتکردنە سیاسییەی کە زمانی عەرەبی بەدەستییەوە دەناڵێنێت، ئەوە وا دەکات «مەحموود دەروێش» تەرجەمە بکرێت. نەک ماناکەی لە زمانی دووەمدا، چونکە ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەی کە فەلەستینییەکان مومارەسەی دەکەن، لە فەرەنسا تێپەڕێنراوە و کۆتایی پێ هاتووە، لەوێ هیچ زەوییەکی داگیرکراو نییە کە ڕزگار بکرێت، بۆیە وەرگێڕانی شیعرەکانی سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت، چونکە لە شیعرێک پشت بە ڕیتم ببەستێت، مەحاڵە تەرجەمە بکرێت، بەرانبەر بە ئەوانەش وەرگێڕانی شیعرەکانی «ئەدۆنیس» سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، چونکە شیعری ئەو تەنیا لەسەر ڕیتم نەوەستاوە، بەڵکو فیکریشی پێیە، بۆیە کاتێک شیعری ئەو تەرجەمە دەکەین وەک ئەوە وایە کە بە فەرەنسی نووسرابێت، محەمەد عوزێمە دەڵێت: بۆچی شیعر لە بری خەم حاڵەتی خۆشی لەخۆ نەگرێت، ئایا دڵخۆشی شیعرێک نییە بکەوێتە نێو ژیانەوە، هەروەها تۆ دەزانیت کە تاکڕەوی دژی دڵخۆشییە، ئەوەش بەشێکە لە کولتووری میتافیزیکی کە دڵتەنگی بە یەکێک لە خەسڵەتەکان و دامەزرێنەری دادەنرێت، هاوکات بە نیسبەت من وشە بووەتەماڵێک کە هەستیاریم دەورووژێنێت، بۆیە ئارەزووی ئەوە ناکەم بۆ هیچ ماڵێک بگەڕێمەوە، بەڵام ئەو زمانە عەرەبییەی پێی دەدوێین بە کۆمەڵێک دەلالەت بارکراوە کە دەکەوێتە پێش لە دایکبوونی من، هەندێک شت لە بنیادی زمانی عەرەبی پێویستی بە گۆڕان و گفتوگۆ لەسەر کردن هەیە، هەر چۆنێ بێت زمانی عەرەبی

زمانی دایکمە، تەواوی بوونی من پێک دەهێنێت.

محەمەد عوزێمە لە چاوپێکەوتنی دووەمدا سەبارەت بە شیعری عەرەبی و شیعری ژاپۆنی و پرۆسەی نووسین و ڕۆڵی خوێنەر کۆمەڵێک داتاو زانیاری دەخاتەڕوو، محەمەد عوزێمە لە کردەی وەرگێڕاندا خۆشی لە کەشفکردنی نهێنی زمان و ئیستێتیکادا دەبینێت، دەربارەی نووسین دەڵێت: واپێدەچێت لەم کردەیەدا بمەوێت لە یادگارییە زۆرەکانی نووسین ڕزگارم ببێ، دوای ئەوەش هەست بە شادی دەکەم، بێجگە لەوە هۆیەکی دیکەی ڕوون، بوونی نییە، پێشی وایە ئەگەرچی ئەزموونی کەسیی کۆڵەگەی بنەڕەتی نووسین پێک دەهێنێت، بەڵام بۆ نووسینی شیعر هەر ئەوەندە بەس نییە، هاوکات خوێنەر کاریگەری بەسەر پرۆسەی داهێناندا هەیە، بە تایبەتی هەوڵ و کۆششی ڕەخنەکار لە ئاستێکی دیاریکراودا، بەڵام نەک بەو شێوەیەی وەک «نزار قەبانی» کە بە تەواوی خۆی داوەتە دەست حەز و ئارەزووی جەماوەری خوێنەران و گوێگرانی و لە بواری خۆشەویستی و سیاسەتدا بەپێی داواکاری دەنووسێ و لەبەر ئاستی فەرمی و میللی، پێشوازییەکی زۆری لێ دەکرێت. ئەوە بۆ «مەحموود دەروێش» و زۆربەی شیعری فەلەستینی ئەمڕۆ و دوێنێ درێژ دەبێتەوە، کە بایەخ بە دۆزی فەلەستینی و دەرکەوتە شیعری و هونەرییە پابەندەکانی ئەو دۆزە دەدەن.

محەمەد عوزێمە لە وەڵامی پرسیارێکی تردا بەم جۆرە لە تانکا و هایکۆ دەدوێت، لە ژاپۆن ئەو جۆرە لە نووسین بە شیعر ناو نابەن، بەڵکو پێی دەڵێن «تانکا»، واتە گۆرانی کورت، وەک چۆن هیچ بە «هایکۆ» ناڵێن، تەنیا هایکۆ نەبێت، واتە ناوی لێ نانێن شیعر، چونکە ئەم دوو جۆرە نووسینە هەرگیز پشت بە خوازە و میتافۆر و وێنە نابەستن، بەڵکو پشت بە حاڵەت دەبەستن کە لای ژاپۆنییەکان زۆر شت دەگەیەنێت.

وشەی شیعر زۆرتر بۆ شیعری نوێی ژاپۆنی و شیعری کۆنی ژاپۆنی بەکاردێن کە بە زمانی چینی کۆن نووسراوە، چونکە شیعری ژاپۆنی پێوەندی بە جوگرافیاو سروشت و پاشماوە فیکرییە کۆن و نوێیەکان و بە تەماشاکردنی ژاپۆنییانەوە هەیە بۆ بوون، سەبارەت بە وەرگێڕانی دەقی شیعری دەڵێت: ئەو شیعرەی جوانییەکەی بە پلەیەکی بەرز لەسەر کێش وەستاوە، لە کاتی وەرگێڕانی بۆ زمانێکی دیکە، بەشێکی زۆر لەو جوانییەی لێ ون دەبێت، ئەوە لەکاتی وەرگێڕانی هەڵبژاردەیەک لە شیعری نزار قەبانی بۆ زمانی فەرەنسی لە مندا ڕووی دا، هەمان شت مەحموود دەروێش بەلای خۆی دەبات، چونکە شیعرییەتی ئەو لە بنەڕەتدا لەسەر لیریکییەکی تایبەت بە زمانی عەرەبی چڕ بووەتەوە، شیعری نزار قەبانی لەسەر ئافرەت بە زمانی عەرەبی زۆر جوانە، بەڵام بە زمانی فەرەنسی ناسنامەکەی ون دەبێت و بۆ گوتنێکی نزیک لە ئاسایی دەگۆڕێت، بە هەرحاڵ من لە وەرگێڕانی شیعر بۆ زمانی عەرەبی هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم، چونکە ڕێگەم بۆ خۆش دەکات نهێنییەکان لەنێو زماندا کەشف بکەم. ئەو نهێنییانەی کە تەنیا وەرگێڕ پێیان دەگات.

لە کۆتاییدا دەڵێم ڕەنگە ئەم نووسینە بکەوێتە خانەی کورتکردنەوە و ئامادەکردنی بەشێک لە دید و بۆچوونی شاعیرە ژاپۆنییەکان و وەرگێڕی عەرەبی، یان چۆنیەتی ڕوانینیان بۆ دنیای شیعر و ئیستێتیکاو بوون، بۆیە لەم کردەی کورتکردنەوەیەدا زۆرتر متمانەم کردووەتە سەر زمانی وەرگێڕی کوردی و بڕێک جاریش گوزارەی تایبەت بە خۆمم بەکارهێناوە، بەو نیازە کە خوێنەر زیاتر ئاشنای جیهانی شیعری نوێی ژاپۆنی بێت.

**ناوی کتێب: کەشتی مەرگ.**

**نووسەر: محەمەد عوزێمە.**

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا**

**بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ۲۰۱۲، چاپخانەی ڕوون، چاپی یەکەم ۲۰۱۲ سلێمانی.**

# نامەی شیعری حاجی
# بۆ شێخ عوسمانی سیراجەددینی نەقشبەندی

ئا: کاروان عوسمان عەلی (ڕێبین)
(کەلار)

ئەم نامـەیەم لە بەیازێک وەرگـرتووە، بەیازەکـە ناوی (جونگ)ـە و نووسەرەوەکەی مەحموودی کوردستانییە، لە چەند شوێنێکدا ساڵی نووسینەوەی پێوەیە، یەکێک لە ساڵەکانی، ساڵی (١٢٨٣)یە، بە پێویستی دەزانم ئەم نامـەیە وەک نامـەی برایەکی غـەریب و دۆستێکی خەمخۆری براکەی دی، لێرەدا بڵاوبکەمەوە.

ئەڵبەتە نامەکە بەپێی ناوەڕۆکەکەی حاجی، ماوەیەکی زۆرە شێخ عـوسمـانی نەقشبەندی نەدیوە و حاڵی بۆی خراپە، هەر بۆیە دەڵێت: ئێستەکە کەوتوویە یادم و بیرت دەکـەم، بەڕاستی یادت بەخێر و هاتیتە یادم، ئومێد دەکـەم خـوا یارمـەتیم بدات و ئارەزووم بە دیتنی تۆ و خـوای گـەورەش بەدیدەنی تۆ شـادم بکاتەوە، هەر بۆیە حـاجی لە دووری تۆدا هاوار و ناڵەی بەرزە و مـەگـەر بە دیەنی تۆ من ئەو هاتو هاوارەم دامرکێتەوە... شاعیر و برای دوورە یەک بەم شێوەیە لایەک لە هەندێک لە برادەرانی وەک مەولەوی و مەلا موستەفا و سەعدوڵڵا و ئەحمەد و سەعدەدین و... هەندێکی دیکە دەکاتەوە...

### حاجی کێیە؟

حـاجی ناوی تەواوی مـەلا ئەحـمـەدە(١)، بە (حـاجی مامۆستا) مەشهوورە، کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا ئەحـمـەدی موفتی سلێمـانییە، زانایەکی شارەزا و لێهـاتوو بووە، لە ساڵی (١٢٢٨ک.م) لە ئاوایی نۆدشـەی هەورامـان هاتۆتە دنیـاوە، مـەلا ئەحـمـەد کـە خوێندنی تـەواوکردووە، بۆ ماوەیەک لە شاری سلێمـانی ئێستا ماوەتەوە، پاشان گەڕاوەتەوە دێی نۆدشە و لەوێ دەرسی فەقێی داوەتەوە.

ئەم زاتە لە تەمەنی پیـرێتیـدا چووەتە شاری سنە و لە مزگەوت و قوتابخانەی مەولانادا وانەی بە هەندێک لە زانایان وتووەتەوە، ئەم مامۆستایە لە بواری زانستیدا پیاوێکی بە سەلیقە و خەلیفەی مەجازی شێخ عوسمانی سیراجەددین بووە، لە سەرەتای مانگی سەفـەری ساڵی (١٣٠٢ک.م) لە شاری سنەدا کۆچی دوایی کردووە و لە (تەپی شەرەفوول مولک)دا بەخاک سپێردراوە.

### نامەی حاجی


**قیبلەم وەیادم، قیبلەم وەیادم**
**یادت بەخێر بۆ، ئامای وەیادم**
**ئومێدم هەن، داوەر بدۆ موورادم**
**ئارەزوو وە دین، دیدەنت شادم**
**(حاجی) پەی دووریت، بەرزەن فریادم**
**مەر نەیاوان پێت، داد و بێدادم**
**هامسەران پەرێت، مات و سەرسامەن**
**بێ تۆ شەوق و زەوق، لێشان حەرامەن**
**قەوم و برادەر، بێگانە و نا خوێش**
**دەروونش وە نێش، خاران بییەن ڕێش**
**مەر دونیای فانی، بەقاش چێشەن چێش؟!**
**تا کەسێ پەرێش، خاتر کەرۆ ڕێش**
**قیبلەم ئەر خاتر ئێمەت مەنزوورەن**
**حاجی بە جاننەت، ئەمایەت زەروورەن**
**ڕاستیش هەر ئێدەن، بێ درۆ و گەزاف**
**بۆ کەعبەی شەریف، کەردەنت تەواف**
**شێخ، مەشایەخ، عالم و فازڵ**
**خانان، سوڵتانان، بەگزادەی کامڵ**
**دۆست و برادەر، خوێش و بێگانە**

**ئارەزووی دیدەن، دین تۆیشانە**
**(مەولانا ئەحمەد)، سەدر سام سەنگین**
**پیر باتن دار، قوتب ڕۆی زەمین**
**(مەلا موستەفا)، ساحێب عیلم و دین**
**(مەلا سەعدوڵڵا)، (مەلا سەعدەدین)**
**خسووسەن جەناب، شێخ پاک ئەتوار**
**پیر باتن دار، کەرامات ئەزهار**
**کان کۆی نوورەن، بەحر مەعانی**
**مەشهوورەن نە عام، (عوسمان سانی)**
**یەقین بە تەحقیق، هومەتش یارەن**
**(حاجی) پەرێ دین تۆ، ئینتیزارەن**
**(مەولەوی) قازاخ، (مەلا موحەممەد)**
**ئارەزووی دیدار تۆشانەن بێ حەد**
**خسووسەن شێخان، سەییدان لۆن**
**یەکسەر ئینتیزار وە دیدار تۆن**
**عازم بەر بەخێر، بە سیدق و یەقین**
**دنیا بێ مایەن، مەرگ هانە کەمین**
**بۆ بە عەشق زات، جەهان ئافەرین**
**بە نوور قودرەت، ڕەبولعالەمین**
**(حاجی عەبدوڵڵا) ئاما وە تەعجیل**
**مەعزوولی وەسەن، چوون عەرەب دەخیل**
**ڕاستەن بێ هەمتا، کەس بێ کەسەن**
**چوون دونیا هیچەن، غەریبی وەسەن**
**عەریزەی (موحەممەد) بەندەی شەرمەسار**
**یاوە بە خزمەت، حاجی پاک ئەتوار**
**بوانۆش بە لوتف، مەیلەکەی جاران**
**بەڵکەرۆ تاسەی دیدار یاران**
**باقی وەلسەلام، (حرمین الرو!)**
**تەشریف باوەها، جە تاڵش بدۆ**

**پەراوێز:**

١- مێـژووی ناودارانی کـورد: بابا شـێخ مـەردۆخ ڕوحـانی "شێوا"، وە- ماجد مەردۆخ ڕوحانی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ٢٠١١، هەولێر، لاپەڕە (٤٧١).

- تێبـینی: ژیاننامـەکـەم بە دەسـتکارییـەوە لەم کـتێـبـەوە وەرگرتووە، هەر لەم کـتێـبـەدا ناوی تەواوی حـاجی بە (ئەحمـەد) هاتووە، بەڵام لە شـیـعـرەکـەدا بە (مـوحـەممەد) هاتووە، وا دەزانم (موحەممەد) ڕاستتر بێت، پشت بەستن بەدەقە شیعرییەکە لە ڕووی زانسـتییەوە دیارە و ڕوونە، هەر لەم کتێبەی بابا مەردۆخدا ناوی باپیرەی نەنکم (دادام) کە نـاوی ڕاسـتی مـەلا مەحمـوودە، ئەو بە مەلا موحەممەدی بەرلووتی ناوی هێناوە، کوڕەکەی ناوی ئەحمەدە و مەلا بووە، مەلا حەمە نەجیب کوڕی مەلا ئەحمەدیش مەلا بووە، بە مـەلا نەجـیب بەرلووتی نـاسـراوە، مـەلا مـەحـمـوودی بەرلووتی دەسـتنووسێکی لـە پاش بەجێ مـاوە و لە لای کاک (خـاڵس)ـە لە شـاری هەولێـر، مـەلا مـەحـمـوود جگە لە مـەلایەتی، خـەریکی کشتوکاڵ بووە و بە پارە و پووڵی کشـتوکاڵ ژیاوە، مەلا مەحمود نە سۆفی و نە خـەلیـفـە و شێـخـایەتی و... شـتی وای کـردووە، تەنانەت لەنێو دێکەمـاندا و لە باوکم و دادام، تەنانەت کـوڕەکانی مـەلا حەمـە نەجیبی بەرلووتیش کە لە نەوەی ئەون و ئێسـتـا لە شـاری کـەلار دەژین، باسی شـتی وەها ناکـەن، بـاوکم و دادام و هەندێک لە پیاوە گـەورەکانی دێکەشـمان دەڵێن: شـێخ حەسـەنی قـەرەچێـوار هاتۆتە لای و پێی وتووە بـا بانگی شـێـخـێـتـیت بۆ هەڵدەم، وتوویەتی: خـوا دەکـات خـوای گـەورە مـەلایەتی و ئەم کـردەوە و... لێ قەبووڵ دەکـات، شـتی وەهام ناوێ، جگە لەمـەش لە کـتـێبـەکـەدا سـاڵی وەفـاتی بەهەڵە هاتووە، ئەگەرچی ئەویش لە سەرچاوەی ترەوە وەری گرتووە.



به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی حەڤدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە


# ڕامان ئەو گۆڤارەیە کە نووسەران و ڕۆشنبیران چاوەڕوانی بوون و چاوەڕوانی دەبن

قاسم شێروانی

هەرچەندە گۆڤاری ڕامان لە ساتەوەختێکی ئاڵۆز و پڕ نەهامەتیدا هاتە کایەوە، بەڵام توانی بوێرانە ڕێچکەیەکی دیار و ڕوون بۆ خۆی دیاری بکات و ببێ بە گۆڤاری هەموو نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردستان بە جیاوازی ئایدیۆلۆژیاو بۆچوونەکانیانەوە، چونکە ڕامان ئەو گۆڤارە بوو کە زۆربەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردستان چاوەڕوانی بوون، لەبەر ئەوەی دەیانویست گۆڤارێکی سەنگین و سەرکەوتوو سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان بێ، هەروەها کەسانی خاوەن توانایی و لێهاتوو سەرپەرشتی بکەن، بەشێوەیەک ئەم گۆڤارە ببێتە پەنجەرەیەکی نوێ بەرەوڕووی ڕۆشنبیران و خوێنەرانی کورد بکرێتەوە بۆ زیاتر بە ئاگابوون لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان بەشێوەیەک جێی متمانە و بڕوای کەسانی ڕۆشنبیر بێ، بێ گومان هەرواش دەرچوو، گۆڤاری ڕامان بە ستافێکی بچووک کە هیچ کات بەسەر نووسەرەوە ژمارەیان نەگەیشتۆتە ژمارەی پەنجەکانی هەردوو دەست کە ئەمەش مایەی دڵخۆشییە کە ئامانج لەدەرکردنی گۆڤارێکی لەو شێوەیە بۆ قازانجی ماددی و مەبەستی تایبەتی نەبووە، بەڵکو زیاتر خزمەت کردنی ئەدەب و هونەری کوردی بووە، یان جێبەجێ کردنی کارێکی ڕۆژنامەوانییە بەوپەڕی جوانی و سەرکەوتوویی و شەفافیەتەوە.

کەسی سەرنووسەر زۆر زیرەکانە و بوێرانە هەر لە سەرەتاوە نەخشەیەکی جوان و سەرکەوتووی بۆ کارە پیرۆزەکەی داڕشتووە و شارەزایانە جێ پێی گۆڤارەکەی لەسەر بناغەیەکی تۆکمە داڕشتووە و لەسەری دەڕوا و حەز و ئارەزوو و مەبەستی ئەم و ئەو نەیانتوانیوە تۆزقاڵێ کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی دروستی گۆڤارەکەدا هەبێ، ئەمەش بۆ ڕادەی ڕۆشنبیری و تێگەیشتن و ئاستی هۆشیاری و لێزانی سەرنووسەر و ستافەکەی دەگەڕێتەوە کە سەربەخۆیی گۆڤارەکە بپارێزن، چونکە ئەمەش دەورێکی باڵای هەبووە لە سەرکەوتن و گەشەکردنی گۆڤارەکە و چەسپاندنی پێگەی سەرکەوتنەکانی و پاراستنیان.

من بۆ خۆم یەکێکم لەوانەی کە گۆڤارە ئەدەبییەکان و تەنانەت پاشکۆ ئەدەبییەکانی ڕۆژنامەکانیش لای من سەنگ و بایەخێکی زۆریان هەیە، لەکاتی دەرچوونیان بە پەرۆشەوە چاوەڕوانیانم و ئەوەندەی جێگاو ڕێگاشم هەبووبێ، پاراستوومن و فڕێم نەداون و ئارەزووی کۆکردنەوەیانم کردووە، بێ گومان گۆڤاری ڕامانیش وەک لەپێشدا باسم کرد کە گۆڤارێکی سەرکەوتووە، لە هەمان کاتیشدا ڕاستگۆیانە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دەردەچێ، ئەمەش خاڵێکی زۆر جوان و پۆزەتیڤە و سەنگینی گۆڤارەکەی زێدە کردووە، بۆیە وێڕای ڕێزم بۆ سەرنووسەر و ستافەکەی، شایانی ئەوەن کەوا ڕێزیان لێ بگیرێ و ستایش بکرێن و دەستخۆشییان لێ بکرێ، چونکە لەچاو زۆربەی ئەو گۆڤارانەی بە ستافێکی زۆرەوە و پارەیەکی زۆریشیان بۆ تەرخان دەکرێ دەبینین، هەر گۆڤاری ڕامان پێشەنگە و شایانی ڕێزلێنانە. بێجگە لەوە لایەنی هونەری و شێوازی دابەشبوونی بەرهەمەکان و تەوەرەکانی مایەی ڕامان و سەرنجن کە جوانییەکی دیکەیان بە گۆڤارکە داوە، هەروەها تابلۆکانی بەرگی ناوەوە و مۆتیڤە نایابەکانی هونەرمەندی گەورە قەرەنی جەمیل، هەموویان بوون بە چەپکێ جوانیی هونەری، یان چەپکێ لە هونەر و ئەدەب و ڕۆشنبیری لە ئینجانەی ڕازاوەی ڕاماندا شەنگ و ڕازاوە دێنە بەرچاو، بەهیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاتر بۆ ڕامانی ئازیز.






# لایە لایە، تەنیا گۆرانییەک کە گۆڕانی بەخۆوە نەدی

فەردین کەمانگەر
(سنە)

بێ گومان هەموو کەس بەبێ ئەوەی خۆی بیەوێ، یان نەیەوێ، لە زاری دایکیانەوە گوێیان لە ئاهەنگ و گۆرانی لایە لایە بووە. لایە لایە هەر لە مێژەوە لەناو کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەکانی جیهان، بە تایبەت لە کوردستاندا بە شێوەیەکی زاری نەوە بە نەوە هاتووە، وەکو دارێکی بەهێز لە بەرانبەر زریانەکاندا بەربەرەکانێی کردووە. هەڵبەت جێگەی ئاماژەیە، کە لایە لایە تێکەڵ بە هەست و بیروباوەڕی دایکانە و لەم ئاهەنگەدا دایکان رۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن.

لایە لایە، یان لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین گۆرانییەکی تایبەت بە منداڵ، لە هەموو جیهاندا بە فەرهەنگۆکی، لایە لایە، لای لای، لۆ لۆ، لالی دو دوە ناوبانگی هەیە.

کانگای گۆرانی منداڵان دڵی پڕ هەستی دایکانە، هەروەها کە ئاماژە کرا، دایکان بۆ هێمن کردنەوە و بەخێوکردنی منداڵ بە کەڵک وەرگرتن لە دڵی پڕ هەست و زاری شیرینی خۆی، گۆرانی لایە لایە دەڵێ، ئەگەرچی منداڵ هیچ کات لە مانای وشەکانی زاری دایکی تێ ناگات، بەڵام تەنیا لەسەر ئەو مۆسیقایە کە بە ڕیتمی خۆی دەیخەوێنێت، منداڵ چێژی لێ وەردەگرێ، کە دایکانی کوردستان لە مێژەوە بە لایە لایە منداڵان بەخێو و پەروەردە دەکەن.

ناوەرۆکی گۆرانی منداڵان، ئاوات و ئارەزووەکانی دایکانە، کاتێک گوێمان لە لایە لایەی دایکان دەبێت و بە وردی شرۆڤەی دەکەین تێدەگەین کە ئەم گۆرانییە پڕە لە هەزاران مانا و ئامۆژگاری بۆ منداڵان و کۆمەڵگا، ژنان بەو گۆرانییە کەموکورتییەکانی ژیانیان بە کۆمەڵگا ڕادەگەیەنن، کە دەتوانین لە چەند خاڵی گرینگدا دابەشی بکەین:

**یەکەم:** دەربڕینی ئارەزووەکانی دایکانە بۆ منداڵەکانی خۆیان وەکو خۆی بکات و پەرە پێبدەری ڕەگەزی خۆی بێ و لە ئاکامدا دایک حەز دەکات منداڵ ببێتە گۆچانی دەستی دایکی.

**دووەم:** پاڕانەوە لە یەزدان، پێغەمبەران...تاد بۆ دابینکردنی لەش ساغی و سەلامەتی منداڵ، کە ئەمە لەناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە بەهۆی هەبوونی ئایینە جۆراوجۆرەکانەوە لە ناوچەکەدا، کە هەر کام بەشێوەیەکی تایبەت لە خودای مەزن دەپاڕێنەوە، هەڵبەت ڕیتمی گۆرانی کوردی تەنیا زمانەکەی (یان زاراوەکەی) دەگۆڕێت.

**سێیەم:** دەربڕینی هەستی دایک سەبارەت بە منداڵەکەی کە بەهۆی خۆشەویستییە دەروونییەکانی خۆی، منداڵەکەی وەکو گوڵ، بلبلی ژیانی دەناسرێ، هەروەک دەڵێن پرسیاریان لە ژووژوو (ژیژک) کرد کە منداڵی کێ شل و نەرمە؟ وەڵامی دایەوە: وەڵڵا لە منداڵی من شل و نرمتر نییە، کە ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ دایکان سەبارەت بە منداڵانیان هەستێکی تایبەتیان هەیە.

**چوارەم:** دەربڕینی دەرد و ڕەنجەکانی دایکان لە کۆمەڵگای کوردستاندا، دەربڕینی نارەزایەتی لە کوڕ نەبوونی منداڵەکەی کە ئێستاکە کچە، لە غەریب بوونی خۆی، دوورکەوتنەوەی لە کەسوکاری، بە واتە باوانی چۆن بەهۆی فەرهەنگ و کولتووری، کچ پاش گواستنەوە بۆ ماڵی شوو لە باوان دوور دەکەوێتەوە و تەنیا خەمخۆری خۆی، بە منداڵەکەی دەزانێت کە لە ڕێگای هەڵبەستی جوان و ئاهەنگ و ئاوازی جوانەوە لەگەڵ هاودەمەکەی دەدوێ، کە جاری وایە منداڵەکەی بە سندووقی ڕاز و نیازی خۆی دەزانێت.

**پێنج:** جاری وایە دایک بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە جیهان و دنیای مرۆڤەکان هەموو کات هێمن نییە، جاروبار پڕە لە مەترسی و لە ڕێگای لایە لایەوە منداڵ لە گیانلەبەرانی خەیاڵی و نهێنی و ئەفسانەیی وەکو دێو، جنۆکە، ئاماژە دەکات و بە منداڵەکەی دەڵێ ڕێگای داهاتووی تۆ پڕ لە مەترسییە.

**شەشەم:** دایکان هەموو جار لەنێوان بابەتە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی کۆمەڵگادا، دەسەڵاتداری ناوچە و وڵاتێک بوونە، هەر بەم بۆنەیەوە جاروباریش لایە لایەکانی دایکان بوونی ڕامیاری و شۆڕشگێڕانەی بەخۆوە بینیوە، بەڵام دەتوانین ئاماژە بکەین کە جوانترین و ڕێکوپێکترین لایە لایە ئەوەیە کە هەست و خۆشەویستی دایک بناغەدانەری لایە لایەیە، کە لەم لایە لایەیاندا جوانترین هەستی مرۆڤایەتی شەپۆل دەدات.